مایکڵ ڕۆس

# نەفرەتی نەوت

چۆن سامانی نەوت چارەنووسی گەلان دیاریدەکات؟

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد کامەران

# نەفرەتی نەوت

## چۆن سامانی نەوت چارەنووسی گەلان دیاریدەکات؟

ناوی نووسەر: مایکڵ ڕۆس

ناوی وەرگێڕ: محەمەد کامەران

دیزاینی ناوەوە: محەمەد کامەران

دیزاینی بەرگ: ئازەر عوسمان

بڵاوکراوەی: کوردڕاوم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١

تیراژ: ٢٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (١٥٢٧) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ ............ 6

پێشەکی نووسەر ............ 7

هێڵکارییەکان ............ 11

خشتەکان ............ 15

چەمک و دەستەواژە کورتکراوەکان ............ 18

ناوی کورتکراوەی وڵاتان ............ 19

بەندی ١: ئەو سەروەتەی بەڵایە بۆ نەتەوەکان ............ 24

پاشبەندی ١.١: تێبینیەک لەسەر شێواز و پێوانەکان ............ 50

بەندی ٢: گیروگرفتی دەرامەتی نەوت ............ 69

بەندی ٣: نەوت وەک دومەڵ بەسەر دیموکراسییەوە ............ 128

پاشبەندی ٣.١: شیکارێکی ئاماری بۆ نەوت و دیموکراسی ............ 181

بەندی ٤: نەوت برەو بە پیاوسالاری دەدا ............ 209

پاشبەندی ٤.١: شیکارێکی ئاماری بۆ کاریگەری نەوت لەسەر پێگەی ژنان............ 244

بەندی ٥: نەوت شەڕ و پێکدادان هەڵدەئایسێنێ ............ 266

پاشبەندی ٥.١: شیکارێکی ئاماری بۆ پەیوەندی نەوت بە پێکدادانە ناوەخۆییەکان ............ 322

بەندی ٦: نەوت، گەشەی ئابووری، و دامەزراوە سیاسییەکان ............ 341

بەندی ٧: هەواڵی خۆش و ناخۆش دەربارەی نەوت ............ 391

سەرچاوە و پەراوێز ............ 442

بۆ کامەران، تاڤگە، کەڤی، و ژەنیار

## پێشەکی وەرگێڕ

وڵاتانی جیهانی سێ، بە تایبەتی ئەوانەی خاوەن سامانی نەوتین، زۆرجار بەوە دەناسرێنەوە کە شانیان لەبەر دامەزراوەی سیاسی لەرزۆک و گەشەی ئابووری خاوڕێکردوو داخزاوە، و سەرئەنجام دووچاری گەندەڵی و داهزرانی توانای هێزی کار و هەڵگیرسانی ململانێی ناوەخۆیی و دەرەکی بوونە و دەبن. هەڵبەتە تێگەیشتنە باوەکە ئەوەیە کە نەوت گرەپێچە بەم لێکەوتانە دەدات، و بەمەش چارەنووسی وڵاتان دەخاتە ناو گێژاوەوە. هەرچۆنێک بێ، تانوپۆی ئەم تێگەیشتنە لە دەیەکانی پێشوو زیاتر بەکارهاتووە و لە چنینی شرۆڤەکردنێکی سەردەمییانە تووشی کورتهێنان دەبێت. ئەم کتێبە، بە بەکارهێنانی داتای ورد، تەواوی ئەو خاڵانە شیکار دەکات کە نەوت و ڕێڕەوی گەشەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتە نەوتییەکان تێیاندا یەکتردەبڕن.

نەوت بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی کورد، چونکە ئەوە دەرامەتی نەوتە کەرتی گشتی بۆ سستدەکاتەوە یان دەبووژێنێتەوە، لەوانەش پەروەردە، تەندروستی، هەلی کار، ژێرخان، ڕێگاوبان، و هتد. بۆیە حەزم کرد لەڕێی وەرگێڕانی ئەم کتێبەوە هەم خزمەتێک بە کتێبخانەی کوردی بکەم، هەمیش کۆمەکییەک بکەم بە برەودان بە تێڕوانینێکی زانستی لەسەر نەوت، تا تاکی کورد تەواو ئاشنای ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بازرگانیکردنی دەوڵەت بەو کانزایە ببێت.

لە پاشبەندەکان میکانیزمی ئاماری توێژینەوەکان خراونەتەڕوو. هەوڵمداوە نووسینەکانی پاڵ ئەو شیکردنەوە ئامارییانە بە سادەترین شێوە وەرگێڕم. بەشێکی کورتی پاشبەندەکان دەپرژێنە سەر شیتەڵکردنێکی تاقەتپڕووکێن، و ڕەنگە تەنیا بۆ ئەوانە ئاشنا بێ کە سەروکارییان لەگەڵ خوێندنی ئامار بووە. هەرچۆنێک بێ، خوێنەر دەتوانێ هۆشوگۆشی خۆی بەو شیتەڵکردنە ئامارییانە ماندوو نەکات، چونکە بەدرێژایی کتێبەکە ئەرگومێنتەکان ڕوونن و بەرهەمی ئەنجامەکانی ئەم شیتەڵکردنانەن.

**محەمەد کامەران**

٢٠٢١/٤/٩

**پێشەکی نووسەر**

کێ هەیە، ئەگەر بە زرەئومێدێکیش بێت، خۆشبەختی خۆی لە بردنەوەی یانەسیبێک یان دۆزینەوەی گەنجینەیەک چرنەکردبێتەوە؟ سەبارەت بە گەلان، لەوانەیە ئەم بەخششە خوداییە خۆی لە دۆزیەنەوەی نەوت و سامانە سروشتییەکانی تر ببینێتەوە، بەڵام، لە زۆر باردا، بە تایبەت لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان، ڕەنگە دۆزیەنەوەی نەوت و سامانە سروشتییەکانی تر لێکەوتەی سیاسی سەیروسەمەرەی هەبێت، و هەندێک جاریش "نەفرەتێک" لەناو کایە سیاسی و ئابوورییەکانیان بخەپتێنێت. ئەم پەرتووکە تیشکدەخاتە سەر بنەچە و سروشتی ئەم "نەفرەتە"، هاوکات هەوڵدەدات چەند ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لەم نەفرەتە بخاتە بەر دیدی خوێنەر.

لە درەنگانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە من دەستم بە توێژینەوە لە دەرهاوێشتەکانی نەوت کردووە، بەڵام هەنووکە زۆر شت گۆڕاون کە بوار بۆ تێگەیشتنی تازەتر و بەهێزتر دەڕەخسێنن. لێکۆڵینەوەکانی پێشتر لە ڕیشەی نەفرەتی سامانی سروشتی و چارەسەرکردنی، هەڵچوونی نرخی نەوتی حەفتاکانیان کردبوو بە کۆڵەگەی تێڕامانە زانستەکانیان. نرخە بەرزەکان، ئەو کات، هەوێنێک بوون بۆ دەستکەوتی ئابووری زەبەلاح. ئەو سەردەمە مژدەی بوژانەوەی ئابووری بە گوێی گشت گەلانی خاوەن نەوت دا، کەچی دواتر ئەو وڵاتانەی زۆرترین نەوتییان هەبوو زۆرترین جەوریان بەهۆی ئەم هەڵچوونە ئابوورییەوە کێشا. لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، دیسان، نرخی کاڵا سروشتییەکان تەکانی دایەوە، واتە هیوایەک ژیایەوە تا دەوڵەتە نەوتییەکان لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو خۆیان بگونجێننەوە، و دەرهاویشتە نەرێنیەکانی نەوت تێپەڕێنن. هەروەها، ئەم گرمە ئابوورییە نوێیە زاناکانی دەوڵەمەندکرد بە کۆکراوەگەلێکی نوێ دەربارەی پەیوەندی نێوان سامانە سروشتییەکان، ئابووریناسی و ڕامیاری.

بەدەر لە دەرفەتی ئابووری نوێ، سەدەی بیستویەک گۆڕانکاری سیاسیشی هێناوەتە ئاراوە. چەندین وڵاتی هەناردەکەری سووتەمەنی دامەزراوەی پێویستیان بنیاتناوە تا باکەوتەکانی* داهاتی نەوت ڕێکبخەنەوە. پێزانینمان هەیە بۆ فشاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە بەهۆیانەوە کۆمەڵێک ڕێکەوتنی نوێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرجەستەبوون بۆ ئابلۆقەخستنەسەر بازرگانی گەوهەر و ئەڵماس لەو شوێنانەی جەنگ و پێکدادان تێیاندا بەرقەرارە. هەروەها، ئەم ڕێکخراوانە بوونە هەوێنی لابردنی دومەڵی گەندەڵی لە دارایی حکومەت بەتایبەتی لە بوارەکانی نەوت گاز و کانزاکان. لە کۆنووسی (ئۆکسفام) لە ساڵی ٢٠٠١، ڕەخنەم لە (بانکی جیهانی) و (سندووقی دراوی نێودەوڵەتی) گرت لە هەمبەر پشتیوانی داراییان بۆ کانگا بەردینەکان کە بە ئەستەم سوودی بە نەداران دەگەیاند. نها ئەم دوو دامەزراوەیە ئامانجگەلێکی چاکسازیخوازیان لە بواری دەرهێنانی نەوت کردۆتە باوەش.

کە دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد لە ساڵی ٢٠٠٥، چاوێکم بە لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکانمەوە خشاندەوە، کە پێیاندادەگرت لەسەر ئەوەی سامانی سروشتی پاڵ بە وڵاتانەوە دەنێ بۆ نێو جەنگی ناوەخۆ و جێ بە دیموکراسی لەق دەکات. لە دەرئەنجامی ئەم پێداچوونەوەم زیاتر لە یەک هەڵە و دیدلێلێ و گریمانەی بێ بنەمام بەرچاوکەوتن، و پێمنەکرا شەرمەزاری خۆم بشارمەوە. هەرچۆنێکبێت، پشتڕاست بە کۆمەڵێ تێڕامان و ڕەخنەی بنیاتنەر لەلایەن کۆمەڵێک زانای وەک مایکڵ هێرب، ستەفن هێبەر، ڤیکتۆر مینالدۆ، گەیڤین رایت، ڕۆبەرت کۆنراد، مایکڵ ئەلێکسێڤ، کریستینا برەنشایلەر، بڕیارمدا چاوێکی دیکە بخشێنم بە داتا تازەکان و ئەرگومێنتی نوێیان لێ چێبکەم.

* باکەوتە: پارەیەکی زەبەلاح کە بە ئاسانی چنگ بکەوێت (وەرگێڕ).

لەم کەینوبەینەدا، هەندێ شتی چاوەڕواننەکراوم دۆزیەوە. شتگەلێک کە وای بۆ چوبووم دروست بن- لەوانەش کە سامانی نەوتی پەیوەندی بە گەشەی سستی ئابووری و سستی دامەزراوەی حکومی هەیە- دەرکەوت هەڵەن. ئێستا هەندێ دۆزراوەیتر هاتوونەتە مەیدانەوە. گەرچی بە تەواوی ڕەگیان دانەکوتیوە، بەڵام گۆڕانکاریان لە سەرتاپای تێگەیشتنەکانم کردووە. بۆ وێنە، ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە مەرج نیە نەوت برەو بە دەسەڵاتخوازی بدا یان ئاگری شەڕێکی ناوەخۆیی جۆشدا، گەرچی ڕەنگە بە بەراورد بە کانزاکانی تر نەوت مەترسی زیاتر بێ بۆ گەڵاڵەبوونی ئەم دوو دەرهاوێشتەیە. بۆیە بۆ تاوێک ئەم ئەرگومێنتە زێدەبڵاوانەم کپ کرد و دەستم بە بەرزنرخاندنی ئەم فاکتەرانە کرد کە لە لێکۆڵینەوەی تر کەمتر شەنوکەوکراون و لە دەرئەنجامی تێهەڵچوونەوەکانم بەرچاومکەوتوون. لەو پەیوەندیە نوێیانەی تێیاندا ڕۆچوومە کاریگەری سامانی نەوتە لەسەر پشکی ژنان لە هەلە ئابوورییەکاندا، کە کاریگەری درێژدادڕی هەیە لەسەر مافە سیاسییەکانی مێینە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، و ئاڕاستەی گەشەی دانیشتووان و گەشەی ئابووریش دەگۆڕێ.

لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم نەفرەتی نەوت، بەو مانایەی ئەورۆ لێیدەگەین، دیاردەیەکی نوێیە. ڕۆژگارێکی درێژە کە دەوڵەتە نەوتییە زەنگینەکان، لە ڕیزی دەوڵەتانی تر، ڕیزپەڕییان پێوەدیاربووە. بەڵام لە پێش ساڵی ١٩٨٠، هەندێ وردە جیاوازی لێدەرچێت، کە ئەوانیش ڕێژەیی بوون، دەوڵەتە نەوتییەکان هەمان تایبەتمەندی سیاسی دەوڵەتانی تریان هەبووە. پێدەچێت ئەو هەڵچوونە لە ناکاوەی لە حەفتاکان لە بازاڕی وزەی جیهانیدا ڕوویدا نەفرەتی نەوتی هێنابێتە کایەوە، ئەویش بە بەرجەستەکردنی بەرزبوونەوەیەکی نائاسایی لە گۆڕانکاری بەردەوام لە قەبارە و بڕی داهاتی حکومی لەو وڵاتانەی نەوت بەرهەمدەهێنن. هەر کە من باشتر لە میکانیزمەکانی نەفرەتی نەوت تێگەیشتم، بیرۆکەی نوێم

پەرەپێدان بۆ کەمکردنەوە و ئەهوەنکردنەوەی ئەم دیاردە بزێوە، و لە توێی ئەم کتێبە بە خوێنەران ئاشنایان دەکەم.

## هێڵکارییەکان

١.١ وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆ لە پیشەسازییەکانی دەرکێشان (٢٠٠٧)

١.٢ ژمارە و داهاتی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

١.٣ داهاتی دەوڵەتە نەوتیە تازە پەیدابووەکان (١٨٥٧-٢٠١٥)

٢.١ قەبارەی حکومەتی نەیجیری (١٩٥٠- ١٩٨٤)

٢.٢ نەوت و قەبارەی حکومەت

٢.٤ نەوت لە ئابووری و حکومەت (٢٠٠٧)

٢.٥ نرخ و کرێی نەوت لە چەند وڵاتێکی دیاریکراودا (٢٠٠٨)

٢.٦ دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانیا نەوتییەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە (١٩٦٠-٢٠٠٣)

٢.٧ ڕێژەی سەرمایە بۆ هێزی کار لە کارسازیە بنچینەییەکاندا

٢.٨ نرخی بەرمیلێک نەوت (١٨٦١- ٢٠٠٩)

٢.٩ بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (١٩٤٧- ٢٠٠٧)

٢.١٠ یەدەگی نەوتی سەلمێندراو (٢٠٠٥)

٢.١١ دەرامەتەکانی نەوت لە ئێران و مسڕ (١٩٧٠- ٢٠٠٩)

٣.١ ژمارەی دەوڵەتە دیموکراتی و ئۆتۆکراتەکان (١٩٦٠- ٢٠٠٨)

٣.٢ نەوت و پەڕینەوە بۆ دیموکراسی (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٣.٣ ژمارەی ئەو دەوڵەتە دیموکراتی و ئۆتۆکراتانەی بەرهەمهێنەری نەوتن(١٩٦٠- ٢٠٠٨)

٣.٤ ئاستەکانی دیموکراسی بەپێی کات (١٩٦٠- ٢٠٠٤)

٣.٥ ڕێژەی خەرجی حکومەت بۆ دەرامەت لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا (١٩٧٠-٢٠٠٨)

٣.٦ داهاتی نەوت و نرخەکانی بەنزین (٢٠٠٦)

٣.٧ نەوت و شەفافی بودجە لە دەوڵەتە ئۆتۆکراتەکاندا (٢٠٠٨)

٣.٨ نەوت و دیموکراسی لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیا (١٩٦٠- ٢٠٠٧)

٤.١ چۆن بەرهەمهێنانی نەوت کار لە پێگەی ژنان دەکات

٤.٢ پۆلێنکردنی هەرێمەکان بە گوێرەی ڕێژەی ژنان لە هێزی کاردا (١٩٩٣- ٢٠٠٢)

٤.٣ پۆلێنکردنی ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانەکان بە گوێرەی هەرێم (٢٠٠٢)

٤.٤ نەوت و بەشداری مێینە لە هێزی کاردا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (١٩٩٣- ٢٠٠٢)

٤.٥ نەوت و مافی دەنگدان بۆ مێینە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (١٩٤٠-٢٠١٠)

٤.٦ نەوت و کورسیەکانی ژنان لە پەرلەمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (٢٠٠٢)

٤.٧ حەقدەستی کرێکارەکانی ڕستن و چنین لە تونس و جەزائیر (١٩٨٧- ١٩٩١)

٥.١ نەوت و شەڕە ناوەخۆییەکان لە وڵاتانی داهات کەم و مامناوەند دا (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٢ وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری نەوت لە بەرامبەر بارگرژیە ناوەخۆییە تازەکاندا (١٩٦٠ - ٢٠٠٦)

٥.٣ ژمارەی دەوڵەتە نەوتی و نا-نەوتییەکان لە بەرامبەر بارگرژیە بەردەوامەکاندا (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٤ ڕێژەی سەدی بارگرژیە بەردەوامەکان لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٥ ڕێژەی ساڵانەی بارگرژیەکان لە وڵاتە بەرهەمهێنەر و بەکاربەرەکاندا (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٦ ڕێژەی ساڵانەی پێکدادانە ناوەخۆییەکان

بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافی نەوت (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٦.١ داهاتی بەرهەمهێنەرە سەرەکیەکانی نەوت (١٩٥٠- ٢٠٠٦)

٦.٢ داهاتی بەرهەمهێنەرە سەرەکیەکان و نرخەکانی نەوت (١٩٥٠-٢٠٠٦)

٦.٣ گۆڕانکاری لە داهاتی تاک (١٩٧٤-١٩٨٩)

٦.٤ بەرهەمهێنانی نەوت لە عومان و نرخە جیهانیەکانی نەوت (١٩٦٠-٢٠٠٦)

٦.٥ بەرهەمهێنانی نەوت لە مالیزیا و نرخە جیهانیەکانی نەوت (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٦.٦ گۆڕانکاری لە ڕێژەی مردنی منداڵ (١٩٧٠-٢٠٠٣)

٦.٧ گەشەی ساڵانەی GDP (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٦.٨ گۆڕانکاری لە بەرزەفتکردنی گەندەڵی (١٩٩٦-٢٠٠٦)

٦.٩ داهات و کارامەیی خەملێندراوی حکومەت (٢٠٠٥)

٧.١ نەوت و دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (١٩٩٣-٢٠٠٢)

٧.٢ نەوت و مافە جێندەریەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (٢٠٠٤)

## خشتەکان


١.١ دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز (٢٠٠٩)

٢.١ قەبارەی حکومەت (٢٠٠٣)

٢.٢ باج لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکان (٢٠٠٢)

٢.٣ گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە گوێرەی سەرمایەی بەگەڕخراو لە بازاڕ (٢٠٠٥)

٢.٤ گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە گوێرەی بڕی یەدەگی سەلمێندراو (٢٠٠٥)

٣.١ پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٣.٢ پەڕینەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەرەو دیموکراسی (١٩٤٦- ٢٠١٠)

٣.٣ شەفافیەتی بودجە (٢٠٠٨)

٣.٤ ئازادی ڕۆژنامەوانی (٢٠٠٦)

٣.٥ بەردەستبوونی زانیاری دارایی (٢٠٠٦)

٣.٦ گۆڕان بۆ دەسەڵاتخوازی (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٣.٧ پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٣.٨ ئاستەکانی دیموکراسی (١٩٦٠- ٢٠٠٤)

٣.٩ گۆڕان بۆ دەسەڵاتخوازی (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٣.١٠ تێهەڵچوونەوە بە دەرئەنجامەکانی "دیموکراسی"

٣.١١ پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی: میکانیزمی باو

٤.١ بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (٢٠٠٢)

٤.٢ هەناردەکردنی جلوبەرگ و بەرهەمەکانی ڕستن و چنین (٢٠٠٢)

٤.٣ ژمارەی ئەو کورسیانەی پەرلەمان کە لەلایەن ژنانەوە بەدەستهاتوون یان بۆیان تەرخانکراوە (٢٠٠٢)

٤.٤ بەراوورکردنی جەزائیر و مەغریب و تونس

٤.٥ بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (١٩٦٠- ٢٠٠٢)

٤.٦ بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (پێش و پاش ساڵی ١٩٨٠)

٤.٧ بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (١٩٩٣- ٢٠٠٢)

٤.٨ ژمارەی ئەو کورسیانەی پەرلەمان کە لەلایەن ژنانەوە بەدەستهاتوون یان بۆیان تەرخانکراوە (٢٠٠٢)

٤.٩ تێهەڵچوونەوە بە دەرئەنجامەکانی "بەهێزکردنی ژنان"

٥.١ شەڕە ناوەخۆییەکان (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٢ ئەو دەوڵەتە بەرهەمهێنەرانەی کە هەردەم مەترسی پێکدادانیان لەسەرە (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٣ پێکدادانە جوداخوازیەکان لەو هەرێمانەی نەوت بەرهەمدەهێنن (١٩٦٠- ٢٠١٠)

٥.٤ دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان ( ١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٥ شەڕە جوداخوازیەکان و دەسەڵاتخوازیەکان و فراوانەکان (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٥.٦ تێهەڵچوونەوە بە "دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان"

٦.١ گەشەی ساڵانەی ئابووری تاک (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٦.٢ گەشەی ئابووری ئەو دەوڵەتە نەوتییانەی تا سەردەمێکی درێژ وەک بەرهەمهێنەر دەمێننەوە (١٩٦٠-٢٠٠٦)

٦.٣ گەشەی ئابووری ساڵانە (١٩٦٠- ٢٠٠٦)

٦.٤ ئاستی خەمڵێنراوی کارامەیی حکومەتەکان (١٩٩٦-٢٠٠٦)

## چەمک و دەستەواژە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی-ئێرانی | AIOC |
| دەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییەکانی دەرکێشان | EITI |
| سوپای ئازادیخوازی کۆلۆمبیا | ELN |
| هێزە چەکدارە شۆڕشگێرەکانی کۆلۆمبیا | FARC |
| بزاوتی ئازادیخوازی ئاکە (لە ئەندەنووسیا) | GAM |
| داهاتی گشتی وڵات | GDP |
| میتۆدی گشتی کات و سات | GMM |
| سندووقی نێودەوڵتی دراو | IMF |
| کۆمپانیای نەوتی جیهانی | IOC |
| کۆمپانیای نەوتی ئێراقی | IPC |
| کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی | NOC |
| ڕێکخراوی ناحکومی | NGO |
| ڕێکخراوی هەماهەنگی ئابووری و گەشەپێدان | OECD |
| میتۆدێکی ئامارییە | OLS |
| ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت | OPEC |
| کۆمپانیای نەوتی ڤەنزوێلا | PDVSA |
| کۆمپانیای نەوتی مەکسیکی | PEMEX |
| حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی (مەکسیک) | PRI |

## ناوی کورتکراوەی وڵاتان

| | |
|---|---|
| • AFG | ئەفغانستان |
| • ALB | ئەلبانیا |
| • DZA | جەزائیر |
| • AGO | ئەنگۆلا |
| • ARG | ئەرجەنتین |
| • ARM | ئەرمینیا |
| • AUS | ئوستورالیا |
| • AUT | نەمسا |
| • AZE | ئازەربایجان |
| • BHS | بەهماس |
| • BHR | بەحرەین |
| • BGD | بەنگلادیش |
| • BRB | باربادۆس |
| • BLR | بیلاروس |
| • BEL | بەلجیکا |
| • BLZ | بەلیز |
| • BEN | بەنین |
| • BTN | بوهتان |
| • BOL | بۆلیڤیا |
| • BIH | بۆسنیا |
| • BWA | بۆستوانا |
| • BRA | بەرازیل |
| • BRN | برونەی |
| • BGR | بولگاریا |
| • BFA | بورکینا فاسۆ |
| • BDI | بوروندی |
| • KHM | کەمبۆدیا |

| | |
|---|---|
| • CMR | کامیرۆن |
| • CAN | کەنەدا |
| • CPV | کاپێ ڤێرد |
| • CAF | کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست |
| • TCD | چاد |
| • CHL | چیلی |
| • CHN | چین |
| • COL | کۆلۆمبیا |
| • COM | کۆمۆرۆس |
| • ZAR | کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی |
| • COG | کۆماری کۆنگۆ |
| • CRI | کۆستاریکا |
| • CIV | کۆتی دی ڤۆر |
| • HRV | کرواتیا |
| • CUB | کوبا |
| • CYP | قوبرس |
| • CZE | کۆماری چیک |
| • DNK | دانیمارک |
| • DJI | جیبوتی |
| • DOM | کۆماری دۆمەنیکا |
| • ECU | ئیکوادۆر |
| • EGY | مسڕ |
| • SLV | ئیل سلڤادۆر |
| • GNQ | گینیای کەمەرەیی |
| • ERI | ئێیتیریا |
| • EST | ئیستۆنیا |
| • ETH | ئیتیوبیا |
| • FJI | فیجی |
| • FIN | فینلەندا |
| • FRA | فەڕەنسا |
| • GAB | گابۆن |

- GMB گامبیا
- GEO جۆرجیا
- DEU ئەڵمانیا
- GHA غانا
- GRC یۆنان
- GTM گواتیمالا
- GIN گینیا
- GNB گینیا بیساو
- GUY گوینیا
- HTI هایتی
- HND هۆندوراس
- HUN هەنگاریا
- ISL ئاسلاندا
- IND هیندستان
- IDN ئەندەنووسیا
- IRQ ئێراق
- IRL ئێرلەندا
- ISR ئیسرائیل
- ITA ئیتاڵیا
- JAM جامایکا
- JPN یابان
- JOR ئوردن
- KAZ کازاخستان
- KEN کینیا
- PRK کۆریای باکوور
- KOR کۆریای باشوور
- KWT کوێت
- KGZ کۆماری کرگستان
- LAO لاوس
- LVA لاتیڤیا
- LBN لوبنان

- LSO لیسۆتۆ
- LBR لایبیریا
- LBY لیبیا
- LTU لیتوانیا
- LUX لوکسەمبێرگ
- MKD مەکدۆنیا
- MDG ماداگاسکار
- MWI مالاوی
- MYS مالیزیا
- MDV مالدیڤیز
- MLI مالی
- MLT مالتا
- MRT مۆریتانیا
- MUS ماوریتۆس
- MEX مەکسیک
- MDA مۆلدۆڤا
- MNG مەنگۆلیا
- MAR مەغریب
- MOZ مۆزەمبیق
- MMR میانمار
- NAM نامبیا
- NPL نیپاڵ
- NLD هۆڵەندا
- NZL نیوزلەندا
- NIC نیکاراگوا
- NER نایجەر
- NGA نەیجیریا
- NOR نەرویژ
- OMN عومان
- PAK پاکستان
- PAN پانەما

- PNG پاپوا نیو گینیا
- PRY پاراگوای
- PER پێرو
- PHL فلیپین
- POL پۆڵەندا
- PRT پورتوگال
- QAT قەتەر
- ROM ڕۆمانیا
- RUS ڕووسیا
- RWA ڕواندا
- SAU سعودیە
- SEN سینیگال
- YUG سربیا
- SLE سیرا لیۆن
- SGP سەنگاپور
- SVK کۆماری سلۆڤاکیا
- SVN سلۆڤانیا
- SLB دوورگەکانی سۆلۆمۆن
- SOM سۆماڵ
- ZAF باشووری ئەفریقا
- ESP ئیسپانیا
- LKA سریلانکا
- SDN سودان
- SUR سورنەیم
- SWZ سوازیلاند
- SWE سوید
- CHE سویسرا
- SYR سوریا
- TWN تایوان
- TJK تاجکستان
- TZA تانزانیا

| | |
|---|---|
| • THA | تایلاند |
| • TGO | تۆگۆ |
| • TTO | ترینداد |
| • TUN | تونس |
| • TUR | تورکیا |
| • TKM | تورکمانستان |
| • UGA | ئۆگەندا |
| • UKR | ئۆکرانیا |
| • ARE | ئیمارات |
| • GBR | بەریتانیا |
| • USA | ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| • URY | ئۆرۆگوای |
| • UZB | ئۆزباکستان |
| • VEN | ڤەنزویلا |
| • VNM | ڤێتنام |
| • YEM | یەمەن |
| • ZMB | زامبیا |
| • ZWE | زیمابوێ |

**بەندی ١: ئەو سەروەتەی بەڵایە بۆ نەتەوەکان**

- "نەوت پیسایی ئەهریمەنە. ئێمە لەناو پیسایی ئەهریمەندا نغرۆدەبین."- خوان پابلۆ پێرێز ئەلفۆنسۆ، وەزیری پێشووی نەوتی ڤەنزوێلا.

- "خۆزگە ئاوتان دەدۆزیەوە لەجیاتی." - وتەی ئیدریس پاشای لیبیا کاتێ لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی مژدەی دۆزینەوەی نەوتی پێدەدرێت.

لە دەستپێکی هەشتاکانەوە، دەوڵەتە تازە گەشەسەندووەکان پەیتا پەیتا دەوڵەتمەنتر، دیموکراتیتر، و ئاشتیخوازتردەبوون. بەڵام ئەم ڕاستیە تەنیا بۆ ئەو وڵاتانە چەسپا کە سامانی نەوتییان نیە. باری دیموکراسی و بوژانەوەی ئابووری و سەقامگیری سیاسی لەو دەوڵەتە نەوتییانەی کە کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی ناڤین، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، و ئاسیا، هێشتا شەختەبەندی سێ دەیەی پێشووتریان پێوەماوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ٢٠٠٦، داهاتی ساڵانەی تاک لە ڤەنزوێلا لەسەدا ٦ دابەزیوە، هەروەها لە گابۆن ٤٥ و لە عێراق لەسەدا ٨٥ دابەزیەوە. زۆر لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت - وەک جەزائیر، ئەنگۆلا، کۆلۆمبیا، نەیجریا، سودان، و هەمدیسان عێراق — زام و برینی چەندان دەیە لە شەڕی ناوەخۆیان پێوەیە.

ئەو زیانە ئابووری و سیاسیانەی کە چەند وڵاتێک چەشتوویانە و دەیچێژن، پێکڕا ئەمە پێکدەهێنن کە پێی دەوترێت نەفرەتی سامانی سروشتی. وردتر، ئەمە نەفرەتێکی کانزاییە چونکە، بە شێوەیەکی گشتگیر، دەردەکە رەنگدانەوەی بوونی سامانە سروشتییەکانی وەک ئاوی سازگار، دارستان، یان خاکێکی دانەوێڵەی بە پیت نیە. لە ڕیزی کانزاکانیش، سووتەمەنی- کە زیاتر لەسەدا ٩٠ی بازرگانی

کانزای جیهان پێکدەهێنێ – بۆ زۆربەی وڵاتان گەورەترین چەرمەسەریە. خۆی کە دەڵێین نەفرەتی سامانی سروشتی، مەبەستمان لێی نەفرەتی نەوتە.*

نەفرەتەکە تا ساڵی١٩٨٠ش سندمکرابوو. ئەو دەم، دەوڵەتە نەوتییەکان، بە هەمان ئەندازەی دەوڵەتانی تر، مەترسی کەوتنە ژێرباری حکومەتێکی دەسەڵاتخواز و خزانە نێو جەنگی نێوەخۆییان لەسەربوو، بەڵام ئەمرۆ ئەگەری چوونەسەر دەسەڵاتی حوکمی دیکتاتۆری لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا لەسەدا ٥٠ زیاترە بە بەراورد بە دەوڵەتانی تر. هەروەها، هەمیشە لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا زەمینەی لەبار بۆ هەڵئایسانی شەڕی ناوەخۆ هەیە، لە کاتێکدا هاوتا بێ نەوتەکانیان هەرگیز شەپۆڵ بۆ ئەم کەنارە نادەن. هەر ئەوەندە نیە، دەوڵەتە نەوتییەکان خاوەن داهاتێکی شاراوە و ئابووریەکی ناسەقامگیرن، و بەشی دادەپەروەرانەی ژنانیش لە ئابووری و سیاسەت زەدە ناکەن. بە واتایەکی تر، ئەگەر بۆ هەندێک دەوڵەت بەخششی ئاسمانی لەناو چینە جیۆلۆجیە ئاڵۆزەکانی زەویدا ئاخنرابێ، ئەوا، لە ساڵی ١٩٨٠ەوە، پێگەی لەباری جیۆلۆجی سیاسەتی نالەباری بۆ زۆرێک لە دەوڵەتە نەوتییەکان کردۆتە خەڵات.

وێرانکەرترین ڕەنگدانەوەی ئەم بەڵایە لە مەکۆی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەدیدەکرێ. پشتڕاستین کە ناوچەکە پتر لە نیوەی نەوتی یەدەگی دنیای لەهەناویدا هەڵگرتووە، کەچی لە لڤینی بەرەو دیموکراسی، یەکسانی ژن و پیاو، و چاکسازی ئابووری، هەمیشە خاوڕێکردوو بووە. زۆربەی سامانە نەوتیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کەوتۆتە ژێر خاکی ئەو وڵاتانەی کە گەڕی بووینە بە چەند دەیەیەک لە شەڕی

*بەدرێژایی کتێبەکە، چەمکی "نەوت" گوزارشت لە نەوت و گاز دەکات. دەستەواژەکانی "سامانی نەوت"، "بەرهەمهێنانی نەوت"، و "داهاتی"، هەرواسا، هەردوو سامانی نەوت و گاز دەگرنەوە. پاشبەندی ١.١ وردەکاری زیاتری تێدایە (نووسەر)،

ناوەخۆ، وەک عێراق و ئێران و جەزائیر. زۆرێک لە چاودێران دەرد و نەهامەتیەکانی ئەم ناوچەیە بۆ وابەستەبوون بە دابی ئیسلامی، یانیش بە میراتگرتنی پاشماوەی کەلتوورێکی کۆلۆنیالی دەگەڕێننەوە. بەڵام، لە ڕاستیدا، ئەوە سامانی نەوتە کە پشکی شێری هەیە لە گشت قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم هەرێمە. هەر نەوتیشە چی هەڵپە هەبێت لەم هەرێمە بۆ دیموکراسی و چاکسازی، کپی دەکات.

مەرج نیە ئەم نەفرەتە بەرۆکی پاکی* دەوڵەتە نەوتییەکان بگرێت. وڵاتگەلێکی وەک کەنەدا، بەریتانیای گەورە، نەرویژ، بە قەبارەی زەبەلاح نەوتییان لە ئەرز دەرکێشاوە، بەڵام رەنگدانەوەی نەرێنی ئێجگار کەمی هەبووە بەسەر توانستی ئابووری و گەشەی سیاسیانەوە، چونکە ئەوان لەپاڵ داهاتی زۆر، خاوەن سەرچاوەی ئابووری هەمەجۆر و دامودەزگای دیموکراتی پتەون. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش - کە هەردەم بەش بە مێژووەکەی خۆی لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوتدا پێشڕەو بووە - لە زۆر ڕووەوە هەڵاوێردەی پێوەدیاربووە. دەتوانین بڵێین سامانی نەوت بۆ وڵاتە داهات نزم و نێوەنجیەکان بەڵایە، بەڵام بۆ وڵاتە دەوڵەمەند و پیشەسازییەکان دیاریەکی خوداییە. بە داخەوە، لێرە پارادۆکسێک هەیە: وڵاتە کەمدەرامەتەکان، کە زۆرترین پێیوستیان بە سەرچاوەیەکەی دهاتی سروشتیە، خێر لە نەوتی زێدەکەی خۆیان نابینن.

کەس پێشبینی دروستبوونی نەفرەتی نەوتی نەدەکرد. لە دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئابووریناسەکان یەقینیان وابوو کە سامانی سروشتی بە پیر وڵاتانەوە دێ، نەک زەرپیان لێبدات. مەزندەکرابوو کە لە جیهانی تازە گەشەسەندوودا وڵاتە بێ نەوتەکان، سەرەڕای هەبوونی هێزی کاری پێویست،

* پاکی: هەمووی (و).

له دەستمایەی وەبەرهێناندا تووشی کورتبڕی دەبن چونکە نەوتییان نەبوو. لەلایەکی تریشەوە، وڵاتە نەوتییەکان قەول بوو ریزپەڕبن چونکە سەرمایەی پێویستیان لە باخەڵدابوو تا وەبەرهێنان لە ڕێوبان و خوێندگە و ژێرخان بە گشتیدا بکەن، و بەردەوام ببوژێنەوە.[٢]

تەنانەت زانا سیاسییەکانیش بڕوایان وابوو کە نەوت خەڵاتێکی خودایە و بۆ هەندێک وڵات لە ئاسمانەوە داپەڕیوەتە خوارەوە. بە گوێرەی "تیۆری بە مۆدێرنەکردن" - کە تێروانینێکی تایبەت بە گەشەسەندنی سیاسییە و لە پەنجا و شەستەکان باو بوو، دواتر لە نەوەدەکان و سەرەتای سەدەی بیستویەک ژیاوە و نوێبۆوە - بەرزبوونەوە لە داهاتی ساڵانەی تاک لە وڵاتێک، بە شێوەیەکی کرداری، ڕێ خۆشدەکات بۆ بوژانەوەی تەواوی ڕەهەندەکانی سیاسی ئەو وڵاتە، لەوانەش کارامەیی حکومەتەکەی و ڕادەی بەرپرسیاریەکەی بەرامبەر بە خەڵک، و ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ ژنان.[٣]

لە پەنجا و شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم بیروبۆچوونە نەریتیە زیاد تا کەم لە فەرهەنگی زانستیدا ڕەگی داکوتابوو، بەڵام لە حەفتاکان کێشەیەک بەرۆکی دەوڵەتە نەوتییەکانی گرت کە ئەم تێڕامانە زانستیەی هەڵدێرا.

تێگەیشتن لە نەفرەتی سامانی سروشتی بۆ وڵاتانی هەناردەکەری نەوت شتێکی بنەڕەتیە، بەڵام دەبێ ڕۆچوونێکی زانستی پتەو ڕاڤەی بارودۆخی وڵاتانی کڕیار و هاوردەکەریش بکات. هەندێک گەنگەشە هەیە کە شوێنی نەوت لە ژێر چەپۆکی حکومەتانی سەرکوتکەر و وڵاتانی پڕ لە شەڕ و ئاشووب لە چارەنووسێکی تاڵ پتر نیە. (دیک چینی) دەڵێت، "کێشەکە لەوەدایە کە خودای بێ هاوتا و پایەبەرز، بە دروستی نەزانی کانگاکانی نەوت و گاز لە ژێر خاکی وڵاتە دیموکراتییەکان بن."[٤]بەڵام نەگبەتیەکە پەیوەندی بە ویستی خوداوە نیە.

دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەدەست دەسەڵاتی خۆسەپێن، ململانێی ناوەخۆیی کوشندە، و ئابووری لەگۆکەوتوو، هەراسان دەبن چونکە نەوت بەرهەمدەهێنن و وڵاتانی بەکاربەر لێیان دەکڕن.

پیشەسازی نەوت زەبەلاحترین پیشەسازی دنیایە. لە ٢٠٠٩دا، بای ٣.٢ تریلیۆن دۆلار نەوت لە زەوی ترومپا کراوە؛ و نەوت و مادده پوختەکراوەکانی لەسەدا ١٤.٢ی تەواوی بازرگانی شمەکی جیهانیان لەم ساڵەدا پێکهێناوە.° سەرەڕای ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەی کە دەرهێنان و پوختەکردنی وەها کاڵایەک زیان بە چینەکانی هەوا دەگەیەنێت و کەشی دنیا بەرەو گەرمی دەبات، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نیە بڵێت کە لە چەند دەیەی داهاتوودا بازاڕی نەوت لە برەو بکەوێ؛ بگرە هەرمێنی پتریش پەیدادەکات. بۆ بەردەوامبوون لە دەستەبەرکردنی ئەم پێویستیە جیهانیە، وا دەبینین دامودەزگاکانی بەرهەمهێنانی نەوت تا دێ بەرەو هەژارترین و نەدارترین وڵاتانی دنیا دەکشێن.

لیژنەی ڕاپەڕاندنی کاروباری وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان "The US Energy Task Force" کە (دیک چینی) ڕابەرایەتی دەکرد، لە ساڵی ٢٠٠١ داوای لە حکومەتی وڵاتەکە کرد کە سەرچاوەکانی بەدەستخستنی نەوت هەمەجۆر بکات و کەمتر پشت بە وڵاتانی دۆبڕی* ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەستێ. بەڵام کڕینی نەوت لە کیشوەرەکانی ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین، ئاسایشی وزەی ئەمریکای باشتر نەکردووە. بە پێچەوانەوە، وایکردووە نەفرەتی نەوت چەکەرە بکات بۆ وڵاتانی دیکەوە کە پێشتر پێی نامۆ بوون. وڵاتانی بەرخۆرەش*

* دۆبڕ: شوم، هۆکاری چارەڕەشی بۆ خەڵک و لایەنی تر (و).
* وڵاتانی بەرخۆرە: وڵاتانی بەکاربەر، ئەو وڵاتانەی نەوت دەکڕن و بەرهەمیناهێنن (و).

له بوون و تەشەنەکردنی نەفرەتی نەوت پشکیان هەیە؛ بۆیە دەبێ هاوبەشی بکەن لە زاڵبوون بەسەریدا.

ئەم کتێبە بە شێوەیەکی گشتگیر لێکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی سامانی نەوت دەخاتە بەر رووناکی لێکۆلینەوە، بە تایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا.[٦] شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی کۆکراوەی داتا و زانیاری ٥٠ ساڵ لە ١٧٠ وڵات و لە گشت ناوچەیەکی دنیا، کەمترین بەڵگە دەخاتە بەردەست بۆ ساغکردنەوەی بانگەشەی باوی زاناکانی تر، کە جەخت لەوە دەکەنەوە دەرهێنانی نەوت تەگەرە دەخاتە بەردەم گەشەی ئابووری، یانیش دەڵێن نەوت حکومەتەکان کەنەفتتر و گەندەڵتر و ناکارامەتر دەکات.[٧] خۆ لە هەندێ ڕووەوە، وەک کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵ، دەوڵەتێکی نەوتی نموونەیی لە پێش دەوڵەتانی ترەوەیە.

هەرچۆنێک بێت، ئەم کتێبە ئەوەش دەخاتەڕوو کە لە ساڵی ١٩٨٠وە، بە بەراورد بە وڵاتە بێ نەوتەکان، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهانی تازە گەشەسەندوودا کەمتر دیموکراتی و پتر ناشەفەف بوونە. ڕووداوە ڕووکەشییەکان پێماندەڵێن کە دەوڵەتە نەوتییەکان پتر خزاونەتە نێو یاخیبوونە خوێناوییەکان، و هەروەها ژنیان لە دەرفەتە سیاسی و ئابوورییەکانیاندا لاتەریک کردووە. ئەوان بەدەست دومەڵێکی ئابووری مەترسیدارترەوە دەناڵێنن: ئەمە بەلایەک کە دەوڵەتە نەوتییەکان تا ڕادەیەکی باش لە ڕیزی هاوتا بێ نەوتەکانیانن لە ڕووی پێشکەوتنەوە، بەڵام، بە لە بەرچاوگرتنی ئەم سامانە سروشتیەی خاوەنداری دەکەن، زۆریان بەو خێراییە هەنگاویان نەناوە کە لێیان چاوەڕێدەکرا.

جیۆلۆجی چارەنووس نیە. هەندێ لە بەرهەمهێنەرانی نەوت بەسەر ئەو دەرد و نەهامەتیانەی باسکران سەرکەوتن. نەیجیریا و ئەندەنووسیا بەها دیموکراتییەکانیان کردە باوەش؛ ئەنگۆلا و مەکسیک ژمارەیەکی زۆر ژنیان

پەلکێشکرد بەرەو ئابووری و حکومەت؛ ئیکوادۆر و کازاخستان خۆپارێزیان لە جەنگی ناوەخۆ کردووە؛ عومان و مالیزیا توانیویانە گەشەیەکی ئابووری خێرا و جێگیر و بێ پسان دەستەبەر بکەن. ئامانجەکانی ئەم کتێبە بریتین لە روونکردنەوەی ئەوەی بۆچی نەوت لەگەڵ نەفرەتدا لە یەک بۆتەدا داندراوە؟ بۆچی هەندێ وڵاتی نەوتی لەم نەفرەتیە دەرچوون؟ هەروەها چۆن بکرێ وڵاتی زیاتر پەی بە رێی رووناک ببەن و سامانە سروشتییەکانیان لە نەفرەتەوە بۆ هەوێنی خێروبێر بگۆڕن؟

## چی نەفرەتی نەوت بەرجەستە دەکات؟

بۆچی نەوت  ئەو کاریگەریە سەیر و سەمەرانە لەسەر باری ڕامیاری و ئابووری وڵاتێک دروست دەکات؟ هەندێک چاودێر لۆمەی هێزە دەرەکیەکان دەکەن بەوەی کە خۆ لە کاروباری حکومی دەوڵەتە نەوتییەکان هەڵدەقورتێنن. کۆمەڵێک چاودێری تریش هەن کە ئەم ڕاستیە تاڵە دەخەنە ئەستۆی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت، کە هەردەم چاویان لە سامانی خانەخوێیەکانیان چرکردۆتەوە.

هەردوو ئەرگومێنتەکە تا ڕادەیەک ڕاستن، بەڵام هیچیان لەسەر بناغەیەکی زانستی پتەو بنیاتنەندراون. ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، و فەرەنسا، لێرە و لەوێ دەوڵەتی نەوتییان داگیرکردووە یانیش هەر نا، لە ڕێی کودەتاوە، پاڵیان بە دەستوپێوەندەکانی خۆیان ناوە بۆ دەسەلات؛ لیبیاش نوێترین نموونەی ئەم ڕەفتارە خۆپەرستانەیە. بەڵام خۆ ئەم ئارەزووە ئیمپریالیستیانە تەنێ لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا چڕنەبوونەتەوە، وڵاتانی تریش کەوتونەتە بەر ئەم شاڵاوانە.[٨] لەم چەند دەیەی دوایدا چەندین دەوڵەتی نەوتی وەک ئێران، ڤەنزوێلا، رووسیا، سودان، و بۆرما، دلێرانە بەرهەڵستی فشارەکانی رۆژئاوایان کردووە و بەرەنگاریان بوونەتەوە. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەمەیە کە مەینەتییەکانی ئەم وڵاتە جەربەزانە،

و هی ئەوانەشی کە بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا چۆکیانداداوە، لە هەمان ئاست و پلەدان.

بە درێژایی سەدەی بیستەم، کۆمپانیا نەوتیە نێودەوڵەتیەکانی وەک (شێڵ)، (بریتیش پیترۆلیوم)، (ئێکسۆن و مۆبیل)، کاریگەری دیاریان لەسەر چارەنووسی وڵاتە نەوتییەکانی جیهانی سێیەم هەبووە، و تیری تانە و لۆمەیان بەردەکەوێت لە هەمبەر زۆر لەو کێشانەی تووشی ئەم وڵاتانە دێن. بەڵام پێگە و بڕستی ئەم کۆمپانیایانە، کاتێک زۆرینەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو نەوتی زێدی خۆیان لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەخۆماڵیکرد، هێدی هێدی کاڵبونەوە. ئەگەر کۆمپانیا دەرەکییەکان سەرچاوەی گیروگرفتەکان بووبن، ئەوا دەبوو بەخۆماڵیکردنی نەوت ئەم تەنگ و چەڵەمانەی ڕابماڵیبا. هەر چۆنێک بێت، ئەم کتێبە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ڕووداوەکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، *بە تایبەتی* بەخۆماڵیکردنی نەوت، هێندەی تر دەوڵەتە نەوتییەکانی هەراسانکرد.

سەرباری ئەوەی لە نێوان زانا کۆمەڵایەتییەکاندا کۆدەنگی لەسەر چەند شتێکی کەم هەیە، بەڵام خراپی حوکمڕانی لە دەوڵەتە نەوتییەکان فاکتەرێکە کە سەنگ و قورسایی تایبەتی هەیە لە هەڤپەیڤینە ئەکادیمییەکان و بە سەرچاوەی سەرەکی نەهامەتیەکانی دەوڵەتە نەوتییەکان ناسراوە. پێدەچێ زۆربەی توێژینەوەکان چاویان لە هەندێک دەرهاوێشتە بڕیبێ کە بە نەوتەوە گرێدراون، وەکو سستبوونی گەشەی ئابووری، لاوازی هەڵپەی دیموکراتی، و سەرهەڵدانی مەترسی شەڕی ناوەخۆ. لێکۆڵەرەوەکان چەندین تێڕوانین دەخەنەڕوو کە بە شێوەیەکی گریمانەیی نەوت بە هەبوونی گەندەڵی، دەوڵەتی موڵکانە، نایەکسانی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی کورتبین و دامەزراوەی لەگۆکەوتووی دەوڵەتیی دەبەستنەوە. ئەم گریمانانە و گریمانەی تریش، کە هەندێکیان بە بڕستن و هەندێکیانیش ئایەخ، لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا خراونەتە بەر توێژینەوەی ورد.

تیۆری *نەفرەتی نەوت* دەڵێت کە کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی دەوڵەتە نەوتییەکان لە خاسیەتە دەگمەنەکانی دەرامەتی نەوتەوە سەرچاوەدەگرن. هەڵبەتە پرسی ئەوەی کە چۆن حکومەتەکان ئەم دەرامەتە مشتوماڵ دەکەن تا بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ زۆرترین هاوڵاتیانی خۆیان فەراهەمبکەن، پرسێکی گرنگە و دەبێت توێژەر لێی ڕابمێنێ. بەڵام کۆڵەگەی پشتی ڕۆچوونێکی زانستی بەپێز ڕاڤەکردنی چۆنیەتی خەرجکردنی ئەم بەرەچانەیە: ئایە دەوڵەتە نەوتییەکان بە دانایی خەرجیان دەکەن یان نا؟ ئەم پێوەدانگە کاریگەریە درێژخایەنەکانی نەوتمان بۆ ڕووندەکاتەوە لەسەر دروستی باری ئابووری و ڕامیاری وڵاتان.

دەرامەتی نەوت چوار ڕەهەندی دیاری هەیە: بڕ، سەرچاوە، ناجێگیری، و شاراوەیی.[٩] ئەم ڕەهەندانە لە دەرئەنجامی قۆڕخکاری کۆمپانیا خۆماڵییەکان وردە وردە زەقبوونەتەوە و دەوڵەتە نەوتییەکانیان بەرەو ئاقاری خراپ بردووە.

*بڕی* داهاتی نەوت لەوانەیە قەبە بێ. بە تێکڕا، لەسەدا ٥٠ی حکومەتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت پتر لە حکومەتی وڵاتانی تر شۆڕبوونەتەوە بەسەر کەرتی گشتی و تایبەتدا، واتە زۆرترین داهاتی وڵاتیان لەلای خۆیان گلداوەتەوە. لە وڵاتانی کەمدەرامەت، دۆزینەوەی نەوت هەڵچوونێک لە دارایی حکومەت دروست دەکات. بۆ وێنە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٩دا، خەرجی حکومی ئازەربایجان بە ڕێژەی لەسەدا ٦٠٠، و لە گینیای کەمەرەیی لە سەدا ٨٠٠ بەرزبۆتەوە. ڕادەی زلی قەبارەی ئەم دەرامەتانە یارمەتی حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان دەدات تا دەمکوتی ناڕەزاییە مەدەنیەکان بکەن. هاوڵاتیان هەردەم چاویان لە دەستی حکومەتەکانیانە تا مافە داراییەکانیان لە دەرامەتی نەوت فەراهەم بکرێت، بۆیە کاتێک حکومەت ئەم زرەئومێدە فەرامۆش دەکات یانیش بە زەبری چەپاندن و

چەوسانەوە کپی دەکات، سەرئەنجام خەڵکەکە ڕادەپەڕن و بژاردەی ڕووخاندنی دەسەڵات دێتە گۆڕێ.

شیکارکردنی ڕەهەندی قەبارەی دەرامەت بە تەنیا بەندوباوەکانی سەر دیاردەی نەفرەتی نەوت لانابات. دەبینین کە زۆرێک لە دامودەزگا حکومیەکانی وڵاتانی دیموکراتی و ئاشتیخوازی ئەوروپی زۆر چڕتر لە حکومەتەکانی دەوڵەتە نەوتییەکان خزاونەتە ناو کەرتە گشتی و تایبەتیەکان و بارتەقایان بەسەر جومگە ئابوورییەکانی دەوڵەتدا شکاوە، بەڵام ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانە نەکەوتوونەتە ژێرباری تەوژمی شەڕ و ئاژاوە و سیستەمی دیکتاتۆری، لە کاتێکدا بەشێکی دەوڵەتانی دەرەوەی ئەم کیشوەرە بە دەست ئەم تەنگ و چەڵەمانەوە دەناڵێنن. بۆیە ڕەهەندی دووەمیش، *سەرچاوەی* دەرامەتی نەوت، دەبێت لێرە بخرێتە بەرباس تا زیاتر بەرچاومان ڕۆشنبێتەوە. دارایی حکومەت لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا لە ڕێی باج و سەرانەی هاوڵاتیانیانەوە کۆناکرێتەوە، بەڵکو لە فرۆشی کاڵایەکی دەوڵەت سەرچاوە دەگرێت کە نەوتە. ئەم خاڵە تەنگەتاویە ڕوونیدەکاتە بۆچی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت نادیموکراتین: کاتێ حکومەتەکان پشت بە باج دەبەستن، ئەوا زیاتر لەلایان هاوڵاتیانیانەوە بەرزەفت دەکرێن، بەڵام کاتێک لەسەر پارەی نەوت خانەخوێی دەکەن، ئەم فشارە هەمەکیە نامێنێت.

دەکرێت دەرهاوێشتە نەرێنیەکانی تری نەوت بۆ *ناجێگیری* دەرامەتەکانی ئەم پیشەسازیە بگەڕێندرێنەوە. ناسەقامگیری نرخی نەوت و بەرزبوون و دابەزینی بڕی یەدەگی سامانی نەوت لە سەر ئاستی جیهان، هەڵبەز و دابەزێکی زۆر دەخاتە نێو توانای دارایی حکومەتەکانەوە. حکومەتێکی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتێکی نەوتی، بە کۆمەڵە ئەرکێک دەورەدراوە کە، لەبەر ئەم ناڕوونیە لە نرخ و بڕی نەوت، بە دەگمەن نەبێت ناتوانێ ڕایانپەڕێنێت، ئەمەش دیاردەی بە فیرۆدانی سامانی سروشتی لە لایان دەوڵەتە نەوتییەکانەوە ڕووندەکاتەوە.

ناسەقمگیری دەرامەتی نەوت زەمینەسازی بۆ پێکدادانی هەرێمیش دەکات، کە هێندەی تر سازانی حکومەتەکان و یاخیبووەکان دەکاتە کارێکی ئەستەم.

تەواوی ئەم گیروگرفتانە لە *شاراوەیی* دەرامەتی نەوت دەمەیێن و خەستدەبنەوە. لە زۆر حاڵ و باردا، حکومەتەکان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان دەست تێکەڵدەکەن تا مامەڵەکانیان بشارنەوە؛ لەولاوەش، کۆمپانیا نەتەوەیەکانی خۆیان بەکاردێنن بۆ حەشاردانی دەرامەت و خەرجیەکانیان. زەمانێک کە (سەدام حوسێن) سەرۆکی عێراق بوو، نیوەی زیاتری خەرجیەکانی حکومەت لە جۆگەی (کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی عێراقی) قەتارەی بەستبوو، کە بودجەکەی شاراوە بوو.[10] وڵاتانی تریش هەمان ڕێ دەگرنەبەر. شاراوەیی هۆکاری بزوێنەرە کە وادەکات دەرامەتی نەوت بەم بەرفراوانیە بە هەدەر بچێت، و دیکتاتۆرە پشت ئەستوورەکان بە نەوت جڵەوی دەسەڵات بەرنەدەن، چونکە ناشەفافی ئەم چەکە بزێوەیە کە چڵێسی و بێ توانایی سەرکردە داپڵۆسێنەرەکان و گەندەڵەکان دەشارێتەوە. هەروەها، ئەم فاکتەرە تۆوی گومان لە دڵی هاوڵاتیاندا دەچێنێت و پردی متمانە لە نێوان هاوڵاتی و حکومەت دەڕمێنێت، کە لە ئاکامدا ڕێ بۆ یاخیبوونی چەکداری خۆشدەکات.

نەوت تایبەتمەندی وێرانکەرتریشی هەیە. پرۆسەی دەرهێنانی بەکاوەخۆی نەوت چەند سوودێکی ڕاستەوخۆ دەستەبەردەکات، بەڵام کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی سازدەکات لەو ناوچانەی دامودەزگا نەوتییەکان تێیاندا بەگەڕخراون. کەرەستەکانی دەرکێشان و پوختەکردنی نەوت و گاز تێچووی دامەزراندنیان زۆرە، و دەبێت هەر لەو شوێنەی خاکەکەیان تێیدا سمیوە جێگیربکرێن و نەجووڵێندرێن، بەمەش ڕەنگە ببنە ئامانجی سانای تاڵانکردن بۆ چەتە و دزەکان. لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر مەترسی فەرهوودکردنیش ڕیشەکێشکرا، هێشتا بەرهەمهێنانی نەوت بە نەرێنی کاردەکاتە سەر ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بوارەکانی کشتوکاڵ

و پیشەگەری،  ئەو لێکەوتانەش دەرگای هەلی ئابووری لەسەر ژنان دادەخات. ئەم خاسیەتە دژوارانەی سامانی نەوت تێڕوانینی قووڵتر لە خۆدەگرن، کە لە بەشەکانی داهاتوودا لەسەریان دەدوێم.

بەڵام گرنگترین ڕاستی سیاسی دەربارەی نەوت  – و هۆکاری ئەوەی چەندین کێشە بەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبارێنێت – ئەوەیە کە *دەرامەتی* نەوت ئێجگار زەبەلاحە و زۆرجار حکومەتەکان ناتوانن مشتوماڵی بکەن، لە ڕێی باجەوە کۆناکرێنەوە، هەڵبەز و دابەزینیان چاوەڕواننەکراوە، و بە ئاسانی گەندەڵییان تێدا دەکرێ.

## چاوخشانەوەیەکی خێرا بە مێژوو

دەرامەتی نەوت لە هەموو حاڵ و بارێکدا سەخت و ئاستەنگی بۆ نەتەوەکان نەهێناوە، و نەوتیش هەر لە ئەزەلەوە مۆرکی نەفرەتی لێنەدراوە. وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، تا حەفتاکانیش، هاوشێوەی وڵاتانی تری جیهان بوون: هەردوو لایان زۆر تا کەم کەوتبوونە ژێر ڕکێفی مەترسی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، و  شەڕی ناوەخۆ بەرۆکی هەردوو لای گرتووە؛ هەردووکیان تا ڕادەیەک یەکسانبوونە لە ڕووی ڕەخساندنی دەرفەتی سیاسی و ئابووری بۆ ژنان؛ و تەنانەت ڕێژەی گەشەی ئابووری لە وڵاتە نەوتییەکان جیگیرتر و بەرزتریش بووە لەچاو وڵاتانی تر. بەڵام لە پاش ساڵی ۱۹۷۰، هەموو هاوکێشەکان ئاوەژووکران.

ئەم ئاوەژووبوونە دوابەدوای شەپۆلی بەخۆماڵیکردنی پیشەسازی نەوت لە شەست و حەفتاکان ڕوویدا، کە  بڕ، سەرچاوە و ئاستی سەقامگیری دەرامەتی نەوتی لە کرۆکەوە گۆڕی. لە پێش حەفتاکانەوە، گشت سامانی نەوتی دنیا لەلایەن کۆمەڵێک کۆمپانیای زەبەلاحەوە دەستیبەسەرداگیرابوو، کە بە  (حەوت

دەستەخوشکەکە) ناویان دەرکردبوو.[١١] حەوت دەستەخوشکەکە دەستیان لەگەڵ یەک تێکەڵاوکردبوو تا جڵەوی دابینکردن و بەبازاڕکردنی نەوت لای خۆیان بمێنێتەوە.[*] هەندێک وڵاتی لێ دەرچێت، هەژموونی حەوت دەستەخوشکەکە بەسەر تەواوی وڵاتانی دنیا شۆڕببۆوە، و دەرکێشان و پوختەکردن و بەبازاڕکردن پاکی لە ژێر بارتەقای خۆیاندا بوو. نەک بۆڕی و تانکەرەکان بە تەنیا، بگرە کەشتیە نەوتییەکانیش لە ژێر چاودێری ئەوان بەناو زەریا و دەریاکاندا ڕەوەیان دەکرد. ئەم قۆرخکاریەش سازی کردبوون تا سەقامگیری لە نرخەکان دەستەبەرکەن و زۆربەی قازانجەکان بخەنە ناو باوڵە پڕەکانیان. هێزە سەربازی و ئابووریەکەی ئەمریکا، بە هاوکاری هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا، ئەم کەشە نادادپەرەوەرەیان خولقاندبوو.

بۆ دەوڵەتانی وەک ئێران، ئێراق، سعودیە، لیبیا، جەزائیر، نەیجیریا، و ئەندەنووسیا، هێزی ئەم کۆمپانیایانە بەرگەنەگیراو بوو، چونکە لە جڵەوی سەرمایەی نەتەوەی خۆیان بێ بەشی دەکردن. بۆیە ئەم دەوڵەتانە، و دەوڵەتانی تریش، ویستیان لە ژێر ئەم زەبرە دەرباز بن. ئەو دەوڵەتانە ئەوکات وای بۆ دەچوون کە ئەگەر نەوت لە قوتی ئەم کۆمپانیایانە ببڕن، یانیش ناچاریان بکەن بە گوێرەی حەزی ئەوان نەوت دەربهێنن، و سەرئەنجام داهاتی نەوت لای خۆیان گلبدەنەوە، ئەوا خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەکانیان دەکەن.

---

[*] حەوت کۆمپانیاکان بریتیبوون لە: ستاندارد ئۆیلی نیوجێرسی (دواتر بوو بە ئێکسۆن)، ستاندارد ئۆیلی کالیفۆرنیا (دواتر بوو بە شیڤرۆن)، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی (دواتر بوو بە بریتیش پێترۆلیۆم)، مۆبیل، تێکساکۆ، و کۆمپانیای شێڵی شاهانەیی هۆڵەندی. لە ساڵی ٢٠١٠ەوە، (حەوت دەستەخوشکەکە) بۆ هەر یەکە لە ئێکسۆن-مۆبیل، بریتیش پێترۆلیۆم، شێڵ، و شێڤرۆنی تێکساکۆ چڕبوونەوە. تا ئەمڕۆش خزمەتگوزاریەکانیان زۆرترین هەڕمێنیان لەسەرە لە بازاڕی نەوتدا (نووسەر).

له شەست و حەفتاکاندا، بازاڕەکانی نەوت لە جیهان بە زنجیرەیەک لە پێشڤەچوونی بەستراو بەیەکەوە گۆڕانیان بەسەرداهات. بڕی نەوت لە بازاردا بەرەو کەمی دەچوو، هاوکات تەکنەلۆژیای ئەوکات بە داخوازیەکان ڕانەدەگەیشت، واتە نەوت بەپێی پێویستی بەرهەمندەهێندرا. هەر بۆیە، سەرتۆپەکانی هەناردەکردنی نەوت لە جیهانی تازە گەشەسەندوودا، پێکگەیشتن و ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری سووتەمەنی (ئۆپیک)یان دامەزراند. کاتێک خواست لەسەر نەوت بۆ ئاستی ئاسمان بەرزدەبوویەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش چیدی لە ڕووی نەوتەوە خۆژێن نەما و دەستیکرد بە پشتبەستن بە نەوتی هاوردەکراو. لەلایەکی ترەوە، سیستەمی (بریتۆن وودس)ی تایبەت بە جێگیرکردنی بەهای دراو - کە کۆمەکی کردبوو بە هێشتنەوی نرخەکان لە ئاستێکی جێگیردا - لێکهەڵوەشاوە.

لەمەش گرنگتر، بە شێوەیەکی کرداری چی وڵاتی هەناردەکەری نەوت هەیە لە دنیای تازە پێگەییودا پیشەسازی نەوتییان بە خۆماڵیکرد، و کۆمپانیای سەر بە دەوڵەتیان دامەزراند تا کاروبارەکانی نەوت بەڕێوەببەن.[12] بەخۆماڵیکردنی نەوت، لە هەموو شوێنێک بە سەرکەوتن دەناسرا و ئاهەنگی سەرفرازیان بۆ ساز دەکرد. ئەندازیاری بە نەتەوەییکردنی نەوتی عێراق، سەدام حوسێن، کە ئەوکات جێگری سکرتێری گشتی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس) بوو، ڕابەرایەتی ئەم هەڵمەتەی کرد و بەهۆیەوە هەڕمێنی سیاسی پەیداکرد. ساڵوەگەڕی زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانیا نەوتیە دەرەکیەکان، لە مەکسیک - کە لە ڕیزی وڵاتاندا پێشەنگی نواند، لە ساڵی ١٩٣٨ نەوتی بە خۆماڵیکرد - تا ئەمڕۆش وەک یادێکی شکۆمەند ساڵانە یاددەکرێتەوە.

لە زۆر ڕووەوە، بەخۆماڵیکردن هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت. ئەو وڵاتانە هەژموونێکی زیاتریان بەسەر سامانی خۆیان بەدەستهێنا، و

پشکێکی گەورەتریان لە قازانجی پیشەسازیەکە وەچنگ کەوت. لەوەش زیاتر، لە حەفتاکان توانیان پێوانەی نوێ بۆ نرخی جیهانی نەوت فەراهەم بکەن، کە بووە هۆی جێگۆڕکێیەکی بێوێنەی سامان لە وڵاتانی هاوردەکەری نەوتەوە بۆ وڵاتانی هەناردە. ئیدی لەوکاتەوە دەوڵەتە نەوتییەکان لە مامەڵکردنی بە سامانی نەوتی زێدی خۆیان دەستیان والابووە.

بەخۆماڵیکردن ئابووری دەوڵەتە نەوتییەکانی ئاوەژوو کرد. بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر قەبارەی داهاتی حکومەتان بەرزبۆوە، کە باکەوتەیەکی بێوێنە لە پارەی خستە دەست فەرمانڕەواکان. لە جیاتی کۆکردنەوەی باج و سەرانە لە کۆمپانیا بیانییەکان، حکومەتان ئەوسا لە فرۆشتنی نەوت لە ڕێی کۆمپانیا نەتەوییەکانی خۆیانەوە داهاتیان دەستەبەردەکرد؛ ئەم گەلاڵەکردنە یارمەتی دەدان بۆ ڕووپۆشکردنی دەرامەتی نەوت. نرخی جیهانی نەوت و هاوکات باری دارایی حکومەتانیش دەستیان بە هەڵبەز و دابەزی پێشبینینەکراو کرد.

بۆ حکومەتانی دەوڵەمەند بە نەوت، ئەم شۆرشە لە بازاڕەکانی وزەدا دەرگای لەسەر گەورەبوون (لە ڕووی داهاتەوە)*، زەنگینبوون، و بە هێزبوونیان، کردەوە، بەڵام بۆ هاوڵاتیان ئەنجامەکان زۆرجار وێرانکەربوونە. ئەو هێز و هەژموونەی بەدەست کۆمپانیا زەبەلاحە بیانیەکان بوو خزایە نێو چنگی حکومەتانی دەوڵەتە نەوتییەکان، ئەمەش کارئاسانی بۆ فەرمانڕەواکان کرد تا بەرهەڵستکاریەکانی شەقام کپ بکەن و فشارە دیموکراتییەکان هەڵپەسێرن. کەمەنەتەوایەتیەکان لە هەرێمە نەوتییەکاندا دەستیان دایە چەک و شەڕی پشکی گەورەتریان دەکرد لە

---

*Large Government : وەرگێڕانی کتومتی دەکاتە "حکومەتی گەورە"، کە گوزارشت لە حکومەتێکی دەوڵەمەند دەکات کە دەسەڵاتی بەسەر کەرتی گشتی و تایبەتیدا شۆڕبۆتەوە، و زۆرجار ئەم شۆڕبوونەوە نادەستوورییە. لەم کتێبەدا، کە دەگوترێت "حکومەتێکی گەورە" یان "فراوانبوونی حکومەتێک"، مەبەست لەوەیە کە داراییەکی زۆری لای خۆی گلداوەتەوە و پشت بە باج نابەستێت (و).

دەرامەتی حکومەت. گەرچی لە زۆرێک لە وڵاتان سێڵاوی دەرامەت چەندین کاری نوێی بۆ پیاوان لەگەڵ خۆی هێناوە، بەڵام ژنان هەردەم لەم ڕووەوە لاتەریکبوونە. کە گەشەی ئابووری بەهۆی نرخی هەمیشە لە بەرزبوونەوەی نەوت لە حەفتایەکان بەرجەستە بوو، هاوڵاتییان کەشەکەیان لاخۆش بوو چونکە بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەسان درابوو، بەڵام کە نرخەکان لە هەشتایەکان داتەپین، زۆربەی دەستکەوتەکان بوون بە هەڵم و نەمان.

**لە داهاتوودا کێ نەوت بەرهەمدێنێ و کێ بەرخۆری دەکات؟**

گۆڕانکارییەکان لە بازاری جیهانی وزە نەفرەتەکە بۆ وڵاتانی تر چەکەرە پێدەکەن. ئەگەر سیاسەتی ئەمڕۆی وزە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، وا مەزەندە دەکرێت کە داخوازی جیهانی لەسەر نەوت و سووتەمەنییەکانی تر لە ٢٥ ساڵی داهاتوودا بە ڕێژەی لەسەدا ٢٨ و داواکاری لەسەر گازی شل بە ڕێژەی لەسەدا ٤٤ بەرزببێتەوە. هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ لە هاوردەکردندا پێشڕەوی وڵاتانی دیکەیە، وا پێشبینی دەکرێت کە ئەو ڕۆڵە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بگوازرێتەوە، کە لەلایەن هیند و چینەوە ڕابەرایەتی بکرێن و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم هەژموونەی ئێستای نەمێنێت بەسەر بازاڕی وزەدا.[١٣]

کۆمپانیاکان لە وڵاتانی نەدار بە چڕی سەرقاڵی سمینی خاکن تا بە داخوازیە نوێیەکان ڕابگەن. لە مێژووی دێریندا، نەوت لەو وڵاتانە بەردەستبووە کە بە ئاستێکی بەرزی ژیاری گەیشتبوون. لە دەستپێکی چاخی نەوتەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، وڵاتە دەوڵەمەندەکان ئەگەری بەرهەمهێنانی نەوتییان لەسەدا ٧٠ زیاتر بووە لە وڵاتە هەژارەکان، چونکە ئەوان ئەگەر نەوتیشیان نەبووبێت ئەوا پارەی زۆریان هەبووە تا وەبەرهێنان لە دەستنیشانکردن و دەرهێنانیدا بکەن.[١٤] وڵاتە دیموکراسییە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکای باکوور و ئەورووپا،

لەمڕۆدا، سەرنجی وەبەرهێنانی دەرەکیان دە قات زیاتر ڕاکێشاوە بۆ دەرکێشان و پوختەکردنی سامانە سروشتییەکان لە هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا، بە بەراورد بە وڵاتانی تری دنیا (سەیری هێڵکاری ی١.١ بکە).




*هێڵکاری ١.١: وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆ لە پیشەسازییەکانی دەرکێشان (٢٠٠٧).*

ئەم هێڵکاریە ڕێژەی پشکەکانی کۆمپانیا دەرەکییەکان پشاندەدات لە وەبەرهێنان لە نەوت و کانگاکان و پیشەسازیە پەیوەندیدارەکانی تر لە ساڵی ٢٠٠٧. ژمارەکان دۆلارن و بە گوێرەی هەر کیلۆمەترێک چوارگۆشە نوێندراون. ئەنجامەکانی ئەم

هێڵکاریە بە گوێرەی داتاکانی کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بازرگانی و گەشە ۲۰۰۹ ( United Nations Conference on Trade and Development 2009)، و داتاکانی (بانکی جیهانی)، دوای لێکدانەوە، بەرهەمهاتوون.

لە سەدەی بیستویەکدا ئەم ڕەوشە گۆڕا: سەنگەری بەرهەمهێنانی نەوت بۆ وڵاتانی کەمدەرامەت گواسترایەوە. لە پاش کۆستی نرخ لە حەفتایەکان، ژمارەی وڵاتانی بەرهەمهێنەر سنووردداربوو؛ لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٩٨، ژمارەیان لە نێوان ٣٧ بۆ ٤٤ وڵات دەسوڕایەوە (سەیری هێلکاری ٢.١) بکە. لە ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٦، لە ٣٨ وڵاتەوە تێپەڕی و پێوانەی ٥٦ی تۆمارکرد. زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمهێنەرە نوێیەکان لە ڕیزی وڵاتە داهات کەم و نێوەنجیەکان بوون. هەر کە ژمارەی بەرهەمهێنەرەکان زیاد بوون، تێکڕای داهاتی تاک لە جیهانی تازە گەشەسەندوودا لە ساڵێک بە تیژی نزمبۆوە – لە ٥٢٠٠ دۆلار بەرەو ژوور لە ساڵی ١٩٩٨، بۆ تەنها ٣٠٠٠ دۆلار لە ٢٠٠٤، ئەمەش چونکە وڵاتە کەمدەرامەتەکان هاتنە ڕیزی بەرهەمهێنەرەکانی نەوت.



*هێڵکاری ٢ .١: ژمارە و داهاتی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم هێڵکاریە ژمارەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت (هێڵی پڕ) و داهاتی ناوەنجیان (هێڵی پچڕ پچڕ) تێدا نوێندراوە. تەنیا ئەو وڵاتانە پاشگری بەرهەمهێنەری نەوتییان پێوە دەلکێت کە لە ساڵێکدا بە لایەنی کەمەوە سەد دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ تاک بخەنەوە (لە کۆی ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیردا). ئەنجامەکانی ئەم هێڵکاریە لەسەر داتاکانی کۆمپانیای BP (٢٠١٠) و، (بانکی جیهانی) ڕۆندراون.

لە مانگی یەکی ١٩٩٩، نەوت تەنها بە ١٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک مامەڵەی پێدەکرا، بەڵام لە مانگی شەشی ٢٠٠٨ بۆ ١٤٥ دۆلار بەرزبۆوە. بە بۆنەی ئەم ڕاتەکینی نرخە، کۆمپانیەکان درکیان بەوەکرد کە مەترسی کارکردن لە وڵاتانی هەژار، دوورەدەست، و زۆرجار خراپ حوکمکراو، بەو قازانجە زۆرەی بەدەستدێت هاوسەنگ دەکرێت.[١٥] بەلیز، بەرازیل، چاد، تەیموری ڕۆژهەڵات، مۆریتانیا و مۆزەمبیق، گشتیان لە ساڵی ٢٠٠٤وە بوونەتە هەناردەکەری نەوت و گاز. لە ساڵانی دواتردا، دەوروبەری ١٦ وڵات - کە زۆریان لە ئەفریقان و زۆربەشیان نەدارن- ئەگەر هەیە بچنە نێو ڕیزۆکەکەوە.* لە چەند دەیەی دواتردا، زۆرینەی ڕەهای بڕی پێویستی جیهانی هایدرۆکاربۆن لە دنیای تازە گەشەسەندوودا بەرهەمدێت.[١٦]

* هەر یەکە لە کوبا، غانا، گینیا، گینیا بیساو، گیانا، ئیسرائیل، لایبیریا، مالی، ساو تۆمی، سینیگال، سیرا لیۆن، تانزانیا، تۆگۆ، ئۆگەندا، ئەندەنووسیا، و تونس، ڕەنگە ببنە هەناردەکەری نوێی نەوت. لەلایەکی تریشەوە، ئەو وڵاتانەی بیرەکانیان وشکبووبوو، دەکرێت دووبارە ببنەوە بە هەناردەکەری نەوت (ن).

ئەوە مانای ئەوەیە کە لافاوێکی نوێی داهاتی هایدرۆکاربۆن لەڕێیە و ئاڕاستەکەی بەرەو نەدارترین وڵاتانی دنیایە. ئەگەر نەفرەتی نەوت نەبێت ئەوا ئەم دەنگۆیە دەبێتە مژدەیەکی فێنککەرەوە، چونکە هەلێکی مێژووییە تا مەینەتی ئەم وڵاتە هەژارانە بە کۆتا بێت. هێشتان، ئەو وڵاتە داهات نزمانەی کە تا سەر ئێسقان پێویستیان بە پارەیە، ئەگەری تووشبوونیان بە نەفرەتی سامان زیاترە. مەگەر ئەو وڵاتانە چاپوکانە بەخۆبکەون و لە چاکسازی نەبرینگێنەوە، ئەگەرنا ئەم باکەوتەیە بە زیان بۆ ئەو گەلانە دەشکێتەوە کە نەوتییان هەیە.

## ڕوانین بۆ پێشەوە

شیکردنەوەکەم لە بەشی ٢ دەستپێدەکات بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی دەرامەتی نەوت ئەم تایبەتمەندیە سەیر و سەمەرانەی هەیە. هەندێ لەو خاسیەتانە دەکرێت بۆ تایبەتمەندیە ئابووریە شازەکانی پیشەسازیەکە بگەڕێتەوە: خاوەنداری بیرەکانی نەوت و گاز لەلایەن دەسەڵاتی حکومیەوە؛ ئەو ڕاستیەی کە ئەم بیرانە دەکرێ بەتاڵ ببنەوە و وشک بن؛ تێچووی زۆری وەبەرهێنان لە هەڵێنجانی نەوت و گاز؛ ئەو قازانجە لە ڕادەبەدەری دەیخاتەوە؛ کاریگەریە زیانبەخشەکانی لەسەر دراو، بەوەی کە وای لێدەکات هەڵئاوسێت؛ توانستی بیرەکان تا پێوستی ئەو ناوچانە پڕبکەنەوە کە تێیدا هەڵکەوتوون؛ و هەستیاری نرخەکانی نەوت بە گۆڕانکاری بچووک لە ئاستی داخوازی و دابینکردن.*

لە سەدەی نۆزدەمەوە زۆرێک لەو شەقڵانە تایبەتمەندییەکانی پیشەسازی نەوتییان دیاریکردووە، بەڵام دەرامەتی نەوت بە زنجیرەیەک لە پێشڤەچوونیش لە قاڵبدراوە، کە لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتنەپێشێ:

---

*یارمەتیمان دەدەن (و).

بەرتەسککردنی خستنەبازاڕی سووتەمەنییە بەبەردبووەکان؛ سەرەونگوومبوونی هێزی کۆمپانیا جیهانییەکان؛ لەناوچوونی سیستەمی (بریتۆن وودس)ی تایبەت بە جێگیرکردنی نرخەکانی مامەڵەکردن؛ سەرهەڵدانی (ئۆپیک)؛ و شەپۆلی بەخۆماڵیکردن کە سامان و پێگەیەکی بێوێنەی بە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەخشی. ئەم گۆڕانکاریانە و ئیتریش دەرامەتی نەوتییان قەبەتر و ناسەقامگیرتر کرد لە جاران. ئەم گۆڕانکارییە مێژووییانە یاریمان* دەکەن لە ڕوونکردنەوەوەی ئەوەی بۆچی نیشانەکانی نەفرەتی نەوت لەدوای هەشتاکانەوە زەقتر بەدیارکەوتن.

بەندی ٣ تیشکدەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن بڕ، سەرچاوە و شاراوەیی دەرامەتەکانی نەوت بە پیری حکومەتە دەسەڵاتخوازەکانەوە چوون و لە دەسەڵاتیان هێشتوونەتەوە. بەشێکی ئەم چیرۆکە بۆ زانا سیاسییەکان ئاشنایە. کە دیکتاتۆرەکان لە ڕێی باجەوە داهات کۆدەکەنەوە، ئەوا خۆیان لەبەردەم داواکاری زیاتر بۆ بەرپرسیارەتی دەبیننەوە، بەڵام کاتێ پشت بە سامانی دەوڵەت وەکو نەوت و گاز دەبەستن، ئەوا دەتوانن خۆیان لە فشاری دیموکراسییانەی خەڵکی بدزنەوە. چەند خاڵێک بۆ ئەم ڕاستیە پێوانەییە زیاد دەکەم. لەوانە، دەریدەخەم کە نەوت، لە وەتەی شاڵاوی بەخۆماڵیکردن لە حەفتایەکان دەستپێکردووە، تەنها و تەنها کاریگەری دژە-دیموکراتی هەبووە؛ نەوت لە یەک کاتدا وەک هاوکاری مانەوەی ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان و وەک لە ناوبەری وڵاتە دیموکراسییە داهات کەمەکان، خۆی دەنوێنێ؛ هەروەها، بەشێکی بە هۆی سروشتە شاراوەییەکەیەوە، دەرامەتی نەوت فشارە دیموکراتییەکان پەک دەخات؛

و زۆرجار سەرکردە دەسەڵاتخوازەکان زیاتر خولیای ئەوەن کە نرخی نەوت بە نزمی بمێنێتەوە.

بۆ وێناکردنی ئەوەی چۆن نەوت حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان دەهێڵێتەوە، بەندی ٣ چاوێک بە ئاریشەی یەکێتی سۆڤیەت دەخشێنێت. بۆ نیشاندانی چۆنیەتی دارمانی بەرپرسیاریەتی حکومی بە هۆی نەوتەوە، لە ڕووسیای دوای سۆڤیەت دەڕوانم. پاشکۆیەکە تێڕوانینێکی وردتر دەخاتە بەردەست دەربارەی پەیوەندیە ئامارییەکان کە لە بەندی ٣ کورتبوونەتەوە.

هەندێ ڕەهەندی نەفرەتی سامان دڵپڕووکێنەرە. بەندی ٤ تایبەتکراوە بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کارتێکردنی نەوت لەسەر کەمبوونەوەی هەلی سیاسی و ئابووری بۆ ژنان لە زۆرێک لە وڵاتە داهات کەم و مامناوەنجییەکان، بە تایبەت لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە بەشێکی خەتای نارێکی خەرجی دەرامەتەکانە لەلایەن حکومەتانەوە، و بەشێکی بەهۆی ئەوەیە کە پیشەسازی نەوت پیشەسازییەکانی تر "ڕادەماڵێ" کە ژن دادەمەرزرێنن و چەند دەرچەیەک بۆ مافی سیاسی و ئابووری زیاتر بۆ ژنان دەکەنەوە. یەکێکیش لە لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە پێشڤەچوونێکی کەمتری سیاسی و ئابووری ژنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە بەراورد بە گۆشەکانی تری دنیا. هەندێ لە چاودێران وای بۆ دەچن کە ئیسلام تەگەرەی سەرەکیە لەبەردەم بزاوتنی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. من دەریدەخەم کە ئەم تێڕوانینە پز و خەوشدارە، چونکە ژنانی ئەم هەرێمە بە گشتی ڕەوشیان باشترە لە ژنانی وڵاتە کەم نەوتەکان، واتە نەوت هۆکارە نەک ئیسلام.

بۆ ئەوەی ئەم بەرسڤە پتر دەوڵەمەند بکەم، بەراوردی ٣ وڵات دەکەم کە لە چەندین ڕووەوە هاوشێوەن– جەزائیر، مەغریب، و تونس. تەنیا جەزائیر بڕێکی زەبەلاح لە نەوت بەرهەمدێنێ. نەوت پێشکەوتنی ئابووری ژنانی سستکردۆتەوە

له جەزائیر، له کاتێکدا ژنی مەغریبی و تونسی بەرەوپێشچوونی باشتریان دەستەبەرکردووە. هەمدیسان، پاشکۆی ئەو بەندە تێڕوانینێکی تێر و تەسەلتر بۆ بەڵگەکان دەخاتە بەردەست.

هەروەها، دەرامەتی نەوت له هەشتاکانەوە مەترسی شەڕی ناوەخۆی بۆ وڵاتان زیاتر کردووە، هەر وەک له بەندی ٥ به دوور و درێژی هەڵوەستەی لەسەرکراوە. له ڕیزی وڵاتانی داهات کەم و ماناوەند، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت زیاتر له دوو جار ئەگەری کەوتنە ناو شەڕی ناوەخۆییان زیاترە له وڵاتانی بەکاربەر. هەندێک لەو تێکهەڵپڕژانانە بچووک بوون، وەک بزووتنەوەی سەربەخۆیی پارێزگای (خینژانگ) له چین و ڕاپەڕینی (زاپاتیستا) له مەکسیک. هەندێکیشیان – وەک شەڕەکانی ئەنگۆلا، کۆلۆمبیا، و سودان- تەواو درێژدادڕ و وێرانکەربوونە.

بەندی پێنجەم پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ که دوو جۆر له شەڕی فوودراو به نەوت هەیە: شەڕە جووداخوازییەکان که لەلایەن کەمایەتیە بەشخوراوەکان هەڵدەگیرسێندرێن، و شەڕی ئەو یاخیانەی که پارەی خۆیان له تاڵانکردنی داهاتی پیشەسازی نەوت دەستەبەردەکەن. بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنپێیانەی که نەوت به یاخیبوونەوە گرێدەدەن، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت به بارگرژیە نوێیەکان و هاوچەرخەکان بەکاردێنم له کۆلۆمبیا، کۆنگۆ-برازڤێللی، گینیای کەمەرەیی، ئەندەنۆسیا، نەیجیریا، و سودان. پەیوەندیە ئامارییەکان له نێوان نەوت و بارگرژی خوێناوی چڕتر له پاشکۆی ئەو بەشەدا ئاماژەی پێدراوە.

بەندی شەشەم سەیری کاریگەریە ئابوورییەکانی دەرامەتی نەوت دەکات و چۆنیەتی ڕێکخستنیان له لایەن حکومەتەوە دەخاتەڕوو. زۆرێک له لێکۆڵینەوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن که نەوت له وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان به شێوەیەکی نائاسایی گەشەی ئابووری سست کردووە، ئەمیش به هۆی ئەوەی که سامانی

کانزایی، لە ڕێی لەقکردنی کارامەیی بیوکراتی، چەکەرەپێکردنی گەندەڵی، و لاوازبوونی ڕۆڵی یاساوە، زیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەگەیەنێ. بەشێکی زۆری ئەم "تێفکرینە نەریتیە" هەڵەیە: ڕاستە گەشەی ئابووری لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا بە شێوەیەکی نائاسایی لەرزۆک و ناڕوون بووە، بەڵام لە درێژەی ڕێدا نە خێراتر نە هێواشتر بووە لە وڵاتانی دیکە. هەروەها، چەند بەڵگەیەکی کەم هەن پشتڕاستیبکەنەوە کە نەوت زیان بە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەگەیەنێت. ئەو بەرسڤانەی کە ئەم تێگەیشتنانە بەتاڵدەکەنەوە، لە هەردوو مۆدێلی (بێڤەرلی هیلبیلیس) و (کۆڵەپشتی نەبینراو)ەوە وەرگیراون، کە لە پەراوێزی بەندی شەشەمدا بە وردی لەسەریان دەدوێم.

کێشە بنەڕەتیەکە ئەوە نیە کە گەشە لە دەوڵەتە نەوتییەکان هێواش بووە لە کاتێکدا دەبوایە "ئاسایی" بێ، بەڵکو خۆی ئاسایی بووە دەبوو خێراتربایە، چونکە ئەو دەرامەتەی حکومەتەکان لە پارەی نەوت هەڵیدەوەرێنن دەبێت ئامرازێک بێت بۆ بوژانەوەیەکی لەڕادەبەدەر و هەڵاوێردە. دوو هۆکاری سەرەکی هەن کە ئەم گەشە ناوەنجیەی بەشێک لە دەوڵەتە نەوتییەکان ڕوون دەکەنەوە. یەکەم، سەرنەکەوتنی دەوڵەتە نەوتییەکانە لە فەراهەمکردنی کاری زیاتر بۆ ژنان؛ ئەگەر لە وڵاتێک مێینەی پێگەیشتوو لە دەرەوەی ماڵ کار بکات ئەوا ڕێژەی منداڵبوون سنووردار دەبێ، بەمەش گەشەی دانیشتووان بەرزەفت دەکرێ و داهاتی ساڵانەی تاک بەرزدەبێتەوە. دووەم، بێ توانایی حکومەتەکانە تا ڕووبەڕووی ئەو ئالەنگاریانە ببنەوە کە بە هۆی ناسەقامگیری لە دەرامەتی نەوتەوە دێنەکایەوە.

بوونی نەفرەتی نەوت خۆی لە خۆیدا چەندین لێکەوتەی درێژخایەنی هەیە، کە لە بەندی کۆتایی بەسەرە و هەورازی هەموویان هەڵدەزنێم. بوونی ئەم نەفرەتە تێڕوانینی نوێ بۆ کۆنترین پرسیاری هەڵنەهێندراو لە فەرهەنگی ئابووری سیاسیدا دەخاتە بەردەست: چۆن ژینگە چارەنووسی نەتەوەکان لە قاڵب دەدات؟ زانا

کۆمەڵایەتییەکان گوزارشتیان لەوە کردووە کە وڵاتان بە قووڵی کارتێکراو دەبن بەوەی لەسەر کامە کیشوەر هەڵکەوتوون، بە ژینگەی نالەبار، و بە دەستگەیشتنیان بە دەریا. ئەم کتێبە بەخشەکانی جیۆلۆجیش دەخاتە پاڵ ئەم کارتێکەرانە، و لە ژێر هەندێک بارودۆخی لەباردا شرۆڤەیان دەکات.

نەفرەتی نەوت دەبێ ئەوەشمان بیرخاتەوە کە داهاتی زۆر لە هەموو حاڵ و بارێکدا کەڵکی نیە، تەنانەت بۆ وڵاتانی داهات کەمیش. لە ژێر هەر هەلومەرجێکدا و بڕی داهاتەکە هەر چەند بێ، دەبێت سەرچاوەی ئەم داهاتە پاک و بێگەرد بێت، چونکە سیاسەتی وڵات بە داهاتەکەیەوە بەندە. هەروەها، بە تێگەیشتن لە نەفرەتی نەوت دەکرێ تێڕوانینی نوێ کۆبکەینەوە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ناوچەیەی کە قەبەترین یەدەگی نەوتی گلداوەتەوە لە ناو هەناوی، و لەگەڵ ئەمەشدا دیارترین کورتهێنان لە دیموکراسی و یەکسانی جەندەری تێدا ترنجاوە. ئەوە مانای ئەوە نیە کە بزاوتەکانی دیموکراسی و مافی ڕەگەزی لە وڵاتەکانی ئەم هەرێمە دۆڕان و شکست لە چارەنووسیان نووسراوە. لێکەوتەکانی نەوت سامناکن، بەڵام سندمکردنیان مەحاڵ نیە. زۆر شت هەیە بکرێت تا چاکسازی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەرامەتی نەوت جێی خۆی بگرێت، و مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ببوژێندرێنەوە.

بەندی کۆتایی چۆنیەتی دامرکانەوەی نەفرەتی نەوت لە ڕێی لاوازکردنی تایبەتمەندیە بێزراوەکانی دەرامەتی نەوت ڕووندەکاتەوە. ڕستێک لە ڕێوشوێن دەخاتە بەر دید بۆ گۆڕانکاری لە قەبارە، سەرچاوە، سەقامگیری و شاراوەیی دەرامەتی نەوت، کە لە ساکارترین ستراتیجیەوە ( دەرکێشانی هێواش) پێدادێت بۆ ئاڵۆزترین (واژووکردنی گرێبەستی سەودایی، قەرزی نەوتی، و بە تایبەتیکردنی پیشەسازییەکە). ڕاستە، گۆڕانکاری لە بڕی "دەرامەت" سنووردارە و زۆرجار بە دەست حکومەتەکان نیە کە چەند داهات لە نەوتەوە هەڵبکرێنن،

بەڵام، لە کولانەی دەسەڵاتەوە، حکومەتەکان بارتەقایان دەشکێ بەسەر ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان، بۆیە هەوڵدەدەم ڕێنوێنی حکومەتەکان بکەم تا بە شێوازی دروستی خەرجکردنی داهاتی نەوت ئاشنابن.

تەنیا یەک چارەسەر هەیە کە گشتگیر بێت: بەرکارکردنی شەفافیەت لە کۆکردنەوە و ڕێکسختن و خەرجکردنی داهات. ئەم گەڵاڵەکردنە حکومەتەکان بە بەرپرسیار ڕادەگرێ بەرامبەر بە هاوڵاتیانیان، مەترسی تێکهەڵپرژانی خوێناوی کەمدەکاتەوە، هەروەها ئەو زیانە ئابوورییانە هەڵدەگوشێت کە بەهۆی گەندەڵییەوە دێنە پێشێ. وڵاتانی بەرخۆرەش داواکاری تێرنەخۆرەیان هەیە بۆ سووتەمەنی، ئەمەش ڕەگ و ڕیشەی نەفرەتی سامانی سروشتی لە هەناوی ئەو وڵاتانە داکوتیوە؛ لە ڕاستیدا شەفافیەت بە پیری ئەوانیشەوە دێت.

پێویستە ئەو وڵاتانەی کە هەردەم بە دۆزینەوەی بیرێکی نوێی نەوت خەڵاتدەکرێن چاپوکانە بەخۆبکەون و دەست بە چاکسازی بکەن. هەر چەند مانگ جارێک کۆمەڵە کانگایەکی نەوت و گاز دەدۆزرێنەوە کە بە گشتی لە وڵاتانی هەژار و نادیموکراتی و ناکارامەوە هەڵتۆقیون، و زۆربەیان دەکەونە ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیا. ئەم کتێبە تێگەیشتنێکی پڕاوپڕ لە بنەمای زانستی بۆ هاوڵاتیانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو فەراهەمدەکات سەبارەت بەو مێژووەی لەدەستیانچووە، و لە هەمان کاتیشدا، چەند ڕێگەچارەیەکیان بۆ دەخاتەڕوو تا داهاتوویەکی گەشتر لەگەڵ نەوتی زێدەکانیان فەراهەمبکەن.

## پاشبەندی ١.١: تێبینیەک لەسەر شێواز و پێوانەکان

ئەم کتێبە زنجیرەیەک لە بەرسڤ سازدەکات بۆ شەنوکەوکردنی کاریگەریەکانی دەرامەتی نەوتی وڵاتێک لەسەر گەشە ئابووری و سیاسییەکەی. بەرسڤەکانی ئەم کتێبە لەسەر مشتێک بەڵگەی چەندایەتی و چۆنایەتی ڕۆنراون، و هاوکات لەگەڵ تێڕوانینی زانای تر بەراوردکاریان پێکراوە و ساغکراونەتەوە.

شیکردنەوە چەندایەتیەکە لەسەر داتای پشتڕاستکراوەی گشت وڵاتەکان لە ساڵی ١٩٦٠ەوە بنیاتنراوە.[١٧] سنووردارکردنی گرنگ هەیە لە بەڵگەهێنانەوە هۆیەکییەکان کە لەسەر داتای پشتڕاستنەکراو دروستکراون، بە تایبەتی ئەو داتایانەی پەیوەستن بە لێکدانەوە نێودەوڵەتییەکانەوە (هی دوو دەوڵەت یان زیاتر). چونکە کتێبەکە ئەو پرسیارانە دەبزوێنێ کە پێویستیان بە داتای پشتڕاستنەکراوە هەیە، کۆشسێکی بێ دریخی دەکەم تا ئەو بەربەستانە لابدەم کە دەبنە هۆی لاوازکردنی دەرئەنجامەکانم. هەندێک لە بەربەستەکان بریتین لە: بوونی بارگۆڕێکی هۆیەکی کە خۆی کارتێکراو دەبێ بە بارگۆڕێکی تر لە مۆدێلەکە؛ ترنجانی ڕێوشوێنی ئاماری ئاڵۆز کە لە ڕادەبەدەر تاقەتپرووکێنن و ڕاڤەکردنیان کارێکی قورسە؛ دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی بێ دەرەتان لە نێوان بارگۆڕەکان کە ساغکردنەوەیان هەویرێکی بێ ئەندازە ئاوکێشە، و زۆرجار ڕەنگدانەوەیەکی خواروخێچن لە داتاکان یان لە چەند بڕیارێکی هەڕەمەکی زانستی سەرچاوەیانگرتووە، ڕێشی تێدەچێت لەسەر مشتێک لە لێکۆڵینەوەی کاریگەر و بەرز ڕۆنرابن؛ هەروەها نەبوونی ڕوونی لە پرۆسە هۆیەکییەکان کە بارگۆڕە گرنگەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

### پێوانەکردنی نەوت

به بایەخترین داهێنانی ئەم کتێبە بریتیە لە بەکارهێنانی پێوانەیەکی ناوازە بۆ نەوت و گاز؛ پێوانەیەک کە بارگۆڕەکان بە توندی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەتوانرێ بە ڕێوشوێنێکی متمانەپێکراو و شەفاف مشتومالّ بکرێت، و بۆ هەموو وڵاتان و لە هەموو ساڵێکدا گونجاو بێ.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر لەم بوارە، پشتبەستنی وڵاتانیان بە هەناردەی کاڵا هایدرۆکاربۆنەکان کردۆتە بارگۆڕی سەربەخۆ*، کە بریتیە لە بەهای بڕی هەناردەکراوی نەوتی وڵاتێک وەک بەشێک لە داهاتە گشتییەکەی (GDP)*. بەڵام ئەم بارگۆڕە لە دوو خاڵی گرنگدا کەمایەسی هەیە، کە یەکیان هزریە، و ئەوی تریشیان بایەسێکی* زەقە لە شیکارکردنەکان کە ڕەنگە لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان نەوت و کێشەگەلێکی وەک حوکمی دەسەڵاتخوازی، شەڕی ناوەخۆ، و بێ بڕستی ئابووری، دابلەنگێت.

کەمایەسیە هزریەکە ئەوەیە کە ئەم بارگۆڕە تەنیا سەرنج داوێتە سەر بڕی هەناردەکراوی نەوت و خۆی لە شیتەڵکردنی فرۆشی ناوەخۆی نەوت دەبوورێت، لە کاتێکدا کە حکومەتان دەرامەتی نەوت لە هەردوو فرۆشی ناوەکی و دەرەکی هەڵدەکرێنن. تەنانەت ئەگەر نەوت لە ناوەخۆ بە نرخێکی کەمتر بفرۆشرێت، وەک خەرجی و تێچوو لەسەر حکومەت هەژمار دەکرێ، بۆیە پێویستە ئەم بەشە خەرجیەی سەر شانی حکومەتیش لە لێکدانەوەکان بئاخندرێت.

* بارگۆڕی سەربەخۆ: Independent variable

: پێوانەیەکی گشتگیری ئابووری وڵاتێکە، کە بەکارهێنانی ناوەخۆ، وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت، خەرجی و بەهای
*GDPهەناردەی حکومەت کۆدەکاتەوە (و).

لایەنگیری پێوەدیارە، هەموو ڕەهەندەکانی بابەتەکە شرۆڤە ناکات، یان لە ڕووی زانستییەوە پشتڕاستنەکراوەتەوە
*Bias:(و).

سەبارەت بە بابەسەکەشەوە، ئەم بارگۆڕە ڕەچاوی ڕەوشی وڵاتە کەمدەرامەتەکان ناکات، و زۆرجار لە پێکەوەبەستنی نەوتی هەناردەکراو و گیروگرفتە سیاسی و ئابوورییەکان شکستدێنێت. خۆ ئەگەر بارگۆڕەکە لە شرۆڤەکردنی دوو وڵاتیش بەکاربێ کە ڕێژەی دانیشتووان و بڕی بەرهەمهێنانی نەوتییان هاوشانی یەکە، بڕی هەناردەکراو لە وڵاتە کەمدەرامەتەکاندا پتر دەبێ. بە گشتی، وڵاتانی بەرهەمهێنەر لەسەر بەشێکی نەوت لە ناوەخۆ بەرخۆری دەکەن، و زیادەکەشی هەنارده دەکەن. لەم کولانەیەوە، جیاوازی وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند لەوەیە کە ئەمیان نەوتەکە زیاتر بۆ پێویستی خۆی تەرخان دەکات، بەڵام ئەویان زۆربەی نەوتەکەی هەنارده دەکات. بۆ نموونە، لەسەر بنەمای داهاتی تاکەکەس، ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر زیاتر لە ئەنگۆلا و نەیجیریا خاک هەڵدەگۆزێت و نەوت دەردێنێت، بەڵام ئەنگۆلا و نەیجیریا پتر نەوت هەنارده دەکەن، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان بای ئەوەندە دەوڵەمەندە کە باکی بە فرۆشتنی نەوت نیە و بۆ پێوستی ناوەخۆ گلیدەداتەوە. بۆیە ئەگەر تەنیا سەرنج بخەینە سەر بڕی هەناردەکراوی نەوت، ئەوا دەکات ئێمە بێ ئاگایانە ئەو بەشە ئابوورییەی وڵات شەنوکەو دەکەین کە پەیوەندی بە نەوتەوە نیە.

هەمان کێشە لە بابەتی GDPیش دووبارە دەبێتەوە. تەنانەت ئەگەر دوو وڵات هەمان بڕە نەوتیش ئاودیو بکەن، ئەمەی کە هەژارترە GDP وردترە، بۆیە ڕێژەی هەناردەکراوی نەوتەکەی تەواوی GDP ئەم وڵاتە دەتنێتەوە، لە کاتێکدا بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکە نەوت ناتوانێت هێندە دوور پەل بکوتێت. ئەم پێوەدانگە دەرگا بۆ چەند دژبێژیەک دەکاتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر نەوت بەشی زۆری GDP وڵاتێک پێکبهێنێت، ئەوا ئابووری وڵاتەکە دووچاری سستی دەکاتەوە (ڕەنگە گەندەڵی و شەڕی ناوەخۆش بنێتەوە)، بەڵام لەوانەشە هەناردەکردنی نەوت بە ئەندازەیەکی گەورە خۆی دەرهاوێشتەی ئەم کاریگەریە نەرێنیانەی سەرەوە بێ،

چونکە ئەوانیش لە مژینی GDP ڕۆڵیان هەیە و دەکرێ لە دۆخی تەنگەتاودا حکومەتێک ناچاربکەن هەناردەکردنی نەوت بەرزبکاتەوە. بۆ نموونە، ئەم ڕاستیە وادەکات شیکارکردنی پەیوەندی نێوان *پشتبەستن بە هەناردەکردنی* نەوت و *پێکدادانی چەکداری* زەحمەت بێت، چونکە هەردووکیان بە بوونی هەژاری گرەپێچە دەکەن.

من تەواوی خەرجی و داهاتی ناوەخۆیی و دەرەکی نەوتی وڵاتان دابەشی دانیشتووانەکانیان دەکەم، و دەرئەنجام یەکسان دەبێت بە *داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک*، بەمەش خوێنەر بە لێکدانەوەیەکی زانستی تێروتەسەل ئاشنا دەبێت لەمەڕ نەفرەتی نەوت، چونکە ئەم هاوکێشەیە پێمان دەڵێت کە چۆن وەک بارگۆڕ داهاتی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتێک کار لە پرسە سیاسییەکانی دەکات.

بارگۆڕی *داهاتی نەوت* لە بارگۆڕەکەی تر باوەڕپێکراوترە. بۆ نموونە، کەم تا زۆر ئەنگۆلا و هۆڵەندا هەمان ڕێژەی دانیشتووانیان هەیە و بە هەمان ئەندازە نەوت و گاز بەرهەمدەهێنن، سەرئەنجام داهاتی نەوتییان بۆ هەر تاکێک یەکسانە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بریتیبووە لە ٥٠٠ دۆلار. بەڵام ئەگەر بارگۆڕی بڕی نەوتی هەناردەکراو لەسەر GDP بەکاربهێنین، دەبینین کە ئەنجامی ئەنگۆلا زۆر لەوەی هۆڵەندا بەرزترە، چونکە، بە پێچەوانەی هۆڵەنداوە، ئەنگۆلا لەوە هەژارترە زۆربەی نەوتەکەی بۆ پێویستی ناوەخۆ گلبداتەوە، و ئەمەش ڕوونە کە GDP ئەنگۆلا بە هی هۆڵەندا بەراوردناکرێت، بۆیە بارگۆڕی بڕی هەناردەکراو و GDP لەم شیتەڵکردنە سەرکەوتوو نابێت.

بەڵام ئەم بارگۆڕەی منیش بەکاریدەهێنم- بارگۆڕی داهاتی نەوت- دوو کەمایەسی هەیە. یەکەم، هەندێک وڵاتی لێ دەرچێت، بڕستی بەرهەمهێنانی زۆربەی وڵاتان سنووردارە، هەڵبەتە بەشێکیان هەر نەوتییان نیە، بۆیە بە هەژمارکردنی داهاتی

نەوتی ئەو وڵاتانە لە یەک چوارچێوەی ئاماریدا، ڕەنگە ئەنجامەکان هەڵەیان تێبکەوێت کاتێک لەسەر چەند هێڵکاریەک دادەندرێن. بەڵام بۆ بەرگرتن بەم کێشەیە، من لە هێڵکاریەکانی هەریەکە لە بەندی ٣ و بەندی ٥ لۆگاریتمی سروشتی داهاتی نەوتم وەرگرتووە، تا هاوسەنگی نێوان وڵاتان بپارێزم (لەبەر چەند هۆکارێک کە لە پاشبەندی ٤.١ ڕوونمکردۆتەوە، ئەم ڕێگەیەم لە بەشی چوارەم بەکارنەهێناوە). تێهەڵچوونەوە بە هەموو دەرئەنجامەکانم دەکەم لە بەشەکانی ٣، ٤، و ٥دا، چونکە لۆگاریتمی داهاتی نەوت پەرتەوازەیی لە داتای وڵاتەکان دروست دەکات و پێویستی بە مشتوماڵکردن هەیە. ئەم تێهەڵچوونەوەیەم دەستێک بە ناو وڵاتەکاندا دێنێت و تەنیا ئەوانە بۆ شرۆڤەکاری هەڵدەبژێرێت کە بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ دۆلاری داهاتی تاکەکەسیان (لە کۆی ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر لە ساڵێک) لە نەوتەوە دێت. بێگومان لە هەموو بەندێکی ئەم کتێبەدا، دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت و ئەوانی دی لێکجیادەکەمەوە تا ئەنجامەکان بە ڕادەی پێویست ڕاست و دروست بن.

کەمایەسی دووەم ئەوەیە کە، با لێکیش نزیک بن، من *داهاتی نەوت* بە هاوواتای *سامانی نەوت* نابینم، و لێکدانەوە پەیوەندیدارەکانی ئەم کتێبەش زادەی ئەم بۆچوونەی خۆمن. زۆربەی بەرسڤەکانم بە خوێنەر دەڵێن فرۆشتنی نەوت بە خراپ بەسەر ڕەوشی سیاسی وڵاتان دەشکێتەوە، چونکە ئەو دەرامەتەی دروستی دەکات خاسیەتی زیانبەخشی هەیە بۆ حکومەتەکان.[١٩] مخابن حکومەتی گەندەڵ و ناشەفاف زۆرن کە زانیاری ڕاست لە هاوڵاتیانی خۆیان و دنیا دەشارنەوە، بۆیە چەند وڵاتێکی لێدەرچێت لە ماوەیەکی سنووردار، ڕۆچوونە زانستیەکەمان لە زۆر باردا شکست دێنێت. خۆ ئەگەر ئەم زانیاریانەش بەردەست بن، ئەم پێوەدانگە کورت دێنێت، چونکە قەبارەی دەرامەتی نەوتی وڵاتان بە سیاسەت و دامەزراوەکانی حکومەتەکانیانەوە بەندە، بۆیە ناکرێت دەرهاوێشتەکانی سامانی

نەوت بکەینە پێوەر بۆ ئەم باسە. لەبەر ئەم هۆکارەیە من بارگۆڕی *داهاتی نەوت* بەسەر سامانی نەوت ڕادەشکێنم، و مێژوویێکی درێژتر دەخەمە بەر لێکۆڵینەوە.

هەنووکە، دەتوانین بە هەورازی داهاتی نەوتی وڵاتان لە ساڵی ١٩٦٠ەوە وردە وردە سەرکەوین. داتای بەرهەمهێنانی نەوت و گازی تەواوی وڵاتان لە ١٩٧٠ تا ٢٠٠١ لە وێبسایتی (بانکی جیهانی) بەردەستە، و داتای دوای ٢٠٠١ لەلایەن (BP Statistical Review of World Energy) دابینکراوە. سەبارەت بەو داتایەنی لەبەر دیدی ئەم دوو دامەزراوەیە ونە، لە کتێبی ساڵانەی ڕاپرسی جیۆلۆجی ئەمریکی سەبارەت بە کانزاکان (US Geological Survey's Mineral Yearbook) وەرمگرتوون. هەڵبەتە وڵاتانی سۆڤیەتی نەچوونەتە ژێرباری ئەم دامەزراوانە و زانیاریان پێنەداون، بۆیە من لە لێکۆڵینەوەکانی زانایانی وەک (مارشاڵ گۆڵدمان) و (جۆناتان ستێرن) وەرمگرتوون، نرخی نەوت و گازیشم لە (BP Statistical Review) هەڵێنجاوە.[٢٠]

**دژبێژی**

ئەگەر بارگۆڕی *داهاتی نەوت* نەچووە نێو وردەباسی سیاسی و ئابووری هەریەکە لە وڵاتان و بە هەرەمەکی تیرێژی شرۆڤەکردنی دا بە هەمووان، ئەوا دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان داهاتی نەوت و حوکمداری ئاسانە، چونکە ئەنجامەکە وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت و پێمان دەڵێت داهاتی نەوت ڕاستەوخۆ کار لە حوکومداری دەکات.

بەداخەوە بارگۆڕی *داهاتی نەوت* تێوەپێچانی هەرەمەکی قوبوڵ ناکات، بۆیە بۆ ئێمە گرنگە بزانین بۆچی داهاتی نەوت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە دەمێکەوە

بۆ دەمێکی تر جیاوازە. ئەم بارگۆڕە زادەی سێ کارتێکەری شاراوەیە: یەکەم بڕستی جیۆلۆجی وڵاتەکەیە، کە مەبەست لێی بڕ و جۆریەتی نەوتی ناو هەناوی خاکەکەیەتی؛ دووەم ئاستی وەبەرهێنانە کە بڕیار دەدات چەندێک نەوت لە خاک دەردێت و چەندێک دەخرێتە بازاڕەوە لە کاتێکی دیاریکراودا؛ و سێیەم نرخی نەوتە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چوستی بەرهەمهێنان هەیە، و پێمان دەڵێت وڵاتێک چەند قازانج دەکات لە فرۆشی نەوت. سەرنج بدەن، هەردوو کارتێکەری یەکەم و سێیەم پەیوەندیان بە خاسیەتە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتاندا نیە، و سەربەخۆن.[21] بەڵام وەبەرهێنان بە توانای ئابووری و کارامەیی حکومیەوە بەندە، واتە ئەو وڵاتە دەوڵەمەندن و دەرگایان بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی کراوەیە و خاترجەمی یاسایی بۆ وەبەرهێنەران فەراهەم دەکەن، پتر سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ خۆیان ڕادەکێشن.[22]

گەرچی داتای بەرهەمهێنانی تاک تاکەی هەموو وڵاتان بەردەست نیە و ئەگەر بەردەستیش بن جێی متمانە نین، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمی داتای بەپێز و تێروتەسەل هەن کە دەکرێ لێرە بەگەڕیان بخەین. ڕەنگە ئەگەر هەردوو جەمسەری زەوی لێدەرکەین، وڵاتانی تازە گەشەسەندوو لەسەدا ٦٠ی تەواوی ڕووبەری دنیا پێکبهێنن، بەڵام تەنیا لەسەدا ٢٠ی پشکەکانی وەبەرهێنانی دەرەکیان هەیە لە نەوت و کانگا بەردی و کانزاییەکان. لە لایەکی ترەوە، وڵاتە دیموکرات و دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستوراڵیا، و نیوزلەندا، تەنیا لە سەدا ٢٥ی ڕووبەری گۆی زەوی پێکدێنن، کەچی دەستیان بەسەر لەسەدا ٧٥ی وەبەرهێنانی دەرەکیدا گرتووە لەم بوارانەی باسکران.[23] ئەمە واتە دامودەزگاکانی بەرهەمهێنان و پوختەکردنی کانزای نیوزلەندا و وڵاتانی ئەم سێ کیشوەرە، لە دەرەوەی زێدی خۆیان، پتر لە دە قاتی وڵاتانی تازە گەشەندوو و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران وەبەرهێنانی دەرەکی دەکەن

(بڕوانە هێڵکاری ١.١). وڵاتانی تازەپێگەیشتوو چاویان لە دەستی وڵاتانی ڕۆژئاوا چڕکردۆتەوە تا کەرەستەی بەرهەمهێنان و پوختەکردنی نەوت دابینبکەن، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی وڵاتە دەوڵەمەندەکان وەبەرهێنانی ناوەخۆییان بەلاناوە، ئەوان لە هەردوو ڕووەوە بەردەوام لە بوژانەوەدان.

وڵاتانی خاوەن پیشەسازی پێشکەوتوو بەوە ناسراون کە پتر دیموکراتی و ئاشتیخوازن و ژن لە ناوەندە سیاسییەکان جێدەکەنەوە، بۆیە بەو پێوەرەی کە کەشی وەبەرهێنان لەوڵاتە پێشکەوتووەکان لەبارترە، دەبێت *داهاتی نەوت* لەو وڵاتانە بەرزبێت کە دیموکراتین. ئەم شیمانەیە پەیوەندی داهاتی نەوتی زۆر بە دەسەڵاتخوازی و شەڕی ناوەخۆ و پەراوێزخستنی ژنیش دەگرتەوە، و دەکرێت شیمانەکە تا ڕادەی ساغکردنەوەی ئەم پەیوەندیانە بڕوات.

ڕێیەکی تر بۆ شرۆڤەکردنی دەرهاوێشتەکانی داهاتی نەوت لەسەر ئابووری و سیاسەت بریتیە لە بەراوردکردنی ڕەوشی بژێوی وڵاتان بەرلەوەی نەوت بەرهەمبێنن. هێڵکاری ١.٣ داهاتی سەرەتایی ١٠٣ وڵات پشاندەدات کە لە نێوان ١٨٥٧ و ٢٠٠٩دا دەستیان بە بەرهەمێنانی نەوت کردووە.[٢٤] وڵاتانی ژوور سەدا ٥٠ کە لەسەر هێڵە ستوونیە نوێندراون داهاتی سەروو مامناوەندیان هەیە، و هەرچی کەوتۆتە خوار ئەم ژمارەیە داهاتیان لە وەنەوزدایە.




*هێڵکاری ٣.١: داهاتی دەوڵەتە نەوتیە تازە پەیدابووەکان (١٨٥٧-٢٠١٥)*

خاڵەکان ئاماژەن بۆ داهاتی تاکەکەس لە گشت دەوڵەتە نەوتییەکان، بەپێی ئەو ساڵەی هەر یەکێکیان بۆ یەکەم جار نەوت یا گازی لە خاک دەرکێشکردووە، و بە ڕێژەی تێکڕای سەدی و بە بەراوردکاریەوە نوێندراون. بازنە بەتاڵەکانیش ئاماژەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە پێشبینی دەکرێت لە نێوان ٢٠١٠ و ٢٠١٥ دەست بە بەرهەمهێنان بکەن. ژمارەکانی ئەم خشتەیەم بە سوودوەرگرتن لە کۆکراوەی داتای کتێبی هەردوو زانا هابێر و مێرنالدۆ (٢٠٠٩)، و هەروەها کتێبەکەی مادیسۆن (٢٠٠٩)، هەژمارکردووە.

لە کۆی ئەم ١٠٣ وڵاتە، ٤١ وڵات لە دەمی داڵەنگانی داهاتەکانیان دەستیان بە بەرهەمهێنانی نەوت کردووە، ٥٨ی تر لە دەمی زۆر و زەبەنی داهاتەکانیان بەخۆکەوتوون، و ٤٠ دانەشیان بە داهاتی مامناوەندیەوە دەستیانداوەتە

بەرهەمهێنانی نەوت. ئەم بەرسڤەش دووبارە پێمان دەڵێت نەوت و گاز پتر لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت، واتە ئەو وڵاتانەی زیاتر مەیلی دیموکراسی و ئاشتیان هەیە. ئەم هاوکێشەیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە پێچەوانەبۆوە، کاتێک وڵاتە هەژارەکان لە دەستکردن بە بەرهەمهێنان پێش هاوتا دەوڵەمەندەکانیان کەوتنەوە. لە هێڵکاری ٣،١دا، ئەو وڵاتانە بە بازنەی بەتاڵ دەستنیشانکراون کە چاوەڕوانیان لێدەکرێت لە نێوان ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١٥ دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت بکەن.

*خشتەی ١.١: دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز (تا ٢٠٠٩)*

ئەم ژمارانەی خوارەوە داهاتی خەمڵێندراوەی نەوت و گازی چەند وڵاتێک پشاندەدەن بۆ هەر تاکێک تا ساڵی ٢٠٠٩.

| **وڵات** | **داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک** |
|---|---|
| ***ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا*** | |
| *قەتەر | ٢٤٩٤٠ |
| *کوێت | ١٩٥٠٠ |
| *ئیمارات | ١٤١٠٠ |
| *عومان | ٧٩٥٠ |
| *سعودیە | ٧٨٠٠ |
| *لیبیا | ٦٤٢٠ |
| *بەحرەین | ٣٧٢٠ |

*جەزائیر...................... ١٩٣٠

*ئێراق....................... ١٧٨٠

*ئێران.......................   ١٦٠٠

*سوریا....................... ٤٥٠

یەمەن......................... ٢٧٠

مسڕ........................... ٢٦٠

تونس......................... ٢٥٠

***<u>ئەمریکای لاتین و وڵاتانی کاریبی</u>***

*ترینداد .............. ٦٢٥٠

*ڤەنزوێلا .............. ٢١٣٠

*ئیکوادۆر .................... ٨٢٠

سێرنەیم ......................... ٦٨٠

*مەکسیک ................ ٦١٠

*ئەرجەنتین ............... ٥٣٠

کۆلۆمبیا .................. ٤٣٠

بۆلیڤیا .................. ٢٧٠

بەڕازیل .................... ٢٤٠

کوبا ...................... ١١٠

***بیابانی ئەفریقا***

گینیای کەمەرەیی ................... ١٢٣١٠

*گابۆن ......................... ٣٨٩٠

*ئەنگۆلا ....................... ٢٤٠٠

*کۆماری کۆنگۆ ................... ١٩٤٠

*نەیجیریا ................. ٣٧٠

سودان....................... ٢٦٠

چاد ........................ ٢٣٠

کامیرۆن ........................ ١٠٠

***ئەمریکای باکوور، ئەوروپا، ئوستورالیا، و نیوزلەندا***

*نەرویژ ............................... ٣٨١٠

*کەنەدا ................................ ٢٥٣٠

دانیمارک ...............................١٢٧٠

*ئوسترالیا ........................... ٧٩٠

*ویلایەتە یەکگرتووەکان ................... ٧٣٠

*هۆڵەندا .......................... ٦٧٠

نیوزلەندا ................................ ٤٣٠

*ڕۆمانیا................................ ١٧٠

*بەریتانیا .................................. ١٥٠

کرواتیا ...................................١٤٠

ئۆکرانیا ................................. ١١٠

*باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا*

*برونەی ............................... ١١٥٩٠

تیمۆری ڕۆژهەڵات ......................... ١٩١٠

*مالیزیا .................................. ٨٦٠

ئەندەنووسیا ...........................................١٤٠

تایلاند ..........................................١٥٠

پاپوا نیو گینیا ...................................... ١٢٠

*یەکێتی سۆڤیەتی جاران*

*تورکمانستان ..........................................١٨١٠

*ڕووسیا ....................................... ٢٠٨٠

*کازاخستان .............................٢٣٧٠

*ئازەربایجان ........................ ٢٩٥٠

*ئۆزباکسان ............................ ٣٤٠

ئۆکرانیا .................................١١٠

*ئەو وڵاتانەی ئەم ئەستێرەیان لەسەرە چاوەڕوانیان لێدەکرێت تا ئایندەیەکی دوور خاکیان لە نەوت وشک نەبێت. بە واتایەکی تر، مەبەست لەو وڵاتانەیە، کە لە ساڵی ١٩٦٠ەوە یانیش لە دوای سەربەخۆبوونیان، بە لایەنی کەمەوە بە درێژایی دوو لەسەر سێی ئەم پەنجا ساڵە ١٠٠ دۆلاریان بۆ هەر تاکێک لە نەوت بەرهەمهێناوە (لە کۆی ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر). ژمارەکانم بە گوێرەی کۆکراوەی زانیاری بریتیش پێترۆڵیۆم (٢٠١٠) و(سەرژمێری جیۆلۆجی ئەمریکی) و(بانکی جیهانی)، لەم خشتەیەدا لێکداوەتەوە.

بیروڕای پێچەوانەش هەیە. هەندێک لە چاودێران دەڵێن ڕەنگە سەرکردە دەسەڵاتخوازەکان و ئەو سەردارانەی لەناو گەرمەی شەڕی ناوەخۆدان چاو لەڕێی دەرامەتی زیاترین تا پێگەی خۆیان بچەسپێنن، بە بەراورد بە هاوتا دیموکرات و ئاشتیخوازەکانیان، سەرئەنجام نەوتی زیاتر بەرهەمدێنن.[٢٥] بەڵام لەم ڕووەوە، سعودیەی لێدەرچێت بە دەگمەن وڵاتێک دەبینیەوە سەرکردەکانی بە کەیفی خۆیان دەستکاری ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بکەن، چونکە ڕێژەی بەرهەمهێنان بە چەند کارتێکەرێکەوە بەندە: یەکەم، هەلومەرجی جیۆلۆجی، کە توانای وڵاتان لە دەرهێنانی نەوت سنووردار دەکات؛ و دووەم، نرخی نەوت، کە پێماندەڵێت نەوت لە بازاڕەکان چەند پارە دەکات و وڵاتێک چەندی لێ قازانج دەکات. وای دانێ سەرکردە دەسەڵاتخوازەکان بارتەقەیان بەسەر ئەم دوو کارتێکەرەش

دەشکێت، بەڵام خۆ سەرکردە دیموکراتییەکانیش لە پێشبڕکێی سیاسی جەربەزەن و دەیانەوێت دڵی دەنگدەر ببەنەوە، کەواتە ئەوانیش بەقەد هاوتا دیکتاتۆرەکانیان پێویستیان بە دەرامەتی نەوتە.[٢٦]

بارگۆڕی *داهاتی نەوت* تەنێکی نامۆ نیە بەسەر لێکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتان، بەڵام لە وڵاتە دیموکرات و ئاشتیخواز و سەقامگیرەکان ئەم بارگۆڕە ئەوەندە بەهێز نیە چارەنووسی ئەم گەلانە بەرەو لێرەواڕی نەفرەتی نەوت بەرێت.

**ڕوونی و تۆکمەیی لە شیکارکردن**

من بە ئاسانترین و ڕوونترین ڕێگا شیکاری داتاکانم کردووە و لە چەند جۆرێک لە هێڵکاری نواندوومن.[٢٧] هەر بۆم لوابێت، خشتە و هێڵکاریم خستۆتە بەر دیدی خوێنەر تا بەرچاوڕوونی تەواوی لەسەر دەرئەنجامە شیکاریەکان هەبێت، و تا کرابێت خۆم لە چەمکی ئاڵۆز و بوڵێڵ بەدوورگرتووە. هەموو ئەو داتایانەی بەکارهاتوون، لە وێبسایەتەکەی خۆم بەردەستن تا خوێنەر هەڵیانسەنگێنێت: http://www.sscnet.ucla.edu/polisci/faculty/ross/. من لەم کتێبەوە بانگەوازی دەکەم تا حکومەتەکان لە مشتوماڵکردن و خەرجکردنی دەرامەتی نەوت شەفافبن، با بانگەوازەکەم بگات بە بگوێی زانا کۆمەڵایەتییەکانیش تا بە ئاشکراکردنی میتۆدە زانستەکانیان-وەک خۆم- کرمی گومان لە دڵی خوێنەری تینوو بۆ زانست بکوژن.

لە پاشەبەندی بەشەکانی سێ و چوار و پێنجدا، میتۆدی شیکاری هەڵگەڕانەوەم (regression analysis) بەکارهێناوە تا بە خوێنەر بڵێم ئەو بەرسڤانەی لەم کتێبەدا چاویان پێدادەخشێنیت دەکرێ بە ڕێگای تریش دەرببڕدرێن. ئەم ڕێیانە لە پاشبەندەکان بە شێوەیەکی زانستی ڕوون شەنوکەو کراون. لە هەنگاوە شیکاریەکانم هەردەم هۆشداریەکەی (کریستۆفەر ئاکن)م لە یادە: " ئەگەر لە

لێکۆڵینەوەیەکدا سێ بارگۆڕی سەربەخۆ زیاتر هەبوون، ئەوا توێژەر لە شیکارکردنی داتاکان دووچاری هەڵە دێت، و شیمانەکانیشی هیچ بایەخیان نامێنێت، با خۆشی پێیان هەڵکێشێت". [٢٨]

ئەگەر داتاکانیان تێروتەسەل نەبن و میتۆدی هەرەمەکی لە شیکارکردنی بۆشاییەکان بەکارنەهێندرێت، دەکرێ زانیاریەکان دووچاری هەڵە ببنەوە، بۆیە من هەموو هەوڵێک دەخەمەگەڕ تا سوود لە هەر قیچە زانیاریەکی بەردەست وەربگرم بۆ شرۆڤەکردن. هەڵبەتە زانیاری ورد و درشت لەسەر تەواوی وڵاتان چنگ ناکەوێت، و دەتوانین بڵێین داتای ئابووری بەر لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ وڵاتانی هەژار و داهات مامناوەند هەر قاتە، بۆیە من بەپێی داتای بەردەست هەر بۆشاییەک بە خەمڵاندن پڕدەکەمەوە.

بۆ ساغکردنەوە، بە هەموو دەرئەنجامە سەرەکیەکانم دادەچمەوە تا بزانم مەودای پەیوەندی نێوان بارگۆڕەکان هەموو وڵات و بابەتێکی تەی کردووە، لەسەر داتای گونجاو ڕۆنراون، بارگۆڕە دژیەکەکانیان لە شیکارکردن لاداوە، یانیش لەڕووی میتۆدەوە تۆکمەن یان نا. هەڵبەتە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریقای باکوور هەڵاوێردەن، چونکە زۆربەی نەوتی دنیا لە وڵاتانی ئەم دوو هەرێمە قەتیس بووە، بۆیە من لێرە و لەوێ- ئەگەر سەرنج لەسەر هەرێمی تر بوو- ئەم وڵاتانە لە شرۆڤەکردن لادەدەم، و بۆ ئەوەی لابردنیان کار لە دەرئەنجامی میتۆدە هەرەمەکیەکە نەکات، بارگۆڕێکی ساختەیان بۆ دادەنێم تا هاوسەنگی دروستبێتەوە. خاترجەمبن زۆربەی دەرئەنجامەکانم لەم تێهەڵچوونەوانە بە پاکی دەردەچن، بەڵام هەندێکیشیان بە درۆدەخرێنەوە و فڕێدەدرێن.

زانا سیاسییەکان زۆرجار پشت بە بارگۆڕی شوێنکەوتە دەبەستن تا کاریگەریەکانی بارگۆڕی ڕوونکەرەوە لێکدەنەوە، دەرئەنجامی لێکدانەوەکانیان

تەنیا ئەو کاتە شوێن دەگرێت کە مۆدێلەکە تەواو بێ خەوش بێت و بارگۆڕەکان بە پێوانەی تەواو دروست پێورابن، بەڵام هیچ کام لەم پێشمەرجانە لەبەر ئەستەمی دەستخستنیان لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم سەردەمە بەدی ناکرێن. هەروەها، دەرئەنجامەکان لەسەر چەند شیمانەیەک بنیاتنراون کە ڕەنگە لە ژێر چەند هەلومەرجێکدا بگۆڕدرێن. دەبێ دانیشی پێدابنێم، چونکە دەرهاویشتەکانی *داهاتی نەوت* لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا کەمتر بەلای نەرێنیدا دەشکێنەوە – کە دەکرێت ڕاستنەبێت بەڵام ئابووریناسان وەهایان چەسپاندووە و منیش ناچارم شوێن پێی ئەوان هەڵگرمەوە – ڕەنگە خەملاندنەکانم دەربارەی دەرهاوێشتەی دروستی نەوت دووچاری کورتبڕی بێن.

هەرچۆنێک بێت، من ڕێیەکی تر دەگرمەبەر. من پێم گونجاوە دەوڵەتە-نەوتییەکان و ئەوانی تر لە نوختەنیگای هەر بارگۆڕێک لێکجیابکەینەوە، تا ئاشکرابێت کاریگەری داهاتی نەوت لەسەر ئەمیان بۆ جیاوازترە لەوەی تریان، بەمەش خوێنەر ڕوانینێکی دەوڵەمەندتری دەبێت سەبارەت بە لێکەوتەکانی بڕێکی زۆر لە نەوت، و ناکەوێتە داوی بیروباوەڕی هەڵەوە.

### تێگەیشتن لە پرۆسە هۆیەکیەکە

بە درێژایی بەندەکانی ٣، ٤، ٥، و ٦، بەرسڤەکانم تەسکتر و سادە تر دەبنەوە چونکە دەچمە نێو باسی لکاندنی نەوت بە دەرهاوێشتەکانی. لە بەندی سێ دا مۆدێلەکەم لە دوو نوختەنیگاوە شرۆڤە بۆ کاریگەری دەرامەتی نەوت دەکات بەسەر توانستی سەرکردەیەک لە مانەوەی لە دەسەڵاتدا: نوختەنیگای هاوڵاتیانێک کە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان و گوزەرانیان بە پەرۆشن، و نوختەنیگای سەرۆکێک کە ئارەزووی هەستانی نیە لەسەر کورسیەکەی. لە بەندی چوار دا، بەراورد لە نێوان هاوڵاتی نێر و هاوڵاتی مێ لە ڕووی هێزی کارەوە دەکەم، و پاساو بۆ ئەم

بەرسڤەم دێنمەوە کە دەڵێت بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت پێگەی ژنان لە هێزی کاردا لاواز دەکات، و لە ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکاندا کەنارگیریان دەکات. بەندی پێنج دانیشتووانی وڵاتان بۆ دوو بەشی جوگرافی دابەش دەکات، کە یەکیان لە هەرێمێک هەڵتۆقیوە نەوتی تێدا بەرهەمدێت، و بەشەکەی تریشیان هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە نەوتییان نیە. لەم بۆتەیەوە، چۆنیەتی هەڵئایسانی بزاوتێکی یاخیبوون بەهۆی سامانی نەوت لە بەشی یەکەم شرۆڤە دەکەم. مۆدێلی بەکارهاتوو لە بەندی شەشەم ڕەنگە وەک دەمەلاسکەی زانای تر بەدیارکەوێت، چونکە باسی مشتومالکردنی دەرامەتی نەوت دەکات، و ڕێدۆزیش بۆ حکومەتان دەکات تا لەگەڵ داتەپینی نرخی نەوت چۆکدانەدەن. هەڵبەتە ئەم ڕێیە پێشتر زۆر کوتراوەتەوە.

لە شەنوکەوکردنی ئەم میکانیزمە هۆیەکیانە کە لە جوغزی ئەزموونگەرایی دان، بەرزترین و دەوڵەمەندترین شیکاری ئاماریم بەکارهێناوە، بەڵام گرفتەکە لەگەڵ بەکارهێنانی داتای دروست و بەپێز دەستپێدەکات، چونکە زانیاری ورد و درشت لەسەر هەموو وڵاتێک بەردەست نیە.[٢٩] بۆیە من لە هەندێک حاڵەت کە داتای تەواو چنگ ناکەوێت بۆ ئەوەی بەرسڤێکی گشتگیری نێودەوڵەتی دابڕێژم، دەترنجێمە نێو وردەباسی یەکە بە یەکەی وڵاتان تا هەم دەرهاوێشتەکانی داهاتی نەوت لەسەر ئاستی وڵات و هەمیش لەسەر ئاستی دنیا باشتر ڕوونبێتەوە، و میتۆدە هۆیەکیەکەش لە پەل و پۆ نەکەوێت. ئەم پێوەدانگە زۆربەی وڵاتان دەگرێتەوە، لەوانەش کۆلۆمبیا، کۆماری کۆنگۆی دیموکرات، گینیای کەمەرەیی، ئەندەنووسیا، نەیجیریا، کۆریای باشوور، یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیا، و ویلایەتی لویسانا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

کە باسی پەیوەندی نەوت و ژنان لە بەندی پێنجەم دێتە گۆڕی، هێندەی تر لە شرۆڤەکاریەکانم ڕشد دەبم تا ئەو ڕادەیەی بەراوردکاریەکانم بۆ ئاستی سێ وڵات-

جەزائیر، مەغریب، و تونس- تەسک دەکەمەوە. جەزائیر لە هەردوو وڵاتەکەی تر پتر نەوت بەرهەمدەهێنێت، بۆیە دەبینین هێزی کاری مێینەی بە بەراورد بە مەغریب و تونس زۆر کز و لاوازە.

بێگومان هەردوو شیکارە چەندی و چۆنایەتیەکانی ئەم کتێبە لە هەندێک حاڵ و باردا لەگۆ دەکەون، بۆیە هیوادارم بە ڕوونکردنەوەی هەنگاوە زانستیەکان زەمینەیەکم بۆ خوێنەر سازکردبێت تا خۆی لەم حاڵەتانە بەڵگەکان هەڵبسەنگێنێت و بۆشاییەکان پڕبکاتەوە.

**بەندی ٢: گیروگرفتی دەرامەتی نەوت**

"هاوڵاتییان، بەو پێگەیەی لە کۆمەڵگە داگیریدەکەن، بەو ئاستە کەلتووری و فکریەی پێیدەگەن، و بەو ڕەفتارانەشی لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت دەیانوێنن، پاکی بە پاشخانە داراییەکەیانی دەوڵەتەوە بەندە. هەر کەسێک بە وردی لە ڕەهەندەکانی گیانی مرۆڤ بڕوانێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سیاسی، تێدەگات کە لە ڕەوتی مێژوودا هاوڵاتییان بەردەوام هەڵپەیان بووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سیستەمی دارایی دەوڵەت. خۆ ئەگەر لەگەڵیشی نەگونجابن، ئەوا هەوڵی سڕینەوەیان داوە."

— جۆزێف شەمپیتەر، "قەیرانی دەوڵەتی پشتبەستوو بە باج".

چۆن تەندروستی هاوڵاتییان لەسەر ئەو خواردنانە وەستاوە کە لەشیان هەرسی دەکات، ئەوهاش لەشساغی حکومەتەکان بە جۆریی و چەندی ئەو دەرامەتانە بەندە کە کۆیدەکەنەوە. دامودەزگای حکومی لەوە ڕاهاتووە کە دەرامەت لە سەرچاوەی جیاواز کۆکاتەوە و مشتومالّیان بکات چونکە سەرچاوە و بڕ و نرخیان دیارە، بەڵام کاتێک بیرە نەوتێک دەدۆزرێتەوە، دەرامەتی هەڵوەریو لە کانزاکە گەدەی حکومەت بە ڕادەی تەقین پڕدەکات و دامودەزگاکانی بەخۆیەوە سەغڵەت دەکات.

دەرامەتی نەوت بە قەبارەی گەورە، سەرچاوەی نامۆ، ناسەقامگیری لەڕادەبەدەر، و شاراوەیی، جیادەکرێتەوە. ئەم چوار ڕەوشە ڕەنگدانەوی پێویستیە مێژوویەکەی پیشەسازی سووتەمەنی و ئەو گۆڕانکاریە ڕیشەییانەیە کە لە شەست و حەفتاکان دەوڵەتە نەوتییەکانی لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی مێژوودا لادا.

**ڕێژە و سەرچاوەی دەرامەتی نەوت**

پیشەسازی نەوت داهاتێکی ئێجگار زۆرتر دەخاتەوە بە بەراورد بە پیشەسازییەکانی تر، و چونکە لە زۆربەی دەوڵەتە نەوتییەکانی جیهانی تازە گەشەسەندوو ئەم داهاتە لەلایەن دەوڵەتەوە قۆرخ دەکرێت، زەبری حکومەت لەو وڵاتانە جومگەی تەواوی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێ.

با سەیرێکی نەیجیریا بکەین، کە لە دوای کۆتایهێنان بە شەڕی (بیافارا) لە کۆتایی شەستەکان بوو بە قەبە بەرهەمهێنەرێکی نەوت (سەیری هێلکاری ١.٢ بکە). لە نێوان ١٩٦٩ و ١٩٧٧، قەبارەی ئەو نەوتەی وڵاتەکە بەرهەمیدەهێنا لەسەدا ٣٨٠ بەرزبۆوە، هاودەم نرخی نەوت چوارقات زیادیکرد. دەرامەتی گشتی حکومەتی نەیجیریا – لە نەوت و سەرچاوەکانی تر – لە دوای بەدیکردنی هەڵئاوسانی ئابووری، لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا لە ٩.٤ ملیار بۆ ٢١.٥ ملیار دۆلار بەرزبۆوە. لە هەمان کاتدا، خەرجی حکومی لەسەر شانی ئابووری نەیجیریا لەسەدا ١٠ بۆ ٢٥ زیادیکرد. بە تەنیا هەڵکشانی حکومەتی نەجیریای لێنەکەوتەوە، بەڵکو حکومەتەکە لە ئابووریەکەی خێراتر گەشەی دەکرد و دەترنجا نێو کایە کۆمەڵایەتییەکان.[١]




*هێڵکاری ١.٢: قەبارەی حکومەتی نەیجیری (١٩٥٠-١٩٨٤).*

داتاکانی دەرامەتی حکومەت بە دۆلار-م لە (بێڤین) و (کۆلێر) و (گەنینگ)، دەرهێناوە؛ داتاکانی دەرامەتی حکومەت وەک بەشێک لە GDPیشم لە (هێستۆن) و (سەمەرس) و (ئاتێن) وەرگرتووە.

لە ساڵی ٢٠٠٠، ئازەربایجان و گینیای کەمەرەیی لە بازاڕی نەوتدا ڕۆڵی کاریگەریان لە هەناردەکردن پەیداکرد؛ ئەم وەچەرخانەش هاوکات بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان. لە نێوان ٢٠٠١ و ٢٠٠٩ دا، بەهای خەرجیەکانی حکومەتی ئازەری بە ڕێژەی لەسەدا ٦٠٠ و حکومەتی گینیای کەمەرەیی بە سەدا ٨٠٠ گرمەی کرد، و هەردووکیان دووچاری هەڵئاوسانی ئابووری بوون.[٢]

چونکە حکومەتەکان زۆرجار بڕی ڕاستی داهاتی فرۆشی نەوت دەشێرنەوە ، بۆیە زەحمەتە بە وردی ڕادەی داپلۆسینی حکومەت لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت پێوانە بکرێت. بەڵام تەنانەت داتای خراپ - کە بە دڵنیاییەوە گوزارشت لە

قەبەیی حکومەتە دەوڵەمەند بە نەوتەکان ناکات- دەرئەنجامی باش دەدەن بە دەستەوە. هێڵکاری ٢.٢ داهاتی نەوتی ١٣٤ وڵات پیشاندەدات (لەسەر هێڵە ئاسۆییەکە) لەگەڵ قەبارەی مەزەندەکراوی حکومەتەکانیان وەک بەشێک لە توانستە ئابوورییەکانیان. وەک هێڵە لارە بەرزەوەبووەکە دەریدەخات، تا وڵاتەکە نەوتی زیاتر بەرهەمبهێنێ، قەبارەی حکومەتەکەی کەتترە.




*هێڵکاری ٢.٢: نەوت و قەبارەی حکومەت.*

هێڵە ستوونیەکە قەبارەی دەرامەتی حکومەتەکان پشاندەدات وەک بەشێک لە GDP وڵاتەکانیان.

داتاکانی دەرامەتی حکومەت لە ڕاپۆرتەکانی بەشی چوارەمی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) وەرگیراون، و گوزارشت لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٧ دەکەن؛ داتاکانی داهاتی نەوتیش تایبەتن بەم دە ساڵە.

نەوت چ جیاوازیەک دروست دەکات؟ یەکێک لە ڕێگاکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بەراوردێک بکەین لە نێوان داهاتی بەدەر لە نەوتی حکومەتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و هاوتاکانیان (بڕوانە هێڵکاری ٢.٣). لە ڕیزی ئەو نموونانە، ئەو حکومەتانەی داهاتیان لە نەوت دەستەبەردەکەن لەسەدا ١٦ (ئازەربایجان و ئەرمینیا) بۆ لەسەدا ٢٥٠ (جەزائیر و تونس) گەورەترن، بە بەراورد بە دراوسێیە بێ نەوتەکانیان.

ڕێیەکی تریش هەیە بۆ وەڵامدانەوە، ئەویش بە بەراوردکردنی ئەو حکومەتانەی داهاتێکی پڕبایەخ دەستەبەردەکەن لە نەوت ( کە من بە ١٠٠ دۆلار بۆ هەر تاکێک لە ساڵی دیاریکراودا دەیخەملێنم لە چوارچێوەی ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر) لەگەل ئەوانەی داهاتیان کەمترە، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی ئاماری بەخشتەکردنی یەکتربڕینی سادە (simple cross-tabulations) (سەیری هێڵکاری ١.٢ بکە). دووبارە، دەبینی دەوڵەتە نەوتییەکان حکومەتی گەورەتریان هەیە- بە تێکڕا، لەسەدا ٤٥ لەوانی تر گەورەترن.[٣]




*هێڵکاری ٣.٢: قەبارەی حکومەت لە کۆمەڵێک دەوڵەتی نەوتی و نا- نەوتی.*

توڵەکان قەبارەی حکومەتی وڵاتەکان پشاندەدەن بە گوێرەی ئابوورییەکانیان. تووڵە ڕەشەکان دەوڵەتی نەوتین. داتاکانی پەیوەست بە دەرامەتی حکومەتەکان لە بەشی چوارەمی ڕاپۆرتەکانی IMF وەرگیراون، و گوزارشت لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٧ دەکەن (نوێترین داتای بەردەستن).

بە لەبەرچاوگرتنی بڕی زۆری ئەم دەرامەتانە، دەبینین کە سامانی نەوتی کاریگەریەکی بە هێزی هەیە لەسەر سەرچاوەی بژێوی حکومەت. حکومەتان لەسەر باج دەژین. بەڵام کە سامانی نەوت نەش و نمای کرد لە وڵاتێک، حکومەتەکەی پەیتا پەتا پشت لە باج دەکات و بە شیرینی "دەرامەتی بێ باج" ڕادێ. خشتەی ٢،٢ تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان پیشەسازی نەوتی وڵاتێک و پشتبەستنی حکومەتەکەی بە باج کۆکردنەوە. لە هەردوو وڵاتی داهات زۆر و داهات کەم، و لە وڵاتە دیموکراتی و دیکتاتۆریەکاندا، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت نزیکەی لەسەدا ٣٠ کەمتر پشتدەبەستن بە باج کۆکردنەوە لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بە بەراورد بە وڵاتە بێ نەوتەکان.

*خشتەی ۱.۲: قەبارەی حکومەت (۲۰۰۳)*

ئەم ژمارانەی خوارەوە دەرامەتی حکومەتەکان پشاندەدەن وەک بەشێک لە GDP وڵاتەکانیان.

| وڵات | وڵاتانی بەکاربەر | ولاتانی بەرهەمهێنەر | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| داهات نزم (خوار ۵۰۰۰ دۆلار) | ۲۱.۲ | ۲۷.۷ | ٦،٥** |
| داهات بەرز (سەروو ۵۰۰۰ دۆلار) | ۳۲.۸ | ٤٤.٦ | ۱۱.۸* |
| تەواوی وڵاتان | ۲۳.۵ | ۳۳.۲ | ۹.٦** |

*لە ٥% وردبینی ئاماری* بەدەستدەهێنێت.

**لە ١% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

داتاکانم لە بەشی چوارەمی راپۆرتی IMF تایبەت بە ساڵی ۲۰۰۳ وەرگرتووە و لێکدانەوەم بۆ کردوون و لە خشتەکەم داناون. سەبارەت بەو وڵاتانەی کە لەم ساڵەدا داتایان نیە، داتای نزیکترین ساڵم بەکارهێناوە کە بەردەست بێت لە IMF.

* Statistical significance

*خشتەی ٢.٢: باج لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکان (٢٠٠٢)*

| وڵات | وڵاتانی بەکاربەر | ولاتانی بەرهەمهێنەر | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| داهات نزم (خوار ٥٠٠٠ دۆلار) | ٣٢.٨ | ٢٤،٩ | - ٧،٩*** |
| داهات بەرز (سەروو ٥٠٠٠ دۆلار) | ٢٩.٦ | ٢٤،١ | - ٥.٥** |
| تەواوی وڵاتان | ٣١.٦ | ٢٤،٥ | - ٧،١**** |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت (تەنها لە one tailed t-test).

** لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

داتاکان لە (بانکی جیهانی) وەرگیراون.

لەوانەیە ئاسایی دەربکەوێت کە وڵاتێک دەرامەتی زەبەلاحی نەوتی هەبێت باکی بەسەر باج کۆکردنەوەوە نەبێت، بەڵام ئەم وتەیە گوزارشت لە بایەخی کاریگەری دەرامەتی نەوت ناکات. پیشەسازی نەوت پارەیەکی زیاتر بەرهەمدێنێت لە پیشەسازییەکانی تر، و کاتێک حکومەتەکان پارەی زیاتر لە نەوت دەستدەخەن، ئیدی خۆ بە باج کۆکردنەوەوە سەغڵەت ناکەن. لە ئەنجامدا، دەبینین کە حکومەتانی دەوڵەتە نەوتییەکان بێ ئەندازە بە نەوتەوە بەندن، و کۆکردنەوەی باجیان فەرامۆشکردووە.[٤]

ئەگەر حکومەتەکان دەرامەتی خۆیان لە چەند پیشەسازیەک کۆبکەنەوە، ئەوا ئابووری ئەو حکومەتانە ڕەنگی گشت ئەو پیشەسازیانەی لێدەردەکەوێت. بۆ نموونە، ئەگەر چارەگێکی داهاتی نەتەوەیی لە نەوتەوە سەرچاوەی بگرێت، ئەوا دەبێت ئەم داهاتە لەسەر چارەگێکی دەرامەتی حکومەت (جا لە نەوتەوە هاتبیت یان هەر شتێکی تر) ڕۆنرابێت. بەڵام ئەم قسەیە هەرگیز ڕاستنەبووە بۆ ٣١ لە دەوڵەمەندترین وڵاتان بە هایدرۆکاربۆن، وەک هێڵکاری ٤.٢ پیشاندیدەدات. سێکتەری نەوت تەنها لەسەدا ١٩ی ئابووری ئەو وڵاتانە پێکدێنێت، بەڵام لەسەدا ٥٤ی بودجەکانیان پڕ دەکاتەوە.

نابێت سەرمان لە پەیوەندی نێوان دەرامەتی زۆری نەوت و باجی کەم بسوڕمێت. حکومەتەکان لە ڕووی بیوکراسیەوە ئاسانتر و لە ڕووی سیاسیشەوە بەسوودتری دەبینن کە دەرامەت لە بواری نەوت هەڵبوەرێنن نەک لە باج کۆکردنەوە. تەنانەت ئەم ڕێیە لە کولانەی پرەنسیپە ئابوورییەکانیشەوە ڕێی تێدەچێت. کاتێک خەزێنە پڕ دەبێت لە دەرامەتی نەوت، حکومەت دەتوانێت ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ بدات بە خەڵکی و باری باجیشیان لەسەر سووک بکات. هەرچۆنێک بێت، هەر وەک لە بەشەکانی داهاتوودا دەیبینین، پشتبەستنی حکومەت بە دەرامەتی نەوت چەندین لێکەوتەی درێژخایەنی سیاسی و ئابووری لەسەر وڵاتەکان هەیە.




*هێڵکاری ٢.٤: نەوت لە ئابووری و حکومەت (٢٠٠٧).*

تووڵە ڕەشەکان گوزارشت لە سەنگی نەوت دەکەن لە ئابووری وڵاتەکان، و تووڵە سپییەکان ئاماژەن بۆ دەرامەتی نەوت وەک بەشێک لە دەرامەتەکانی تەواوی حکومەت. داتاکان لە (بۆمهۆرست) و (گومپتا) و (تۆرنتۆن) وەرگیراون- چاپی ٢٠٠٩.

قەبارە و سەرچاوە ڕیزپەڕیەکەی دەرامەتی نەوت لە هەمان تایبەتمەندیە سەیروسەمەرەکانی دنیای سووتەمەنی سەرچاوەی گرتووە: خاوەنداری دەرامەتی نەوت لەلایەن حکومەتەوە؛ قازانجە زەبەلاحەکانی پیشەسازی نەوت، کە لە حەفتایەکانەوە بۆ خەزێنەی حکومەتان کەناردەگرن؛ و کاریگەریە ڕێژەییە چکۆڵانە *ڕاستەوخۆکەی* پیشەسازیەکە لەسەر بەشەکانی تری ئابووری.

**خاوەنداری حکومەت**

له زۆربەی زۆری وڵاتان بیرەکانی نەوت لە ژێر چنگی حکومەتە. خاوەنداری حکومەت کاریگەری لەسەر قەبارە و سەرچاوەی دەرامەتی نەوت هەیە. خاوەنداری پاساوێکی باشتر بە حکومەتەکان دەدات بۆ خۆساغردنەوە بەسەر داهاتی پیشەسازیەکە، و کۆکردنەوی ڕاستەوخۆی دەرامەتەکان بێ ئەوەی باج بخەنە سەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.[٥]

هەر لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمەوە حکومەتان بەخۆیان ڕەوا بینیەوە کە دەست بەسەر سامانە کانزاییەکانەوە بگرن، ئەو کاتە دەیانگوت دەوڵەت مافی خاوەنداری کانگا و کانزاکانی هەیە چونکە بە داگیرکردنی سەربازی دەستەبەر دەبن. کەلتووری خاوەنداری حکومی تایبەت بە ڕۆمانەکان لە دەستپێکی ئەوروپای مۆدێرندا ڕەگی داکوتی، ئەویش زیاتر لە ڕێگەی زنجیرەیەک لە فەرمانی شاهانە بەرجەستەبوو: لەوانەش لە هەرێمی ئەڵمانی لە لایەن پاشای پیرۆزی ڕۆمانی (فرێدرێکی یەکەم)؛ لە بەریتانیا پاشا (ریچاردی یەکەم) و پاشا (جۆن) لە کۆتاییەکانی سەدەی دوازدە و سەرەتاکانی سەدەی سێزدەم، و یاسای ١٦٨٩ی پەرلەمان؛ لە ئیسپانیا، لە ڕێگەی بڕیاری ١٣٨٣ی پاشا (ئەلفۆنسۆی یازدەم)؛ و لە فەڕەنساش لە ڕێی ئەو نەریتە درێژدادڕانەی کە تێکهەڵکێشی (یاسایی ناپۆلیۆنی) کرابوون لە ساڵی ١٨١٠.

ئەم کەلەپوورە ئێستاش لە وشەی "ڕۆیالتی" ڕەنگدەداتەوە، کە بە پێی فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد بە واتای "ماف یا ئیمتیازەکانی" پاشا دێت، یانیش "پارەی وەرگیراو لە خاوەنکارێک کە کانزا، نەوت، یا گاز بەرهەمبهێنێت".

کاتێک سەردەمی نەوت لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەریهەڵدا، خاوەنداری حکومەت بەسەر کانزاکانی ژێر ئەرز لە ئەوروپا گەیشتە چڵەپۆپە. ئەو کات خێزانی شاهانەی بەریتانی هەژمونی خاوەنداری خۆی بەسەر یەدەگی زێڕ و

زیودا سەپاند، و پشتەئەستوور بە یاسای نەوت-ی ساڵی ١٩١٨، دەستی بەسەر گشت سامانی نەوتی وڵاتەکەشدا گرت. لە ئەورووپاوە بنەماکانی سەروەری دەوڵەت بەسەر کەرەستەی خاوەوە، لە ڕێی ڕێسا و ڕێکاری کۆڵۆنیاڵی ئەو کیشەوەرەوە، بۆ نێو فەرهەنگی یاسایی وڵاتانی ترەوە چەکەرەی کرد.[٦]

لەمڕۆدا، تاکە وڵاتێک کە ڕێ بە بەتایبەتکردنی* بەرفراوان بدات لە کەرتی نەوت، ویلایەتە یاکگرتووەکانە.† ئەوکاتەی کرێکارانی کانگاکان لە سەروبەندی (شاڵاوی زێرەکە)ی کالیفۆرنیا قەتاریان بۆ ویلایەتەکە بەستبوو، ئەمریکا هیچ یاسایەکی کارپێکراوی تایبەت بە کانگاکان نەبوو. بۆ ئەوەی مافی خۆیان بپارێزن، کرێکارەکان دەبووایە خۆیان یاسا دابڕێژن. پەیتا پەیتا یاسا خۆجێی و فیدراڵییەکان دانیان بەو ڕێسا و یاسایانە دانا کە حکومەتە خۆجێیەکان دەریان دەکردن، و مافی هەرکەسێکیان پاراست کە بیەوێت کانگایەک نوێبکاتەوە و ناونیشانی تایبەتی خاوەندariyان بە نرخێکی ماقووڵ پێ فرۆشتن.[٧] ئەم تێکوەپێچانە زەمینەی بۆ سیستەمێکی بێوێنە خۆشکرد بۆ خاوەنداری تایبەتی، کە لەسەر ئاستی وڵاتە سەرەکیە بەرهەمێنەرەکانی نەوت ناوازایە.[٨]

## پەیداکردنی کرێ

هەرچەندە کە ڕۆڵی خاوەنداری حکومی گرنگە بەڵام بۆ پەیوەندی ئەم فاکتەرە بە باجەوە، ئەم ڕۆڵە یەکلاکەرەوە نیە. حکومەتان جاروبار خاوەنداری پڕۆژەی ئابووری قەبە دەکەن وەک کارگە و کارخانەی ئۆتۆمبێل، و زەرەریشیان لێ

* بەتایبەتیکردن: Privatization

† تەواوی بیرە نەوتەکان لە دەست کەرتی تایبەت نیە. حکومەتی ئەمریکی خاوەنداری ئەو بیرە نەوتانە دەکات کە لە دووری کەنارەکان هەڵکەوتوون (تێکرا چارەگێکی ڕێژەی بەرهەمهێنانی وڵات). هەروەها، ئەو بیرە نەوتانەشی کە دەکەونە ناو موڵکی میریەوە دەکرێت لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەنداری بکرێن (نووسەر).

دەکەن. بەڵام بەهۆی قازانجە لە ڕادەبەدەرەکەی، یان *کرێیەکەی**، دەتوانین بڵێین نانی زۆرێک لە حکومەتان لە نەوتدایە. ڕوونتر بڵێم، کە حکومەتێک دەست بە فرۆشتنی نەوت دەکات، هەرگیز بەبیری دانایە ڕۆژێک ئەستێرەی بەختی هەڵدەدێرت و تووشی مایەپووچی دەبێت.

لە زۆرینەی پیشەسازییەکان، دەزگا بازرگانیەکان قازانجێکی "ناوەنجی" دەکەن، کە بە یاسا و ڕێسای دابینکردن و خواست* دیاریدەکرێت. ئەگەر قازانجەکەیان لەم هێڵە ناوەنجیە زۆر دابەزێت، ئەوا ئەو دەزگایانە لەوانەیە پیشەسازیەکە جیبهێڵن، کەواتە ئەو کۆمپانیایانە براوەدەبن کە دەمێننەوە و بەردەوامی دەدەن بە وەبەرهێنانەکانیان. بە پێچەوانەوە، ئەگەر پیشەسازیەکە قازانجی زۆری خستەوە، کۆمەڵێک کۆمپانیای نوێ دێنە نێویەوە تا پڕوشکێکیان بەرکەوێت، لە ئەنجامدا قازانج لە نێوان ئەو کۆمپانیا زۆرانە پەرت دەبێت و دەگەڕێتەوە هێڵی ناوەنجی. هەرچۆنێک بێت، کۆمپانیا نەوتییەکان دەتوانن کرێ دەستخەن، کە قازانجێکی چەورە و تێچووی بەرهەمهێنانیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە، و گوژمەیەکە کە ڕێژەیەکی ناوەنجی قازانجی گەڕاوەی لە سەرمایەی وەبەرهێنراودا هەیە.

چ لە پیشەسازی نەوت یا هەر پیشەسازیەکی دیکە کە هەڵگۆزینی خاکی تێدابێ، دوو هەڵومەرج هەن کە کرێ دروستدەکەن. یەکێکیان شوێنی لەبارە، کە دەرفەت بۆ هەندێ بەرهەمهێنەر دەڕەخسێنێت نەوتی هەرزانتر و کوالێتی باشتر دەستخەن بە بەراورد بە پێشبڕکێکارەکانیان. هەندێک بیر نەوتی خراپیان تێدایە و نرخیان بەرزە و قازانجیان کەمە، لەولاشەوە هەندێ بیر نەوتی چاک گڵدەدنەوە و بە تێچووی کەم لە خاک دەردەهێندرێن، کە بێگومان کرێی "بەرچاوتر" بۆ

---

*(ڕیع) بە عەرەبی، و rents بە ئینگلیزی. ئەو قازانجە پەتیەیە کە لە نەوت بەرهەمدێت دوای لابردنی تێچووی بەرهەمهێنان لە دەرامەتی دەستکەوتوو (و).

*دابینکردن و خواست: Supply and demand

خاوەنەکەی دەخەنەوە.[9] چونکە بڕی نەوتی کێڵگەکان سنووردارە و گوژمەی دەرکێشانیان کەمە و جۆرەکەیان باشە، کۆمپانیا تازەکانی کاروباری نەوت ناتوانن ئەو کرێیانە دەرکەن.

بەرهەمهێنەرەکان دەشتوانن کرێی "قاتی" دەستخەن کاتێک، بە شێوەیەکی کاتی، خواست دابینکردن تێپەڕەکات. بە دەقێکی تیۆری، دابینکردن هەر دەگاتەوە بە خواست، یان خواست هەر دادەبەزت بۆ ئاستی دابینکردن، بەڵام ئەم پێکگەیشتنە ڕەنگە چەند ساڵێکی بوێت، ئەمیش چونکە لەوانەیە دابینکردن لە چەند ساتێک کورتی بێنێت، یانیش بەرهەمهێنەرەکان کاتێکی زۆریان بوێت تا نەوتی پێویست بخەنە بازاڕەوە وەک پەرچەکردارێک بۆ نرخی بەرز.

هێڵکاری ٢.٥ بڕی ئەو کرێیە دەردەخات کە یازدە لە هەناردەکەرە قەبەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ بە چنگیان کەوتووە. توڵە ڕەشەکان تێکڕای تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوت دەردەخات، و ڕەساسیەکانیش نرخی نزیککراوەی ساغکردنەوەکەی لە بازاڕدا، کە ڕەنگدانەوەی جۆرییەتی جیاوازی نەوتە لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر. تا کۆتایی ٢٠٠٨، تێکڕای تێچووی دەرکێشانی نەوت لە نێوان ١.٨ دۆلار لە سعودیە (کەمترین ئاست) بۆ ٣١.٤ دۆلار لە کەنەد (بەرزترین ئاست)دا بووە، کەچی نەوت لە کەنەدا بە ٣٨ دۆلار و لە نەیجیریا بە ٥٣ دۆلار فرۆشراوە. جیاوازی نێوان ئەم دوو ژمارەیە لە کرێیەکەدایە، کە لە هەر بەرمییلێک کەنەدا ٦ دۆلار و نەیجیریا ٤٢ دۆلاری قازانجکردووە.[10]

بیرمەندەکان هەردەم سەریان لەم کرێیانە سوڕماوە. (جۆن ستیوارت مێڵ) لە *بنەمەناکانی ئابووری سیاسی* دا ئەوە دەخاتە ڕوو کە بیرۆکەی کرێیەکان " بە یەکێک لە بنچینەکانی ئابووری سیاسی دەژمێردرێت، و تاوەکو دەوڵەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان مشوورێک نەخۆن لە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ئەم کۆڵەگە

گرنگە، ناتوانن سەرخەن بە لایەنە ئاڵۆزەکانی هیچ پیشەسازیەک، و سەرئەنجام لە وەبەرهێنانەکانیان شکست دەخۆن. ڕۆژگار دەیسەلمێنێت کە قسەکەی من ڕاستە".[11]




*هێڵکاری ٢.٥: نرخ و کرێی نەوت لە چەند وڵاتێکی دیاریکراودا (٢٠٠٨)*

لووتکەی تووڵەکان گوزارشت لە نرخەکانی نەوتی هەناردەکراو دەکەن لەم وڵاتانای ناویان هاتووە، لە ٢٠٠٨. بەشە تۆخەکان ئاماژەن بۆ خەرجی دەرکێشان، و بەشە کاڵەکانیش کرێیەکان پشاندەدەن. نرخەکانی نەوت لە وێبسایتی (Energy Information Administration) دەرهێنراون، لەسەر بەستەری http://www.eia.doe.gov بەردەستن. داتاکان لەسەر کرێ لە (هامێلتۆن) و (کلێمنس) وەرگیراون، چاپی ٢٠٠٩.

بەربەرەکانێی حکومەتەکان و کۆمپانیاکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی کرێیەکان، بەشی زۆری سیاسەتی نەوت پێکدێنێت. بە پێی چەند بنەمایەکی ڕەگ داکوتیوو، خۆی وا باوە کە خاوەن موڵکێک موڵکەکەی بە کرێ دەدات، خۆی کرێیەکەی وەربگرێت. خۆم لەوانەیە کۆمپانیایەکی گواستنەوە بۆ ڕاگوێزینی زێڕەکانم لە خەزێنەی بانکەوە بۆماڵەوە ڕابسپێرم، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم کۆمپانیایە دەتوانێت هەندێک لیرەزێڕ بگێڕیتەوە بۆ خۆی لە دوای ئەوەی حەقی گواستنەوەکەی وەرگرت. بە هەمان شێوە، حکومەتەکان ئاساییە کۆمپانیا بانگهێشتکەن بۆ دەرکێشانی نەوت لە خاکی وڵات، بەڵام ناکرێت کۆمپانیایەکە کرێیەکان بۆ خۆی هەڵگرێت.

لە پێش گۆڕانکاریەکانی شەست و حەفتایاکان، هێز و هەژموونی کۆمپانیاکان و هەماهەنگیان، حکومەتەکانیان لەهەمبەر کۆکردنەوی کرێیەکانیان بێ ئومێد کردبوو. بە شێوەیەکی تیۆری، حکومەتەکان دەیانتوانی پێشبرکێی بازار بەکاربێنن تا پاڵ بە کۆمپانیاکانەوە بنێن کرێیەکانیان بدەن، بۆ وێنە، بە ڕاگرتنی هەڕاجی نەوتی ناوەخۆ و گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی پارەی زۆرتر دەدەن، بەڵام، بە شێوەیەکی کرداری، (حەوت دەستەخوشکەکە) لە دژی یەک یاریان نەدەکرد و سازابوون لە ژێرەوە، بەمەش هیچیان بۆ حکومەتەکان نەهێشتبۆوە جگە واژووکردنی گرێبەستی نەویستراو.

کۆمپانیا نەوتییەکان بە خاڵی تریش لە پێش حکومەتەکانەوە بوون: بەهێزی و لەژێرەوە کارکردنیان بێشوومار ڕێی لە بەردەم کردبوونەوە بۆ شاردنەوەی دەرامەتی نەوت لە حکومەت. ئەو کۆمپانیایانە بە شێوەیەکی ستوونی ڕێکخرابوون، واتا دەستیان بەسەر هەر قۆناغێکی کاروباری نەوتدا گرتبوو: هەمان کۆمپانیای قەبە کە نەوتەکە وەک کەرەستەی خاو لە ژێر زەوی وڵاتێک دەردێنێت، هەمان کۆمپانیایە کە بە دەوری زەوی هەڵیدەسوڕێنێ بۆ بەبازارکردن، دەیپاڵێوێت

بۆ بەنزین، و دەیخاتە نێو تەنکی ئۆتۆمبێلی کڕیار. کۆمپانیاکان تەفرەی حکومەتەکانیان دەدا. ڕاستە خاکەکە لە دەست کۆمپانیاکان نەبوو، بەڵام لە دەرهێنانەوە تا پاڵاوتن و فرۆشتن لەلایەن ئەوانەوە قۆرخکرابوو؛ ئەمیش بە گواستنەوەی دەرامەت لە پنتێکەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدابوو [بیرە نەوت] بۆ پنتێکی تر کە دەسەڵاتی حکومەت بەسەریدا ڕانەدەشکا [بازاڕ].

ئەمەش زەمینەسازی بۆ ئەم کۆمپانیایانە کردبوو بۆ ئەوەی قازانجی لەبنەهاتوو لە وەبەرهێنانەکانیان بکەن لە وڵاتانی جیهانی سێدا. بەپێی مەزەندەیەک، ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە لە ناوەڕاستی پەنجایەکان لەسەدا ٦٠ تا ٩٠ی قازانجی پەتییان* لە وەبەرهێنانەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەچنگ دەکەوت، ئەمیش *لەدوای* پێدانی پارەی حکومەتی خانەخوێ. لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە ساڵی ١٩٦٠ قازانجی پەتییان (دوای باج) لە وەبەرهێناندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەدا ٥٠ و لە ڤەنزوێلاش لەسەدا ٢٩ بووە.[١٢] بە هەر پێوەرێکبێت، ئەم کۆمپانیایانە قازانجی لە ڕادەبەدەریان کردووە لە کارکردنیان لە دنیای تازە پێگەیشتوودا.

**بەدەستخستنی کرێ**

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتانی جیهانی سێیەم خاوەندارییەکی ڕووکەشیان هەبوو بەسەر سامانی نەوتی نەتەوەکانیاندا، و جگە لە بەشێکی کرێیەکە پتریان وەرنەدەگرت. زۆرجار دەسەڵاتیان بەسەر ئەوەش نەدەشکا کە بڕی دەرهێنانی نەوت لە خاکەکەیان و هەناردەکرنی لە ڕێی دەریاوە دیاری بکەن.

---

*قازانجی پەتی: net profit

ئەم پەیوەندیانەش هەموو داڕزین، و بە هۆی شەپۆلی بەخۆماڵیکردنەوە لە پەنجایەکان و شەستەکان و حەفتایەکان، پیشەسازی جیهانی نەوت لە باوەشی کۆمپانیاکان داماڵدرا

لەو وڵاتە پێشەنگانەی دەستیان بە خۆماڵیکردنی بەرهەمهێنانی نەوت کرد بریتیبوون لە ئەرجەنتین (١٩١٠)، یەکێتی سۆڤیەت (١٩١٨)، بۆلیڤیا (١٩٣٧)، و مەکسیک (١٩٣٨). بەگشتی، بەخۆماڵیکردنی نەوت بەر لە جەنگی جیهانی دووەم دەگمەن بوو. تا کۆتایی پەنجاکانیش، (حەوت دەستەخوشکەکە) هەژموونیان بەسەر سەدا ٩٨ی نەوتی بازاڕدا هەبووە، هەڵبەتە لە دەرەوەی بلۆکی کۆمەنیستی.[١٣]




***هێڵکاری ٦ .٢: دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانیا نەوتییەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە (١٩٦٣-١٩٩٠).***

هێڵەکە چەند ڕەفتارێکی دەستەمۆکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان بە درێژایی ماوەی دیاریکراو پشاندەدات. ئەم ڕەفتارانە خۆیان لە دەستبەسەرداگرتنی تەواوی کۆمپانیاکان، دانانی ڕێسای بەبازاڕکردن بۆیان، دووبارە داڕشتنەوەی گرێبەستەکان، یان چەند دەستێوەردانێکی یاسایی، دەبیننەوە. دەکرێت کۆمپانیایەک ڕووبەڕووی هەموو ئەم فشارانە بووبێتەوە لە یەک کاتدا. داتاکان لە (کۆبرێن- ١٩٨٠) و (ماینۆر- ١٩٩٤) وەرگیراون.

هەرچۆنێک بێت، لە ساڵی ۱۹۵۰ تا ۱۹۷۰ تەرازووی هێز لە نێوان کۆمپانیا نەوتییەکان و حکومەتانی خانەخوێ لاسەنگ و پارسەنگی بەرچاوی بەخۆوە دی. هەر وەکو (ئیدیت پینرۆسی) مێژووناسی ئابووری لە ساڵی ۱۹۷٦ دەنووسێت:

"ئەو دەسەڵاتە باڵایەی لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنان لە دەستپێکی پیشەسازیەکە بە کۆمپانیاکان درابوو، دووبارە لە قاڵبدراوە و خزایە ناو باوەشی وڵاتەکان؛ ئەو خاکە دەوڵەمەندانەی کە بە پانتایەکی زۆرەوە ڕادەستی کۆمپانیاکان کرابوو، تەسک و بچووک بوونەوە؛ ڕێوشوێنی توند لەسەر بیمەی دەرکێشان داندرا، و باشڕاگرتنی بیرەکان و پرسی هاوشێوە هاتنەگۆڕێ؛ ئەمە جگە لە پێشڤەچوونی توندوتۆڵی دارایی، کە گشتیان بە بەرژەوندی بەرەی وڵاتاندا شکایەوە".[١٤]

شکانەوی هێز بۆ ئەم بەرەیە، بە شەپۆڵێکی تورەی دەستبەسەرداگرتن کە لە نێوان ۱۹۷۱ و ۱۹۷٦زۆرترین کەناری گرتەوە، گەیشتە ترۆپک (سەیری هێڵکاری ٦.۲). تا ساڵی ۱۹۸۰، زۆرینەی ڕەهای وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پیشەسازی نەوتی خۆیان بەخۆماڵی کرد، و کۆمپانیای نەوتی نەتەوەییان دامەزراند بۆ بەڕێوەبردنیان. (ستێپان کۆبرین) دەڵێت، "دەرئەنجامە ڕوونەکە بریتیبوو لە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە پیشەسازی نەوتی جیهانی".[١٥] لە ۱۹۸۵ بەولاوە، خۆساغکردنەوە بەسەر بیرەنەوتییەکان ڕووی لە کەمیکرد، ئەمیش بەهۆی کزبوونی سۆزی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو چونکە حکومەتانی وڵاتانی ناڕۆژئاوایی دەستیان بەسەر زۆرینەی داهات و سامانی نەوتی خۆیاندا گرتبوو و سەردەمی (حەوت دەستەخوشکەکە) بەسەرچووبوو.

پرۆسەی بەخۆماڵیکردن پشکی گەورەتری کرێی نەوتی خستە بەردەم وڵاتانی بەرهەمهێنەر. ئەو وڵاتانە چووبوونە نێو ڕێککەوتنی "پەنجا بە پەنجا" لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان قەوڵ بوو هەر لایەکیان نیوەی قازانجیان لە فرۆشی نەوت

بەرکەوێت، بەڵام لەبەر هەژموونی نێودەوڵەتی کۆمپانیاکان و دەستڕاگەیشتنیان بە پاکی جوومگەکانی پیشەسازی نەوت، کۆمپانیاکان دەیانتوانی داتای فرۆشی نەوت لە حکومەتە خانەخوێیەکان حەشار بدەن؛ ڕوونە کە ئەم تێکوەپێچانەش حکومەتە خانەخوێیەکانی ناڕەحەت کردبوو. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، تەقەلا بەردەوامەکانی گەلان بۆ ڕزگاربوون لە بەندوباوی کۆمپانیاکان بەشە قازانجی حکومەتانی لەسەدا ٥٠ وە لە شەستەکان بۆ سەدا ٩٨ لە ساڵی ١٩٧٤ بەرزکردەوە.[١٦]

جگە لە دەستبەسەرداگرتنی پیشەسازیەکە، حکومەتان بوونە سەرکاریش لە بەرهەمهێنانی نەوت. بۆ وێنە، "حەوت دەستەخوشکەکە" بە تایبەت پیشەسازی نەوتییان لە ئێراق هەڵپەساردبوو. هەرچەندە کە ئێراق خاوەن عەمبارگەیەکی قەبەی نەوتە – دووەم هێزی نەوتی لە ڕووی قەبارەوە لە دوای سعودیە، و بە هەمان ئەندازەی سعودیە-ش تێچووی دەرهێنانی نەوت تێیدا هەرزانە – ئەو کۆمپانیایەی پێشتر پیشەسازیەکەی هەڵدەسووڕاند (کۆپمانیای نەوتی عێراقی) بەرهەمهێنانی زۆر سنووردارکردبوو لە پێناو ڕێگرتن لە داڕمانی نرخ. دواتر کە عێراق کۆماپنیایەکەی لە ساڵی ١٩٧٢ بەخۆماڵیکرد، لە ماوەی حەوت ساڵدا بەرهەمهێنانی دووهێندەکرد.

## چی گڕی بە پرۆسەی بەخۆماڵیکردن دا؟

هۆکارێکیان بریتیبوو لە نەش و نمابوونی هەستی نەتەوایەتی لە جیهانی سێیەم لە پەنجا و شەستەکان دوابەدوای هەڵوەشانی کۆلۆنیەکان. ئەو هەستە ئاوێتە بە ڕق و کینە بوو دژ بە کۆمپانیا دەرەکیەکان، کە دامەزراندنی سەربار و دەزگایەکانیان هەم هاودەم بوو لەگەڵ گەلاڵەبوونی دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی و

هەمیش نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەوانیان دەکرد. هێواش هێواش بە خۆماڵیکردنی کۆمپانیا بیانییەکان بوو بە شتێکی باو.

بۆ نموونە، لە مەکسیک ساڵرۆژی خۆزاڵکردن بەسەر سامانی نەوتی وڵات کە ساڵی ١٩٣٨ ڕوویدا، جگە لەوەی ئەم وەچەرخانە جۆش و خرۆشێکی خستە دڵی هاوڵاتیانی مەکسیکی کە چەندین ساڵ گرەکەی دانەمرکایەوە، لەو دەمەوە بۆنەکە هەموو ساڵێکیش یاددەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٥١، کە (موسەدەق) بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئێران، بیری بەخۆماڵیکردن لە کەلەی دا و دوای دوو ساڵێک کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی- ئێرانی (AIOC) خستە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی وڵاتەکەی. جێی باسە کە زۆرجار گوتاری سیاسی سەرۆک وەزیرانەکەی بەر لە (موسەدەق) لە دەوری بەخۆماڵیکردنی نەوت دەخولاوە، و دەگوترێت لەبەر ئەمەش بوو کە تیرۆرکرا. موسەدەق کە ئێرانی بەرەو بە خۆماڵیکردنی نەوت برد درکی بەوە دەکرد کە ڕۆژئاوا بەم هەنگاوە ناڕەحەت دەبن. هەرچۆنێک بێت، ئەم بۆنەیە بە ئاهەنگی دڵتەڕانە پێشوازی لێکرا و وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی یادی دەکراوە.[١٧]

ئەو سیاسەتمەندارانەی کە سنگیان بە پێشەوەدابوو لەم پرۆسەیە برەویان پەیداکرد. لە ئێراق لێسەندنەوەی (کۆمپانیای نەوتی ئێراقی) لە هێزی دەرەکی، لەسەر دەستی (سەدام حوسێن) جێگری سکرتێری گشتی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ڕوویدا، ئەمەش ناوی ئەوی بریقەدارکرد و چەرخەی شەقامی بەرەو حیزبی بەعس خولدا. بە پێی وتەی ژیاننامەنووسێک، بەخۆماڵیکردن "دەروازەی ناوبانگی" لە سەدام کردەوە.[١٨]

هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی لەدوای هەڵگەڕانەوەی سەربازی لە ١٩٦٩، (موعەمەر قەزافی) نەوتی لیبیای بەنیشتمانیکرد. ئەمەش کانیاوێک لە دەرامەتی

نەوتی لەبەردەم تەقاندەوە، کە بە هۆیەوە سەرۆک خێڵەکانی ملکەچ بەخۆی کرد و بیرۆکە "شۆڕشگێڕانەکەی" پێ تێراو کرد.

لەگەڵ ئەو برەو و ڕەواجەی ئەم سەرکردانە بەدەستیانهێنا، بەخۆماڵێکردن بەرجەستەنەدەبوو بێ فاکتەری دووەم: داکشانی هەژموونی ئابووری کۆمپانیا گەورەکان. تا شەستەکانیش بە دەگمەن حکومەت هەبوو بەربەرەکانی ئەو کۆمپانیایانە بکات، کە تەواو دەستیان بەسەر بازرگانی جیهانی نەوتدا گرتبوو. هەر حکومەتێک خۆی بەسەر پیشەسازی نەوتی وڵاتەکەی سەپاندبا ئەوا نەوتەکەی لەدەرەوە پێ نەدەفرۆشرا، چونکە (حەوت دەستەخوشکەکە) دەستیانگرتبوو بەسەر گشت جومگەکانی دابەشکردن و بە بازاڕکردنی نەوتدا. ئەوانەی نەسڵەمینەوە و سامانی نەوتییان بەنەتەوەییکرد باجی قورسییان دا. دوای ئەوەی مەکسیک هەنگاوی بۆ ئەم پرۆسەیە نا، کۆمپانیا جیهانییەکان بایکۆتی نەوتی خاوی ئەو وڵاتەیان کرد، ڕێی گواستنەوە بە تانکەریان لەسەر قدەغەکرد، و پێدانی ئەو تێکراوە بنچینەیە کیمیاییانەشیان لەسەر ڕاگرت کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین.[١٩] هەروەها، دوای ئەوەی ئێران کۆمپانیای ئەنگلۆ-ئێرانیەکەی بەنیشتیمانیکرد، بە مشتێک لە گەمارۆی خنکێنەرەوە پێشوازی لێکرا، و لە پاش دوو ساڵ ملدانەدان، حکومەتی (موسەدەق) بەهۆی کودەتایەک بە ڕابەری دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە سەر کار لابرا. دوای ئەوەش کە (شا) دەسەڵاتی گرتەوە دەست، بەخۆماڵیکردنی کۆمپانیاکەی هەڵوەشاندەوە.[٢٠]

بەڵام لە پەنجا و شەستەکاندا هەژموونی ئابووری کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان بەرەو کزی دەڕۆیی. هۆکارێکیش بریتیبوو لە سەرهەڵدانی بەرهەمهێنەری "سەربەخۆی" نەوت کە پشکی "حەوت خوشکەکە"یان لە بازاڕدا کەمکردەوە، وەک گیتی ئۆیڵ (Getty Oil) ، ستاندارد ئۆیل ئۆف ئیندیانا (Standard

(Oil of Indiana، و ئی ئێن ئای (ENI) سەر بە حکومەتی ئیتاڵیا، و کۆمپانیاکانی یەکێتی سۆڤیەت. بێگومان سەردەرکردنی کۆمپانیا بچووکەکان کە ئامێر و خزماتگوزاری پیشەگەری لە دۆزینەوە و سمین بۆ حکومەتان دابیدەکرد وەچەرخانێکی گرنگ بوو، چونکە ئەو کەرەستە و خزمەتگوزاریانە تا ئەو دەمەش هەر بەدەست (حەوت دەستەخوشکەکە)وە بوون و لای ئەوان قۆرخکرابوون.

ئەم پێشهاتە گرنگە دواتر دامەزراندنی (ئۆپیک)یشی لە ساڵی ١٩٦٠ هاتەسەر. لەسەرەتادا ئەندامانی (ئۆپیک) تەنیا زانیاری نهێنیان دەربارەی گرێبەستەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکان هاوبەشی پێدەکرد. پەیتا پەیتا کۆبوونەوە و دانووسانەکانیان مۆرکی هەماهەنگی ستراتیژی وەرگرت، کە بە تەواوی کاریگەری لەسەر پتەوکردنی مەرجەکانیان هەبوو لە گرێبەستەکان و دانووسانەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان.

ڕاڕایی دەوڵەتە بەهێزە ڕۆژئاواییەکانی وەک ئەمریکا، بەریتانیا، و فەرەنساش لە هەمبەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان لە دەرەوە، باندۆرێکی گرنگی هەبوو. لە ناوەڕاستی پەنجاکان ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ ئاوەژووکردنی (موسەدەق) بە سەرکەوتنێکی شکۆمەند هەژماردەکرا، بەڵام دوو دەیەی دوای ئەم ڕووداوە تەژی بوو لە نسکۆی سەربازی بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان. لە حەفتاکان فەرەنسا لە ڤێتنام و جەزائیر، بەریتانیا و فەرەنسا لە قەیرانی سویس، و ئەمریکا لە ڤێتنام و کەمبۆدیا، دووچاری شکست هاتن؛ تا وای لێهات لە کۆتایی شەستەکانەوە ئیدی ئەو زلهێزانە بە یەک جاری دوودڵ بوون لە ناردنی سەربازی خۆیان بۆ پاراستنی ڕژێمە هاوپەیمانەکانیان یا لە ناوبردنی ڕژێمە نەیارەکانیان.

خاسیەتە دەگمەنەکانی نەوتیش پێگەی حکومەتەکانیان لە دانووساندنەکان بەرزدەکردەوە. دەرهێنانی نەوت لە زەوی تێچوویەکی قەبەی دەوێت لە قۆناغەکانی سەرەتادا، کە لە کڕینی کەرەستەی ورد و تایبەت خەرجدەکرێت، وەک زەمینەسازی، بیرلێدان، دانانی وێستگەی ترومپا، و ڕێکخستنی بۆڕیە نەوتییەکان، کە ناکرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزرێنەوە یان بۆ مەبەستی دی بەکاربهێندرێن. هەرگا کۆمپانیاکان بارگەوبنەیان دانا، ئیدی بە کشانەوە لەم پڕۆژانە بێ ڕادە زۆریان لەسەر دەکەوێت، چونکە ناتوانن ئەوەی لەسەر پارچە زەویەک دایانمەزراندووە لە کۆڵی بکەن و بیبەن.

ئەمەش کۆمپانیاکان تووشی ئەو کێشەیە دەکات کە ئابووریناسەکان پێی دەڵێن "کێشەی کات". بەرلەوەی وەبەرهێنان دەستپێبکات کۆمپانیاکان لە ڕەوشێکی چاکی دانووساندان و دەتوانن گرێبەست تا ڕادەیەکی باش  بە پێی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ حکومەتانی خانەخوێ واژووبکەن، بەڵام هەر کە دەستیان بە وەبەرهێنان کرد پێگەی دانووسانیان دادەبەزێت – ئەمەش باڵایی بە حکومەتانی خانەخوێ دەدا تا دەستکاری بەندەکانی گرێبەستەکان بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەرێکی لاواز لە کشانەوەی کۆمپانیاکان لە وەبەرهێناندا.[٢١]

تا کۆمپانیا زەبەلاحەکان بە فراوانی باڵیان بەسەر بارکردن و بەبازاڕکردنی نەوتدا کێشابوو، هەروەها پشتیان بە هێزی سەربازی وڵاتەکانیان قایم بوو، پێگەی دانووسانی لەباریان هەبوو بۆ سەپاندنی بەندی ویستراو لە گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتەکاندا. بە هەرحاڵ، هەر کە سەردەرهێنانی کۆمپانیای نەوتی سەربەخۆ هەژموونی سەرتاپاگیری (حەوت دەستەخوشکەکە)ی تێکشکاند، و هێزە ڕۆژئاواییەکان لە بەکارهێنانی هێز لە سیاسەتی دەرەوە تا ڕادەیەک دوورکەوتنەوە، ئیتر ملکەچکردنی حکومەتان بۆ مانەوە لە گرێبەستی سەپێندراو

لەلایەن کۆمپانیا قەبەکان، و ڕێگرتنیان لە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی، زەحمەت بوو.

لە حەفتاکەنەوە کۆمپانیا نەوتیە خۆماڵییەکان دەستیان بەسەر دابینکردنی سووتەمەنی جیهانیدا گرتووە. هەندێک وڵاتیش، دیارترینیان لیبیا و مەکسیک، کۆمپانیا و تەنانەت کرێکارە بیانیەکانیشیان دەرکردووە و پیشەسازی نەوتی خۆیان بە یارمەتیەکی کەمی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبەن، بەڵام هێشتا کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان لە زۆر لە وڵاتان ڕۆڵی گرنگیان هەیە، ئەویش بەهۆی دەستگەیشتنیان بە سەرمایە، توانای تەکنیکی، و تۆڕە نێونەتەوەییەکانی بە بازاڕکردن.

لەمڕۆدا، پەیوەندی نێوان کۆمپانیا خۆماڵییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.[٢٢] لە بەشێک لە وڵاتان، کە زۆرینەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵکەوتوون، کۆمپانیا خۆماڵییەکان کاروباری ڕۆژانەی پیشەسازیەکە ڕادەپەڕێنن و کۆمپانیا تایبەتەکان تەنیا لە چوارچێوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری بۆ چەند کارێکی ورد بانگێشت دەکەن. بە پێچەوانەوە، لە زۆربەی وڵاتانی تر حکومەتان ڕێکەوتننامەی جۆراوجۆر لە ڕادەستتکردنی کاروبارەکان و دابەشکردنی بەرهەم بگرە تا هەڵمەتی هاوبەش بۆ گەڕان و دەرکێشان، لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان واژوودەکەن، ئەمەش برەو دەداتە ئەم کۆمپانیایانە تا کاروباری ڕۆژانەی پیشەسازیەکە بەڕێبکەن بێ دەستوێردەرانی دەوڵەت.

خشتەی ٢،٣: گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە گوێرەی سەرمایەی بەگەڕخراویان لە بازاڕ (٢٠٠٥)

| ڕیزبەندی | کۆمپانیا | خاوەنداری | سەرمایە لە بازاڕدا (بە ملیار دۆلار) |
|---|---|---|---|
| ١ | ئێکسۆن مۆبیل | کەرتی تایبەت | ٣٤٩.٥ |
| ٢ | بریتیش پێترۆلیۆم | کەرتی تایبەت | ٢١٩.٨ |
| ٣ | ڕۆیال دەتچ شێڵ | کەرتی تایبەت | ٢٠٨.٣ |
| ٤ | گازپرۆمی ڕووسی | کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی | ١٦٠.٢ |
| ٥ | تۆتاڵ | کەرتی تایبەت | ١٥٤.٢ |
| ٦ | پێترۆچاینا | کەرتی حکومی | ١٤٦.٦ |
| ٧ | شیڤرۆن | کەرتی تایبەت | ١٢٧.٤ |
| ٨ | ئێنی | کەرتی تایبەت | ١١١ |
| ٩ | کۆنۆکۆفلیپس | کەرتی تایبەت | ٨٠.٧ |
| ١٠ | پیتۆبراسی بەرازیلی | کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی | ٧٤.٧ |
| ١١ | لوکئۆیل | کەرتی تایبەت | ٥٠.٥ |
| ١٢ | ستاتئۆیلی نەرویژی | کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی | ٥٠.٣ |
| ١٣ | سینۆپیکی چینی | کەرتی حکومی | ٤٨،٧ |
| ١٤ | سێرگوتنفیتگازی ڕووسی | کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی | ٤٥.٨ |
| ١٥ | ONGCی هیندی | کەرتی حکومی | ٣٧.٢ |

داتاکان لە (PFC Energy) وەرگیراون، بەستەر: http://www.pfcenergy.com.

کاروباری نەوت ئێستا لە ڕێی تێکەڵەیەک لە کۆمپانیای خۆماڵی، دەزگای کەرتی تایبەت، و کۆمپانیا دووڕەگەکان کە لە خاوەنداری دەوڵەت و کەرتی تایبەت پێکدێن، بەڕێوەدەبردرێت. ئەمانەش زۆریان هێندە زەبەلاح و ئاڵۆزن کە زەحمەتە سامانەکانیان بە وردی بزاندرێت. ئەو کۆمپانیایانەی بە پێی ئاڵۆگۆڕی پشکەکانیان لە بۆرسەی جیهانی داندراون، دەتوانرێت لە ڕێی پێوانەکردنی نرخی پشکە نەفرۆشکراوەکانیان بە نرخەکانی بازاڕ، سەروەتەکانیان ئاشکرابکرێ. بە پێی ئەم پێوەرە، بۆ ساڵی ٢٠٠٥ گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوت بریتیبوون لە (ئێکسۆن مۆبیل)، (بریتیش پێترۆڵیوم)، و (ڕۆیال دەتش شێڵ) (سەیری خشتەی ٢.٣ بکە). بەڵام لێکدانەوەی پشکی ئاڵۆگۆڕی ئەم کۆمپانیایانەی تەواو لە ژێر چەپۆکی دەوڵەتاندان وەها ئاسان نیە، سەرئەنجام ناتوانین سەروەتە ڕاستیەکانیان بزانین. بەڵام ئەگەر پێوانیەکی تر بەکاربێنین- قەبارەی نەوتی یەدەگی پشتڕاستکراوە- نۆ لە دەی کۆمپانیا قەبەکان کۆمپانیای خۆماڵی دەردەچن (سەیری خشتەی ٢.٤ بکە). لێکۆڵینەوەیەک لە ٢٠٠٣دا کراوە دەریدەخات کە کۆمپانیا قەبەکان هەژموونیان بەسەر ٨٠ لەسەدی یەدەگی نەوت و ٧٥ لەسەدی بەرهەمهێنان هەیە لەسەر ئاستی دنیادا.[٢٣]

*خشتەی ٢.٤: گەورەترین کۆمپانیا نەوتییەکان بە گوێرەی یەدەگی نەوت (٢٠٠٥)*

| ڕیزبەندی | کۆمپانیا | خاوەنداری | یەدەگی نەوت (بە ملیار بەرمیل) |
|---|---|---|---|
| ١ | ئارامکۆی سعودی | کەرتی حکومی | ٢٦٢ |
| ٢ | کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی ئێرانی | کەرتی حکومی | ١٢٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی ئێراقی | کەرتی حکومی | ١١٥ |
| ٤ | کۆمپانیای نەوتی کوێتی | کەرتی حکومی | ١٠١ |
| ٥ | کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی ئەبوزەبی | کەرتی حکومی | ٩٨ |
| ٦ | PDVZA ی ڤەنزوێلی | کەرتی حکومی | ٧٧ |
| ٧ | کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی لیبی | کەرتی حکومی | ٣٩ |
| ٨ | کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی نەیجیری | کەرتی حکومی | ٣٥ |
| ٩ | لوکئۆیل | کەرتی حکومی | ١٦.١ |
| ١٠ | نەوتی قەتەری | کەرتی حکومی | ١٥.٢ |
| ١١ | ڕۆسنەفتی ڕووسی | کەرتی حکومی | ١٥ |
| ١٢ | PEMEXی مەکسیکی | کەرتی حکومی | ١٤.٦ |
| ١٣ | سۆناتراکی جەزائیری | کەرتی حکومی | ١١.٨ |
| ١٤ | ئێکسۆن مۆبیل | کەرتی تایبەت | ١٠.٥ |
| ١٥ | بریتیش پێترۆلیۆم | کەرتی تایبەت | ٩.٦ |

داتاکان لە ڕاپۆرتەکانی (EIA Annual Energy Review-2007) وەرگیراون، بەستەر: http://www.eia.doe.gov . ژمارەکان نزیککراونەتەوە.

تەنانەت بەر لە بەخۆماڵیکردنی نەوتیش، حکومەتی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت سەروەتێکی گەورە و قەبەیان لە دەرامەتی نەوت بەیەکەوەنابوو. بەڵام گۆڕانی ئاڕاستەکە بەرەو خاوەنداری نەتەوەیی ڕێی بۆیان خۆشکرد تا تەواوی پیشەسازیەکە بخەنە مشتی خۆیان، و لە دەستپێکی هەڵچوونی نرخ لە حەفتایەکان قازانجی لەڕادەبەدەر دەستبخەن.

## نەوت و کەرتی تایبەت

نەوت دەرامەتی حکومی تا کەشکەلانی ئاسمان دەبا، بەڵام بۆ گەشەی قەبارەی حکومەت لە ئابووریەکەی خێراتر دەکات؟ باشە بۆچی بەرهەمهێنانی نەوت بە هەمان ئەندازە کەرتی تایبەتیش بەرەو پێش نابات؟ لە ڕاستیدا، تیۆریە ئابووریە باوەکانی پەنجا و شەستەکان ئەوەیان دەخستەڕوو کە بەرزبوونەوەی نرخی سامانی سروشتی وڵاتێک، بە چەند شێوازێک بەرەوپێشچوون لە کەرتی تایبەتی ئەو وڵاتە بەرجەستە دەکا؛[٢٤] کەچی ئێستا کەرتی تایبەت تەنیا لە یەک بارودۆخدا سوود لە بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت دەبینێ، ئەویش کە خەرجیەکان لەسەر حکومەت زیاد دەکەن، ئەم ڕەوشەش زیاتر لە وڵاتانی کەم داهات دەبینرێ. تێگەیشتنی هۆکاری ئەم دەرئەنجامە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی بزانین بۆچی نەوت گەشەی حکومەتەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی زیاتر دەکات لە کەرتی تایبەت: ڕاستە نەوت دەرامەتی حکومی دەبوژێنێتەوە بەڵام بە دەگمەن نەبێت سوودی بۆ پیشەسازییەکانی تری کەرتی تایبەت نابێت، بگرە هەندێک جار زیانبەخشیشە.

سێ هۆکار لە پشت ئەم هاوکێشە نامۆیەوە هەیە. یەکەم، خاوەنداری حکومەتە بۆ بیرەکانی نەوت. ئەگەر سامانی ژێر زەوی وڵاتێک لەژێر چنگی حکومەت بێتەدەرەوە، ئەوا پوختەکردنی نەوت کۆمپانیا تایبەتەکان زیاتر دەوڵەمەند دەکات

و دەوڵەت دەستخەڕو دەبێت. مافە سەروەریەکانی دەوڵەت بەسەر کانگاکانی نەوتەوە کاریگەری بەرهەمهێنانی نەوت لەسەر کەرتی تایبەت کەمدەکات.

دووەم، سروشتە تەوقکراوەکەی زۆرینەی پرۆژەکانی نەوتە. تەنانەت کاتێ دەوڵەت یەکدەست دەرهێنان و پوختەکردن و گواستنەوەی نەوتیش لە ئەستۆدەگرێ، هێشتا هیوایەک هەیە ئەم چالاکیانە پێشڤەچوون لە بەشەکانی تری ئابووری وڵاتەکە دروستبکەن. بە گشتی کاروباری نەوت لە ناوچەی دوورەدەست ڕایی دەکرێن. لە هەندێ باردا کۆمپانیاکان لە ناوچەی جوگرافی دابڕاو و داخراو کاردەکەن، بۆ وێنە لە پاڵاوگە دەریاییەکان، بەڵام ئەمە بۆ هەموو ڕەوشێک ناگونجێ. هەندێ جار دەزگا و مەکینەکانی دەرهێنانی نەوت سەدەها و هەزارەها میل بە پێدەشت و خاکدا درێژدەبنەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک، لە ساڵی ٢٠٠٦ نەیجیریا ٥٢٨٤ بیرە نەوتی دوور کەنار و زەمینی هەبوو، لەگەڵ ٧٠٠٠ کم لە بۆڕی نەوتی، ٢٧٥ وێستگەی هەڵقوڵان، ١٠ کێڵگەی گازی، ١٠ مەڵبەندی بەرێکردن، ٤ پاڵاوگە، و ٣ کێڵگەی شلکردنەوەی گاز.[٢٥] سەرەڕای ئەمانەش، بەرهەمهێنانی نەوت زۆرجار وەک چالاکیەک لە پەراوێزی *ئابووری* دەوڵەتدا ئەنجامدەدرێت، بەو مانایەی کە پیشەسازیەکە هیچ پەیوەندیەکی وەهای لەگەڵ پیشەسازییەکانی تر نیە، و کاریگەریەکی کەمی ڕاستەوخۆی بەسەر بەشەکانی تری ئابووریەوە دەبێت.[٢٦]

جا بۆ دیاریکردنی کێشەکە، با تاوێ لە چالاکیەکی تر بڕوانین: پیشەگەری، بە نموونە. گەشەسەندن لە بواری بنیاتنان و پیشەگەری وڵاتێک دەرگا لەسەر گەشەسەندن لە بەشەکانی تری ئابووری دەکاتەوە، بە لایەنی کەمەوە لە ڕێی کردنەوەی سێ ڕێڕەووەوە: فەرمانبەرانی ئەم کارخانەیە شتومەکی کارخانەکانی تر دەکڕن؛ کارامەیی و لێزانی پەیدادەکەن بۆ کارەکانی داهاتوو؛ و کۆمپانیا پیشەگەریەکان خۆیان کاڵا ئاڵوگۆڕ دەکەن لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی پڕکردنەوەی

پێویستی و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی نوێی کار. لێکۆڵینەوەگەلێک لە چەندین وڵاتی جۆراوجۆرەوە سەنگینی و گرنگی ئەم پەرشبوونەیان پشتڕاستکردۆتەوە.[٢٧]

مخابن هیچ یەک لەم سێ ڕێڕەوە بۆ سێکتەری نەوت نابنەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار. یەکەم، دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت وابەستەی سەرمایەی زۆرە: لەو پیشەسازیەدا ئامێر و دەزگای ئێجگار زۆر بەکاردێن و هێزی کاری مرۆڤیش کەنارگیرکراوە.[٢٨] سعودیە قەبەترین بەرهەمهێنەری نەوتە، و لەسەدا ٩٠ی GDPیەکەی لەسەر فرۆشی نەوت و گاز ڕاوەستاوە، کەچی تەنیا ١.٦ لەسەدای هێزی کار و ٠.٣٥ی دانیشتووانی وڵاتەکە لە پیشەسازی نەوتی زێدەکەیان بەگەڕخراون.[٢٩] هەنووکە دەرکێشانی نەوت لە دوورکەنارەکان هەرِمێنی پەیداکردووە. دروستکردنی دەزگایەکی تەواو لە ژێر ئاودا تا ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و ڕەنگە بە ٢٠٠ ملیۆنی ساڵانە بە کرێ بدرێت. کەچی هەرگا دامەزرا بە ٢٠٠ کەس کەمتر بەڕێوەدەچێت، کە زۆرجار ئەو فەرمانبەرانەش لە دەرەوەی وڵاتی خانەخوێوە دێن.[٣٠]

ڕێگایەک بۆ پێوانەکردنی چڕی سەرمایەی کۆمپانیایەک بریتیە لە دابەشکردنی وەبەرهێانەکەی لە موڵک و کەلوپەلەکان بەسەر ژمارەی ئەو کرێکارانەی دایاندەمەزرێنێت. لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە کاروبارەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەریخستوە کە کۆمپانیاکانی چنین تەنیا بڕی ١٣،٠٠٠ دۆلار وەبەرهێنانیان لە هەر فەرمانبەرێک کردووە، بەمەش بە هەرزانترین پیشەگەری دەژمێردرێت لە ڕووی گوژمەی سەرمایەوە. لەولاشەوە، کۆمپانیاکانی نەوت و گاز ٢.٣ ملیۆن دۆلاریان لەهەر فەرمانبەرێک خەرجکردووە، کە پیشەسازیەکە دەکاتە پڕخەرجیترین پیشەسازی لە ڕووی سەرمایەوە (سەیری هێڵکاری ٧.٢ کە).[٣١]

کەواتە ڕوونە کە سێکتەری نەوت هەلی کاری کەم بۆ ناوەخۆی وڵات بەرجەستەدەکات و پتر لەنگەری بۆ کارمەندی بیانی بەستووە، بەمەش وای لێ دێت کە هێزی کاری ناوەخۆ هەرگیز ئەزموونی بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوتی نەبێت و چاوی لە دەستی بیانیەکان چڕبکاتەوە تا بە پیریەوە بچن.

دووەم، زۆرجار بەرهەمهێنەرانی نەوت کەرەستەی پێویست لە دەرەوە دەهێنن و لە کارخانە ناوەخۆییەکان نایانکڕن، بەم جۆرەش ڕێژەیەکی کەم لە دەرامەت دەچێتەوە ناو ئابووری وڵات. کۆمپانیا نەوتییەکان کۆمەڵێک کەلوپەل بەکاردەهێنین، بەڵام ئەم کەلوپەلانە تەواو ئاڵۆز و پێشکەوتوون و لە وڵاتانی زەنگین دروست دەکرێن. بۆ نموونە، زۆرینەی پێداویستیە داپۆشەرەکانی دەرکێشان لە ژێر ئاودا لە کۆریای باشوور و سەنگاپورەوە دێن. کەواتە، بۆ زۆرینەی کۆمپانیا بیانییەکان تاکە خەرجیەک لە وڵاتانی خانەخوێ بیکەن ئەوەیە کە مافی دەرکێشان "بسەنن"، ئەویش ڕاستەوخۆ لە حکومەتی دەکڕن.




*هێڵکاری ٢.٧: ڕێژەی سەرمایە بۆ هێزی کار لە کارسازیە بنچینەییەکاندا*

ئەم تولآنە، ڕیژەی ئەو پارەیە دەنوێنن کە لەلایەن خاوەن کارە ئەمریەکیەکانەوە لە دەرەوەی وڵات بۆ پێویستیەکانی هەر فەرمانبەرێک خەرج دەکرێت. لە (شۆلتز- ٢٠٠٦) وەرگیراوە.

بە بۆنەی ئەم دوو خاسیەتەوە، بەرهەمهێنانی نەوت و کۆمپانیا نەوتییەکان تەنیا کزە کاریگەریەکیان هەیە لەسەر کەرتی تایبەت، ئەم ڕاستیەش بۆ وڵاتە داهات کەمەکان چاتر دەچەسپێت. بۆ وێنە، لە کۆماری کۆنگۆ نەوت یەک لەسەر سێی ئابووری وڵات پێکدەهێنێت، کەچی لێکۆڵینەوەیەکی بەمدواییانەی IMF دەریخستووە لە نێوان ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٤ بەرهەمهێنانی نەوت هیچ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانی تری ئەو وڵاتە نەبووە.[٣٢]

ڕۆژنامەڤان (پیتەر ماس) لە کتێبەکەی خۆی، *دنیای دەڵەمەیی*، باس لە سەردانەکەی بۆ کێڵگەیەکی گازی سروشتی ١.٥ ملیارباوی لە وڵاتی گینیای کەمەرەیی دەکات. ئەم کێڵگەیە لەلایەن (ماراسۆن ئۆیڵ)ی تێکساسی بنیاتنراوە و بەڕێوەبراوە، و زۆرینەی فەرمانبەرەکانی بیانی بوون:

"کێڵگەکە – وەک هەر دامەزراوەیەکی نەوتی لە دنیای تازە پێگەیشتوو– دەکرا لەسەر مانگ بووایە لە هەمبەر ئەم هەموو سوودەی بە کاروباری ناوەخۆی بەخشیوە .... لە باتی کڕینی چیمەنتۆ لە کۆمپانیای (مالابۆ) کە چەند کیلۆمەترێک لە کێڵگە نەوتیەکە دوورە، (ماراسۆن) هەستاوە کارگەیەکی چیمەنتۆی چکۆلانەی لە نزیک شوێنی بیناکاریەکە دروست کردووە. کەرەستە خاوەکانی هاوردە دەکرد و کارگەی چیمەنتۆکەشی دادەخست کە بیناکاری دامەزراوەکە تەواودەبوو. شوێنی حەسانەوەی کرێکارە بیانیەکان لە واگۆنە سەفەریەکان بوو، کە نە کەرەستە نە هێزی کاری ناوەخۆ لە دروستکردنیان

بەکارهاتبوو. کێڵگەکە تۆڕی موبایلی سەتەلایتی تایبەتی هەبوو کە بە تۆڕی بنکەکەیان لە هۆستۆن-تێکساس پەیوەستکرابوو، واتە هەر گا زەنگت بۆ دەرەوە لێدا بە نرخی ناوەخۆ پەیوەندیت دەکرد لە کاتێکدا ئەمە پێویست نەبوو، چونکە لە تەواوی (مالابۆ) نرخەکانی پەوەندیکردن بۆ دەرەوە لەگەڵ پێوەری نێوەدەوڵەتی دەڕۆیی. هەروەها کۆمپانیاکە وێستگەی کارەبا، سیستەمی پاڵاوتنی ئاو، و سیستەمی ئاوەڕۆی بۆ خۆی سازکردبوو. واتە وڵاتێکی سەربەخۆ بوو لەناو وڵاتێکی تر دا."[٣٣]

لە کۆتاییدا، نەوت ناتوانێت پەرە بە کەرتی تایبەت بدات لەبەر "نەخۆشی هۆڵەندی"[*]. گۆڤاری *ئیکۆنۆمیست* شەمچەی وشەکەی لە نۆڤەمبەری ١٩٧٧ لێدا، وەک بەشێک لە تێڕامانێکی زانستی بۆ لێکدانەوەی کاریگەری بڕی هەناردەکراوی گازی سروشتی لەسەر ئابووری هۆڵەندا. بەڵام بۆ یەکەم جار نیشانەگەلی نەخۆشیەکە لە سەدەی نۆزدەم دوای "لێشاوی زێڕ" لە کالیفۆرنیا (١٨٤٩) و ئوسترالیا (١٨٥١) بەدیارکەوتن.

(وێڵیام نیومارخ)ی خەزێنەدار نووسەری جارناجارەی *ئیکۆنۆمیست*، گوتی کە ئەم تەوژمی زێڕە سێکتەرەکانی تری ئابووری ئەمریکی و ئوستوراڵی دەبووژێنێتەوە، بەڵام (جۆن ئیلیۆت کارینسی) ئابووریناسی ئێرلەندی پێشبینیەکی سەرسوڕهێنەری خستەڕوو: کە ئەم "لێشاوی زێڕە" نەک تەنها لەنگ و کەنەفت دیاردەکەوێ بۆ بووژانەوەی سێکتەرەکانی تر، کە ئێمە بە هۆی کارتێکەری ناوچەیی گریمانەی دەکەین، بەڵکو تەنانەت زیان بە مامەڵە بازرگانیەکانی تریش دەگەیەنێت چونکە بەرهەمهێنان بەرەو داتەپین دەبات.

---

[*] نەخۆشی هۆڵەندی: Dutch Disease

بۆچونەکەی (کارنس) ڕاست دەرچوو، بەمەش تێڕوانینە خونچەکانی ئابووریناسان دەربارەی "نەخۆشی هۆڵەندی" هەر زوو ڕەتکرانەوە.[٣٤]

رۆژنامەنووسان هەندێ جار زاراوەکانی "نەخۆشی هۆڵەندی" و "نەفرەتی سامانی سروشتی" لە یەک بۆتە بەکاردێنن، ئەویش بۆ ئاماژەکردن بەو نەهەماتیانەی کە لە ئەنجامی هەناردەکردنی سامانی سروشتییەوە دێنەکایەوە. بۆ ئابووریناسان، زاراوەی "نەخۆشی هۆڵەندی" پێناسەیەکی وردتری هەیە: ئەم پرۆسەیەیە کە بە هەڵچوونێکی ئابووری لە هەناوی سێکتەری سامانی سروشتی دەستپێدەکات، و بە دالەنگاندنی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەگەری ئابووری وڵات کۆتایی دێت.

نزمبوونەوەکە لێکەوتەی دوو کارتێکەرە. یەکەمیان بریتیە لە "کارتێکەری چەرخەدانی سامان": کە هەڵچوونەکە لە سێکتەری نەوت دروست دەبێت، هێزی کار و سەرمایە لە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەگەری دەپووکێنەوە و تێچووی بەرهەمهێنانیان زیاد دەکات. دووەمیان "کارتێکەری خەرجکردنە": کاتێک لە ئەنجامی هەڵچوونەکە ئەم پارە زۆرە دەڕژێتە ناو ئابووری وڵاتێک، ئەوا نرخی ڕاستەقینەی دراو بەرز دەبێتەوە. جا کە نرخی دراو بەرزدەبێتەوە ئیدی هاوردەکردنی بەروبومی کشتوکاڵی و پیشەسازی هەرزانتر دەکەوێت وەک لەوەی لە نێو وڵاتدا بەرهەمبهێندرێن.

لە ئەنجامدا، سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەگەری لەوانەیە لە بازاڕی ناوەخۆ پشکیان کەمبکات، ئەویش لەبەر بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای دەرەکی، هەروەها بەهۆی تێچووی بەرزی بەرهەمهێنان و بەرزی نرخی ڕاستەقینەی دراو، پێشبڕکێ لە سەر ئاستی بازاڕی جیهانی بۆ ئەم سێکتەرانە قورس دەبێت. دەربارەی ئەو خزمەتگوزاری و کاڵایانەی جێگیرن و ناکرێت هاوردە بکرێن وەک بیناکاری، ئاسایش، و پەروەردە، ئەو کاریگەریانە نایانگرێتەوە و پارێزراون. کەواتە ڕاتەکانی

لەناکاو لە سامانی سروشتی هەناردەکراو، کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەگەری دەکاتە ئامانج بەڵام زەفەر بە سێکتەرەکانی تر نابات.[٣٥]

چەند گومانێکی کەم هەیە لەسەر ڕاستی بوونی "نەخۆشی هۆڵەندی". لە دوای گرمەی نرخی نەوت لە حەفتایەکان، "نەخۆشی هۆڵەندی" پەلاماری کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەگەری زۆرێک لە وڵاتانی دا، وەک جەزائیر، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، نەیجیریا، ترینیداد و ڤەنزوێلا.[٣٦] لە نەیجیریا، دەرامەتی کشتوکاڵی لەسەرەتای حەفتایەکانەوە بۆ ناوەڕاستی هەشتایەکان داپەڕاندە خوارەوە، و ئەو پیشەسازیانەی تەفروتونا کرد کە لەسەر هەناردەکردنی کەکاو، ڕۆنی دارخورما و لاستیک پێڕەوکەبووبوون.[٣٧] لە جەزائیریش گرمە لە هەناردەکردنی نەوت دوو جار بۆتە هۆی دابەزاندنی کاڵای پیشەسازی هەناردەکراو - یەکەمیان لە کۆتایی حەفتایاکان و دووەمیان لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای ئەم سەدەیە.

لە کولانەیەکی بێ خەوشی ئابووری، "نەخۆشی هۆڵەندی" ئەوەند کوشندە نیە وەک ناوەکەی گوزارشتی لێدەکا. بە پێی تیۆری قازانجی بەراوردکراو (comparative advantage)، بەرزبوونەوە لە بڕی هەناردەی نەوت و گاز دەبێ برەوی هەناردەکراوەکانی تریش زیاد بکا، چونکە ئاڕاستەگۆڕین لە قازانجی بەراوردکراوی وڵاتێک دەخاتەوە. ئەگەر ئەو داهاتەی لە سێکتەری نەوت لە وڵاتێک دەکەوێتەوە زیاتربێ لەو داهاتەی لە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەفیڕۆدەڕوا - کە دەبێ ڕاست بێ، بەپێی چەند مۆدێلێکی سادەی ئابووری- هێشتا دەبێ حاڵی وڵاتەکە نەگەیشتبێتە ڕادەی حەلوەلا.[٣٨]

لەگەڵ ئەوەشدا دەردی هۆلەندی دەکرێت زیانبەخش بێت ئەگەر بەرهەمهێنانی نەوت تێڕژانی نەرێنی هەبێت بۆ ناو ئابووری، یان دوو سێکتەرەکەی تر تێڕژانی ئەرێنیان هەبێ، کە لەوانەیە لە شیکردنەوەیەکی ساکاری ئابووری بەدیارنەکەون.

ئەگەر وابێت، وڵاتانی خاوەن کەرتی زەبەلاحی نەوت و سێکتەری بچکۆڵەی کشتوکاڵ و پیشەسازی، دەبێ بەجۆری تر جەور بکێشن، بۆ نموونە، ئابوورییەکی ناجێگیرتریان هەبێت، یانیش دیموکراسیەکی لەرزۆک، هەلی کاری تەنگتر بۆ ژن، یان بخزێنە ناو شەڕ و تێکهەڵپڕژانێکی خوێناویتر. هەر کە ئەم لێکەوتە نەرێنیانە چوونە پاڵ زیانەکانی سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئیدی "نەخۆشی هۆڵەندی" تەواو مەترسیدار دەبێت.

بۆ ئێستا، هەرچۆنێک بێت، با سەرنجدەین چۆن "نەخۆشی هۆڵەندی" لە ڕووی ئابوورییەوە کار لە قەبارەی حکومەت دەکات. چونکە سێکتەری نەوت لە ژێر خاوەنداری حکومیدایە، سامانی نەوت حکومەت لێکهەڵدەکێشێت؛ بەڵام کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە گشتی لە چوارچێوەی کەرتی تایبەتن، بۆیە قازانجە ڕوو لە نشێوەکەیان قەبارەی کەرتی حکومی دەفلیقێتەوە. واتا دەردی هۆڵەندی یەخەی چالاکیە ئابوورییەکان دەگرێت و لە کەرتی تایبەتەوە بۆ کەرتی حکومی پەلکێشیان دەکات.

ئەی چی دەربارەی سێکتەرە گرنگەکەی تری ئابووری بگوترێ باشە، کە کەرتی خزمەتگوزارییە؟ لە دەمی ڕاتەکانی ئابووری نەوتدا ئەم سێکتەرە دەبووژێتەوە، چونکە ئەم سێکتەرە شتگەلێک بە ئابووری وڵات دەبەخشێت کە ناکرێت هاوردەبکرێن - بۆ وێنە بیناکاری، چاودێری تەندروستی، فرۆشگای بچووک - نابێت کارتێکەر بێت بە بەرزبوونەوە لە نرخی ئاڵوگۆڕی دراو. لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سامانی نەوت، زۆرینەی کەرتی تایبەت لە کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان پێکهاتوون. بەپێی داتای (بانکی جیهانی) لە ساڵی ١٩٩٠- کە دواین ساڵە ئەم دامەزراوە داتای تەواوی کۆکردبێتەوە- لە وڵاتانی (ئۆپیک) لەسەدا ٥٦ی هێزی کار لە کەرتی خزمەتگوزاری بەکارهاتووە؛ ئەمە لە کاتێکدا کە لە دەرەوەی ئۆپیک لەسەدا ٤٠ بووە.[٣٩] لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، ئەو

کۆمپانیا خزمەتگوزارییانە پشتیان بە گرێبەست بەستووە لەگەڵ حکومەت. بۆ نموونە، تەندەری جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەیان پێدەبەخشرێت کە گوژمەکەیان لە ئەستۆی حکومەتە، وەک ڕێگاوبان، خەستەخانە، و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ پیشەسازی نەوت.

بە پوختی، دەردی هۆڵەندی هەندێک کەرت (پیشەسازی و کشتوکاڵ) لاوازدەکات و دەیانکاتە پاشکۆی حکومەت، کەرتی تر (خزمەتگوزاری) فراوان دەکات، ئەویش بەشێکی لە ڕێی گرێبەستی حکومیەوە. پێکڕا لەگەڵ کارتێکەری ناوچەیی، دەردی هۆڵەندی یاریدەی ڕوونکردنەوەی ئەوە دەدات کە بۆ سامانی نەوت درێخی دەکات لە بووژانەوەی بەشەکانی تری ئابووری، و بۆچی بازرگانی و کاروبارەکانی دەرەوەی ئەم بازنەیە زیاتر دەچنەوە ژێر چەتری حکومەت.

## سەقامگیری دەرامەتی نەوت

سێیەم ڕەوشی دەرامەتی نەوت ناسەقامگیریەکەیەتی: هەڵبەز و دابەزی چاوەڕوانکراو نیە. ئەم ناجێگیریەش لێکەوتەی سێ هۆکارە: گۆڕانکاری لە نرخەکانی نەوت، گۆڕانکاری لە بڕی بەرهەمهێنان، و گرێبەستی نێوان کۆمپانیا و حکومەتەکان، کە دەتوانن داکشان و سەرکشان نەرم یا بە بەزەبرتر بکەنەوە.

## نرخە گۆڕاوەکان

لە مانگی ١ی ١٨٦١، واتە تەنیا ساڵێک پاش دۆزینەوەی نەوت بۆ یەکەم جار لە تیترۆسڤێل-پەنسلیڤینیا، لەبەر بڕە کەمەکەی بە ١٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەفرۆشرا؛ بە درێژای دوازدە مانگی دواتر بە ڕێژەی ٩٩ لەسەدا دابەزی و بەرمیلی بە ١٠ سەنت مامەڵەی پێوەدەکرا.[٤٠] لەو دەمەوە نرخی نەوت لە لەرەکردن نەکەوتووە.

تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە بەشێکی زۆری لەڕێی گەڕانەوە بۆ ڕاستیەکی ساکاری ئابووری دەکرێت: لە دەستپێکدا، نرخی نەوت بە دابەزین و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی خواستن و دابینکردن کاریگەر نابێت، چونکە نەوت پێداویستیەکی سەرەتاییەوە بە هەر چەند بێت کڕیاری خۆی هەیە. ئەمە واتای ئەوەیە کە نە بەکارهێنەر نە دابینکەر ناتوانن لەگەڵ گۆڕان لە نرخ ڕابێن بە گۆڕینی بڕی ئەو نەوتەی بەکاریدەهێنن یا دەیخەنە بازاڕەوە. بۆ نموونە کاتێک نرخەکان بەرزدەبێتەوە، بەرهەمهێنەرەکان لەوانەیە چەند ساڵێک بڕی نەوتی زیاد نەخەنە بازاڕەوە، چونکە پێشینەی وەبەرهێنانی نەوت قەبەیە و بۆ بەرهەمهێنەرەکان ساڵانێکی دەوێت تا بەردەگرێت.[41] بۆ بەکارهێنەرەکانیش هەمان شتە، بە مانگ و ساڵی دەوێت تا ئەوان بەکارهێنانی سوتەمەنی کەمدەکەنەوە.[42]

بەهۆی ئەو جیڕپەیەوە* بۆ نرخ گۆڕین، هەر گۆڕانێکی بچووک لە دابینکردن یا داخوازی لەسەر نەوت کاریگەری گەورە لەسەر نرخەکەی بەجێدێڵێت. داکشانێکی بچووک لە بەبازاڕکردنی نەوت- کە بۆ نموونە بە هۆی گرژی و ئاڵۆزیەکی لەپڕ لە وڵاتانێکی وەک لیبیا، ئێراق، یا نەیجیریا جێ دەگرێت - نرخەکان بەرەو بەرزایی دەبات. بەهەمان ڕەنگ، گچکە بەرزبوونەوەیەک لە داخوازی نرخەکان هەڵدەئاوسێنێت. تەنانەت قسە و باسێک بێتە گۆڕێ کە لەڕەپێشبینیەک بۆ گۆڕان لە داخوازیکردن و دابینکردن بکات، نرخەکان دەست دەکەن بە سووڕخواردنێکی بە هەڵپە. نرخەکانی نەوت لەرزۆکتر و ناجێگیرترن بە بەراورد بە ٩٥ لەسەدا-ی شتومەکە فرۆشراوەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.[43]

---

Elasticity* : تا جیڕی کاڵایەک بەرزتربێت، کەمتر بەرزبوونەوەی نرخ کار لە خواست دەکات. نەوت جیڕپەکەی زۆر بەرزە، چونکە پێداویستی ڕۆژانەی زۆربەی مرۆڤایەتی پڕدەکاتەوە، بۆیە نرخی هەرچەند بەرزبێ بازاڕێ لە برەو ناکەوێ (و).

بەڵام بازاڕەکانی نەوت سەقامگیریشیان بەخۆوە دیوە. هێڵکاری ٢.٨ نرخی ساڵانەی بەرمیلێک نەوت لە نێوان ١٨٦١ بۆ ٢٠٠٩ دەردەخات، کە لەگەڵ هەڵئاوسان خۆی گونجاندووە یانیش گۆڕاوە لەو بەینەدا. لەماوەی سەدەی یەکەمی پیشەسازیەکە، نرخەکان پەیتا پەیتا پتەو و قاییم بوونە. بەرچاوترین سەقامگیریش ئەو پیشەسازیە بەخۆیەوە بینیبێتی لە نێوان ١٩٣٥ بۆ ١٩٦٩ بووە، کە تێیدا نرخەکان پتر لە ٥.٩ لەسەدای ساڵانە زیاتر هەڵبەز و دابەزیان نەکردووە، لە ١٩٤٧ نەبێ کە سووڕدانەکەی بۆ لەسەدا ٢٠ بەرزبۆوە. بەڵام لە ١٩٧٠وە نرخی نەوت بە *تێکڕای* لەسەدا ٢٦.٥ ساڵانە بەرز و نزمی بەخۆیەوە دەبینێ. بەر لە حەفتایەکان کەس سەری خۆی ئاڵۆزنەدەکرد تا نرخی نەوت پێشبینی بکات، چونکە گۆڕانکاری کەمی بە خۆوە دەدیت؛ بەڵام دوای ١٩٧٣، پێشبینی نرخی نەوت بوو بەکاسبیەکی چەور، ئەگەرچی بەدواداچوون و وردە شیکردنەوەکانیش تەم و مژیان لەسەر نرخە نووشتۆکەکان لانەدەبرد.[٤٤]




***هێڵکاری ٢.٨: نرخی بەرمیلێک نەوت (١٨٦١-٢٠٠٩).***

ژمارەکانی بەپێی نرخی دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٥ داندراون. داتاکان لە هەڵسەنگاندنی (بریتیش پیترۆلیۆم) لە ساڵی ٢٠١٠ وەرگیراون.

سێ هۆکار بوونە هۆی دووبارە گەڕانەوەی ناسەقامگیری بۆ نرخەکانی نەوت.

یەکەمیان ئەو تەوژمەی بەخۆماڵیکردنی نەوت بوو کە لە شەست و حەفتایەکان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی سەرتاپا گرتەوە. لە نێوان سییەکان و شەستەکان، ئەو کۆمپانیایانەی باڵیان بەسەر بازرگانی جیهانی نەوتدا کێشابوو توانیبوویان لە ڕێی پاڵپێوەنان و ڕاکێشانەوەی بڕی نێردراوی نەوت لە بازاڕ بە گوێرەی ئاستی داخوازی، نرخەکان بە جێگیری بهێڵنەوە.[٤٥] کاتێ لە شەستەکان بازاڕ لە نەوتدا نغرۆببووبوو، بۆ نموونە، کۆمپانیاکان لە کەنداوی فارس بە تایبەت لە ئێراق بەرهەمهێنانی نەوتییان ڕاگرت، و قازانجی کەمتریان قوبوڵکرد لە بەرامبەر ڕێگرتن لە داڕمانی نرخەکان. بەڵام هێزی بەردەوام لە گەشەی دەوڵەتە نەوتییەکان، لە شەست و حەفتاکاندا، تەنگیان بە کۆمپانیاکان هەڵچنی و لە بەبازاڕکردنی نەوت لاتەریکیان کردن.

شەپۆڵەکانی بەنەتەوەییکردن لە شەستەکان و حەفتایەکان وایان لە پیشەسازییەکە کرد کە – بۆ یەکەم جار لە ماوەی سەدەیەک – تێئاخنینی ستوونیان* *کاڵتر* ببێتەوە. ئەو کۆمپانیا نێونەتەوەییانەی کە بارکردن و بە بازاڕکردنی نەوتییان لە ئەستۆ گرتبوو، تەنانەت بەرهەمهێنانیشیان لە ژێر دەست دەرهات. ئیدی کۆمپانیا نەتەوەییەکان سەرپشک بوون لە مەزادکردنی نەوتەکەیان

* Vertical Integrration : تێئاخنینی ستوونی.... گوزارشت لەو میکانیزمە دەکات کە پرۆسەی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت لە ئەستۆی یەک لایەن بێ (و).

به بەرزترین نرخ، بۆ ئەمەش سوودیان لە "بازاری دەماودەست" وەردەگرت کە سەرەتا ڕێی بە وەبەرهێنەرەکان دەدا کڕین و فرۆشتن بە بارە نەوتی کەشتیە دەریاییەکان بکەن.[٤٦] چونکە ئیتر بازاڕی ئازاد لە جیاتی گرێبەستی درێژخایەن نرخەکانی نەوتی دیاریدەکرد، نرخەکان لە هەڵبەز و دابەزیان دەکرد، وەک کاردانەوەیەک بۆ گۆڕانکاری بەردەوام لە داخوازی و دابینکردن.

هۆکاری دووەم بریتیبوو لە لێکهەڵوەشانەوەی سیستەمی جێهانی (بریتۆن وودس). لە دەیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەم ڕێکخراوە گۆڕانکاری لە بەهای دراوە نەتەوەییەکان سنووردارکردبوو بۆیە یارمەتیدەر بوو بۆ کزکردنی هەڵبەز و دابەز لە نرخی کاڵاکان، کە بەزۆری بە دۆلار مامەڵایان پێدەکرا. کە (بریتۆن وودس) لە ١٩٧١ داڕما، ئیتر بەهای دۆلار خۆی لە بەرزی و نزمی دا، ئەمەش نرخی کاڵا جیهانییەکانی وەک نەوت، کە بە دۆلار مامەڵەیان پێدەکرا، دووچاری هەوراز و نشێوێکی بێ کۆتا کرد.[٤٧]

دوایین هۆکار بریتیبوو لە چڕبوونەوەی ناسەقامگیری وەک لێکەوتەیەک بۆ بەرهەمنەهێنانی بڕی پێویست لە نەوت. لە نێوان چلەکان و شەستەکان، دۆزینەوەی کێڵگەگەلێکی نوێ و زۆر، کە زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، وای کرد کە بەرهەمهێنانی جیهانی لەگەڵ بەکارهێنان بە یەک ئاست و بە تەریبی گەشە بکەن. بەڵام لە ١٩٧٠وە، توانستی بەرهەمهێنانی ئەم پیشەسازیە لە کورتی دا، هەرچەندە کە داخوازی لەسەر نەوت لە گەشە نەکەوت.

پێگەی ویلایەتە یەکگتووەکان بە تایبەت زۆر کاریگەر بوو. لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە تا ناوەڕاستی حەفتایەکانی سەدەی بیستەم، ئەمریکا لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوتیش پێشڕەوی وڵاتانی دنیا بوو.[٤٨] بەڵام لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ بەرهەمهێنان گەیشتە ترۆپک و دواتر دەستی بە نزمبوونەوەیکی

ڕمئاسا* کرد؛، گەرچی داخوازی و بەکارهێنان لەم وڵاتە لە پەرەسەندن نەپساوە (سەیری هێڵکاری ٢،٩ کە). لە ئەنجامدا ئەمریکا دەستی بە هاوردەکردنێکی چڕ کرد، کە لە نێوان ١٩٦٩ بۆ ١٩٧٣ ئەم ڕێژەیە دوو قات بوو. تا ساڵی ١٩٧٠، دنیا توانستی شاراوەی هەبوو تا تەوژمی داخوازیەکان هێور بکاتەوە؛ بەڵام لەدوای ئەو ساڵاوە، بەرهەمهێنەرەکان لە پەلۆپۆ کەوتن بۆ ئەم کردارە بۆیە ناچار لەجیاتی زیادکردنی بەرهەم، ئەوان بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی بەرز دەستیان بە بەرزکردنەوەی نرخ کرد.

ئەو هەموو فاکتەرە لە ١٩٧٣-١٩٧٤ خۆیان یەکخست کاتێک نرخی ڕاستەقینەی نەوت دووقات و سێقات بوو. لە ١٩٧٨-١٩٧٩، دووبارە زیادیان کرد. بە پێی بەهای دراوی ئەمرۆ، نرخی بەرمیلێک نەوت لە ١.٨ دۆلارەوە لە ١٩٧٠، بۆ سەرووی ٣٦ دۆلار لە ١٩٨٠، بەرزبۆوە.




* ڕمئاسا: زۆر بە تیژی (و).

*هێڵکاری ٢.٩: بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (١٩٤٧-٢٠٠٧).*

هێڵەکەی سەرەوە ڕێژەی بەکارهێنانی نەوت لە ئەمریکا، و هێڵەکەی نەوتیش ڕێژەی بەرهەمهێنان دەردەخات. ژمارەکان بە ملیار بەرمیل بۆ هەر ساڵێک نوێندراون. داتاکان لە (Energy Information Administration)لە ساڵی ٢٠٠٥ وەرگیراون، بەستەر: http://www.eia.doe.gov.

بە پێی وتەی چاودێرانی هاوچەرخ، ڕاتەکانی نرخی نەوت لە سەرەتای حەفتاکان بەهۆی بایکۆتکردنی هەناردەی ئەندامانی ئۆپیکەوە بوو لە سەروبەندی شەڕی (یەوم کیپۆر) وەک کاردنەوەیەک بۆ شەڕی ئیسرایل لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان. دوو فشاری جیهانی عەرەبی لە پێشتر- یەکیان لەکاتی "قەیرانی سوێس" لە ١٩٥٦ ئەوی تریان لە شەری "شەش ڕۆژە" لە ١٩٦٧- کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر نرخی نەوت نەبوو، بەڵام ئەم بایکۆتەی حەفتایەکان جیاوازبوو چونکە (حەوت دەستەخوشکەکە) دەسەڵاتییان لەدەستدا بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان لەو ناوچانەی کە پێشتر هەژموونیان بەسەردا هەبوو، و هاوکات ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە بەرهەمهێنان خاو و خلیچ بۆوە.[٤٩]

لە حەفتایەکاندا، کاربەدەستانی سیاسی وایان دادەنا کە دنیا چۆتە ڕۆژگارێکی نوێ، و نرخی بەرزی نەوتیش وەک مۆتەکەیەکی هەناسەبڕ بەرۆکیان دەگرێ و لەکۆڵیان نابێتەوە.

ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٧٢ی (ناوەندی ڕۆما)، *سنوورەکانی گەشەکردن*، پێشبینی ئەوەی کرد کە شتومەکە بنەڕەتییەکان پەیتا پەیتا لە چەند دەیەی داهاتوودا تووشی کورتبڕی دێن، ئەمەش پێگەی دیار و بەرز بە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبەخشێت.[٥٠] بەپێی وتەی (جۆن پ. لویس)ی ئابووریناس، ڕاپۆرتەکەی ناوەندی ڕۆما، "بیر و هۆشی جڤاکی کاروباری گشتی لە دنیا بە جۆرێک ڕاکێشابوو کە هیچ شتێک بەو ئەندازەیە پێشتر ئەوەندە جێی سەرنج نەبووە". ئەرگومێنتە کۆنەکانی ئابووریناسان لە پەنجا و شەستەکان دەربارەی زیانەکانی سامانی کانزایی بە شێوەیەکی ڕووکاری بەهەڵەخرانەوە.[٥١]

کەچی ڕۆژگار سەلماندی نرخەکانی نەوت بە بەرزی نامێننەوە و بەڵکو دەکەونە هەڵبەز و دابەزی بەردەوام. ئەو نرخانەی بۆ بنمیچی ئاسمان پەڕی بوون لە حەفتایەکان، لە نێوان ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٦ بە ڕێژەی دوو لەسەر سێ دابەزین، چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکارهێنانیان کەمکردەوە و حکومەتی سعودیەش بەرهەمهێنانی بەرزکردەوە. لە ماوەی نێوان ١٩٨٦ تا ١٩٩٩، نرخەکان سەقامگیریەکی ڕێژەییان وەرگرتەوە. هەندێ لە چاودێرانی پیشەسازی ڕاتەکانی حەفتایەکان و داتەپینی سەرەتای هەشتایەکانیان بە لادانی نائاسایی ناساند. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، دوو شیکردنەوی بەپێز جەختیان لەوە کردەوە کە "حاڵ و باری ئێستا ئاماژەیە بۆ کەڵەکەبوونی زێدەبەهایەکی زۆر و نرخێکی کەم لە چەند دەیەی داهاتوودا".[٥٢] هەرچۆنێک بێت، لەم سەدەیەدا نرخەکان دووبارە نرکەیان کرد، بە جۆرێک لە ١٠ دۆلار لە ١٩٩٩ بوو بە ١٤٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک لە ٢٠٠٨ بەرزبۆوە. هەر پاش ئەوە بە ٥ مانگ بۆ ٤٠ دۆلار دابەزی.[٥٣]

### گۆڕان لە بەرهەمهێناندا

دەرامەتی نەوتی وڵاتێکیش، وەک نرخەکان، گەپجاری دەستی گۆڕانکاریە لەبەرهەمهێناندا. بۆ نموونە کە وڵاتێک دەستدەکات بە دەرکێشانی نەوت یا گاز، ئەگەر بەرهەمهێنان زیاد بکات ئەوا لە هەموو لایەکەوە دەرامەتی بە لێزمە بەسەردا دەبارێت؛ بە ئەندازەیەک کە حکومەت دەخاتە جوغزێک کە زەحمەتە بتوانێت بە دانایی خەرجیان بکات. بەندی ٦ بە وردی لەم پرسە دەکۆڵێتەوە.

ئەوەمان لەیادبێت ک خاکی وڵاتان بڕێکی سنوورداری نەوت لەخۆدەگرێت و تا ئەزەل بە پڕی نامێنێتەوە، ژمارەی بەرمیلە دەرکێشکراوەکان هێواش هێواش کەمدەکات. بەڵام هەموو وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوت پێویست ناکات بە دەست خەمی تەواوبوونی نەوتەکەی هەراسان بێت. زێدی وڵاتگەلێکی وەک سعودیە، کوێت، ئێراق، و ئێران، توانستیان هەیە تا چەندین دەیە، تەنانەت سەدەش، ئاستی بەرهەمهێنانی بە هاوسەنگی بهێڵنەوە (سەیری هێڵکاری ٢.١٠ بکە). بەڵام زۆرینەی دەوڵەتە نەوتییەکان بەو ئەندازەیە نەوتییان نیە، بۆیە بنکڕکردن داهاتیان دادەتەپێنێت. ئەو وڵاتانەی کە لە هەوەڵەوە داهاتیان کەمە و چاو لە دەرامەتی نەوتیشن دووچاری مەترسیدارترین کێشەکان دێن. چەند وڵاتێکی دیاری نەوتی وەک گابۆن، ئیکوادۆر، و ئەندەنووسیا، لە هەشتا و نەوەدەکانەوە ژێرزەویەکەیان وشکی کردووە، ئەگەرچی نەشپووکانەوە چونکە دواتر تاک و تەرا بیرەنەوتییان دەدۆزیەوە. وڵاتگەلێکیش وەک لیبیا، سوریا، و بەحرەین، چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە نەوتییان لێ ببڕێت.




*هێڵکاری ۲.۱۰: یەدەگی نەوتی سەلمێندراو (۲۰۰۵).*

بە شێوەیەک لە شێوەکان، کورتهێنان و زیادەڕۆیی لە بەرهەمهێنان کەمتر جێگای دڵەڕاوکێیە بە بەراورد بە هەڵبەز و دابەزی نرخ، چونکە ئەویان دەتوانرێت بەساڵیش پێشبینی بکرێ و ڕێوشوێنی بۆ دەگرێتەبەر، بەڵام ئەمیان تەواو ناڕوونە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، بەرهەمهێنانی بێ بەرنامە نیگەرانی زیاتر دروست دەکات چونکە کێشە و چەڵەمەی بە زەبرتر بۆ حکومەتەکان دەخاتەوە، لەوانەش خەمی وشکبوونی بیرە نەوتەکانی وڵات.

ئەو وڵاتانەی کە داهاتیان لە بەرهەمهێنانی نەوتەوە دێ دووچاری ڕێ و ڕێکارێکی تەواو جیاواز دەبن بە بەراورد بەوانەی کە داهات لە شتومەکی ترەوە کۆدەکەنەوە. بۆ ئەوەی چاتر لەم جیاوازیانە بگەین، دەبێت جیاوازی نێوان سامان و داهات لەبەر دیدمان ڕوون بێت. داهاتی تاکێک بریتیە لە مووچەی مانگانەی بەڵام سامانەکەی ئەو بڕە پارەیە کە پاشەکەوتی کردووە. داهاتی وڵاتێکیش بەهای گشتی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەیە کە لە ساڵێک بەرهەمیان دێنێ، بەڵام سامانەکەی ئازوخە کەڵەکەبووەکەیەتی.

هەموو وڵاتێک چوار جۆر سامانی هەیە: سامانی فیزیکی، کە ڕێ و بان و باڵەخانە و بەشەکانی تری ژێرخان دەگرێتەوە؛ سامانی مرۆیی، کە قەبارە و جۆریی و پەروەردە و هێزی کار دەگرێتەوە؛ سامانی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە بنەما و بەهایە هاوبەشەکان و ڕێکخراوە مەدنیەکان؛ و سامانی سروشتی، کە لە خاک و دارستان و کانزاکان پێکهاتووە.[٥٤] سامانی فیزیکی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی بە گشتی لەناوناچن و ناگەنە بنبەست؛ ئەگەر بە ڕێکی چاودێریکران، ئەوا بێ ڕادە داهات دەخەنەوە.

بەڵام ئەو داهاتەی لە نەوتەوە دەوەرێ، بەگشتی و بێ یەک و دوو لە سامانی سروشتیەوە دێت.[٥٥] هەندێک جۆر لەو سەرمایە وەک دارستانەکان و خاک و خۆڵ، دەتواندرێت تەمەنێکی ئەبەدی و ڕەوشێکی خۆگریان هەبێت، بەڵام نەوت سامانێکی سنووردارە، هەرگا چەوساندیانەوە ئیدی سەردەنێتەوە و دیارنامێنێت. ئەو سامانێک نیە بژییێتەوە. هەر کە وڵاتێک نەوتەکەی دەرهێنا و فرۆشتی، ئەوا لە بڕی عەمبارکراوی خۆی لە سامانی سروشتی خواردووە. مەگەر ئەو پارەیەی کە لە فرۆشی ئەو سامانە بەدەستدێت لە جۆگەی سامانی ترەوە بچتە خوارەوە وەک ڕێگا و قوتابخانەکان، بە پێچەوانەوە بیرەنەوتەکان تووشی کڕاندن دێن و داهاتی وڵات دادەتەپێت.

## گرێبەستە لەرزۆکەکان

گۆڕانکاری لە نرخ و بەرهەمهێنان چەند ڕەهەندێکی ناسەقامگیری دەرامەتی نەوتمان بۆ دەردەخا و ڕووندەکاتەوە، بەڵام ئەو گرێبەستانەشی حکومەتەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان واژووی دەکەن دیوی تری ئەم هاوکێشانەمان پشاندەدەن. ئەوە گرێبەستەکانن دیاریدەکەن چەند پارەی هاتوو لە فرۆشی نەوت ئەچێتە ناو خەزێنەی حکومەتەکان، و چەندیش دەڕوا بۆ ناو چنگی کۆمپانیاکان کە یارمەتییان دەدەن لە دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوەی نەوتەکە. ئەم گرێبەستانە دەتوانن ئەو ناسەقامگیریەی لە ئەنجامی گۆڕان لە نرخ و ئەندازەی بەرهەمهێنان دێتەکایەوە، نەرم یا دژوار بکەنەوە.[٥٦]

بۆ تێگەیشتن لە گرنگی گرێبەستەکان، خەملاندنی نرخی نەوت بە پێکهاتەی جێگیری و گۆڕاوی بەسوودە. وێنا بکە کە نرخی بەرمیلێک نەوت لە نێوان ٢٠ بۆ ١٢٠ دۆلار هەڵبەز و دابەز دەکات، بە نرخە ناوانگیرەکەی کە ٧٠ دۆلارە. پێکهاتە جێگیرەکەی ٢٠ دۆلارە – چونکە بەهای لەمە زیاتر دانابەزێ – ئەمە لە دەمێکدایە کە پێکهاتە گۆڕاوەکەی لە نێوان سفر بۆ ١٠٠ دۆلارە بە بەهای ناوەندی ٥٠ دۆلار.

ئەگەر هاتوو گرێبەستێک داهاتی بیرە نەوتێکی بۆ ئەم دوو پێکهاتەیە دابەشکرد، ئەوا کام قەوارە پێکهاتە جێگیرەکەی بەرکەوێت هیچ پێویست ناکا خەم لە نزمبوون و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بخوا، و چی پێکهاتە گۆڕاوەکەی بە نسیب ببێت دووچاری چەرمەسەری دەبێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەوەی پێکهاتە جووڵاوەکەی بەردەکەوێت ناسەقامگیری زیاتری دەکەوتە ڕێ، زیاتر لەوەی گۆرانکاری لە نرخ تووشی دەکات. لە کاتێکدا کە نرخی گشتی نەوت بە کۆلکەی شەش دەگۆڕێت (٢٠ بۆ ١٢٠ دۆلار)، پێکهاتە گۆڕاوەکە بە کۆلکەی سەد دەگۆڕێت (٠ بۆ ١٠٠ دۆلار). لە کۆتا وێستگەدا، پێکهاتە گۆڕاوەکە داهاتی زیاتر بەرهەمدێنێت، بەڵام

هەرچۆنێک بێت مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم داپەڕین و بەرزبوونەوەیە زەحمەتە و دەکرێت زەرەری زۆری ماددی بخاتەوە.

تا پەنجاکانیش، گرێبەستەکان تا ڕادەیەک بەشێکی کەمی جێگیری دەرامەتی نەوتییان بە حکومەتەکان دەبەخشی، و بۆ کۆمپانیا نێدەوڵەتیەکانیش بەشە زۆرە گۆڕاوەکەیان هەڵدەگرت. واتە لە کاتێکدا کە کۆمپانیاکان کەیفیان دەکرد لەگەڵ بەشەپارە زۆرەکە، دەبوایە چاوەڕێی هەموو مەترسیەکیش بکەن بە هەڵبەز و دابەزی نرخەوە. بۆ نموونە، گرێبەستێک لە نێوان (گیتی ئۆیل) و حکومەتی سعودیە ٥٥ سەنت بۆ هەر بەرمیلێکی دانابوو بۆ ئەمیان، بە چاوپۆشی لە نرخی جیهانی - کە خۆی لە ٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەدا.[٥٧] حکومەتی سعودیە داهاتێکی جێگیر و پێشبینیکراوی چنگ دەکەوت، بەڵام لەو دەمەی نرخەکان بەرزبوون و دەرامەت کڵاشەی دەکرد قازانجە باکەوتەکانی لەدەستدەچوو. (گیتی ئۆیڵ) زۆرجار ئەو قازانجە باکەوتانەی هەڵدەگرتەوە بۆخۆی، بەڵام دەبووایە شانداتە بەر ئەو مەترسیانەی لە کاتی هەڵبەز و دابەزی نرخ دووچاری دەهاتن. ئەوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بێ وچان کار بۆ هاوسەنگڕاگرتنی نرخەکانی نەوت بکەن لەڕێی زیادکردن و کەمکردنی بەرهەمهێنانەوە: چونکە ئەوان هەموو لێکەوتەیەکی ناسەقامگیرییان لە ئەستۆ دەگرت.

کە حکومەتان سێکتەری نەوتییان بەنەتەوەییکرد لە شەست و حەفتایەکان ئیدی زۆرێک لە بەندەکانی ناو گرێبەستەکان ئاوەژووبوون. ئەمرۆ کۆمپانیاکان لە بەشە کەم و جێگیرەکە دەخۆن، و حکومەتانیش لە بەشە زۆر و ناجێگیرەکە. لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گرێبەستێکی نەوتی ئەنگۆلا نیشانیدا کە ٥٠ لەسەدی بەرزبوونەوە لە نرخ ڕێ بۆ حکومەت خۆش دەکات لەسەدا ٨٢ی دەرامەتەکەی بەرزبێتەوە، بەڵام دەرامەتی کۆمپانیا جیهانیەکە تەنیا ٩ لەسەدا بەرزدەبێتەوە؛ کەواتە دابەزینی نرخ گورزێکی کوشندە لە حکومەتەکە دەوەشێنێت.[٥٨] کاتێ

بازاڕی نەوت دەبوژێتەوە حکومەتان بێ ئەندازە قازانج دەکەن، و کاتێک دادەڕمێت بێ ئەندازە زەرەر دەکەن.[59]




*هێڵکاری ١١.٢: دەرامەتی نەوت لە ئێران و مسڕ (١٩٧٠-٢٠٠٩).*

گرێبەستەکان بە چەند شێوەیەکی تریش کار لە سەقامگیربوونی دەرامەتی نەوت دەکەن. کاتێک گرێبەستێک لەدوا قۆناغەکانی تەواوبوونیەتی، حکومەتان چەند جارێک "پاداشتی واژووکردن"ی ڕاستەوخۆ وەردەگرن، کە خۆی وەک باکەوتەیەکی یەکجارەکی دەنوێنێت. کۆمپانیاکان قەرەبووی ئەو بەخششانە و تێچووە سەرەتاییەکانیان لە ڕێی پێدانی باج وکرێی کەمتر لە چەند ساڵی یەکەم دەکەنەوە. بێگومان، دوای وەرگرتنی پاداشتی واژووکردن حکومەتان داهاتێکی کەمتر لە سەرەتادا دەچننەوە - ئەمەش نرکە و کۆست لە دەرامەتی حکومەت دروست دەکات، تەنانەت ئەگەر نرخ و ئاستی بەرهەمهێنان جێگیریش بن.

حکومەتەکان هەژموونێکی کەمیان بەسەر نرخی نەوتەوە هەیە، بەڵام بارتەقایان بەسەر گرێبەستەکان دەشکێت. لەگەڵ هەبوونی هەژموونیش بەسەر گرێبەستەکانەوە، حکومەتان لە جیاتی ئەوەی گرێبەست بەجۆرێک دارێژن کە دەرامەتەکانیان سەقامگیر بکات، زۆرجار بەهەڵەدادەچن و ناوەڕۆکی گرێبەستەکان بە قازانجی کۆمپانیاکان دەشکێننەوە.

ئەو سێ هۆکارە پێکرا- نرخی گۆڕاو، ئاستی بەرهەمهێنانی جوڵاو، و گرێبەستە لەرزۆکەکان- بودجەی دەوڵەتە نەوتییەکان بە شێوەیەکی نائاسایی ناسەقامگیر دەکەن. هێڵکاری ٢.١١ جیاوازی نێوان دەرامەتی حکومەتی ئێرانی دەوڵەمەند بە نەوت و حکومەتی میسری هەژار بە نەوت دەکات. لە ساڵی ١٩٧٠، هەر یەک لەو دوو حکومەتە ١٢ ملیار دۆلار دەرامەتیان کۆکردەوە (بەپێی بەهای دۆلاری لەو ساڵە). لەو دەمەوە دەرامەتی ئێران خێراتر گەشەی کردووە، بەڵام ناجێگیرتریش بووە- سێقات زیادی کردووە لە ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٤، هەشتا لەسەد کەمیکردووە لە ١٩٧٤ بۆ ١٩٨٨، دواتر خێرا بەڵام ناڕێک بەرەوژوور ڕۆیشتووە لە ١٩٨٨ بۆ ٢٠٠٥.

### شاراوەیی دەرامەتی نەوت

حەشاردانی دەرامەتی نەوت بۆ حکومەتان زۆر سانایە. زۆرێک لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان بە شاراوەیی نایهێڵنەوە، لەوانەش بەرازیل، نیوزلەندا، نەرویج و ویلایەتی ئالاسکای ئەمریکی نموونەن بۆ بەرجەستەکردنی شەفافی لە داهاتی نەوت.[٦٠] بەڵام زۆربەی بەرهەمهێنە نادیموکراتییەکان، و نیمچە دیموکراتییەکانی وەک ئێران و ڤەنزوێلا سوود لە ڕەوشە خلیسکاوەکەی دەرامەتی نەوت وەردەگرن و لە میللەت دەیشارنەوە. لێکۆڵینەوەیەک دەریخستووە کە "شاراوەیی لە نێو پیشەسازیەکی وەک نەوت ئەوەندە قێزەون و بێتامە کە تەنانەت کۆمپانیا و

دەوڵەتە نەوتییەکان خۆشیان بە شەرمەوە تۆمەتە بەردەوامەکان ڕەت دەکەنەوە". [61]

شاراوەیی هەر بە زگماکی پێوانەکردنی قورسە. هیچ ڕێیەکی ئاسان نیە بۆ دەرخستنی ئەو بڕە پارەیەی حکومەت لە هاولاتیانی خۆی دەشارێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی وڵاتان بەکەڵکە بۆ لابردنی تۆزێک لە ناڕونی.[62] بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کامیرۆن پشانیداوە کە تەنیا ٤٦ لەسەدی داهاتی نەوت لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ بۆ ٢٠٠٦ چۆتە ناو بودجەوە، و ٥٤کەی بێ سەروشوێنە.[63]وردبوونەوەیەک لە بودجەی ٩٤ وڵات لەسەر ئاستی جیهان کە لە ٢٠١٠ ئەنجامدرابوو، بودجەی نەتەوەیی وڵاتە پشبەستوو بە هایدرۆکاربۆنەکانی بە ناشەفافتر لە وڵاتانی تر لە قەڵەمدابوو.[64]

دەتوانرێت شاراوەییە دەگمەنەکەی دەوڵەتە نەوتییەکان بۆ بڵاونەکردنەوەی داتای داهاتەکان لە دەرەوەی بودجە بگەڕێتەوە. ئەو حکومەتانەی لەسەر نەوت بژێوی دەکەن زۆرجار حەز بە هێشتنەوەی هەندێ لە پسوولەکانیان لە دەرەوەی تۆمارەکان دەکەن. هەندێ کات لە کەلێنی دەفتەری کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت داتاکان تۆمار دەکەن، چونکە لەوێ لە دەست و پەنجەی هاووڵاتیان پارێزراوە. بۆ نموونە:

- سوهارتۆی سەرۆکی پێشووی ئەندەنووسیا بەر لەوەی هەڵوەلابکرێت لە ١٩٩٧، کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی (پێرتینیا)ی بەکاردەهێنا تا پارە پەخشان بکات بەسەر پشتیوانانی. دەسەڵاتی ئەو کۆمپانیایە لە ترۆپکدابوو، پێرتینیا یەک لەسەر سێی بودجەی حکومەتی لەچنگدابوو و داهاتەکەشی لە هاولاتیان شاراوە بوو.[65]

- بەدرێژایی فەرمانڕەوایی سەدام حوسێن، نیوەی زیاتری داهاتی ئێراق لە جۆگەی (کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی ئێراقی)ەوە دەرژایەوە ناو بودجەی دەوڵەت، کەچی بودجەی ئەو کۆمپانیایە شاراوە بوو.[٦٦]
- لە ئازەربایجان زیاتر لە نیوەی بودجەی وڵات بە ناو کۆمپانیا نەوتیە نەتەوەییەکەدا دەڕوات، کە بە سۆکار (SOCAR) ناسراوە، ئەمیش کۆی گشتی داهاتەکەی دیارنیە.[٦٧]
- بەشێکی بەرچاوی بودجەی حکومەتی ئەنگۆلا بە ناو کۆمپانیا نەوتیەکەی دادەڕوات کە ناوی (سۆنانگۆلە). هەرگیز داهاتی ئەو کۆمپانیایە بۆ ڕای گشتی ئاشکرانەکراوە، بەڵام بەپێی راپۆرتێکی شیکاری ١٩٩٥ی IMF، لەسەدا ٤٠ی خەرجی حکومی پێکدێنێت.[٦٨]
- حزبی شۆڕشگێریی دامەزراوەیی مەکسیک (PRI)، کە لە ١٩٢٩ تا ٢٠٠٠ دەسەڵاتی لەو وڵاتە بەدەستبوو، تەواو پشتی بەو پارەیە بەستبوو کە لەلایەن کۆمپانای نەوتی نەتەوەییەوە (PEMEX) بۆی دەهات. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠دا، PEMEX زیاتر لە سەد ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵمەتی بانگەشەی PRI خەرج کرد لە ڕێی یەکێتی کرێکارانی نەوتەوە، بە پێی وتەی رۆژنامەکان.[٦٩] هەڵبژاردنەکە لە دوای بەرزبوونەوەیەکی لەناکاو ڕوویدا لە خەرجیە دانایەکانی PEMEX لە "سەندیکا مەدەنیەکان، خوێندنگەکان، دامەزراوەکان، هەرەوەزی کشتوکاڵی و ماسیگری، یەکێتیەکان، و حکومەتە خۆجێیەکان"، کە ئەم شوێنانەش لە ناوچەی سیاسی گرنگدابوون.[٧٠]
- کە ئاگری جەنگی ناوەخۆ لە لیبیا بڵێسەی کرد لە ٢٠١١، کۆلۆنێل موعەمەر قەزافی بەهۆی ئەو "دەیان ملیارانە"ی کە لە تەرابلوس شاردبوونیەوە لە ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکە دەربازی بوو، و پارەکەی بەکارهێنا بۆ کڕینی دڵسۆزی و بەکرێگیراو. بەپێی *نیویۆرک تایمز*،

کاربەدەستانی هەواڵگریەکەی وتویانە کە جیاوازیکردن لە نێوان ماڵ و سامانی حکومەتی لیبی، بە سامانە نەتەوەییەکەشیەوە، لەگەڵ ماڵ و سامانی خێزانی قەزافی، شتێکی زەحمەتبووە بۆیان.[٧١]

ڕاستە ئابڕووبەرترین نموونە لەهەمبەر هەڵمژینی پارە لە دەرەوەی بودجە لە حکومەتە دەسەڵاتخوازەکانەوە دەبیندرێن ، بەڵام وڵاتە نیمچە دیموکراتییەکانیش بە هەمان دەردەوە دەناڵێنن. حکومەتی ئێرانی قازانجی نەوت بۆ سیاسیە بەهێزەکان دەگوازێتەوە لەڕێی *بۆنیادەکانەوە*- کە زەبە کۆمپانیای نیمچە حکومین و بە گۆترە لە دەرەوەی دەسەڵاتی کەرتی گشتین و تۆمارەکەیان بۆ ڕای گشتی دەرناخەن.[٧٢]

نموونەی ڤەنزوێلا زیاتریشمان پێدەڵێت. لە هەشتا و نەوەدەکاندا پێترۆلیۆس دی ڤەنزوێلا (PDVSA)، یەکێک بوو لە سەربەخۆترین کۆمپانیایە نەتەوەییەکان لە ڕووی سیاسیەوە و لە زۆران باشتر بە ڕێوەدەبردرا. بەڵام لە سەرەتای دووهەزارەکاندا (هۆگۆ شاڤێز)ی سەرۆکی ئەو وڵاتە، PDVSA لە دەسەڵاتە سەربەخۆییەکەی ڕاماڵی و بە کاربەدەستانی نزیک لە خۆی جومگە گرنگەکانی پڕکردنەوە. دواتر PDVSA کردە بەرپرس لە بەرێوەبردنی چەند بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی، کە توند بە ئامێرە سیاسیەکەیەوە گرێدرابوون. تا ساڵی ٢٠٠٤، دوو لەسەر سێی بودجەی PDVSA بۆ بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان چوون، نەک چالاکیەکانی پەیوەست بە نەوت. تا بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان زیاددەبوون، شەفافیەت کاڵتر دەبۆوە. لە پاش ٢٠٠٣وە دەرخستنی مامەڵەی ئابووری بۆ ڕای گشتی تەواو کەمدەبیندرا، و چاودێرە سەربەخۆیەکان وتیان پەیتا پەیتا زەحمەتتر دەبێ بۆیان چاودێری چالاکی ئابووری ئەو وڵاتە بکەن.[٧٣]

کۆمپانیا خۆماڵییەکانی وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا دەکرێت بە هەمان ئەندازە گەندەڵ بن. لە نیوەی نەوەدەکاندا کۆمەڵێک دەزگای چاودێری ئاشکرایانکرد کە (ئیلف ئەکواتاین)، کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی فەرەنسا، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی پاڵپشتی دارایی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکارهاتووە، بە تایبەتی پارتی (گاولیست ڕاڵی)، بۆ سەرۆکایتی کۆمار. (جۆن هێلبریۆم) ئاماژە بەوە دەکات کە:

"داواکارەکان بەڵگەیان هەیە کە هەندێ کەس لە دەستەی بەڕێوەبەری ئیلف نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن یۆریۆیان لووشداوە و بۆ پاڵپشتی دارایی هەڵمەتەکان، بەرتیلپێدانی سیاسەتمەدارەکانی دەرەوەی وڵات، و خۆدەوڵەمەندکردن. لە ٢٠٠٣ بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی تێوەگلابوون لەم ڕسواییە دادگا دانیشت. دادگاییکردنەکە چەند کۆنە وەزیرێک، سەرۆکی ئەنجومەنی دەستووری فەڕەنسی، هیڵمەت کۆهلی سەرۆکی پێشووی ئەڵمانیا، عومەر بۆنگۆی سەرۆکی گابۆن، دەنیز ساسۆ نیگۆسۆی سەرۆکی کۆنگۆی پەلکێشکرد بۆ ناو بازنەی تۆمەت".[٧٤]

دوو لە ڕەوشەکانی ئەم پیشەسازیە، کە لەسەرەوە هەڵوەستەیان لەسەر کرا، یارمەتیدەردەبن لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی دەرامەتی نەوت وەها بە ئاسانی دەشاردرێتەوە. چونکە بیرەنەوتەکان موڵکی دەوڵەتن، کۆمپانیا تایبەتەکان تەنیا لە ڕێی گرێبەست لەگەڵ حکومەتەوە دەتوانن ئیشی تێدا بکەن، ئەمەش زۆرجار لە ڕێی کۆمپانیا نەتەوەییەکانەوە دەبێت. ئەم گرێبەستانە ناویان بە ئاڵۆزی و لێڵی دەرکردووە، بەڵام بە تەواوی بۆ کۆمپانیاکان دیاریدەکەن کە چەند پارە بدەن.[٧٥] چونکە مەرج و بەندەکانی ناو ئەم گرێبەستانە بە زۆری بە نهێنی دەمێننەوە، بۆ چاودێران ئەستەمە بزانن قەبارەی ئەم پارەیەی کۆمپانیاکان دەیدەن چەندە. هەرچەندیشە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان دەتوانن ئەم برە پارەیە بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو، بەڵام بە دەگمەن نەبێت واناکەن.[٧٦] ئەگەر بهاتبا

بیرەنەوتەکان لەلایەن دەوڵەتانەوە خاوەنداریەتی نەکرابان، ئەوا پێویستی بەم دانووسان و بینە و بەردانە نەدەکرد: ئەو کات کۆمپانیاکان دەیانتوانی مافی موڵکداری نەوت بکڕنەوە هەروەک چۆن هی زەوی دەکڕنەوە، و کۆمپانیا نەوتییەکان ملکەچی ڕێکارەکانی باج دەبوون هەروەک کۆمپانیاکانی تر.

ڕەوشی سێیەم، شان و شەوکەتی کۆمپانیا نەتەوەییە نەوتییەکانە کە لە حەفتایەکانەوە باڵیان بەسەر ئەم پیشەسازیەدا کێشاوە. خاوەنداری دەوڵەت لە هەموو بوارێک – کشتوکاڵ، پیشەگەری، و خزمەتگوزارییەکان – تا هەشتاکان نەریتێکی زیندوو بوو. بەڵام لە هەشتا و نەوەدەکانەوە زۆربەی وڵاتان زۆرێک لە کۆمپانایا و سێکتەرەکانیان ڕادەستی کەرتی تایبەت کردەوە، چونکە بوونی ئەوان ئیدی بە ناکارامە و گەندەڵ و مشەخۆر لەسەر داهاتی وڵات لە قەڵەمدەدرا. لە وڵاتانی کەم داهات، ڕێژەی دامەزراندن هەروا بەرەو خوار دەڕوا، بە جۆرێک کە دامەزراندن لە کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی لەسەدا ٢٠ لە ١٩٨٠ بۆ لەسەدا ٩ لە ١٩٩٧ دابەزیوە؛ هەروەها لە وڵاتانی داهات نێوەنجی لەسەدا ١٣ بۆ لەسەدا ٢ کەمیکردووە لە هەمان ماوەدا.[٧٧]

کەچی هێشتاش ئەم وڵاتانە بەخۆنەکەوتوون و نەبزاوتوون بۆ ئەوەی کاروباری نەوت بە کەرتی تایبەت بسپێرن. لە ڕاستیدا، لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە دنیا گەردەلوولێکی تری بەخۆماڵیکردنی بەخۆوە دی کە هەر یەک لە ڤەنزوێلا، ڕووسیا،بۆلیڤیا، و ئیکوادۆری گرتەوە، ئەمیش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەوە هەڵیکرد.[٧٨] لە زۆرێک لە وڵاتانی نادیموکرات، بودجەی کۆمپانیا خۆماڵییەکان لە چاودێری پەرلەمانیەوە دوورە. ڕوونە کە بوونی پەرلەمان لەم جۆرە وڵاتانە سیمبولیەوە و ڕۆڵەکەی دیاریکراوە. سەرەڕای ئەمەش، حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان چەند ڕووبکردنەوەیەک و پەیامێک بۆ خەڵکی و پەرلەمان دەربارەی بودجە دەخەنەڕوو؛ بەڵام بێگومان بودجەی کۆمپانیا خۆماڵییەکان یان

نایەتە بەرباس، یان تۆزێکی لێهەڵدەکەندرێ کە هیچ خزمەت بە پرسی شەفافیەت ناکات.

ئەگەر کۆمەڵە ژمێریارێکی دەستپاک و نیەتپاک حکومەتەکان بەڕێوەببەن، ئەم ڕەوشە سەیرانەی نەوت لەوانەیە تەواو کاڵببنەوە و نەمێن. بەڵام حکومەتەکان لەلایەن ژمارەیەک لە سیاسی خۆپەرستەوە بەڕێوەدەبردرێن کە تەواو سەرخۆش و نغرۆبوون لەناو ئەو موڵک و سامانەی لە ژێر چنگیاندایە. بە گشتی، ئەو وڵاتانەی کە دەرامەتەکانیان قەبە و ناجێگیر و ناڕوونە و لە باجەوە سەرچاوەناگرێت، تووشی چەند ڕەوشێکی سەیر و سەمەرە دەبن.

## بەندی ٣: نەوت  وەک دومەڵ بەسەر دیموکراسییەوە

"کێشەکە ئەوەیە یەزدانی مەزن بە ڕەوای نەبینی بیرەکانی نەوت و گاز لە زێدی دەوڵەتە دیموکراتییەکان دابنێت."

– دیک چینی، جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا، ساڵی ٢٠٠٠.

لە مانگی یەکی ٢٠١١دا شەپۆڵێکی ناڕەزایی و خۆپیشاندان، بە هوتافی دەستخستنی دیموکراسی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە. بۆ چەندین دەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دیموکراسی بێبەش و لە نەوت تێربووە، زیاتر بە بەراورد بە هەر هەرێمێکی تری دنیا. بەڵام ئەم گونجانە هەروا بە ڕێکەوت نیە: ئەو فەرمانڕەوایانەی لەسەر نەوت مشەخۆری دەکەن خۆیان لە پارەی پیترۆدۆلار خۆشکردووە و بۆ مانەوە لە دەسەڵات و خنکاندنی چاکسازیە دیموکراتییەکان بەکاریدەهێنن. خۆپیشاندەران ڕژانە نێزیکەی تەواوی شەقامی عەرەبی، بەڵام لابردنی دەسەڵاتدارەکان لە وڵاتانی کەم نەوتی وەک تونس و میسر ئاسانتر بوو، بە بەراورد بە وڵاتگەلێکی وەک لیبیا و بەحرەین و سعودیە و جەزائیر، کە خاوەن سامانی نەوتی زەبەلاحن.

نەوت هەمیشە ئاستەنگ و سەختی بۆ دیموکراسی نەهێناوە. تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش ئاسۆی دیموکراسی وەک یەک لە دەمکەلی دەوڵەتە نەوتییەکان و ئەوانی تر دیاربوو. هەرچۆنێک بێت، لە کۆتایی حەفتاکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکان، تەوژمێکی لاسار و بەهێزی دیموکراسی هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایەی بەسەرکردەوە، و بە کردار ئازادی بۆ هەموو هەرێم و ناوچەکان هێنا، بەدەر  لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا، و

یەکێتی سۆڤیەتی جاران. لە نێوان ١٩٨٠ بۆ ٢٠١١، خەرەندی جیاوازی دیموکراسی لە نێوان دەوڵەتە نەوتی و بێ نەوتەکان فراوانتریش بوو.

ئەم بەشە تیشکدەخاتە سەر ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سوودوەرگرتنی دیکتاتۆرەکان لە نەوت وەک ئامرازێک بۆ جڵەودانی دەسەڵات، ئەویش لە ڕێی زیادکردنی خەرجی، کەمکردنەوەی باج، کڕینی دڵسۆزی هێزە چەکدارەکان، و شاردنەوەی گەندەڵی و بێکارامەیی خۆیان. بۆ ئەو وڵاتەی نەوتی هەبێ دەرگای ئازادیە دیموکراتییەکان هەمیشە داخراو نیە: مشتێک لە وڵاتانی خاوەن سامانی زەبەی نەوت بە سەرکەوتووی پەڕینەتەوە کەنارەکانی دیموکراسی- مەکسیک و نەیجیریا تازەترین نموونەن. کەچی هێشتاش لە نێوان دەوڵەتە نەوتییەکان- بە تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- لە ئامێزگرتنی دیموکراسی بە تەواوی دەگمەن بووە. نەوت و دیموکراسی بە هەوەنتە ئاوێتەی یەکتری نابن.[1]

### سەرچاوەکانی دیموکراسی

هیچ مژارێک ئەوەندەی دیموکراسی بیر و هۆشی زانا سیاسییەکان بەرەو خۆی ڕاناکێشێ، بەڵام ئەوان لە زۆرێک لە پرسیارە کرۆکییەکان ناگەنە سازان، لەوانەش چ شتێک وا لە دیکتاتۆرەکان دەکات بەرەو دیموکراسی هەنگاوبنێن، و بە پێچەوانەوەش، هۆکارەکانی پشت هەڵگەرانەوەی دیموکراتخوازەکان بۆ دیکتاتۆری چیە؟ تەنانەت پرسیاری سادە و ساکاری وەک ئەوەی دیموکراسی چۆن پێناسەبکرێ و بپێورێ، تا هەنووکەش بە چڕ و پڕی چەلەحانێی لەسەر دەکرێ.

زۆرێک لەو زانایانە لەگەڵ (ئادەم پۆلزیویسکی) و هاوکارانی هاوڕانە، بەوەی کە هەر وڵاتێک ناسناوی دیموکراسی بەسەردا ببڕێتەوە ئەوا دەبێ بە لایەنی کەم چوار مەرجی تێدا هەبێ: سەرداری جێبەجێکاری حکومەتەکە، جا چ سەرۆک بێت یا سەرۆک وەزیران، دەبێ هەڵبژێردرێ؛ دامەزراوەی یاسادانان دەبێ هەڵبژێردرێ؛

بەلایەنی کەمەوە دوو دەستەی سیاسی گەورە هەبن و ئازادانە بکەونە ناو کێبڕکێی سیاسییەوە لە هەڵبژاردنەکان؛ و بەلایەنی کەمەوە سەری تاکە حکومەتێکی ناشەرعی لە عەرز درابێ و یەکێکی هەڵبژێردراو شوێنی گرتبێتەوە.[٢]

ئەو زانایانە لەسەر زۆربوونی چەندایەتی وڵاتانی دیموکراسیش کۆکبوون، بە پێی کات (سەیری هێلکاری ١.٣ کە). دنیا لە حەفتایەکاندا بۆ هەر سێ وڵاتێکی دیکتاتۆر یەکێکی دیموکراسی لەخۆگرتبوو. لە نەوەدەکان ژمارەی وڵاتانی دیموکراسی لە دیکتاتۆرییەکان زیاتربوو. ئەمڕۆ وڵاتانی دیموکراسی نزیکەی لەسەدا ٦٠ی جیهان پێکدەهێنن.

پەی بردن بەم ڕێڕەوە مێژووییەی دیموکراسی زۆر زەحمەتترە، و لێکۆڵینەوە جیاکان پێیان لەسەر هۆکارگەلی جیا داگرتووە. ئەگەر پرسی نەوت بەلاوە بنێن، ئەوا هەندێ لە فاکتەرە دیارەکان بریتین لە:

- *داهاتی بەرز.* چەند توێژینەوەیەک دەریانخستووە کە، تا دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان داهاتیان زیاتربێ، ئەوا ئەگەری هەڵگەڕانەوەیان بۆ دیموکراسی زۆرتر دەبێت.[٣]
- *گەشەی ئابووری هێواش.* بە وتەی چەند توێژەرێک، ئەو دەمەی قەیرانی ئابووری بەرۆکی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان دەگرێ ئەوا لەوانەیە ڕوو لە دیموکراسی بکەن.[٤]
- *پێگەی جوغرافی دراوسێ.* (ساموێل هانتیگتۆن) چاپووکانە درکی بەوەکرد کە پرۆسەی بازدان بەرەو دیموکراسی "بە کۆمەڵ" بووە: دەوڵەتە هاوسێیەکان شان بە شانی یەکتری هەنگاویان بەرەو دیموکراسی ناوە یان لێی دوورکەوتوونەتەوە – وەک وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە هەشتاکان، ئەفریقا و ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەلات لە

نەوەدەکان، و تەنانەت هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەمڕۆدا. لێکۆڵینەوە تازەکان چەندین ڕوونکردنەوەیان بۆ ئەم دیاردەیە خستۆتە بەردەست. ئەگەر کارتێکەرەکانی تر بە یەکسانی بمێننەوە، ئەوا پەلهاویشتنی وڵاتێک بۆ دیموکراسی تێشووی دیموکراتی وڵاتانی دەوروبەریشی پڕ دەکات.[5]

- *کەلتووری ئیسلامی*. زۆرێک لە چاودێران داب و کەلتووری ئیسلامی بە بەربەست و چەڵەمە لە بەردەم دیموکراسی دەناسێنن، کە ئەمەش دواکەوتنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە کاروانی دیموکراسی ڕووندەکاتەوە.




*هێڵکاری ١.٣: ژمارەی دەوڵەتە دیموکراتی و دیکتاتۆرییەکان (١٩٦٠- ٢٠٠٨).*

هێڵە سپیەکە ئاماژەیە بۆ دەوڵەتە ئۆتۆکراتەکان، و هێڵە ڕەشەکەش گوزارشت لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان دەکات.

داتاکان لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکردنەوەی ئامارییان بۆ کراوە.

لێکۆڵینەوەکان لە سەر گرنگی ئەم فاکتەرانەی باسکران کۆک نین. کتێبەکانی بەم دواییەی (کارلس بۆیکس) و (دارۆن ئەکیماگلۆ) و (جەیمس ڕۆبینسۆن) دەڵێن نایەکسانی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت؛ لەولاشەوە لێکۆڵینەوەیەکی تری (ئەکیماگلۆ) و (ڕۆبینسۆن) و هاوکارەکانیان، (سیمۆن جۆنسۆن) و (پێری یارد) جەخت لە جۆریەتی فەرمانڕەوی کۆلۆنیالی و کەڵەکەبوونی خۆسازیە مێژوویەکان دەکەنەوە.[٧] بۆیە، هەروەک دیارە، توێژینەوە لەم پرسە لەرزۆک و ناجێگیرە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شایەنی مشتومڕە.

**بۆ نەوت دەبێ گرنگ بێت؟**

تەنانەت ئەگەر زۆرێک لەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەش بەرجەستە بکرێن، نەوت هەر گۆڕانکاری دروست دەکات و ناوەستێ: تا حکومەتێکی دەسەڵاتخواز زیاتر و زیاتر نەوت لە خاکی وڵاتەکەی بمژێ، پتر لە گەشتەکەی بەرەو دیموکراسی دوادەکەوێ. لە بەندی دووەم کرداری بەرهەمهێنانی نەوت وەک کارتێکەرێک لەسەر دەرامەتی ئەم سامانە خراوەتەڕوو، بەڵام بۆ دەبێ پارەی هەڵێنجدراو لەم پیشەسازیە کار لە ئاستی لێپرسراویەتی[*] حکومەت بکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە هانا بۆ بیردۆزێک لە بیردۆزەکانی دیموکراسی ببەین کە لە پرسەکانی پەیوەست بە ئابووری دەکۆڵێتەوە.

---

[*]Accountablity : بەرپرسیارەتی حکومەت لە ئاست ئەو سیاسەتانەی پەیڕەوی دەکات و ئەو یاسایانەی جێبەجێیان دەکات، و سەرئەنجام راپێچکردنی ئەو لایەنانەی کە لە گەندەڵی یان

له ڕێگەی ئەزبەرکردنی پێچوپەنا سیاسییەکانی بودجەوە، زانا کۆمەڵایەتییەکان تەواو ئاگادارن لە چۆنیەتی یاریکردن بە دارای حکومی لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە، و لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هاوڵاتیانیش بۆ ئەم یارییپێکردنە. زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە دەرامەت و خەرجی حکومەتەکان مەیلی هەڵبەز و دابەزیان هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکان، ئەمیش چونکە سیاسەتمەدارەکان بە درێژایی ئەم پرۆسە خەرجی زیاد دەکەن و باجیش کەم دەکەن تا دەنگی زیاتر کۆبکەنەوە. زاناکان زۆرێک لەم سوڕە سیاسیانەی بودجەیان لە وڵاتە دیموکراسییەکان تێبینی کردووە، لەوانە تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە هەرە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا ڕیزپەڕ نەبوونە، بە دەوڵەتە دیموکراسییەکانی ئەمریکای لاتینیشەوە کە تازە شکۆفەیان داوە. کەم تا زۆر سەردارەکان داهاتی دەوڵەت بەکاردەهێنن تا خۆیان لە دڵی جەماوەردا شیرین بکەن. سوڕی بودجە لە وڵاتە خۆسەپێنەکانیش خولدەدا؛ تەنانەت کە هەڵبژاردنەکان ئاڵنگاری چڕیشیان تێدا بەدی نەکرێ، هێشتاش سیاسەتمەدارە دیکتاتۆرەکان پەنا دەبەنە بەر پارەی بودجە تا پشتیوانی شەقام بەدەستبێنن.[٨]

ئەم لێکۆڵینەوانە لەسەر خاڵێکی کرۆکی کۆکن: خەڵکی لە باوەشی حکومەتی خاوەن بودجەی بەرز و باجی نزم باشتر دەحەوێنەوە. بەڵام ئەمە چیمان لەسەر دیموکراسی پێدەڵێ؟

دەتوانین لەم لێکۆڵینەوانەی کە سەرهەڵدانی حکومەتە دیموکراتییەکان بە کۆکردنەوەی باج دەبەستنەوە بەڵگەی زیاتر کۆبکەینەوە. هەندێک لە بیرمەندان دەڵێن کە کاتێک دیکتاتۆرەکان داوای باج لە خەڵک دەکەن، خەڵکیش لە بەرامبەردا داوای حکومەتی نوێنەرایەتی لە دەوڵەت دەکەن.[٩] ئەو بەڵگانەشی کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو کۆلکەیە ساغدەکەنەوە لەو مێژووناسانە دەستمانکەوتوون کە بەردەوام گوتوویانە حکومەتە نوێنەرایەتییەکانی ئەوروپا

لەسەر کەلاکی پاشایەکانی ئینگەلتەرا، فەرەنسا، ئیسپانیا، نەمسا-هەنگاری، و هۆڵەندا لە سەرەتای مۆدێرنەدا سەریان دەرهێنا، چونکە ئەو پاشایانە ناچارکران دەست لە بەشێک لە هێز و هەژموونیان هەڵگرن بۆ پەرلەمانەکانیان لەبەرامبەر ڕێپێدان بۆ سەپاندنی باجی زیاتر. لە سەردەمی پاشایەتی و حوکمی کەنیسەدا لە ئەوروپا، زۆرینەی داهاتی باج — لە هەر دەوڵەتۆچکەیەک- بۆ گەنجینەی خێزانی شاهانە دەگەڕاوە، بەڵام وردە وردە پەرلەمانەکان دەسەڵات و داهاتی باجییان لە بنەماڵە پاشاییەکان وەرگرتەوە؛ بەمەش ئەوروپا بۆ دیموکراسی پێڕەوکە بوو.[10]

زۆرێک لە هاوڵاتییانی ئەمریکیش بە نموونەیەکی هاوشێوە ئاشنان. لەم سێزدە کۆلۆنیەی کە سەرەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی لێ دروستبوو، بەرهەڵستکاری بۆ باجی بەریتانیا - بە دیاریکراوی بڕیاری شاهانەی ساڵی ١٧٦٥، کە باجی خستەسەر بەرهەمە چاپکراوەکان- بووە هاندەر و هەوێنێک بۆ سەربەخۆیی. هەرچەندە کە یاسای باجەکە هەڵوەشاوە لە کۆتاییدا، ئەو ڕاستیەی کە پاشا جۆرج "باجی خستە سەرمان بێ ڕەزامەندی خۆمان" وەک وتەی شۆڕشگێڕێکی زەحمەتکێش لە ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی ساڵی ١٧٧٦ دا مۆرکی وەرگرت، و دواتر بووە هۆی پشکوتنی حکومەتێکی سەروەر کە ملکەچی بنەما دیموکراسیەکان بوو.[11]

لە توێژینەوەیەکم لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەوەم دەرخست کە، سەرەڕای کەموکورتیەکان، ئەو تیۆریەی سەرەوە هێشتا بەکارە. کرۆکی شیمانەکە هاوار بۆ ئەم ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە دەکات کە بابایەک بە باجی کەم نەبێ ڕازی نابێ، و هەر کە دیکتاتۆرەکان باجیان زیاد کرد ئەوا ناچار بە گرتنەبەری ڕێی دیموکراسی دەکرێن. کەچی من بە بڕی باج لە گشت وڵاتەکان لە نێوان ١٩٧١ بۆ ١٩٩٧ داچوومەوە و هیچ بەڵگەیەکم بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ئەرگومێنتە نەدۆزیەوە. بەڵام

شیکردنەوە ئامارییەکانم بۆچوونێکی تریان ساغکردەوە، کە من، بە تۆزێک جوانکارییەوە، بە خوێنەر ئاشنای دەکەم: هاولاتییان ئەو دەمە باجی زۆر ڕەتدەکەنەوە کە *لە دەرچەیەکی تر قازانجێکی بۆ ئەوان تێدا نەبێ.*

ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە هاولاتییان لە یەک کاتدا داوای باجی کەم بۆ خۆیان و خزمەتگوزاری زۆر لە حکومەتەکانیان دەکەن. بە چاوپۆشی لە لێکەوتە پڕوکێنەرە داراییەکان بۆ سەر گیرفانیان، خەڵکی نایانەوێ باجی سەرشانیان لە جۆبارەکانیانەوە نەدەنە حکومەت. لەولاشەوە، خەڵکی حەز ناکەن لەسەر حیسابی ئەوان داهاتی حکومەتەکان تا کەشکەلانی گەردوون بڕوات. لەباتی ئەو دوو بژاردەیە، ئەوان حەزدەکەن لە هەردوو جۆگەکە بخۆن، واتە باجی کەم بدەنە حکومەت و چاوەڕێی خزمەتی زۆربن لێیەوە. واتە، ئەگەر هاتوو باج بەرزبۆوە و خزمەتگوزاری وەک خۆی ماوە، یانیش گەر خزمەتگوزاری نزمبۆوە و باج نەگۆڕ بوو، ئەوا هاولاتییان دەخرۆشێن و ئەم ڕاستیە قوبوڵ ناکەن.

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە خەڵکی حکومەتێکی لەرزۆکیان پێ پەسەند نیە و چاویان لە دانەیەکی کارامەیە– حکومەتێک کە بەرژەوندیەکانیان تا باشترین ڕادە بپارێزێ. ئەو حکومەتە دەسەڵاتخوازانەی باج *وەک بەشێک لە خەرجی حکومی* بە کەمی دەهێڵنەوە، توانیویانە تا ئاستێکی باش خۆ لە ڕێی دیموکراسی ببورن.[١٢]

ئەو تیۆریەی کە دەڵێ بەرزبوونەوە لە باج هاوڕێژە بێ لەگەڵ خەرجی حکومەت ڕێ بۆ جوڵانەوەی دیموکراتی خۆش دەکات، زۆر لە بیرۆکەی سوڕی سیاسی بودجەوە نزیکە. ئەوان هەردووک دەڵێن عەوامەکە پشتیوانی حکومەتێک دەکەن کە باجی کەمیان لێ داوابکات و خزمەتی زۆریان بداتێ، و کار بۆ لادانی ئەو حکومەتانە دەکەن کە داوای باجی زۆر دەکەن و ناچالاکن. ئەگەر ئەم چەشنە

جوڵانەوانە لە ژێر سایەی دیکتاتۆریدا پەیدابن، ئەوا دەتوانن دیموکراسی بۆ وڵاتەکانیان فەراهەم بکەن.

## تیۆریەکی دارایی تایبەت بە دیموکراسی

ئەم لێکۆڵینەوانە دەکرێت زانیاری چاکمان پێببەخشن دەربارەی کاریگەری نەوت لەسەر دیموکراسی. چونکە سامانی نەوت دەرامەتی حکومەت دەبوژێنێتەوە، دەبێت حکومەت دەستی واڵا بێت لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی. تا نەوت لەگەڕ دابێت حکومەتەکان پێویستیان بە داهاتی باج نابێ، بۆیە ئەم سەرچاوە تەندروستەی داهات بەبێ ناز دەهێڵنەوە. سروشتە شاراوەییەکەی دەرامەتی نەوتیش گرنگە؛ بەڵام بەرلەوەی ڕۆڵەکەی هەڵبسەنگێنین، با لە نزیکەوە ئاوڕێک لەو ئاوەزە بدەینەوە کە سامانی نەوتی وڵاتێک بە ئاستی لێپرسینەوەی حکومەتەکەی دەبەستێتەوە.

بۆ ئەوەی ئەم ئەرگومێنتەی نەوت و دیموکراسی پێکەوە گرێدەدا باشتر ڕوونبێتەوە، ئەوا بەکارهێنانی نموونەیەکی نافەرمی تیۆری یارمەتیدەر دەبێت.[١٣] لەلایەک کۆمەڵێک هاوڵاتیت هەیە کە بەهەرەوەزی لە چوارچێوەی دەوڵەت کاردەکەن، و لەلایەکی تریشەوە فەرمانڕەوایەکت هەیە و حکومەتەکە بەڕێوەدەبات. لەهەریەکە لە ٣ بەندەکانی داهاتوو من ئەم مۆدێلە فراوانتر دەکەم، تا ڕوونیبکەمەوە کە چۆن دەرامەتی نەوت ڕەنگە ئەنجامی تری [جگە لە قازانجەکەی] لێ بکەوێتەوە، وەک شەڕی براکوژی، هەلی کاری کەمتر بۆ ژنان، و پلانی ئابووری شلۆق.

وای دانێ کە فەرمانڕەوایەکە تینووی دەسەڵاتە و سازش لەسەر کورسیەکەی ناکات. بۆ ئەم مورادە، هەرچی پارەی ژێردەستی هەیە وەک هێزێک بەکاریدەهێنێ بۆ زامن کردنی پشتیوانی سیاسی – جا چ لە ڕێی خەرجکردنی ڕاستەوخۆ بێ

یان کڕین و بەخشینەوەی دیاری و پێگەی حکومی – لەولاشەوە باج کەمتر وەردەگرێت تا وەک سەرکردەیەکی ڕوحسووک بمێنێتەوە. ئەگەر وڵاتەکە دیموکراتی بوو، کە سەرۆکەکە نەیتوانی پشتگیری پێویست بەدەستبێنێت، ئەوا ڕکابەرەکەی دەیبەزێنێت و شوێنی دەگرێتەوە؛ ئەگەر وڵاتەکەش دیکاتۆری بوو، ئەوا شەپۆلێکی ناڕەزایی لە شەقامەوە دێ و تەخت و تاجی ڕادەماڵێت.

هاوڵاتییان، چ لە ئێستا چ لە داهاتوو، نیگەرانی باشی دۆخی ئابووری خۆیانن. پشتیوانی ئەوان بۆ فەرمانڕەواکە لە کاریگەری حکومەت بەسەر داهاتەکانیان چڕبۆتەوە: ئەوان دڵیان بۆ حکومەتێک لێدەدا کە کەمیان لێ ببات (بە شێوەی باج)، و زۆریان لە چنگ بخات (بەشێوەی شایستەی دارایی و خزمەتگوزای). گەر بێتو حکومەتەکەیان بە باجی کەم و پاداشتی زۆر بیانژێنێت، ئەوا پشتی فەرمانڕەواکە دەگرن؛ ئەگەر باجی زۆریان لێبستێنێت و پاداشتی کەمیان بداتەوە، ئەوا هەوڵدەدەن یەکێکی تری لە شوێن دابنێن.[١٤]

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گریمانانە، چی بەسەر حکومەتێکی دەسەڵاتخواز دێت کە نەوتی نەبێت؟ جارێ وای دانێن کە حکومەتەکە نە دەتوانێت لەگەڵ زێدەبەها هەڵکا نە لەگەڵ کورتبڕیش. چونکە حوکمەتەکە گشت دەرامەتەکەی لە باجەوە هەڵدەوەرێنێ، ئەوا ئەو باجەی کۆیدەکاتەوە و ئەو بەخششەی دابەشیدەکات بە یەک سەنگ و قورسایی لەسەر تەرازووێک دانراون. مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو دەمەی ئابووری وڵات بەهێزە، ئەوا حکومەت لە خەرجکردن سەخی دەبێت، بە باجی کەمەوە، تا پشتیوانی میللی لە هەسان بدا و بیهێڵێتەوە؛ بەڵام کە ئابووری سست و لاواز بۆوە و حکومەت ناچار بوو باج بەرزبکاتەوە، ئەوا پشتیوانی میللی بۆ فەرمانڕەواکە کز دەبێت.

ئەگەر ئەم وڵاتە ئەندێشەییە دیموکراتی بێت، خەڵکی دەتوانن لە ڕێی هەڵبژاردنەوە دەستەی حوکمڕان لابەرن؛ بەڵام ئەگەر داپڵۆسێنەر بوو، ئەوا ئەوان ناتوانن هانا بۆ هیچ ڕێکارێکی دەستووری ببەن بۆ لابردنی ئەو دەسەڵاتدارەی سڵی لێدەکنەوە، بۆیە دەبێ پەنا بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان و ئاژاوە ببەن تا فەرمانڕەواکە لە دەسەڵات ڕووتکەنەوە.

هەر هەڵدانەخوارەوەی دیکتاتۆرێک خۆڕسکانە دیموکراسی بەرجەستە ناکات، بەڵام ئەگەر وادابنێین کە لە وڵاتێک خەڵکێکی ئاقڵ و دووربین هەیە، کە لەوانەیە بە دوای ڕێیەک بگەڕێن بۆ ئاسانکاری دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ئەوا ئاسۆ ڕوونە. بە واتایەکی تر، دەبێت کەسانێک هەبن کە چاکسازی دیموکراتییانە بخولقێنن. دەشکرێت چاکسازیە دیموکراتییەکان بە ڕازیبوونی دیکتاتۆرێکی لاواز بە دانانی سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی لەبەرامبەر مانەوەی لە دەسەڵات بێنە دی. بە پێی کات، ویستی خەڵک بۆ ئاوەژووکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بێ دەرەتان، و وەرەسیان لەهەمبەر وەچە جێنشینەکانیان، پێویستە ئەم وڵاتە بە پرۆسەی بەدیموکراتیکردندا ببات.[١٥]

ئیستا کاریگەری نەوت لەبەرچاو بگرە. بەرهەمهێنانی نەوت ئەو داهاتانە چڕدەکاتەوە کە لە باجەوە نایەن- ئەمەش دەستی حکومەتەکان دەکاتەوە بۆ دابینکردنی خزمەتی زۆرتر بەسەر هاوڵاتیانیاندا بە بەراورد بە ئەو دەرامەتانەی کە لە باجەوە کۆدەکرێنەوە. لە وڵاتانی بێ نەوت (یان مشەخۆر لەسەر هەر دەرامەتێک کە لە باجەوە نەبێت)، حکومەتەکان مەگەر پتر لەو داهاتە تەخشان و پەخشان بکەن کە لە باجەوە کۆدەکرێتەوە تا هاوڵاتیان ئاسوودە بکەن. ئەمە ستراتیژیەکی باشە بۆ کاتی هەڵبژاردن، بەڵام تا ئەزەل ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت. دەوڵەتە نەوتییەکان دەتوانن پتر لەو داهاتە وەک بەخشش بدەن کە لە باج کۆیدەکەنەوە، بەمەش پشتیوانی میللی زیاتر بەدەست دەهێنن و

خۆیان لە شۆڕشی دیموکراتی بەدووردەگرن. پوختە ئەوەیە کە حکومەتە بێ نەوتەکان ئەگەر دیکتاتۆریش بن ناچارن گینگڵ بدەن بۆ کەناری دیموکراسی، بەڵام بۆ نەوتدارەکان هیچ پێویست ناکات سیستەمی دیکتاتۆری بگۆڕن.[١٦]

تا ئێرە ئێمە شتێکی گرنگ لەم گریمانەیە فێربووین: هاوڵاتییان لە بەکارهێنانی داهاتی باج پەرۆشن و لێی دەکۆڵنەوە، بەڵام لە چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی نەوت ناپرسنەوە. بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟ هەر کەسێک بە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی نەوت ئاشنا بێت دەزانێت کە هاوڵاتیانیان داوای پشکی خۆیان لە دەرامەتی نەوت دەکەن. بەندی دووەم ئاماژەی بەوە دەکرد کە خەڵکی ئەم وڵاتانە پشتیوانی بەخۆماڵیکردنی کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکانیان دەکرد تا کرێی نەوت لە دەرەوەوە بگێڕنەوە بۆ ناوەوەی وڵات. لە بەندی پێنچەم دەیبینین کە چۆن ئەو مەڕدوومانە هەندێکجار چەک هەڵدەگرن تا پشکی گەورەتر لە داهاتی نەوت بسەنن. (مایکڵ هێرب) لە شیکردنەوەی شانشینەکانی کەنداوی فارسدا دەنووسێ:

"زۆرجار وا دەبینرێت کە دانیشتووانی شانشینە نەوتییەکان سوپاسگوزار دەرکەون بۆ فەرمانڕەواکانیان لە هەمبەر ئەو پارەیەی [لە نەوت] وەریدەگرن، و ئەو سوپاسگوزاریەش دەچێتە قاڵبی پشتیوانی سیاسی. کێشەکە ئەوەیە کە ئەو سەردارانە هەرگیز بە خەڵکی ناڵێن دەرامەتی نەوت بە دروستی چەندە. هەرچۆنێک بێت، عەرەبی کەنداو وا بیردەکاتەوە کە ئەو، وەک هاوڵاتی، خاوەنداری نەوتەکە دەکات، نەک خێزانی شاهانە ..... ئەوان تەفرەدراون چونکە بە چەند سکەزێڕێک سووکناییان هاتووە لەکاتێکدا خەزێنەیەکیان لێ شاردراوەتەوە."[١٧]

زۆربەی خەڵکی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت سوودبینین لە سامانی کانزایی وڵاتەکانیان بە مافی خۆیان دەزانن. بە زەحمەت دەچتە ئاوەزەوە گەر

پێچەوانەکەی بڵێین. پێدەچێت خەڵکی گرنگی بە ڕێژەی خەرجی حکومەتەکانیان بۆ ڕێژەی باج نەدەن، بەڵام کە باسەکە دێتە سەر دەرامەتی نەوت، ئەوا هۆشوگۆشیان دەبزوێت. لە وڵاتانی بێ نەوتدا تەواوی داهاتی حکومەت لە باجەوە دێ- کەواتە ڕێژەی خەرجی و ڕێژەی باج هاوشێوە و تەریبن، و مۆدێلە ڕەسەنەکە وەک خۆیەتی. بەڵام هاوڵاتییان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا لەوە ئاگادارن کە حکومەتەکانیان سەرچاوەیەکی تری داهاتیان لە چنگدایە، و لە چۆنیەتی خەرجکردنی دەپێچنەوە. ئەگەر درک بەوە بکەن کە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویست نین، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی داهاتەکە، ئەوا ڕادەپەڕن.

هەرچۆنێک بێت، لێرە تەڵە و داوێک هەیە. بەندی دووەم ئاسانی شاردنەوەی دەرامەتی نەوت لەلایەن حکومەتەکانەوە ڕووندەکاتەوە، و وەک بەڵگەش شەنوکەوی گرێبەستە نهێنییەکان و کەڵەکەبوون و جۆگەگرتنی ئەو داهاتانە دەکات کە لە بودجەوە دەچنە دەرەوە بێ ئەوەی خشپەیان بێت. هاوڵاتییان لەوە ئاگادارن کە حکومەتەکانیان *بەشێکی* دەرامەتی نەوت بۆخۆیان دەگێڕنەوە، بەڵام نازانن *چەندە*.

تا ئێستا وام داناوە کە هاوڵاتییان "زانیاری تەواویان" لەسەر حکومەتەکەیان هەیە. ئەوان بە باشی دەزانن کە چ خەرجدەکات، ئەمەش ڕێی تێدەچێت، چونکە ئەوان دەتوانن چاودێری بەرنامە و پرۆژەکانیان بکەن، هەروەها زانیاری چاکیان لەسەر ئەو برە پارەیە هەیە کە لە باج کۆدەکرێتەوە، کە ئەمەش دیسان شیاوە چونکە ئەوان خۆیان ئەو باجە بە حکومەت دەدەن.[١٨]

کەچی هاوڵاتیان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت ناتوانن ڕاستەوخۆ چاودێری بڕی کۆکراوەی داهاتی نەوت بکەن. دەبێ پشت بە میدیا و حکومەت ببەستن بۆ دەستکەوتنی زانیاری. ئەگەر لە وڵاتێکی دیموکراتیدا بژین ئەوا لەوانەیە ئەو

زانیاریانە بەردەست بن، بەڵام[١٩] ئەگەر لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا بن حکومەت دەتوانێت داهاتی نەوتی لە هاوڵاتییان بشارێتەوە، و ئەگەر ئەو عەوامە لە مەزەندەکردنی قەبارەی ئەو داهاتە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا سەیری ئەو خزمەتگوزاری و جوانکاریە بەرچاوە دەکەن کە حکومەت بە بڕێکی کەمی داهاتی نەوت بۆی دابینکردوون؛ لە ئەنجامدا بەهەڵەدادەچن و حکومەتەکەیان بە پەسەند دەناسن. بە حەشاردانی بڕێک لە داهاتی نەوتەکەیان، دیکتاتۆرە دەوڵەمەندەکان دەتوانن ڕێژەی خەرجی *تێبینیکراوی* حکومەت لە ڕێژەی داهات زیاتر بکەن.

گشت دیکتاتۆرەکان، جا نەوتیان هەبێت یان نا، دەکرێت سوود لە شاراوەیی ببینن، بەڵام دیکتاتۆرەکانی دەوڵەتە نەوتییەکان هەر کارنامە سیاسیەکەیان لەسەر ئەمە بەندە، چونکە یارمەتیان دەدات بۆ گەوجاندنی هاوڵاتیانیان لە بەکەم زانینی داهاتی ڕاستەقینە و قەبەی حکومەت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دیکتاتۆرانە زیاتر مەیلیان بۆ دەستکاریکردنی بودجە و دانانی تەنگەبەر هەیە لەسەر میدیا، بە بەراورد بە لە دیکتاتۆری دەوڵەتە نانەوتییەکان.

بە کورتی، فەرمانڕەواکان بە گشتی و دیکتاتۆرەکان بە تایبەت لە دەسەڵات دەمێننەوە ئەگەر بێتو هاوڵاتییان بڕوایان وابێت کە حکومەتەکەیان لەچاو ڕێژەی دەرامەتەکان بەخششێکی باش وەردەگرن. لە وڵاتە نانەوتییەکاندا، ئەمە واتە هاوڵاتییان لە بەرامبەر ئەو پارەی وەک باج دەیدەن، خزمەتگوزاری و پاداشتی گونجاو وەردەگرن؛ بەڵام لە وڵاتە نەوتییەکان بە واتای بەرامبەری ئەو باجە دێ کە دەیدەن بە حکومەت و ئەو داهاتەی ئەمیان لە نەوت کۆیدەکاتەوە.

چونکە هاوڵاتییان دەتوانن چاویان لە داهاتی ئەو باجە بێت کە دەیدەن بەڵام بۆ داهاتی نەوت بێ دەسەڵاتن، دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت

دەتوانن لە ڕێی شاردنەوەی بەشێک لە داهاتی نەوت ڕەواجی سیاسی خۆیان بەرزبکەنەوە.

ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر حکومەتان جڵەوی حەشاردانی پێترۆدۆلاریان لەدەستدا؟ ئەگەر بێتو خەڵکی درک بەوە بکەن کە سەردارەکەیان سامانی نەتەوە بە تالاّن دەبا، ئەوا شەفافی زیاتر دەتوانێت چەخماخەی ڕاپەڕینی دیموکراسی لێ بدا، بەڵام ئایا ئەم ڕاپەڕینە سەردەگرێت یان نا؟ ئەمەیان دەوەستەوە سەر فاکتەرێکی تر: دڵسۆزی هێزە چەکدارەکان. لێکۆڵینەوەکەی ساڵی ١٩٩٢ی (ریچارد سیندەر) تایبەت بە ڕاپەرینەکانی دژ بە "دیکتاتۆرە پشتاوپشتەکان"، ئاماژە بەوە دەکات کە دڵسۆزی سوپا چارەنووسی شۆڕشە هەمەکییەکان دیاریدەکات.[٢٠] ئەلێرەشدا، قەبارەی دەرامەتی نەوت دەکرێت ڕێ بە گواستنەوە بۆ دیموکراسی بگرێ: کە دیکتاتۆرەکان داراییەکی باشتریان لە چنگدا بوو و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان بەسەر بەخشینەوەی پایە و سامان بەسەر سوپادا هەبوو، ئەوا ئەگەری بردنەوەی دڵی هێزە چەکدارەکانیان زیاتر دەبێت و [بە یارمەتی ئەوان] چی جوڵانەوە هەیە دایدەمرکێننەوە.

**ئاوڕدانەوەیەک لە داتاکان**

لە پاشبەندی ئەم بەندەدا شێوازی پۆلێنکردنی فرەگۆڕاو (multivariate regression) بەکاردەهێنم بۆ تێڕوانین لە پەیوەندی ئاماری نێوان نەوت و دیموکراسی، بەڵام پەیوەندی بنچینەیی ئەم دووانە لێرەشدا دەکرێت بە خشتە و هێڵکاری سادە ڕوونبکرێتەوە. بەڵگەی بەهێز هەیە کە ئەو وڵاتە دیکتاتۆریانەی خاوەن نەوتن کەمتر مەیلیان هەیە بۆ بازدان بۆ دیموکراسی. خشتەی ٣.١ ئەم بیرۆکە ناوەندیە دەردەخات. ژمارەی ناو خانەکان ئاماژەیە بۆ ڕێژەی ئەو دەوڵەتە خۆسەپێنانەی بوونەتە دیموکراسی لە تێکڕای ساڵێک. ستوونی یەکەم دەوڵەتە

بەرخۆرەکان، دووەمیان دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان، و سێیەمیان مەودای جیاوازی نێوانیان دەردەخات.[٢١]

**خشتەی ۳.۱: *پەرپینەوە بەرەو دیموکراسی (۱۹٦۰-۲۰۰٦)***

ژمارەکانی خوارەوە، ڕێژەی سەدی ئەو دەوڵەتە ئۆتۆکراتانە دەردەخەن کە بوونەتە دیموکراتی. لێکدانەوەکان لەسەر تێکڕای ساڵێک ڕۆنراون.

| | | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| | تەواوی وڵاتەکان لە مێژوودا | ۲.۲۲ | ۱.۱۹ | ** -۱.۰۲ |
| *بە گوێرەی داهات | داهاتی کەم (خوار ٥۰۰۰ دۆلار) | ۲.٤۱ | ۱.٥۲ | * -۰.۸۹ |
| | داهاتی بەرز (سەروو ٥۰۰۰ دۆلار) | ۱.۳٥ | ۰.۷۳ | -۰.٦۳ |
| *بە گوێرەی ساڵ | ۱۹٦۰-۱۹۷۹ | ۱.۱۳ | ۱.۳۳ | ۰.۲۰ |
| | ۱۹۸۰-۲۰۰٦ | ۳.۱۸ | ۱.۱٤ | *** -۲.۰٤ |
| *بە گوێرەی هەرێم | ئەمریکای لاتین | ٤.۳۰ | ۱۱.۲۷ | *** ٦.۹٦ |
| | هەرێمەکانی تر | ۱.۹۳ | ۰.٤۳ | *** -۱.٥۰ |

*لە ۱۰% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت (لە t test).

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

***لە ۱% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند- ۲۰۱۰ وەرگیراون، و دواتر شیکردنەوەی ئامایان بۆ کراوە.

له ڕیزی یەکەمدا دیارە کە دەوڵەتە دەسەڵاتخوازە بێ نەوتەکان لەسەدا ٢.٢ ئەگەری ئەوەیان هەبووە ببنە دیموکراسی لەهەر ساڵێکدا؛ هاوتا بێ نەوتەکانیان تەنیا ٢.١ لەسەدا بووە بۆ هەمان ماوە. دوو ڕیزەکەی تر دەریدەخەن کە مۆدێلەکە بۆ بەرهەمهێنەری دەوڵەمەند و هەژار بە یەکسانی کاردەکات، هەرچەندە کە تەنیا لە دەوڵەتە هەژارەکان هەژمارەکە دەگاتە ئاستی بایەخ.

هەندێک لێکۆڵینەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کاریگەری ڕووتی سامانی نەوت (یان پشتبەستن بە نەوت) لەسەر دیموکراسی لێڵ و ناڕوونە: لە کاتێکدا کە نەوت هەندێ پرد بۆ پەڕینەوە بەرە دیموکراسی دەڕمێنێت، لە شوێنی تر پردی دیکە دروست دەکات.[22] ئەم ژمارانەی سەرەوە دەرخەری نەرێنی کاریگەری پەتی نەوتن لەسەر پرۆسەی بە دیموکراتیکردن.




*هێڵکاری ٢.٣: نەوت و پەڕینەوە بۆ دیموکراسی (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

داتاکان لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکردنەوەی ئامارییان بۆ کراوە.

هەر پنتێک وڵاتێک پشاندەدات کە لە ساڵی ١٩٦٠، یان هەر کاتێک دوای ئەو ساڵەی کە سەربەخۆیی بەدەستهێناوە، حوکمی ئۆتۆکراتی تێدا بەرقەراربووە. لەسەر هێڵە ستوونییەکە ئەو ماوەیە دیاریکراوە کە هەر یەک لەو وڵاتانە لەژێر سایەی حکومەتێکی دیموکراتیدا بوونە (بە ڕێژەی سەدی نوێندراون). ئەو وڵاتانەی تەریب بە ڕێژەی سەدی بەرز داندراون، زوو بۆ کەناری دیموکراسی پەڕیونەتەوە و هەر بە دیموکراتی ماونەتەوە. ئەوانەشی لە بەشی خوارەوە دەردەکەون، هەر بە ئۆتۆکراتی ماونەتەوە.

ڕێیەکی تر بۆ سەیرکردنی داتاکان لە ڕێی هێڵکاری ڕیزۆکیەوە دەبێت کە گشت ئەو وڵاتانەی لە سیستەمی ئۆتۆکراتی بۆ دیموکراسی پەڕیونەتەوە لە نێوان ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٨ لەخۆبگرێت: ٦٤ وڵات کە لە ساڵی ١٩٦٠ لە ژێر قەلەمڕەوی دەسەڵاتخوازیدا بوون، کۆ ئەو ٥٠ وڵاتەی کە لەدوای ئەو ساڵەوە سەربەخۆ بوون بەڵام لە هەمان ساڵدا لە دەسەڵاتخوازی ڕزگاریان نەبووبوو. هێڵکاری ٣.٢ داهاتی نەوتی ئەو ١١٤ وڵاتە دەردەخا، لە تەک بزاوتنیان بەرەو دیموکراسی. ژمارەی سەر هێڵە ئاسۆییەکە تێکڕای داهاتی نەوت دەنوێنێت لە ١٩٦٠ەوە بۆ ٢٠٠٨؛ هێڵە ستوونیەکەش ڕێژەی سەدی ئەو کاتەی لەسەر دانراوە (لە ١٩٦٠وە یان ساڵی یەکەمی سەربەخۆبوون) کە وڵاتەکان تێیدا لە ژێر چەتری دیموکراسییدا گرمۆڵە بوون. ئەوانەی بە بەردەوامی دەسەڵاتخواز بوون سفریان بۆ دانراوە؛ ئەوانەی زوو بوون بە دیموکراسی و لەو ڕێبازە نەپساون تا نمرەی ژێر سەد ڕۆیشتوون.

*خشتەی ٣.٢: پەڕینەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەرەو دیموکراسی (١٩٤٦-٢٠١٠)*

ئەم خشتەیەی خوارەوە تەقەلای کۆمەڵێک لە دەوڵەمەندترین دەوڵەتان بە سامانی نەوت پشاندەدات بۆ بازدان لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی. ئەگەر وڵاتەکە بەر لە ٢٠١٠ بۆ دیکتاتۆری پێچی کردبێتەوە، ئەوا تەقەلایەکەی بە شکست ناوبراوە، و ئەگەریش تا ساڵی ٢٠١٠ بە دیموکراتی مابێتەوە، ئەوا بە سەرکەوتن لەم خشتەدا بۆی تۆمارکراوە. ژمارەکانی ستوونی داهاتی نەوت تایبەت بە ساڵی پەڕینەوەن بۆ دیموکراسی.

| وڵات | ساڵ | داهاتی نەوت | ئەنجام |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤەنزوێلا | ١٩٥٨ | ١،٧١٧ | سەرکەوتن |
| نەیجیریا | ١٩٥٨ | ١،٠٠٧ | شکست |
| ئیکوادۆر | ١٩٧٩ | ٧٧٣ | شکست |
| کۆماری کۆنگۆ | ١٩٩٢ | ٥٦٣ | شکست |
| مەکسیک | ٢٠٠٠ | ٤٤٢ | سەرکەوتن |
| ئەرجەنتین | ١٩٨٣ | ٤٢٨ | سەرکەوتن |
| پیرۆ | ١٩٨٠ | ٣٣٦ | شکست |
| بۆلیڤیا | ١٩٨٢ | ٣٠٧ | سەرکەوتن |
| ئیکوادۆر | ٢٠٠٢ | ٢٨٠ | سەرکەوتن |
| بۆلیڤیا | ١٩٧٩ | ٢٦٤ | شکست |

داتاکان لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکردنەوەی ئامایان بۆ کراوە.

هێڵە بەرەو خوار لاربووەکە پەیوەندی نێوان نەوت و خۆڕاگری دەسەڵاتخوازی دەردەخا: زۆربوونی نەوتی وڵاتێک، ئەگەری گواستنەوەی بەرەو دیموکراسی کەمکردووە.[٢٣] ئەو وڵاتانەی زوو بوونە دیموکراسی و هەر وا مانەوە خاوەن نەوتی کەم بوون یان هەر نەیانبوو، وەک کۆماری دۆمینێک، تورکیا، پورتوگال، و ئیسپانیا. کۆمەڵە وڵاتێکیش کە داهاتی نەوت و گازیان مامناوەند بوو، وەک مەکسیک، بۆلیڤیا، و رۆمانیا، درەنگ بوون بە دیموکراسی و جاروباریش پەرپینەوەکەیان ڕاڕایی پێوە دیاربووە. بەڵام لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠١٠، هیچ وڵاتێکی خاوەن داهاتی بەرزی گاز و نەوت بە سەرکەوتوویی نەبۆتە دیموکراتی.

دڵشادانە، سامانی نەوت پرۆسەی بەدیموکراتیبوون بە *یەکجاری* لەگەڕناخا. خشتەی ٣.٢ ڕیزبەندی ١٠ لە سەرەکیترین ئەو وڵاتانە پشاندەدات کە لە ساڵی ١٩٤٦ەوە لە قەلەمڕەوی دەسەڵاتخوازییەوە بۆ دیموکراسی دەربازبوونە. گۆڕانی ١٩٥٨ی ڤەنزوێلا لە سەرەوەی ئەم ڕیزۆکە دەبینرێ. سیانی دوای ئەو بریتین لە نەیجیریا (١٩٧٩)، ئیکوادۆر (١٩٧٩)، و کۆماری کۆنگۆ (١٩٩٢)؛ هەر یەکێک لەم سێیانە گەڕانەوە سیسیتەمی پێشوویان. هەرچۆنێک بێ، دواجار نەیجیریا و ئیکوادۆر جارێکیتر گەڕانەوە بۆ دیموکراسی، بەڵام ئەمە دوای ئەوە بوو کە داهاتی نەوتەکەیان زۆر دابەزی. ئەمە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی ناپەیدای ڤەنزوێلا. لەوەتەی ئەم وڵاتە بۆتە دیموکراسی، هیچ وڵاتێک بە داهاتێکی وەها بەرزی نەوتەوە جگە لە مەکسیک لە ساڵی ٢٠٠٠، نەبووە بە دیموکراتی و لەسەر ئەم ڕێبازە مابێتەوە.

### نەوت و دیموکراسی بە درێژایی کات

هەر وەک بەندی دووەمیش دەریخست، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە دەرامەتی نەوت لە حەفتاکان ڕوویدا، ئەمیش بەهۆی نرخە ڕوو لە هەورازەکان و بەخۆماڵیکردنی کۆمپانیا بیانییەکان بوو. بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت لەگەڵ نزمبوونەوەی ڕێتێچوون بۆ بەدیموکراتیکردنی وڵاتانی خانەخوێ هاوتەریب بووە.

ڕێبدەن با کەمێک بگەڕێمەوە سەر خشتەی ٣.١. کاتێک مەودا ٤٧ ساڵیەکە لە ڕیزی یەکەم پاکی دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت نزیکەی لەسەدا٤٠ی ئەگەری پەڕینەوەیان کەمترە لە هاوتا بەکارهێنەرەکانیان. بەڵام ئەگەر بۆ دوو ماوەی ١٩٦٠-١٩٧٩ و ١٩٨٠-٢٠٠٩ دابەشی بکەین (ڕیزی چوارەم و پێنجەم)، جیاوازییەکی زەق دەبینین. بەر لە ١٩٨٠ دەوڵەتە نەوتییەکان و دەوڵەتانی تر ئەگەرێکی یەکسانیان هەبوو بۆ پەڕینەوە بۆ دیموکراسی یان

دووربوونەوە لێی؛ جیاوازی نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیە بە ئەژمارێکی وردەوە بەردەست نیە. لەو ساڵە بەدواوە، ژمارەی دەوڵەتە نەوتییەکان بۆ بەدیموکراتی بوون سێ قات بوو؛ ڕێژەی بە دیموکراتیبوون لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانیش وەک خۆی مایەوە. هەنووکە دەوڵەتانی بەرخۆرە سێ جار ئەگەری بوون بە دیموکراسییان زیاترە.

دەتوانین چاوێکیش بە هێڵکاری ٣.١ بخشێنینەوە، کە بەرزبوونەوەیەکی جێگیرمان پشاندەدات لە ژمارەی وڵاتە دیموکراتییەکان لە حەفتایەکانەوە. کاتێ بەرهەمهێنە بە برستەکانی نەوت لە بەشەکانی تری دنیا جودادەکەینەوە- لە هێڵکاری ٣.٣ – شتێکی تەواو جیاواز دەبینین: لە کاتێکدا جیهان هەنگاوی گەورەی ناوە بەرەو دیموکراسی، ئەو بەرهەمهێنەرە زەبەلاحانەی نەوت و گاز بە ئەستەم تەکانیان بەرەو ئەم ئاڕاستە داوە.[٢٤] "شەپۆلی سێیەم"ی دیموکراسی هەشتا و نەوەدەکان نەیتوانی دەوڵەتە نەوتییەکان بوروژێنێت. دەتوانین بڵێین زۆرینەی ڕێژەی جیهانی بە دیموکراسیبوون لە ١٩٧٩وە، لە دەوڵەتە بەرخۆرەکانەوە هاتووە.




*هێڵکاری ٣.٣: ژمارەی ئەو دەوڵەتە دیموکراتی و ئۆتۆکراتانەی بەرهەمهێنەری نەوتن (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم هێڵکاریە، سیستەمی حوکمڕانی لە ٣٥ بەرهەمهێنەری زەبەلاحی نەوت پشاندەدات. داتاکان لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکردنەوەی ئاماریان بۆ کراوە.

ئەوە مانای ئەوەیە کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت هەردەم پشکێکی دیاریان هەبووە لە پێکهێنان و مانەوەی حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان. لە ساڵی ١٩٨٠، بەرهەمهێنەرانی نەوت تەنیا شتێک زیاتر لەسەدا ٢٥ی وڵاتانی دیکتاتۆرییان لە دنیا پێکدەهێنا (١٣ لە ١٠٣)؛ لە ٢٠٠٨ دا، بەرزبۆوە لەسەدا ٤٠ (٣٠ لە ٧٤ وڵات). بە ڕای زۆرێک لە زانایان، کاریگەرییەکانی نەوت بە تەواوەتی بە نەرێنی بە دیارکەوتوون.[٢٦]

باشە نەوت لە پێش ساڵی ١٩٨٠ هیچ لێکەوتەیەکی دژە-دیموکراتیانەی هەبووە؟ زەحمەتە دڵنیا بین. بە پێی شیکردنەوە ئاماریەکە (regression) لە پاشبەندی ٣.١، ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن دیموکراسی دەپێوین. بە بەکارهێنانی یەک نیشاندەر (indicator)، و سڕکردنی بارگۆڕەکانی تر، دەبینین لە نێوانی ساڵانی١٩٦٠ بۆ ١٩٨٠ نەوت کاریگەریەکی پڕبایەخ لەگەڵ ئەوەشدا نەرمی هەبوو؛ بەڵام بە بەکارهێنانی نیشاندەرێکی تر، دەبینین نەوت هیچ ئاسەوارێکی جێنەهێشتووە.[٢٧]

وا شک دەبەم کە هێڵکاری ٣.٤ وەرامێکی ساکارتر بخاتە بەردەست. ئەمەیان تێکڕای نمرەی تۆمارکراوی دیموکراسی بەرهەمهێنەرە گەورەکانی نەوت، بە درێژایی کات، بە گشت وڵاتانی تر بەراورد دەکات. مەودای نمرەکە لە سفرەوە تا دە دانراوە، و نمرەی بەرز گوزارشتە لە ئاستی دیموکراسی بەرزتر. ژمارەکان بە سیستەمە پێوەرێکی دیار و لەباری دیموکراسی دیاریکراون، کە بە (Polity IV) ناسراوە[٢٧]. تا سەرەتای هەشتاکان، بە شێوەیەکی کرداری، نمرەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان و دەوڵەتە بەکاربەرەکان وەک یەک بوو؛ لەو دەمەوە ئیدی بۆشایی نێوان ئەم دووانە بە ئارامی فراوانتر بووە.




*هێڵکاری ٣.٤: ئاستەکانی دیموکراسی بەپێی کات (١٩٦٠- ٢٠٠٤).*

هێڵە ڕەشەکە ئاماژەیە بۆ نمرەی Polity دەوڵەتە زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنەری نەوت، و هێڵە ڕەساسیەکەش گوزارشت لە دەوڵەتە بەکاربەرەکان دەکات. ئەم پێوەدانگە، لێرە، وادانراوە کە لە سفرەوە بۆ دە بێت. تا نمرەکە بەرزتر بێت، ئاستی دیموکراسی بەرزترە. داتاکان لە (مارشاڵ) و (جاگەر)- ٢٠٠٧ وەرگیراون، و دواتر لێکدراونەتەوە.

**دەرامەت و خەرجکردن**

لەلایەکی ترەوە *هەندێک* بەڵگە هەیە کە گوزارشت لەوە دەکەن ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتخوازانەی خەرجیان زۆرە بە بەراورد بە داهاتەکانیان، ئەوا کەمتر لێیان ڕادەبیندرێت ببنە دیموکراسی. بە داخەوە، ژمارەی ورد لەسەر خەرجکردن و دەرامەت زۆر کەمە، ئەمەش وا لەم بەرسڤە دەکات زەحمەت هەڵبسەنگێندرێ.

بە پێی مۆدێلەکە، ئەوەی گرنگە *ڕوانین لە* داهاتی حکومەتە- و بێ ڕاپرسی ئەو ڕوانگانە ساغناکرێنەوە.[٢٨]

هێشتاش، زانیاری بەردەست دەربارەی خەرجی و دەرامەتی حکومەت دەکرێت شتێک بدەن بەدەستەوە. هێڵکاری ٣،٥ بەراوردی ڕێژەی خەرجی حکومی بۆ ڕێژەی داهاتی ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتخوازانە دەکات کە هەرگیز نەبوونەتە دیموکراتی (ستوونی یەکەم) لەگەڵ ئەوانەی کە دواتر بوون بە دیموکراتی (ستوونی دووەم). ستوونی سێیەم ڕێژەی خەرجی بۆ ڕێژەی دەرامەتی کۆمەڵەی دووەم نیشاندەدات، بە ساڵێک بەر لە بوونیان بە دیموکراسی؛ تەنانەت ڕێژەکە کەمتریش بووە.

ئایە بە ڕاستی دیکتاتۆرە پشت قایمەکان بە نەوت داهاتە زێدەکەیان لە کڕینی پشتیوانی میللی خەرجدەکەن، یان ئەو پارەیە بە شێوەیەکی سادە لە گەندەڵی دەتوێتەوە؟ سروشتە شاراوەکەی داهاتی نەوت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زەحمەت دەکات،[٢٩] بەڵام هێشتاش بەڵگەی پێویست هەیە کە ئەم چەشنە دیکتاتۆرانە پارەکە بۆ قایلکردنی خەڵک خەرج دەکەن. وڵاتانی وەک شانشینە دەوڵەمەندەکانی کەنداوی عەرەبی کە خاوەن سامانی نەوتی گەورەن، هەگبەیەک خزمەتگوزاری خۆڕاییان بۆ هاوڵاتیانیان دابینکردووە، وەکو خوێندنی خۆڕایی تا تەواوکردنی کۆلێژ، چاودێری تەندروستی، لەگەڵ یارمەتی دارایی لە خۆراک و خانوو. کە نرخی نەوت لە هەشتایەکان هارەی کرد، حکومەتی سعودی ویستی باج بەرزبکاتەوە و ئابوونەکان ببڕێت، بەڵام دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی میللی لەسەر ئاستی فراوان، لە هەردوو ڕێکارەکان کشاوە.[٣٠] زۆربەی حکومەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کۆمەک و ئالیکاری دارایی تازەیان بۆ هاوڵاتیانیان دابینکردووە، وەک کاردانەوەیەک بۆ فشارەکانی "بەهاری عەرەبی" لە ساڵی ٢٠١١. لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت بەخشینەوەکان زیاتر بوون، و لیبیای لێ

دەرچێت، لە وڵاتەکانی تر تا ڕادەیەک حکومەتەکان فشارەکانی شەقامییان ئەهوەن کردۆتەوە.




***هێڵکاری ٣.٥: ڕێژەی خەرجی حکومەت بۆ دەرامەت لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا (١٩٧٠-٢٠٠٨).***

ئەم تولانە خەرجی حکومەتەکان پشاندەدەن بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەردەستن لەسەر دەرامەتەکانیان. سەرنجەکە لێرە تەنها لەسەر دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانە، و ئەو دەوڵەتانە ئاماژە پێدەکات کە هەرگیز نەبوونەتە دیموکراتی (تووڵی لای چەپ)، ئەو دەوڵەتانەی لە کۆتاییدا بوون بە دیموکراتی (تووڵی ناوەڕاست)، و ئەو دەوڵەتانەی تەنیا ساڵێک دووربوونە لەوەی ببن بە دیموکراتی (تووڵی لای ڕاست). داتاکان لە (بانکی جیهانی)، و لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکاری ئامارییان بۆ کراوە.




*هێڵکاری ٦ .٣: داهاتی نەوت و نرخەکانی بەنزین (٢٠٠٧)*

خاڵە بەتاڵەکان گوزارشت لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان دەکەن، و خاڵە پڕەکانیش لە دەوڵەتە دیکاتۆرییەکان. نرخەکانی گاز لە (Gesellschaft für Technische Zusammenarbeit 2007) وەرگیراون، و داتاکانی دیموکراسیش لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکاری ئامارییان بۆ کراوە.

زۆرێک لەو حکومەتانەی لەسەر نەوت دەژین، وەک کۆمەکێکی دارایی، سووتەمەنی هەرزان دەکەن؛ ئەگەر چی دابینکردنی ئەم دەرماڵەیە دەستبلاوی ئابووری لێدەکەوێتەوە و بۆ ژینگەش وێرانکەرە. لە ئێرانی نیمچە دیموکراتیدا لە ساڵی

٢٠٠٧ و ٢٠٠٨، دەرماڵەی بەنزین و کارەبا لەسەر حکومەت زۆر قورس کەوتووە: ٢٠ لەسەدای GDPی وڵاتی هەڵمژیووە، کە یەکسانبووە بە ٣٢٧٥ دۆلار بۆ هەر خێزانێکی چوار کەسی. بۆ حکومەتی ئێرانی چاکتربوو کە وزەی بە نرخی بازار بفرۆشتبایە هاوڵاتیانی.[٣١]

بەڵام ئێمە نابێ بحەپەسێین لەوەی هاوڵاتیان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەگەڵ بەنزینی هەرزان ئاشنان. *ئەوەی* جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم جۆرە دەرماڵانە لە دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان بەربڵاوترە بە بەراورد بە دەوڵەتە دیموکراتییەکان، ئەمەش واتە حکومەتە خۆسەپێنەکان ئەم خزمەتگوزاریانە بۆ کپکردنی خەڵکی بەکاردەهێنن.

هێڵکاری ٣.٦ پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان داهاتی نەوت و نرخەکانی بەنزین لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان و دیکتاتۆرییەکان دەخاتەڕوو. هێڵە ئاسۆییەکە داهاتی نەوتی هەر وڵاتێک بە جیا نیشاندەدا، لە هەمان کاتدا هێڵە ستوونیەکە نرخی هەر گالۆنێک بەنزین (بە دۆلار) دەنوێنی لە ساڵی ٢٠٠٦. بازنە پڕەکان بۆ وڵاتانی نادیموکراتی، و بازنە بۆشەکان بۆ دیموکراتییەکان بەکارهاتووە. لە هەردوو جۆر دەوڵەت، ئەو وڵاتانەی کە نەوتی زیاتر بەرهەمدەهێنن زیاتر و توندر مەیلیان بۆ هەرزانکردنی نرخی بەنزین دەچێ. بەڵام ڕەوتەکە لە ناو دەوڵەتە دەسەڵاتخوزەکان بەهێزترە (هێڵی ژێرەوە)، و هەر ئەوانیشن کە ئارەزووی نرخی نزمی بەنزین دەکەن. زەقترین نموونە تورکمانستانە، کە تێیدا حکومەتێکی ئێجگار زۆردار حوکمدەکا و بەنزین بە دوو سەنت بۆ هەر گالۆنێک بۆ خەڵکی دابیندەکا، و کارەباش بێ بەرامبەر دەدات بە هاوڵاتیان.

بۆچی دیکتاتۆرەکان بەو ئەندازەیە پارە لە دەرماڵەی سووتەمەنی خەرج دەکەن؟ هۆکارێکیان ڕەنگە ڕێگریکردن بێ لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی، چونکە

بۆ سەرداره دەسەڵاتخوازەکان ڕژانی خەڵکی بۆ سەر شەقام ئاماژەیەکی مەترسیداره. خۆپیشاندانەکانی مانگی نۆی ٢٠٠٧ له بۆرما به چەند گردبوونەوەیەک بۆ کەمکردنەوەی نرخی بەنزین دەستیپێکرد؛ دواتر به خێرایی ئاڕاستەی گۆڕا بۆ هەڕەشەکردن له دەستەی فەرمانڕەوایی سەربازی. قڵیشانەوەکانی مانگی دووی ٢٠٠٨ی کامیرۆن به دژوەستان بۆ بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین سەریانهەڵدا، بەڵام بەرزبوونەوە بۆ هەڵمەتێک بۆ ڕێگریکردن له هەموارکردنەوەیەکی دەستووری که ڕێی به سەرۆکه بەهێزەکەیان دەدا بۆ مانەوه له دەسەڵات. له مانگی چواری ٢٠١٠دا، ئەو گردبوونەوانەی دژی نرخی بەرزی بەنزین له کیرگیستان دەستیانپێکرد له کۆتاییدا سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتەکەی له دەسەڵات دوورخستەوه. کەواته سەرۆکه دەسەڵاتخوازەکان بەهانەیەکی باشیان هەیه تا نرخی بەنزین به نزمی بهێڵنەوه.

**شاراوەیی**

ئەگەرچی زەحمەته پێوانەکردنی، بەڵام شاراوەیی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت له هێشتنەوەی دیکتاتۆره پشت به نەوتبەستووەکان له دەسەڵات. بەکارهێنانی ڕێبەری کراوەی بودجه (Open Budget Index) یەکێکه له ڕێگەکانی پێوانەکردنی خەرجیه داراییەکانی وڵاتێک، که شەفافی دارایی هەشتاوپێنج حکومەتی نەتەوەیی دەپێوێ لەسەر بنچینەی نەوەدویەک خاسیەتی تێبینیکراو له بودجەکانیان، بەو جارانەشەوه که بەڵگەنامەی گرنگی پەیوەست به بودجەیان خستۆته ڕوو، تێر و تەسەلی ئەم بەڵگەنامانه، و ئەو ڕۆڵەی که چاودێرەکانی سەر حکومەت بینیویانه. حکومەتەکان [لەناو ئەم ڕێبەره] نمرەی سفر تا سەدیان پێدراوه؛ نمره بەرزەکان ئاماژەن بۆ شەفافیەتی زیاتر.[٣٢]

خشتەی ٣.٣ نرخاندنی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەرەکانی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٨ پشاندەدات. بە گشتی، کەم تا زۆر وڵاتە نەوتییەکان هەمان نمرەیان هەیە لە خاڵبەندیەکە لەگەڵ ئەوانی تر. بەڵام کاتێک وڵاتانی دیموکراتی و دیکتاتۆری بە جیا هەڵدەسەنگێندرێن، ئەوا دەرئەنجامێکی ڕوون هەیە: لە ڕیزی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان، دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت کەمتر لە ڕووی بودجەوە شەفافن، بەڵام، لە ڕیزی دەوڵەتە دیموکراتییەکان، شەفافیەتێکی زیاتر هەیە، گەرچی جیاوزیەکە وردبینی ئاماری (statistical significance) بەدەست ناهێنێت.

هێلکاری ٣.٧ خاڵەکانی ڕووتەنکی بودجەی تایبەت بە دەوڵەتە زۆردارەکان لەسەر هێڵی ستوونی دەنوێنێت، و داهاتی نەوتیشیان لەسەر هێڵی ئاسۆیی. تا داهاتی نەوتییان بەرزتربێت، ئەوا بودجەکەیان زیاتر شاراوەدەبێت. شاراوەیی بودجەی بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ئەفریقا بە تایبەتی تیشکیان خراوەتەسەر: چوار لە پێنج حکومەتە هەرە ناڕۆشنەکانی ئەم دەڤەرە- ئەنگۆلا، چاد، نەیجیریا، و کامیرۆن- لە هەناردەکەرە دیارەکانی نەوتن. پێنج لە وڵاتە هەرە شەفافەکان - ئەفریقای باشوور، بۆستوانا، زامبیا، ئۆگەندا، و نامبیا - هیچ یان زۆر کەم نەوتییان هەیە.

*خشتەی ٣.٣: شەفافیەتی بودجە (٢٠٠٨).*

ژمارەکان لە سفرەوە تا سەد داندراون، و ژمارەی بەرزتر ئاماژەیە بۆ دیموکراسیەکی پتەوتر.

| دەوڵەتەکان | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| گشت دەوڵەتەکان | ٣٩.٦ | ٣٩.٩ | ٠.٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەوڵەتە دیموکراتییەکان | ٤٣.٣ | ٥٦.٥ | ١٣.٢ |
| دەوڵەتە دیکاتۆرییەکان | ٣٣.٤ | ١٨.٩ | ١٤.٥-* |

*لە ٥% وردبینی ئاماری لە تاقیکردنەوەی (Wilcoxon-Mann-Whitney) بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (International Budget Partnership 2008) وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.




*هێڵکاری ٣.٧: نەوت و شەفافی بودجە لە دەوڵەتە ئۆتۆکراتەکاندا (٢٠٠٨).*

ژمارەکان لە سفرەوە تا سەد داندراون، و ژمارەی بەرزتر ئاماژەیە بۆ شەفافیەتی زیاتر. داتاکان لە (International Budget Partnership 2008)

وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆکراوە. مەودای ژمارەکان لە سەرچاوە بنەڕەتیەکەیەوە پێچەوانەکراوەتەوە، تا خاڵی زیاتر ئەنجامی باشتر بەدەستەوە بدات.

*خشتەی ٤.٣: ئازادی ڕۆژنامەوانی (٢٠٠٦).*

ژمارەکان لە سفرەوە تا سەد داندراون، و ژمارەی بەرزتر ئاماژەیە بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی زیاتر

| دەوڵەتەکان | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| گشت دەوڵەتەکان | ٥٤ | ٤٤.٥ | ***-٩.٥ |
| دەوڵەتە دیموکراتییەکان | ٦٥.٧ | ٦٧ | ١.٣ |
| دەوڵەتە دیکاتۆرییەکان | ٣٥.٥ | ٢٥.٨ | ***-٩.٧ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت لە (one-tailed t-test).

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە Freedom House 2007 وەرگیراون و شیکارییان بۆکراوە.

بەندوباوەکانی سەر میدیا دەکرێت لەڕێی (ڕێبەری ئازادی ڕۆژنامەوانی) هەڵبسەنگێندرێن، کە هەموو وڵاتەکان لەسەر نمرەی ١ (چاودێری تەواو) بۆ ١٠٠ (ئازادی تەواو) دەپێوێت.[٣٣] هەروەک خشتەی ٣.٤ دەریدەخات، کە هەموو وڵاتەکان لە یەک خاڵبەندی دادەنرێن بەیەکەوە - بە وڵاتانی دیموکراتی و دیکتاتۆریەوە- جیاوازیەکی بەرچاو لە بواری ئازادی رۆژنامەوانی هەیە لە دەوڵەتە نەوتییەکان. بەڵام کە وڵاتانی دیموکراتی و دیکتاتۆری لێکجیادەکرێنەوە، سامانی نەوت لە وڵاتانی دیموکراتی هیچ کاریگەری لەسەر ئازادی ڕۆژنامەڤانی نیە (ڕیزی دووەم)؛ لەناو دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان، هەرچۆنێکبێت، نەوت لەگەڵ سانسۆرکردن ئاوێتەبووە. ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانەی لەسەر نەوت دەژین پەنهانترن لەوانەی کە لەسەر باج دەژین.

بەڵگەیەکی تر هەیە لەسەر شەفافی حکومەتان. ئەرگومێنتەکەی من لەسەر نەوت و دیموکراسی ئەوە دەگەینێت کە حکومەتەکان زۆرجار بەپەرۆشن خەرجیەکانیان بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو (چونکە خەرجیەکان کێشەیان بۆ ناخەنەوە)، بەڵام لە ئاشکراکردنی دەرامەتەکان دوودڵن. خشتەی ٣.٥ کۆمەڵێک وڵات پشاندەدات لە ٢٠٠٦، کە زانیاریان لەسەر داهات و خەرجیەکانیان داوە. ئەم ساڵە دوا ساڵە تا ئێستا کە داتای (بانکی جیهانی) کامڵ بووە. دوو ڕاستی بەدیدەکرێت: چی وڵات هەیە پێی باشتربووە کە خەرجیەکانی بۆ گەلەکەی دەرخات، نەک داهاتەکەی؛ و هەروەها بەرهەمهێنەرانی نەوت بەقەد هاوتا بەکارهێنەرەکانیان جۆش و خرۆشیان هەبووە تا خەرجیەکانیان ئاشکرا بکەن، بەڵام ئێجگار لەسەر داهاتەکانیان نهێنیپارێزبوونە.

*خشتەی ٣.٥: بەردەستبوونی زانیاری دارایی (٢٠٠٦).*

ئەم ژمارانەی خوارەوە ڕێژەی سەدی ئەو دەوڵەتانە دەردەخەن کە زانیاریان لەسەر "دەرامەتی حکومەت" و "خەرجیەکانی حکومەت" پێشکەش بە (بانکی جیهانی) کردووە لە ساڵی ٢٠٠٦.

| دەوڵەتەکان | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| داتا لەسەر دەرامەتی حکومەت | ٦٤ | ٥٠ | ١٤-* |
| داتا لەسەر خەرجیەکان | ٩٠ | ٨٩ | ١- |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری لە تاقیکردنەوەی (Wilcoxon-Mann-Whitney) بەدەسدەهێنێت. داتاکان لە (بانکی جیهانی) وەرگیراون.

### دەوڵەتی نەوتی سۆڤیەت

زۆربەی نموونە دیارەکانی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرییانەی پشتیان بە نەوت قایمە، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، باکووری ئەفریقا، و بیابانی فراوانی ئەفریقا هەڵکەوتوون. کەمتر لەسەر یەکێتی سۆڤیەت دەزانرێت، کە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت بوو لەسەردەمی خۆی، و حکومەتەکەی لە کاتی تەنگەتاودا سوودی لە دەرامەتی نەوت وەردەگرت تا گەلەکەی غافڵ بکات.

بەندی دووەم دەپرژێتە سەر ئەو پرسیارەی کە چۆن لە پێش حەفتاکان، ئەو حکومەتانەی نەوتی زۆریان لەبەر چنگبووە جڵەوێکی کەمیان هەبوو بەسەر

پیشەسازی نەوتی وڵاتەکانیان. بەڵام خۆ یەکێتی سۆڤیەت دوابەدوای شۆڕشی ڕووسی لە ساڵی ١٩١٧، پیشەسازی نەوتی بەخۆماڵی کرد. ئەو پارەیەی حکومەتی سۆڤیەت لە نەوت چنگی دەکەوت، لە کۆمەڵێک پرۆژەی کۆمەلایەتی خەرجی کرد. هەمان داهات ئابووریە خاوڕێکردووەکەی سۆڤیەتی خستە بزوتن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمهێنانی نەوت نەیتوانی کێبڕکێ لەگەڵ ئەم ئابوورییە هەڵکشاوە بکات. بە پێی وتەی شارەزایەک، لە پەنجاکان بڕی سنوورداری نەوتی بەرهەمهاتوو بووبوو بە "پاژنەی ئەکیلیس"* بۆ ئابووری سۆڤیەت.[٣٤]

دۆزینەوەی بیری نوێ و پڕ نەوت لە سایبریا لە شەستەکان، یەکێتی سۆڤیەتی کردە هەناردەکەرێکی سەرەکی. کە نرخەکان لە پاش ١٩٧٣ ڕوویان لە داکشان کرد، (کرێملین) لە پڕا نغرۆی پارە بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٨٥ دا، نەوت لە سەدا هەشتای دەرامەتی دراوی قورسی سۆڤیەتی پێکدەهێنا.

بەپێی وتەی (ستیفین کۆتکین)ی مێژوناس، سەرکردایەتی سۆڤیەت سوودی لە باکەوتەی نەوتی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان وەرگرت تا خەرجی داگیرکردنی ئەفغانستان دابین بکات، هاوپەیمانانی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەهێز بکات، و هەروەها سوپایەکی گەورەشی پێ دروست بکات و بیژیێنێت. لە ناوەخۆدا:

"دەرامەتی نەوت موچەی بەرزتر و بوژانەوەی ئابووری بۆ چینی ڕوو لەفراوانبوونی خانەدانەداکانی سۆڤیەت فەراهەم کرد. هەروەها، هەر پارەی نەوت بوو کە چەندەها دەزگای پێویست و شێوازی ڕۆژئاوایی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل، تەشی

---

* ئەکیلیس پاڵەوانی "شەڕی تەڕوادە"یە و کارەکتەری سەرەکی داستانی "ئەلیاد"ەی (هۆمیرۆس)ە. کوشتنەکەی بەهۆی بەرکەوتنی تیرێک بووە بە پاژنەی پێی. زۆربەی ڕۆژئاواییەکان کاتێک دەڵێن شتێک بۆ کەسێک یان قەوارەیەک بۆتە بەڵا و لە خاڵی لاوازی دەدات تا بەرەو ڕمانی ببات، ئەم دەربڕینە بەکاردەهێنن (و).

دەستکرد، و چەندین بەرهەمی تری لە بازاڕ خستە ژێر ڕکێفی سۆڤیەتەوە. لە داهاتوودا، دەبینن کە خەڵکی سۆڤیەت بە شانازیەوە لە سەردەمی [لیۆنێد] برێژنێڤ دەڕوانن، ئەمیش چونکە ئەو باسترمەیان بەبیردێتەوە کە لەبازاڕ بە نرخێکی هەرزان دەیانکڕی. لە حەفتاکان واپێشبینی دەکرا کە نەوت فریادڕەس بێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا ڕووخانەکەی دواخست." ٣٥

گەرچی نرخی نەوت لە ساڵی ١٩٨٠ لە لووتکەدابوو، بەڵام لە شەش ساڵی دواییدا حەفتا لەسەد دابەزی. بێگومان داهاتی سۆڤیەتیش لەگەڵی دابەزی، کە ئەمەش قەیرانێکی ئابووری و سیاسی سازکرد و لە کۆتاییدا بووە هۆی دارمانی حکومەتی سۆڤیەتی. هەروەک (لیفۆرد گادی) و (بارری ئایکس) دەڵێن:

"پاکی سیستەمی سۆڤیەتی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دروست کرابوو کە ڕووبارێک لە سامانی لەبننەهاتوو هەیە و دەتوانرێت بەردەوام کرێی لێ هەڵوەرێندرێت. بێگومان هەرگا ئەم بنیاتە لەرزۆکەش دروستکرا، واپێویستی کرد کە بەم سامانە [نەوت] ئاویدەی تا سیس نەبێت و هەڵنەوەشێتەوە." ٣٦

لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٦، سەکردەکانی سۆڤیەت لە هەوڵی بەرزکردنەوەی دەرامەتدا بوون لەڕێی زیادکردنی بەرهەمەوە، بەڵام زێدەڕۆیی لە گوشینی زۆرێک لە بیرە پڕەکان کرا، و لەگەڵ ئەوەشی ڕێوشوێنی چڕوپڕیان گرتەبەر، بەڵام بێ ئەنجام بوون و بەرهەمهێنانی نەوت کەمیکرد؛ بەمەش قەیرانەکان دووهێندەبوون. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٩١، بەرهەمهێنانی نەوت بەڕێژەی ٢٥ لەسەدا دابەزی - کە ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی مامناوەندی لە نرخەکان لێ بۆوە، بەڵام حکومەتی سۆڤیەت تووشی کورتهێنان بوو لە دراوی قورسدا.

قەیرانی ئابووری سۆڤیەت پاڵی بە (میخایل گۆرباشچۆڤ)ەوە نا- کە لە مارسی ١٩٨٥ بوو بە سکرتێری گشتی پارتی کۆمەنیستی- کە چاکسازی ئابووری تا

ڕادەی دەرهێنانی ئابووری لە ژێر چەپۆکی دەوڵەت ببات (پیرۆسترۆیکا). لەوەش زیاتر، گۆرباشچۆڤ چاکسازی سیاسی دەستپێکرد کە ڕێی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لەسەر ئاستی پارێزگاکان و دەوڵەت خۆشکرد؛ هەروەها دەرگای لەسەر ئازادی ڕۆژنامەڤانی و ئازادی دروست کردنی ڕێکخراوەکان کردەوە (گلاسنۆست).*

لەگەڵ ئەوەشدا، بێ دراوی قورسی پێویست ناتوانرێت پێداویستی سەرەتایی هاوڵاتیان دابینبکرێت، بە تایبەتی خواردن. نە پیریسترۆیکا نە گلاسنۆست، نەیانتوانی ببنە کۆڵەکەیەک بۆ هێشتنەوەی سیستەمی سۆڤیەتی.[٣٧] لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، لە ١٧ی سێپتێمبەری ١٩٩٠، بەرپرسە باڵاکانی حکومەت مشتومڕیان بوو لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوت، تا لە کارەساتی ئابووری و سیاسی دوورکەونەوە. (یوری ماسلیکۆڤ)ی سەرۆکی گۆسپلان (دەزگای پلاندانانی دەوڵەت)، ڕوونیکردەوە:

"ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین کە تاکە سەرچاوەی دراوی قورس نەوتە، بۆیە من ئەم پێشنیارە دەکەم. من واهەستدەکەم کە ئێمە دەبێت.... قورسترین پێوەر بگرینەبەر تا بەرهەمی نەوت بەرزبکەینەوە، و بارودۆخی دەزگاکانی دەرهێنانی نەوت لە خەیاڵ نەگرین... ترسم هەیە کە ئەگەر ئێمە ئێستا بڕیاری پێویست نەدەین، ئەوا لەوانەیە ساڵی داهاتوو بەشێوەیەک بەڕێ بکەین کە بەبیری کەسمان دانێت..... لەوانەیە وڵاتە سۆشیالیستیەکان حاڵیان شڕببێت. ئەمە بەرەو

* (پیرۆسترۆیکا) و (گلاسنۆست) دوو سیاسەتی تایبەتی گۆرباشچۆڤ بوون بۆ قوتارکردنی سۆڤیەت لەو قەیرانە سیاسی و ئابووریەی لە کۆتایی تەمەنی تێی کەوتبوو. ئەویان بە مانای "دووبارە بنیاتنانەوە" و ئەمیان بە مانای "کرانەوە" دێت. مەبەستی هەردوو سیاسەتەکە لەو پەرەگرافەدا هاتووە کە نوختەی پەراوێزەکە لە کۆتایی داندراوە (وەرگێڕ).

هارپینمان دەبات. تەنیا ئێمەش نین کە دەهارِدرێین، بەڵکو تەواوی سیستەمەکە دەکەوتە ژێر هەرِەشەوە." [٣٨]

لە ئەنجامی نەبوونی دەرامەتی نەوت تا دارایی بۆ ئابووریە سۆشیالیستەکە دابین بکات- گەرچی هێندە کاریگەریش نەبوو، بەڵام پێداویستە ماددییەکانی هاوڵاتیانی بە شێوەیەکی کرداریی فەراهەم کردبوو- دەسەڵاتی حکومەتەکە لە پووکانەوە نزیک بوو، تا بەیەکجاری لە دیسێمبەری ساڵی ١٩٩١ لەناوچوو. ئەو دەمەی پیشەسازیەکە لە لووتکە دابوو لە ساڵی ١٩٨٠، یەکێتی سۆڤیەت ٣١٠٠ دۆلاری بۆ هەر تاکێک لە داهاتی نەوت و گاز هەڵدەوەراند. لە ساڵی ١٩٩١، ئەم داهاتە بەرِێژەی دوو لەسەر سێ دابەزی؛ تا گەیشتە ١٠٥٠ دۆلار بۆ هەر تاکێک.

مخابن، رِووخانی یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی بە قەیرانی ئابووری ئێستای رِووسیا نەهێنا. لە ساڵی ١٩٩٨ کە نرخی نەوت بۆ ١٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی، داهاتی نەوتی رِووسیا بۆ ٤٧٥ دۆلار بۆ هەر تاکێک دابەزی- کە ئەم دابەزینە یەکسانە بە ٨٥ لەسەد بە بەراورد بە نرخی ساڵی ١٩٨٠- بەمەش حکومەتەکە مایەپووچ بوو و لە دانەوەی ملیارەها دۆلاری قەرزی ناوەخۆ شکستیهێنا.

**هەڵاوێردەیی ئەمریکای لاتین**

توێژینەوە گرنگەکەی (تاد دەنینگ) دەریدەخات کە ئەمریکای لاتین بە ژەهرە دژە-دیموکراسیەکانی سووتەمەنی گەمار نەبووە.[٣٩] جارێکی تر سەرنجی خشتەی ٣.٢ بدە، کە دە لەو بەرهەمهێنەرانە پشاندەدات کە بوون بە دیموکراتی. پێنج لەو وڵاتانەی بە سەرکەوتوویی پەرِیونەتەوە بۆ کەنارەکانی دیموکراسی لە ئەمریکای لاتینن: ڤەنزوێلا (١٩٥٨)، ئەرجەنتین (١٩٨٣)، مەکسیکۆ (٢٠٠٠)، و ئیکوادۆر (٢٠٠٢). جێگای تێرِامانە کە تەواوی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەم کیشوەرە (بە زۆرینەی وڵاتانی بەکاربەریشەوە) ئێستا دیموکراتین. ژمارەکانی

ڕیزی خوارەوەی خشتەکە هەمان شتمان پێدەڵێن: لە ئەمریکای لاتین، وڵاتانی خاوەن نەوت دوو هێندەی وڵاتانی تر هیوایان هەیە ببنە دیموکراتی. ئەم کیشوەرەی لێدەرکەی، وڵاتانی بێ نەوت چوار هێندە ئەگەریان هەبووە ببنە دیموکراتی، بە بەراورد بە دەوڵەتە نەوتییەکان.

چەند ڕێیەک هەیە بۆ لێکدانەوەی ئەم ڕیزپەڕیەی ئەمریکای لاتین. دەنینگ دەڵێت کە نەوت تەنیا لەو وڵاتانە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن شەل دەکات کە ئاستەکانی نایەکسانیان نزمە، بەڵام لەو وڵاتانەی کە خەرەندی نایەکسانی تێیاندا فراوانە، وەک ئەوانەی ئەمریکای لاتین، نەوت ئەم پرۆسەیە خێرادەکات. ئەمیش چونکە خانەدانە دەوڵەمەندەکان دەشڵەژێنێت بەوەی دیموکراسی ماڵ و سامانەکانیان لێ زەوتدەکات.[٤٠]

ئەم ئەرگومێنتە تەواو شیاوە، بەڵام ناکرێت بۆ وردبوونەوە لەبابەتەکە بەکار بێت، چونکە داتای جیهانی لەسەر نایەکسانی ئابووری زۆر کەمە، هەروەها نایەکسانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە جیا دەپێورێت. لەوەش زیاتر، داتا لەسەر نایەکسانی لە زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەبەردەست نیە. تا وڵاتێک داهاتی نەوتی زیاتر بێت، ئەوا زانیاری کەمتر لەسەر ئاستی نایەکسانی لە ناوەخۆ دەخاتەڕوو.[٤١]

لێکدانەوەیەکی تر دەکرێت ئەوەبێت کە نەوت تەنیا لەو وڵاتانە تەنگ بە پرۆسەی بەدیموکراتیبوون هەڵدەچنێت کە پێشتر هیچ ئەزموونێکی دیموکراسییان نەبووە.[٤٢] بە پێی ئەو مۆدێلەی لە سەرەتای ئەم بەندە بەکارهات، نەوت برەوی دیکتاتۆرەکان بەرزدەکاتەوە، ئەمیش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان دەتوانن ئەندازەی ڕاستی دەرامەتی نەوتی حکومەتەکانیان حەشاردەن. لەوانەیە گەر وڵاتێک پێشتر لە ژێر سایەی حوکمێکی دیموکراتیدا بووبێت، ئەوا

دیکتاتۆرەکان بۆیان زەحمەتتر بێت کە ئەم دەرامەتە بشارنەوە: بەهۆی بوونی میدیای ئازاد، هاوڵاتیان لە بڕی ڕاستی نەوتی وڵاتەکەیان ئاگادارن، بۆیە گومان لە گوتاری دیکتاتۆرەکە دەکەن.

گەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا سامانی نەوت تەنیا لەو وڵاتانە پرۆسەی بەدیموکراتیبوون ڕادەگرن کە خەڵکەکانیان هیچ ئەزموونێکی پێشینەیان لەگەڵ حوکمی دیموکراسیدا نەبووە. لە ڕاستیدا، زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ئەمریکای لاتین پێشتر بینیان بە دیموکراسی تەڕ بووە، لەوانەش ئەرجەنتین، بۆلیڤیا، بەرازیل، شیلی، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، و پێرو؛ مەکسیک نەبێت، کە ئەمیش لە پرۆسەی بە دیموکراتیبوون خاوڕێکردووبوو. نەیجیریا، کە قەبەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە ئەفریقا و بۆتە دیموکراتی، پێشتر وەک بەرهەمهێنەری نەوت ئەزموونی دیموکراسی هەبوو. بەڵگەی ژمارەییش لە پاشبەندەکە هەیە کە هەرنا بەشێک لە هۆکاری ڕیزپەڕی بەرهەمهێنەرانی ئەمریکای لاتین، بۆ ئەزموونی پێشینەی دیموکراسی دەگەڕێننەوە. هۆکارەکە هەرچیەک بێت، دەنینگ ڕاستدەکات: نەوت ناوی لەگەڵ دیموکراسی زیاتر دێت کاتێک باسی ئەمریکای لاتین دەکرێت، بەڵام بۆ وڵاتانی تری جیهانی تازە پێگەیشتوو ناوی نەوت شلتر لەگەڵ دیموکراسیدا گرێدراوە.

## ئایا سامانی نەوت زیان بە وڵاتە دیموکراتییەکان دەگەیەنێت؟

ئایا نەوت لە ئاستی دیموکراسی وڵاتە دیموکراتییەکان کەمدەکاتەوە؟ هەر لە یەکەم سەرنجەوە، وا پێدەچێت مۆدێلەکە بڵێت "نەخێر": ئەگەر نەوت هەڕمێنی حکومەتان بەرزبکاتەوە لە ناوەخۆ، ئەوا بێگومان بۆ دەوڵەتە دیموکراتی و دیکتاتۆرییەکان هەمان شتە. هەندێک داتای ئاماریش هەن کە نەوت بە یارمەتیدەرێک دەناسێنن بۆ ئەوەی وڵاتانی دیموکراتی بە دیموکراتی بمێننەوە.[٤٣]

بەڵام تێڕامانێکی وردتر وەڵامێکی ئاڵۆزتر دەخاتە بەردەست. بەپێی مۆدێلەکە، نەوت *خاوەن پلەوپۆستەکان* بەهێز دەکات، بێگوێدانە ئەوەی کە حکومەتەکە دەسەڵاتخوازە یان دیموکراتیە. دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە دیکتاتۆرەکان ئارەزوو دەکەن وڵاتەکانیان هەرگیز لە دیکتاتۆری ڕەها نەبێت، چونکە ئەمە وادەکات لە دەسەڵات بمێننەوە. هەرچۆنێک بێت، لەوانەیە خاوەن پلەوپۆستە دیموکراسیخوازەکانیش نەیانەوێت وڵاتەکانیان بە دیموکراسی بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا، بۆ ئەوەی بۆ کاتێکی زیاتر لە پێگەکەی خۆیان بمێننەوە، لەوانەیە وڵاتەکانیان بەرەو لێڕەواری دیکتاتۆری ببەن.

هەموو دەوڵەتە دیموکراتییەکان بە یەکسانی تووشی ئەم مەترسیە نابنەوە. دەوڵەتە دیموکراتیە دەوڵەمەندەکان بەندوباوی بەهێز لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار دادەنێن، ئەمیش لەڕێی پەرلەمان و دادگاکەنەوە. دەوڵەتە دیموکراتیە هەژارەکان هەمیشە دەزگای یاسادانان و دادگاکانیان لاوازترە، و دەسەڵاتی جێبەجێکار تێیاندا کەمتر چاودێری لەسەرە. لەو وڵاتانەی کە دیموکراتین و دەوڵەمەندن و بەرهەمهێنەری نەوتن، سیستەمی بەرزەفتکردن و هاوسەنگکردن (check and balances) بەر بە بەرپرسەکان دەگرێت لە بەدەستهێنانی هێزی زیاد لە پێویست، هەروەها ئەو هێزە ئابوورییەش هاوتا دەکات کە نەوت بە بەرپرسەکانی دەبەخشێت. بەڵام لە دیموکراسیە داهات کەم و مامناوەندیەکاندا، سامانی نەوت لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ سەردارەکان لە پێکەوەنانی هەژموونێکی سیاسی کە سیستەمی بەرزەفتکردن و هاوسەنگکردن هەڵبوەشێنێتەوە، کە بە پێچەوانەوە لەکاتی بوونی ئەو سیستەمە، حکومەتەکەیان بە دیموکراسی دەهێڵێتەوە.

ئەمە ئەوە دەگەینێت کە سامانی نەوت دەتوانێت ئاستی دیموکراسی وڵاتە دیموکراتیە داهات کەمەکان دابلەنگێنێت. لەوانەیە کەم وڵاتی دیموکراتی هەبن

که بەرهەمهێنەری نەوت بن و داهاتیان کەم یان مامناوەند بێت؛ ئەمەش ساغکردنەوەی ئەم گریمانەیە قورس دەکات. بەڵام هێشتاش هەندێک بەڵگە لە خشتەی ٣.٦ هەیە بۆ پاڵپشتی، کە ڕێژەی ساڵانەی شکستە دیموکراتییەکان دەردەخات- واتە شیمانەی ساڵانە کە تێیدا حکومەتێکی دیموکراتی بۆ دیکتاتۆری دەگۆڕێت. داتا بۆ هەموو وڵاتەکان بەردەستە، لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٨. بەشێوەیەکی گشتی، شکستە دیموکراتییەکان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کەمترن، گەرچی جیاوازیەکە ناگاتە وردبینی ئاماری (ڕیزی یەکەم). تەنانەت ئەو دەمەی وڵاتەکان بەپێی سامانەکانیان دابەشدەکەین (ڕیزی دووەم و سێیەم)، ڕێژەی شکستە دیموکراتییەکان لە دەوڵەتە نەوتییەکان هێندە لە شکستە دیموکراتییەکانی دەوڵەتە بەکاربەرەکان جیاواز نین.

هێشتاش دەبێت ڕەچاوی کاتەکە بکەین. پێشتر گەواهی ئەوەماندا کە کاریگەریە دژە-دیموکراسیەکانی نەوت دوای سەردەمی بەخۆماڵیکردن لە حەفتایەکان زیاتر بەدیارکەوتن. ڕیزی چوارەم و پێنجەم ئەوە پشاندەدات کە شکستە دیموکراتییەکان لە ساڵی ١٩٦٠ەوە بۆ ١٩٧٩ شتێکی باو نەبوونە لە دەوڵەتە نەوتییەکان. لە ١٩٨٠ەوە، وردە وردە ئەم دەوڵەتانە ڕۆچوونە نێو ئەم دیاردەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەکە وردبینی ئاماری بەدەست ناهێنێت.

کاتێک ئەو دوو فاکتەرە پێکەوە دادەنێین- بە تەماشاکردنی دەوڵەتە دیموکراتیە داهات کەمەکان لە ساڵی ١٩٨٠ەوە (ڕیزی شەشەم)- شکستە دیموکراتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەوڵەتە نەوتییەکان زیاد دەبێت، گەرچی جیاوازیەکە ناگاتە وردبینی ئاماری. لە پاشبەندی ئەم بەندە ئەوە دەردەخەم کە بە جێگیرکردنی بارگۆڕە دوو جەمسەرییەکان، پەیوەندی نیوان نەوت و شکستە دیموکراتییەکان- بەتایبەتی لە وڵاتانی داهت کەم و لەدوای ١٩٨٠- وردبینی ئاماری بەدەست دەهێنێت.[٤٤]

*خشتەی ٣.٦: گۆڕان بۆ دەسەڵاتخوازی (١٩٦٠-٢٠٠٦)*

| | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| تەواوی وڵاتەکان لە مێژوودا | ١.٩ | ١.١٧ | -٠.٧٢ |
| داهاتی کەم (خوار ٥٠٠٠ دۆلار) | ٣.٣٢ | ٢.٩٧ | -٠.٣٥ |
| داهاتی بەرز (سەروو ٥٠٠٠ دۆلار) | ٠.٢٨ | ٠.٤٦ | ٠.١٨ |
| ١٩٦٠-١٩٧٩ | ٣.٧ | ٠.٧٤ | -٢.٩٥** |
| ١٩٨٠-٢٠٠٨ | ١.٠٨ | ١.٣ | ٠.٢١ |
| داهات کەم (١٩٨٠-٢٠٠٦) | ١.٨٨ | ٣.٣٣ | ١.٤٦ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت لە (one-tailed t-test).

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلەند)- ٢٠١٠ وەرگیراون، و دواتر شیکاری ئامارییان بۆ کراوە.

ژمارەی دەوڵەتانی دیموکراتی بەرهەمهێنەری نەوت لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتە زەنگینە پیشەسازییەکان کەمە، ئەمەش بەهای ئەم پەیوەندیانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام پەیوەست بەم ڕەوشەی لێکۆڵینەوەی لێ دەکەین، چەندین ئاماژە هەن کە نەوت پێگەی بەرپرسە هەڵبژێردراوە دیموکراتییەکانی قایم کردووە، و برِستی داونەتێ تا بەندوباوە دیموکراسییەکان لابەرن.

گەرچی جێی سەرسوڕمانیشە، بەڵام هەندێک لە بەڵگە بەهێزەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبینرێت. زۆربەی پیشەسازی نەوت لەم وڵاتە لەلایەن حکومەتی ویلایەتەکان خۆیانەوە ڕێکدەخرێن، نەک حکومەتی فیدراڵی؛ واتە حکومەتی ویلایەتەکان برێکی باش لە دەرامەتی نەوتییان چنگ دەکەوێت. ئەگەر سامانی نەوت و گاز سیاسەتمەدارە ئەمریکیەکانی بەهێز کردبێ، ئەوا ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی ویلایەتەکان دیار دەکەوت. چەند توێژینەوەیەک کە لەلایەن (ئیلیس گۆلدبێرگ)، (ئیریک ویبیلس)، (ئیریک مڤوکیاهی)، و هەروەها (جەستن ۆلفەرسەوە) ئەنجادراون، دەریانخستووە کە لەو ویلایەتانەی دەرامەتی نەوت زۆرە، پارێزگارەکان زیاتر چانسی دووبارە هەڵبژاردنەوەیان هەیە، و ڕکابەرەکانیان بە جیاوازیەکی زۆر شکست دێنن.[٤٥]

دیارترین نموونە دەکرێت لە لویزانا لە بیستەکان بووبێت، کە (هوی لۆنگی) پارێزگار لە ڕێی جۆرێک لە پیترۆپۆپیولیزمەوە* هەژمێنێکی سیاسی بێ هاوتای بەدەستهێنا. لۆنگ باجی سەر کۆمپانیاکانی نەوتی زیاد کرد، و پارەی ئەم هەڵمەتەی لە دروستکردنی ڕێوبانی نوێ، خەستەخانە، پەرتووکی قوتابخانە بۆ

* دەستەواژەی لێکدراو، پێکهاتوو لە (پۆپیۆلیزم)، کە بریتیە لە جۆشدانی هەستی خەڵکی بۆ بەرژەوەندی کەسێک یان لایەنێک لەڕێی وتاردان لەسەر بابەت ڕۆژ، پەیامی ئاگرین دژی دەزگا حکومی و بازرگانییەکان، یانیش ئەنجامدانی پڕۆژەی خێرا و کورتبین و ڕووکەشی، تا واپشانبدرێت دەسەڵاتدار لە بەرەی خەڵکە؛ لەگەڵ (پێترۆ)، واتە نەوت. دەستواژەکە واتە وروژاندنی سۆزی خەڵک بە یارمەتی دەرامەتی نەوت (و).

خوێندکاران، و کڕینی پشتیوانی سیاسی یاسادانەر و سیاسەتمەدارە ناوەخۆییەکان خەرجکرد. سەرمایەی ویلایەتەکە برەوێکی جەماوەری چاکی بۆ لۆنگ پەیاکرد، هەروەها هێز و دەسەڵاتێکی زۆری پێبەخشی. ئەو رۆژنامە ڕکابەرەکانی قرِوقەپ کرد، و دارایی حکومەتە خۆجێیە دژەکانی وشکرد. تەنانەت هێزی ئەوەی هەبوو بە ویستی خۆی فەرمانبەری حکومەت، وەک جێگری قایمقام و مامۆستایانی قوتابخانە، دەرکات و دانێت.[٤٦]بەهۆی دەرامەتی نەوتی لویسانا، لۆنگ و ئەو خزمانەی خۆی کە جێیان گرتەوە، "هێز و دەسەڵاتیان زیاتر لە دیکتاتۆرێکی ئەمریکای لاتین دەچوو، نەک سەرداری ویلایەتێکی ئەمریکی."[٤٧]

ڕووشانی دیموکراسی لە لویسانا لە بیستەکان و سییەکان، بووە پێشینەی ئاوەژووبوونی دیموکراسی لە چەند وڵاتێکی دیموکراتی داهات کەم لەم ساڵانەی دوایی. ئەم نرخە بەرزانەی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٨ بەخۆیەوە بینی، توانای لابردنی تەنگەبەری سەر دەسەڵاتی بە زۆرێک لە سەرۆکە هەڵبژێردراوەکانی دەوڵەتە نەوتییەکان بەخشی:

- (ئیلهام عەلیڤی) سەرۆکی ئازربایجان، لە مارسی ٢٠٠٩ گشتپرسیەکی بۆ لابردنی بەرزەفتی خۆهەڵبژاردنی دوو خولە کرد، کە بە پێچەوانەوە نەیدەتوانی خۆی هەڵبژێرێتەوە. هێزەکانی ئۆپۆسزیۆن بایکۆتی گشتپرسیەکەیان کرد، بەڵام بە پێی وتەی حکومەت، ٩٠ لەسەدای دەنگدەران پەسەندی پرسەکەیان کردبوو.
- هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ لە نەیجیریا، سەرکەوتنێکی سەرسورهێنەری بۆ پارتی زەبەلاحی (پارتی گەلی دیموکراتی) تۆمارکرد، بە شێوەیەک کە توانیان پۆستی سەرۆک و زۆرینەی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی ناوەندی بۆخۆیان مسۆگەربکەن. چاودێرە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیەکان گوتیان کە پارتی گەلی دیموکراتی ساختەکاریەکی ئێجگار زۆری لە

پرۆسەکە کردووە. بەپێی وتەی (کۆمەڵەی قەیرانی نێودەوڵەتی)، ئەمە ناپاکترین هەڵبژاردن بووە لە مێژووی نەیجیریا.[٤٨]

- دووبارە هەڵبژاردنەوەی (ئەحمەدی نەژاد) لە ئێران لە ٢٠٠٩، بەلای زۆرێک لە چاودێرانی ناوەخۆ و بیانی، بەهۆی خەوش و ساختەکاری بووە لە پرۆسەی دەنگدان. حکومەتەکەی نەژاد تەواو پشتی بە سوپای (پاسداران) قایم بوو تا خۆپیشاندانەکانی دژ بەم هەڵبژاردنە کپکەنەوە. حکومەتەکەی نەژاد چەندین گرێبەستی حکومەتی خستبووە بەردەستی پرۆژەکانی پاسداران، لەوانەش گرێبەستی نافەرمی نەوت هەبوون بە بەهای چەندین ملیار دۆلار.[٤٩]

بە درێژایی دەیەی ڕابردوو، (هۆگۆ چاڤێزی) سەرۆکی ڤەنزوێلا خانەخوێی لەسەر نرخە هەڵکشاوەکانی نەوت دەکرد تا ئەو پرۆژانەی پێ جێبەجێبکات کە هەڕمێنیان لەناو بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ پەیدا دەکردن؛ لەناو ئەمانیش سەرنجی پرۆژەکانی لەسەر خێزانە داهات کەمەکان و سوپا بوو. دواتر چاڤێز ئەم پشتیوانیەی قۆزتەوە تا بەرزەفتکردن لەسەر دەسەڵاتی خۆی لابەرێت. بۆ نموونە، لە دادگای باڵا دادوەرە نەیارەکانی لابرد و بەندوبانوی نوێی لەسەر میدیا دانا.[٥٠] لە مانگی دووی ٢٠٠٩دا، چاڤێز گشتپرسیەکی بۆ لابردنی تەنگەبەرەی دوو خولە بردەوە، بەمەش شوێنی خۆی لەسەر کورسی سەرۆکایەتی بۆ هەتاهەتایە توندکرد.

## چاوخشانەوەیەکی تر بە ڕووسیا

هەروەک چۆن نموونەی یەکێتی سۆڤیەت چۆنیەتی درێژەپێدانی حوکمێکی دەسەڵاتخوازمان بەهۆی دەرامەتی نەوتەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەوهاش نموونەی ڕووسیای دوای ١٩٩٨ پێمان دەڵێت کە چۆن دەرامەتی نەوت

دەکرێت دیموکراسیەکی لەڕ بخاتە مەترسیەوە کاتێک دەبێتە هەوێنی بەرزبوونەوەی برەوی بەرپرسێکی هەڵبژێردراو، کە پەیتا پەیتا بەرزەفتکردن و هاوسەنگی لەسەر دەسەڵاتی خۆی لادەبا.

داکشانی دەرامەتی نەوت و گاز لە ڕووسیا، گرەپێچەی بە مایەپووچبوونی حکومەتەکەی دا لەساڵی ١٩٩٨، بەڵام لاوازبوونی دارایی حکومەت دەرگای بۆ ئازادی مەدەنی زیاتر، ئازادی ڕۆژنامەڤانی، و کێبڕکێی ئاشتیانەی سیاسی کردەوە – دەتوانین بڵێین دیموکراسیەکی تەواوی بۆ وڵات بەرجەستەکرد. هەر کە پیشەسازی نەوتی ڕووسی لە ساڵی ٢٠٠٠ دەستی بەبووژانەوە کرد، دیموکراسی دیسان پاشەکشەی کرد. تەواوی وێنە شیکاریەکە لە وێنەی ٣.٨ دایە، کە ئاستەکانی دیموکراسی وڵاتەکە بە بەراورد بە داهاتی نەوتەکەی پشاندەدات، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ٢٠٠٧.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٦دا، کەرتی نەوتی ڕوو لە هەڵکشانی ڕووسیا ڕوحێکی نوێی کردەوە بەبەری ئابووری وڵات: داهاتی ڕاستی بەرێژەی ٤٨ لەسەدا بەرزبۆوە، دانەمەزراندن لە ٩.٨ لەسەداوە بۆ ٦ لەسەدا دابەزی، و دەرامەتی نەوتی حکومەت حەوت هێندە بەرزبۆوە، لە ١٤.٣ ملیار دۆلار بۆ ١٠٧ ملیار دۆلار.[٥١]

بەشێک لە گەشەی کەرتی نەوت بۆ زیادکردنی بەرهەم دەگەڕێتەوە: لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ٢٠٠٦، بەرهەمهێنانی نەوت بەرێژەی ٤٣ لەسەدا و گازی سروشتی بە ڕێژەی ١٢ لەسەدا گەشەی کرد. هەرچۆنێک بێت، ئەمە نرخە بەرزەکانی نەوت بوو کە ڕێی بۆ ئەم دەرامەتە زەبەلاحە خۆش کرد: لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٦دا، نرخی نەوت دووقات بوو و نرخی گازی سروشتی بە ڕێژەی ١٥٠ لەسەدا بەرزبۆوە. بەهۆی ئەم باکەوتەوە، قەرزە کۆنەکان درانەوە و

زێدەبەها شوێنی کورتهێنانی بودجەی گرتەوە. بەرزترین تێکڕای باجی پەراوێزی سەر کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە ٣٥ لەسەداوە بۆ ٢٤ لەسەدا کەمکرایەوە. هەروەها، تێکڕای باجی سەر تاکەکان لە ٣٥ لەسەداوە بۆ ١٣ لەسەدا دابەزی.[٥٢]




*هێڵکاری ٣.٨: نەوت و دیموکراسی لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیا (١٩٦٠-٢٠٠٧)*

هێڵە ڕاستەکە گوزارشت لە ئاستی دیموکراسی دەکات لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیا، بە گوێرەی داتای وەرگیراو لە (Polity IV)، کە لە سفر تا دە ی بە وڵاتەکان داوە و ژمارە دە-ش واتە ترۆپکی دیموکراسی. هێڵە شکاوەکەش ئاماژەیە بۆ داهات بۆ هەر تاکێک (لەسەر ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر ڕۆنراوە). داتاکان لە (مارشال) و (جاگەرس)- ٢٠٠٧ وەرگیراون.

ئەم بودجە زۆرە و باجە کەمە، ڕەنگدانەوەی توانستی (ڤلادیمیر پوتین) بوو بۆ دووبارە سەپاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر کەرتی نەوت، کە

بەشێکی زۆری لە نەوەدەکان لەلایەن کۆمپانیا ناحوکمیەکان خاوەنداری دەکرا.[٥٣] دانانی ئەم سامانە زەبەلاحە لە ژێر باڵی کەرتی تایبەت، دەوڵەتی ڕووسی لاواز کردبوو؛ بە جۆرێک کە بارتەقای کۆمپانیا گەورەکانی نەدەبرد تا باجیان لێ وەرگرێت، و کەرتی حکومی ببوژێنێتەوە و بودجە هاوسەنگ بکات. پرۆسەی بەتایبەتیکردن کاریگەری سیاسی بۆ خاوەن کۆمپانیاکان پەیاکرد. (بۆریس بیریزۆڤسکی)ی خاوەن کۆمپانیای کەتەی (سیبنەفت)، ئیمپراتۆریەتێکی میدیایی دروستکرد و لە سیاسەتی کرێملین شوێن پەنجەی هەبوو. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە (میخایل خۆدۆرکۆڤسکی) خاوەن (گروپی کۆمپانیاکانی یۆکۆس) و یەک لە کەسایەتیە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیا، سەدان ملیۆن دۆلاری بە هەردوو پارتی لیبرال، (یوکۆس) و (سۆیۆز پراڤیخ) — کە بە "هاوپەیمانی هێزە ڕاستڕەوەکان" ناسرابوون- دابێت تا دووقۆڵی دژایەتی پووتین بکەن. هاوپەیمانیەکە لە ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ لە پەرلەمان، هەوڵەکانی بەرزکردنەوەی باجی لەسەر بەرهەمهێنەرانی نەوت شکست پێهێنا. دوای ئەوەی ڕەخنەی لە باجنەدانی (یوکۆس) گرت ، سەرۆکی شارەوانی (نەفتییوگانسک) کوژرا. ئەو لەو شوێنە بەرپرس بوو کە یەکەی سەرەکی بەرهەمهێنانی یوکۆسی لێ هەڵکەوتووە.[٥٤]

دوای جیابوونەوە لە پوتین، بیریزۆڤسکی بەرەو لەندەن ڕایکرد. هەر دوو ساڵ دواتر، حکومەتی ڕووسیا خۆدۆرکۆڤسکی دەستگیرکرد و بۆ ماوەی هەشت ساڵ بە تۆمەتی ساختەکردن و خۆدزینەوە لە باج بەندی کرد. هەروەها، بە خورتی و بە نرخێکی کەم یوکۆسی بە (ڕۆسنەفت) فرۆشت، کە کۆمپانیایەکی حکومیە.[٥٥] حکومەتی ڕووسیا لە ٢٠٠٦، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی ناچار کرد کە لە پرۆژەیەکی سەرەکی لە (ساخالین) بکشێننەوە، و پرۆژەکەی خستە ژێر چنگی کۆمپانیایەکی خۆی-

(گازپرۆم). ئەم ڕێوشوێنانە و چەندانی تر، بەشی هەرە زۆری سامانی نەوت و گازی ڕووسیای خستەوە ژێر باڵی دەوڵەت. ئیتر ئەم پیشەسازیە یان ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆمپانیاکانی دەوڵەتەوە هەڵدەسوڕا، یانیش لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە بەڵام بەپێی یاسا و بنەمای ڕشدی حکومەت.

جڵەوی زیاتری کرێملین بەسەر کرێی نەوت و هاوکات گەورەبوونی قەبارەی ئەم کرێیانە، هێزی پێویستیان بە پووتین بەخشی تا زۆربەی ئەم ئازادیە سیاسیانە پووچەڵبکاتەوە کە لە نەوەدەکان فەراهەمکرابوون. تا لە ٢٠٠٨ بوو بە سەرۆک وەزیران، و پۆستی سەرۆکایەتی ڕادەستی (دیمیتری مێدڤێدێڤ) کرد کە خۆی هەڵیبژاردبوو، پووتین ئازادی ڕۆژنامەڤانی خنکاندبوو، ڕێی ئۆپۆسزیۆنی لەبەردەم جڤاکە سیاسییەکان سەخت کردبوو، و هەروەها پەرلەمانیشی لاواز کردبوو.

هەروەک (مایکل ماکفاول) و (کاترین ستۆنەر) دەڵێن:

"بەهۆی ئەم حەمکە پارەی دەرامەتی نەوت کە لە باوڵەکانی کرێملین خەوێندرابوون، پووتین دەیتوانی تەوقی هەر لایەنێک بدات کە هێزێکی سیاسی هەیە یانیش چۆکیان پێ دابنێت؛ کرێملین هۆکارێکی وای نەبوو سڵ لە لێکەوتە ئابووریە نەرێنیەکان بکاتەوە کە دەستی بەسەر کۆمپانیایەکی وەک یوکۆس داگرت (کە کۆمپانیایەکی کەتەی ناحکومی بوو). هەروەها، پووتین داهاتی زۆری لەبەردەستبوو تا ڕکابەرەکانی نێو میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بکڕێت یانیش دەمکوتیان بکات." [٥٦]

بوژانەوەی کەرتی نەوت لە ڕووسیا لە ڕێگەی زیادکردنی توانستە داراییەکانی حکومەت، کۆمەکی بە هەڵکڕانی دیموکراسی ڕووسی کرد. دەتوانین بڵێین نیشانەکانی هەر لەگەڵ دووبارە سەپاندنەوەی جڵەوی حکومەت بەسەر

پیشەسازیەکە لەلایەن پووتینەوە دەرکەوت. لەگەڵ تەقینی کانیەک لە دەرامەتی نەوت، پووتین توانی لەیەک کاتدا خەرجی حکومەت زیاد بکات و باج کەم بکات، بەمەش برەوێکی چاکی لەنێو گەلی ڕووسی پەیدا کرد: داتاکانی سەنتەری (لیڤادا)ی باوەڕپێکراو، ئەوەی دەرخست کە پووتین بەرلەوەی کورسیەکەی جێبێڵێت [لە ٢٠٠٨]، لەسەدا ٨٥ی گەلی ڕووسیا لە کارەکانی ڕازیبوون.[٥٧] پشتئەستوور بەو نرخانەی هەمیشە لە هەڵکشاندابوون، پووتین هەڕمێنە کەسیەکەی خۆی بەکارهێنا تا چاکسازیە دیموکراسیەکان شەل بکات و ڕووسیا بخاتەوە سەردەمی تاک حزبی.[٥٨]

گەرچی ڕووسیا لە دیموکراسی دوورکەوتەوە، بەڵام لە ڕووێکەوە وەک وڵاتێکی ڕیزپەر خۆی نمایش دەکرد: تا ٢٠١٠ش، شەفافی بودجە لە ڕووسیا لە چاو هەموو دەوڵەتە دەسەڵاتخوازە بەرهەمهێنەرەکان زیاتر بوو. وەک لە وێنەی ٣.٧ دا دەردەکەوێت، ڕووسیا تاکە وڵاتە بتوانێت سامانێکی زلی نەوت لەگەڵ شەفافیەتێکی بایەخداری بودجە لەیەک بۆتەدا کۆبکاتەوە. بەداخەوە، زۆری ئەم شەفافیە لە مانگی چواری ٢٠١٠ بەرەو نەمان چوو، ئەمیش دوای ئەوەی پووتین وەک سەرۆک وەزیران بڕیارێکی واژووکرد بۆ هەڵپەساردنی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر سامان، دەرامەت، و خەرجی هەردوو سندوقی داهاتی نەوت لە ڕووسیا. بێگومان بڕیارەکە دەرامەتی نەوت و گازی حکومەتیشی گرتەوە.[٥٩] بڕیاروابوو کە هەڵپەساردنەکە تا ساڵی ٢٠١٣ کارابێت – واتە ڕێک دوای هەڵبژاردنێکی تر لە ڕووسیا.

لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، بازدان بۆ دیموکراسی ئێجگار دەگمەنە. سامانی نەوت هەردەم تەگەرە نەبووە بۆ دیموکراسی، هەروەها کاریگەریە دژە-دیموکراسیەکانی دەکرێ لە داهاتوودا خامۆش ببن. هەرچۆنێک بێت، بە

درێژایی سێ دەیەی پێشوو، بەرهەمە سیاسییەکانی نەوت زۆری لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە دووراوەتەوە، نەوەکو هاوڵاتیان.

**پاشبەندی ٣.١: شیکارێکی ئاماری بۆ نەوت و دیموکراسی**

ئەم پاشبەندە چەند میتۆدێکی ئاماری regression بەکار دەهێنێت تا پەیوەندی نێوان داهاتی نەوت و سێ لێکەوتە دەرخات- گۆڕان بۆ دیموکراسی، شکستە دیموکراسیەکان، و پشتیوانی بۆ دیموکراسی.[٦٠]

ئەو مۆدێلەی لەبەشی سێیەمدا بەکارهاتووە، پێنج پێکهاتە لەخۆدەگرێت کە دەتوانین بە شیمانە ناویانبێنین:

*شیمانەی ٣.١:* تا حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان داهاتی نەوتییان بۆ هەر تاکێک زۆر دەبێت، ئەوا ئومێدی گۆڕانیان بۆ دیموکراسی لاواز دەبێت.

*شیمانەی ٣.٢:* داهاتی نەوت لە دوای ساڵی ١٩٨٠ەوە تەنگی بە دیموکراسی هەڵچنیوە، بەڵام پێش ئەم ساڵە کاریگەری کەمتر بووە.

*شیمانەی ٣.٣:* کاتێک ڕێژەی خەرجی حکومی لەناو حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان لە دەرامەتی خەمڵێنراو زیاتر دەبێت، ئەوا ئومێدی گۆڕانیان بۆ دیموکراسی لاواز دەبێت.

*شیمانەی ٣.٤:* کە حکومەتە دەسەڵاتخوازە دەوڵەمەندەکان بە نەوت کۆت و بەندی زۆر دەخەنە سەر میدیا و شەفافی لە بودجە فەرامۆش دەکەن، ئەوا ئومێدی گۆڕانیان بۆ دیموکراسی لاواز دەبێت.

*شیمانەی ٣.٥:* ئەو دەمەی دیموکراسیە داهات کەمەکان داهاتی نەوتییان بۆ هەر تاکێک زۆر دەبێت، ئەوا ئەگەری کشانەوەیان بۆ دەسەڵاتخوازی زیاد دەبێت.

**گۆڕان بۆ دیموکراسی**

بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان نەوت و پەرینەوە بۆ دیموکراسی ساغبکەینەوە، من دوو پێوەری بەدیل بەکاردێنم دەربارەی جۆریەتی سیستەمی حوکمڕانی: پێوەرێکی دوانەیی بۆ دیموکراسی-دیکتاتۆری، کە بە بەکارهێنانی خەملێنی لۆگاریتمی ڕاڤەی دەکەم؛ و پێوەرێکی بیست و یەک خاڵی، کە بە خەملێنی چوارگۆشەی بچووک (OLS) ڕوونیدەکەمەوە.

خەملێنێک لە چەشنی خەملێنی لۆگاریتمی چوست و چەلەنگە بۆ شەنکردنی ڕووداوێکی پارچەپارچەبوو. ئەمەش وادەکات کە ڕێیەکی گونجاو بێت بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی داهاتی نەوت لەگەڵ ئەگەری ئەوەی دەوڵەتێکی دەسەڵاتخواز بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دیموکراسی. مۆدێلی OSLیش بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان داهاتی نەوت و ئەو وردە گۆڕانکاریانە بدۆزمەوە کە بەسەر سیستەمی حوکمڕانیدا دێ. ئەمە وەک کارتێکی تۆکمە لە دەستمان دەمێنێتەوە. دیوە نەرێنیەکەی مۆدێلی OLS ئەوەیە کە زانیاری بەبڕشت لەسەر پەیوەندی نێوان داهاتی نەوت و گشت سیستەمەکانی حوکمڕانی دەخاتەڕوو، جا لەوپەڕی دیموکراسیەوە پێدادێت تا ئەوپەڕی دەسەڵاتخوازی، واتە ناتوانین ئەو بەکاربهێنین بۆ ئەوەی کاریگەریەکانی نەوت لەسەر گۆڕان بۆ دیموکراسی، و کاریگەریەکانی لەسەر شکستە دیموکراسیەکان جیابکەینەوە.[٦١]

## گۆڕباری شوێنکەوتە*

گۆڕباری شوێنکەوتە لە نێو مەزەندەکردنە لۆگاریتیمیەکان *گۆڕانە بۆ دیموکراسی*، کە گۆڕبارێکی وردە و بەهای '1'ی پێدەدرێت کاتێک وڵاتێک

Dependent variable*

له حوکمێکی دەسەڵاتخوازیەوە بۆ حوکمێکی دیموکراسی دەگۆڕدرێت، و بە پێچەوانەوەش بەهای '0' وەردەگرێت. ئەمە لە پێوەری دوانەیی دیموکراسی-دیکتاتۆری هەڵێنجدراوە. ئەو پێوەرەی کە لەلایەن (پرزیوۆرسکی) و هاوپیشەکانی پەرەپێدراوە، و (خۆزێ چیبۆب) و (جێنیفەر گاندی) و (جەیمس ڤریلاند) نوێکراوەتەوە.[٦٢]

بۆ مەزەندەکردنەکانی OLSیش، گۆڕباری شوێنکەوتە بریتیە لە *حوکمڕانی*، کە لە پێگەی Polity IV وەرگیراوە. مەودای 10- تا 10 بەکاردێنی؛ ئەمیان گوزارشت لە (ترۆپکی ئۆتۆکراسی) دەکات و ئەویان بۆ (ترۆپکی دیموکراسی) بەکارهاتووە.[٦٣] بۆ ئەوەی لێکدانەوەکە سادە و ساکار دەرکەوێت، پێوانەکردنەکەم داڕشتۆتەوە لە 1 وە بۆ 10. بێگومان بەهای گەورەتر لەو نێوانە نیشانەی دیموکراسی زیاترە. هەردوو پێوانەکردنەکەمان، چیبۆب-گاندی-ڤریلان و Polity IV، تەواوی ئەو وڵاتانە شەن و ڕاڤە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٠٠ خاوەن سەروەری خۆیان بوون و ژمارەی دانیشتووانەکانیان لە ٢٠٠،٠٠٠ کەس کەمتر نەبووە. خەمڵێنی لۆگاریتمی ساڵی ١٩٦٠ تا ٢٠٠٦ ڕاڤەدەکات، بەڵام خەمڵێنی OSL لە ساڵی ١٩٦٠وە بۆ ٢٠٠٤ دەکۆڵێتەوە.

## بارگۆڕە سەربەخۆ و جێگیرەکان*

بارگۆڕی سەربەخۆی سوو-ەکە (interest) بریتیە لە لۆگاریتمی سروشتی داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک. *داهاتی نەوت (log)* ئاماژەیە بۆ بەهای بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە وڵاتێک کە بە بڕێکی جێگیرکراو (٢٠٠٠ دۆلار)

*Independent and control variables

بەسەر 'ڕێژەی دانیشتووان لە نیوەی ساڵ' دابەشکراوە؛ ئەمە بە وردی لە پاشبەندی ١.١ ڕوونکراوەتەوە. لەبەرئەوەی دابەشکردنی داهاتی نەوت لەسەر ئاستی وڵاتان شتێکی ئاسان نیە، واتە بڕێک جار وڵاتان بە درێژایی ساڵێک هیچ نەوت و گازێک بەرهەمناهێنن، من بەها لۆگاریتمیەکەی وەردەگرم.

*داهاتی* بارگۆڕ لە هەردوو مۆدێلی لۆگاریتمی و OLS دەخەم، کە لۆگاریتمی سروشتی داهات بۆ هەر تاکێک لەسەر بنەمای زانیاری وەرگیراو لە World Development دەپێوێت، و بۆشاییەکانی بە ژمارە و وێنەی وەرگیراو لە Penn World Tables پڕدەکاتەوە.[٦٤] زۆربەی زۆری توێژینەوەکانی تایبەت بە پرۆسەی بەدیموکراتیکردن گریمانەی ئەوە دەکەن کە داهات کۆلکەیەکی هەستیارە: هەرکاتێک داهات بەرەو ژوور دەچێت، ئاسۆی دیموکراسی لە ڕووی دەوڵەتێک ڕوونتر دەبێت.[٦٥]

مۆدێلی لۆگاریتمیش بارگۆڕێکی تێدایە کە ماوەی خایەندراو هەژمار دەکات. *ماوەی ڕژێمەکە* لۆگاریتمی سروشتی ژمارەی ئەو ساڵانەیە کە وڵاتێک لە ساڵی ١٩٤٦ەوە بەبەردەوامی لەژێر سایەی حوکمێکی دەسەڵاتخوازدا بووە؛ ئەم ماوەیە تێکڕای بنچینەیی مەترسیەکە دەخاتەڕوو. لە گۆشەیەکدا، ئەوە دەردەخەم کە ئەنجامەکان بە گریمانەی جیاواز دەربارەی تێکڕای مەترسیەکە کاریگەر نابن. بۆ ئەوەی بەر بە دروستبوونی چەند پەیوەندیەکی دووبارە بگرم لە مۆدێلی OLS، ئەوا دەیخەمە نێو پرۆسەی AR1ەوە، و بارگۆڕێکی شوێنکەوتوو وەک جێگیر بەکاردێنم، و تەنیا سەرنج دەخەمەسەر ئەم لێکۆڵینەوانەی لەپاش هەر پێنج ساڵێک کراون.[٦٦]

له کۆتایی هەر پێنج ساڵێک له ۱۹٦۰ەوە، هەردوو مۆدێلی OLS و لۆگاریتمی چەند زنجیرەیەک له کاتی زیادکراو لەخۆدەگرن، ئەمیش تا جڵەومان بەسەر نموونە زەمەنیەکان و نرکە هاوچەرخەکاندا هەبێت.

دوای دۆزینەوەی مۆدێلێکی کرۆکی کە تەنیا دوو بارگۆڕی جێگیر لەخۆدەگرێت (ئەمیش بە پشتبەستن بە بنەمای سێ شتەکە"ی Achen، هەر نا گەر کاتە دروستکراوەکانمان هەژمارنەکرد)، من سێ بارگۆڕی جێگیری تر زیاد دەکەم تا خاترجەمبین کە ئەنجامەکان شیاون بۆ بەکارهێنان.[٦٧] یەکەم بارگۆڕ تایبەتە بە دەرخستنی دیرۆکی ئەزموونی دیموکراسی لە وڵاتەکە. چەند لێکۆڵینەوەیەک ئاماژە بەوەدەدەن کە کاتێک دەوڵەتان پێشینەیەکیان هەبێت لەگەڵ دیموکراسی، ئەوا ئەگەر لەو ڕێگەیەش دەرچن گەڕانەوەیان هێندە زەحەت نابێت.[٦٨] ئەم بارگۆڕە زیادکراوە، *پێشینەی دیموکراسی،* ئەگەر لە ۱۹٤٦ەوە وڵاتێک هیچ نا جارێک حوکمێکی دیموکراسی بەخۆوە دیبێت، بەهای "1" وەردەگرێت.

بارگۆڕی دووەمیان *گەشەی ئابوورییە،* کە بە گۆڕان لە داهاتی تاک لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر پێوانەکراوە. بەپێی چەند توێژینەوەیەک، گەشەی ئابووری تەمەنی ئۆتۆکراسیەکان درێژدەکات.[٦٩]

بارگۆڕی جێگیرکراوی سێیەم *دانیشتووانی موسوڵمانە،* کە بەشێک لە دانیشتووانی وڵاتێک دەردەخات. ئەم بیرۆکەیە لە کاری David Barrett, George Kurian, Todd Johnson وەرگیراوە. بۆ ئەو وڵاتانەشی تیرێژی لێکۆڵینەوەکانی ئەمانەی بەرنەکەوتووە، سوودم لە پیگەی ئەلیکترۆنی CIA World Factbook وەرگرتووە.[٧٠]

گشت بارگۆڕەکانی دەستی ڕاست (جگە لە کاتە زیادکراوەکان، و *پێشینەی دیموکراسی*) یان ساڵێک لاگکراون (لە مۆدێلە لۆگاریتیمیەکان)، یانیش پێنج ساڵ (لە مۆدێلەکانی OLS). ڕیگریشنەکان بە بەرنامەی Stata 11.1 دەرخراون.[٧١]

**ئەنجامەکان**

خشتەی ٣.٧ ئەنجامەکانی خەمڵێنی لۆگاریتمی پشاندەدات. تا وێنەکە لەبەردیدی خوێنەر ڕوونتربێت، بارگۆڕە جێگیرەکان و کاتە زیادکراوەکانی لێ لادەبەم.

ستوونی یەکەم تەنیا هەردوو بارگۆڕی جێگیرکراو لەخۆدەگرێت. گەرچی هاوکۆلکەکان لە شوێنی مەبەست دانراون، بەڵام هیچ یەک لە بارگۆڕەکان وردبینی ئاماری ناپێکێت. ستوونی دووەم *داهاتی نەوت* دەردەخات، کە بە هێمای نێگەتیڤ لەگەڵ ڕێتێچوونی گۆڕان بۆ دیموکراسی بەیەکەوە گرێدراون، و وردبینی ئاماری تەواو بەدەستدێنن لە ژمارە 0.05. ئەمە لەگەڵ شیمانەی ٣.١ هاوتایە، کە دەبێژێت داهاتی زۆرتری نەوت ئەگەری گۆڕان بۆ دیموکراسی کەمتردەکاتەوە.

*خشتەی ٣.٧: پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی (١٩٦٠-٢٠٠٦)*

ئەم خشتەیە نزیککراوە لۆگاریتمیەکانی تایبەت بە ئەگەری بازدانی دەوڵەتێک لە حوکمی ئۆتۆریتریانەوە بۆ دیموکراسی لە ساڵێکی دیاریکراودا دەخاتەڕوو. جگە لە *پێشینەی دیموکراسی*، چی بارگۆڕ هەیە ساڵێک دواخراوە. هەر

سەنگاندنێک زنجیرەیەک لەکاتی زیادکراو بۆ هەر پێنج ساڵێک لەخۆدەگرێت (بەڵام ئەمە پشانەدراوە). هەڵە گەورەکان لەنێو کەوانە دانراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| داهات (لۆگاریتم) | ٠.١٣٩ (٠.١٥٠) | ٠.٣٣٢* (٠.١٧١) | ٠.٤٠٦ (٠.٢٥٤) | ٠.١٢٤ (٠.١٣٤) | ٠.٢٥٦ (٠.١٦٨) | ٠.٢٢٥ (٠.١٦٢) |
| تەمەنی ڕژێم | -٠.٠٠١٧٤ (٠.١٧٨) | -٠.٠٤٥٧ (٠.١٨١) | -٠.١٢٢ (٠.٣٠٣) | -٠.٤٣٨*** (٠.١٤١) | ٠.٠٠٩٦٤ (٠.١٨١) | ٠.٣٨٧* (٠.٢٢٩) |
| داهاتی نەوت (لۆگاریتم) | —— | -٠.١٧٩** (٠.٠٧٨٧) | -٠.٠٧٨٣ (٠.٠١١٤) | -٠.١٢٩** (٠.٠٥٩٤) | -٠.٢٩٢*** (٠.٠٩٢١) | -٠.١٩٧** (٠.٠٨٩٧) |
| داهاتی نەوت (لۆگاریتم)* ئەمریکای لاتین | —— | —— | —— | —— | ٠.٦٧٣*** (٠.٠١٥٢) | ٠.٤١٥*** (٠.١٤٣) |
| ئەزموونی پێشتری دیموکراسی | —— | —— | —— | —— | —— | ١.٩١٥*** (٠.٤٥٦) |

| گەشەی ئابووری | —— | —— | —— | —— | —— | ٠.٠٥٣٦-*** (٠.٠١٦٨) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتووانی موسوڵمان | —— | —— | —— | —— | —— | ٠.٧٢٠- (٠.٥٥١) |

| ساڵ | هەمووی | هەمووی | ١٩٦٠-١٩٧٩ | ١٩٨٠-٢٠٠٦ | هەمووی | هەمووی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وڵاتەکان | ١٢٥ | ١٢٥ | ٨٩ | ١٢١ | ١٢٥ | ١٢٥ |
| دۆزراوەکان | ٣،٦٣٩ | ٣،٥٠٧ | ١،٢٩٧ | ٢،٢١٠ | ٣،٥٠٧ | ٣،٤٢٢ |
| داتای ونبوو | %١٠.٥ | %١٣.٧ | %٢٣.٥ | %٦.٦ | %١٣.٧ | %١٥.٨ |

*له ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**له ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

له ستوونی سێیەم و چوارەمدا، دەپرژێمە سەر هەردوو ماوەی نێوان ١٩٦٠-١٩٧٩ و ١٩٨٠-٢٠٠٦، و بە جیا شرۆڤەیان دەکەم. له ماوەی یەکەمدا (ستوونی سێیەم)، قەبارەی هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بە خراپی دادەبەزێت و بەها ئاماریەکەی لەدەستدەدات. ئەمە لەگەڵ شیمانەی ٣.٢ هاوتایە، کە

سەرەتای زیادبوونی بەرچاوی لێکەوتە دژە-دیموکراتییەکانی نەوت بۆ حەفتایەکان دەگەڕێنتەوە.[٧٢]

بارگۆڕەکەی ستوونی پێنجەم *داهاتی نەوت* و هەڵومەرجی ئەمریکای لاتین بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم جیاکردنەوەش بۆ هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکەی (دەنینگ)ە؛ ئەو کەسەی کە دەڵێت نەوت پرۆسەی دیموکراسی لە هەموو دنیا لەق کردووە، بەڵام ئەمریکای لاتیندا نەوت ئەم پرۆسەی خێراکردووە.[٧٣] بارگۆڕەکە لە 0.01 دا وردبینی ئاماری بەدەستدێنێت، کە ئەمەش کۆکە لەگەڵ ڕێگەکەی دەنینگ. هەروەها، ئاخنینی ئەمریکای لاتین لە لێکۆڵینەوەکە، پەرە بە بەهای ڕەها و وردبینی ئاماری بارگۆڕی *داهاتی نەوت* دەدات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر گا کاریگەریە دیموکراسیئامێزەکانی نەوت لە ئەمریکای لاتین کەوتنە بەرباس، ئەوا کاریگەریە دژە-دیموکراسیەکانی نەوت لە گۆشەکانی تری دنیا زەقتر لە جاران بەدیاردەکەون.

ستوونی شەشەم مۆدێلەکە لە بۆتەی هەر سێ بارگۆڕە جێگیرەکانمان، *پێشینەی دیموکراسی، گەشەی ئابووری، و دانیشتووانی موسوڵمان،* پشاندەدات. بارگۆڕی *پێشینەی دیموکراسی و گەشەی ئابووری* چەلانگانە بە *گۆران بۆ دیموکراسی* گرێدراون بەپێی پێویست، و تێئاخنینیان هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بە ڕێژەی ١/٣ نزمدەکاتەوە. بەڵام بارگۆڕی *داهاتی نەوت* بە *گۆڕان بۆ دیموکراسی* پەیوەستە، بێ ئەوەی کارتێکەربێت لەسەری.

خشتەی ٣.٨ ئەنجامی خەمڵاندنەکانی مۆدێلی OLS پشاندەدات.[٧٤] ستوونی یەکەم تەنێ *داهات* و بارگۆڕە شوێنکەوتووەکە پشاندەدات. هەردووکیشیان بە چەشنی کاتە زیادکراوەکان وردبینیان بۆکراوە (بەڵام

ئەمەی دوایی پشاننەدراون). *داهاتی نەوت* لە ستوونی دووەم زیاددەکەم؛ ئەمیش هەمدیسان لە ڕووی ئامارییەوە وردبینە و پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ *Polity* دا هەیە، و هاوتایە لەگەڵ شیمانەی ٣.١.

***خشتەی ٣.٨: ئاستەکانی دیموکراسی (١٩٦٠-٢٠٠٤).***

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| polity (لاگکراوە) | ٠.٦٥٢*** (٠.٠٢٣٢) | ٠.٦٢٠* (٠.٠٢٣٦) | ٠.٦٩٨*** (٠.٠٣٥٥) | ٠.٦٩٧*** (٠.٠٢٧٠) | ٠.٦١٦*** (٠.٠٢٣٥) | ٠.٠٤٣٢*** (٠.٠٢٨٩) |
| تەمەنی ڕژێم | ٠.٣٤٨*** (٠.٠٥٢٩) | ٠.٥٠٨*** (٠.٠٥٩٠) | ٠.٤٨٧*** (٠.٠٩٠٤) | ٠.٣٥٤*** (٠.٠٦٣٦) | ٠.٥١٨*** (٠.٠٥٧٧) | ٠.٤٣٩*** (٠.٠٦٤٩) |
| داهاتی نەوت (لۆگاریتم) | ----- | ٠.١٦٥-*** (٠.٠٢٨٧) | ٠.١٠٠-** (٠.٠٤٥٥) | ٠.١٥٢-*** (٠.٠٢٩٨) | ٠.٢٠٥-*** (٠.٠٢٩٧) | ٠.١٣٦-*** (٠.٠٣٥٢) |
| داهاتی نەوت (لۆگاریتم)* ئەمریکای لاتین | ----- | ------ | ------ | ------ | ٠.٢٢٣*** (٠.٠٥١٥) | ٠.٠٩٦١ (٠.٠٥٩٠) |
| ئەزموونی پێشتری دیموکراسی | ----- | ----- | ------ | ----- | ------ | ١.٤٧٤*** (٠.١٩٢) |
| گەشەی ئابووری | ----- | ----- | ----- | ----- | ------ | ٠.٨٥٨- (٠.٨٠٧) |
| دانیشتووانی موسوڵمان | ----- | ------ | ----- | ------ | ----- | ١.٠٢٢-*** (٠.٢٥٦) |
| دەرهاوێشتەی جێگیر؟ | نەخێر | نەخێر | نەخێر | نەخێر | نەخێر | نەخێر |
| ساڵ | ٢٠٠٤-١٩٦٠ | ٢٠٠٤-١٩٦٠ | ٢٠٠٨-١٩٦٠ | ٢٠٠٤-١٩٨٥ | ٢٠٠٤-١٩٦٠ | ٢٠٠٤-١٩٦٠ |
| ژمارەی وڵاتەکان | ١٧٠ | ١٧٠ | ١٢٤ | ١٧٠ | ١٧٠ | ١٧٠ |
| دۆزراوەکان | ١٠٠٣٢ | ١٠٠٣٢ | ٤١٤ | ٦١٨ | ١٠٠٣٢ | ٩٠٣ |
| داتای ونبوو | %١٤.١ | %١٤.١ | %٢١.١ | %٨.٧ | %٢٤.٩ | %٢٨.٣ |

ئەم خشتەیە هاوکۆلکە ئامارییەکانی OLS پشاندەدات؛ بارگۆڕی شوێنکەوتە خاڵی Polity وڵاتەکانە، لە یەک تا دە داندراون. دۆزراوەکان بۆ هەر پێنج ساڵێک شرۆڤەکراون. گشت ژمارەکان بارگۆڕێکی شوێنکەوتە و

چەند زیادکراوێکی ساختەی کات period dummies تێدایە (کە لێرە دیار نیە)، و پرۆسەی AR-1 لێ بەکارهاتووە.

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

ستوونی سێیەم و چوارەم، بەدواییەکدا، تایبەتە بە ساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٦٠ و ٢٠٠٤-١٩٨٥. گەرچی قەبارەی هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* لە ماوەی دووەمدا پەنجا لە سەدا گەورەترە، بەڵام لە هەردوو ماوەدا *داهاتی نەوت* و *Polity* بەیەک شێواز پێکەوەبەستراون. ئەمە لەگەڵ شیمانەی ٢.٣دا هاوتایە، کە دەڵێت کاریگەریە دژە-دیموکراتییەکانی نەوت لە حەفتاکان بەولاوە زەقتربوونەوە. تەواوی بارگۆڕە شیکاریەکانی تر ماوەی پێنج ساڵ خراونەتە دواوە. دەرئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانە داندراون.

مۆدێلی بەکارهاتوو بۆ ستوونی پێنجەم چەمکێکی نوێ دێنێتە پێشەوە: *داهاتی نەوت**ئەمریکای لاتین. بێگومان بۆ ئەوەی تێزەکەی (دەنینگ) بخەینەڕوو. پەیوەندییێکی ڕاستەوانەی لەگەڵ *Polity دا هەیە*، و هەروەک پێشتریش وتمان، قەبارەی هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بەرزدەکاتەوە. لە ستوونی شەشەمدا سێ بارگۆڕی جێگیری دیکە زیاد دەکەین، بەمەش قەبارەی هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بە ڕێژەی ١/٣ کەمدەکات، بەڵام *داهاتی نەوت* هەر لەگەڵ پۆینتی نزمتری *Polity* دەگونجێت. تێئاخنینی بارگۆڕی جێگیری تر، بەتایبەتی *پێشینەی دیموکراسی*، بەهەمان شێوە هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت**ئەمریکای لاتین بەرەو نشێو دەبات بە ڕێژەی ٥٠ لەسەدا، و

له وردبینیه ئاماریەکەی دایدەماڵێت. ئەمە لەگەڵ بەرسڤەکەی من هاوتەرییە: نەوت پرۆسەی بەدیموکراتبوونی لە ئەمریکای لاتین جۆشداوە؛ لەوانەیە ئەمە لەبەر ئەوەبێت کە دەوڵەتانی ئەم کیشوەرە، بە هۆی بوونی ئەزموونی پێشینە لەگەڵ دیموکراسی، نهێنیگەراییان لە دەرامەت کۆکردنەوە خامۆشکردووە، کە کۆسپێکی زلە لەبەردەم لەخۆگرتنی بەها دیموکراسیەکان.

کە کاریگەریە چەسپاوەکانی نەوت لەسەر وڵاتێک دێنەپێشێ (ستوونی حەوتەم)، ئەوا *داهاتی نەوت، داهات، و* هەروەها کاتە زیادکراوەکانیش، خاسیەتی وردبینیە ئاماریەکان لەدەستدەدەن. ئەم لێکەوتەیە دەکرێ بەچەند شێوەیەک شەن و ڕاڤە بکرێت. لەوانەیە *داهاتی نەوت* کاریگەری درێژخایەنی لەسەر جۆری سیستەمەی حوکمڕانیەکە هەبێت، ئەمەش نها لە لە بەراوردە نێودەوڵەتیەکان دەبینرێت، بەڵام لە کاریگەریە کورتخایەنەکان زەحمەتترە بۆ ئەم بارگۆڕە بگەڕێین، کەواتە لە شرۆڤەکردنی نێو وڵاتان بەدیارناکەوێت.[٧٥] ئەمەش خەوشێکی گەورەی مۆدێلی کاریگەریە چەسپاوەکنمان پێدەڵێت: ئەم کاریگەریانە دۆزینەوەی پەیوەندیەکان زەحمەتدەکات کاتێک بارگۆڕە شوێنکەوتووەکە خاوڕێدەکات– ئەمە بۆ بارگۆڕی *Polity* یش ڕاستە.[٧٦] بۆ ئەوەی ئەم گرفتە تێپەڕێنین، (سیلجی ئەسلاکسین) پێشنیاری بەکارهێنانی مۆدێلێکی تر دەکات بەناوی (GMM)، کە خەملێنێکە لەلایەن (ڕیچارد بلەندڵ) و (ستیفن بۆند)ەوە پەرەی پێدراوە و لە خەملێنە باوەکەی پێشتری (Monte Carlo) پێشکەوتووترە، کاتێک باسەکە دێتەسەر ئەو بارگۆڕانەی خاو ڕێدەکەن.[٧٧] ئەسلاکسین ئەم خەملێنەی بەکارهێناوە و بۆی ڕوونبۆتەوە کە داهاتی نەوتی

وڵاتێک پەیوەندی هەیە بە حوکمی ئۆتۆریتاری، تەنانەت لە کاتی بوونی کاریگەریە چەسپاوەکانیش.

وتارێکی (ستیفین هەیبەر) و (ڤیکتۆر میناڵدۆ) جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نیوان سامانی نەوت و دیموکراسی کاڵدەبێتەوە، لەو مۆدێلانەی کە کاریگەریە جێگیرەکانی تاکە وڵاتێک لەخۆدەگرن لەگەڵ بارگۆڕێکی لاگکراوی شوێنکەوتووی، بۆیە خەمڵێنی Arellano-Bond GMM بەکاردێنن.[78] ئەلاسکین پێشنیاری ئەوە دەکات کە کاتێک بارگۆڕە بنچینەییەکانی وەک داهاتی نەوت و دیموکراسی زۆر دووبارەدەبنەوە، ئەوا ئەم خەمڵێنەی دوایی گرفتی کەرەستەی پێویستی بۆ دروستدەبێت، بۆیە خەمڵێنی Blundell-Bond GMM لە ئەم چاترە.

**شکستە دیموکراتییەکان**

بارگۆڕەکانی نێو مۆدێلی تایبەت بە شکستە دیموکراسییەکان، هەمان بارگۆڕی گۆڕانن بۆ دیموکراسی. بارگۆڕی شوێنکەوتووی *شکستە دیموکراتییەکان*، بارگۆڕێکی دروستکراوە کە بۆ ئاماژەدان بە پەڕینەوە لە دیموکراتیەوە بۆ دەسەڵاتخوازی بەکاردێت، بە هەمان شێوەش لە پێگەی زانیاری Cheibub-Gandhi-Vreeland وەرگیراوە. مۆدێلە سەرەکیەکە بارگۆڕی جێگیری تێدایە بۆ لۆگاریتمی داهات بۆ هەر کەسێک. بارگۆڕ بۆ هەمارکردنی ماوەی پشتبەستن (*ماوەی رژێم*) هەیە، کە لۆگاریتمی سروشتی ژمارەی ئەو ساڵە بەردەوامانەیە (لە ١٩٤٦ەوە)، بۆ وڵاتێک کە لە ژێر سایەی حوکمڕانییێکی دیموکراسی بووبێت.

لەبەرئەوەی شکستە دیموکراتییەکان دیاردەی دەگمەنن، و لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تا ٢٠٠٦ لە نێو گشت وڵاتانی دنیا، و لە نێو٢٨١٦ ئەگەری کراوە، تەنیا

پەنجا گۆڕانی لەم جۆرە هەبوونە، بەکارهێنانی خەملێنێکی لۆگاریتمی چەند سەنگاندنێکی ناڕاستمان دەداتێ. بۆیە من خەملێنی لۆگاریتمی دیاردە دەگمەنەکان بەکاردێنم، کە لەلایەن (گاری کینگ) و (لانگجی سینگ)ەوە پەرەی پێدراوە، و هەروەها هەڵە باوەکان بەپێی وڵاتەکان لەسەر هێلکاری دەنوێنم.[79]

لە سەنگاندنەکانی نێو خشتەی ۳.۹دا، ستوونی یەکەم تەنیا بارگۆڕە جێگیرکراوەکان پشاندەدات. هەردوو *داهات ماوەی ڕژێم* ئەگەری داڕمانی دیموکراسیەکان کەمدەکەنەوە. ستوونی دووەم بارگۆڕی *داهاتی نەوت* لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی لەگەڵ *شکستە دیموکراتییەکان هەیە*، و لە 0.05 دا وردبینی ئاماری بەدەستدێنێت.

بەپێی شیمانەی ۳.۵، نەوت تەنیا بەرپرسە لە ئەگەری تێکشکانی دیموکراسی لە وڵاتە داهات کەمەکاندا، نەک لە دیموکراسیە داهات بەرزەکان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، لە ستوونی سێ و چواردا بە جیا سەیری وڵاتانی داهات خوار ۵۰۰۰ دۆلار دەکەم بۆ هەر تاکێک (ستوونی سێیەم) و وڵاتانی سەروو ئەم داهاتە (ستوونی چوارەم) دەکەم. *داهاتی نەوت* تەنیا لە وڵاتە داهات کەمەکان بە *شکستە دیموکراسیەکان* بەندە.

هەروەک شیمانەی ۳.۲ دەڵێت، ئەگەر هەڵپەی کاریگەریە دژە-دیموکراسیەکانی نەوت بەپێی کات زیاتربوون، ئەوا *داهاتی نەوت* دەبێت کاریگەریەکانی لە دوای ۱۹۸۰ەوە پتر بەدیارکەوتبن. ئەم مۆدێلە لە ستوونی پێنجەم هەڵدەسەنگێنم، ئەمیش بە زانیاری بەردەست لە ساڵی ۱۹۶۰ەوە بۆ ۱۹۷۹. هەمان مۆدێلیش لە ستوونی شەشەم بەکاردێنم بۆ ساڵی ۱۹۸۰ تا

٢٠٠٦. بەپێی شیمانەکە، *داهاتی نەوت* تەنیا لە دوای ساڵی ١٩٨٠ەوە لەگەڵ شکستە دیموکراسیەکان ئاوێتەیە.

*خشتەی ٩.٣: گۆڕان بۆ دەسەڵاتخوازی (١٩٦٠-٢٠٠٦)*

ئەم خشتەیەی خوارەوە چەند ئەگەرێکی شیامەنەکراو بە ژمارە پشاندەدات لەهەمبەر گۆڕانی سیستەمی سیاسی وڵاتێک لە دیموکراسیەوە بۆ دەسەڵاتخوازی، لە ساڵێکی دیاریکراودا. تەواوی بارگۆڕە شیکاریەکان* ساڵێک لاگکراون. دەرئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا داندراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەنی ڕژێم (لۆگاریتم) | **- ٠.٣٤٢ (٠.١٦٨) | **- ٠.٣٤٢ (٠.١٦٩) | - .٢٤٠ (٠.١٦٤) | **- ٠.٨٩٢ (٠.٤٥٢) | *-٠.٤١٧ (٠.٢٤٢) | -٠.٢٨٠ (٠.٢٠٩) |
| داهات (لۆگاریتم) | ***- ٠.٦٤١ (٠.١٤٢) | ***- ٠.٧١٧ (٠.١٤٤) | ***- ٠.٥٨٠ (٠.١٧٧) | ***- ٢.٤٨٠ (٠.٦٥١) | ***- ٠.٦٨٩ (٠.١٧٢) | ***- ٠.٩٦٠ (٠.٢١٨) |
| داهاتی نەوت (لۆگاریتم) | —— | ** ٠.١٢١ (٠.٠٥٦٤) | *٠.١١٣ (٠.٠٦٣٠) | ٠.١٢٩ (٠.١٧٤) | ٠.٠٩٤٩ (٠.٠١١٧) | *** ٠.٢٤٢ (٠.٠٧٥٢) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باری داهات | هەموو ی | هەموو ی | خوار ٥٠٠٠ دۆلار | سەروو ٥٠٠٠ دۆلار | هەموو ی | هەموو ی |

---

Explanatory variables*

| ساڵ | هەموو<br>ی | هەموو<br>ی | هەموو<br>ی | هەموو<br>ی | ١٩٦٠-<br>١٩٧٩ | ١٩٨٠-<br>٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی<br>وڵاتان | ١٠٥ | ١٠٥ | ٧٦ | ٤٦ | ٦٠ | ١٠٣ |
| دۆزراوەک<br>ان | ٢،٦٧٣ | ٢،٦٧٣ | ١،٣٠١ | ١،٣٧٢ | ٧٢٨ | ١،٩٤٥ |
| داتای<br>ونبوو | ١.٦% | ١.٦% | ٢% | ١% | ٤.٧% | ٠.٤% |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

**تۆکمەیی***

خشتەی ٣.١٠ پوختەی زنجیرەیەک تاقیکردنەوەی تۆکمەیی بۆ هەرسێ مۆدێلەکە پشاندەدات: مۆدێلی لۆگاریتمی بۆ پێشبینیکردنی گۆڕانەکان بۆ دیموکراسی (ستوونی یەکەم)، مۆدێلی OLS بۆ پێشبینیکردنی خاڵەکانی *Polity* (ستوونی دووەم)، و مۆدێلی لۆگاریتمی دیاردە دەگمەنەکان بۆ پێشبینیکردنی شکستە دیموکراسیەکان (ستوونی سێیەم). هەر ستوونێک

Robustness*

بەها و وردبینی ئاماری بۆ هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* دەخاتەڕوو، لە ژێر هەڵومەرجی جیاوازدا.

***خشتەی ١٠.٣: تێهەڵچوونەوە بە دەرئەنجامەکانی "دیموکراسی".***

ئەم ژمارانەی خوارەوە هاوکۆلکەی بارگۆڕی *داهاتی نەوت*-ن لە هەر یەک لەو مۆدێلانەی باسکران. درێژەی باس لە خوار خشتەکەوەیە.

| | بازدان بەرەو دیموکراسی | ئاستەکانی دیموکراسی | بازدان بەرەو دەسەڵاتخوازی |
|---|---|---|---|
| مۆدێلی بنەڕەتی | ٢٩٢. -*** | ٠.٢٠٥ -*** | ٠.٢٤٢*** |
| تەمەنی ڕژێم (بە سادەیی) | ٠.٢٩٣ -*** | ——— | ٠.٢٥٥*** |
| دووجای تەمەنی ڕژێم | ٠.٢٩٤ -*** | ——— | ٠.٢٦٥*** |
| داهاتی نەوت (دابەشبوو بۆ دوو بەش) | ١.٨٨ -*** | ١.٠٤ -*** | ١.٠٣** |
| بێ هەندێک وڵاتی دیار | ٠.٢٢٩ -** | ٠.١٥٢*** | ٠.٢١٦** |
| بێ ڕۆژهەڵاتی ناڤین | ٠.١٧٩ -* | ٠.١٢٣ -*** | ٠.٢٤٢*** |
| زیادکردنی هەرێمی دروستکراو | ٠.١٦٠ -* | ٠.١٣٨ -*** | ٠.٢٣٠** |

*له ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**له ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

ڕیزی یەکەم هاوکۆلکەی *داهاتی نەوتی* تێدایە بۆ هەر مۆدێلێکی بنچینەیی. مۆدێلی بنچینەیی بۆ پێشبینیکردنی *گۆڕان بۆ دیموکراسی* لە خشتەی ٣.٧ – ستوونی پێنجەم وەرگیراوە، و بارگۆڕی جێگیری بۆ *داهات، ماوەی ڕژێم، داهاتی نەوت*ئەمریکای لاتین*، و چەند ماوەیەکی زیادکراوە هەیە. مۆدێلی بنچینەیی بۆ سەنگاندنی *Polity* لە خشتەی ٣.٨ – ستوونی پێنجەم وەرگیراوە، و دەتوانین بڵێین هاوشێوەی مۆدێلی لۆگاریتمیە، بەڵام بارگۆڕێکی شوێنکەوتووی لە شوێنی *ماوەی ڕژێم* گرمۆڵە کردووە بۆ ئەوەی ماوەی پشتبەستن پارسەنگبکات. مۆدێلی دیاردە دەگمەنەکان کە شکستە دیموکراتییەکانی پێ دەخەملێندرێت، لە ستوونی شەشەمی خشتەی ٣.٩ وەرگیراوە، و بارگۆڕی جێگیر بۆ *داهات و ماوەی ڕژێم* لەخۆدەگرێت، و بۆ ماوەی نیوان ١٩٨٠-٢٠٠٦ تەرخانکراوە.[٨٠]

لە هەردوو مۆدێلەکانی لۆگاریتمی و و دیاردە دەگمەنەکان، تێکڕای پێوانەی مەترسیم بەکارهێناوە (کە *ماوەی ڕژێمە*، وەک لۆگاریتمی سروشتی ژمارەی ئەم ساڵانە پێوانەکراوە کە حوکمێکی دەسەڵاتخوازی یان دیموکراتی درێژەی کێشاوە)، بەڵام ئەمە تاڕادەیەک هەڕەمەکیە. بۆیە لە ڕیزی دووەمدا، ژمارەی ساکاری ساڵەکانی بەردەوامی حوکمێکی دیموکراسی یان ئۆتۆریتاری دەخەمە شوێنی بارگۆڕی *ماوەی ڕژێم ی* پێشتر؛ لە ڕیزی سێیەمدا بۆ هەر مۆدێلێک

بارگۆڕێک زیاد دەکەم بۆ پێوانەکردنی ژمارەی دووجای ساڵە بەردەوامەکانی حوکمەی دیموکراسی یان ئۆتۆریتاری، تا کاریگەریەکی ناهێڵی بەدەربخەم. هاوکۆلکەکانی *داهاتی نەوت* هەر گەورەی و وردبینی ئاماری خۆیان دەپارێزن.

گەرچی من هەر بەها لۆگاریتمیەکەی بەکاردێنم، بەڵام ئەنجامەکان دەکرێ نادروستیەکیان تێدابێت کە دێتە سەر دابەشکردنی نائاسایی *داهاتی نەوت*. بۆیە لە ڕیزی چوارەمدا پەنا بۆ ڤێرژنێکی دوانەیی *داهاتی نەوت دەبەم*، کە ئەو ولاتانەی داهاتیان بۆ هەر کەسێک لە ١٠٠ دۆلار زیاترە بە "1"، و ئەوانەشی لەم بڕە کەمترە بە "0" جیادەکاتەوە (بە بڕی داهاتی ساڵانەی جێگیر-٢٠٠٠ دۆلار). لە هەر سێ مۆدێلەکەدا، بارگۆڕە زیادکراوەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لەگەڵ دیموکراسییێکی کەمتردا هەیە. لەوانەیە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پەیوەندی نەوت و دیموکراسی لەسەر مشتێک لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت بنیاتنرابێت، و وڵاتانی تر فەرامۆشکرابن. بۆ ساغکردنەوەی ئەم شتە، کە باسەکە دێتە سەر ئەو مۆدێلانەی پێشبینی *گۆڕان بۆ دیموکراسی* دەکەن لە ستوونی پێنجەم، گشت بیر و سەرنجم دەخەمە سەر دەوڵەتە-نەوتیە ئۆتۆریتاریەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی: سعودیە، کوەیت، قەتەر، ئیمارات، بەحرەین، عومان، و یەمەن.گەرچی هاوکۆلکەکان بە ڕێژەی ٢٥ لەسەدا دادەبەزن، بەڵام *داهاتی نەوت* لە هەردوو مۆدێلەکەدا وردبینیە ئاماریەکەی دەپارێزێت.

سەبارەت بەو مۆدێلەی کە پێشبینی *شکستە دیموکراتییەکان* دەکات، سێ وڵاتی خاوەن داهاتی بەرز لە نەوت فەرامۆش دەکەم، کە تێیاندا دیموکراسی لە دوای ١٩٨٠ەوە خوساوەتەوە: کۆنگۆ-برازاڤیلی (دیموکراسی تێیدا لە ساڵی ١٩٩٧ شکستی هێنا)، ئیکوادۆر (٢٠٠٠)، و نەیجیریا (١٩٨٣).

قەبارەی هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بە ڕێژەی ١٥ لە سەدا دادەبەزێت، بەڵام هێشتاش لە 0.05 دا وردبینی ئاماری هەیە.

هێشتاش ڕێی تێدەجێت کە ئەم ئاوێزانەی نەوت و دیکتاتۆری ڕێککەوت نەبێت، بەڵکو لێکەوتەی چڕبوونەوەی سامانێکی زۆری نەوتبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو هەرێمەی کە خۆی زۆر بە دیموکراسی ئاشنا نیە. لە ڕیزی شەشەم، ئەم ئەگەرە بە لابردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێکۆڵینەوەکە ڕاڤەدەکەم. گشت بارگۆڕەکانی نەوت وردبینی ئاماری دەپارێزن. لە ڕیزی حەوتەم دەست بۆ ڕێگەیەکی تر دەبەم کە بریتیە لە زیادکردنی زنجیرە بارگۆڕێک بۆ شەش هەرێمی جیهان: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بیابانی دێرینی باشووری ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، ئاسیا (بە ڕۆژهەڵات، و باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە)، یەکێتی سۆڤیەتی جاران، و دەوڵەتانی نێو ڕێکخراوی نەریتی بۆ هەماهەنگی ئابووری و گەشەکردن (OECD)، کە ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمریکای باکوور، یابان، ئوستورالیا، و نیوزلەندا دەگرێتەوە. گەرچی لە مۆدێلی *گۆڕان بۆ دیموکراسی* تەنیا لە خاڵی 0.10 وردبینی ئاماری بەدەستدێنێت، بەڵام لێرەش بارگۆڕیّ *داهاتی نەوت* هەر بە دیموکراسی کەمتر بەستراوەتەوە.

ئەم تاقیکردنەوانە دەلالەت لەوە دەکەن کە پەیوەندی نێوان *داهاتی نەوت* و جۆریەتی ڕژێم لە وڵاتێک، لە چەند ڕوویێکی گرنگەوە پەیوەندییێکی بەهێزە: ئەم پەیوەندیە، بە خستنەپاڵی چەند گۆڕانکارییێکی ماقووڵ لە ڕێژەی شاراوەیی مەترسی، بە لابردنی وڵاتە زلەکان لە لێکۆڵینەوە، بە بەکارهێنانی پیوانەیەکی دوانەیی بۆ *داهاتی نەوت،* و بە تێئاخنینی نموونەی خەیاڵی هەرێمی، وەک خۆی دەمێنیتەوە.

## چەند میکانیزمێکی هەڕەمەکی

بەشی سێیەم ئەوە دەردەخات کە داهاتی نەوت لە دوو ڕێڕەوە بە دەسەڵاتخوازیەوە بەندە: بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی خەرجی حکومەت بە شێوەیەک کە زیاتربێت لە دەرامەتی چاوەڕوانکراوی حکومی، و هەروەها لە ڕێی بەرزبوونەوەی ڕادەی شاراوەیی حکومەت، کە کەمی ڕووتەنکی لە بودجە و کۆت و بەند خستنەسەر میدیاش دەگرێتەوە.

میکانیزمی یەکەم قورسترینە بۆ پێوانەکردن. زانیاری دروست لەسەر خەرجی و دەرامەتی حکومەتان دەگمەنە، بە تایبەت کاتێک باسەکە دێتەسەر دەوڵەتە نەوتییەکان. مۆدێلەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەرامەتی *خەمڵێنراوی* حکومەت بەسە و پێویست بە داتا لەسەر دەرامەت *ڕاستینەکە* ناکات- بەڵام ئەم تێڕوانینانە بێ کەرەستەی هاوچەرخ سەنگاندنیان بۆناکرێت. ژمارەی فەرمی لەسەر خەرجی و دەرامەتی حکومی زۆر لە وڵاتان لە World Development Indicators دا دەستدەکەوێت، بەڵام دروستیان گومانیان لەسەرە، و داتای پێویست بۆ ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان و لە ساڵەکان بەردەستنیە.

هێشتاش، سەیرکردنی ئەم زانیارە خەوشدارانە دەکرێ سوودبەخش بێت. لە هێلکاری ٣.٥ دا، پشانمدا کە ئەو وڵاتانەی لە کۆتا وێستگەدا بوونەتە دیموکراسی ڕێژەی خەرجیان لە دەرامەتەکانیان زیاترە، بە بەراورد بەو وڵاتانەی کە دیموکراتی نین. بە داخەوە، لەبەر کەمی زانیاری، بارگۆڕی *ڕێژەی خەرجی-بۆ-دەرامەت* لە مۆدێلی لۆگاریتمی بەکارنایەت. لە نموونە بچووککراوەکەی وڵاتان و ساڵەکان بارگۆڕەکە کارایە و، بۆمان دەرکەوتووە کە *داهاتی نەوت* چیدی پەیوەسیت نیە بە گۆڕان بۆ دیموکراسی.

بەڵام لە مۆدێلی *OLS* دا دەتوانرێ بەکاربهێندرێت، گەرچی ئەم مۆدێلە ڕاڤەی مشتێک لە وڵان دەکات نەک هەموویان. تا هاوێنەی راڤەکردنەکە وڵاتی زیاتر بگرێتەوە، بەهای مامناوەندی ڕێژەی خەرجی-بۆ- دەرامەت لە ساڵی ۲۰۰۰ەوە بۆ ساڵی ۲۰۰٤ وەردەگرم؛ تەنیا ئەم ساڵانە وەردەگرم کە داتا پێویست بەردەستە. بەهای مامناوەندی ئەم ماوەیە بۆ بارگۆڕەکانی *داهات، داهاتی نەوت، و Polity* یش بەکاردێنم، تا وردبینی زیاتر بەدەستبێت. *ڕێژەی خەرجی-بۆ-دەرامەت* بۆ ۱۱۱ وڵات بەردەستە، لە کاتێکدا دەتوانرێ ۱۷۰ وڵات بگرێتەوە؛ کەواتە یەک لەسەر سێی داتاکە دیارنیە، ئەمەش کێشەیەکە. هەروەک خشتەی ۳.٥ دەریدەخات، دەوڵەتە-نەوتییەکان بە دیاریکراوی دوودڵن لەوەی زانیاری لەسەر دەرامەتکەیان بخەنەڕوو، ئەمەش واتە ئەم کورتهێنانە هەڕەمەکی نیە و لەوانەیە زیان بە سەنگاندنەکانم بگەینن.

ستوونی یەکەم لە خشتەی ۳.۱۱ مۆدێلی بنچینەیی پشاندەدات، کە ئەم لێکۆڵینەوانە لەخۆدەگرێت کە *ڕێژەی خەرجی-بۆ-دەرامەت دەیانپێکێت*. ئەم ڕێژەیە لە ستوونی دووەم بۆ مۆدێلەکە زیادکراوە، کە پەیوەندییێکی ڕاستەوانە و پێچەوانەی لەگەڵ *Polity دا هەیە:* بە بەراورد بە دەرامەتکەی، تا حکومەت زیاتر خەرجکات، ئەوا کەمتر دیموکراتیە. لە کاتێکدا ئەمە لەگەڵ شیمانەی ۳.۳دا هاوتایە، خاسیەتێکی تری ئەم سەنگاندنە لەگەڵی هاوتانیە: زیادکردنی *ڕێژەی خەرجی-بۆ-دەرامەت* بۆ مۆدێلەکە، قەبارە یان وردبینی [ئاماری] هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* کەمناکاتەوە. لە کاتێکدا لەوانەیە ئەمە خەوشێک لە مۆدێلەکە دروستکات، بەڵام *ڕێژەیی خەرجی-بۆ- دەرامەت* نیشاندەرێکی ئێجگار لاوازە ناتوانێت هەڵێنجانی بەهێز بخاتەوە- بە تایبەتی کە خەملێنەکە لەسەر کۆمەڵەیێک لە وڵاتان بنیاتنراوە، نەک هەموویان.

*خشتەی ٣.١١: پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی: میکانیزمی باو.*

خشتەی خوارەوە هاوکۆلکە ئامارییەکانی OLS دەنوێنێت. خاڵەکانی Polity بارگۆڕی شوێنکەوتەنە. لە ستوونی یەکەم و دووەمدا، کۆکراوەکانی وڵاتان بە تێکڕای ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٤ داندراون؛ لە ستوونی سێیەم و چوارەمدا، کۆکراوەکان تەنیا پەیوەستن بە ٢٠٠٤ەوە. لە سەلمێندراوەکانی ستوونی پێنجەم و شەشەم، کە لەسەر میتۆدی گشتگیری نێودەوڵتی ڕۆنراون، بارگۆڕە شیکاریەکان یەک ساڵ لاگکراون، و هەروەها بارگۆڕێکی شوێنکەوتەی لاگکراو لەخۆدەگرن (بزرە). ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا داندراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| داهات (لۆگاریتم) | ٠.٧٥٦***<br>(٠.١١٨) | ***<br>٠.٦٣<br>(٠.١٣٢) | ٠.٩٨٨***<br>(٠.١٧١) | ٠.٥٩٥***<br>(٠.١٩١) | ***<br>٠.٠٥٤<br>(٠.٠١٥١) | ٠.٠٥٢٧***<br>(٠.٠١٥١) |
| داهاتی نەوت (لۆگاریتم) | ٠.٢٤٨-**<br>(٠.١١٠) | -**<br>٠.٢٥٣<br>(٠.١١١) | ٠.٢٦٠-**<br>(٠.١٠٣) | ٠.٤٤١***<br>(٠.١٥٦) | -***<br>٠.٠٢٤<br>(٠.٠٠٨٢٤) | ٠.٠١٥٦ |
| خەرجی حکومەت بەپێی دەرامەت | —— | -**<br>١.٩٤٩<br>(٠.٩١٦) | —— | —— | —— | —— |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت*شەفافی بودجە | —— | —— | —— | -***<br>٠.٠١٠<br>(٠.٠٠١٩٩) | —— | —— |

| لۆگاریتمی داهاتی نەوت*ئازادی ڕۆژنامەگەری | —— | —— | —— | —— | —— | ٠.٧٧٢-*** (٠.٢٥٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|

| ساڵ | ٢٠٠٠-٢٠٠٤ | ٢٠٠٠-٢٠٠٤ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٤ | ١٩٩٠-٢٠٠٤ | ١٩٩٠-٢٠٠٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وڵاتان | ١١١ | ١١١ | ٨٣ | ٨٣ | ١٦٨ | ١٦٨ |
| دۆزراوەکان | ١١١ | ١١١ | ٨٣ | ٨٣ | ١،٦٥٨ | ١،٦٥٨ |
| داتای ونبوو | %٣٤.٧ | %٣٤.٧ | %٥١.٢ | %٥١.٢ | %٣٣.٩ | %٣٣.٩ |
| دووجاکراو | ٠.١٩٥ | ٠.٢٢٣ | ٠.٢٤٠ | ٠.٤٠٥ | ٠.٩٥٤ | ٠.٩٥٤ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

پێوانەکردنی شاراوەیی حکومەتیش زەحمەتە. بەپێی شیمانی ٣.٤، ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانەی بە نەوت پشتیان قەیمە ئەگەریان کەمترە دیموکراسی لەباوەشبگرن، ئەمیش چونکە بودجەکەیان تا ڕادەیەکی باش لە ڕووتەنکی داماڵڕاوە و کۆت و بەندی زیاتر دەخەنە سەر میدیا.

باشترین پێوەر بۆ پێوانەی ڕووتەنکی دەرامەت بریتیە لە Open Budget Index، کە لە بەشی سێیەمدا هەیە. ڕیزبەندی وڵاتەکان لەسەر بنەمای ڕووتەنکی بەڵگەنامەکانی بوودجەی حکومەتی ناوەند دادەنێت، و لە نمرەی سفرەوە تا سەدیان پێدەدات. بەداخەوە، ئەم ڕێبەرە تەنیا بۆ ٨٣ وڵات بەردەستە، لە ٢٠٠٦ەوە، شرۆڤەی ساڵێک یا دووەیان دەکات. هەرواسا، دەبێت لە هەمبەر نەبوونی ئەم داتایانە هۆشیاربین کاتێک ئەنجامەکانمان دەخەینەڕوو.

ستوونی سێیەم و چوارەم لە خشتەی ٣.١١، جووتێک سەنگاندنی نێودەوڵەتی OLS پشاندەدات کە لە پەیوەندی نێوان بارگۆڕێکی کارلێککردنی *داهاتی نەوت و ڕووتەنکی بودجە*، و خاڵی *Polity* وڵاتێک دەکۆڵتەوە. چەمکی کارلێککردن لەبەر مەبەستی شیمانەکە بەکاردێنم، کە دەڵێت کەمی ڕووتەنکی لە حزوری سامانی نەوت لێکەوتەی مەترسیداری هەیە بۆ دیموکراسی.

ستوونی سێیەم مۆدێلە بنچینەیەکە پشاندەدات بەرلەوەی چەمکی کارلێککردنی بۆ زیاد بکرێت، کە تەنیا تێبینی لەسەر ٨٣ وڵات تێدایە و لەلایەن Open Budget Index ڕیزبەندیان بۆ کراوە. ستوونی چوارەم هەمان شێواز و لێکۆڵینەوە دەردەخات، بەڵام چەمکی کالێککردنی بۆ زیادکراوە؛ کە ئەمەش لەگەڵ شیمانەکە هاوتایە. چەمکی کارلێککردن

پەیوەندییێکی پێچەوانەی لەگەڵ *Polity* دا هەیە، و بوونی ئەو لەوێ کاریگەرییێکی بەهێزی لەسەر هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* هەیە- کە نیشانە نێگەتیڤەکە دەگۆڕێت بۆ پۆزەتیڤ بێ ئەوەی وردبینی ئاماری لەدەستبدات. ئەمە ئەوە دەردەخات کە *داهاتی نەوت* تەنیا لە کاتی بوونی شاراوەیی لە بودجە زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت.[٨١]

جۆرێکی تری شەفافی سیاسی دەکرێ لە ڕێگەی ڕێبەری Freedom of the Press Indexوە بپێورێت، کە لەلایەن Freedom House ەوە پەرەپێدراوە. ئەم ڕێبەرە ئازادی چاپگەری، پەخش، و ئینتەرنێت هەڵدەسەنگێنێت، و لە نمرەی یەکەوە تا سەدیان پێدەدات. بەپێچەوانەی بارگۆڕەکانی *ڕێژەی خەرجی-بۆ-دەرامەت و داهاتی نەوت*شەفافیەت بودجە*،* زانیاری لەسەر ئازادی میدیا ساڵ بە ساڵ و لە ١٩٩٠ەوە، بە کرداری بۆ هەموو وڵاتان بەردەستە. ئەمەش ڕێدەدا مۆدێلی OLS بەکاربێنین کە زنجیرەیەکی زەمەنی نێودەوڵەتی شرۆڤەدەکات.[٨٢]

هەروەک ئەمەی سەرەوە، من ڕێبەری Freedom of the press Index ئاوەژوودەکەمەوە، تا خاڵی زیاتر مانای ئازادی کەمتر بدات بەدەستەوە، و دواتریش لەگەڵ *داهاتی نەوت* کارلێکی پێدەکەم. لە ستوونی پێنجەمی خشتەی ٣.١١، من ڕیگرێشنێکی OLS پشاندەدەم کە تەنیا بارگۆڕە جێگیرەکانی تێدابێت- *داهات و داهاتی نەوت*، و *بارگۆڕێکی دووبارەبوو*- کە پرۆسەی AR1 بەکاردێنێت تا بگات بە پەیوەندیە خۆکارەکە؛ داتاکە بۆ ماوەی نێوان ١٩٩٠ و ٢٠٠٤ە، ١٦٨ وڵات لەخۆدەگرێت. چەمکی کارلێککردن لە ستوونی شەشەم زیاددەکەم. پەیوەندییێکی پێچەوانەی لەگەڵ *Polity* دا هەیە، هەمدیسان تێیاخنینی کاریگەریەکی

گەورەی لەسەر *داهاتی نەوت* هەیە؛ وا لە هاوکۆلکەکە دەکات کە هێمایەکان پێچەوانە بکات و وردبینی ئاماری لەدەستبدات.[٨٣]

ئەم سەنگاندنانە خزمەتێکی کەمی شیمانەی ٣.٣ دەکەن، کە گرنگی ڕێژەی خەرجی-بۆ- دەرامەت حکومەتی وڵاتێک دەناسێنێ. ئەوان زیاتر یارمەتی ساغکردنەوەی شیمانەی ٣.٤ دەدەن، کە جەخت لە ڕۆڵی شاراوەیی دەکەنەوە. هێشتاش، نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر خەرجی و دەرامەت و شەفافی بودجە بەلایەک، و ژمارەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە لەم ڕێبەرە بوونییان نیە، ناهێڵن دڵنیای لەهەمبەر ئەم ئەنجامانە بەدەستبێنین. ئەم زانیاریەی لەسەر ئازادی ڕۆژنامەڤانی هەیە چڕ و پڕترەو، دەتوانرێ بە دڵنیاییێکی زیاترەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت: هەر گا لە مۆدێلێکی سادەی OLS دا دادەنرێن، ئەنجامەکان لەگەڵ ئەم بەرسڤە هاوئاوازن، کە دەڵێت لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، شاراوەیی حکومەت دەورێکی تایبەت دەبینیت لە خامۆشکردنی دیموکراسی.

ئەم سەنگاندنانە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە زۆربەی شیمانەکانی بەشی سێیەم، جگە لە شیمانەی ٣.٣، لەگەڵ داتاکان دەگونجێن:

- لە دەوڵەتانی ئۆتۆریتاری، داهاتی نەوتی زیاتر لەگەڵ ئەگەری کەمتر بۆ پەڕینەوە بۆ دیموکراسی ناوی دێت.
- لە دیموکراسیە *داهات کەمەکاندا،* داهاتی نەوتی قەبەتر لەگەڵ دەرفەتی گەورەتر بۆ خزانە نێو دەسەڵاتخوازی لێک گرێدراون.
- هەردوو خاڵەکە تەنیا دوایی ١٩٨٠ بە دیارکەوتوون.
- ئەمریکای لاتین ڕیزپەڕە؛ لەم هەرێمەدا، داهاتی نەوت پەیوەندی بە ئەگەری زیاتری پەڕینەوە هەیە بۆ دیموکراسی.

- شاراوەیی حکومەت بەشی هەرە زۆری لێکەوتە زیانبەخشەکانی نەوتی لە ئەستۆیە لەسەر دیموکراسی.

پەیوەندیە گرنگەکانی نێوان داهاتی نەوت و پێوەرەکانی دیموکراسیش بە هەمان وێنە بەهێزن، بە تایبەتی کە باسی پێگە هەڵاوێردەکەی ئەمریکای لاتین دەکرێت، و سەرنجیش دەخرێتە سەر ماوەی دوای ساڵی ١٩٨٠.

پشگیریەکی کەمیش هەیە بۆ ئەم شیمانەی هەڵپەسێردراوە: گەرچی ئەم شێوازە ناکرێت بۆ پەیوەندی نەوت و ئۆتۆکراسی بەکاربیت، بەڵام ئەو وڵاتانەی حکومەتەکانیان خەرجی لە دەرامەت زیاترە کەمتر مەیلیان بۆ دیموکراسی هەیە. قات و قڕی زانیاری لەسەر خەرجی و دەرامەتی حکومەت، و نەبوونی پێوەر بۆ پێوانەکردنی دەرامەتی پێشبینیکراوی حکومەت، وادەکات کە زەحمەتبێت دەرئەنجامی بەهێز هەڵنجێنین دەربارەی ئەم شیمانەیە، جا چ دەرئەنجامەکە لە بەرژەوەندی شیمانەکە دابێی یاخود دژی.

**بەندی ٤: نەوت برەو بە پیاوسالاری دەدا**

"سوودوەرگرتن لە توانستەکانی ژنی عەرەب لە ڕێی بەشداری سیاسی و ئابووری، لە ڕووی چەندایەتیەوە کەمترینە لە دنیادا. بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەم پشکە کەمانەیە لە پەرلەمان، کابینەکانی حکومەت، و هێزی کار لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دراوە بە ژنان. لەوانەش زیاتر، شەپۆلێکی بێکاری ژنانی وڵاتە عەرەبییەکانی تەنیوەتەوە ...... کۆمەڵگە پاکی جەوردەکێشێت کاتێک ڕێژەیەکی بەرچاو لە هێزی بەرهەمهێن خنکێندراوە. ئەمە داهاتی خێزان و کوالیتی ژیان دەتەپێنێت."

-ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەب، ٢٠٠٢.

هەڵبەتە بە دەوڵەمەندبوونی وڵاتان ژنان دەرفەتی زیاتر دەچننەوە، بە دەرفەتی ئابووری لە شوێنی کار و دەرفەتی سیاسیش بۆ خزمەتتکردن لە حکومەتەوە، بەڵام ئەم ڕاستییە لەو وڵاتانە نابیندرێت کە بە نەوت فرۆشتن دەوڵەمەند دەبن. سوودەکانی بووژانەوەی کەرتی نەوت زۆربەی کات لەلایەن پیاوانەوە قۆرخ دەکرێت.

لەچاو هەر هەرێمێکی تری دنیا، ڕۆژهەڵاتی ناڤین کەمترین ژنی لە هێزی کار و لە پەرلەمان هەیە. ئەمە ئەو هەرێمەیە کە کاریگەری نەوت لەوپەڕی قووڵیدا دەرکەوتووە بەسەر ژن. لە هەمبەر پێگەی نزمی ژنان، زۆرجار لۆمەی کەلتووری ئیسلامی یان عەرەبی ناوچەکە دەکرێت، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ناڕاستە، یانیش بەلایەنی کەمەوە ناتەواوە.

نەریتی پیاوسالاری لە ڕابردووی نزیکی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەکان ڕەگی خۆی داکوتیوە. بەشێکی زۆری کەلتووره نەریتیەکانی ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵات،

و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، سەد ساڵێک لەمەوبەر بە وێنەی ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پیاوسالاربوونە. گەرچی لەم هەرێمانە گەشەی ئابووری دۆخی ژنی لە زۆر ڕووەوە بەرەو پێشەوە برد، کەچی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەمان ئاست لە گەشەی ئابووری و بگرە بەرزتریش دەستکەوتێکی وای نەبووە شایەنی باس بێت. باشە بۆچی گەشەی ئابووری لە هەرێمەکانی تری دنیا کەلتووری پیاوسالاری کەلەلا کردووە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەم ڕووەوە ڕیزپەڕ دەرچووە؟

ئەم بەشە ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی گەشەیەک لەسەر پیشەسازی نەشونمای کردبێت، ژنان بەرەو هێزی کار پەلکێش دەکات و لە کۆتاییشدا دەگات بە سەرفرازکردنی مێینە لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، بەڵام، لەولاشەوە، ئەم گەشەیەی لەسەر فرۆشتنی نەوت و گاز بنیاتنراوە، کاری زیاتر بۆ ژنان دەستەبەر ناکەن، و تەنانەت ڕێی گەیشتن بە یەکسانی جەندەری دادەخەن.

### کورتەباسێک لەسەر بەهێزکردنی ژنان

کە وڵاتان زەنگینتر دەبن، ئەوا ژیانی ژنان سەرلەبەری دەگۆڕێت: ژنی زیاتر ڕوو لە خوێندن دەکەن، کەمتر منداڵ دەخەنەوە، و لە سیاسەتی نەتەوەیی چالاکتر دەبن. بێگومان گرنگترین وەچەرخانیش چوونە نێو بازاڕی کارە؛ هەر ئەمەشە کە ڕێ بۆ گۆڕانکاریەکانی تر خۆش دەکات.

لەمێژە بیردۆزەوانە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێن بەشداریکردن لە هێزی کار گۆڕانکاری قووڵ لەسەر ژنان و ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژین بەجێدەهێڵێت.[1] زۆرێک لە لێکۆڵینەوە پەیوەندیدارەکان پشتگیری ئەم ئەرگومێنتە دەکەن. کە باوانەکان باوەڕ بەوە دەهێنن کچەکانیان لە دوای خوێندن کۆمەکی بە داهاتی خێزان دەکەن، ئەوا ڕەنگە لە قوتابخانە بیانهێڵنەوە و گرنگی بە تەندروستیان بدەن. بێگومان

له ئەنجامدا ژنان دەرفەتی کاری زیاتریان بۆ دەڕەخسێت، ئەمەش وادەکات ژمارەیەکی زیاتریان ڕوو لە خوێندن بکەن.[٢] بوونی کار هانی ژنان دەدات درەنگ هاوسەرگیری بکەن، بەمەش منداڵی کەمتر دەخەنەوە. واتە لە کۆتاییدا خێزانی بچووکتر بەڵام بەرهەمهێن دروستدەبێت، کە ئەمەش کایەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و خاوەن داهاتی بەرزە.[٣]

دەستگەیشتنی ژنان بە ئیش و کار کاریگەری فراوانتریشی هەیە بەسەر پەیوەندیە جێندەریەکاندا. لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە کرێکارە مێینەکانی کارگەی چنین لە بەنگلادیش - کە زۆربەی لە دێراوە هەژارەکان دێن و لە هەڕەتی لاویەتی و سەڵتیدا دادەمەزرێن - دەریخستووە کە ئیشکردن لە کارگە هێزی متمانەبەخۆبوونیان زیاد دەکات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان پتەو دەکات، زانیاری تەندروستییان دەوڵەمەند دەکات و خوی سکپڕبوون لاوازدەکات، و فێریان دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ پیاواندا بکەن.[٤] هەرگا ژنانی شووکردوو سەرچاوەی سەربەخۆی داهاتیان هەبێت، ئەوا پشکی گەورەتریان لە بڕیارەکانی خێزان پێدەدرێت لە هەمبەر تەندروستی باوان و منداڵەکان.[٥]

بەشداربوون لە هێزی کاردا دەرگای کاری سیاسیش بە ڕووی ژناندا دەکاتەوە. توێژینەوەیەکی دەساڵەی بە بڕست لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە لەلایەن (سیدنی ڤێربا)، (کەی شۆلزمان)، و (نانسی بێرن)وە ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە ژنان لە ماڵ دەڕۆنەدەرەوە و کاردەکەن لەگەڵ هاوکارەکانیان دەئاخڤن، بەمجۆرەش خولیای سیاسی دادەگیرسێنن؛ ئەوان لە تۆڕە نافەرمیەکانی ژنان بەشدار دەبن، کە لە ڕێیانەوە هەڵوێستی بەکۆمەڵ دەردەبڕن، هەروەها ئالەنگاری لەگەڵ جیاکاری جێندەریدا دەکەن، کە هانیان دەدات بەرپەرچی هەڕەشەکانی سەریان بدەنەوە.[٦]

توێژینەوەی تر لە وڵاتە پێنەگەیشتووەکاندا هەمان ئەنجام بە دەستەوە دەدەن. بەپێی وتەی (پرادیب چیپەر)، ئەو ژنە هیندیانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن کەسایەتیەکی نوێ پەرەپێدەدەن، کە پاڵیان پێوەدەنێت لە سیاسەت بەشداربن و دەنگ بە بەربژێرە مێینەکان بدەن.[7] (ڤالەنتاین مۆگدام) دەریدەخات لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی بە چڕی ژنان لە کارگەکان دادەمەزرێنن، وەک گواتیمالا، تایوان، هۆنگ کۆنگ، ئەندەنووسیا، تونس، و مەغریب، ژنان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان ڕێکخراو دروستدەکەن؛ زۆرجار ئەو ڕێکخراوانەش لۆبی بۆ چاکسازی پتر دەکەن لە پێگەی ژن.[8]

ئەم توێژینەوە و چەندانی تر جەخت لەوە دەکەنەوە کە تێخزینە ناو هێزی کار کاریگەری سیاسی مێینە بە لای کەمەوە لە سێ ڕووەوە زیاد دەکات: لە ڕووی کەسییەوە کاریگەری لەسەر تێڕوانینە سیاسییەکان و کەسایەتی ژنان دەبێت؛ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژنان لە شوێنی کار کۆدەکاتەوە و ڕێی پێکهێنانی تۆڕی سیاسیان بۆ ئاسان دەکات؛ لە ڕووی ئابوورییەوە ڕۆڵیان چەلەنگ و پتەو دەکات، بەمەش سەرکردە سیاسییەکان ناچار دەبن باشتر ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانیان بکەن.

گەرچی هەموو ئیشێک گرنگی خۆی هەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو کارێک هەمان کاریگەری لەسەر پێگەی ژن هەبێت. ئەو کارانەی دەکەونە دەرەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ناوەوەی کەرتە گشتییەکان کاریگەریان پترە. بەشێکی زۆری ژنان لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا لە کشتوکاڵ کاردەن، بەڵام ئەو کارانە زۆرجار لەلایەن خێزانەکانیانەوە خاوەنداری دەکرێن یان هەڵدەسووڕێندرێن، کەواتە نە سەربەخۆیی ئابووری بۆ ژنان دەستەبەردەکەن نە وا دەکەن دەنگی سیاسیان ببیسترێت.[9] ئەگەر پسوولەی مووچە وەرگرتن بۆ ژنان دابین بکەن، کارەکانی بازرگانیکردن بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەکرێت ئەنجامی چاتر بدەن

بەدەستەوە.[10] بەڵام بە گشتی ئەم کارانەی دەکەونە ناوەوەی کەرتی گشتی و دەرەوەی کەرتی کشتوکاڵی، لێکەوتەی چاک بۆ یەکسانی جێندەری دەستەبەردەکەن.

**بۆچی ژنان کار ناکەن؟**

بۆچی ژنان لە هەندێک وڵات لە هێزی کار بەشدارن بەڵام لە هەندێکی تر نا؟ هۆکارێکیان جیاکاریە، کە زۆرجار لە کەلتووری وڵاتەکە یان یاسایەکانی، یانیش لە هەردووکیان، ئاخندراوە. لەوپەڕی گرژیدا، ژنان لە ڕێی خزمەکانیانەوە کە نایانەوێت لەگەڵ بێگانەدا کاربکەن ڕێی کاریان لێ دەگیرێت، یانیش لە ڕێی یاساکانەوە دەرفەتە ئابوورییەکانیان لێ زەوت دەکرێت.

بە گوتره ئەم ئاستەنگانە لە ڕێی چاکسازیەکانی حکومەتەوە دەتوانرێ بنبڕبکرێن. بۆ نموونە، حکومەت دەتوانێت یاسای توند دەرکات کە ڕێ بە ژنان بدەن بێ ڕەزامەندی خزمێکی نێریان گەشت بکەن، ڕێ لە خاوەن کارەکان بگرێت جیاکاری دژی ژنان بکەن، و مۆڵەتی منداڵبوون بە مووچەیەکی چاکەوە بدەن، بەڵام ئەمانە ئاستەنگی دووەم قیت دەکەنەوە: ژنان زۆرجار ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕامیاریدا نابینن، کەواتە ناتوانن یاسادانەرەکان قایل بکەن تا چاکسازی بکەن و بیخەنە بواری جێبەجێکردن. مخابن، دوورەپەرێزی ئابووری و سیاسی دایمە وابەستەی یەکترن: بەبێ کار ژنان کاریگەری ڕامیارییان کەمە؛ بێ کاریگەری ڕامیاریش، دەرفەتی کار بۆ ژنان ناڕەخسێت.

باشە چۆن ژنان لەم گێژاوە ڕزگاریان دەبێت کاتێک هێزی ئابووری و ڕامیاریان نیە؟ هەندێک جار سەرکردایەتیەکی ژیرانە یارمەتیدەر دەبێت. بەڵگەی نەپساوە

هەیە کە "کۆتاکانی"* هەڵبژاردن، واتە ئەو یاسایانەی ژمارەیەک کورسی جێگیر لە دەزگا هەرێمی و نەتەوەییەکانی یاسادانان بۆ ژنان دەبڕنەوە، ئەسەری بەهێزیان لەسەر پێگەی ڕامیاری ژنان هەبێت.[11] دەزگا ڕامیارییەکانیش گرنگن: بۆ ژنان لەو وڵاتانە دەرفەتی سیاسی زیاترە کە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (proportional representation) پەیڕەو دەکەن، نەک لەوانەی سیستەمی پلورالی-زۆرینە تێیاندا بەرقەرارە.[12]

جاری واش هەیە ڕێکخستنەوەی ئابووری یارمەتیدەر دەبێت، بە تایبەتی کاتێک کارخانە چەوسێنەرەکان بوونیان هەیە. هەر لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیدا، ملیۆنان ژن لە دەرچەی ئەو کارگانەی دەستحەقی کەم دەدەن بە کرێکارەکانیان، چوونە ناو هێزی کارەوە. ئەو کات ژنان لەو کارگانە کاریان دەکرد کە کراس، کوتاڵ، و چەندین کاڵای هەرزانبەهای تریان بۆ بازاڕە جیهانییەکان بەرهەمدەهێنا. لە ساڵی ١٩٨٠دا، ژنان پتر لە نیوەی پیشەسازی ڕستن و چنینی ئەمریکیان هەڵدەسوڕاند. لە دنیای ئەمڕۆش، لە سەدا ٨٠ی کرێکارەکانی سیپاڵ و کراس دوورین لە دنیادا ژنن.[13] هۆکارگەلێک هەن تا فرۆشگا چەوسێنەرەکان بدەینەبەر ڕەخنە، بەڵام دەکرێت ئەوان پلیکانەیەکی زەحمەت بن کە ژنان هەنگاوی یەکەمی بەهێزبوونی ئابووری، کۆمەڵایەتی، و سیاسی خۆیان لێ بنێن و بەرەو سەرەوە بڕۆن.

چوار هۆکار هەیە کە ڕوونیدەکاتەوە بۆچی ئەم پیشەسازیە پڕووکێنەرانە زۆرجار دەکرێت ڕێڕەوێک بن بۆ کرێکارە مێیە تازەکان. یەکەم، ئەم کارانە پێویستی بە هێزێکی جەستەیی گەورە نیە؛ کەواتە پیاوان لێرەدا هیچ خاسیەتێکی سروشتی زاڵیان نیە. دووەم، پێویستیان بە مەشقێکی کەم و چەند بەهرەیەکی پەیوەندیدار

* Quota

هەیە؛ واتە دەچنە بەر دڵی ژنان، چونکە ئەوان جاروبار کار بەجێدەهێڵن بۆ ئەوەی منداڵ پەروەردە بکەن یانیش چاودێری خزمەکانیان بکەن.[١٤] سێیەم، ئەو کارگانەی شتومەک بۆ هاوردەکردن بەرهەمدەهێنن زۆرجار لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە خاوەنداری دەکرێن یان بەڕێوەدەبردرێن؛ و ئەو کۆمپانیا دەرەکیانە لەبەر چەند هۆکارێکی یاسایی یان کەلتووری، جیاکاری دژی ژنان ناکەن کاتێک کارمەند وەردەگرن. لە کۆتاییدا، ئەم کۆمپانیایانە کاڵاکانیان لە بازاڕە جیهانییەکان دەفرۆشن، کە تێیدا کێبڕکێیەکی سەخت و قازانجێکی کەناری (profit margin) کەم هەیە؛ ئەمەش وایان لێ دەکات بەدوای هەرزانترین هێزی کاردا وێڵ بن. چونکە ژنان بە گشتی ئامادەن بە مووچەیەکی کەمتر لە پیاوان کاربکەن، و هەروەها کرێکاری لەشسووک و متمانەپێکراون، دایمە چاوی خاوەن کاریان لەسەرە بۆ دامەزراندن.

کارگەکان، بە پێچەوانەوە، سەروکاریان لەگەڵ ئەو کارانەیە کە پێویستییان بە هێزێکی گەورەتری جەستەیی و ساڵانێک لە مەشقکردنی بێ پسانەوە هەیە، بۆیە مەیلیان بۆ هەڵبژاردنی پیاوان دەچێت. بەتایبەتی گەر کاڵاکە لە بازاڕی ناوەخۆدا ساغبکرێتەوە، کە کێبڕکێی نرخ هێندە بە هەڵپە نیە تێیدا.[١٥]

**ژن، ئیشکردن، و سیاسەت لە کۆریای باشوور**

دۆزی کۆریای باشووری دەستخەڕۆ لە نەوت پێماندەڵێت کە چۆن ئەو کارگانەی بۆ کاڵا هەناردەکردن بەگەڕخراون دەتوانن ژن بۆ نێو هێزی کار پەلکێش بکەن، و یاسا و دامودەزگاکانی پیاوسالاریش ڕامالن.

لە سەروبەندی سەدەی بیستەم، کۆریا خاوەن یەکێک لە کەلتوورە هەرە پیاوسالاریەکانی دنیا بوو. کچان لە شەشساڵیەوە لە کوڕان جیادەکرانەوە، ژنان

ناوی پیاوەنەیان لێ دەنرا، و لە ناو جەرگەی (سیۆل)دا هاتووچۆیان بەڕۆژ لێ قەدەغە کرابوو. لەساڵی ١٩٣٠ لەسەدا ٩٠ی ژنانی کۆری نەخوێندەواربوون.[١٦]

لەگەڵ ڕۆچوونی کۆریای باشوور لە پیشەسازی لە ساڵانی شەستەکان، ژنان ڕوویانکردە ئیشکردن لەو کارگانەی کە کوتاڵ، کراس، پلاستیک، پێڵاو، ئەلیکترۆنیات، و قاپ و قاچاخیان دروست دەکرد بۆ هەناردەکردن. ئەو حەقدەستەی ژنان وەریان دەگرت نیوەی ئەوە بوو کە بە پیاوان دەدرا، بەمەش سەرنجی خاوەنکارەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو و کۆمەکیان بە گرمە ئابووریەکەی کۆریا کرد. تا ساڵی ١٩٧٥، لەسەدا ٧٠ی داهاتی هاوردەکرن لەو پیشەسازیانە هەڵدەوەرا کە مێینە جڵەوی بەسەر دەشکان. بە زیادبوونی کاڵا هەناردەکراوەکانیان، پشکی ژنیش لە هێزی کار گەورەتربوو- لە نێوان ١٩٦٠ و ١٩٨٠دا بە ڕێژەی سەدا ٥٠ بەرزبوویەوە.[١٧]

گەرچی لە پەنجا و شەستەکان ڕێکخراوی ژنان لە کۆریا هەبوون، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پارێزگاربوون و لەلایەن حکومەتەوە پشگیری دەکران. ئەم ڕێکخراوانە بە بەربڵاوی لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبران و سەرنجیان زیاتر لەسەر کاری خێرخوازی، پاراستنی مافی کڕیار، و ڕاهێنانی ژنانی ماڵەوە و تازە بووکان بوو لەسەر ماڵداری.[١٨] بەڵام لە حەفتایەکاندا، ئەو ژنانەی لە کارگە پیشەسازیە هەناردەکەرەکاندا کاریان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی مافی کرێکار و یەکسانی جێندەری، دەستیان بە هوتاف کێشان کرد. ئەو دەم کۆریای باشوور لە ژێر چەپۆکی حوکمی دەسەڵاتخوازیدا دابوو، بۆیە هیچ ئاوڕێکی جدی لە بانگەشەکانی ژنان نەدەداوە.

لە ساڵی ١٩٨٧، ڕێکخراوەکانی ژنان دەرفەتیان لە وەچەرخانە دیموکراتیەکەی کۆریای باشوور وەرگرت و (کۆمەڵەی ژنانی یەکگرتووی کۆریا)یان پێکهێنا. بە

پێچەوانەی ڕێکخراوەکانی پێش خۆی، ئەم کۆمەڵەیە پرژایە سەر باشترکردنی بارودۆخی کرێکاران و مافەکانی ژنان، هەروەها هەڵوێستێکی بەرگریکارانەی بەرامبەر بە حکومەت وەرگرت.[١٩] لەهەمان کاتدا، ڕێکخراوە کۆنەپەرستەکانیش مەیلیان بۆ مافەکانی ژنان دەڕۆیی.[٢٠] لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، ڕێکخراوەکانی ژنان کەوتنە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی بۆ ژنان لە گشت پێگە حکومییەکان. سەرباری نەریتە بەهێزەکانی پیاوسالاری، ئەم ڕێکخراوانە دەستکەوتی بەرچاویان هەبوو: ژمارەی ژنان لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی لە هەشتەوە (لە ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٢) بۆ شازدە (لە ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٤) بەرزبوویەوە؛ ئەندامیەتی ژنان لەو لیژنانەی سیاسەتی حکومەت دادەڕێژن، لە ٨.٥ لەسەداوە لە ١٩٩٦ بۆ ١٧.٦ لەسەدا لە ٢٠٠١ ڕۆیشت؛ و ڕێژەی دادوەری مێینە لە ٣.٩ لەسەداوە لە ١٩٨٥ بۆ ٨.٥ لەسەدا لە ٢٠٠١ گرەپێچەی کرد.[٢١]

هێزی لۆبیکردنی بزووتنەوەی ژنان و ژمارەی ڕوو لە زیادبوونیان لە حکومەت، زنجیرەیەک چاکسازی مێژوویی لێکەوتەوە. ئەم چاکسازیانەش بریتیبوون لە یاسای یەکسانی جێندەری لە دامەزراندندا (١٩٨٧)، چاوخشانەوەیەک بە یاسای خێزان (١٩٨٩)، یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی منداڵان لەلایەن دایکانەوە (١٩٨٩)، یاسای چوارچێوەی گەشەسەندنی ژنان (١٩٩٥)، و فەرمانێکی حکومی کە دەبێت پارتە سیاسییەکان بەلایەنی کەم ٣٠ لەسەدای کورسیەکانیان لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی وڵات بۆ ژن تەرخان بکەن (٢٠٠٠).[٢٢] بە ڕاکێشانی ژنان بۆ ناو هێزی کار، پیشەسازی کاڵای هەناردەکراو یارمەتی ژنانی کۆریای باشووری دا لە قایمکردنی پێگەکانیان لە حکومەت و ئەم گۆڕانکاریە مێژووییانەشی خستەوە.

**تیۆری بەهێزکردنی مێینە**

*له هەندێک باردا* بەرهەمهێنانی نەوت دەکرێت کاریگەری کارەساتئامێزی لەسەر ڕۆڵی ژن هەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کارتێکردنە، دەبێت هەندێک پێکهاتە بۆ مۆدێلە سیاسیە کێشراوەکەی نێو بەشی سێیەم زیاد بکەین. وای دابنێ کە وڵاتێک هەیە هاوڵاتی نێرینە و مێینەی لێدەژی؛ و لەجیاتی ئەوەی بە جیا بژین، وەک خێزان دەژین؛ و ئیشکردنیش لە دەرەوەی ماڵ بۆ ژن سەرچاوەیەکی لەبارە بۆ دەستکەوتنی هێزی ئابووری، کۆمەڵایەتی، و سیاسی.

با وێناش بکەین کە ژمارەی ژنان لە هێزی کار بە دوو فاکتەرەوە بەندە. یەکەمیان ژمارەی ئەو ژنانەیە کە کاریان دەوێت. بێگومان هەموو ژنێک حەز بە ئیشکردن لە دەرەوەی ماڵ ناکات: لەبیرتبێت کە هاوڵاتییەکان گشتیان لە چوارچێوەی خێزاندان، واتە تەنیا لە بیری بەرژەوەندی ئابووری خۆیاندا نین، بەڵکو بەرژەوەندی خێزانەکانیشیان لەبەرچاوە. لە زۆربەی کۆمەڵگەکان، پیاو سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خێزانە، و ژنیش تەنیا ئەو کاتە کار دەکات کە خێزانەکە پێویستی بە داهاتی دووەم بێت. لە خێزانە داهات کەمەکاندا، ژنان زۆربەی کات خۆیان لە کارکردن دەدەن، ئەگەرچی مووچەکەشی کەم بێت. لە خێزانە داهات بەرزەکانیشدا نەریتەکە وایە کە ژن تەنیا بەدوای ئەو کارانەوەیە کە پارەیەکی باشیان لێ هەڵدەوەرێت؛ بەپێچەوانەوە نایکەن.

فاکتەری دووەم خواستە لەسەر کرێکاری مێینە. لە زۆربەی وڵاتاندا وا باوە کە خاوەنکارەکان بە گشتی لە دامەزراندنی ژنان دوودڵن، تەنیا بۆ هەندێک کاری دیاریکراو نەبێت.[٢٣]

بۆ ئەوەی ئامانجە کرۆکیەکە بپێکین، بێننە پێش چاوی خۆتان کە ژنان تەنیا لە کارخانە چەوسێنەرەکاندا دادەمەزرێن، ئەو کارگانەی کە شتومەک بۆ هاوردەکردن

بەرهەمدەهێنن و کرێی کەم بە کرێکارەکانیان دەدەن لە هەمبەر بەرهەمهێنانی کوتاڵ، کراس، و یان هەر کاڵایەکی تر کە شیاوی هەناردەکردن بێت.

بە کورتی، لە مۆدێلە چاوپێخشێندراوەکەماندا ژنان بە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ هێزی ئابووری و سیاسییان حاسڵ کرد؛ ئەمان مەیلیان بۆ ئەم چەشنە کارانە ئەو دەمە زیاد دەکات کە خێزانەکانیان پێویستیان بە داهاتی تر بێت؛ و ئەو کارگانەی شتومەکی هەرزان بۆ هاوردەکردن بەرهەمدەهێنن تاکە شوێنن کە دایانبمەزرێنن. هەردوو گریمانەی یەکەم و دووەم بای ئەوەندە گشتگیرن کە هەموو وڵاتانی دنیا بگرنەوە، بەڵام گریمانەی سێیەم دەکرێ تەنیا بۆ ئەو وڵاتانە ڕاست بێت کە کەلتووری پیاوسالاری بە تەواوی گەرای لە هەناویان کردووە و بەر بە دەرفەتی کار بۆ ژنان دەگرن- وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای سەدەکانی نۆزدەم و بیستەم، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە پەنجا و شەشت و حەفتایەکاندا، و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەمڕۆدا.

## چۆن نەوت کار لە ژنان دەکات؟

لەم هەلومەرجەدا دەکرێت نەوت کاریگەری پێچەوانەی هەبێت: پیشەگەری ژنان لە ماڵەوە دێنێتە دەرێ و لە هێزی کار قایمیان دەکات، بەڵام سامانی نەوت لە ماڵ سندمیان دەکات و ڕێڕەوێکی گرنگی بوژانەوەی ئابووری و سیاسیان لێ دەگرێت.[٢٤]

بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت دوو لێکەوتەی هەیە - یەکیان لەسەر ژمارەی کرێکارانی مێینە، دووەمیشیان لەسەر داواکاری لەسەریان. هێلکاری٤.١ ئەم پەیوەندییانە پوخت دەکاتەوە. لە بەشی دووەم فێربووین کە قەبارەیەکی زەبەلاحی دەرامەتی نەوت دەبێتە هۆی پەیدابوونی بودجەیەکی قەبەی حکومەت. بەندی سێیەم دەریخست کە، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری سیاسی، سەرکردەکان

زۆربەی ئەم دەستمایە لە ڕێی کاری حکومی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، کۆمەک، و باج کەمکردنەوە، بەسەر خێزانەکاندا دابەش دەکەن. ئەم تەخشان و پەخشانە لەلایەن حکومەتەوە دەکرێ ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان ئاسوودەتر بکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستی خێزانی بۆ سەرچاوەی داهاتی دووەم کەمدەکاتەوە، بەمەش ژن خولیای کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ نامێنێت. کە دەستمایەی نەوتی حکومەتێک خزایە نێو خێزانەکانی وڵاتێک، ئەوا ژمارەی ئەو ژنانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن تێیدا کەمدەکات.

دەشکرێ نەوت لە ڕێی کەمکردنەوەی هەلی کار لە کارگەکانی تایبەت بە هەناردەکردن زیان بە خواست لەسەر کرێکاری مێینە بگەیەنێت. بەندی دووەم باسی ئەوە دەکات کە چۆن سامانی نەوت نەخۆشی هۆڵەندی لێ دەکەوێتەوە، کە وڵاتان نغرۆی شتومەکی هاوردەکراو دەکات، و کەرتی پیشەگەری و کشتوکاڵیش لە بازاڕەکانی دەرەوە هەرەسپێدێنێت. ئەگەر حکومەت بەردەوامبێت لە پاڵپشتیان، لەوانەیە ئەو کارگانەی شتومەک بۆ بازاڕی ناوەخۆ بەرهەمدێنن تێنەچن، بەڵام بەگشتی ئەو کارگانە ژن دادەمەزرێنن کە کەلوپەل بۆ هەناردەکردن دروست دەکەن و پشت بە کاری داهات سووک دەبەستن، و نەخۆشی هۆڵەندیش مایەپووچیان دەکات.




*هێڵکاری ٤. ١: چۆن بەرهەمهێنانی نەوت کار لە پێگەی ژنان دەکات.*

ڕاستە، هەڵچوونی نرخی نەوت کاری نوێ دەخاتەوە، بەڵام زۆربەی ئەم کارانە لە کەرتی خزمەتگوزارین، وەک بیناسازی، وردە بازرگانی، و کاری حکومی. ئەگەر ژنان شوێنێک لەم کەرتانە دەستەبەرکەن، ئەوا هیچ زیانیان بەرناکەوێت، بەڵام گەر دەستیان نەکەوێت، ئەوا بووژانەوەی پیشەسازی نەوت لە هێزی کار وەدەریان دەنێ، یانیش هەر لە پەیوەندیکردن پێیەوە ساردیان دەکاتەوە.

بە کورتی، دەرامەتی نەوت بودجەی حکومی دەبووژێنێتەوە و لە ئەنجامیشدا داهات بەرزدەبێتەوە، بەڵام هەر ئەم زنجیرە کردارەشە کە ژن لە گەڕان بەدوای کاردا سست دەکات. هەروەها، نەوت نسکۆیەک لە کەرتی تایبەت پەیدا دەکات چونکە پیشەگەریە هەناردەکەرەکان شکست پێدێنێت، کە بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم کارگانە بوونیان هەبێت، ئەوا ژن بەرەو هێزی کار ڕادەکێشن. نەوتی زیاتر ڕێژەی ژنانی مووچەخۆر کەمدەکات، و چونکە چوونە نێو هێزی کار ڕێچکەیەکی سەرەکیە بۆ گەیشتن بە برەوی سیاسی، کەواتە سامانی نەوت دەنگی مێینە لە حکومەت خامۆش دەکات.

ئەم مۆدێلە گشت وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت ناگرێتەوە، بۆیە ناتوانین بڵێین هەموویان بۆ ئەو گرفتانە کراوەن. لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ژنان دەتوانن ڕاستەوخۆ کاریان لە کەرتی خزمەتگوزاری و حکومی دەستبکەوێت. بۆ نموونە، نەرویج سوودی لە نرکەی حەفتایەکان وەرگرت بۆ دابینکردنی کار لە بواری پزیشکی و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆربەیان لەلایەن ژنانەوە پڕکرانەوە. تەنانەت لە هەندێ لە وڵاتە داهات کەم و مامناوەنجییەکانی وەک کۆلۆمبیا، سوریا، مالیزیا، و مەکسیک، بەشێکی زۆر لە ژنان لە کەرتی خزمەتگوزاری و حکومی بەگەڕخراون و بەهۆی سامانی نەوتی وڵاتەکەیان

پەراوێزنەخراون. بەڵام لەو وڵاتانەی ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە کارکردن لە کەرتی خزمەتگوزاری، ئەوە سامانی نەوتە کە تەنگ بە هەنگاوهەڵگرتنیان دەگرێت.

زۆربەی ئەم وڵاتانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا هەڵکەوتوون. توێژینەوەیەکی (بانکی جیهانی) لە ساڵی ٢٠٠٤، دەریخستووە کە چواردە لە کۆی حەڤدە وڵاتی ناوچەکە کۆت و بەندی یاسایی لەسەر جۆری ئەو کارانە دادەنێن کە ژنان دەتوانن بیکەن؛ تەنانەت ڕێوشوێنی جیا بۆ کاتژمێر و ڕۆژی کارکردنیان لەگۆڕێیە. شەش لەو وڵاتانەش ڕێپێدانی گەشتکردنی ژنان بە ڕەزامەندی مێردەکانیان یانیش هەر سەرپەرشتێکی نێرینەیان دەبەستنەوە.[٢٥]

ئەم بەندوباوانە چنگکەوتنی کاریان لە کەرتی خزمەتگوزاری بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین قورس کردووە.[٢٦] لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئەو کارانەی لە کەرتی گشتین بۆ پیاوان بڕاونەتەوە و بۆ ژنانیش یاساغکراون.[٢٧] ئەم جیاکاریە ژنی لە ئیشی بچووک دوورخستۆتەوە کە یەک لە فراوانترین بەشەکانە لە کەرتە خزمەتگوزارییەکان. بێگومان لە کارکردن لە کەرتی تەندروستی و پەروەردەش مەحرومن. لە هەر یەک لەم سێ بوارەدا، مەگەر تەنیا لەم فرۆشگایانە ئیشکەن کە جگە لە ژن کارمەندی تریان نیە.[٢٨] بەهۆی قەدەغەکردنی تێکەڵبوون لەگەڵ پیاوی نامەحرەم و گەشتکردن بێ مۆڵەتی مەحرەم لەلایەن کەلتوور و یاساشەوە، ژنان لە زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە لە ئیشکردن لە کەرتی گەشتوگوزاریش دابڕاون، کە لە وڵاتێکی وەک میسڕ کەرتێکی ئێجگار فراوانە.[٢٩] وەک هەر ناوچەیەکی تری دنیا، پیشەسازی بیناکردنیش لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە دەگمەن ژن دادەمەزرێن.

**ژن و نەوت لە سەرانسەری جیهاندا**

لە شەستەکانەوە، ژنان لە زۆربەی زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا لە بواری سیاسی و ئابووریدا هەنگاوێکی چاکیان ناوە، بەڵام دەکرێ ڕادەی پێشکەوتنەکە لە شوێنێکەوە بۆ یەکیدی خاوتربووبێت و نەوتیش ئەم خاوڕێکردنە ڕووندەکاتەوە، بە تایبەت کە باسەکە دێتەسەر حەفتاکان بەدواوە. هێلکاری ٤.٢ و ٤.٣ ڕاڤەی چەند ناوچەیەکی جیاوازی دنیا دەکەن، و بارودۆخی ژنان لە ڕووی بەشداریکردن لە هێزی کار و بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانەوە دەردەخەن. هەروەک هێڵە لارە-بەرزەوەبووکان دەریدەخەن، ژنان لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەندام لە ڕێکخراوی هەماهەنگی ئابووری و گەشەکردن (OECD) هەنگاوی چاتریان ناوە، بە بەراورد بە وڵاتە هەژارەکان. ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕیزپەڕە دیارەکەیە: گەرچی دووەم دەوڵەمەندترین هەرێمی جیهانە، لە هەموو شوێنێکی تر ژنی کەمتری هەیە لە هێزی کار و پەرلەماندا.

سامانی نەوت دەتوانێت ئەم هەڵاوێردەییەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕوونبکاتەوە. خشتەی ٤.١ ڕێژەی سەدی هێزی کاری ژنان لە ولاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری نەوت دەردەخات.[٣٠] ئەنجامێکی وردی ئاماری دەبینین: ژنان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بە ڕێژەی لەسەدا ١٤ کەمتر کار دەکەن لە وڵاتانی بەکاربەر. ڕاستیەکە بۆ دەوڵەتانی هەژار و دەوڵەمەند یەکە، بەڵام لەمەی دواییان بەهێزترە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەم بۆشایەیە کە لە نێوان ئەو وڵاتانە هەیە کە سامانەکەیان بە پیشەسازی پێکەوەناوە (لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور)، و ئەو وڵاتانەی پشتیان بە فرۆشی بەروبوومە هایدرۆکاربۆنیەکان بەستووە (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).




*هێڵکاری ٤.٢: پۆلێنکردنی هەرێمەکان بە گوێرەی ڕێژەی ژنان لە هێزی کاردا (١٩٩٣-٢٠٠٢)*

هێڵە ستوونیەکە گوزارشت لە ڕێژەی سەدی ژنان دەکات لە هێزی کاردا (جگە لە کەرتی کوشتوکاڵ)، خاڵەکان تێکڕای وڵاتەکان بە گوێرەی هەرێم پشاندەدات. داتاکان لەلایەن (the International Labor organization) کۆکراونەوە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ لە (بانکی جیهانی) بڵاوکراونەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریقای باکوور بۆشاییەکە گەورەترینە. ڕێژەی ژنانی دامەزراو لە دەوڵەتە نەوتییەکانی ئەم هەرێمەدا ٢٣ لەسەدا لە دەوڵەتە بەرخۆرەکان کەمترە. بە گشتی دەوڵەتە نەوتییەکانی تری دنیای تازە پێگەیشتوو کەم سوود لە توانای ژن دەبینن، بەڵام هێشتا زۆر لە وڵاتانی ئەم دوو هەرێمە لەپێشترن.

بەشێکی ئەم ڕاستیە بۆ توانستی دەوڵەتە-نانەوتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هاوردەکردنی شتومەک، کە ئەمەش لە بەرامبەردا هەلی زیاتر بۆ ژنان لە کارخانەکان دەڕەخسێنێت. پیشەسازییەکانی ڕستن و چنین و جلوبەرگ بە نموونە وەرگرە، کە پڕاوپڕن لە کرێکاری ژن. سەرنجی خشتەی ٤.٢ بدە: دەوڵەتانی کەم دەرامەت و زەنگینی بێ نەوت کوتاڵ و شمەکی زیاتر هەناردە دەکەن، بە بەراورد بە هاوتا هەناو پڕ لە نەوتەکانیان. لە ڕیزی دەوڵەتانی کەم داهاتدا، ئەو وڵاتانەی نەوتییان نیە سێ هەندەی وڵاتانی خاوەن نەوت کەلوپەل هەناردە دەکەن و داهاتی تاکیشیان زیاترە.[٣١]




*هێڵکاری ٤.٣: پۆلێنکردنی ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانەکان بە گوێرەی هەرێم (٢٠٠٢).*

هێڵە ستوونیەکە گوزارشت لەو کورسیانە دەکات لە پەرلەمان کە لەلایەن ژنانەوە براونەتەوە یان بۆیان تەرخانکراوە. هەر خاڵێک لەمانەی سەرەوە ئاماژەیە بۆ تێکڕای ئاستی وڵاتێک لەو هەرێمەی لێی هەڵکەوتووە. داتاکان لەلایەن (-Inter

Parliamentary Union) کۆکراونەتەوە و دواتر لێکدانەوەیان بۆ کراوە، بەستەر: .http://ipu.org/wmn-e/world.htm

هەروەها، لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا ژمارەی ژنان لە حکومەت زۆر کەمترە. خشتەی ٤.٣ ڕێژەی سەدی پەرلەمانتارانی ژن- کە پێوانەیەکی سادەی برستی ڕامیاری مێینەیە- لە دەوڵەتە نەوتییەکان و دەوڵەتە بەرخۆرەکان دەخاتەڕوو. ژمارەی ژنان لە دەزگاکانی یاسادانان لە دەوڵەتە نەوتیە کەم دەرامەت و زەنگینەکان لەچاو هاوتا بەکاربەرەکانیان زۆر کەمترە، گەرچی جیاوازیەکە تەنیا لە دەوڵەتە هەژارەکان وردبینی ئاماری بەدەست دەهێنێت. کاریگەریەکانی نەوت بە زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا چڕبووینەوە. لەم دوو هەرێمەدا، دەوڵەتە بەرخۆرەکان سێ هەندەی دەوڵەتە نەوتییەکان پەرلەمانتاری ژنیان زیاترە. لە شوێنەکانی تری دنیا، پەیوەندی نێوان نەوت و ژمارەی یاسادانەرانی ژن وردبینی ئاماری بەدەست ناهێنێت.

لە پاشبەندی ٤.١ ئەم ڕاستیانە چاکتر دەردەخەم، ئەمیش بە بەکارهێنانی شیکاری ئاماری regression تا فاکترەکانی تر بەرزەفت بکەم کە لەسەر پێگەی ئافرەت کارتێکەرن، وەک داهاتی وڵاتەکە، ئاستی دموکراسیەکەی، و کارتێکەرە مێژوویی، و کەلتووری و هەرێمییەکان، بە بوونی ئاینی ئیسلامیشەوە. شیکردنەوەکەم ئەوە دەردەخات کە هەرگا وڵاتان نەوتی زیاتریان هەبوو، ئەوا زیاتر مەیلیان بۆ زیندانیکردنی ژنان لەماڵەوە دەچێت و زیان بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەگەیەنن. هەروەها، بە شێوەیەکی بەربڵاو سامانی نەوتی کورسی پەرلەمان لە ژنان زەوت دەکات. سەرەڕای زەحمەتی پوختەکردنەوەی ئەم ئەرگومێنتە، بەڵام من چڕبوونەوەی کاریگەری نەوتیش لەسەر ژنان لە دوای حەفتایەکان دەردەخەم.[٣٢]

**خشتەی ٤.١: بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (٢٠٠٢).**

| | | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| *بە گوێرەی داهات | داهاتی کەم (خوار ٥٠٠٠ دۆلار) | ٤١.٨ | ٣٨.٤ | ** -٣.٤ |
| | داهاتی بەرز (سەروو ٥٠٠٠ دۆلار) | ٤١.٣ | ٣٣.٢ | ***-٨.١ |
| *بە گوێرەی هەرێم | ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا | ٣٠.٦ | ٢٣.٥ | **-٧.١ |
| | تەواوی وڵاتەکانی تر | ٤٢ | ٤١.٥ | -٠.٦ |
| | تەواوی وڵاتانی تری پێنەگەیشتوو | ٤٢.١ | ٤٠.١ | *-٢ |
| *گشتی | تەواوی وڵاتان | ٤١.٦ | ٣٥.٩ | ***-٥.٨ |

ئەم ژمارانەی سەرەوە ڕێژەی سەدی بەشداری فەرمی هاوڵاتی مێینە لە هێزی کاردا دەردەخەن.

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لەلایەن (the International Labor organization) کۆکراونەوە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٤ لە (بانکی جیهانی) بڵاوکراونەتەوە.

*خشتەی ٤.٢: هەناردەکردنی جلوبەرگ و بەرهەمەکانی ڕستن و چنین (٢٠٠٢).*

| | | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| *بە گوێرەی داهات | داهاتی کەم (خوار ٥٠٠٠ دۆلار) | ٦٥.٦ | ٢٢.٥ | *٤٣.١- |
| | داهاتی بەرز (سەروو ٥٠٠٠ دۆلار) | ٢٥٢ | ٢١٠ | ٤١.٩- |
| *گشتی | تەواوی وڵاتان | ١١٥ | ١٢٢ | ٦.٥ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (فریمان) و (ئۆستندرۆپ)-٢٠٠٩ وەرگیراون و شیکاری ئامارییان بۆ کراوە.

*خشتەی ٤.٣: ژمارەی ئەو کورسیانەی پەرلەمان کە لەلایەن ژنانەوە بەدەستهاتوون یان بۆیان تەرخانکراوە (٢٠٠٢).*

| | | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| *بە گوێرەی داهات | داهاتی کەم (خوار ٥٠٠٠ دۆلار) | ١٣.٩ | ١١ | *-٢.٩ |
| | داهاتی بەرز (سەروو ٥٠٠٠ دۆلار) | ٢٠.١ | ١٦ | -٤ |
| *بە گوێرەی هەرێم | رۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا | ١٠.٤ | ٣ | ***-٧.٥ |
| | تەواوی وڵاتەکانی تر | ١٥.٧ | ١٧.٦ | ١.٩ |
| | تەواوی وڵاتانی تری پێنەگەیشتوو | ١٤.٣ | ١٣.٩ | -٠.٤ |
| *گشتی | تەواوی وڵاتان | ١٥.٥ | ١٣.٣ | -٢.٢ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لەلایەن (Inter-Parliamentary Union) کۆکراونەتەوە و دواتر لێکدانەوەیان بۆ کراوە، بەستەر: http://ipu.org/wmn-e/world.htm.

داتا بۆ ژنانی پەرلەمانتار بەر لە ساڵی ١٩٩٥ بەردەست نیە، بۆیە زەحمەتە پەی بە کاریگەری نەوت لەسەر گەشەی سیاسی ژنان ببەین. لەگەڵ ئەمەشدا، لە چەند ساڵی دواییدا هەوڵێکی جیهانی هەبووە بۆ بوژانەوەی پێگەی ژن، کە ژمارەی ژنە یاسادانەرەکانی لە سێ چارێکی دنیا بەرزکردەوە، بە هەندێ وڵاتی دەوڵەمەند بە نەوتیشەوە، بەڵام پێشڤەچوونەکان لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت خاوتر بووە، بە بەراورد بەوانەی نەوتێکی کەمیان هەیە: لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ و ٢٠٠٢دا، نوێنەرایەتی ژنان لە وڵاتانی خاوەن نەوتی زۆر و زەبەن تەنیا ٢.٩

لەسەدا زیادی کردووە، بەڵام لە وڵاتانی کەم نەوتدا ڕێژەکە ٥ لەسەدا بووە. گەرچی زۆربەی زۆری دەوڵەتان پەرەیان بە نوێنەرایەتی مێینە داوە، بەڵام دەوڵەتگەلێکی بەرهەمهێنەری وەک جەزائیر، رووسیا و کازاخستان کە دەستمایەکی چاکیان لە نەوت دەستکەوتووە، لەم کولانەیەوە هەنگاویان شل بووە.

**لە ناوەخنی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا**

چۆن دەتوانین لەوە خاترجەمبین کە ئەوە نەوتە دەمی لە گەرووی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا گیرکردووە، و ئاینی ئیسلام و کەلتوور و مێژووە تایبەتەکەی هەرێمەکە هیچ ڕۆڵێکیان نەبینیوە؟ بۆ ئەوەی زیاتر ئەم بابەتە هەڵگۆزین، دەتوانین زیاتر لە پێگەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین وردبینەوە. وڵاتانی ناوچەکە ئاینێکی هاوبەشییان هەیە، هەروەها - بە شێوەیەکی گشتی - کەلتوورێکی هاوبەشیشیان هەیە. ئەگەر مەسەلەکە کەلتوور و دین بێت، ئەوا ژنان لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا دەبێت هەمان پێگەی سیاسی و ئابووری پەست و نەویان هەبێت.



*هێڵکاری ٤.٤: نەوت و بەشداری مێینە لە هێزی کاردا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (١٩٩٣-٢٠٠٢).*

ژمارەکانی سەر هێڵە ستوونیەکە گوزارشت لە بەشی ژنان دەکات لە هێزی کاردا (بەدەر لە کەرتی کشتوکاڵ) لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، و ماوەکەش بە تێکڕای دە ساڵ داندراوە. داتاکان لەلایەن (the International Labor organization) کۆکراونەوە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٤ لە (بانکی جیهانی) بڵاوکراونەتەوە.




هێڵکاری ٤.٥: نەوت و مافی دەنگدانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (١٩٤٠-٢٠١٠).

ژمارەکانی سەر هێڵە ستوونیەکە گوزارشت لەو ساڵە دەکەن کە وڵاتێک مافی دەنگدانی بە هاوڵاتیە ژنەکانی خۆی داوە. سعودیە و ئیماڕات ڕێ بە ژن نادەن

دەنگ بدات؛ ئەوان لێرە وا هەژمارکراون کە ساڵی ٢٠١٠ ئەم مافەیان فەراهەمکردووە، بۆیە ئێمەش لە هێڵکاریەکە فەرامۆشیان ناکەین.

بەڵام دۆزەکە ئەمە نیە. بە درێژایی هەرێمەکە هەمەڕەنگیەکی سەرسورهێنەر لە پێگەی ژن بەدی دەکرێت. ژنان لە هەندێ وڵاتی ناوچەکە چارەگێکی هێزی کار پێکدەهێنن، کەچی لەهەندێکیشیان ناگاتە سەدا پێنجیش؛ لە هەندێکیاندا، ژنان لە چلەکانەوە مافی دەنگدانیان دراوەتێ، بەڵام وڵاتیش هەیە لە ٢٠١٠شدا ئەم مافەی فەراهەم نەکردووە؛ لە هەندێ حکومەتدا ژنان زیاتر لە ٢٠ لەسەدای کورسیەکانی پەرلەمانیان بەدەستەوەیە، لە هەندێکیشیان هیچ. چ شتێک ئەم جیاوازیانە دەخاتەوە؟

جیاواز لە دین و کەلتوور، بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتێکی ناوچەکەوە بۆ یەکیتر جیاوازە، و بە شێوەیەکی پتەو بە پێگەی ژنەوە گرێدراوە. هێلکاریەکانی ٤.٤، ٤.٥، و ٤.٦ لەسەر شێوازی ڕیزۆکی دانراون، و پەیوەندی نێوان سامانی نەوتی وڵاتێک و چەند پێوەرێکی جیاواز بۆ پێگەی مێینە دەردەخەن. بە شێوەیەکی گشتی، دەوڵەمەندترین دەوڵەتانی نەوتی (سعودیە، ئێراق، لیبیا، قەتەر، بەحرەین، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، و عومان)، کەمترین ژنیان لە هێزی کاری پیشەسازی و پیشەگەریدا دامەزراندووە، لە پێدانی مافی دەنگدان بۆ ژنان دوودڵبوونە، و کەمترین پەرلەمانتاری ژنیان هەیە. ئەو دەوڵەتانەشی کە لەسەر چۆرە نەوتێکی کەم دەژین یان هەر نەوتییان نیە (مەغریب، تونس، لوبنان، سوریا، و جیبوتی) لە پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان دەستپێشخەربوونە، ژنانی زیاتریان لە هێزی کار و پەرلەماندا جێگیرکردووە، و هەروەها دانیان بە سەراپای مافەکانی ژناندا داناوە.




***هێڵکاری ٤.٦: نەوت و کورسیەکانی ژنان لە پەرلەمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (٢٠٠٢).***

ژمارەکانی سەر هێڵە ستوونیەکە ڕێژەی سەدی ئەو کورسیانەی پەرلەمان پشاندەدەن کە لەلایەن ژنانەوە براوەتەوە یان بۆیان تەرخانکراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. داتاکان لەلایەن (Inter-Parliamentary Union) کۆکراونەتەوە و دواتر لێکدانەوەیان بۆ کراوە، بەستەر: http://ipu.org/wmn-e/world.htm.

سامانی نەوتی ناوچەکە لە شەنکردنی چەند نموونەیەکی لادەر یارمەتیدەر دەبێت. هەرچەندە یەمەن، میسر، و ئوردن سامانێکی نەوتی وایان نیە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش، زیاتر لەوەی بەبیرماندادێت، ژنان لەم وڵاتانەدا لە هێزی کار ( سەیری هێڵکاری ٤.٤ بکە) و پەرلەمان (سەیری هێلکاری ٤.٦ بکە) بێبەشکراون. ئەم نارێکیە دەکرێ بۆ ئاڵوگۆرکردنی کرێکاران بگەڕێتەوە. لە حەفتایەکانەوە تا

نەوەدەکانیش، ئەم وڵاتانە یەکەم هەناردەکەری کرێکار بوون بۆ وڵاتانی کەنداوی فارسی، و لە بەرامبەری ئەم چالاکیەشدا پارەیەکی چاکیان چنگ دەکەوت.[٣٣] ئاڵوگۆڕکردنی کرێکارانیش وەک نەوت دەکرێ نەخۆشی هۆڵەندی لێ بکەوێتەوە، بەمەش ڕێگای بنیاتنانی ئەم پیشەسازیانەی کە ژن دادەمەزرێنن لە بەردەم وڵاتاندا سەختتر دەکات. کە باسی هێزی کار و نوێنەرایەتی مێینە دەکرێ، یەمەن لە خواروی گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دایە؛ هەر ئەم وڵاتەشە کە زۆرترین پارەی لە هەمبەر هاوردەکردنی کرێکاراندا (وەک بەشێک لە GDPیەکەی) وەرگرتووە.

*خشتەی ٤.٤: بەراودکردنی جەزائیر و مەغریب و تونس.*

داتاکان هی ٢٠٠٣ن، و هی هەر ساڵێکی تر بن ئاماژەی پێکراوە. داهات، داهاتی نەوت، و داهاتی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی ڕستن و چنین پاکیان بە ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر خەمڵێنێدراون.

داتاکان هی ٢٠٠٣ن، و هی هەر ساڵێکی تر بن ئاماژەی پێکراوە. داهات، داهاتی نەوت، و داهاتی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی ڕستن و چنین پاکیان بە ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر خەمڵێنێدراون.

| | | جەزائیر | مەغریب | تونس |
|---|---|---|---|---|
| *گشتی | دانیشتووان (بە ملیۆن) | ٣١.٨ | ٣١.١ | ٩.٩ |
| | دانیشتووانی موسوڵمان (%) | ٩٧ | ٩٨ | ٩٩ |
| | داهات بۆ هەر تاکێک | ١٠٩١٥ دۆلار | ١٠٢٧٨ دۆلار | ٢٠٢١٤ دۆلار |
| *نەوت بەرامبەر بە پیشەسازی | داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک | ١٠٠٣٧ دۆلار | ٠ دۆلار | ١٢١ دۆلار |
| | داهاتی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی ڕستن و چنین بۆ هەر تاکێک | ٠.٠٩ دۆلار | ٩٤ دۆلار | *٢٨٧ دۆلار |
| *پێگەی مێینە | بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (%) | **١٢ دۆلار | **٢٦ دۆلار | **٢٥ دۆلار |
| | بەشداری ژنان لە پەرلەماندا* (%) | *٦.٢ دۆلار | * ١٠.٨ دۆلار | *٢٢.٨ دۆلار |
| | پێوەری مافە جەندەریەکان | ٢.٨ | ٣.١ | ٣.٢ |

*داتای ٢٠٠٢.

**هێزی کار بەدەر لە کەرتی کشتوکاڵ؛ داتاکان هی ٢٠٠٢ن. سەیری (لیڤیانی) -٢٠٠٧ بکەن.

**بەراوردکردنی جەزائیر، مەغریب، و تونس**

بێگومان ئەم چەندوچوونە تیرێژێکی بەتین دەخاتە سەر بارودۆخی مشتێک لە وڵاتانی نیمچە دوورگەی عەرەبی، کە بە ڕێکەوتێکی سەیر سامانێکی قەبەی نەوت و جیاکارییێکی زبری دژی ژنان تێدایە. چۆن دەتوانین لەوە دڵنیابین کە بەڕاستی نەوت هۆکارەکەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەتوانین سەرنجی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بدەین کە لە دەرەوەی کەنداوی فارسی هەڵکەوتوون؛ ئەمەش بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان نەوت و هەڵومەرجی ناپەسەندی ژنان هەڵبسەنگێنین. بێگومان ئێمە هێشتا ئەو وڵاتانە بەراورد دەکەین کە مێژوو و کەلتووری هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە ئاستی سامانی نەوت جیاوازن. سێ وڵاتی هاوسنوور لە باکووری ئەفریقا – جەزائیر، مەغریب، و تونس– باشترین بژاردەن بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە. هەر سێ وڵات کۆلۆنی فەڕەنسی بوون، لە پەنجا و شەستەکاندا سەربەخۆییان سەندووە، تاوێک دوای سەربەخۆییان مافی دەنگدانیان بە ژن داوە، و زۆرینەی دانیشتووانیشیان موسوڵمانن. بەڵام لە جەزائیر، هێزی کاری ژنان و نوێنەرایەتی سیاسی مێینە بە بەراورد بە دووەکی تر نزمە، و لە مەغریب و تونسدا ئەم بارگۆڕانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرزن (سەیری خشتەی ٤.٤ بکە).

بەشێکی زۆری ئەم جیاوازیانە ئاسەواریان بۆ نەوت دەگەڕێتەوە: مەغریب و تونس نەوتییان کەمە، بەڵام جەزائیر زۆری هەیە. بەپێی ستانداردە جیهانییەکان لە خاکی مەغریب و تونسی هەژار لە نەوتدا، هێزی کار هەرزانە. لە دەوروبەری حەفتاکانەوە، هەردوو وڵات سوودیان لەم هێزی کارە وەرگرت و پیشەسازی دروستکردن و هاوردەکردنی شتومەکی چنراویان دانا.

ئەم پیشەسازیە لە مەغریب و تونسدا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە ڕاکێشانی ژنان بۆ ناو هێزی کار. بۆ نموونە، حکومەتی مەغریبی لە ساڵی ١٩٦٩ دەستی کرد بە جۆشدانی هاوردەکردنی شتومەکی چنراو و جلوبەرگ بۆ ئەورووپا، بە هیوای ئەوەی ئەم هەنگاوە بێکاری لەناو پیاواندا کەمبکاتەوە. گەرچی ئەم پیشەسازیە خێرا گەشەی کرد، کۆمپانیاکان بە ئەنقەست ژنانی سەڵتیان دامەزراند، چونکە ئەوان بە دەستحەقی کەمتر ڕازیبوون. لەبەرئەوەی کارگەکان کرێی کەمتریان بە کرێکارەکانیان دەدا، توانیان ببزون و لە بازاڕی ئەورووپیدا بکەونە پێشبڕکێ. تا ساڵی ١٩٨٠، هێزی کاری ژنانی مەغریبی لە کارگەکانی ڕستن و چنیندا گەیشتە ٧٥ لەسەدا، گەرچی ژمارەی پیاوان لەو کارگانەی شتومەکی چنراویان بۆ تێرکردنی بازاڕی ناوەخۆ بەرهەمدەهێنا لە ژنان زیاتربوون.[٣٤]

کاتێک ئەورووپا لە حەفتایەکان بازاڕەکانی داخست، پیشەسازی چنین لە مەغریب داتەپی. بەڵام هەر کە حکومەتی مەغریبی دەستیدایە چاکسازی ڕیشەیی لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان، پیشەسازیەکە بووژایەوە. تا ساڵی ٢٠٠٤، ئەم پیشەسازیە توانی ببێتە سەرچاوەی سەرەکی شتومەکە هەناردەکراوەکانی مەغریب. لەهەمان کاتیشدا، سێ چارەگی گەشەی هەلی کار بۆ ژنان لە نەوەدەکاندا بۆ ئەم پیشەسازیە دەگەڕێتەوە.[٣٥]

پیشەسازی چنینی تونسیش هەمان ڕێچکەی گرتەبەر، و لە دەوروبەری حەفتایەکاندا دەستی بە فراوانبوون کرد؛ لەڕێی هاوردەکردن، پشتبەستن بە هێزی کاری هەرزانی مێینە، و خۆ گونجاندن لەگەڵ سیاسەتە نوشتۆکەکانی بازاڕەکانی ئەوروپا.[٣٦] لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، مەغریب و تونس بەرزترین ئاستی بەشداری مێینەیان هەیە لە هێزی کار.

ئەم ئاست بەرزیە لە بەشداری مێینە لە هێزی کار، کۆمەکی بە بزووتنەوە چاپووک و چالاکەکانی مافی جێندەری لە هەردوو وڵاتدا کردووە. بە پێچەوانەی وڵاتانی تری ناوچەکە، ڕێکخراوەکانی ژنان لە مەغریب و تونس سەروکاریان لەگەڵ پرسەکانی کرێکارانی ژندایە؛ بە مۆڵەتی دایکایەتی، بەرزکردنەوەی تەمەنی ئاسایی کارکردن، ڕیشەکێشکردنی گێچەڵی سێکسی، و سەندنی مافی کرێکارانی ناوەخۆوە.[٣٧]

بزووتنەوەی ژنان لە تونس هەر لە سەرەتاوە بە تەوژمێکی بە تینەوە دەستی بە چالاکی کرد: سەرۆک (حەبیب بۆرگیبا) هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یاسایەکی نەتەوەیی سەبارەت بە خێزان دەرکرد کە یەکسانیەکی پتەوتری بۆ ژنان لە چوارچێوەی هاوسەرگیری دەستەبەر کرد، و هەر ئەمەش دەرگای لەسەر کۆمەڵێک پێشڤەچوون لە بواری پەروەردە و چەندان هەلی کار بۆ ژنان کردەوە؛ بەڵام یاساکانی خێزان لە مەغریب زیاتر مۆرکی کۆنەپارێزیان هەبوو، بۆیە هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە شەست و حەفتا و هەشتاکاندا، بۆ هەمواركردنەوەیان، سەرکەوتنێکی وای بەدەست نەهێنا.[٣٨]

ڕاستە، لە پەنجا و شەستەکاندا مەغریب چەند ڕێکخراوێکی ژنانی هەبوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبران، و تەنیا سەرنجیان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی و خێرخوازی بوو. دواتر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٤دا، ژمارەی

ڕێکخراوەکان لە پێنجەوە بۆ سیودوو چەکەرەی کرد، و زۆرێک لەم قەوارانە کارەکانیان لە چوارچێوەی مافەکانی ژنان چڕکردەوە.

لە ١٩٩٠ەوە بۆ ١٩٩٢، هاوپەیمانییێکی ڕێکخراوەکانی ژنان - بە یەکێتیە بازرگانیەکانەوە - زیاتر لە ملیۆنێک ئیمزایان لە سکاڵانامەیەک کۆکردەوە کە بانگەشەی هەمواركردنەوەی یاساکانی خێزانیان دەکرد، تا ژنان مافی زیاتریان لە هاوسەرگیری، جیابوونەوە، چاودێری منداڵ، و میرات، پێبدرێ. کۆنەپارێزە ئیسلامییەکان پشتیوانانی خۆیان جۆشدا تا بەر بە دەرچوونی هەر یاسایەکی نوێ بگرن. پارتە سیاسییەکانی مەغریبیش لەملاوە بە ئۆپۆسزیۆنە سیکۆلارەکانیشەوە پشتیوانی هەڵەمەتەکەیان نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، جووڵانەوەکە فشارێکی زۆری خستە سەر (حەسەن پاشای دووەم)، و لە کۆتاییدا ئەم پشتیوانی خۆی بۆ پاکێجێکی بچووکتر لە چاکسازیەکان دەربڕی.[٣٩]

لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای دووهەزارەکاندا، ژنانی مەغریب تووشی بەربەرەکانی و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیش دەبوونەوە. سەرەڕای ئەمەش، لۆبیەکانیان چاکسازی زیاتری خستەوە. ئەوان توانیان یاسایەکی کار بەلایەنی پەیوەندیدار دەرکەن کە دانبە یەکسانی جێندەری لە شوێنی کار دادەنێت و گێچەڵی سێکسیش بە تاوان دەناسێنێت. هەروەها، چاکسازیەکی تەواویان بەسەر یاساکانی خێزان داهێنا، و ٢٠ لەسەدای کۆتای ژنانیان بەسەر پارتە سیاسییەکان لە پەرلەماندا سەپاند. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٢، ئەم پێشڤەچونانە شانبەشانی پشتیوانی شەقام لە بزووتنەوەی ژنان، ژمارەی ژنانی کاندید بۆ پۆستەکانی حکومەت سێ هێندە کرد. لەمەش زیاتر، ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژنی لە ٠.٦ لە سەدا لە ١٩٩٥، بۆ ١٠.٨ لە ٢٠٠٣ بەرزکردەوە.[٤٠]

تونس لەم ڕووەوە سەرکەوتنی گەورەتری تۆمارکرد. ئەوان توانیان ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژن لە ٦.٧ لەسەدای ساڵی ١٩٩٥ەوە، بۆ ٢٢.٨ لە ٢٠٠٢ بەرزبکەنەوە- کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ژمارەی پێوانەییە، و تەنانەت لە هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوایی، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، و کەنەدا، زیاترە.[٤١]

جەزائیری نغرۆ لە نەوت نموونەیەکی پێچەوانەی مەغریبی هەژار بە نەوتمان پێنیشاندەدات. لەوانەیە خوێنەرێکی خۆشباوەڕ وای بە بیردا بێت کە جەزائیر بە بەراورد بە مەغریب ژنانێکی *زۆرتری* لە هێزی کار و پەرلەماندا هەیە. ناحەقیشی نیە: تێڕوانینە ئاینییەکانی مەغریبییەکان کۆنەپارێزترن؛ داهاتی جەزائیریەکان زۆر لە داهاتی مەغریبییەکان زیاترە؛ و لە کاتێکدا مەغریب هەر لەلایەن ڕژێمێکی پاشایەتی لێوانلێو بە ڕەگ و ڕیشەی عەشایەری هەڵسوڕاوە، جەزائیر زنجیرە حکومەتێکی سۆشیالیستی بەڕێکردووە.[٤٢]

کەچی هێشتاش ئەوە جەزائیرە کە ژمارەیەکی کەمتری ژنی هەیە لە کەرتە ناکشتوکاڵیەکان و پەرلەمانیش. هەروەها، جەزائیر پاراستنێکی لەرزۆک بۆ مافەکانی جێندەری دابین دەکات. بە کورتی، لە هەر سێ ڕووەوە، مەغریب و تونس لە جەزائیر لەپێشترن.

کارتێکەری ئابووری، بە تایبەتی پیشەسازی نەوت، تا ڕادەیەکی باش کۆمەکی بە پەستی پێگەی ژن لە جەزائیر کردووە. دەمێکە ئابووری جەزائیر کەوتۆتە سەر پوختەکردنی هایدرۆکاربۆنەکان: لە نێوان ساڵی ١٩٧٠ و ٢٠٠٣دا، نیوەی GDPیەکەی لە فرۆشی نەوت پێکدەهێنا. هەروەها، جەزائیر بە دەست نەخۆشی هۆڵەندیشەوە جەوری کێشا: لە سەروبەندی حەفتاکاندا، کەرتی کشتوکاڵ و پیشەگەری وڵات (ئەوانەی دەتوانن کاڵا هەنارده بکەن) تەواو بچووکبوون، بەڵام کەرتەکانی خزمەتگوزاری و بیناسازی (ئەوانەی کە ناتوانن کاڵا هەنارده بکەن)

هەمیشە لە هەڵکشاندابوون. ئەم ڕاستیانەش بۆ وڵاتێک بە قەبارەی جەزائیر جێی تێڕامانە.

بە ئومێدی ئەوەی کەرتی هەناردەکردنیان هاوشێوەی تونس و مەغریب بێت، لە نەوەدەکاندا حکومەتی جەزائیر هەڵمەتێکی بووژانەوەی ئەم کەرتەی دەست پێکرد، بەڵام بەهۆی نەخۆشی هۆڵەندیەوە کرێی کار هەر بە بەرزی مایەوە. لە پیشەسازی کوتاڵ و جلوبەرگدا، دەستحەقی کرێکارەکانی چاکردنی مەکینەی دوورمان و ڕستن و چنین و تەون، دوو بۆ سێ هەندەی کرێی کرێکارەکانی تونس بوو (سەیری هێڵکاری ٤.٧ کە).[٤٣] کەرتی پیشەگەری جەزائیر لە بازاڕە جیهانیەکان نەیدەتوانی جێی خۆی بکاتەوە. بۆیە کەرتەکە بە پزی و بچووکی مایەوە، ئەمە جگە لەوەی سەرمایەکی زۆری هەڵدەمژی و تەنیا پێداویستی ناوەخۆی پێ پڕدەکراوە.[٤٤]

ئەگەر مەغریب و تونسیش بە ئەندازەی جەزائیر نەوتییان لە هەناوی خاکەکەیان دا هەبا، ئەوا نەدەگەیشتنە ئەم ئاستەی هەناردەکردن لە بواری چنین، چونکە نەخۆشی هۆڵەندی دەستحەقی کرێکارەکانیانی هاڕە پێدەکرد. بێ بوونی کەرتی زەبەلاح و تەرخانکراو بۆ کاڵا هەناردەکردن، ژنانی مەغریب و تونس وا بە چوستی نەدەخزانە نێو هێزی کارەوە و ئەم دەرفەتە لەبارەناشیان بۆ هەڵنەدەکەوت. تەنانەت لە چاکسازیە سەرتاپاییەکانیش خاوتر دەبوون- بە تایبەتی مەغریب کە سەرکردایەتیە سیاسییەکەی بەقەد ئەوەی تونس زیت و هۆشیار نەبوو.

لە ژێر هەندێ هەلومەرجدا، دەکرێ هەڵگۆزینی زەوی بۆ نەوت ڕۆڵی ژن لە هێزی کاردا کەمبکاتەوە و، ڕێی بەدەستهێنانی برەوی سیاسیش لەبەردەمیان سەخت بکات. تا ژنان بەخۆنەکەون و لە ژیانی ئابووری و سیاسی بەشدار نەبن، ئەوا دامودەزگاکانی پیاوسالاری بێ حەریف دەمێننەوە. ئەم داینامیکە دەکرێ نزمی

هەرمێنی ژن لە دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە نەوت، گاز، یان کانزاکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕوونبکاتەوە (سعودیە، کوێت، عومان، جەزائیر، و لیبیا). لەوانەیە هەمان دینامیک بۆ ئەمریکای لاتین (چیلی)، بیابانی فراوانی ئەفریقا (بۆستەوانە، گابۆن، مۆریتانیا، و نەیجیریا) و، تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتی جاران (ئازربایجان و ڕووسیا)ش کاربکات.[٤٥]




*هێڵکاری ٤.٧: حەقدەستی کرێکارەکانی ڕستن و چنین لە تونس و جەزائیر (١٩٨٧-١٩٩١).*

ژمارەکان دەستحەقی ژنان پشاندەدەن لە هەریەک لەم کارانەی سەرەوە. تووڵە ڕەشەکان ئاماژەن بۆ جەزائیر و تووڵە سپیەکانیش ئاماژەن بۆ تونس. داتاکان لە (فریمان) و (ئۆستندرۆپ)-٢٠٠٩ وەرگیراون و شیکاری ئامارییان بۆ کراوە.

مەرج نیە سامانی نەوت هەموو کات زەرەر بە پێگەی ژن بگەیەنێ، بابەتەکە لەسەر ئەوە بەندە کە تا چەند ژن لە کەرتی خزمەتگوزاری هەلی کاری بۆ دەڕەخسێ، بە شێوەیەک کە ئەم هەلانە تەریب بن لەگەڵ گەشەکردنی دەرامەتی نەوت. حەوت وڵات هەیە کە بڕێکی زۆری نەوت و گازیان بەرهەمهێناوە، کەچی، بە لەبەرچاوگرتنی داهاتەکەیان، هەنگاوی ئێجگار چاکیان بەرەو یەکسانی جێندەری ناوە: نەرویج، نیوزلەندا، ئوستورالیا، ئۆزپاکستان، تورکمانستان، سوریا، و مەکسیک. لە سێ وڵاتی یەکەمدا، ژن لە هەموو کەرتێک دەرفەتی کارکردنی هەبووە- نەک تەنیا لە کەرتی پیشەگەری- بۆیە هاوردەکردنی زیاتری نەوت کاریگەری لەسەر کارکردنی ژنان نەبووە. دوو وڵاتەکەی ئاسیای ناوەڕاستیش [ئۆزپاکستان و تورکمانستان] لە ژێر کاریگەری چەندین ساڵەی حوکمڕانی سۆڤیەتدا بوونە؛ ئەو حوکمەی ڕۆڵی ژنی لەڕێی کارپێکردنیان لە ناوەندی فەرمان و بەڕێوبردن بەهێز کرد. ئەمە لەوانەیە بەرگریەکی ناوازەی بۆیان دروست کردبێت دژ بە درمی پیاوسالاری گواستراوە لە ڕێی نەوت.

ڕێی تێدەچێت سوریا و مەکسیک دیارترین نموونەی ڕیزپەڕی ناو ئەم کۆمەڵەیە بن: ژنانی هەردوو وڵات دەکرێ سوودێکی چاکیان لە حوکمی چەندین ساڵەی پارتی سیکولاری و چەپی مەیل بە سێنتێریزم تێکوەپێچابێت، کە بە بایەخەوە لە مافی ژنانیان ڕوانیوە. گەرچی مەکسیک وەک دەوڵەتی موڵکانە نەوتی هەر دەدەڵاند، بەڵام بە هۆی نزیکی لە بازاڕی ئەمریکی کەرتێکی پیشەگەری قەبەی ئاوێتە بە دەستحەقی کەم و تەرخانکراو بۆ هاوردەکردنی دامەزراند، بەمەش توانی ژنان بەرەو بازاڕی کار پەلکێش بکات. بۆیە هەندێکجار بەختی باش و حکومەتێکی خەمخۆر پێکرا دەتوانن بەرەنگاری کاریگەریەکانی نەوت ببنەوە لەسەر ژنان.

**پاشبەندی ٤.١: شیکارێکی ئاماری بۆ کاریگەری نەوت لەسەر پێگەی ژنان**

ئەم پاشبەندە تیشک دەخاتە سەر ئەو هەلومەرجانەی کە تێیدا داهاتی نەوت وابەستەی هێزی کاری ژنان و ڕۆڵیان لە ناوەندە سیاسییەکان دەبێت. باسەکانی ئەم پاشبەندە لە دوو شیمانە قەتیسکراون:

*شیمانەی ٤.١: کاتێک ژنان لە کەرتی گشتی و حکومیدا پەراوێزدەخرێن، هەر پێشڤەچوونێک لە بەرهەمهێنانی نەوت بە زیان لەسەر بەشداری ژنان لە هێزی کاردا دەشکێتەوە.*

*شیمانەی ٤.٢: کاتێک ژنان لە کەرتی گشتی و حکومیدا پەراوێزدەخرێن، هەر پێشڤەچوونێک لە بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆڵی ژنان لە ناوەندە سیاسییەکاندا دەپووکێنێتەوە.*

ئەگەر ئەم مۆدێلە لەگەڵ بەرسڤە بنەڕەتیەکەی بەشی دوو ئاوێتە بکەین، کە وتمان لە حەفتاکانەوە دەرهاوێشتە سیاسییەکانی نەوت هێندەی تر زەقبوونەتەوە، دەتوانم شیمانەی سێیەمیش گەڵاڵە بکەم.

*شیمانەی ٤.٣: کاریگەریەکانی داهاتی نەوت لەسەر ژنان لە دوای ساڵی ١٩٨٠ەوە خەستربوونەتەوە، بە بەراورد بە ساڵانی شەست و حەفتاکان.*

داتا و میتۆدی زانستی

لێرە دوو سەلمێنراو دەخەمەڕوو. لە یەکەمیاندا، داتایەکی چڕ بۆ شرۆڤەکردنی گۆڕانکارییەکان لە ڕەوشی ژن لە سەراپای وڵاتەکان لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٢ بەکاردەهێنم، و پەردە لەسەر دۆخی هەندێک وڵات لادەدەم. لە دوومیشیاندا، بە هەمان داتا، بەراوردکاریەک لە نێوان دەوڵەتان دەکەم. هەردوو سەلمێنراو لەڕێی شیتەڵکردنی پەیوەندنی داهاتی نەوت بە هێزی کاری ژنان و پێگەیان لە حکومەت

بەکاردەهێنم. داتای بەردەست تەنیا لە دەوری ئەم ساڵانەی دوایی دەسووڕێنەوە، بۆیە لە تانوپۆی ئەم داتایانە تەنیا دەتوانم بەراوردکاری نێوان وڵاتان بچنم و لە شیتەڵکردنی هەر وڵاتێک بە جیا خۆ دەپارێزم.

بە کەرەستەکانی سەلمێنراوی یەکەمەوە ڕۆدەچمە نێو گۆڕانکاریەکانی ناوەخۆی وڵاتان بەپێی کات. هەروەها، هەر گۆڕانکاریەک لە بارگۆڕە سەربەخۆکانم ڕوویدا و کار بکاتە سەر بارگۆڕە شوێنکەوتووەکانم، بە خوێنەر ئاشنای دەکەم. بۆ ئەم شەنوکەوکردنە، سوود لەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەبینم:

$$Yi,\ \ t-Yi,\ \ t-1 = \alpha i + \beta(xi,\ \ t-1 - xi,\ \ t-2) + (\varepsilon i,\ \ t - \varepsilon i,\ \ t-1)$$

*لێرەدا،* $i$ وڵاتەکەیە و $t$ ساڵەکەیە و Xیش زنجیرەیەک لە بارگۆڕی شیکەرەوەیە. سەبارەت بەو بارگۆڕانەی کە کەوتونەتە لای ڕاستی هاوکێشەکەش، هەریەکیان ساڵێک لاگکراون.

ئەم مۆدێلەی سەرەوە چەند خاسیەتەکی هەیە. مۆدێلی ستانداردی OLS لە ئاستی وابەستەبوونی بارگۆڕە شیکەرەوەکان بە بارگۆڕە شوێنکەوتەکان دەکۆڵێتەوە. مۆدێلەکە بۆ شرۆڤەکردنی گۆڕانکارییەکان تەرخانکراوە، بۆیە دۆخی هەر وڵاتێک لە لێکدانەوەکان لەبەرچاودەگرێت، هەروەها سەلمێنراوێکیشە بۆ ساغکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریەکانەی لە بارگۆڕە شوێنکەوتەکان ڕوودەدەن. بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەر پێشڤەچوونێک لە هێزی کاری ژنان لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٢دا لێکبدەینەوە، دەبینین کە بە شێوەیەکی گشتی هێڵەکە ڕووەو ژوورە، بۆیە ئەنجامەکانمان خەوشدار و ناتەواو دەبن. سەرئەنجام مۆدێلەکە دەپرژێتە هەر شرۆڤەکردنی دەرهاوێشتەکان لەهەر وڵاتێک بە جیا، تا ئەنجامەکان وردتر بن. هەر کورتهێنانێک ڕوویدا، بە پرۆسەی AR1 هاوسەنگی دەکەمەوە.

کەمایەسیەکی ئەم مۆدێلە ئەوەیە کە فاکتەرە ناوەخۆییەکانی وەک پێگەی هەرێمی وڵاتەکان و نەریتە ئایینیەکانیان لەبەرچاوناگرێت، کە بێگومان لە وڵاتێکەوە بۆ یەکی تر جیاوازن. بۆیە من داتای گشتگیر و جیهانی بەکاردەهێنم تا ئەم بارگۆڕە جێگیر و نەبزێوانە بژێێنمەوە.

بۆ سەلمێنراوی دووەم، بەهای ناوەندەی بارگۆڕە شیکاریەکان بەکاردەهێنم و لگەڵ بارگۆڕە شوێنکەوتووەکە بەراوردی دەکەم. بۆ ئەم مەبەستەش، پەنا بۆ ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەبەم:

$$\bar{Y}_i = \alpha + \beta\, \bar{x}_i + \varepsilon_i$$

لێرە، *i* وڵاتەکەیە و X زنجیرەیەکە لە بارگۆڕی شیکاری، و بەهاکانیش تێکڕایان وەگیراوە بە درێژایی ماوەی دیاریکراو. بەکارهێنانی بەهای ناوەندی هەر بارگۆڕێک پێوانەکان لە هەڵەی زەق دەپارێزێت. بەها ناوەندیەکان بۆ ئەو ساڵانە وەردەگرم کە داتای تێروتەسەلیان لەسەر بەردەستە (١٩٩٣-٢٠٠٢).

**بارگۆڕە شوێنکەوتەکان**

دوو بارگۆڕی شوێنکەوتەمان هەیە. یەکیان *بەشداری مێینەیە لە هێزی کاردا*، کە تایبەتکراوە بە پشکی هاوڵاتی ژن لە هێزی کاری وڵاتێک. داتای پەیوەندیدار لە سەرژمێریەکانی وڵات بە وڵاتی (ڕێکخراوی کرێکارانی جیهانی) وەرگیراوە، کە (بانکی جیهانی) خۆی بڵاویان دەکاتەوە. بەڵام ئەم بارگۆڕە ئەوە لەبەرچاوناگرێت کە هەر وڵاتێک پێناسە و پێوانەی خۆی هەیە بۆ ناساندنی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار. هەروەها، ئەو وڵاتانەی هێزی کاری هەناردەکراو هەژماردەکەن و ئەوانەشی هەژماری ناکەن، لە یەک تای تەرازوو دادەنێت، و تەنانەت جیاوازی لە

نێوان ئەو وڵاتانەش ناکات کە هێزی کاری مێیەنەیان لە کەرتی کشتوکاڵ خستۆتەگەڕ و ئەوانەشی لەم کەرتە ژنانیان پەراوێزخستووە. ئەمەی دواییان تایبەت زۆر بە گیروگرفتە، چونکە ڕەنگە لە هەندێک شوێن کارکردنی ژنان لە کشتوکاڵ لە بێستانێکی بەردەم ماڵیان تێپەڕ نەکات. هەر سێ کەمایەسیەکە زەق و تاقەتپرۆکێنەرن.

کەمایەسی یەکەم دەکرێ لە ڕێی مۆدێلی سەلمێنراوی یەکەم چارەسەر بکرێت، چونکە کێشەکە پەیوەستە بە گۆڕانی بارودۆخی ناوەخۆی وڵاتان بەپێی کات، و هیچ بەراوردکاریەک لە گۆڕێ نیە. هەر ئەوەندە پێناسەیەکی هاوبەش هەبێت لە نێوان وڵاتان سەبارەت بە "بەشداری مێینە لە هێزی کار" بەپێی کات، ئەنجامەکانمان دروست و بێ کەموکورتی دەبن. بەڵام هەڵپەی لێکدانەوەی گشگیر لەم بابەتە هێندە بەتین نیە، بۆیە دەبێت لێرەدا بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

هەردوو کەمایەسیەکەی تریش بە لێدەرکردنی ژمارەی کرێکاری ژن لە هێزی کاری هاوردەکراو و کەرتی کشتوکاڵ لە بارگۆڕی *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* چارەسەر دەکرێن.[٤٦] هەڵبەتە سەلمێنراوی دووەم لێرە بەکاردێت، چونکە داتای پەیوەندیدار بۆ پێش ساڵی ١٩٩٠ قاتە، و ئەگەر هەشبێت ئەوا ناتەواوە و بەشی ئەوە ناکات بە پێی پێویستی زانستیمان لێی کورتکەینەوە و بۆ دانە بە دانەی وڵاتان بیخەینە بەر لێکۆڵینەوە.

بارگۆڕە شوێنکەوتووەکەی تر پێگەی سیاسی مێینەیە، کە من بە ژمارەی ئەو کورسیانە دەیپێوم کە ژن لە پەرلەمانی هەر وڵاتێک دەنگی تیا هەڵدەبرێت (بۆ وڵاتانی دوو پەرلەمانی، دامەزراوەی خوارەوە هەژمار دەکەم). ئەم شرۆڤەکاریە لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە دەستپێدەکەم، و ناوی ئەم بارگۆڕە دەنێم *کورسی مێینە*.[٤٧]

ڕاسته، ڕەهەندەکانی ئەم بارگۆڕە ئەوەندە فراوان نین هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی مێینە بگرێتەوە، بەڵام دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت چونکە ئەگەر ژنان بۆ ناوەندەکانی یاسادانان پەل بکوتن ئەوا هۆشیاری سیاسی ژنانی تر بەرزدەکەنەوە تا زیاتر بترنجێنە نێو ناوەندەکانی دەوڵەتداری.[48] خۆی لە خۆیدا پەرلەمانتارە ژنەکان دیدگا و تێڕوانینیان بۆ یاسادانان لە هاوتا نێرینەکانیان جیاوازترە.[49] هەرچۆنێک بێت، نەک تەنها ئەم کتێبە، بەڵکو زۆربەی لێکۆڵینەوە جیهانیەکان هەمان پێوەر بۆ خەمڵاندنی پێگەی سیاسی ژن بەکاردەهێنن.[50] ڕاستە، کورسی بەدەستهاتوو بەهۆی هێز و توانای ژنان لێرە تێکەڵ بە کورسیە کۆتاکان دەبێت، بەڵام ئەم تێکهەڵچڕژانە لە بڕستی زانستی بارگۆڕی *کورسی مێینە* کەمناکاتەوە، بە پێچەوانەوە، تەرخانکردنی کورسی کۆتا بۆ ژنان لە وڵاتێک نیشانەی پێشکەوتنی ڕەوشی ژنە.[51] لێرەش، داتا تەنیا بۆ ئەم چەند ساڵەی دوایی بەردەستە، بۆیە من لێکدانەوەکانم بۆ تەواوی دنیا گشتگیر دەکەم.

**بارگۆڕی سەربەخۆ**

لە بەشەکانی پێشوودا، لۆگاریتمی سروشتی داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک بارگۆڕە سەربەخۆکەم بوو، بەڵام لەم بەشەدا تەنیا پشت بە داهاتی نەوت دەبەستم و لۆگاریتمی بۆ وەرناگرم. پاساوەکەم لێرە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە داهاتی نەوت ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان، بەڵام لۆگاریتمەکە پێچ و دەوری بێ بنەما دەخاتە بەردەم پرۆسەکە. مۆدێلە تیۆریەکەی بەشی ٤ شتێکی کەم نەبێت، هیچمان لەسەر ئەو پێوانەیە دروستە پێناڵێت کە بۆ داهاتی نەوت بەکاردێت. ئەوەمان ڕەوانە کە پەیوەندی داهاتی نەوت بە پێوانەدانان بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژن پەیوەندیەکی تەریبە، بۆیە بارگۆڕی داهاتی نەوت لێرە بەکاردەهێنین. هەروەها، ئەوەش دەزانین کە دابەشکردنی داهاتی نەوت، لە ڕووی ئامایەوە، بە یەکسانی بەسەر هاوڵاتیانی

وڵاتێک دابەش نابێت تا بڵێین بۆ هەمووان هەمان دەرهاوێشتەی هەیە، کەواتە ئەگەر هەیە پەیوەندیەکی خەوشدار دروستبێت. بۆیە من چەندین جار ئەنجامەکان لە هاوکێشە بیرکاریەکان دادەنێمەوە تا بەسەر ئەم کێشەیە زاڵ بم. ئەمە بۆ شرۆڤەی وڵات بە وڵات، کە تێیدا داهاتی نەوت بە *کورسیەکانی ژنانەوە* بەندە. بەڵام بۆ *بەشداری مێینە لە هێزی کار،* من دووبارە پەنادەبەمەوە بۆ شرۆڤەی نێودەوڵەتی تا لە ڕێیەوە پەیوەندی داهاتی نەوت بە بارگۆڕەکەوە ساغبکەمەوە.

چەند هۆکارێکیش هەن کە بڕی بەرهەمهێندراوی نەوتی وڵاتێک بە پێگەی ژن لەو وڵاتەوە دەبەستنەوە، بەڵام من لەم بەشەدا لێیان چڕنابمەوە. پاشبەندی ١.١ دەریخست کە بەرهەمهێنانی نەوت لەگەڵ وەبەرهێنانی زیاتر لە دۆزینەوە و دەرهێنانی بەرزدەبێتەوە، و وەبەرهێنانیش لەو وڵاتانە بە بڕشترە کە دەوڵەمەند و سەقامگیرن و حکومەتەکانیان بێ کێشە و گرفتی ئیدارین. بەڵام ئەم ئەرگومێنتە ڕەنگە زیان بە بارگۆڕی *داهاتی نەوت* بگەیەنێت بە ئەندازەیەک کە شیمانەکانی لەبەریەک بترازێنێت، چونکە ئەو کات دەبێت بڵێین ئەو وڵاتانەی هەلی زیاتر بۆ ژنان دەڕەخسێنن زیاتر نەوت بەرهەمدەهێنن، بەڵام ئەمە تەواو ڕاست نیە، لەبەر ئەوەی هەنووکە ئاسۆ لەبەردەم ژنان تەنیا لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان و ڕۆژئاواییەکان ڕوونە، ئەوانیش بەرهەمهێنانی نەوتییان تەواو سنووردارکردووە.

## بارگۆڕە جێگیرەکان

لە دەمی بەگەڕخستنی بارگۆڕی *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا،* دەبێت دوو بارگۆڕی تر کلۆر بکرێن. یەکەمیان داهاتی وڵاتەکەیە، کە دەبێت پەیوەندیەک لە شێوەی پیتی (یو) لەگەڵ بارگۆڕی *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* دروستبکات. لێرە، لە هەمان کاردا، بە بەرزبوونەوەی داهاتی وڵات مووچەی ژنانیش زیاد

دەکات، بەمەش هەلی زیاتر بۆ ژنان دەڕەخسێت، بەڵام لەم بەرەشەوە داهاتی سەرخێزان بەرزدەبێتەوە، سەرئەنجام ژنان لە هێزی کار پتر دادەبڕێن.[٥٢] ئەم مۆدێلە لەسەر وەرگرتنی لۆگاریتمی داهاتی تاک و دووجای داهاتی دەرچوو لە شیکردنەوەی regressionی *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا*، بنیات دەنێم. فاکتەری دووەم کە دەبێت خامۆش بکرێت *تەمەنی گونجاوە بۆ کارکردن*، کە ڕێژەیی وەرگیراوە بۆ تەمەنی خانەنشینی لە نێوان پەنجا بۆ شەست و چوارساڵی، و ڕاستەوخۆ کار لە ژمارەی ژنان دەکات لە هێزی کاردا.

بە چەند ڕێیەک، کە لە خوارەوە ئاماژەم پێداون، لە دروستی ئەم مۆدێلە دڵنیادەبمەوە. هەروەها، بۆ شرۆڤە نێودەوڵەتیە هەمەگیرەکەم، بە سێ بارگۆڕ هەڵدەچمەوە کە ڕەنگە کار لە *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* بکەن:

- بارگۆڕی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، کە بارگۆڕێکی تەرخانکراوە بۆ لێکدانەوەی ڕەوشی هەڵاوێردەی حەڤدە وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا.
- بارگۆڕی *دانیشتووانی موسوڵمان*، کە ڕێژەی هاوڵاتی موسوڵمان بۆ هەر وڵاتێک دیاریدەکات.
- بارگۆڕی *کۆمەنیزم*، کە بارگۆڕێکی جیایە بۆ سیوچوار دەوڵەت کە لە ١٩٦٠ەوە لە ژێر چەتری سیستەمی سیاسی و یاسایی کۆمەنیستی دابوون. ئەم بارگۆڕە دەرهاوێشتە درێژخایەنەکانی کۆمەنزیم لەسەر هێزی کاری ژنان شەنوکەو دەکات.

مۆدێلە بنەڕەتیەکەی تر *کورسیەکانی ژنان* ە، کە دەبێت لە پێناویدا هەردوو بارگۆڕی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* و *داهاتی وڵات* خامۆشبکرێن. لەم ڕێیەدا، بارگۆڕی *دانیشتووانی موسوڵمان* دەخەمە کار، هاوشان لەگەڵ دوو پێوانەی تر: *سیستەمی*

*سیاسی وڵات*، کە جۆریەتی ڕژێمی دەسەڵاتدار لەبەرچاودەگرێت (وەک لە پاشبەندی ٣.١دا باسکرا)، ئەویتریشیان *نوێنەرایەتی ڕێژەییە*، کە بارگۆڕێکی جیایە بۆ ئەو وڵاتانەی پەرلەمانەکانیان ڕێژەی بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دیاریکردووە. لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆم ئاماژەییان بەوە کردووە کە ژنان لەم سیستەمەی باسکرا پتر دەرفەتی نوێنەرایەتیان بۆ دەڕەخسێت.[٥٣]

**ئەنجامەکان**

تا سەر لە خوێنەر نەشێونم، ژمارە جێگیرەکانی ئەم بارگۆڕە ڕیزپەڕانە لە لێکدانەوەکان پشان نادەم، و تەنیا بەپێی دەرئەنجامەکانی ساڵی ٢٠٠٠ داهاتی تاک لە *داهاتی نەوت* دەخەملێنم.

***بەشداری مێینە لە هێزی کاردا***

خشتەی ٤.٥ ئەنجامەکانی مۆدێلی بەراوردکاری نێوان وڵاتان دەردەخات. بارگۆڕی شوێنکەوتە گۆڕانکاری ساڵانەیە لە بەشداری ژنان لە هێزی کاردا. ستوونی یەکەم دەریدەخات کە بارگۆڕە جێگیرەکانی *داهات، داهاتی دووجاکراو، تەمەنی لەبار بۆ کارکردن* ڕاستەوخۆ بە *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* بەندن. لە ستوونی دووەمدا، *داهاتی نەوت* بۆ مۆدێلە زیاد دەکەم، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بارگۆڕە سەرەکیەکە هەیە و لە ٠.٠١دا وردبینی ئاماری بەدەست دەهێنێت. ئەم پەیوەندیانە لەگەڵ شیمانی ٤.١ تەریبن، کە دەڵێت بەرزبوونەوە لە داهاتی نەوت لە هێزی کاری ژنان دەدات.

ستوونەکانی تر تایبەتن بە ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکانم. دەرهاوێشتە جێگیرەکانی وڵاتەکان لە ستوونی سێیەم لادەبم، چونکە بە ئاوێتەبوونیان بە پرۆسەی AR1 ڕەنگە ژمارەی هەڵە بەدەستەوە بدەن.[٥٤] داتاکانی *داهاتی نەوت* پاکیان وردبینی

ئاماری بەدەست دەهێنن، بەڵام قەبارەی هاوکۆلکەکە تۆزێک دەگۆڕدرێت. من لە ستوونی چوارەم لە ڕێی بەکارهێنانی چەند بارگۆڕێکی ڕیزپەڕ (لەوانەی باسکران) لە جیاتی AR1، ئەم خوار و خێچیە ڕاست دەکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بگۆڕدرێن.

*خشتەی ٤.٥: بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (١٩٦٠- ٢٠٠٢).*

ئەم خشتەیە هاوکۆلکەکانی regression ی OLS پشاندەدەن. پاکی بارگۆڕە شیکاریەکان لە بەراوردکاریە یەکەمیەکان داندراون، و ساڵێک تەکانیان بۆ دواوە پێ لێدراوە. لە ستوونی چوارەم، پرۆسەی AR1 هەڵدەپەسێرم، و لە جیاتی بارگۆڕە ڕیزپەڕەکان* بەکاردەهێنم (کە لە خشتەکەدا نابیندرێن). دەرئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانە داندراون.

---

*dummies

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) | (٧) | (٨) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لۆگاریتمی داهات | ***-١٥٤ (٠،١٠٥) | ***-٠.٢٥ (٠.١٠٦) | ***-٠.٢٦٦ (٠.١٠٥) | *-٠.٢٤٤ (٠.١٧٠) | -٠.٠٣٣ (٠.٠٨٦٠) | -٠.٠٠٢٧ (٠.١٠٧)) | -٠.٤٧٦ (٠.٧٣٨) | **-٠.١٥٤ (٠.١٠٥) |
| ڕەگی دووجای لۆگاریتمی داهات | *٠.٠١٣٥ (٠.٠.٧٦٠) | ***٠.٠٢١٥ (٠.٠٠٧٧٦) | ***٠.٠٢٢٥ (٠.٠٠٧٦٦) | *-١١٣.- (٠.٠١٢٢) | ٠.٠٠٣٤ (٠.٠٠٦٣٣) | ٠.٠٠٠٣٨ (٠.٠٠٨٣٥) | ٠.٠٣٩٧ (٠.٠٤٣٨) | ***٠.٠١٣٤ (٠.٠٠٧٦٢) |
| تەمەنی ئیشکردن | ***٠.٠٨٢٢ (٠.٠١٨٤) | ***٠.٠٨٠٦ (٠.٠١٨٤) | ***٠.٠٠٨٢٣ (٠.٠١٦١) | ***٠.١٣٤ (٠.٠٠٩٧٦) | ***٠.٠٤٦٨ (٠.٠١٧٨) | **٠.٠٣٧١ (٠.٠١٩٩) | ***٠.١٩٠ (٠.٠٤٢٤) | ***٠.٠٨٢٢ (٠.٠١٨٤) |
| داهاتی نەوت | --------- | ***- ٠.٠٠٥١٢ (٠.٠٠١٠٥) | ***-٠.٠٠٥٤٥ (٠.٠٠١٠٢) | ***- ٠.٠٩٦٨ (٠.٠٠١٩٠) | ***- ٠.٠٠٣٩٥ (٠.٠٠٩٩٩) | ٠.٠٠٧٢ (٠.٠٠٢٩٧) | **-٠.٠٠٥٥٦ (٠.٠٠٢٤٦) | ------- |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت | -------- | ------- | -------- | -------- | ------- | ------ | ------ | --٠٠٣٩٣.٠ (٠.٠٠٤٥٣) |
| کاریگەری چەسپیو | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| وڵاتەکان | هەمووی | هەمووی | هەمووی | هەمووی | هەمووی جگە لە کوێت و سعودیە | بەدەو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین | تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناڤین | هەمووی |
| ژمارەی وڵاتەکان | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٦ | ١٥١ | ١٧ | ١٦٨ |
| دۆزراوەکان | ٥،٣٦٩ | ٥،٥٦٩ | ٥،٧٣٧ | ٥،٧٣٧ | ٥،٥٠٢ | ٥،٠٢٨ | ٥٤١ | ٥،٥٦٩ |
| داتای ونبوو | %١١.٩ | %١١.٩ | %٩.٣ | %٩.٣ | %١١.٩ | %١٠.٣ | %٢٤.٤ | %١١.٩ |
| دووجاکراو | ٠.٠٦٧ | ٠.٠٧٢ | ٠.٠٧١ | ٠.٠٩١ | ٠.٠٧١ | ٠.٠٥٨ | ٠.٠٦١ | ٠.٠٦٧ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

***له ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

له پنتێکدا، لێکۆڵینەوەکانی تر سعودیه و کوێت له لێکدانەوەکان پەراوێز دەخەن، چونکه داتاکان وا پێشنیاز دەکەن که هەلومەرجی ئەم دوو وڵاته به دەگمەن نەبێت بەلای ژندا ناشکێنەوە. منیش له ستوونی پێنجەمی ئەم هێڵکاریەی سەرەوە هەمان رێم گرتۆتەبەر. بەڵام گەرچی به لابردنی ئەم دوو وڵاته بەهای هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* به رێژەی ٢٥ لەسەدا دادەبەزێت، هێشتاش ئەنجامەکان پێماندەڵێن که پەیوەندی نێوان *داهاتی نەوت* و *بەشداری مێینه له هێزی کاردا* تا ڕادەی وردبینی ئاماری دەڕوات.

تەنیا له ستوونی شەشەم وردبینی ئاماری له پەیوەندیەکه دەتوێتەوە چونکە، هاوشانی سعودیه و کوێت، چی وڵات هەیه له ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا لەنگەریان پێدەبەستم. بەڵام ئەگەر تەنیا چاو له حەڤدە وڵاتەکەی ئەم دوو هەرێمه ببەستم، ئەوا دووباره *داهاتی نەوت* وردبینی ئاماری دەستدەخاتەوە، هەروەک له ستوونی حەفتەمدا ئاماژەی پێدراوە. له ستوونی هەشتەمدا، لۆگاریتمی سروشتی *داهاتی نەوت*م وەرگرتووە، که پەیوەندیەکی پێچەوانەی لەگەڵ بارگۆڕەکەی تردا هەیه بەڵام وردبینی ئاماری فەراهەم ناکات.

تا شیمانەی ٤.٣ ساغبکەمەوە که دەرهاوێشتەکانی نەوت له حەفتاکان بەدواوە چڕبوونەوە، له خشتەی ٤.٦دا مۆدێلەکه بۆ چەند ماوەیەک دابەش دەکەم. له نێوان ١٩٦٠ و ١٩٧٩، *داهاتی نەوت* لەگەڵ *بەشداری مێینه له هێزی کاردا* ناگات به وردبینی ئاماری (ستوونی یەکەم)، بەڵام له ١٩٨٠وه بۆ ٢٠٠٢ دەبینین هەردوو

بارگۆڕ تەواو وابەستەی یەکن (ستوونی دووەم). من لە ستوونی سێیەم و چوارەمیش لەم دوو ماوەیەم کۆڵیوەتەوە، بەڵام لەو دوو ستوونەدا تەنیا چاوم لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا بڕیوە. ڕوونە کە لە هەردوو هەرێمەکە، *داهاتی نەوت* لە هەردوو ماوەدا لەگەڵ *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* دەگات بە وردبینی ئاماری، بەڵام لە ماوەی دووەمدا هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* نۆ جار گەورەترە. ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقای لێ دەرچێت، لە وڵاتەکانی تر لە ماوەی یەکەمدا پەیوەندیەکی ڕاستەوانە لە نێوان هەردوو بارگۆڕەکە هەیە، بەڵام لە ماوەی دووەمدا ئەم پەیوەندیە پێچەوانە دەبێتەوە. ئەم بۆچوونانە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیمانەی ٤.٣ تەریبن، چونکە بۆمان ڕوونبۆوە کە لە دوای ساڵی ١٩٨٠وە، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەواوی دنیادا، نەوت بەشداری ژنی لە هێزی کاردا دالەنگاندووە.

لێکدانەوە گشتگیریەکانیش هەمان پەیوەندی ساغدەکەنەوە (٤.٧). ستوونی یەکەم لەم هێڵکاریەی خوارەوە تەنیا بارگۆڕە جێگیرەکان پشاندەدات. لە ستوونی دووەم بارگۆڕی *داهاتی نەوت* لە لێکدانەوەکان زیاد دەکەم، کە پەیوەندیەکی پێچەوانەی لەگەڵ *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* هەیە. لە ستوونی سێیەم سێ بارگۆڕی جێگیری تریش دەخەمەسەر مۆدێلەکە، کە بوونیان بەهای هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بە ڕێژەی ٥٠% کەمدەکاتەوە، بێ ئەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ بارگۆڕەکەی تر وردبینی ئاماری لەدەستبدات.

*خشتەی ٤. ٦: بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (پێش و پاش ساڵی ١٩٨٠).*

ئەم خشتەیە هاوکۆلکەکانی regressionی OLS پشاندەدات. بارگۆڕە شیکاریەکان لە بەراوردکاریە یەکەمیەکان داندراون، و ساڵێک تەکانیان بۆ دواوە پێ لێدراوە. ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا دانراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) | (٧) | (٨) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لۆگاریتمی داهات | ***-١٥٤<br>(٠،١٠٥) | ***-٠.٢٥<br>(٠.١٠٦) | ***-٠.٢٦٦<br>(٠.١٠٥) | *-٠.٢٤٤<br>(٠.١٧٠) | -٠.٠٣٣<br>(٠.٠٨٦٠) | -٠.٠٠٢٧<br>(٠.١٠٧)) | -٠.٤٧٦<br>(٠.٧٣٨) | **-٠.١٥٤<br>(٠.١٠٥) |
| ڕەگی دووجای لۆگاریتمی داهات | *٠.٠١٣٥<br>(٠.٠.٧٦٠) | ***٠.٠٢١٥<br>(٠.٠٠٧٧٦) | ***٠.٠٢٢٥<br>(٠.٠٠٧٦٦) | *-.١١٣<br>(٠.٠١٢٢) | ٠.٠٠٣٤<br>(٠.٠٠٦٣٣) | ٠.٠٠٠٣٨<br>(٠.٠٠٨٣٥) | ٠.٠٣٩٧<br>(٠.٠٤٣٨) | ***٠.٠١٣٤<br>(٠.٠٠٧٦٢) |
| تەمەنی ئیشکردن | ***٠.٠٨٢٢<br>(٠.٠١٨٤) | ***٠.٠٨٠٦<br>(٠.٠١٨٤) | ***٠.٠٠٨٢٣<br>(٠.٠١٦١) | ***٠.١٣٤<br>(٠.٠٠٩٧٦) | ***٠.٠٤٦٨<br>(٠.٠١٧٨) | **٠.٠٣٧١<br>(٠.٠١٩٩) | ***٠.١٩٠<br>(٠.٠٤٢٤) | ***٠.٠٨٢٢<br>(٠.٠١٨٤) |
| داهاتی نەوت | --------- | ***-<br>٠.٠٠٥١٢<br>(٠.٠٠١٠٥) | ***-٠.٠٠٥٤٥<br>(٠.٠٠١٠٢) | ***-<br>٠.٠٩٦٨<br>(٠.٠٠١٩٠) | ***-<br>٠.٠٠٣٩٥<br>(٠.٠٠٩٩٩) | ٠.٠٠٧٢<br>(٠.٠٠٢٩٧) | **-٠.٠٠٥٥٦<br>(٠.٠٠٢٤٦) | ------- |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت | -------- | ------- | -------- | -------- | ------- | ------ | ------ | --.٠٠٠٣٩٣<br>(٠.٠٠٤٥٣) |
| کاریگەری چەسپیو | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| وڵاتەکان | هەمووی | هەمووی | هەمووی | هەمووی | هەمووی جگە لە کوێت و سعودیە | بەدەو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین | تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناڤین | هەمووی |
| ژمارەی وڵاتەکان | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٦ | ١٥١ | ١٧ | ١٦٨ |
| دۆزراوەکان | ٥،٣٦٩ | ٥،٥٦٩ | ٥،٧٣٧ | ٥،٧٣٧ | ٥،٥٠٢ | ٥،٠٢٨ | ٥٤١ | ٥،٥٦٩ |
| داتای ونبوو | %١١.٩ | %١١.٩ | %٩.٣ | %٩.٣ | %١١.٩ | %١٠.٣ | %٢٤.٤ | %١١.٩ |
| دووجاکراو | ٠.٠٦٧ | ٠.٠٧٢ | ٠.٠٧١ | ٠.٠٩١ | ٠.٠٧١ | ٠.٠٥٨ | ٠.٠٦١ | ٠.٠٦٧ |

*له ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**له ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

له ستوونی چوارەم، تەمی گومان لەسەر ئەو بۆچوونە باوە لادەدەم کە دەڵێت ڕۆژهەڵاتی ناڤین پتر لەگەڵ *داهاتی نەوت* شانی دادەخزێت. ئەم ساغبوونەوەیە لەڕێی زیادکردنی بارگۆڕێکەوە دەکەم کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ *داهاتی نەوتی* بارگۆڕی *ڕیزپەڕی ڕۆژهەڵاتی ناڤین* کارلێک دەکات. ئەم بارگۆڕە وردبینی تەواوی ئاماری بەدەستدەهێنێت، و لە لێکدانەوەکاندا *داهاتی نەوت* دووچاری شپرزەیی دەکات و وردبینی لێدەستێنێت.

ئەنجامەکانی هەر سێ خشتەی ٤.٥، ٤.٦، و ٤.٧ لەگەڵ شیمانی ٤.١ تەریبن کە دەڵێت لە هەندێک وڵات، هەر بەرزبوونەوەیەک لە داهاتی نەوت شتێک لە بەشداری ژنان لە هێزی کاردا کەمدەکاتەوە (هەڵبەتە ئەم شیمانەیە پتر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا ڕاستە). ئەم بەرسڤە لەسەر شرۆڤەی درشتی وڵاتان لە چەند ساڵی دواییدا و هەلومەرجی ناوەخۆییان بەپێی کات ڕۆنراوە (لێرە لێکدانەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ساڵی ١٩٨٠وە دەستپێدەکەن). تێهەڵچوونەوەکان پێماندەڵێن کە مۆدێلە بنەڕەتیەکە بە ساغی ماوەتەوە. لەگەڵ وەرگرتنی لۆگاریتمی داهاتی نەوت پەیوەندی هەردوو بارگۆڕەکە دادەڕمێت، بۆیە دەکرێت بڵێین لە نێوان نەوت و دامەزراندنی مێینە پەیوەندیەکی ڕاستەهێڵی هەیە. هێز

*خشتەی ٤.٧: بەشداری مێینە لە هێزی کاردا (١٩٩٣-  ٢٠٠٢).*

ئەم خشتەیە هاوکۆلکەکانی regressionی OLS پشاندەدات. تێکڕای هەموو بارگۆڕەکان بۆ ماوەی نێوان ١٩٩٣ و ٢٠٠٠ وەرگیراون. ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا دانراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) |
|---|---|---|---|---|
| لۆگاریتمی داهات | ١٥.٠٤-** <br> (٦.٥٥٠) | ١٨.٥٠-*** <br> (٠.٣٨٣) | ١٣.٠٢-** <br> (٦.١١٨) | ١٤.٢٢-** <br> (٦.١٩٦) |
| ڕەگی دووجای لۆگاریتمی داهات | ٠.٩٢٦** <br> (٠.٤٠٢) | ١.٢١٠*** <br> (٠.٣٨٣) | ٠.٩٧٣** <br> (٠.٣٧٤) | ١.٠٢٠*** <br> (٠.٣٧٦) |
| تەمەنی ئیشکردن | ٠.٠٢٦٤ <br> (٠.٢١٨) | ٠.٠٠٠١٤٤ <br> (٠.١٩٦) | ٠.٦٣٦-*** <br> (٠.٢٣٦) | ٥٢٩-** <br> (٠.٢٤٠) |
| داهاتی نەوت | ----- | ٣.٠٤-*** <br> (٠.٦٠٥) | ١.٤١-*** <br> (٠.٤٢١) | ٠.١٩٣ <br> (٠.٣٥٧) |
| کۆمەنیستی | ----- | ------- | ٨.٢٤٨*** <br> (٢.٩٠٢) | ٧.٧٣١*** <br> (٢.٩٠١) |
| ڕۆژهەڵاتی ناڤین | ----- | ------ | ١١.٨٠-*** <br> (٤.٢٦٢) | ٨.٩٧٤-** <br> (٤.٥١٩) |
| ئیسلام | ----- | ------ | ٤.٥٨٠ <br> (٣.٦٠٤) | ٥.١٢٧- <br> (٣.٦٢١) |
| داهاتی نەوت*ڕۆژهەڵاتی ناڤین | ----- | ------ | ----- | ٢.٤٢-*** <br> (٠.٦٨٣) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وڵاتەکان | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ |
| دۆزراوەکان | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ | ١٦٨ |
| داتای ونبوو | %١.٢ | %١.٢ | %١.٢ | %١.٢ |
| دووجاکراو | ٠.٠٦٠ | ٠.٢١ | ٠.٤٢ | ٠.٤٤ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**له ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

لێرە بەڵگەیەکی تر بۆ پشتڕاستکردنەوەی شیمانەی ٤.٣ بەدیارکەوت: لێکەوتەکانی نەوت بەسەر ژنانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەرێمەکانی تر لە دوای ساڵی ١٩٧٠ چڕبوونەتەوە.

**نوێنەرایەتی**

ئەنجامە گشتگیریەکانی شیکاریە گشتگیرەکان لەسەر *کورسیەکانی ژنان* لە خشتەی ٤.٨ داندراون. ستوونی یەکەم دەریدەخات کە بارگۆڕە جێگیرەکانی *داهات و ڕۆژهەڵاتی ناڤین* پێکڕا لەگەڵ *کورسیەکانی ژنان* وردبینی ئاماری دەستدەخەن. بارگۆڕی *داهاتی نەوت*م لە ستوونی دووەم داناوە، کە هۆکاری سەرەکی کەمبوونی *کورسیەکانی ژنان*ە، و بوونی ئەم بارگۆڕە هاوکۆلکەی *ڕۆژهەڵاتی ناڤین* بە ٢٠ لەسەدا دادەبەزێنێت. لە ستوونی سێەمدا، *دانیشتووانی موسوڵمان* زیاد دەکەم وەک بارگۆڕێکی جێگیر، بەڵام کاریگەری ئەم بارگۆڕە لەسەر *کورسیەکانی ژنان* و هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* زۆر کەمە، بە بەراورد بە *داهاتی نەوت*.

لە ستوونی چوارەمدا، *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* دەخەمە پاڵ لێکدانەوەکان، کە لەگەڵ ترنجاندنی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ *کورسیەکانی ژنان* پەیدا دەکات، و لە هەمان کاتیشدا، هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* بە ڕێژەی ٣٠% دادەبەزێنێت و وردبینیە ئاماریەکەی دادەماڵێت. ئەم تێوەپێچانە لەگەڵ بەرسڤەکەی بەشی چوارەمدا هاوئاهەنگە، کە دەڵێت نەوت پێگەی سیاسی ژن لەق دەکات چونکە ڕێژەی ژنان لە هێزی کاردا دەخەپێنیت. ستوونی چوارەم و پێنجەم پشانی دەدات

که بارگۆڕی *داهاتی نەوت* بە تێئاخنینی هەردوو بارگۆڕی *پۆلیتی و نوێنەرایەتی ڕێژەیی* وەک خۆی دەمێنێتەوە.

هەندێک دەرئەنجامی تر لە خشتەکەدا ئاماژەیان پێنەدراوە، بەڵام پێویستە ڕوونبکرێنەوە. ئەو بارگۆڕانەی ڕێژەی نوێنەرایتی ژنان لە هەرێمە بچووکەکان و ڕێژەی کرێکاری بیانی دەپێوێت وردبینی ئاماریان بەدەسنەهێنا، گەرچی ڕەنگە بەسەر بارگۆڕە بنەڕەتیەکەوە کاریگەری بە زەبریشیان هەبێت. بارگۆڕێکی تر کە لەوانەیە جێی باسبێت، بوونی ژنە لە لیستە داخراوەکانی هەڵبژاردندا، کە داتایان تەنیا بۆ هەشتا و هەشت وڵات بەردەست بوو، و *داهاتی نەوت* لە مۆدێلە قرتاوەکەدا بە *کورسیەکانی ژنان* پەیوەندیەکی پتەوی دروستنەکرد. کە مۆدێلەکەمان بە جیا بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و وڵاتانی تر خستەکار، بۆمان دەرکەوت کە *داهاتی نەوت* لە هیچیان بە *کورسیەکانی ژنانەوە* بەند نەبوو. هەروەها، ئەو نێوەندە بەندەی *داهاتی نەوت و بارگۆڕی لاوەکی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی* بەیەکەوە گرێدەدا، گەرچی ترنجاندنی لە بەهای ئاماری *داهاتی نەوتی* هێنا خوارەوە، بەڵام نەیتوانی وردبینی ئاماری بەرپاکا لەنێوانیان.

ئەم ئەنجامانە لەگەڵ شیمانەی ٤.٢ یەکدەگرنەوە، کە پێمان دەڵێت داهاتی نەوت لە ژێر هەندێک هەلومەرجا پێگەی سیاسی ژنان دادەلەنگێنێت. هەروەها، لەگەڵ بەشێکی گرنگی مۆدێلی بەگەڕخستوو لە بەشی چواردا یەکدەکاتەوە، کە دەڵێت بە کەمکردنەوەی ڕێژەی ژنان لە هێزی کاردا ژمارەی پەرلەمانتارە ژنەکانیش دادەبەزێت.

## تێهەڵچوونەوە

تا هەنووکە، دەرئەنجامی ژمارەیەک لە تێهەڵچوونەوەکانم بۆ مۆدێلە بەراورکاریەکان لە هەردوو خشتەی ٤.٥ و ٤.٩ نواندووە. ئەم خشتانەی

خوارەوەش تەواوکەری ئەم تێهەڵچوونەوانەن بەڵام بۆ مۆدێلە گشتگیرەکان، کە پشاندەدات هاوکۆلکەکانی *داهاتی نەوت* و ئەو پنتانەی لێی دەگەن بە وردبینی ئاماری لە چەند بارودۆخێکدا دەخەملێندرێن:

***خشتەی ٤.٨: ژمارەی ئەو کورسیانەی پەرلەمان کە لەلایەن ژنانەوە بەدەستهاتوون یان بۆیان تەرخانکراوە (٢٠٠٢).***

ئەم خشتەیە— هاوکۆلکەکانی OLS دەردەخات. ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا داندراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لۆگاریتمی داهات | ١.٩١٦*** (٠.٥٠٤) | ٢.٢٤٦*** (٠.٥١٣) | ١.٩٥٥*** (٠.٥٧٨) | ٢.٠١٢*** (٠.٥٤٣) | ٢.٣٤٩*** (٠.٥٨٢) | ٢.١٩٥*** (٠.٥٤٩) |
| ڕۆژهەڵاتی ناڤین | -١٢.٢٢*** (١.٩١٣) | -٩.٨١٧*** (٢.١١١) | -٦.٩٠٤*** (٢.٦٥٤) | ٢.٧٨٦ (٢.٩٦٧) | -٨.١٣٢*** (٢.٦٨٩) | -٨.٧١٢*** (٢.٥٣٨) |
| داهاتی نەوت | ----- | ١.٢٤٢** (٠.٥٥٤) | -١.١٣٩** (٠.٥٣٨) | ٠.٨٠١ (٠.٥٣٧) | -١.٣٧٣** (٠.٦١٧) | ١.٢٢٩** (٠.٥٧٤) |
| ئیسلام | ---- | ------ | ٤.٠٧١ (٢.٤٩٤) | ٢.٩٥٩ (٢.٤٤٧) | -٥.٠٨٤* (٢.٧١١) | -٤.٠٧٠ (٢.٦٦٩) |
| بەشداری مێینە لە هێزی کاردا | ----- | ----- | ---- | ٠.٢٨٤*** (٠.٠٧٣٦) | ------ | ----- |
| Polity | ---- | ------ | ----- | ----- | -٠.٢١٦ (٠.١٦٣) | -٠.٤٣٠*** (٠.١٥٩) |
| نوێنەرایەتی ڕێژەیی | ------- | ---- | ----- | ----- | ----- | ٦.٢٦٩*** (١.٤٦٧) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وڵاتەکان | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ |
| دۆزراوەکان | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ | ١٦٢ |
| داتای ونبوو | %٥٤.٧ | %٥٤.٧ | %٥٤.٧ | %٥٤.٧ | %٥٤.٧ | %٥٤.٧ |
| دووجاکراو | ٠.٢٢ | ٠.٢٥ | ٠.٢٦ | ٠.٣٣ | ٠.٢٧ | ٠.٣٤ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

*خشتەی ٩.٤: تێهەڵچوونەوە بە دەرئەنجامەکانی "بەهێزکردنی ژنان.*

ئەم ژمارانەی خوارەوە گوزارشت لەو هاوکۆلکانەی بارگۆڕی *داهاتی نەوت* دەکەن لەهەر مۆدێلێک لەم پاشبەندە ئاماژەی پێدرابێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وردەکاریەکانی خوار خشتەکە.

| | بەشداری مێینە لە هێزی کاردا | کورسیەکانی ژنان لە پەرلەمان |
|---|---|---|
| مۆدێلی بنەڕەتی | ***-٣.٠٤ | **-١.٢٤ |
| کاریگەری نەوت (دابەشبوو بۆ هەردوو بارگۆڕەکان) | ***-٦.٤٥ | -١.٤٤ |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت | ***-١.٢٩ | -٠.٣١٠ |
| لادانی هەندێک وڵاتی دیار | **-٢.٦٦ | -١.٤١ |
| لادانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین | ٠.١٠٢ | -٠.٨٨٣ |
| زیادکردنی هەرێمی دروستکراو | ***-٢.٥٧ | *٠.٩١٧ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

١- لەو مۆدێلە بنەڕەتیانەی لە ستوونی دووەمی خشتەی ٤.٧ و ٤.٨ نوێندراون.

٢- کە دوو پێوانەی هەمەگیر جێی پێوانە گشتگیرەکەی *داهاتی نەوتی* دەگرنەوە، ئەوا واتە هەر وڵاتێک بە لایەنی کەمەوە ١٠٠ دۆلاری لە داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک بەرهەمهێناوە (٢٠٠٠ دۆلار لێرە بۆ هەموو وڵاتێک داندراوە).

٣- کاتێک لۆگاریتمی *داهاتی نەوت* شوێنی *داهاتی نەوت* دەگرێتەوە.

٤- لە خاڵی چوارەمدا، هەردوو وڵاتی قەتەڕ و کوێت لە مۆدێلەکە هەڵدەپەسێردرێن، چونکە ئەنجامەکان وایان دەرخستووە داتایەکانی ئەم دوو وڵاتە لە پەراوێزی ئاساییبوون تێپەڕیون.

٥- کاتێک هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە لێکدانەوەکان دووردەخرێنەوە،

کاتێک زڕە یان نیمچە بارگۆڕی تایبەت بە ئەمریکای لاتین، بیابانی ئەفریقا، باشووری ئاسیا، یەکێتی سۆڤیەتی جاران، و دەوڵەتانی OECD لە مۆدێلە بنەڕەتیەکان دەئاخندرێن.

لەو پێنج تێهەڵچوونەوەی سەرەوە، *داهاتی نەوت* لە چواریاندا بەسەر *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* کارتێکەرە. پەیوەندی نێوان ئەم دوو بارگۆڕە لە یەک هەلومەرجدا وردبینی شیکاری لەدەستدەدات: کاتێک پاکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا لە مۆدێلەکە فەرامۆش دەکرێن. ئەمە بەرچاوڕوونیەکمان دەداتێ کە *داهاتی نەوت* لەم دوو هەرێمەدا شەختەی بە

*بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* کردووە، و ژنی لەبن کەڵکەڵەی پیاوسالاری قەتیس کردووە.

شرۆڤەکردنی پەیوەندی نیوان *داهاتی نەوت* و *کورسی مێینە* هەویرێکی ئاوکێشترە. لە ستوونی پێنجەم و شەشەم، بارگۆڕی *دانیشتووانی موسوڵمان* لە لێکدانەوەکان ئاخندراوە، و چ لەسەر ئاستی دامەزراوە سیاسیە ناوەخۆییەکان بێت یان لەسەر ئاستی هەرێمی، هیچ لە بایەخی ئاماریی پەیوەندیەکەی کەمنەکردۆتەوە. بەڵام وردبینی ئاماری لە دەمی لادانی قەتەر و کوێت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە مۆدێلەکە، یانیش هەڵپەساردنی بارگۆڕی *داهاتی نەوت* و دانانی پێوانەی دووسەری یان وەرگرتنی لۆگاریتمی نەوت لە جیاتی، نامێنێت.

با هێندەش لەوە سەرمان نەسووڕمێت کە پەیوەندی نێوان *داهاتی نەوت* بە *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* پتەوترە بە بەراورد بە پەیوەندی لەگەڵ *کورسی مێینە*، چونکە لە مۆدێلەکەمان *داهاتی نەوت* ڕاستەوخۆ وابەستەی ژمارەی ژنانە لە هێزی کاردا، بەڵام سەبارەت بە برستی سیاسی ژن، ئەم پەیوەندیە پێچی تێدەکەوێت لەبەرئەوەی دەرهاوێشتەکانی *داهاتی نەوت* سەرەتا دەبێت لە *بەشداری مێینە لە هێزی کاردا* بەدیاربکەوێت، بەرلەوەی پەیوەندی لەگەڵ پێگەی سیاسی ژن دروستبکات. هەرچۆنێک بێت، ئەمە کەمایەسیەکە لە بەرسڤەکەمدا هەیە و ناتوانم حاشای لێبکەم.

ئەم پێوەدانگانە چەند هەلومەرجێک گەڵاڵە دەکەن کە تێیاندا دەرهاوێشتەکانی داهاتی نەوت لەسەر پێگەی سیاسی و جێپەنجەی ئابووری هاوڵاتی مێینە لە وڵاتێک ڕووندەبنەوە. لە زۆر باردا ئەم پەیوەندیانە بێ خەوش و کاملن. جارێ بەندی نێوان *داهاتی نەوت* و *بەشداری مێینە لە*

*هێزی کار*دائەوەندە بەهێزە کە وەک قورِە چەورە دەتوانین بۆ لێکدانەوەکانمان بیانبزوین. بە کارلێککردن لەگەڵ هەردوو وڵاتە جەربەزەکەش (قەتەر و کوێت)، و تەنانەت بە تێئاخنینی زرِەبارگۆرِە هەرێمیەکە (رِۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا) و ترنجاندنی دانیشتووانی موسوڵمان لە لێکدانەوەکان، ئەم بەندە لەبەریەک هەڵناوەشێت. ئەمەش شیمانی ٤.٣ ساغدەکاتەوە: لێکەوتەکانی نەوت لە دوای ١٩٨٠ەوە پتر بەدیاردەکەون. هەڵبەتە بەندی نێوان داهاتی نەوت و رِەوشتی ژن لە رِۆژهەڵاتی ناڤین ئەوەندە ئەستوورە کە سەرلەبەری دەرهاوێشتەکانی نەوت لەسەر ژن شەنوکەو دەکات.

بەڵام پەیوەندی نێوان *داهاتی نەوت* و *کورسیەکانی ژنان* کەمتر خۆگرە. رِاستە، بەندی نێوانیان بە ترنجاندنی زرِەبارگۆرِەکانی دانیشتووانی موسوڵمان، دامەزراوە سیاسەکان، و رِەهەندە هەرێمیەکان کارتێکەر نابێت، بەڵام هەرگا دوو وڵاتە هەڵاوێردەکە دێنە گۆرِێ یانیش پێوانەی *داهاتی نەوت* دەگۆرِدرێت، ئەوا بەندەکە دەپچرِێت. لێرەدا، دەرهاوێشتە نەرێنیەکانی نەوت تەنیا لە رِۆژهەڵاتی ناڤین بەدیدەکرێت. ئەگەر داتای بەردەست پشانمان بدات کە ژنان لە رِۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا بە گشتی لە کەرتی خزمەتگوزاری پەروایزخراون، ئەوا رِەنگە ئەم بەرسڤە لەگەڵ مۆدێلی بەکارهاتوو لە بەشی چوار هاوتەریب بێت. سەبارەت بەم پرسە، سەرەرِای ئەم رِۆچوونەم بۆ لێکدانەوەی تێروتەسەل، ئەنجامەکانی کۆتایی مەودای ئەرگومێنتەکەم کورتدەکاتەوە.

**بەندی ٥: نەوت شەڕ و پێکدادان هەڵدەئایسێنێ**

"یەکەم و گرنگترین پێویستی شەڕ پارەیە؛ بێ پارە هیچ شتێک بە ناوی چەک و چەکدار و فیشەک لە گۆڕێ نیە."

- ئێدا تاربێل، *باج و سەرانە لە سەردەمی ئێمەدا.*

شەڕی ناوەخۆ گەورەترین کارەساتە کە بەرۆکی وڵاتێک بگرێت. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٩٩دا، پتر لە ١٦ ملیۆن کەس لە شەڕی ناوەخۆدا گیانیان سپاردووە.[١] (پاوڵ کۆلێر)ی ئابووریناس، شەڕی ناوەخۆ بە "گەشەکردنی سەرەونگوم" پێناسە دەکات.[٢]

لە نەوەدەکان بەولاوە، ئەگەری تێکەوتنی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە شەڕی ناوەخۆ، لەسەدا ٥٠ لە چاو وڵاتانی تر زیاتربووە. بەرهەمهێنەرە هەژار و مامناوەنجیەکانیش ئەگەریان دووهێندەیە. زۆربەی ئەو پێکدادانەی بە نەوت ترومپا دەکرێن بچووکن، بەڵام شەڕە ناوەخۆییەکانی ئێراق، ئەنگۆلا و سودان، بەم دواییانە، تەواو خوێناوی بوونە. هەرگا نەوت لە بینی خاکێکی هەژار بێتە دەرەوە، ئەوا مەترسی بەیەکداکەوتنی ناوەخۆ بێ شک زیاتر دەبێت.

هەردەم گرنگە ڕۆڵی نەوتمان لەبەرچاوبێت. هەنووکە خۆشبەختانە شەڕی ناوەخۆ - تەنانەت لە ڕیزی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتیش - دیاردەیەکی دەگمەنە. هەرگیز نەوت تاقە هۆکاری تێکەوتنی دەوڵەتانی نەوتی نیە لە شەڕی ناوەخۆ؛ تەنانەت بڕێکجار هاندەرێکی بەهێزیش نیە. لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕی ناوەخۆ خێراترین و سامناکترین ڕێیە بۆ ئاوەژووکردنی سامانی نەوتی وڵاتێک لە سەرچاوەیەکی خێروبێرەوە بۆ نەفرەتێک.

**شەڕی ناوەخۆ: سەرنجێک**

له کۆتایی نەوەدەکانەوە، هۆکار و لێکەوتەکانی شەڕی ناوەخۆ بە چڕی کەوتنە بەر توێژینەوە. نها زاناکان لەسەر چەند خاڵێک کۆکن.[٣]

یەکەم، ئەوە ڕوونە کە لە دنیای ئەمڕۆدا زۆربەی شەڕوشۆڕەکان لە نێو دەوڵەتەکان ڕوودەدەن، نەک *لە نێوان یان*. لە ساڵی ١٩٨٩وە بۆ ٢٠٠٦، ١٢٢ پێکدادانی چەکداری لە تەواوی دنیا ڕوویانداوە: ١١٥ لەوانە شەڕی ناوەخۆ بوون، تەنیا ١٧یان شەڕی نێودەوڵەتی بوون. ساڵی ٢٠٠٩، بۆ نموونە، هیچ شەڕی نێودەوڵەتی بەخۆوە نەبینی، بەڵام ٣٦ شەڕی ناوەخۆی تێدا هەڵگیرساوە.

دووەم، شەڕی ناوەخۆ بەسەر دوو کۆمەڵەی گەورەدا دابەشدەبێت: شەڕی جوداخوازی کە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ناوچەیی هەڵدەگیرسێت، و شەڕی حکومی کە شەڕکردنە بۆ دەستبەسەرداگرتنی حکومەتی ناوەند. لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٦دا، دەوری سەدا ٣٠ شەڕە ناوەخۆییەکان جوداخوازی و، ٧٠ لەسەدیشیان حکومی بوونە.

جیاوازی گرنگ لە نێوان هەردوو جۆر هەیە. شەڕە جوداخوازییەکان زۆرجار درێژخایەنترن، گەرچی قوربانی کەمتریشیان لێدەکەوێتەوە.[٤] شەڕە حکومییەکان دەکرێt لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە ڕووبدەن، بەڵام شەڕە جوداخوازییەکان لە هەندێ هەرێم باون (وەک باشووری ئاسیا و بیابانی فراوانی ئەفریقی) و لە هەندێکی تریش نا (وەک ئەمریکای لاتین).

سێیەم، دنیای دوای "جەنگی سارد" تا ڕادەیەکی باش دنیایەکی ئارام و ئاشتیخوازە. لە نێوان ١٩٩٢ و ٢٠٠٠دا، ژمارەی بەیەکداکەوتنە ناوەخۆییەکان لە پەنجاودووەوە بۆ سیوچوار دابەزیوە و، بەیەکداکەوتنە گەورەکانیش لە هەژدەوە بۆ پێنج. دابەزینی بەرچاویش لە شەڕە جوداخوازەکان بەدیدەکرێ (لە بیست و هەشتەوە بۆ هەژدە) و لە شەڕە حکومیەکانیش بە هەمان شێوە (لە بیست و

چوارەوە بۆ شازدە). دەکرێ هەندێک پێکدادانی سامناکیش ڕووبدەن- وەک ئەو کوشتارگەی لە کۆماری دیموکراتی کۆنگۆدا ڕوویدا- بەڵام بە گشتی، بە بەراورد بە سەرەتای نەوەدەکان دنیا شوێنێکی ئارامترە.

لە کۆتاییدا، لە پاڵ نەوتدا زاناکان کۆمەڵە فاکتەرێکی تریان دیاریکردووە کە ئاگری دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ جۆشدەدەن:

- داهاتی نزمی تاک؛ کە لەوانەیە پاڵ بە عەوامەوە بنێ بەوەی کە ئەگەر دەستبدەنە چەک ئەوا هیچی وەهایان نیە لە دەستیبدەن.[٥]
- گەشەی ئابووری خاوڕێکردوو؛ بە "ڕاتەکان"ی ئابووری نەرێنیشەوە.[٦]
- دانیشتوانێکی چڕ؛ کە جڵەوکردنی تەواوی خاکی قەلەمڕەو زەحمەت دەکات و بەمەش بزووتنەوە جوداخوازیەکان چەکەرە دەکەن.[٧]
- دراوسێی نادیموکراتی و مایل بە شەڕ؛ کە کێشەکانیان دەکرێ لەودیو سنوورەوە فڕکە بکەن بۆ ناوەخۆ و ناسەقامگیری لێ ببێتەوە.[٨]
- ناوچەی شاخاوی؛ کە دەبێتە حەشارگەیەکی گونجاو بۆ یاخیبووەکان.[٩]
- بوونی ئەڵماس؛ کە یاخیبووەکان دەتوانن بۆ تەمویلکردنی شاڵاوەکانیان بەکاریبهێنن.[١٠]

شەڕی ناوەخۆ زیاتر لەو وڵاتانەش باوە کە تازە سەربەخۆییان سەندووە، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە حکومەتەکانیان ناتوانن سەقامگیری بسەپێنن و بەر بەوانە بگرن کە چاویان لە هاتنەسەر دەسەڵاتە. هەر ئەوەندەی بەیەکداکەوتنی چەکداری لە وڵاتێک ڕوویدا، ئیدی ئەگەری دووبارەبوونەوەی زۆر دەبێت. بەپێی توێژینەوەیەک، ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم دیاردەیە یەک لەسەر پێنجە بۆ هەر پێنج ساڵێک دوای ڕوودانی.[١١] زاناکان چەند فاکتەرێکی تریشیان ڕاڤەکردووە،

وەک هەمەچەشنی ئایینی و ئیتنیکی، نایەکسانی ئابووری، دیموکراسی، و ناسەقامگیری سیاسی؛ بەڵام دیاریکردنی کاریگەری ئەوانە زەحەمەتتر بووە.[١٢]

## بیردۆزێکی شەڕی ناوەخۆ

بۆچی نەوت کێشەوبەرەیەکی خوێناوی دەخولقێنێت؟

ڕێم بدەن دووبارە وێنەیەکی گەورە بکێشم و دواتریش شوێنی نەوت لەم وێنەیە دەرخەم. هەروەک پێشتر، بەو هاوڵاتیانە دەستپێدەکەم کە داهاتی زیاتریان دەوێت و، سەردارێک کە چاوی لەوەیە لە دەسەڵات بمێنێتەوە. تا ئەم پنتە، سەرنجی من لەسەر ئەوەبوو کە چۆن دەرامەتی نەوت کاریگەری لەسەر حکومەتان دەبێت: چۆن گەورەیان دەکات (بەشی دووەم)، چۆن بەرپرسیاریەتیان کەمدەکاتەوە (بەشی سێیەم)، و چۆن پڕیان دەکات لە پیاو (بەشی چوارەم)؛ بەڵام هیچیەک لەم خاسیەتانە وڵاتان مایل بە شەڕ ناکەن. کە باسی شەڕی ناوەخۆ دەکرێت، نەوت و دەوڵەت دووانە مەبەستەکە نین؛ ئیدی پەیوەندییەکە دەکەوێتە نێوان نەوت و هاوڵاتی.

کە هێزەکانی حکومەت بە گژی چەکدارانی یاخیدا دەچن، شەڕی ناوەخۆ ڕوودەدات. مۆدێلەکەی من هەنووکە یەکێک لەم توخمانەی تێدایە- حکومەت- بێگومان ئەگەر بڵێین حکومەتیش بەرپەرچدانەوەی بۆ هەڕەشەی یاخیبوون دەبێت شیمانەیەکی دروستە، چونکە ئامانجی فەرمانڕەوایەکە مانەوەیە لە دەسەڵات. بەڵام چی دەربارەی سوپای یاخیبووەکان؟ بۆ ئەوەی شیکار بۆ شەڕێکی ناوەخۆ بکەین، پێویستە سەرەتا ڕوونیبکەینەوە کە بۆچی کۆمەڵێک هاوڵاتی کۆدەبنەوە و یاخیبوونێک سازدەکەن و بەربەرەکانی حکومەت دەکەن.[١٣]

وەڵامێکی باو لەوانەیە بریتیبێت لە جۆرێک لە جەورکێشان؛ جا نایەکسانی بێت، یان چەوسانەوە یان جیاکاری دژی کەمینەیەکی ئیتنیکی، فەرقناکات. بەڵام ئەوەتان لەیادبێت کە هاوڵاتیانمان گوێ بە ڕاست و هەڵە نادەن. ئەوان تەنها داهاتەکانیان لەیادە. ئەو هاوڵاتیانە تەنیا دەمێک پشتیوانی لە یاخیبوونێک دەکەن کە قازانجە ئابوورییەکان لە تێچووەکان پتر بن.

بۆ هەر سەربازێکی ئەم یاخیبوونە، گرنگترین تێچووی ئابووری تێچووی دەرفەتە (opportunity cost) بۆ پەیوەندیکردن بە ئارتەشی یاخیبووەکان- واتە دەستهەڵگرتنیان لە هەر کارێک کە لە ژیانی مەدەنی هەیانبووە.[14] لە وڵاتانی هەژار کە کاری مەدەنی دەگمەنە یانیش دەستمایەکی وای لێ هەڵناوەرێت، تێچووی دەرفەت بچووکە. هەرگا وڵاتان زەنگینتربوون و کارەکانیش مووچەی زیاتریان لێبۆوە، ئەوا تێچووی دەرفەت بەرزدەبێتەوە. ئەگەر فاکتەرەکانی تر یەکسانبن لە نێوان ئەم دوو جۆر وڵاتانە، ئەوا گروپە چەکدارە یاخییەکان لە وڵاتانی هەژار سەرهەڵدەدەن، واتە لەو شوێنانەی کە گەنج هیچی نیە لەدەستی بدات.

ئەو پارەیەی چەکدارێک پەیدای دەکات بریتیە لە قازانج. سوپای یاخیبوو دوو سەرچاوەی پارەی هەیە: یان ئەوەتا پشت بە یارمەتی ئەو خەڵکە دەدات کە پشتیوانی دەکەن (بە خواردن و پەناگەشەوە)؛ یانیش ئەوەتا لە ڕێی چالاکی شەڕانگێزانەی وەک داگیرکردن، ڕفاندن، و فرۆشتنی شتومەکی قاچاغەوە بەرجەستەی دەکات.[15] ئێمە دەتوانین وا وێنای گروپی یەکەم بکەین کە "یاخیبووانێکی ئامانجدارن"، و شەڕ بۆ کۆمەڵگەیەکی گەورەتر دەکەن و پشت بە نیازپاکی هاوڵاتییان دەبەستن. گروپی دووەمیش وا بخەملێنین کە "یاخیبووانێکی چاوچنۆکن"، و لەسەر هاوڵاتییانی خۆیان مشەخۆری دەکەن، پشتیوانێکی میللی کەمیان هەیە، و یاخیبوون وەک ئامرازێک بۆ دەوڵەمەندبوون دەبینن.[16]

ژمارەیەک لە زاناکان دەڵێن کە لەوانەیە ئەو دەستکەوتەی یاخیبووان لە دوای بردنەوە بەسەر هێزەکانی حکومەت چنگیان دەکەوێت، خۆی لە خۆیدا جۆرێک بێت لە جۆشدان. ئەمەشیان ناوناوە باندۆری "گۆزەی هەنگوینی"، بەڵام ئاسۆی دەستەبەرکردنی تاڵانی زیاتر لە دوای ساڵانێکی زۆر لە شەڕکردن، بۆ یاخیبووان یارمەتیدەر نابێت تا ئەو خواردن، و چەک و پێداویستیانە بکڕن کە پێویستیان پێیە. ئەم سێ شتە تەنێ چەند ئامرازێکی ڕۆژانەن و حەزی برسی یاخیبووەکان تێر ناکەن.

بۆیە دەکرێ یاخیبووان پشتگیری دارایی لەو هاوڵاتیانە مسۆگەرکەن کە بڕوایان وایە خۆیان قازانج لە بردنەوەی شەڕەکە هەڵدەکرن: بزووتنەوە هەن بۆ سەرکەوتن لە شەڕی ناوەخۆ و چنینەوەی قازانج لە شەڕەکە، میلیشیا بەکرێ دەگرن. بە پێچەوانەی سەربازان، هاوڵاتییان کاریان هەیە و دەتوانن بەشێک لە دەستمایەکانیان وەک کۆمەکێک بدەن بە یاخیبووان. گەرچی لەوانەیە عەوامەکە درک بە ئەستەمی بردنەوە لە شەڕێکدا بکەن، بەڵام، هێشتاش، گەر ئەو قازانجانەی لە ئەگەری بردنەوەی شەڕەکە دەستەبەری دەکەن بەپێی پێویست زەبەلاح بن، ئەوا خواستی پێدانی چەند کۆمەکیەکیان لە دڵدا بۆ پەیدادەبێت. ڕاستیەکەی وەک ئەوە وایە کە بلیتی یانەسیب بکڕن، بە هیوای ئەوەی گرەوکردنێکی وردیلە لە بەرامبەر ئەگەرە نادیارەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرگای خێریان لێ بکاتەوە.

ئەم چەندوچونەش واتە بۆ پێکهێنانی سوپایەک لە یاخیبووان دوو پێشمەرج هەن: دەبێت تێچووەکان بەپێی پێویست کەم بن، واتە دەبێت وڵاتەکە-بەشێوەیەکی ڕێژەیی- نەداربێت؛ هەروەها دەبێت دەستکەوتەکان زۆر و زەبەن بن، واتە تەمویلی یاخیبووەکان یان ئەوەتا لەلایەن ئەو هاوڵاتییانەوە دەکرێت کە

دەوڵەمەندبوونی خۆیان لە سەرکەوتن لە شەڕەکە دەبینن، یانیش دەبێت یاخیبووەکان پشت بە چالاکیە تاڵانکاریەکانی خۆیان ببەستن.

## ڕۆڵی نەوت

بۆ ئەو هاوڵاتییانەی پەیوەندی بە یاخیبوونێک دەکەن، نەوت دەکرێ کاریگەری لەسەر تێچوو و دەستکەوتەکانیشیان هەبێت.

نەوت، لەڕێی دروستکردنی کاریگەری لەسەر داهاتی هاوڵاتییان، دەکرێ کار لەسەر تێچووەکانی یاخیبوونێک بکات. ئەگەر وەک شیمانەیەکی بچووک بڵێین نەوتی زیاتر داهاتی زۆرتر دەخاتەوە- ئەگەر لەڕێی دەستەبەرکردنی کاریشەوە نەبێت، لە ڕێی بووژانەوەی دەرامەتی حکومەتەوە- ئەوا بە هەمان وێنە ڕێی پەلکێشکردنی چەکدار بۆ یاخیبووان سەختتر دەکات، بەمەش مەترسی شەڕی ناوەخۆ لاوازدەکات.[١٧]

مخابن، نەوت دەکرێ لایەنی ئەرێنی پەیوەندیکردن بە سوپایەکی یاخیبووانیش لە هەسان بدا. بۆ ئەوەی چۆنیەتی ئەم کردارە بەدەرخەم، دەبێت گریمانەکانی مۆدێلەکە تۆزێک شلبکەمەوە. تا هەنووکەش وەهام داناوە کە هاوڵاتیان هەموو پێکدەچن: ئەوان گشتیان سوودی لێکچوو لە حکومەت دەچننەوە، و پشتیوانی و دژایەتیشیان بۆ حکومەت هەر لەسەر قەبارەی ئەم قازانجە مادییانەیە کە وەریدەگرن. من گریمانەی ئەوەی خەڵکەکە هەمان سوود دەچننەوە بە ساغی دەهێڵمەوە، بەڵام ڕێم بدەن دانیشتوانەکە بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەشبکەم: ئەو هاوڵاتیانەی لەو ناوچانە دەژین کە نەوتی تێدا بەرهەمدێت، و ئەو هاوڵاتیانەی لە شوێنەکانی تری وڵات ژین دەکەن.

هاوڵاتیانی کۆمەڵەی دووەم دەبێت پشتیوانی خۆیان بۆ حکومەتە دەوڵەمەند بە نەوتەکە نەپسێننەوە (هەروەک لە بەشی سێیەم کردیان)، چونکە ئەم حکومەتە باجیان لەسەر سووک دەکات و سوودی ماددییان بۆ دەستەبەر دەکات. بەڵام بۆ ئەو هاوڵاتییانەی لەسەر خاکێکی پڕ لە نەوت دەژین، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بژاردەیەکی چاکترە، چونکە ئەو کاتە پشکی هەر تاکێک لە سامانی نەوت زیاتر دەبێت. بە کۆمەکی کردن بە کۆمەڵە چەکدارێک، ئەم عەوامە دەتوانن "یاخیبوونێکی ئامانجدار" بەرپابکەن کە دۆزی سەربەخۆیی هەرێمەکەیان بەرەوپێش ببات.[18]

چی ڕوودەدات ئەگەر حکومەتی ناوەندی خشپەی بزاوتنێکی سەربەخۆخواز هەستپێبکات؟ باشە پێدانی پشکێکی گەورەتر لە دەستمایەی نەوتی ناوچەکەیان، هەناسەی یاخیبوونی ئەم هاوڵاتییانە دەخنکێنێت؟ زۆرێک لە حکومەتەکان بەم ستراتیژیە کاردەکەن و، بڕێکی زۆر لە دەستمایەی کانزایەکان بۆ حکومەتە خۆجێیەکان خەرج دەکەن.[19] بەڵام ئەم ڕێکارانە لە هەموو دۆخێکدا لەبار نین. مەگەر حکومەتی ناوەندی گشت دەرامەتی سووتەمەنی ناوچەکە بۆ حکومەتە ناوەخۆییەکە تەرخان بکات، دەنا هێشتاش هاوڵاتیانی دەڤەرەکە لە کاتی سەربەخۆیی دەوڵەمەندترن. سەرەڕای ئەمەش، گەر حکومەتێک ڕێ بە دانیشتوانی هەرێمێکی وڵات بدات دەستمایەی نەوتی زێدەکەیان پاکی لای خۆیان گلدەنەوە، ئەوا لە ناوچەکانی تری وڵات پشتیوانی لەدەست دەدات. هەروەک ڕوونە، هاوڵاتییانی دەرەوەی هەرێمە نەوتییەکانیش باجی کەم و شایستەی زیاتریان دەوێت.

تەنانەت دەکرێت نەوت چەخماخەی شەڕێکی جوداخواز لێ بدات کە حکومەت تێیدا گورزی یەکەم بوەشێنێت. لە هەر بارێکدا، هەردوولا دەتوانن بە شێوەیەکی ستراتیژی کار بکەن، واتە جووڵەکانیان بەپێی خەمڵاندن بۆ جووڵەی ئەویتریان

بێت. ستراتیژی لایەنی جوداخوازەکان دەکرێ باڵگرتن بێت بەرەو سەربەخۆیی بە ئومێدی ئەوەی سبەی سامانی نەوتییان چنگ بکەوێت. ستراتیژی حکومەتیش دەکرێ بریتیبێ لە پەنابردنە بەر هەڵمەتی سەرکوتکردن و تۆقاندن تا گڕی ئەم بزاوتە سەربەخۆخوازانە بە خامۆشی بمێنێتەوە. ئەم سەرکوتکردنە پێشوەختەیە خۆی لە خۆیدا لەوانەیە شەڕێکی جوداخوازی لێبکەوێتەوە.

چونکە نەوت پتر کار لە هاوڵاتیان دەکا نەک دەوڵەتەکە خۆی، لەوانەیە وەها دەرکەوێت کە دەرامەتی حکومەت ڕۆڵێکی کەمی هەبێت لەم هاوکێشەدا؛ بەڵام لە ڕاستیدا قەبارە و شاراوەیی ئەم داهاتانەیە کە سروشتێکی خەتەرناک بە نەوت دەبەخشن. بێنە بەرچاوی خۆت کە وڵاتێک جۆرێکی نوێی نەوت دەدۆزێتەوە بە خاسیەتگەلێکی ئابووری سەرسوڕهێنەرەوە. بیرە نەوتەکە، وەک هەر بیرە نەوتێکی ئاسایی، هەمان سوودی ئابووری دەستبەردەکات بۆ ئەو خەڵکەی لە هەرێمی بەرهەمهێنانەکە دەژین، و بەلایەنی کەمەوە مشتێک هەلی کاریان بۆ دابیندەکات و بزنسە ناوەخۆییەکانیش دەبووژێنێتەوە؛ بەڵام هیچ دەرامەتێک بۆ حکومەتەکە ناهێڵێتەوە. کەواتە، چونکە بەرهەمی ماددی پیشەسازیەکە پاکی بۆ خەڵکەکە دەگەڕێتەوە، ئەوان بە دەگمەن بەهانەیەکیان دەستدەکەوێت تا جیاببنەوە لە دەوڵەتی دایک. مشت وماڵی نەوتەکەیان لەوانەیە پەیتا پەیتا سوودەکانی جیابوونەوە سەرئاوخات. دەکرێ داهاتی نەوت ژیانێکی شاهانە بۆ خەڵکەکە فەراهەم بکات و لە ناوچەی ترەوە خەڵک بۆ هەرێمەکە ڕابکێشێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تێچووی یاخیبوونیش بەرزدەکاتەوە چونکە هەرێمەکە دەوڵەمەند دەکات و بەمەش خەڵکی لە پەنابردنە بەر چەک خۆدەپارێزن. بێ دەستمایەی حکومی قەبە، خەلکی هەرێمەکە شتێکی کەم لە سەربەخۆیی بەدەستدەهێنن.

سروشتی شاراوەیی ئەم دەرامەتەش هەوێنێکە بۆ شەڕوشۆڕ. خاسیەتی شاراوەیی ڕێگای گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دابەشکردنی دەرامەتەکان لە نێوان حکومەت و جوداخوازان دژوار دەکات. وای دانێ کە بارگرژیەک لە هەرێمێکی نەوتیدا هەیە، و حکومەتی ناوەندیش بە نیازە بە پێدانی بڕێک لە دەستمایەی نەوت بە دانیشتووانی ئەم هەرێمە دۆخەکە هێوربکاتەوە. بێگومان خەڵکی هەرێمەکە زیاتریان مەیلیان بە لای سازاندا دەچێتەوە؛ بەڵام ئەمە تەنها ئەو کاتە ڕاستە کە متمانەیان بە حکومەتەکە هەبێت بەڵێنەکەی بێنێتەجێ. چونکە بڕی ڕاستی دەرامەتەکە تەنیا حکومەت دەیزانێت و بۆ خەڵکی هەرێمەکە نەزانراوە، بۆیە ئەمیان ترسی هەیە تەفرەبدرێت. تەنانەت گەر حکومەتەکە بڕێکی گونجاویشیان بۆ تەرخان بکات، خەڵکەکە ناچنە ژێربار. تاقە ڕێگا بۆ دامرکاندنەوەی عەوامەکە ئەوەیە کە هەست بکەن بڕێکی دادپەروەریان هەیە لە دەستمایەی نەوت، ئەم خاترجەمیەش تەنیا ئەو کاتە بەدیدێت کە خەڵکەکە سەربەخۆ بن؛ بۆیە ئەوان دەستدەکەن بە شەڕ تا ئەم ئامانجە بەدیبهێنن.[٢٠]

تا ئەم پنتە، تەنیا شیتەڵکاریم بۆ ئەو یاخیبوونانە کردووە کە ئامانجدارن، بەڵام بوونی دامودەزگای نەوتی دەکرێ دەرگا بۆ ئەو یاخیبوونانەش بکاتەوە کە لەسەر بنەمای چاوچنۆکی خوڵقێندراون، جا چ جوداخواز بن یان دەسەڵاتخواز. لە جووڵانەوەیەکی وەهادا، یاخیبووان نانیان لە تاوانکاریدایە. ئەوان لە دەرفەتێک دەگەڕێن تا پارە لە نەوتی دزراو یان ڕفاندنی کرێکارەکان پەیدابکەن. هەندێکجاریش داوای خاوە لە کۆمپانیاکان دەکەن لە بەرامبەر ئەوەی هێرشیان نەکەنە سەر یانیش نەیانتۆقێنن. ئەم یاخیبووانە دەکرێ پەلاماری شوێنی تریش بدەن، بەڵام پیشەسازی نەوت بە دیاریکراوی بەوە ناسراوە کە ئامانجێکی لەبار و ئاسانە لەبەر سێ هۆ.[٢١]

یەکەمیان شوێنە. دەزگا نەوتییەکان، بە پێچەوانەی زۆربەی پیشەسازیە گەورەکانی تر، زۆرجار دەکەونە شوێنی دوورەدەست. زۆربەی کۆمپانیا و کارخانە گەورەکان لەو ناوچە هەژارنشینانەنە کە حکومەت ناتوانێت پاراستن و ئاسایشی پێویستیان تێدا بۆ دابین. بەڵام شوێن بژاردەیەکی کراوە نیە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان. ئەوان لەسەریانە بەشوێن نەوت بکەون بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەنگاوەکانیان بۆ چ ناوچەیەکی هەژار و ناسەقامگیریان دەبات. (نەیجەر دێلتا) لە نەیجیریا، ناوچەی (ئاراوکا) لە کۆلۆمبیا، و پارێزگای (ماریب) لە یەمەن چەند نموونەیەکی دیاری ناوچەی مەترسیدارن کە کۆمپانیا نەوتییەکان کاریان تێدا دەکەن.

چونکە ئەو کۆمپانیایانە لە ژینگەی سەخت کاروباریان هەڵدەسوڕێنن، توانای پیشەسازیەکە بۆ کارکردن لە ئینکلەیڤ* -هەروەک لە بەشی دووەم باسکرا- قازانجبەخشە، چونکە ڕێ بە کۆمپانیا نەوتییەکان دەدات بەرگەی هەڵومەرجێک بگرن کە زۆرینەی کۆمپانیاکانی تر زات ناکەن شانی بدەنەبەر. سەرەڕای ئەمەش، ئەم تایبەتمەندیە دەیانخاتە بەردەم ئەو یاخیبووانەی کە سورن لەسەر دەستخستنی پارەی تالانی.[٢٢]

دووەم پەیوەستبوونی کۆمپانیا نەوتییەکانە بەو شوێنانەی کاریان لێ دەکەن. ئەم کۆمپانیایانە کە پێیان لە شوێنێک قایمکرد ناتوانن بە ئاسانی بارگە و بنەیان تێکنێن و بڕۆن، تەنانەت لە دەمی مەترسیشدا. ئەمەش بۆ ئەو وەبەرهێنانانە دەگەڕێتەوە کە لە پێداویستی جێگیر کردوویانە، کە ناتوانرێ بە ئاسانی بگوێزرێنەوە یانیش بفرۆشرێن. بەندی دووەم ئاشکرایکرد کە کۆمپانیاکانی

* وشەکە ئینگلیزیە enclave. بە مانای پارچە خاکێک دێت کە لەناو خاکێکی گەورەتر هەڵکەوتووە و دانیشتووانی لە ڕووی ئیتنیکیەوە جیاوازن (وەرگێڕ).

سووتەمەنی لەوانەیە ملیاران دۆلار لە پڕۆژەیەک خەرج بکەن پێش ئەوەی یەکەم بەرمیل نەوت لە قورگی زەویەکە دەربهێنن، بەڵام هەرگا دەزگایەکە کەوتە کار ناردنی بەرمیلەکان یەک لەدوای یەکەوە لە ڕێی بۆڕیەوە بۆ پاڵاوگەکان پارەیەکی کەمی تێدەچێت، بەمەش کۆمپانیاکان پاڵنەرێکی بەهێزیان دەبێت بۆ مانەوە تا خەرجیە سەرەتاییەکانیان قەرەبووکەنەوە و قازانجە قەبەکانی پیشەسازیەکەش بچننەوە. کۆمپانیاکانی تر باردەکەن و دەڕۆن، بەڵام کۆمپانیا نەوتییەکان هۆکاری بەهێزیان هەیە لە شوێنی خۆیان نەجووڵێن. بۆ مانەوە و ئاسایشیش، زۆرجار دەکەونە گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان-جا سوپای دەوڵەت بێت یان یاخیبووەکان- تا خۆ بپارێزن لە تاڵانکاری و وێرانکاری.

سێیەمیان، وەرگرتنی کرێیە. کارخانە و پیشەسازییەکانی تر، بە تایبەتی ئەوانەی بەرهەمەکانیان لە بازاڕە پێشبڕکێکەرەکاندا ساغدەبێتەوە و بەمەش وردە قازانجێکی پەراوێزیان (margin profit) چنگدەکەوێت. هەر کە کار بکەوێتە تەرخانکردنی خەرجیەکی بەرچاو بۆ ئەمن و ئاسایش ئەگەری زۆرە کارخانە و کۆمپانیاکان کاروبارەکانیان ڕابگرن، بەڵام کۆمپانیا نەوتییەکان لە ناوچە خەتەرناکەکان ڕۆدەچنە کارەکانیان و کرێ وەردەگرن و ئەم خەرجیانە دابیندەکەن: ئەوان دەتوانن یەکەی سەربازی بە کرێ بگرن بۆ پاراستنی دام و دەزگاکانیان، هەروەک چۆن لە ئەندەنووسیا و کۆلۆمبیا و یەمەن دەیکەن؛ دەتوانن لە بەرامبەر ڕفاندنی کرێکارەکانیان پارەیەکی ئێجگار زۆر بدەن، هەروەک لە نەیجیریا و کۆلۆمبیا کردیان؛ و تەنانەت دەتوانن پارە بە یاخیبووان، جەردەکان، و خەڵکە دێهاتیە ناڕازیەکان بدەن تا لە هێرشکردنە سەریان خۆبگرنەوە، هەروەک لە عێراق و سودان و نەجیریا و کۆلۆمبیا باو بووە. بێ کرێیەکە، کۆمپانیا نەوتییەکان ئاستەنگیان تووش دەبێت لە دابینکردنی ئەم خەرجیانە. مخابن، بەردەوامی ئەم کرێیانە، شانبەشانی ویستی کۆمپانیاکان لە

کارکردن لە ناوچە خەتەرناکەکان و خۆقایمکردنیان لەو شوێنانە، دامودەزگا نەوتییەکان دەکەنە ئامانجێکی لەبار بۆ تالآنکاری.

بە گشتی، مۆدێلەکە وای پشاندەدات کە یاخیبوون لە وڵاتە کەمدەرامەتەکاندا پتر سەرهەڵدەدەن وەک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان. هەروەها، ئەوە پشاندەدات کاتێک یاخیبووان پشتگیری دارایی دەکرێن لەلایەن پشتیوانە ناوەخۆییەکان یان پارەیەکی باش لە چالاکیەکی تاوانکاری بە دەستدەهێنن، ئەگەری ڕاپەڕینیان زیاترە. سامانی نەوت دوو لێکەوتەی دژیەکی هەیە: لەلایەک خەڵکی لە بەشداریکردن یاخیبوونەکان سارد دەکاتەوە، چونکە داهاتی تاک بەرزدەکاتەوە؛ لەلاکەی تریشەوە، نەوت تۆوی یاخیبوون دەچێنێت، چونکە سەربەخۆیی بۆ خەڵکی هەرێمە نەوتییەکان دەکاتە خەونێک کە تێیدا بە داهاتی زیاتر دەگەن و سەرچاوەیەکی دارایی حازریش بۆ یاخیبووان فەراهەم دەکات.

کامیان ئەگەری زاڵبوونی زیاترە؟ لێکەوتەی یەکەمیان دەخزێتە نێو تەواوی دانیشتووانی وڵاتەکە چونکە گشت هاوڵاتییانی وڵاتێک لە داهاتی بەرز سوودمەند دەبن، بەڵام لێکەوتەی دووەمیان بەرۆکی هەرێمی نەوتیەکە دەگرێت. لە وڵاتێکی کەم دەرامەتدا، هەر دۆلارێک لە دەرامەتی نەوت شتێک لە داهاتی هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە بەرزدەکاتەوە؛ لە هەمان کاتیشدا، لەسەر خاکی ئەو هەرێمانەی نەوتێکی زۆریان لە ژێردایە دەکرێ ببێتە سەرچاوەیەکی ماددی بۆ یاخیبووان. دەتوانین بڵێین کردەی یاخیبوون پتر سوود لە نەوت دەبینێت گەرچی لەوانەیە دووچاری زیانیشی بکاتەوە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ دانیشتووانی ئەو هەرێمانە ڕاستە کە نەوت بەرهەمدەهێنن.[٢٣]

هەروەها، مۆدێلەکە دەریدەخات کە بڕێکی دیاریکراو لە سامانی نەوت زیاتر وڵاتە کەم دەرامەتەکان دەخاتە مەترسیەوە بە بەراورد بە وڵاتە زەنگینەکان. لە وڵاتێکی

هەژاردا، بیرە نەوتێک کە سەد دۆلار بۆ هەر تاکێک بەرهەمدەهێنێت لە داهاتی نەوت، داهاتی هاوڵاتییان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزدەکاتەوە، و دەبێتە هەوێنی یاخیبوون؛ کەچی لە وڵاتێکی دەوڵەمەندا، هەمان بڕ کاریگەرییێکی وەهای نابێت لەسەر داهاتی تاک و بەمەش نەوت ناتوانێت گرەپێچە با یاخیبوون بکات.

ئەگەر وایدابنێین کە قازانجی پەراوێزی داهات (diminishing marginal returns) لە داکشاندایە، واتە لە هەلومەرجێکدا هەر دۆلارێک بچێتە سەر داهاتی تاک قایلبوونی ئەو خەڵکە لە حکومەت کەم دەکات کە مەیلی یاخیبوونیان هەیە؛ بەڵام هەرگا وڵاتەکە دەوڵەمەند بوو، خەڵکەکەی درک بەوە دەکەن کە زەرەرەکانی یاخیبوون زۆر لە سوودەکانی زیاترە. ئەگەر سامانی نەوتی وڵاتێک لە ئاستێکدا بوو کە بتوانێت وڵاتەکە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون ببات، ئەوا مەترسیەکانی پێکدادان و لێکترازان هێوردەبنەوە. ئەمە واتە پەیوەندی نێوان سامانی نەوت و مەترسی شەڕی ناوەخۆ پەیوەندیەکە لەسەر بنەمانی پیتی (یو)ی ئینگلیزی ڕۆنراوە: تا خاڵێکی دیاریکراو، بەرزبوونەوە لە سامانی نەوت چارەنووسی دەوڵەتە نەوتییەکان دەخاتە مەترسی شەڕ و پێکدادانەوە؛ ئیدی لە دوای ئەو خاڵەوە، ئەم هەڵکشانە لە سامان مەترسیەکان خامۆشدەکات.[٢٤]

بەپێی کات، هەندێ گۆڕانکاری بەسەر ئەو بارودۆخانەدا هاتووە کە بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو یاخیبوونانەی لەسەر نەوت ڕۆنراون. دەستمایەی نەوتی دەوڵەتان لە حەفتایەکانەوە کەم تا زۆر ڕوو لە هەوراز بووە، ئەمەش خەڵکی هەرێمە نەوتییەکانی خرۆشاندووە کە تێکۆشان بکەن بۆ بەرجەستەکردنی حکومەتی سەروەر-ی خۆیان. هەروەها، نرخە بەرزەکانی نەوت لە حەفتایاکان کۆمپانیا نەوتییەکانی ناچار کرد بۆ ناوچە دوورەدەستەکان و مەترسیدارەکان بڕۆن، وەک ئەندەنووسیا، کۆلۆمبیا، نەیجیریا، سودان، و یەمەن. ئەم جێگۆڕکێیەش کۆمەکی بە سەرهەڵدانی هەردوو یاخیبوونە ئامانجدار و ئەو

یاخیبوونانە دەکات کە لەسەر بنەمای چاوچنۆکی هەڵگیرساون. کورتیەکەی ئەوەیە کە لە دوای حەفتایەکانەوە یاخیبوونە گرێدراوەکان بە نەوت هەمیشە مەترسیەکی تەوقیتکراون.

*خشتەی ٥.١: شەڕە ناوەخۆییەکان (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم ژمارانەی خوارەوە گوزارشت لە ڕێژەی سەدی ئەو وڵاتانە دەکەن دووچاری شەڕی ناوەخۆبوونە بە درێژایی ئەم ٥٠ساڵە.

| | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| تەواوی وڵاتەکان لە مێژوودا | ٢.٨ | ٣.٩ | ١.٠** |
| داهاتی کەم (خوار ٥٠٠٠ دۆلار) | ٣.٨ | ٦.٨ | ٣.٠*** |
| داهاتی بەرز (سەروو ٥٠٠٠ دۆلار) | ١.٢ | ١.٤ | ٠.٢ |
| ١٩٦٠-١٩٨٩ | ٢.٤ | ٢.٧ | ٠.٢ |
| ١٩٩٠-٢٠٠٨ | ٣.٦ | ٥.٣ | ١.٧** |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت لە (one-tailed t-test)

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢ وەرگیراون و شیکارکراون.

## هێڵە جیهانییەکانی پێکدادان

زۆرێک لە لێکۆڵینەوە ئامارییەکان بەرهەمهێنانی نەوت بە مەترسی شەڕی ناوەخۆوە گرێدەدەن.[٢٥] باشترین ڕێگە بۆ شیتەڵکردنی ئەم پەیوەندیە هەژمارکردنی ڕێژەی گرژیەکانی ساڵانەی دەوڵەتە نەوتییەکان و بەرخۆرەکانە. لە نێوان ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٦، وڵاتانی بێ نەوت بە تێکڕا ڕێژەی ساڵانەی ٢.٨ و وڵاتانی خاوەن سامانی نەوتیش بە ڕێژەی ٣.٩ تووشی مەترسی بارگرژی بوونەتەوە. بە ڕێژەی سەدی، ئەم جیاوازیە یەکسانە بە لەسەدا ٤٠ (بڕوانە خشتەی ٥.١، ڕیزی یەکەم).

ئەم ژمارە گشتگیرانە چەند جیاوازیەکی گرنگ لەخۆدەگرن. بۆ وڵاتانی زەنگین، بوونی نەوت چ کاریگەرییێکی وەهای لەسەر جۆشدانی شەڕ و ئاژاوە نیە، بەڵام بۆ وڵاتانی کەم دەرامەت و مامناوەند بە ڕێژەی ٨٠ لەسەد ئەگەری شەڕ و پێکدادان بەرزدەکاتەوە (بڕوانە خشتەی ٥.١، ڕیزی دووەم و سێیەم).

دەتوانین لە داتایەکانی سەر هێلکاریە خاڵدارەکانیش (scatterplots) وردبینەوە. هێلکاری ٥.١ گشت وڵاتانی داهات کەم و مامناوەند بە پێی داهاتی نەوتییان (لەسەر هێڵە ئاسۆیەکە)، و ژمارەی ئەو پێکدادانەش کە لەسەر خاکیان ڕوویانداوە لە ١٩٦٠ەوە تا ٢٠٠٦ (لەسەر هێلە ستوونیەکە)، پشاندەدات. ئەوەتان لەیادبێت، ئەگەر نەوت بای ئەوەندە لە ژێر خاک هەبوو کە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان بەرەو ڕیزبەندی هاوتا زەنگینەکانیان ببا (بۆ نموونە سعودیە)، ئەوا نەوت مەترسی شەڕی ناوەخۆ کزدەکاتەوە؛ بەڵام من ئەم نموونە ڕیزپەڕانە لێرە باس ناکەم، چونکە مژاری سەرەکی جارێ وڵاتانی داهات نزم و مامناوەندە. بەرئەنجامەکەش هێڵێکی ڕاست دەردەخات کە بە لاری ڕووەو سەرەوە دەڕوات، ئەمەش واتە، لە ڕیزی ئەم وڵاتانەدا، نەوتی زیاتر واتە پێکداکەوتنی زیاتر.




***هێڵکاری ٥.١: نەوت و شەڕە ناوەخۆییەکان لە وڵاتانی داهات کەم و مامناوەند (١٩٦٠-٢٠٠٦).***

ژمارەکانی سەر هێڵە ستوونیەکە گوزارشت لە ژمارەی شەڕە ناوەخۆییە بچووک و گەورەکان دەکەن لەو وڵاتانەی ئاماژەیان پێدراوە. ئەو وڵاتانە نوێندراون لەسەر هێڵکاریەکە کە داهاتی تاک تێیاندا لە ٥٠٠٠ دۆلار کەمترە. داتاکان لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢ وەرگیراون و شیکارکراون.

خشتەی ٥.٢ لیستی ئەو حەوت دەوڵەتە نەوتیەی تێدایە کە لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٦، زۆرترین زیانیان لە بارگرژی ناوەخۆ بەرکەوتووە.[٢٦] هیچ کیشوەرێک یان ناوچەیەک قۆرخی خشتەکەی نەکردووە: کێشەی نەوت و بارگرژی تایبەت نیە بە ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یانیش یۆراسیا.

ئێراق پلەی یەکەم و ئێران پلەی سێیەمی لە لیستەکە بەرکەوتووە. دەشکرێ، جگە لەو هۆیانەی لە مۆدێلەکە باسکراون، هۆی تریش ڕوونیبکەنەوە بۆ ئەم دوو وڵاتە وەها جەمسەرگیرن بۆ پێکدادان و بارگرژی. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا نەخشەی سیاسی ئێراق و ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە کۆلۆنیەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا کێشراون. ئەم نەخشە تازەیە دروست بوونی چەند دەوڵەتێکی لێکەوتەوە کە، سەرەڕای هەبوونی سامانێکی زەبەلاحی نەوت و گاز، بە تێکهەڵچڕژانی زۆرەملێی گەل و نەتەوەی جیاواز پرۆژەی دەوڵەت بنیاتنانەکەیان تەواو بوو؛ ئەم لێکدانە بە زەبر و زەنگە هەریەک لە ئێراق و ئێرانی کردە مەیدانی شەڕی ناوەخۆ. لکاندنی خاکی کوردان بە سنوورەکانیانەوە ئەوانی خستە ناسەقامگیریەکی بەردەوامی شەڕی جوداخوازیەوە. ئێران جاروبار تووشی بزاڤی جوداخوازی عەرەبەکان و ئازەریەکانیش دەبۆوە، و ئێراقیش لەملاوە تا ئێستاش بە ناکۆکی و بەیەکداکەوتنی شیعە و سونە دەناڵێنێت. چەندین شەڕ لە هەردوو وڵات ڕوویانداوە بۆ ڕووخاندن و دەستبەسەرداگرتنی حکومەتی ناوەندی. نەوت ڕۆڵی سەرەکی لە دانانی بناغەی ئەم دوو دەوڵەتەدا بینی، بۆیە وەک فاکتەرێکی گرنگ دەمێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی ئەو بارگرژیانەی بەردەوام تێیدا دەژین.[٢٧]

*خشتەی ٢ .٥: ئەو دەوڵەتە بەرهەمهێنەرانەی کە هەردەم مەترسی پێکدادانیان لەسەرە (١٩٦٠- ٢٠٠٦).*

ئەمانەی خوارەوە ئەو دەوڵەتە نەوتییانەن کە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٦، زۆرترین ساڵیان لە شەڕی ناوەخۆ بەسەربردووە. لە هەردوو ڕیزی دەستەڕاستدا، بۆ ئەو وڵاتانەی بە دوو ماوە یان زیاتری گرژی گوزەریان کردووە، ئەوا بارگرژیەکان وەک بۆنەی جیا بۆیان هەژمارکراون. لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، بۆ نموونە، بارگرژی ناوچەی باکووری ئێرلەندا بەسەر دوو شەڕی

دابڕاودا دابەشکراوە: یەکێکیان لە ١٩٧١ەوە بۆ ١٩٩١، و ئەوەی تریشیان لە ١٩٩٨.

| | ماوەی شەڕی ناوەخۆ (بە ساڵ) | ساڵانی شەڕی ناوەخۆیی قورس | ژمارەی شەڕەکانی سەر دەسەڵات | ژمارەی شەڕە جوداخوازیەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئێراق | ٣٧ | ٢١ | ٥ | ٣ |
| ئەنگۆلا | ٢٦ | ٢٤ | ٢ | ٣ |
| ئێران | ٢٤ | ١٠ | ٥ | ٥ |
| جەزائیر | ١٦ | ٩ | ١ | ٠ |
| ڕووسیا | ١٤ | ٦ | ١ | ٥ |
| بەریتانیا | ١٣ | ٠ | ٠ | ٢ |
| کۆماری کۆنگۆ | ٦ | ٢ | ٣ | ٠ |

داتاکان لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢ وەرگیراون و شیکارکراون.

**گۆڕانکاریەکان بە درێژای کات**

دیاردەی شەڕی ناوەخۆ لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا لە دوای ساڵی ١٩٨٠ەوە تەواو هەڵکشاوە. بۆ ڕاڤەکردنی ئەم چەکەرەکردنە، سەیری سێ پێکهاتەی سەرەکی ئەم سەمتە (trend) دەکەین لە وێنەکەی خوارەوە.




*هێڵکاری ۲.٥: وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری نەوت لە بەرامبەر بارگرژیە ناوەخۆییە تازەکاندا (١٩٦٥-٢٠٠٦).*

ئەم هێڵانە گوزارشت لە ڕێژەی سەدی وڵاتانی خاوەن نەوت (بازنەی پڕ) و بێ نەوت (بازنەی بۆش) دەکەن لە گیرۆدەبوونیان بەدەست شەڕی ناوەخۆوە لەو ماوەیەی ئاماژەی پێدراوە. ئەو وڵاتانەی کە بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ دۆلاریان بۆ هەر تاکێک هەیە لە داهاتی نەوت (لە ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیردا)، بە بەرهەمهێنەری نەوت پۆلێنکراون. داتاکان لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢ وەرگیراون و شیکارکراون.

یەکەم، ڕێژەی پێکدادانە نوێیەکان لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بۆ سەرەتای نەوەتەکان، بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەرزبۆتەوە و

دواتر داپەڕیوە (سەیری هێلکاری ٥.٢ بکە). ئەم هەڵبەز و دابەزە بەشێکی پەیوەندی بە نەوتەوە نەبووە، و تەنها ڕەنگدانەوەی شەپۆلێکی لاساری شەڕی ناوەخۆ بووە کە لە شەستەکانەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ژیانی سیاسی چەندان نەتەوەی تەنیبوو و لە ٢٠٠٥دا هێوربۆوە. بەڵام سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی ئەم شەپۆلە جیهانیە گشتگیرە لە شرۆڤەکاریەکەماندا، ژمارەی پێکدادانەکان تەنها لە دەوڵەتەکانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەتەکان بەردەوام لە هەوادا چەرخەی داوە. لە پێش ساڵی ١٩٨٠وە، دەوڵەتە نەوتییەکان لە کەشێکی هێورتردا بوون بە بەراورد بە هاوتا بێ نەوتەکانیان. هەرچۆنێک بێت، لە دوای ١٩٨٠وە، دەوڵەتە نەوتییەکان کەوتنە نێو کانگای مەترسی شەڕی ناوەخۆوە.[٢٨]

دەتوانین بە دابەشکردنی ماوەی دراو بۆ دوو بەش پێکهاتەی دووەمی سەمتەکە شەنوکەو بکەین. گەرچی جیاوازی ڕێژەی پێکدادان لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەر و بەکاربەرەکاندا لە ١٩٨٠وە دەست بە شەقبوون دەکات، خەرەندی جیاوازییەکان لەدوای ١٩٩٠وە تەواو فراوان دەبێت، واتە کاتێک کۆتایی جەنگی سارد ئاستی پێکدادانی لە دەوڵەتانی بێ نەوتدا تەپاند.[٢٩] خشتەی ٥.١ دەریدەخات کە، لە ١٩٦٠وە بۆ ١٩٨٩، جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان دەوڵەتە بەرهەمهێنەر و بەکاربەرەکاندا لە ڕووی ڕێژەی بارگرژیەوە نیە. لە ١٩٩٠ بەولاوە، دەوڵەتە نەوتییەکان ٥٠ لەسەد بارگرژی ناوەخۆییان زیاتر بینیوە بە بەراورد بە ئەوانی دیکە.

چۆن ئەم سەمتە کاریگەری لەسەر *ژمارەی ڕاستەقینەی* ئەم پێکدادانە دەبێت کە پەیوەندیان بە نەوتەوە هەیە؟ ژمارەی پێکدادانە ناوەخۆییەکان لە جیهانی بەرهەمهێنانی نەوتدا دەرهاوێشتەی دوو شتە: ڕێژەی پێکدادانەکان لە دەوڵەتە نەوتییەکان، و ژمارەیان.

بەندی یەکەم ئاماژەی بە چەکەرەکردنی ژمارەی دەوڵەتە نەوتییەکان کرد لە دوازدە دانەوە بۆ پەنجاوحەوت لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ٢٠٠٦دا (بڕوانە لای چەپی هێڵکاری ١.٢). ئەمە لێکەوتەی نرخە هەڵکشاوەکەی نەوتبوو لەم ماوەیەدا، کە لە ٨ دۆلارەوە بۆ ٥٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرزبۆوە (دوای هەڵئاوسانی ئابووری). هەروەها دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی جوگرافی نەوت بوو: هەر لەم ماوەیەدا، ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ساڵانە بە لایەنی کەمەوە یەک تۆن نەوتییان بۆ هەر تاک بەرهەمدەهێنا (نزیکەی ٧.٣ بەرمیل)، لە نۆزدەوە بۆ سی بەرزبۆیەوە.

جۆری ئەو دەوڵەتانەشی کە نەوت و گازیان بەردهەمدەهێنا بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەرداهات. زۆربەی بەرهەمهێنەرە نوێیەکان داهاتیان کەمتربوو لەوانی تر: هەر کە ژمارەی دەوڵەتە نەوتییەکان زیادیکرد، داهاتی ناوەندیان لە سەرووی ٦٠٠٠ دۆلارەوە بۆ هەر تاکێک لە ساڵی ١٩٧٠، بۆ ٣٠٠٠ دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٤ دابەزی (سەیری لای ڕاستی هێڵکاری ١.٢ بکەن). پیشەسازی نەوت پەیتا پەیتا لە دەوڵەتە هەژار و مامناوەندەکانیش بڵاوبۆوە؛ سامانی نەوت بۆ ئەم دەوڵەتانە زۆرجار مەترسیدارترە بە بەراورد بە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان. ئەم گەڵاڵەبوونەی پیشەسازی نەوت لەم ماوەیەدا لەنێو دەوڵەتانی جۆراوجۆر، ڕێژەی پێکدادانی ناوەخۆی لە دەوڵەتە نەوتییەکان بەرەو ئاستێکی مەترسیدار برد.[٣٠]

لە سەرەتای شەستەکان تا سەرەتای هەشتاکان، ڕێژەی پێکدادان لە دەوڵەتە نەوتییەکان و ژمارەی ئەو دەوڵەتانە بە شێوەیەکی هاوتەریب بەرزبوونەوە، و دوو قۆڵی لە زیادبوونی ژمارەی یاخیبوونەکان لە دنیای بەرهەمهێنانی نەوتدا ڕۆڵیان بینی. بەڵام، لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ٢٠٠٦، هەرگا هەڵکشانە بلەزەکە و داپەڕینە لەناکەوەکەی ڕێژەی پێکداکەوتن بە داکشان و بەرزبوونەوەی دواتری ژمارەی بەرهەمهێنەرەکان هاوسەنگکرا، کەم تا زۆر ئەو پێکداکەوتنانەی لەسەر

نەوت ڕۆنراون وەک خۆیان مانەوە (بڕوانە هێڵکاری ٣.٥). خاڵی وەچەرخان لە سەروبەندی ساڵی ١٩٨٠دا ڕوویدا: لە ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٩، دنیای بەرەهەمهێنانی نەوت نزیکەی سێ شەڕی ناوەخۆی بەخۆوە دەبینی لە هەر ساڵێکدا، بەڵام لە ١٩٨٠ەوە بۆ ٢٠٠٦، ئەم ژمارەیە بۆ تێکڕای ٧.٥ شەڕ بۆ هەر ساڵێک بەرزبۆوە.[٣١]

سەمتی سێیەم زیادبوونی نەپساوەی بەشە پێکدادانی چەکداری بوو لەو وڵاتانەی نەوت بەرهەمدەهێنن. گەرچی ژمارەی ئەم پێکدادانە لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا لە پاش ساڵی ١٩٨٠ وەک شەست و حەفتایەکان ماوەتەوە، بەڵام ژمارەی پێکدادانەکان لە دەوڵەتە بەکاربەرەکاندا لە ٢٨ دانە لە ١٩٩٢، بۆ تەنێ ١٤ دانە لە ٢٠٠٦ داپەڕیوە.

ئەگەر تیشکەکە بخەینە سەر شەڕە ناوەخۆییە گەورەکانێ ئەو شەڕانەی سەروو هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە لە هەر ساڵێکێ ئەوا دەبینین ئەنجامەکان هەژێنەرترن. لە نێوان ساڵی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٦، ژمارەی شەڕی ناوەخۆ لەناو گشت دەوڵەتانی دنیادا، لە حەڤدەوە بۆ پێنج دابەزێ واتە سەروو ٧٠ لەسەد. بەڵام ئەم پێشڤەچوونە تەنیا لە وڵاتانی بێ نەوتدا ڕوویدا، کە ژمارەی شەڕە ناوەخۆییە گەورەکاندا تێیاندا، لە چواردەوە بۆ دوو دابەزی. ئەم چەشنە شەڕانە لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا، سەرەڕای هەڵبەز و دابەزیان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، بە گشتی بۆ سێ دانە لە هەر ساڵێک مانەوە تا ٢٠٠٦.




*هێڵکاری ٣ .٥: ژمارەی ئەو دەوڵەتە خاوەن نەوت و بێ نەوتانەی کە لە شەڕی ناوەخۆدان (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم سێ سەمتە پێکڕا پێماندەڵێن بۆچی زۆربەی پێکدادانە چەکدارییەکان لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا ڕوودەدەن: چونکە ئەو دەوڵەتانە جەمسەرگیرن بۆ بارگرژی، ژمارەیان لە زیادبووندایە، و لەملاشەوە هاوتا بێ نەوتەکانیان بە دەگمەن نەبێ خۆیان لە کەناری بارگرژی نەداوە و ژمارەشیان کەمترە. هێڵکاری ٥.٤ سەمتەکە دەنوێنێت: لە ١٩٦٠ەوە بۆ ٢٠٠٦، تێکڕای شەڕ و پێکدادانەکان لە تەواوی وڵاتانی بەرهەمهێن لە ١٠ بۆ ٤٠ لەسەد هەڵکشا. داتاکان لە (گلێدیتچ-٢٠٠٢ وەرگیراون و شیکارکراون.

تا چ ڕادەیەک نەوت وڵاتان بەرەو کەناری شەڕی ناوەخۆ دەبات؟ دەکرێ، بۆ ئەم پرسیارە، هەمدیسان ڕێژەی پێکدادانەکانی دەوڵەتە نەوتییەکان و دەوڵەتانی تر بەراوردبکەین، بەڵام لە ژێر هەڵومەرجی جیادا (بڕوانە هێڵکاری ٥.٥). لە ڕیزی گشت وڵاتانی دنیادا، بێ لەبەرچاوگرتنی داهات و لە ساڵی ١٩٦٠ەوە، ڕێژەی پێکدادان لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا ٤٠ لەسەدا زیاتربووە؛ لە دوای شەڕی ساردەوە لە ١٩٩٠، ئەم ڕێژەیە بۆ ٥٠ لەسەد بەرزبۆوە؛ لە پۆلی گشت وڵاتە کەم دەرامەتەکانیشدا لە دوای ١٩٦٠ەوە، دەوڵەتە نەوتییەکان ٧٥ لەسەدا شەڕ و شۆڕی ناوەخۆییان زیاتر بینیوە؛ و هەر لە ڕیزی ئەم وڵاتانەشەوە لە دوای ١٩٩٠، ئەم ڕێژەیە دووقات بووە.




*هێڵکاری ٥.٤: ڕێژەی سەدی ململانێیە بەردەوامەکان لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم ژمارانە گوزارشت لە ڕێژەی سەدی پێکدادانە چەکدارییەکانی دنیا دەکەن کە لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا هەن. داتاکان لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢ وەرگیراون و شیکارکراون.

## چۆن نەوت پێکدادان دروست دەکات؟

هەرگیز ئاسان نیە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. ئەگەر تەنها بڵێین وڵاتێک ترومپا لە هەناوی خاکەکەی دەدات و نەوت دەردێنێت و پاشانیش شەڕی ناوەخۆ لە چارەنووسی دەنووسرێ، ئەوا پەیوەندی نێوان ئەم دوو ڕاستیەمان تەواو شیتەڵ نەکردووە. شەڕە ناوەخۆییەکان هێشتا حاڵەتن و نەبوونەتە دیاردە، بۆیە ناکرێ بە ئاسانی بخرێنە بەر لێکۆڵینەوەیەکی دانسەقە و سیستەماتیک. هەروەها، ئەم جۆرە پێکدادانە پتر لە وڵاتانی هەژاردا ڕوودەدەن، واتە لەو شوێنانەی زۆرجار داتا و زانیاری دروست وەرناگیری یانیش باوەرپێکراونین. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانەش، چەندان بەڵگە هەن لە لێکۆڵینەوەی بەپێز لەسەر پرسە گەرمەکانی تایبەت بە نەوت هەڵێنجدراون. ئەم بەڵگانە دەریدەخەن کە نەوت هەمیشە هەوێنێک بووە بۆ جۆشدانی بزاڤە جوداخوازەکان، و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دارایی بووە بۆ یاخیبووەکان. هەروەها، تاقیکردنەوەیەکی سادە هەیە کە پێماندەڵێت هیچ ئەرگومێنتێکی بەدیل بەدەر لەمانەی خستمانەڕوو ناتوانێت هۆکاری ئەو شەڕە ناوەخۆییانە ڕاڤە بکات کە بە هۆی نەوتەوە سەریان هەڵداوە.

## ئەرگومێنتە بەدیلەکان

خاڵێکی هاوبەشی ئەرگومێنتەکان ئەوەیە کە، لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکاندا، شەڕە ناوەخۆییەکان بە هۆی کارتێکەری "گۆزە هەنگوینەکە" دەوروژێندرێن: لەگەڵ دەستخستنی دەرامەتی زیاتری نەوت، حکومەتەکان لە پێش چاوی یاخیبووان دەبنە "گۆزەی هەنگوین" و پەلاماردەدرێن.[٣٢] بەڵام ئەم بۆچوونە خەوشدارە. کاتێک یاخیبووە چاوبرسییەکان چاویان دەبڕنە چەشەی سامانی نەوتی وڵاتی خۆیان و تاڵانکردنی دەکەنە بژاردە، دۆڕاندن و کوشتنی خۆشیان لەبەرچاوە لە هەمان کاتدا. تەنانەت پشتیوانانی یاخیبوونێک زۆرجار لە چارەنووسی ئەو پارەیە ڕادەمێنن کە لە یاخیبوونەکە خەرجی دەکەن: ئەو پارەیەی دەکەوێتە سەر ڕێی هات و نەهات و لە تاڵانکاریەکە دەستدەکەوێت، لەوانەیە قەرەبووی تێچووی ڕۆژانەی یاخیبوونەکە نەکاتەوە. هەروەک دەزانین، ئەم خەرجییانە زۆرجار بۆ چەند ساڵێک بەردەوام دەبن.[٣٣]



*هێڵکاری ٥ .٥: ڕێژەی ساڵانەی بارگرژیەکان لە وڵاتە بەرهەمهێنەر و بەکاربەرەکاندا (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم تووڵانە ڕێژەی ساڵانەی پێکدادان لە دەوڵەتە نەوتییەکان (تووڵە ڕەشەکان) و نانەوتییەکان (تووڵە ڕەساسیەکان) پشاندەدا. داتایەکە تەواوی ماوەکە (١٩٦٠-٢٠٠٦)، یانیش ماوەی دوای جەنگی سارد (١٩٩٢- ٢٠٠٦) دەتنێتەوە. وڵاتە کەم داهاتەکان ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە داهاتی تاک لە ٥٠٠٠ دۆلار کەمترە (لە ٢٠٠٠ دۆلار جێگیرم کردووە). گشت جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەتە نەوتی و نانەوتییەکان وردبینی ئاماریان لە t-test بەدەستهێناوە.

ئەرگومێنتی بەربڵاوی دووەم ئەوەیە کە سامانی نەوت دەوڵەت و دامەزراوەکانی لاوازدەکات، بەمەش حکومەت دەکاتە نێچیرێکی لەبار بۆ پەلاماردان. (فیرۆن) دەڵێت:

"ئەو دەوڵەتانەی دەرامەتێکی زەبەلاحی نەوتییان هەیە خەم لە سەپاندنی دەسەڵاتەکانیان لە تەواوی وڵاتەکە نادەن، و بیر لە کارامەیی ناکەنەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت. بەمەش، لە کاتێکدا دەستمایەی نەوت حکومەتان بە داهاتی دارایی کۆمەک دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی یاخیبووان، لە هەمان کاتیشدا دەوڵەت و دامودەزگا بیوکراتیەکانیان لەرزێو دەکات بە بەراورد بەو وڵاتانەی هەمان داهاتیان هەیە و بەڵام بێ سامانی نەوتین." [٣٤]

ئەم دوو تیۆریە تەواو بەیەکەوە گرێدراون: بەپێی ئەرگومێنتی "گۆزە هەنگوینەکە"، یاخیبوون لەو دەوڵەتانەی دەوڵەمەندن ڕوودەدات چونکە یاخیبووان چاویان لە خێر و بێری پیشەسازیەکە بڕیوە؛ بەپێی ئارگومێنتی "دەوڵەتی لاواز"یش، یاخیبووان بۆیە دەبزوون چونکە ڕوخاندنی حکومەتێکی لاواز سانایە و تێچووی کەمە.

کۆتا تیۆریش بریتیە لەوەی نەوت دەستی دەرەکی بۆ ناوەوەی وڵات پەلکێش دەکات – هەروەک چۆن ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣دا بۆ بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی هاتە ئێراق- سەرئەنجام شەڕە چەکداریەکان گڕ دەدات. دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە چاویان لە دەوڵەتە نەوتییەکان بڕیوە، وەک کۆلۆنی حوکمیان کردوون، و لە دوای ئازادیشیانەوە حکومەتی وەهایان دامەزراندووە کە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن. ئەگەر پرسی دەستێوەردانەکانی ئێراق لە ٢٠٠٣ و لیبیا لە ٢٠١١ لێدەرکەین، بە گشتی ئەم چەشنە دەستێوەردانانە لە دوای شەستەکانەوە کەمیانکردووە؛ گەرچی ڕێژەی پێکدادانەکان لە دنیای نەوتیدا لە شەستەکانەوە هەمیشە ڕوو لە هەورازبووە.[٣٥]

ئەم سێ ئارگومێنتە خاڵێکی یەکتربڕینیان هەیە: هیچیان شوێنی بیرە نەوت یا گازی وڵاتێک باس ناکەن. ئەگەر ئەو بەرسڤانە ڕاست بن، ئەوا ئەو دەزگا نەوتییانەی لەسەر وشکانی و دەریاکاندا هەڵکەوتوون دەبێت بە هەمان بڕ کاریگەریان لەسەر پێکدادانەکان هەبێت. کەواتە هەردووکیان بە یەکسانی ڕۆڵیان هەیە لە گەورەکردنی "گۆزەی هەنگوین"ی وڵاتێک، کەمکردنەوەی توانای حکومەتێک بۆ بەرگریکردن لە خۆی، یانیش زیادکردنی دەستێوەردانی دەرەکی؛ بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە. ئەگەر نەوت گڕی بزاڤە جودازخوازەکان بدات و گیرفانی یاخیبووەکان پڕ پارە بکات، ئەوا تەنێ ئەو کاتە نەوت بارگرژی دەخوڵقێنێت کە لە هەناوی وشکانیدایە. ئەگەر نەوت لەناو دەریا بێت، ئەوا نە جوداخوازان نە یاخیبووە چڵێسەکان ناتوانن دەستیان پێبگات[٣٦].




***هێڵکاری ٦ .٥: ڕێژەی ساڵانەی پێکدادانە ناوەخۆییەکان بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافی نەوت (١٩٦٠-٢٠٠٦).***

ئەم تولانە گوزارشت لە ڕێژەی ساڵانەی پێکدادانە ناوەخۆییەکان دەکەن لە نێوان ساڵی ١٩٦٠ و ٢٠٠٦. سەرنجەکە لێرە لەسەر ئەو وڵاتانەیە کە لەناو ئاو و لەسەر وشکانی نەوت بەرهەمدەهێنن، ئەوانەی تەنیا لەسەر وشکانی بەرهەمیدەهێنن، ئەوانەی لەناو ئاو بەرهەمیدەهێنن، و ئەو وڵاتانەشی کە هیچ نەوت بەرهەمناهێنن. داتاکانی تایبەت بە پێکدادانەکان لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢ وەرگیراون، و داتاکانی شوێنی نەوتیش لە (لوالا) و (ڕێد) و (تیم)- ٢٠٠٧ و US Geological) (Survey، دواتر شیکاری ئامارییان بۆ کراوە.

زانا نەرویژیەکانی وەک (پەیڤی لوالا)، (جان کیتل ڕۆد)، و (نادیا تیمی خۆشبن)، داتاسێتێکیان لەسەر شوێنی بیرە نەوت و بیرە گازەکان دروستکردووە،

و بە هۆی ئەم داتاسێتەوە، دەتوانین مەودای دروستی ئەم ئەرگومێنتانە شەنوکەو بکەین.[٣٧] لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٦دا، نەوەدوپێنج وڵات لەسەر وشکانی، و پەنجاوهەشت وڵاتیش لەناو ئاودا نەوت و گازیان بەرهەمهێناوە. هەر لە هەمان ماوەشدا، چلوحەوت وڵات لە هەردوو پێگەدا نەوتییان دەرهێناوە.

هێڵکاری ٥.٦ بەراوردی ڕێژەی پێکدادانەکانی چوار دەستە لە دەوڵەتەکان دەکات: ئەوانەی کە سامانی نەوتییان پاکی لە ژێر ئاودا هەڵکەوتووە، ئەوانەی تەنێ لە وشکانیدا نەوت دەردەکێشن، ئەوانەی هەردوو ڕێگە بەکاردەهێنن، و ئەوانەشی کە هیچ نەوتییان نیە. ئەنجامەکان پێماندەڵێن دەستەی یەکەم و سێیەم هەمان ڕێژەی پێکدادانیان هەبووە. بەڵام ئەوانەی کە دەزگاکانیان دوور لە کەنارەکان بەگەڕخستووە زۆر لە شەڕ و شۆڕ دووربوونە، لە ڕاستیدا، ڕێژەی ململانێیەکان شتێک لەو وڵاتانەش کەمترە کە هیچ نەوتێکیان نیە. بەرهەمهێنانی نەوت دوور لە کەنارەکان دەوڵەتان بەرەو لێڕەواری شەڕی ناوەخۆ نابات. شیکارێکی ئاماری لە پاشبەندی ٥.١ ئەم گریمانەیە ساغدەکاتەوە.

ئەم داتایە تەواو لەگەڵ کۆمەڵێک لەم لێکۆڵینەوە هاوچەرخانە یەکدەگرێتەوە کە، لە *ناوەخۆی وڵاتەکاندا،* بەند و باوێکی ئەستووریان لە نێوان شوێنی پێکدادانە چەکدارییەکان و شوێنی نەوتەکە بەدیکردووە. هەرگا بیرەکانی نەوت و گاز لە زەمینەیەکی جەنگ هەڵکەوتن، ئەوا گڕی پێکدادانەکان بە جۆشتردەبێت، بە تایبەت ئەگەر ناوچەکە هەژار بێت.[٣٨] هەروەها، قوربانیەکان پتر دەبن و شەڕەکە زیاتر دەخایەنێت.[٣٩]

ئەم لێکۆڵینەوانە جەخت لە گرنگی شوێنی نەوت دەکەنەوە. دەریدەخەن کە نەوت ڕەوشتی یاخیبووان دەگۆڕێت، نەک حکومەتەکان.

## ئەو بزاوتە جوداخوازیانەی بە هۆی نەوتەوە جۆشدەدرێن

خشتەی ٥.٣ شازدە جوڵانەوەی جوداخوازی پشاندەدات کە لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠١٠دا لەو شوێنانە سەریانهەڵداوە کە بە نەوت دەوڵەمەندن[٤]. دوو هێڵی پان لەم خشتەدا بەدیدەکرێن. یەکەم، مەترسی سەرهەڵدانی بزاوتی جوداخوازی لە وڵاتە هەژارەکان زۆرترە، بە بەراورد بە وڵاتە دەوڵەمەندەکان. گشت بارگرژیەکان ئەو وڵاتانەیان ڕاپێچیوە کە داهاتی تاک تێیاندا لە ٢١٠٠ دۆلار کەمترە، بەڵام لەم دەستەدا یازدەیان داهاتی تاک تێیاندا خوار ١٠٠٠ دۆلارە. وا دیارە ئەو وڵاتانەی داهاتیان بۆ هەر تاکێک سەروو ٢١،٥٠٠- واتە لە دەوروبەری ئاستی ئوردن و ئیل سێلڤادۆر- کەمتر دەکەونە بەر پەلاماری ئەو شەڕە جوداخوازیانەی لەسەر نەوت ڕۆنراون.

*خشتەی ٥.٣: پێکدادانە جوداخوازیەکان لەو هەرێمانەی نەوت بەرهەمدەهێنن (١٩٦٠- ٢٠١٠).*

لەم خشتەی خوارەوە ئەم پێکدادانە جوداخوازییانە ئاماژەیان پێدراوە کە لە نێوان ساڵی ١٩٦٠ و ٢٠١٠دا ڕوویانداوە، و تێیاندا گروپە چەکدارەکانی هەرێمە نەوتییەکان بەرخۆدانیان بۆ سەربەخۆیی کردووە. *داهاتی وڵات* بۆ ئەو ساڵەیە کە پێکدادانەکە ڕوویداوە، ئەگەر زانیاریش لەسەر وڵاتێک بەردەست نەبووبێت، ئەوا نزیکترین ساڵ-م لە پێکدادانەکە وەرگرتووە. ژمارەکان بە گوێرەی ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر بۆ هەر تاکێک داندراون.

| وڵات | ساڵانی پێکدادان | داهاتی وڵات | هەرێم |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەنگۆلا | ١٩٥٧-٢٠٠٧ | ١،٠٧٣ دۆلار | کابیندا |
| بەنگلادیش | ١٩٧٤-١٩٩٢ | ٢٤٣ دۆلار | چیتاکۆنگ هێلس |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چین | ١٩٩١- | ٤٢٢ دۆلار | ژینژیانگ |
| هیندستان | ١٩٩٠- | ٣١٧ دۆلار | عەسام |
| ئەندەنووسیا | ١٩٧٥-٢٠٠٥ | ٣٠٣ دۆلار | ئاکە |
| ئێران | ١٩٦٦- | ١،٠٥٣ دۆلار | کوردستان |
| ئێران | ١٩٧٩-١٩٨٠ | ١،٠٧٤٧ دۆلار | عەرەبستان |
| ئێراق | ١٩٦١- | ٢،٩٦١ دۆلار | کوردستان |
| نەیجیریا | ١٩٦٧-١٩٧٠ | ٢٦٧ دۆلار | بیافرا |
| نەیجیریا | ٢٠٠٤- | ٤٣٨ دۆلار | نایجەر دێلتا |
| پاکستان | ١٩٧١ | ٢٧٥ دۆلار | بەنگلادیش |
| پاکستان | ١٩٧٤-١٩٧٧ | ٢٨٠ دۆلار | بەلوجستان |
| ڕووسیا | ١٩٩٩-٢٠٠١ | ١،٦١٣ دۆلار | چیچان |
| تورکیا | ١٩٨٤- | ٢،٠٩١ دۆلار | کوردستان |
| سودان | ١٩٨٣-٢٠٠٥ | ٢٩٣ دۆلار | باشووری سودان |
| یەمەن | ١٩٩٤ | ٤٤٣ دۆلار | باشووری سودان |

داتای پێکدادانەکان لە لە (گلێدیتچ)-٢٠٠٢، داتای داهات لە (بانکی جیهانی)-٢٠١٠، و داتاکانی تر لە (مادیسۆن)-٢٠٠٩ وەرگیراون.

هەروەها، لەم شازدە پێکهەڵپژانەدا پازدەیان لەو ناوچانە سەریانهەڵداوە کە کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکانی تێیدا دەژین.[٤١] ئەمە واتە بوونی سامانی نەوت تاکە هۆکار نیە بۆ لێدانی چەخماخەی بزووتنەوە جوداخوازیەکان. هەرگا ئەم سامانە بەرامەی بوغزێکی کۆنی ناکۆکی نەتەوەیی و ئایینی بۆ هات، ئەوا ئاگرەکەی بەجۆشتردەبێت. هەرچەندە مۆدێلەکەی من لەسەر شەڕی ناوەخۆ ڕۆدەچێتە نێو شیکارکردنی خاسیەتە ئابوورییەکانی نەوت، و بە ئەنقەست لە

باسکردنی ناکۆکیە نەتەوەیاتیەکان خۆی دوورە پەرێز دەگرێت، بەڵام ئەم ناکۆکیانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە خرۆشاندنی جوڵانەوە جوداخوازییەکان لە دنیای نەوتدا.

باشە چۆن بزانین ئەوە یاخیبووە ئامانجدارەکانن یان یاخیبووە چڵێسەکانن کە ڕابەرایەتی ئەم جووڵانەوانە دەکەن؟ بێگومان، یاخیبووە ئامانجارەکان بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشن، و یاخیبووە چڵێسەکانیش سەروکاریان لەگەڵ تاڵانکاریدایە. دەتوانین لە کات و ساتی یاخیبوونەکان وردبینەوە. گەرچی زۆرینەی ململانێیەکان لە وڵاتانی نێو خشتەی ٥.٣ دوای بەرهەمهێنانی نەوت سەریانهەڵداوە، بەڵام شەڕە ناوەخۆییەکانی بەنگلادیش، نەجیریا (بیافرە)، ئەندەنووسیا، سودان، و یەمەن ڕاستەوخۆ دوای دۆزینەوەی نەوت هەڵگیرساون، واتە بەر لەوەی حکومەتەکانیان لەسەر دەستمایەی نەوت هەڵتروشکێن و هیچ شتێک نەبووە تا بدزرێت یان تاڵان بکرێت. لێکۆڵینەوە دانسەقەی (لوالا) دەریدەخات کە هەر دۆزینەوەی مادە هایدرۆکاربۆنییەکان لە ناوچە نەوتییەکان بەسە تا درێژە بە ململانێیەکان لەو دەڤەرانە بدات ، جا با بەرهەمهێنانیش دەستی پێنەکردبێت.[٤٢]

تێڕوانینێکی تێر و تەسەل لە شەڕی ناوەخۆیی پارێزگای (ئاکە) لە ئەندەنووسیا، و باشووری سودان، پێمان دەڵێت کە بۆچی سامانی هایدرۆکاربۆنی- تەنانەت پێش بەرهەمهێنانی و سەرەڕای ئامادەنەبوونی دەرامەتەکەی- دەکرێ هانی بزووتنەوە جوداخوازییەکان بدات. ئەم دوو نموونەیە دوو ڕێگای نوێمان پشاندەدەن لەمەڕ کاریگەری نەوت بەسەر بزووتنەوە جوداخوازییەکانەوە. لە باسی ئەندەنووسیادا، دەبینین چۆن نەوت سوپایەکی دامەزراو بۆ یاخیبووان دەستەبەردەکات؛ لە باسی سودانیشدا، دەبینین چۆن نەوت کوتەکی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی پێشوەختە بە زەبر دەکات.

**جوداخوازی لە پارێزگای ئاکە**

ئاکە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئەندەنووسیا، و بە دیاریکراوی لە باکووری دوورگەی سوماترا هەڵکەوتووە. موسوڵمانەکان زۆرینەن لە ئاکە، و تەواو پەیوەستیشن بە ئاینەکەیانەوە، و زمانێکی جیاوازییان هەیە. توندوتیژی سیاسی چەند جارێک بەرۆکی ئەم پارێزگایەی گرتووە. لە نێوان ساڵانی ١٨٧٣ و ١٩٠٣دا، ئاکەی میرنشینی سەربەخۆ بەرخودانێکی بێوێنەی بەرامبەر بە لەشکری داگیرکەری هۆڵەندی تۆمارکرد. ئەم سی ساڵە لە مێژووی ئاکە پڕاوپڕ بوو لە شەڕ و شۆڕی خوێناوی. گەرچی زۆرینەی خەڵکانی ئاکە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو پشتیوانیان لە سەربەخۆیی کۆماری ئەندەنووسیا کردووە، بەڵام لە نێوان ١٩٥٣ بۆ ١٩٦٢دا ئاکە مەڵبەندی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریە بوو کە داوای سەربەخۆیی زیاتری هەرێمی و تێئاخنینی زیاتری ناوەڕۆکی ئیسلامییان دەکرد لە سیستەمی سیاسی وڵات.

بەر لە چەند مانگێک لە دەستبەکاربوونی کۆمپانیایەک بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە پارێزگای ئاکە لە ساڵی ١٩٧٦، (بزاوتی ئازادیخوازی ئاکە) سەریهەڵدا. ئەم بزاوتە دروشمی "ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی" بەرزکردەوە دژی حکومەتی ئەندەنووسی و زۆرینەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە. بزاوتەکە گەل و حکومەتی ئەندەنووسی بە "داگیرکردن" و "دزین"ی دەستمایەی گازی سروشتی ئاکە تۆمەتبارکرد، بەڵام هەرگیز بە تایبەت دژی کۆمپانیاکە هوتافی نەکێشا. خۆی ڕابەری ئەم بزووتنەوەیە، حەسەن دی تیرۆ، خاوەنکارێک بوو کە پێش چەند ساڵێک ڕێگری لێکرابوو لەم ناوچەیە کاربکات کە کۆمپانیاکە گازی لێ بەرهەمدەهێنا.[٤٣]

هەرچۆنێک بێت، بزاڤەکە لە دوو دەیەی سەرەتادا چالاکیەکی وەهای نەبوو. زۆربەی خەرجیەکانیان لەلایەن (موعەمەر قەزافی)ەوە دابیندەکرا، کە ئەوکات پشتیوانی ئەو بزاڤە توندڕەوانەی دەکرد کە لە دژی حکومەتەکانیان ڕادەپەڕین (ئەو حکومەتانەی دۆستی ڕۆژئاوا بوون). بە درێژایی دوو ساڵی سەرەتا، ئەم بزاڤە تەنێ دروشم و بانگەوازی بە نێو خەڵکیدا بڵاودەکردەوە و ئاڵای ئاکە-یان بەرزدەکردەوە.[٤٤] لە نێوان ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٩، سەرانی ئەم بزاڤە چوون بۆ لیبیا، و هیچ چالاکیەکی وەهایان لە ئەندەنووسیادا نەما.

١٥٠ بۆ ٨٠٠ جەنگاوەری ڕاهێنراو لە لیبیا، لە ساڵی ١٩٨٩دا لە مالیزیا و سەنگاپورەوە خزانە نێو ئاکەوە، و بەمەش بزاوتی ئازادی ئاکە دووبارە هاتەوە مەیدانی سیاسی. بەڵام لەبەر هەبوونی چەکداری زیاتر و مەشقپێکراو، ئەم جارەیان بزاوتەکە چاکتر بەخۆکەوتبۆوە و پتر گورزی لە حکومەت دەوەشاند. لەلایەکی تریشەوە، گەرچی سەرەتا ڕووی تفەنگیان تەنیا لە ڕووی سەربازانی سوپا و ئەفسەرانی پۆلیسی وڵات بوو، بەڵام وردە وردە فەرمانبەرانی حکومی، کەلوپولی بازرگانی، هەواڵبەری گومانلێکراوی حکومەت، و خەڵکانی سەردانیکەری هەرێمەکەشیان دەکردە ئامانج.[٤٥]

کاردانەوەی حکومەت دوو ئەوەندە بە زەبر و زەنگتر بوو. (سەرۆک سوهارتۆ) یاسای جەنگی لە هەرێمی ئاکەدا بەڕێکرد، و شەش هەزار سەربازی تری لەوێ جێگیرکرد. تا ئەندەنووسیا ساڵی ١٩٩١ی ئاواکرد، زۆربەی فەرماندە چەکدارییەکانی ئەم بزاوتە گیران و کوژران. بەڵام حکومەت کوشتارێکی ئێجگار زۆری لەم هەرێمەدا کرد، بەمەش خەڵکی ناوچەکە ڕقێکی ئاگرینیان لە هەناوی خۆیان دژ بە جاکارتای پایتەخت هەڵگرت، کە دووبارە بوژانەوەی بزاوتی ئازادیخوازی ئاکە-ی لە ساڵی ١٩٩٩ لێکەوتەوە.

له نێوان ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٨دا، مەودای چالاکیەکانی بزاوتەکە تەواو هەڵقرچا، بە ڕادەیەک کە بەلای زۆرێک لە خەڵکانی ئەم هەرێمە بزاوتەکە لەناوچووبوو. کەچی هەر لە سەرەتای ١٩٩٩دا بزووتنەوەکە جارێکی تریش سەریهەڵداوە، و پتر و خێراتر لە جارانی پێشوو پەرەیسەند. تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠١، بزاوتی ئازادیخوازی ئاکە دوو تا سێ هەزار شەڕکەری ئامادەو، و میلیشیایەکی سەرکردایەتی دەکرد کە ژمارەی ئەندامەکانی لە نێوان بیست بۆ بیستوچوار هەزار بوو. کە گەیشتە ترۆپکی هێز و گوڕی خۆی، زیاد لە ٨٠ لەسەدای گوندەکانی ئاکەی لە بەردەستبوو.[٤٦]

ئەم بزاوتە پتر لە بیست و سێ ساڵ بە هەنگاوی شل و خوشاندن کارەکانی بەڕێدەکرد، باشە هۆکار چی بوو کە لە دوای ساڵی ١٩٩٩وە وا بوژایەوە؟ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سوهارتۆ لە ساڵی ١٩٩٨ ئەندەنووسیای زیاتر بەرەو دیموکراسی پاڵپێوەنا، کە مشتە ئاسنینەکەی سوپای ئەندەنووسیای لەسەر هەرێمی ئاکە شلکردەوە، و بەمەش میدیاکانی ئاکە دەستیان والابوو لە گواستنەوەی دیمەنە تۆقێنەرەکانی کوشتن و بڕین و دەستدرێژی سێکسی، کە لەلایەن سەربازانی حکومەتەوە لە سەرەتاکانی نەوەدەکانەوە ئەنجامدەدرا لە هەرێمەکە. هۆکاری دووەمیش خۆی لە دارمانی تەواوی ئابووری وڵاتانی ئاسیا بینیەوە، کە لە ساڵی ١٩٩٨ ئابووری ئەندەنووسیای بە ڕێژەی لەسەدا ١٧.٨ داتەپاند و تەنێ بە ڕێژەی ٠.٤ لە ساڵی ١٩٩٩دا بەرزیکردەوە.

ئەم پێشهاتانە وتاری بزاوتی ئازادیخوازی ئاکەیان لەمەڕ سەربەخۆیی بەرەو قۆناغێکی تر برد. ئیدی خەڵکی ئاکە ڕۆژانە نامیلکەیان بۆ دەهات و گوتاریان بەرگوێ دەکەوت کە جەختیان لە دارمانی ئابووری ئەندەنووسیا دەکردەوە، ووخانەدانەکانی "جاڤانی"یان بە دزینی سامانی نەتەوە تۆمەتبار دەکرد. لە هەمان کاتیشدا، بزاوتەکە خەڵکیان بۆ سەربەخۆیی جۆشدەدا؛ بەوەی کە ئەگەر لە

ئەندەنووسیا جیابوونەوە ئەوا ئاکە هێندەی سەڵتەنەی ئیسلامی (برونەی) لە دوورگەی بۆرنیۆی هاوسێیان دەوڵەمەند دەبێت. ئەم مژدەیەش فێنکایی بە دڵی خەڵکی ئەم هەرێمەدا دەدا، چونکە داهاتی تاک لە برونەی پتر لە بیست ئەوەندەی داهاتی تاک بوو لە ئەندەنووسیا. بەڵام خۆ ڕوونیش بوو کە ئەم مژدەیە درۆ بوو. لە باشترین حاڵەتدا، سەربەخۆیی ئابووری ئاکەی بە ڕێژەی ٥٠ لەسەدا بەرزدەکردەوە، نەک ٢٠٠٠ لەسەدا.

یاخیبوونەکە لە شەش ساڵی کۆتاییدا گەیشتە خوێناویترین ئاستی، بە جۆرێک کە زیانی گیانی زیاد لە دە هەزار کەس بوو. دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و پێکدادان، و دوای ئەوەی ئاکە کەوتە ژێرباری سۆنامییێکی وێرانکەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤، هەردوو لایەنەکە گەڕانەوە سەر مێزی دانووسان. لە مانگی هەشتی ٢٠٠٥، ئەم دانووسانانە ڕێککەوتنامەیەکیان لێکەوتەوە کە مافێکی تەواوی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەکا دەستەبەرکرد لەگەڵ ٧٠ لەسەدی دەستمایەی نەوت لە بیرە نەوتییەکانی ئەو کات و ئەوانەشی لە دوای ڕێککەوتنامەکە لێدەدران.[٤٧] لەوانەیە بەتاڵبوونە لەناکەوەکەی کانگا گازیەکانی ئاکە پرۆسەی نووسینەوەی ڕێککەوتنامەکەی خێراتر کردبێت، چونکە ئەم پێشهاتە ترسی حکومەتی لەوە ڕەواندەوە کە ئۆتۆنۆمی هەرێمی ڕێی گەیشتن بە دەرامەتی نەوتییان لێدەگرێت.

سامانی گازی سروشتی هەرێمی ئاکە یەک بوو لەو پاڵنەرانەی کە کۆمەکیان بە سەرهەڵدانی یاخیبوونەکە کرد. کەلتوورە ناوازەکەی ئاکە، قەیرانی ئابووری، زەبر و زەنگی سەربازی، و ڕووخانی سوهارتۆش ڕۆڵی کاریگەریان بینی. لە دوو دەیەی یەکەمی بەرهەمهێنانی گازدا، بزاوتی سەربەخۆیی ئاکە زۆر بە کەمی حکومەتی بەخۆوە سەغڵەت کردبوو.

بەڵام لەم ماوەیەدا پیشەسازی نەوت ڕۆڵی سەرەکی گێڕا. ئەندەنووسیا سەدان پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی تێدایە کە کەوتنە بەر لێکەوتە نەرێنیەکانی بوونی ڕژێمێکی دیکتاتۆری سەربازی، قەیرانی ئابووری، و ڕووخانی سوهارتۆ، بەڵام ئەمە دانیشتووانی ئاکە بوون کە بە شێوەیەکی سەرتاسەری خۆیان خزاندە نێو ئاپۆڕای جوڵانەوەیەکی خوێناوی بۆ سەربەخۆیی،[٤٨] ئەمەش چونکە بڕوایان وابوو سەربەخۆیی ڕێڕەوی دەستمایەی نەوت لە خەزێنەی حکومەتی ناوەندیەوە بۆ گیرفانی ئەوان دەگۆڕێت، و ئەو هەلی کارەنەشی کە بۆ پەڕاگەندەکان بەردەستبوو بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە. بزاوتی ئازادیخوازی ئاکە دەستی نەبرد بۆ کردەی تاڵانی نەوت، بەڵام هەر بوونی سامانی نەوت لە هەرێمەکە بەس بوو تا لە هەلومەرجێکی گونجاودا خەڵکی ژیانێکی ئاسوودە لە ئاسۆی سەربەخۆیدا ببینن.

**کپکردنی پێشوەختە لە باشووری سودان**

ئەوەی چەخماخەی شەڕی لە ئاکە لێدا بزاڤێکی سەربەخۆیی بوو، هەر ئەو بزاڤە بوو یەکەمجار دەستی وەشاند، بەڵام هەندێ جاریش سامانی نەوت پێکدادانی جوداخوازی وەها دەخولقێنێت کە حکومەت تێیدا گورزی یەکەم دەهاوێت. واتە کە حکومەت هەست بە جموجۆڵی جوڵانەوەیەکی جوداخوازی لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی دەکات، ڕاستەوخۆ هەوڵدەدات لە پەل و پۆی بخات بەر لەوەی پەرەبسەنێت.

(غەفار نومیری) سەرۆکی سودان، لە ساڵی ١٩٨٣ بیرە تازە دۆزراوەکانی باشووری وڵاتی خستە ژێر ڕکێفی باکوور، و بڕیاریدا پاڵاوگە بۆ بەرهەمی نەوتی خاوی باشوور لە باکوور دروستبکرێت و لەوێ بپاڵێورێن. ئەم پێشهاتە کۆمەکی بە هەڵوەشانەوەی ئەو ئاگربەستە کرد کە لە نێوان باکوور و باشووری وڵات بۆ

ماوەی یازدە ساڵ هەبوو. دانیشتوانی باکووری سودان زۆرینەیان موسوڵمانن، و مەسیحی و ئەنیمیستی* زۆرینەی دانیشتوانی باشوور پێکدەهێنن. کۆمەڵەیەکی سەرەکی یاخیبووان بە ناوی (سوپای گەلی ئازادیخوازی سودان)، هوتافی کێشا کە باکوور نەوت و سامانی گەلی باشوور تاڵان دەکات، و داوایان کرد کە حکومەت کارەکانی لە دروستکردنی بۆڕی بۆ گواستنەوەی نەوتەکە ڕابگرێت. حکومەت داوایەکەی بە هەند وەرنەگرت، و لە مانگی دووی ١٩٨٤ یاخیبووانی ئەم کۆمەڵەیە هەڵمەتیان بۆ پێگەیەکی دەرهێنانی نەوت برد لە باشوور و پرۆژەکەیان وەستاند.[٤٩]

سەرەڕای ئەم دەستپێشخەریەش، ئەوە حکومەتی سودان بوو کە سەرەتا برەوی بە شەڕەکەدا. حکومەت ڕێی نەدا کە باشووری وڵات ڕاستەوخۆ سوود لە نەوتی زێدی خۆیان ببینن، نەوەک دەرامەتی نەوت خولیای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە دڵدا پەیدابکات. هەروەها، حکومەتی سودان لە ساڵی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠دا، شاڵاوێکی خوێناوی بۆ باشوور برد، و ئامرازگەلێکی وەک لە سێدارەدانی بێ دادگا، دەستدرێژی سێکسی، هێرشی زەمینی، دۆشکەی سەر هەلیکۆپتەر و بۆمبارانکردنی بەکارهێنا، بۆ قەڵاچۆکردنی دەیان هەزار خەڵکی باشوور لەو ناوچانەی کە دەزانرا نەوتییان هەیە بەڵام دامودەزگاکانی دەرکێشانی نەوتییان لێ جێگیرنەکراوە.[٥٠]

بۆ نموونە، لە مانگی چواری ١٩٩٩، کۆمپانیای (لەندین ئۆیل)ی سویدی سەرچاوەیەکی نەوتییان لە (سان جاس) دۆزیەوە. ڕێک دوای یەک مانگ، لە ترسی پێکدادان، سەربازانی حکومەت دەیان هەزار خەڵکیان لە ناوچەکە

---

زیندوو گیانەوەری وەک گیانەکانیش بێ تەنە تەنانەت و ئاژەڵان زۆری بەشێکی کە بیروباوەڕێکە ئەنیمستی
* .دەناسێنێ پیرۆز و

ڕاگواست. کە دوای دە مانگیش دۆخەکە لە جڵەو دەرچوو و پێکدادان ڕوویدا، لەندین ئۆیل کارەکانی هەڵپەسارد و حکومەتی سودانیش دەستیدایە بۆمبارانکردنی ئاسمانی، سووتاندنی گوندەکان، و ڕەمی کردن، تا خەڵکەکە لە ناوچەی بەرهەمهێنان دوورکاتەوە؛ بەمەش دوای ماوەیەکی کورت لەندین ئۆیل دەستی بە کارەکانی خۆی کردەوە.[٥١]

زیاد لە دوو دەیە تێپەڕی تا هەردوو لایەن ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتیان لە مانگی یەکی ٢٠٠٥ مۆرکرد. دوای گشتپرسیەکی جەماوەری، باشووری سودان لە ساڵی ٢٠١١ جیابۆوە، و بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. گەرچی هەموو ئەو سامانە نەوتیەی شەڕی بۆ دەکرد لە کۆتاییدا کەوتە چنگی، بەڵام هێشتاش پشت بە بۆڕیە نەوتییەکانی سودان دەبەستێت تا نەوتەکەی هەناردە بکات؛ ئەمەش وادەکات وڵاتی سودان پشکی لە کرێی نەوتی باشووری سودان هەبێت. هەروەک (ئاکە)، نێوەندگیری نێودەوڵەتی ئەو شەڕ و پێکدادانەی بڕیەوە کە لەسەر نەوت ڕۆنرابوو.

**نەوت و توندوتیژی**

زۆرێک لە توێژینەوەکانیش پێمان دەڵێن کە نەوت لە ڕێی تاڵانکارییەوە ڕێ بۆ پێکدادان خۆش دەکات. دەوڵەتە زلهێزەکان بە درێژای (جەنگی سارد) پشتیوانی دارایی چەندان یاخیبوونیان کرد لە سەرانسەری دنیا، بەڵام لە دوای جەنگی ساردەوە سامانە سروشتییەکانی وەک بەردە گران بەهاکان، و تەختە و نەوت، سەرچاوەی دارایی ئەم جوڵانەوانەن.[٥٢]

بە گشتی، کە یاخیبووان لە دام و دەزگایەکی نەوتی وڵاتەکەیان دەڕوانن، سێ ڕێ بەدیدەکەن تا پارەی لێ هەڵوەرێنن: یان ئەوەتە نەوتەکە دەدزن، یان دەست دەبەن بۆ ڕفاندن و هەڕەشەکردن و تۆقاندن، یانیش مافی فرۆشتنی ئایندە

دەدەن بە وەبەرهێنەرە بیانییەکان. یاخیبوونەکان لە نەیجیریا، کۆلۆمبیا، کۆنگۆ برازڤێل و ئیکواتیریا گینیا، هەر سێ ڕێ بەرجەستە دەکەن.

**دزینی نەوت لە نەیجیریا**

ڕێی یەکەم دزینی نەوتەکە خۆیەتی، کە ئەمەش لە ڕێی کونکردنی بۆڕیە نەوتییەکان یانیش ڕفاندنی بارهەڵگرەکانی نەوتەوە دەکرێت؛ دواتر نەوتە دزراوەکە لە بازاڕی ڕەش دەفرۆشرێت.[٥٣] هەڵبەتە قازانجی ئەم کردەیە دەکرێ زەبەلاح بێت، دەشکرێ ئایەخ بێت. تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٦دا، یاخیبووان لە ئێراق لە نێوان بیستوپێنج بۆ سەد ملیۆن دۆلاریان لە ڕێی بە قاچاغبردنی نەوت و کردەکانی هاوشێوەی ئەوەوە چنگکەوت. بەڵام لە هیچ شوێنێکی دنیا نەوت دزین هێندەی نەیجیریا سوودی بۆ یاخیبووان نەبووە.[٥٤]

ناوچەی نایجەر دەلتا لە نەیجیریا مێژووەکەی پڕاوپڕە لە هەژاری، چەوساندنەوە، ململانێی نەتەوەیی، و تاوانکاری.[٥٥] ئەم هەرێمە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا ئێستا بۆتە مەیدانی سێ شەڕ و ململانێی ناوەخۆ. لە دوو شەڕی یەکەمیاندا، کۆمەڵە چەکدارەکانی کەمە نەتەوەیاتییەکان وەک هاندەرێک سوودیان لە سامانی نەوت بینی تا سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی بەدەستبهێنن. بەم دواییانەش، میلیشیاکانی دژ بە حکومەت لە ڕێی دزینی نەوت و تۆقاندنەوە سامانی نەوتی وڵاتەکەیانیان قۆزتەوە.

نایجەر دەلتا دانیشتووانێکی بیست ملیۆنی، و ڕووبەرێکی پان و بەرینی هەیە کە حەفتا هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە- واتە هێندەی ئێرلەندا یان ویلایەتی وێست ڤێرجینیا دەبێت. خاکەکەی لێوانلێوە لە زەلکاو و ڕووبار و دارستانی کەمەرەیی. ئەم هەرێمە بە هەژارترین ناوچە ناسراوە لە نەیجیریا، و هەروەها زۆرترین نەتەوەی جیای لێ دەژی. یەک لەسەر چواری ئەو کۆیلانەی لە نێوان ساڵی ١٦٠٠ بۆ

١٨٥٠ لە ئەفریقیاوە بۆ هەردوو کیشوەری ئەمریکا نێردران، لە بەندەری دەلتاوە بەڕێدەکران. لە ژێر حوکمی داپڵۆسێنەری بەریتانی، ئەم هەرێمە بووبوو بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانی ڕۆنی دار خورما.

یەکەم بارگرژی ناوەخۆ لەو هەرێمە ڕاستەوخۆ دوای سەربەخۆبوونی نەیجیریا هات، و شەڕێکی جوداخوازی بوو کە لە ساڵی ١٩٦٧ دەستیپێکرد و سێ ساڵی خایاند. بەشێکی بۆ ئەو ناکۆکیەی نێوان خێڵی (ئیگبۆ) و خێڵەکانی دیکە دەگەڕاوە، کە لە دوای سەربەخۆییەوە بەجۆشتر بووبوو؛ بەڵام ئەوە نەوت بوو کە کۆمەکی بە ململانێیەکە کرد. قەول بوو خێڵی ئیگبۆ ناو لە دەوڵەتی نوێ بنێن (بیافرا)، و ئەو بڕوایەی ئەوان هەیانبوو کە دەوڵەتەکەیان پێشدەکەوێ و دەبووژێتەوە لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنرابوو کە بڕێکی زۆر لە نەوت لە ژێر خاکەکەیان قەتیس مابوو. پارێزگاری هەرێمەکە لە ساڵی ١٩٦٧ ڕێنمایی ئەنجوومەنی پارێزگاکەی کرد کە تەواوی دەستمایەی نەوت لەلای خۆیان هەڵگرن، و نەیخەنە ژێر باری حکومەتی فیدراڵی. کاردانەوەی حکومەتی فیدراڵیش خۆی لە دروستکردنی سێ هەرێمی تر بینیەوە لە تەک هەرێمی ئیگبۆ. ئەم گەڵاڵەکردنەش گەرچی سەربەخۆیی هەرێمی و سامانی بە چەند نەتەوەیەکی هەرێمەکە بەخشی، بەڵام ئاواتی ئیگبۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەستمایەی نەوت لە گۆڕنا. پارێزگاری هەرێمەکە لە وەڵامدا جاڕی سەربەخۆیی دا، و شەڕە سێ ساڵیەکە دەستیپێکرد.

لە نەوەدەکان، بیرە نەوتەکانی دەلتا بووبوون بە سەرچاوەی سەرەکی سامانی نەوتی نەیجیریا. دەلتا زۆربەی زۆری پێویستیە داراییەکانی حکومەتی لە ڕێی هەناردەکردنی نەوتەوە پڕدەکردەوە، کەچی هەر هەژارترین ناوچە مابۆوە لە تەواوی نەیجیریادا. بەپێی سەرژمێریەکی حکومەت لە ساڵی ١٩٩٦، ڕێژەی

هەژاری ٥٨ لەسەدا بوو؛ و ڕێژەی نەخوێندەواری، خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان، و پزیشکییەکان لە ئاستێکی مەترسیداربوون.

تا دەهات خەڵکەکە هەژارتر دەبوون و پیشەسازی نەوتیش، بە پێچەوانەوە، هەر لە بووژانەوە دابوو. ئەمەش ڕاستەوخۆ پێکدادانی سیاسی دووەمی لە ساڵی ١٩٩٠ لێکەوتەوە کە پێنج ساڵی خایاند. لە سەروبەندی ساڵی ١٩٩٠، بزاوتی مانەوەی خەلکی ئۆگۆنی (MOSOP)، کە چەند هۆزێکی هاوپەیمان بوون، هاتنە گۆ و سامانی نەوتی ناوچەکەیان بە هۆکاری کاولبوونی ژینگەکەیان، پیسبوونی کانیاوی ماسیەکانیان، و سەرهەڵدانی دەرد و نەخۆشی بۆ دانیشتووانی هەرێمەکە ناساند. MOSOP داوای "پشکێکی یەکسانی" دەرامەتی نەوتی زێدی خەڵکی (ئۆگۆنی) دەکرد لە حکومەتی فیدڕالی، بەڵام هۆزە هاوپەیمانەکان چاویان لە مافی چارەی خۆنووسین بوو، لەگەڵ جڵەوی تەواو لەسەر پیشەسازی نەوتی زێدی خۆیان.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢، سەرانی MOSOP داوای دە ملیار دۆلاریان لەو کۆمپانیا نەوتییانە کرد کە لە ئۆگنیلاند Ogniland لە کاردا بوون. هەروەها داوای قەرەبووکردنەوەی تێکدانی ژینگەکە و چەندان شتی تریان کرد. تەنانەت تا ئەو پنتە چوون کە هەڕەشەی هێرش بردنە سەر دەزگاکانی کۆمپانیاکانی ئەوێ بکەن ئەگەر داواکاریەکان تا سی ڕۆژ جێبەجێ نەکرێن. حکومەت گورج هانای بۆ بژاردەی سەربازی برد. دوای چەند مانگێک، پێکدادانی خوێناوی لە نێوان ئۆگۆینەکان و هۆزی ئەندۆنیسی هاوسێیان ڕوویدا- شەڕێک کە ئۆگۆنیەکان بڕوایان وابوو حکومەت تۆوەکەی چاندووە. کین سارۆ ویوای سەرۆکی MOSOP و هەشت لە سەرانی ئەم بزووتنەوەیە، لە ساڵی ١٩٩٤ گیران و ساڵێک دواتر لە سێدارەدران.

کوشتنی سەرانی ئەم جوڵانەوەیە ئاریشەی نیو دەلتای چارە نەکرد. لە ساڵی ١٩٩٧ەوە، ئەم هەرێمە سەرزەمینی چەندان پێکدادان بووە لە نێوان هێزەکانی حکومەت و میلیشیاکان، و تەنانەت لە نێوان میلیشیاکانیش خۆیاندا. ئامانجەکان لە میلیشیاییێکەوە بۆ یەکیتر دەگۆڕێ: هەندێکیان داوای جیابوونەوەی تەواویان دەکرد؛ هەندێکیان داوای دەرامەتی زیاتری نەوتییان دەکرد و سەربەخۆییان نەدەویست؛ و هەندێکیشیان لە سەرەتاوە کۆمەڵێک چەتە بوون کە تا ئێستاش جموجۆڵیان هەیە، بەڵام بە دوورن لە گرتنەخۆی ئامانجێکی سیاسی.

یەکە میلیشیاکان - بە تایبەت (جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەیجەر دەلتا) - پارەیەکی باشیان لە ڕێی دزی و تۆقاندنەوە دەستکەوت. تۆقاندنەکە زیاتر لە ڕێی هێرشکردنە سەر ژێرخانی نەوت بوو لە دەلتا. کۆمپانیای سووتەمەنی نەتەوەیی نەیجیری (کە لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەنداری دەکرا) مەزندەی ٤٠٠ هێرشی کرد کە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە بۆ ٢٠٠٣ دامودەزگاکانیانی کردبووە ئامانج، و زیانی یەک ملیار دۆلاری ساڵانەیان لە دەوڵەت و کۆمپانیاکان دابوو. لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ی وڵات، بای ٥٠٠ ملیۆن دۆلار زیان بە ژێرخانی کۆمپانیای (شیڤرۆن) کەوت.

زۆرێک لە کۆمپانیاکان، ڕاستەوخۆ یان ژێربەژێر، پارە بە چەکدارەکان دەدەن تا دامودەزگاکانیان نەکەوێتە بەر شاڵاوی میلیشیاکان. بەڵام کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان زۆرجار وابەستەی چەند یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بەخۆیانن کە بەر بە پارەدانی لەم چەشنە دەگرێ. بۆیە ناچار شێواز و ڕووکاری ڕێککەوتنەکە دەگۆڕن بۆ "گرێبەستی چاودێری": ئەوان کەسانی گەنج [لە میلیشیاکان] وەک کارمەندی وەهمی دادەمەزرێنن بۆ پاراستنی بۆڕیە نەوتییەکان، بنکەکانی هەڵقولان، بیرەکان، و دام و دەزگاکانی تر. زۆرجار سەرانی میلیشیاکان خۆ بەو گرێبەستانە هەڵدەکێشن. بەپێی گوتەی (کۆمەڵەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان):

"له مارسی ٢٠٠٥، چەند مانگێک دوای ئەوەی (حاجی دۆکوبوی ئاساری) و میلیشیاکەی لێخۆشبوونیان لە دەسەڵاتی نەیجیری بەدەستهێنا، جێگرەکەی ئاساری بە ناوی (ئالالی هۆرسفۆل)، بە توێژەرێکی کۆمەڵەی قەیرانی ڕاگەیاند کە ئاساری لە ڕێی کۆمپانیای ئاسایشەکەیەوە، کە ناوی "خزمەتگوزاری ئاسایشی دوکۆیا بۆ پاراستن و چاودێری و گەشەسەندی کۆمەڵگە" بوو، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (شێڵ) مۆرکردووە کە ٧٠٠٠ دۆلاری بۆ هەر مانگێک بۆ فەراهەمکردووە. ئەمە جگە لەوەی کۆمپانیای شێڵ ئەرکی چاکردنەوەی مۆلیدەکانیشی پێ سپاردووە، گەرچی کۆمپانیای دۆکۆبا توانای ئەم کارەی نەبوو. هەروەها ئاماژەی بە بوونی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی دایۆ، نیسکۆ، ویلبرۆس، و چەندانی تر کرد. کە پرسیاریشی لێکرا دەربارەی ئەوەی چۆن دەکرێ کۆمپانیا نەوتییەکان لەگەڵ مەترسیدارترین سەرۆک میلیشیای ئەوکات گرێبەست ببەستن، لە وەڵامدا وتی، "ئەگەر وانەکەن، ئەوا شەڕیان لەگەڵ دەکەم."

هەندێ میلیشیاش لە ڕێی دزین و فرۆشتنی نەوت پارە پەیدادەکەن. بەپێی ڕاپۆرتێکی تری کۆمەڵەی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان:

"شارەزایانی پیشەسازی زیانی ڕۆژانەی نەیجیریایان لە نێوان ٧٠،٠٠٠ بۆ ٣٠٠،٠٠٠ بەرمیل نەوت خەمڵاندووە. ئەم بڕە گشتی لە کاری تۆقاندن و جەردەیی بە هەدەردەچێت، و یەکسانیشە بە بڕستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتێک. لە دواین ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمپانیای شێڵ کە لە مانگی هەشتی ٢٠٠٦ دەرچووە، نەیجیریا ٢٠،٠٠٠ بۆ ٤٠،٠٠٠ بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی لە ساڵی ٢٠٠٥ لەم ڕێیە لێ بەفیرۆچووە، ئەمە لە کاتێکدا لە ٢٠٠٤ ئەم بڕە لە نێوان ٤٠،٠٠٠ بۆ ٦٠،٠٠٠ بەرمیل بووە." [٥٦]

نەوتە دزراوەکەی نەیجیریا لە ناو بەلەمی بارهەڵگر و کەڵەکەکان دەکرێت، و دواتریش لە ڕێی تانکەر و کەشتیەوە بە پاڵاوگەکان دەفرۆشرێت لە سەرانسەری

دنیادا. کارمەندانی حکومی زۆرجار خۆیان دەبنە چاوساغی بۆ ئەم مامەڵانە دەکەن و لە بازگەکاندا بەڕێیاندەکەن.

لە سەرەتای ٢٠٠٦دا، نەوتی "بۆنی لایت"ی خاو لە نەیجیریا بە ٦٠ دۆلار لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە. بەم پێوەدانگە، نەوتی دزراوی ڕۆژانە کە بڕەکەی ٤٠،٠٠٠ بەرمیل بوو لەم ساڵەدا، ڕۆژانە ٢.٤ ملیۆن دۆلاری بۆ میلیشیاکان فەراهەمدەکرد، کە بە تێکڕای ساڵانە دەیکردە ٨٧٦ ملیۆن دۆلار. زۆربەی زۆری ئەم پارەیە بۆ ئەو میلیشیایانە دەمایەوە کە شەڕی حکومەتیان دەکرد، بەمەش شەڕی ناوەخۆیی لە نەیجیریا لە ڕووی زەبرەوە خاسیەتی هەڵاوێردەیی وەرگرت.

## تۆقاندن و ڕفاندن لە کۆلۆمبیا

گەر یاخیبووان ئامرازی ئەمنی و گواستنەوەیان زامن بێت- بە جۆرێک کە بتوانن نەوتەکە بە ڕێی ئاوی و زەمینیەوە ببەن، بەسەر کاروبارە یاساییەکانی دەروازە گومرگیەکان ڕەتبن، و ڕادەستی کڕیاری متمانەپێکراوی بکەن- ئەوا فرۆشتنی نەوتی دزراو تەواو قازانج بەخشە. ئەم کردەوانە لە وڵاتانی وەک نەیجیریا و ئێراق، بە تێوەگلانی چاپوکانەی بەرپرسانی حکومی جێبەجێدەکرێت. بەڵام کاتێک یاخیبووان توانستی دزین و فرۆشتنیان نابێت و لە ڕووی سیاسیەوە پاڵپشتی ناکرێن، ئەوا پەنا بۆ سەرانە وەرگرتن لە کۆمپانیاکان دەبەن، یانیش ئەوەتا بەردەوام کارمەندەکانیان دەڕفێنن و داوای پارە دەکەن لە بەرامبەر ئازادکردنیان.

سەرانە وەرگرتن و ڕفاندن، پێکدادانەکانی کۆلۆمبیای لە یاخیبوونێکی تا ڕادەیەک پز و ساواوە لە هەشتاکان، بۆ شەڕێکی ناوەخۆیی شێلگیر لە سەدەی بیست و یەک گواستەوە. بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆلۆمبیا سنووردارە، بە جۆرێک لە ٢٠٠٦ داهاتی نەوت و گاز ٣٠٠ دۆلاری خستبووە سەر داهاتی تاک لە کۆلۆمبیا، کە

یەکسان بوو بە ١٢ لەسەدای GDP کۆلۆمبیا. ئەم پێکدادانەی ئێستا لە ناوەڕاستی شەستەکان سەریهەڵدا، کاتێک دوو کۆمەڵەی یاخیبووان، (FARC) بە پشتیوانی سۆڤیەت و (ELN) بە پشتیوانی کوبا، دامەزران و پێگەیان قایمکرد.[٥٧]

بە درێژایی شەستەکان و حەفتاکان، ئەم دوو کۆمەڵەیە شانبەشانی کۆمەڵە چەپەکانی تر دەستیان بە شەڕی پارتیزانی کرد لە دژی دەوڵەتی کۆلۆمبی. سەرەتا پێکدادانەکان سنووردرابوون. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣، هەرگا کۆمپانیای (Occidental Petroleum ) لە باشووری ویلایەتی (ئاراوکا) - کە (ELN) پێگەیەکی سادەی تێدا هەبوو- کێڵگەیەکی دەوڵەمەندی نەوتی دۆزیەوە. ئەوکات، (ELN) لەوە بچووکتر بوو کە بارتەقای دەوڵەتی کۆلۆمبی ببا؛ هەر خەریک بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە ١٩٧٣دا لەناوبچێت، و تا کۆتایی حەفتاکان تەنیا ٤٠ شەڕکەری مابوو.

کۆمپانیایەکی ئەڵمانی، (Mannesmann AG)، لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە دروستکردنی بۆڕیەکی نەوتی ١٨٤ میلی کرد بۆ گواستنەوەی نەوت لە (ئاراوکا)وە بۆ کەناری دەریای کاریبی. هەر دوای تێپەڕینی سێ هەفتە لە کارکردن، (ELN) یەکەم گورزی لە پرۆژەکە وەشاند و سێ گورزیتریشی بەدواداهات. یەکەم گورز خۆی لە ڕفاندنی سێ کرێکار بینیەوە، کە ژمارەیەک لە مانگرتنی کرێکارانی پرۆژەکەی لێکەوتەوە. بەپێی وتەی سەرپەرشتیاری پێشووی پرۆژەکە، هەردوو کۆمپانیای حکومی (Ecopetro) و (Occidental Petroleum)، کۆمپانیای (Mannesmann AG)یان بەرەو سازشکردن لەگەڵ یاخیبووان ڕێنوێنی کرد. کۆمپانیا ئەڵمانیەکە چەند ملیۆنێک دۆلاری دابێت تا بتوانێت پرۆژەکە لە کاتی خۆی تەواوبکات.

تاکتیکەکانی (ELN) ئەوەندە بەرهەمداربوون بۆ ئەم کۆمەڵەیە، کە دەستبەرداربوون لێیان بە ئەگەرێکی دوور داندرابوو. لە کۆتاییەکانی ١٩٨٦دا، ئەم کۆمەڵەیە دروشمێکی هەژێنەری بەرزکردەوە: "ڕابە کۆلۆمبیا.... ئەوان وا نەوتەکە دەدزن". دواتریش دەستی بە هێرشکردنەسەر بۆڕیە نەوتەکە کردەوە، کە تا ئەوکات تەواو بووبوو. لە نێوان ١٩٨٦ و ٢٠٠١، بۆڕیە نەوتەکە ٩١١ جار تەقێندراوە. کردەوە تۆقێنەرەکانی (ELN) – بە ڕفاندنەکانیانەوە- لە ڕووی داراییەوە سوودێکی زۆری بەم کۆمەڵەیە گەیاند، بەمەش کۆمەڵەی تر دروستبوون و دەستیان بە چالاکی گەریلایی کرد. ئەم کۆمەڵانە بریتیبوون لە هەردوو باڵی ڕاستڕەوی چەکدار لە کۆلۆمبیا، کە سەرانەیان لە کۆمپانیا و بەرپرسانی حکومەت دەستاند. کۆمەڵەی (FARC)یش، کە ئەوکات سەروکاری لەگەڵ بازرگانی مادەی هۆشبەر بوو، هاتە نێو گروپبەندیەکە. هەرکە (FARC) لە ئاراوکە برەوی پەیاکرد و بووبە هێزی یەکەم لە ٢٠٠١، بۆڕیە نەوتەکە ١٧٠ جار تەقێندرایەوە لەم ساڵەدا.

لەملاشەوە، (ELN) بەردەوامبوو لە کارمەند ڕفاندن و تەقینەوە، تا بای ئەوەندە پارەی پەیداکرد کە لە ڕووی هەڕمێن و قەبارەوە تەواو بوژایەوە. لە ساڵی ١٩٨٣، ئەم کۆمەڵەیە لە سێ بەرەدا شەڕی دژی حکومەت دەکرد، بەڵام بە تێپەڕینی سێ ساڵ ٨ بەرەی تری کردەوە. هەروەها، بەر لە هەڵمەتی تەقینەوەکانی بۆڕیە نەوتەکە، ٤٠ شەڕکەری هەبوو، کەچی تا کۆتایی نەوەدەکان ئەم ژمارەیە بۆ هەزارەها شەڕکەر بەرزبۆوە.

کردەکانی تۆقاندن لەلایەن یاخیبووانەوە تەنیا بەشێکی وێنە گەورەکەیە. ڕێکخراوە چەکدارەکانی سەر بە حکومەتی کۆلۆمبیش لەم کردانە تێوەگلاون. توێژینەوەیەکی بەپێز لەسەر نۆسەد شارەوانی کۆلۆمبی کە لەلایەن ئابووریناسان (ئۆندرێلا دیوب) و (خوان ڤارگاس) ئەنجامدراوە، و ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٨

و ٢٠٠٥ دەکاتە ئامانج، دەریخستووە کە زەبری ڕێکخراوە چەکداریەکانی سەر بە حکومەت لەسەر ئەو شارەوانیانە هەبووە کە نەوت بەرهەمدەهێنن لە کۆلۆمبیا. هەروەها، ئەم زەبرە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت زیایدیکردووە.[٥٨] ئەو قازانجانەی نەوت و مادەی هۆشبەر لە کۆلۆمبیا گەڵاڵەیکردوون حکومەت و یاخیبووانی پێکداپژاندووە، و ئاستی چەند پێکدادانێکی بچووکیان لە شەست و حەفتاکان بۆ شەڕێکی ناوەخۆ گواستەوە کە تەواوی وڵاتەکەی گرتەوە و ئێستاش بەردەوامە.

## مامەڵە و گرێبەستکردن لەسەر نەوتی تاڵانی لە کۆنگۆ-برازاڤیل

لە کۆتاییدا، ڕێگەیەکی ژیرانە هەیە کە یاخیبووان دەیگرنەبەر بۆ کڕاندنی پارە لە نەوت، ئەمیش بە خاوەنداریکردنی نەوتەکە و فرۆشتنی مافی بە بازاڕکردنی ئایندە بە کۆمپانیاکان. ئەو دەمەی سەرانی یاخیبووان لە ناوەخۆیان یەکگرتوون و ئاسۆی سەرکەوتن لە بەردەمیان ڕوونە، ئەوا هەندێ جار مافی دەرهێنانی نەوتی وڵاتەکەیان دەفرۆشن کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێت بە هی خۆیان. لێرە، یاخیبووان خۆیان نەوت نافرۆشن و بە تۆقاندن سەرانە لە حکومەتی وڵاتەکەیان و کۆمپانیاکان وەرناگرن. ئەوان مافی دەرهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت دەفرۆشن، ئەمەش تەنیا ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت کە یاخیبووەکان سەرکەوتن بەدەستدەهێنن.

ئەم کردارە سروشتێکی مەترسیداری هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیش پڕ بایەخە بۆ یاخیبووەکان. وا باوە کە ئەگەر کۆمەڵەیەکی یاخیبوو نەیتوانی نەوتەکە بفرۆشی، ئەوا واتە دەستی لە پارەی تاڵانیەکە گیرنابێت. جا فرۆشتنی مافی بەکارهێنان لە سەرەتاوە دەستگەیشتن بە نەوتەکە بەدیدەهێنێت. ئەگەر نەوتەکە کڕیاری

نەبێت، ئەوا تەنگژەکە لە سەرەتاوە بێ مانا دەبێت، لەوانەشە هەر پێکدادان ڕوونەدات و یاخیبووانیش دەست بۆ چەک نەبەن.

ئەم دیاردەیە لە وڵاتی کۆنگۆ-برازاڤیل، یانیش کۆماری کۆنگۆ، لە سەرەتای تەموزی ١٩٩٧دا بەدیکرا. وڵاتەکە کۆلۆنیەکی پێشووی فەڕەنسایە، و لە ١٩٧٤ەوە هەناردەکەرێکی زەبەی نەوتە. کۆنگۆ، بە درێژایی مێژووی خۆی، لە ژێر چەپۆکی ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان بووە، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکان بەرەو دیموکراسی هەنگاوی شلی نا. هەر لەو کاتەوە، بە سێ تەنگژەی ناوەخۆیی بچووک (لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٤، ساڵی ١٩٩٩، و ساڵی ٢٠٠٢) و دانەیەکی سەراپاگیر لە ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨، تێپەڕی.

تەنگژە سەراپاگیرەکە لەگەڵ ناردنی هێزە چەکدارەکانی حکومەتەوە لە لایەن سەرۆک (پاسکال لیسۆبای) بۆ داڵدەدانی ڕکابەرە سەرەکیەکەی، (دەنیس ساسۆ-نگویسۆی) لە پێگە تایبەتەکەی خۆی، دەستیپێکرد.[٥٩] ساسۆ سەرۆک کۆماری کۆنگۆ بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٩٢، و دوای ئەوە نیازی خۆ هەڵبژاردنەوەی هەبوو. هەر لەگەڵ هاتنی هێزە چەکدارەکان بۆ پێگەکەی، شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزە چەکدارەکان و میلیشیاکەی ساسۆ دروستبوو، بەمەش کۆنگۆ کەوتە ناو چەڵەمەی شەڕی ناوەخۆوە.

سەرچاوەیەکی سەرەکی دارایی میلیشیاکەی ساسۆ، بریتیبوو لە فرۆشتنی مافی بەکارهێنانی ئاییندەی بیرە نەوتەکانی کۆنگۆ. کۆمپانیای (Elf Aquitaine) کە ئێستا ناوی (Total)ە، پشتیوانیەکی دارایی قەبەی پێشکەش بە ساسۆ دەکرد. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بە ١٥٠ ملیۆن دۆلار دەکەن، هەندێکیشیان دەڵێن کۆمپانیای ناوبراو لە کڕینی چەک کۆمەکی بە ساسۆ دەکرد.[٦٠]

هۆکارگەلێکی بازرگانی هەبوون کە ئەو کۆمپانیا فەرەنسیەیان بزواند تا لەگەڵ ساسۆ ئەو مامەڵە درێژخایەنانە بکەن. کە ساسۆ سەرۆکی وڵات بوو، نێوانی لەگەڵ کۆمپانیای (Elf Aquitaine) و حکومەتی فەرەنسی باشبوو، ئەمەش دەستی کۆمپانیاکەی لەناو جەرگەی پیشەسازی نەوت لە کۆنگۆ والا کردبوو. کە لیسۆبای هاتە سەر دەسەلات، دەرگای بۆ کۆمپانیای تر کردەوە، وەک (Occidental Petroleum, Exxon, Shell, Chevron). حکومەتی لیسۆبای ڕەشنووسی یاسایەکیشی بۆ پەرلەمان نارد، کە ڕێ بە کۆمپانیای تریش بدرێت پتر دەستیان بە نەوتی کۆنگۆ بگات. وەک پەرچەکردار، کۆمپانیای (Elf Aquitaine) پشتگیری لە داواکەی ساسۆ کرد تا شوێنی لیسۆبای بگرێتەوە.

ئەمەش بەش بە خۆی مامەڵەیەکی براوە بوو بۆ کۆمپانیاکە تا زیاتر برەو بە وەبەرهێنانەکانی بدات. دوای چوار مانگ لە تەنگژەیەکی خوێناوی، ساسۆ حکومەتەکەی لیسۆبای ڕماند و خۆی شوێنی گرتەوە. هەر زوو ڕەشنووسی یاسایەکی لە پەرلەمان پەکخست، و پێگە بەرزەکەی بۆ کۆمپانیای (Elf Aquitaine) گێڕاوە. ئەم گۆڕانکاریە بۆ ساسۆش بەرهەمداربوو: هەرگا شەڕی ناوەخۆی بردەوە لە ١٩٩٨، خۆی دووبارە بوو بە سەرۆک و پرۆسەی دیموکراسی لە وڵات نەزۆک کرد.[٦١] ساسۆ، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٩ بە زۆرینەی دەنگ کورسی دەسەڵاتی بۆ خۆی زامن کرد، بێگومان ئەم سەرکەوتنانە دەرئەنجامی بایکۆتکردن و ڕێپێنەدانی حزبە بەرهەڵستکارەکان بوو لە دەنگدان لە پەرلەمان.

### داباریینی پارەی تالانی لە گینیای کەمەرەیی

دیاردەی فرۆشتنی مافی ئایندەی بەکارهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت چەند کارەساتێکی تریشی لێدەکەوێتەوە. لە مانگی ئازاری ٢٠٠٤، بەکرێگیراوانی هێزی

بێگانە زەفەریان بە دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا برد تا بیرپمێنن. بەڵام چونکە پیلانگێڕیەکە زوو ئاشکراکرا، وڵاتەکە نەکەوتە لێڕەواری شەڕی ناوەخۆوە، گەرچی تەواو لەو کەنارە نزیکبووبووەوە. ڕاپێچکردنی پیلانگێڕەکان بۆ دادگا گرێکوێرەکانی ئەم کردارەی بۆ وڵاتەکە و دنیاش کردەوە. دەرچوو کە پشتیوانی دارایی پیلانگێڕەکان لەو پارە تاڵانیە سەرچاوەی دەگرت کە لە فرۆشتنی مافی بەکارهێنانی ئایندەی نەوت لە وڵاتێکی تر دەستخرابوو.[٦٢]

دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا، کۆڵۆنیەکی پێشووتری ئیسپانیایە کە لە ١٩٧٩وە لەلایەن (تیۆدۆرۆ ئۆبیانگ نگویما مباسۆگۆ) حوکمڕانی دەکرا. مباسۆگۆ مامی خۆی بە کودەتای سەربازی لە دەسەڵات لابردبوو، و وڵاتەکەشی لە گەندەڵی و بنەمای نادیموکراتیکی نقومکردبوو. دوابەدوای دۆزینەوەی سامانی نەوت لە ١٩٩٦، وڵاتەکە چووە ڕیزی بەرهەمهێنە زەبەلاحەکانی نەوت لە ئەفریقا.

هەوڵی کودەتایەک درا لە دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا لە ٢٠٠٤، بەڵام ئەوە ئەفسەرانی سوپا یان بەرهەڵستکارانی سیاسی وڵاتەکە نەبوون کە هێرشەکەیان ئەنجامدا. (سیمۆن مان) و کۆمەڵە چەکدارەکەی لەشکرکێشیان کرد بۆ دام و دەزگاکانی دەوڵەت. سیمۆن مان بەکرێگیراوێکی بە ڕەگەز بەریتانیە، کە ئەو کات لە دەوڵەتی باشووری ئەفریقا نیشتەجێبوو. ئەو دامەزرێنەری کۆمپانیاکانی (Sandline International) و (Executive Outcomes) بوو، کە، کاتێک سیرا لیۆن و ئەنگۆلا لە نەوەدەکان خزابوونە نێو شەڕی ناوەخۆوە، سوپایەک لە بەکرێگیراوانی لە ڕێی ئەم دوو کۆمپانیایەوە ڕەوانەی ئەو دوو وڵاتە کردبوو.

مان لە مانگی ئازاری ٢٠٠٤، ئامادەکاری بۆ ناردنی ٦٥ سەربازی بەکرێگیراو کرد لە زیمبابوێوە بۆ دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا. پلانەکە وابوو کە ئەو سەربازانە

لەگەڵ ١٥ لە بەکرێگیراوەکانی تر- کە لە ئەرمینیا و ئەفریقای باشوور هاوردەکرابوون و لە دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا لە ئامادەباشیدابوون- یەکگرن تا (ئۆبیانگ) لە دەسەڵات لابەن و (سیڤیرۆ مۆتۆ)ی بەرهەڵستکاری لە شوێنی دابنێن.

دەسەڵاتی سیاسی لە زیمبابوێ و دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا زوو درکیان بە جموجۆڵەکە کرد، و کودەتاچیەکان لە پەلوپۆخران. ئەو فرۆکەی بەکرێگیراوەکانی لە زیمابوێوە دەگواستەوە لە شاری هاراری دەستی بەسەرداگیرا، و ئەوانی تر لە دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا دەستبەسەرکران. دواتر مان حوکمێکی حەوتساڵەی لە زیمبابوێ وەرگرت، ئەوانی تریش بە ساڵێک حوکمدران. لە ساڵی ٢٠٠٨، مان بۆ دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا ڕاپێچکرا و بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ حوکمدرا، بەڵام ساڵێک دواتر بە بڕیارێکی بەخشینی تایبەتی سەرۆکایەتی ئازادکرا.

هەڵبەتە کودەتایەکە بێ سەرچاوەیەکی دارایی زەمینەی جێبەجێکردنی بۆ نەدەڕەخسا. کۆمەڵێک لە وەبەرهێنەری بەریتانی و ئەفریقای باشوور ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆگرتبوو؛ ئەوان لە ڕێی هەژماری بانکی نەناسراو لە دوورگە دەوڵەتۆکەکانی بریتیش ڤێرجن ئایلان و گێرنسی پارەکەیان دابیندەکرد. بڕی پارەکە بە نەزاندراوی مایەوە، بەڵام بە سێ بۆ چواردە ملیۆن دۆلار مەزندەکرابوو. وەبەرهێنەرەکان چاوەڕێ بوون لە دەرامەتی نەوتی دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا پارەکەیان بۆ بێتەوە. لە ڕاستیدا، هەندێکیان بەڵێنی دەقاتی ئەو پارەیان وەک پاداشت پێدرابوو، کە تەنیا دوای دە هەفتە لە سەرکەوتنی کودەتایەکە پێیانبدرێت. هەندێکیشیان، ئامادەسازیان بۆ بنیاتنانی کۆمپانیای نەوتی تایبەت کردبوو تا دەستیان بە سامانی نەوتی دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا بگات. دەنگۆ هەبوو کە مۆتۆ، هەرگا بوو بە سەرۆک، ١٦ ملیۆن دۆلار و چەند گرێبەستێکی چەور بە مان بدات. زۆربەی وەبەرهێنەکان بە نادیاری مانەوە. یەک لەوانە، مارک

تاتچەری کوڕی (مارگارێت تاتچەر)ی سەرۆکی وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا بوو کە تێوەگلابوو. مارک لە باشووری ئەفریقا لە ٢٠٠٥ دادگاییکرا بەو تۆمەتە، و حوکمێکی پاشینەی زیندانی وەرگرت و سزایەکی دارایی قورس درا.

هەریەکە لە ساسۆ لە کۆنگۆ و مان لە دەوڵەتی کەمەرەیی گینیا، لە ڕێی فرۆشتنی مافی ئایندەی بەکارهێنان و بەبازاڕکردنی نەوتی وڵاتەکانیان دەستیان برد بۆ ئەم سەرکەشیە سیاسیانە، کە وایان پێشبینی دەکرد لە داهاتوو ببێتە هی خۆیان. بێگومان ئەوان تەواو دەستخەرۆ دەبوون ئەگەر بێ پشتبەستن بە نەوت کودەتایان ئەنجامبدایە. فرۆشتنی مافی ئایندەی بەکارهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت سامانی سروشتی کرد بە بەڵا بەسەر ئەو وڵاتانەوە.[٦٣]

پەیوەندی نێوان سامانی نەوت و پێکدادان ئێڵی و ناڕوونی زۆرە. کۆمپانیا نەوتییەکان زۆرجار لە دەڤەری وەها دەزگاکانیان بەگەڕدەخەن کە کەشی سیاسی و ئەمنیان جێگیر نیە. بەڵام، ئەوەی بەدیدەکرێت، بەرهەمهێنانی نەوت زۆرجار ئاگری شەڕی ناوەخۆ هەڵدەگیرسێنێت یانیش بەتینی دەکات، بە تایبەت لە وڵاتانی داهات و نزم و مامناوەندەکاندا، و بە تایبەتریش لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە.

زۆرێک لەو پێکدادانەی لەسەر نەوت ڕۆکراون سەراپاگیرنین، وەک لە کۆلۆمبیا و نەیجەر دەلتا بەم دواییانە بینراوە، کە کۆمەڵە چەکدارەکان زیاتر مەیلی تاڵانیان هەبووە و نەبوونەتە بزوتنەوەی جوداخوازی. بەڵام هەندێکیشیان بۆ جاڕدانی مافی چارەی خۆنووسین پەلیان کێشاوە، وەک بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستانی ئێراق، باشووری سودان، و پارێزگای ئاکە لە ئەندەنووسیا.

نەوت هەرگیز سەرچاوەی سەرەکی پێکدادان نیە، هەروەها بوونیشی شەڕە ناوەخۆیەکان ناکاتە شتێکی حەتمی. لە ١٩٧٠وە تا ئێستا، نزیکەی نیوەی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە شەڕ و پێکدادانی ناوەخۆ بەدووربوونە. مخابن، زۆرێک

له بەرهەمهێنەرە نوێیەکان وڵاتی کەم داهاتن و له مەترسی بەردەوامی پێکداپژاندان، بە تایبەت وڵاتانی ئەفریقا و وڵاتانی کەناراوەکانی دەریای قەزوین و هەرێمی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا. زۆرێک لەو وڵاتانە بای دەیەیەک یان دوو دەیە نەوت له هەناوی خاکەکەیاندا ماوە. ئەگەر هاتوو خزانە نێو شەڕی ناوەخۆوە، ئەوا هەر هیوایەک دەمرێنن کە نەوت ببێتە هەوێنی دەرچوون لە هەژاری بۆیان.

**پاشبەندی ٥.١: شیکارێکی ئاماری بۆ پەیوەندی نەوت بە پێکدادانە ناوەخۆییەکان**

ئەم پاشبەندە تایبەتە بە شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوان داهاتی نەوت و ئەگەری ڕوودانی شەڕی ناوەخۆ.

لێرەدا، چوار شیمانە پوختە دەکەین:

شیمانەی ٥.١: لە وڵاتێک، تا داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک پتر بێت، ئەوا ئەگەری هەڵئایسانی شەڕی ناوەخۆ تێیدا زیاتر دەبێت.

شیمانەی ٥.٢: لە وڵاتێک، تا داهاتی نەوت بۆ هەر تاکێک کەمتر بێت، ئەوا نەوت پتر دەبێتە هەوێنێک بۆ شەڕی ناوەخۆ.

شیمانەی ٥.٣: لە دوای ١٩٨٠ەوە، پێکدادانە ناوەخۆییەکانی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت دەبێت پتر بووبێت، بە بەراورد بە سەردەمی پێش ئەو ساڵە.

شیمانەی ٥.٤: ئەگەر نەوت لەناو دەریاوە بەرهەمبێت، ئەوا مەترسی ڕوودانی شەڕی ناوەخۆ بەرزناکاتەوە.

**داتا و میتۆد**

سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆ بارگۆڕە شوێنکەوتەکەی منە. چونکە ئەم بارگۆڕە دووسەرەیە، من مۆدێلی regressionی لۆگاریتمی بەکاردەهێنم تا مۆدێلەکانم ساغبکەمەوە. لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٦، تەنیا ١٩٣ جەنگی ناوەخۆ تۆمارکراوە، ئەمەش واتە ئەم دیاردەیە لە دنیادا هێندە باوە نیە، بۆیە من سەلمێندراوی (کینگ زینگ) بەکاردێنم کە تایبەتە بە شرۆڤەکردنی ڕووداوە دەگمەنەکان. زاناکانی تریش بەم سەلمێندراوە ئاشناترن وەک لە سەلمێندراوی دیکە.

ئەگەر وڵاتێک پتر لە شەڕێکی ناوەخۆیی لێ ڕوودابێت، ئەوا ئەو زنجیرە پێکدادانە زۆرجار بەیەکەوە بەستراون و ڕەنگە هەمان سەرچاوەشیان هەبێت، بۆیە من، هەروەک ناتانیل بێک، جۆناتان کاتز، و ڕیچارد تاکەر ڕێنمویان کردووم، سێ شەشپاڵو لەهەر مۆدێلێک دەئاخنم تا ژمارەی پێکدادانە ناوەخۆییەکان بە دروستی هەژماربکرێن، و لە هەمان کاتیشدا، ماوەی نێوان تەواوبوون و دەستپێکردنەوەی پێکدادان لەهەر وڵاتێک لە لێکدانەوەکان جیگیر دەکەم.[٦٤] تەکانێک بۆ دواوە بە هەموو بارگۆڕە شیکاریەکان لێدەدەم تا مۆدێلەکە لە هەڵە بپارێزم.

**بارگۆڕی شوێنکەوتە**

بارگۆڕی شوێنکەوتەمان لێرە خاڵی دەستپێکردنی شەڕی ناوەخۆییە، و لە ئاماری ساڵی ٢٠٠٧ی (Armed Conflict Dataset) وەرمگرتووە، کە ڕوونترین و چڕترین داتای لەسەر پێکدادانەکان تێدایە. ئەندازیاری ئەم داتاسێتە، لە پێناسەی پێکدادان دەنووسێت: "دوو لایەن، کە بەلایەنی کەمەوە دەبێت یەکیان حکومەت بێت، لە وڵاتێکدا بەیەکەوە هەڵناکەن و بەربەرەکانیەکەیان تا لێواری پێکدادانی چەکداریان دەبات. ڕەنگە ناکۆکیەکانیان لەسەر خاک بێت یان جەزبەی مسۆگەرکردنی دەسەڵات لە کەلەی دابن، یانیش لەسەر هەردووکیان پێکداببژێن. گرنگ، ئەگەر گرژیەکان لە ساڵێک لە ٢٥ قوربانی بەرەوژووری لێکەوتەوە، ئەوا ئەوکات پێی دەگوترێت پێکدادانی چەکداری." بەڵام چونکە من لەم بەشەدا لە شەڕە ناوەخۆییەکان وردبومەتەوە و شەڕە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانم بۆ تاوێ فەرامۆشکردووە، لێکدانەوەکانم بۆ "جۆری ٣" و "جۆری ٤" چڕدەکەمەوە، کە، بە پێی داڕێژەری ئەم داتاسێتە، یەک لە دوای یەک گوزارشت لە پێکدادانە ناوەخۆییەکان، و ئەو پێکدادانە ناوەخۆییانە دەکەن کە کاریگەری دەرەکیان لەسەرە و لە هەمان کاتیشدا دەرهاوێشتەکانیان کار لە وڵاتی تر دەکەن.[٦٥]

داتای بەردەست پوختە دەکەم تا بارگۆڕی *دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ* بئافرێنم، کە ژمارە "یەک" بۆ ئەو ساڵە دادەنێت کە پێکدادانەکە تێیدا دەستیپێکردووە، و لە حاڵەتی نەبوونی هیچ پێکدادانێکیش بە درێژایی ساڵێک، ژمارە "سفر" دادەنێت. زنجیرە پێکدادان هەیە جگە لە چەند ئاگربەستێکی کورت، هەرگیز نەپساوەتەوە. دۆزینەوەی خاڵی دەستپێکی ئەم چەشنە پێکدادانە ئەستەمە و لێڵی دەخاتە ئەنجامی لێکدانەوەکانمان، بۆیە من تەنیا ئەم پێکدادانانەم هەژمارکردووە کە دوای دوو ساڵ ئاشتی یان زیاتر هەڵگیرساون.[٦٦] من داتاسێتی ناوبراو بۆ دروستکردنی چەند بارگۆڕێک بەکاردێنم کە بۆ پێوانەکردنی سێ پێکهاتەی وردی *دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ* پێویستن: هەڵگیرسانی شەڕێک بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات (*دەستپێکی پێکدادان بۆ حکومەت*)، دەستپێکی شەڕێک بۆ داگیرکردنی خاک (*دەستپێکی شەڕی جوداخوازی*)، و دەستپێکی شەڕی ناوەخۆی فراوان (*دەستپێکی پێکدادانی گەورە*). هەروەک زانایانی تر، ئەمەی دواییان بەو پێکدادانە پێناسە دەکەم کە بەلایەنی کەمەوە، بە ماوەی ساڵێک، ١٠٠٠ کەسیان تێدا بکوژرێت. بۆ تێهەڵچوونەوە، داتاکان بە شێوازی لێکدانەوەی جەیمس فیرۆن ودەیڤید لایتین و نیکۆلاس سامبەینس شەنوکەو دەکەم، و ئەنجامەکانم پێیان ساغدەکەمەوە.[٦٧]

### بارگۆڕە سەربەخۆ و جێگیرەکان

هەر بارگۆڕە سەربەخۆکەی بەشی سێیەم لێرەش بەکاردەهێنم: لۆگاریتمی داهاتی نەوت بەپێی تاک. مۆدێلێکی شەڕە ناوەخۆییەکان نیە کە کۆدەنگی زاناکانی لەسەر بێت، بۆیە دەستنیشانکردنی بارگۆڕێکی جێگیر زەحمەتە. زانایانی وەک هاڤارد هێگر و هاوکارەکانی، فیرۆن و لایتین، کۆلێر و هۆفلەر، لارس ئێرێک جیدەرمان، ئەندریا ویمەر، برایان مین، و چەند زانایەکی ناوداری تر، کۆمەڵێک تێڕوانینی گرنگیان لەمبارەیەوە خستۆتەڕوو.[٦٨] تاقیکردنەوەکانی فیرۆن و

سامبەینس و هێگر، دەریانخستووە کە کۆمەڵێک بارگۆڕی باو، هەرگا ڕووبەڕووی گۆڕانکاریەک بوونەوە لە مۆدێلەکە، ساڵانی توێژینەوەکە، ماوەی خایەندراو بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک بەپێی ساڵێک یان چەند ساڵێک، یانیش پێناسەی شەڕی ناوەخۆ، ئەوا بەرگەی ناگرن و یەکسەر دادەهزرێن.[٦٩]

بەڵام هەندێک فاکتەری وەک ئاستی داهات و قەبارەی دانیشتووان، پتەون و خۆ لەبەر گۆڕانکاریەکان دەگرن. کۆمەڵێک فاکتەری تریشی وەک جۆری ڕژێم و تەمەنی سەربەخۆیی وڵات (ئەو وڵاتانەی تازە بۆ سەربەخۆیی پێڕەوکە بوون پتر دووچاری شەڕی ناوەخۆیی دێن)، تا ڕادەیەکی باش لەبەردەم گۆڕانکاریەکان خۆڕاگرن.[٧٠] سەبارەت بە جۆری ڕژێم، ئەنجامەکان پێماندەڵێن کە ئەو وڵاتانەی لە ژێر هەژموونی ئانۆکراسیدان-واتە تێکەڵەیەکن لە دیموکراسی و دیکتاتۆری- زیاتر لە لێرەواری شەڕی ناوەخۆ نزیکن. هەندێک هەلومەرجی تر کە برەو بە شەڕی ناوەخۆ دەدەن بریتین لە نەبوونی سەقامگیری سیاسی، گەشەیەکی سستی ئابووری، پەراوێزخستی پێکهاتە نەتەوەییەکان، هەبوونی هەرێمی شاخاوی، دەردەسەری دراوسێی شەڕفرۆش و نادیموکرات.

بە دارشتنی مۆدێلێکی بنەڕەتی دەستپێدەکەم کە تەنها بارگۆڕی *داهاتی نەوت* و هەردوو بارگۆڕی شیکاری داهات و دانیشتووان لەخۆبگرێت، چونکە تەنیا ئەم دوو بارگۆڕە شیکاریە بێ کەموکورتی دەتوانن بە *داهاتی نەوت* گرێبدرێن و وردبینی ئاماری دەستەبەربکەن. بۆ تێهەڵچوونەوە، ئەو بارگۆڕە شیکاریە ناوازانە دەخەمە نێو مۆدێلەکەم کە فیرۆن و لاتینین بەکاریانهێناون، هاوشان لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان.

**ئەنجامەکان**

خشتەی ٥.٤ ئەنجامی ئەو لێکدانەوانە پشاندەدات کە *دەستپێکی شەڕی* ناوەخۆ، وەک بارگۆڕێکی شوێنکەوتەکە، بناغەی بۆ داڕشتوون. ستوونی یەکەم دەریدەخات کە هەردوو بارگۆڕی *داهات* و *دانیشتووان* تەواو ئاوێتەی *دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ* دەبن، و پەیوەندیەک دروستدەکەن کە بە ئاڕاستەی کۆمەکیکردن بە بەرسڤەکەی ئێمە پێچبدات: ئەو وڵاتانەی دانیشتووانیان زۆر و داهاتیان کەمە، پتر بەرەو شەڕی ناوەخۆ دەکشێن.

لە ستوونی دووەمدا، *داهاتی نەوت* پەیوەندی ڕاستەوانەی لەگەڵ *دەسپێکی شەڕی ناوەخۆ* دروستکردووە، و لە p=0.01 وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنن. ئەم گەڵاڵەکردنەش لەگەڵ شیمانەی ٥.١ تەریبە.

لە ستوونی سێیەم و چوارەمدا، مۆدێلەکە لە ڕوانگەی داهاتی وڵاتانەوە ڕاڤە دەکەم. *داهاتی نەوت* لەو وڵاتانە باوترە کە داهاتیان کەم یان مامناوەندە (واتە خوار ٥٠٠٠ دۆلار بۆ هەر تاکێک لە تێکڕای ٢٠٠٠ دۆلار)، بەڵام لە وڵاتانی دەوڵەمەند – واتە ئەوانەی سەروو ٥٠٠٠ دۆلار بۆ هەر تاکێکیان داهاتە– *داهاتی نەوت* لەگەڵ *دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ* پەیوەندیەکی شێلگیر دروستناکات.

بۆ ئەوەی پەیوەندی *داهاتی نەوت* و داهاتی گشتی وڵاتانیش شەنوکەو بکەم، لە ستوونی پێنجەم، وەک تاکە چەمکێکی یەکتربڕ، لۆگاریتمی *داهاتی نەوت* جاران ١/٥ی *داهات دەکەم*. ئەم گۆڕانکاریەم بۆ ئاسانکاریە: ١/٥ی داهات دەبێتە بارگۆڕێکی هەمەکارەی بایەخدار، چونکە، ئەگەر بێتو شیمانەی ٥.٢ پشتڕاستکرێتەوە، ئەوا چەمکە یەکتربڕەکە کە نەوتی زۆر لەگەڵ داهاتی کەم بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەبێت ئەم ئاوێتەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەترستی ڕوودانی شەڕی ناوەخۆ گرێبدات. ئەم چەمکە یەکتربڕە زۆر ورد و نایابە، چونکە پێماندەڵێت کە دەرهاوێشتەکانی نەوت بە ئاستی داهاتی گشتی وڵاتەوە بەندە.[٧١]

ئەنجامەکانی هەرسێ ستوونی سێیەم و چوارەم و پێنجەم لەگەڵ شیمانەی ٥.٢ هاوئاهەنگن، کە دەریدەخات کاریگەریەکانی نەوت لەسەر شەڕی ناوەخۆ لە دەوڵەتە هەژارەکان پتر بەدیاردەکەون، وەک لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان.

لە خشتەی ٥.٥دا، وڵاتە دەستەبژێرەکانم بەسەر دوو ماوەدا دابەش دەکەم: سەردەمی جەنگی سارد، ١٩٦٠-١٩٨٩ (ستوونی یەکەم)، سەردەمی دوای جەنگی سارد، ١٩٩٠-٢٠٠٦ (ستوومی دووەم). پەیوەندی نێوان *داهاتی نەوت* و *دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ* لە سەردەمی دووەمدا بایەخی زیاترە، و هاوکۆلکەکەی سێ ئەوەندەی ماوەی یەکەمە. واتە ئەم گەڵاڵەکردنە لەگەڵ شیمانی ٥.٣ دەگونجێت، کە دەڵێت لە دوای ساڵی ١٩٨٠وە، ئەو شەڕانەی لەسەر داهاتی نەوت ڕۆنراون ژمارەیان زیادیکردووە.[٧٢]

*خشتەی ٥.٤: دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم خشتەیەی خوارەوە، لۆگاریتمی ئەگەری نزیککراوەی شەڕە ناوەخۆییەکانی تێدا نوێندراوە کە دەکرێت لە ساڵێکی دیاریکراودا ڕووبدەن. هەر نزیککردنەوەیەک پشتئەستوورە بە بارگۆڕێک کە تایبەتە بە هەژمارکردنی ساڵانی نێوان پێکدادانە ناوەخۆییەکان، و سێ تووڵی شەشپاڵویی تا ئەو دەرئەنجامە هەڵانە ڕاستبکەنەوە کە بەهۆی پشتبەستنی کاتی دروستدەبن (پشان نەدراون). تەواوی بارگۆڕە شیکاریەکان ساڵێک خراونەتە دواوە، و ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا داندراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| لۆگاریتم ی داهات | ***-<br>٠.٣١٦<br>(٠.٠٦١٠) | ***-<br>٠.٤٤٤<br>(٠.٠٦٩٠) | ***-<br>٠.٢٨٠<br>(٠.٠٩٧٩) | ***-<br>٠.٥٣٣<br>(٠.١٨١) | ***-<br>٠.٤١٠<br>(٠.٠٦٥٣) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لۆگاریتمی دانیشتووان | ٠.٣***١٤ (٠.٠٧٢٥) | ٠.٢***٥٨ (٠.٠٧٧٦) | ٠.٢***٥٥ (٠.٠٨٧٨) | ٠.٤***٨٧ (٠.١٠٦) | ٠.٢٤***٧ (٠.٠٧٧٨) |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت | —— | ٠.١***٣٣ (٠.٠٣٨٣) | ٠.١***٢٤ (٠.٠٤٢٥) | ٠.١٤٦ (٠.٠٩١٠) | —— |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت | —— | —— | —— | —— | ٠.١٠***٨ (٠.٠٣١٦) |

| پۆلێنکردنی وڵاتان بە گوێرەی داهات | هەمووی | هەمووی | خوار ٥٠٠٠ دۆلار | سەروو ٥٠٠٠ دۆلار | هەمووی |
|---|---|---|---|---|---|
| وڵاتان | ١٦٩ | ١٦٩ | ١٤٠ | ١٦٩ | ١٦٩ |
| دۆزراوەکان | ٦.٤٢٦ | ٦.٤٢٦ | ٤.٥٥٤ | ١.٨٧٢ | ٦.٣٨٢ |
| داتای ونبوو | %٦.٧ | %٦.٧ | %١٠.٦ | %٣.٩ | %٦.٨ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

ڕاستە، *داهاتی نەوت* لەگەڵ *دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ* تێکوەپێچراوە و ڕێی بۆ خۆش دەکات، بەڵام مەرج نیە کاریگەری لەسەر شەڕە دەسەڵاتویستەکان و شەڕە جوداخوازەکان هەبێت. لە ستوونی سێیەم و چوارەمدا ئەم پرسەم هەڵێناوە: ئەنجامەکان دەریانخست کە *داهاتی نەوت* هیچ کام لەم پێکدادانانە دەرباز ناکات، و بگرە هاوکۆلکەکانیش وەک یەکن.

پێکدادانە بچووکەکانیش- کە لە ساڵێکدا لە نێوان ٢٥ بۆ ١٠٠٠ قوربانیان لێدەبێتەوە- لە بارگۆڕە شوێنکەوتەکە ئاخندراون. ئەم تێکوەپێچانە ناڕوونیەک لە لێکدانەوەکان دروست دەکات، چونکە، لەبەر ژمارەی زۆری وردە شەڕانە، ئاڕاستەی بەرسڤەکەمان بەرەو ئەو پنتێک بچێت کە ناچاربین تێیدا بڵێین نەوت تەنیا شەڕی بچووکی لێدەبێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم گومانە بڕەوێنمەوە، لە ستوونی پێنجەمدا دووبارە مۆدێلە بنەڕەتیەکەم بۆ نزیککردنەوەیەکی تر دادەڕێژمەوە، بەڵام ئەم جارەیان *دەستپێکی شەڕە گەورەکان* دەکەم بە بارگۆڕی شوێنکەوتە. ئەگەر هەردوو "سەردەمی جەنگی سارد" و "سەردەمی دوای جەنگی سارد" شرۆڤە بکەن، ئەوا *داهاتی نەوت* بایەخە ئاماریەکەی لە دەستدەدات. من لە ستوونی شەشەم قەرەبووی ئەم کەمایەسیە دەکەمەوە: لەوێ هەمان مۆدێل بەکاردەهێنمەوە، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا لە سەردەمی دووەم ڕۆدەچم و سەردەمی یەکەم لەم پێوەدانگە هەڵدەپەسێرم، ئیدی *داهاتی نەوت* بایەخی ئاماری بۆ دەگەڕێتەوە.

لە ستوونی حەفتەمدا، دوو زڕەبارگۆڕ دروستدەکەم تا دەرهاوێشتە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لەسەر وشکانی و بەرهەمهێنانی ناو دەریا بخەمە بەر لێکۆڵینەوە.

لەم ستوونەدا، زرە بارگۆڕێک تایبەتە بەو وڵاتە بەرهەمهێنەرانەی کە لە وشکانیدا بەلایەنی کەمەوە سەد دۆلار لە نەوت بۆ هەر تاکێک دەخاتەوە، و زرەبارگۆڕەکەی تر بۆ هاوتاکانیانە لەنێو دەریا بۆ هەمان بڕ.[٧٣]

زرەبارگۆڕی *نەوتی دەریا* لە سفر نزیکە و وردبینی ئاماری بەدەستناهێنێت، بەڵام هاوکۆلکەی *نەوتی وشکانی* دە هێندەی ئەویتر گەورەترە و بایەخی ئاماری خۆی هەیە. بە واتایەکی تر، داهاتی هەڵوەریو لە نەوتی ژێر ئاوە هیچ دەرهاوێشتەیەکی وەهای لەسەر دروستبوونی پێکدادانە خوێناویەکان نابێت. ئەم گەلاڵەکردنەش لەگەڵ شیمانەی ٥.٤ هاوئاوازە.

دڵنیابوون لە دروستی ئەنجامەکان

مەرج نیە ئەم ئەنجامانە دروست و سەراپاگیر بن، ڕەنگە لە داتای چەند وڵاتێک یان هەرێمێکی نقومبوو لە شەڕ و پێکدادان چڕبووبنەوە، یان پێناسەکەی (Armed Conflict Dataset) ئەوەندە گشتگیر نەبووبێت کە تەواوی پێکدادانە ناوەخۆییەکان بگرێتەوە، یانیش دەکرێت بارگۆڕەکە لە چەند پنتێک کورتی هێنابێت.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە، حەوت جار بە ئەنجامەکاندا چوومەتەوە و ئەنجامی ئەم پێداچوونەوانەم لە خشتەی ٥.٦ ئاخنیوە. ئەم خشتەیە تایبەتە بە شرۆڤەکردنی شەڕی ناوەخۆ لە هەموو دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی ماوەی توێژینەکەم بە جیا، لە هەمانکاتیشدا، بە جیا لە سەردەمی دوای ساڵی ١٩٨٩، و بە جیا وڵاتانی کەمدەرامەت و داهات ورد دەبێتەوە.

هەر خانەیەک تایبەتە بە هاوکۆلکەی *داهاتی نەوت* و ئەو هەلومەرجانەی تێیاندا وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت:

***خشتەی ٥.٥: شەڕە جوداخوازیەکان و شەڕە دەسەڵاتویستەکان و شەڕە ناوەخۆییە گەورەکان (١٩٦٠-٢٠٠٦)***

ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی نزیککراوەی شەڕە ناوەخۆییەکانی تێدا نوێندراوە بە درێژایی ماوەی دیاریکراو. هەر نزیککردنەوەیەک پشتئەستوورە بە بارگۆڕێک کە تایبەتە بە هەژمارکردنی ساڵانی نێوان پێکدادانە ناوەخۆییەکان، و سێ تووڵی شەشپاڵویی تا ئەو دەرئەنجامە هەڵانە ڕاستبکەنەوە کە بەهۆی پشتبەستنی کاتی دروستدەبن (پشان نەدراون). تەواوی بارگۆڕە شیکاریەکان ساڵێک خراونەتە دواوە، و ئەنجامی تێهەڵچوونەوەکان لەناو کەوانەدا داندراون.

| | (١) | (٢) | (٣) | (٤) | (٥) | (٦) | (٧) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بارگۆڕی شوێنکەوتە | تەواوی پێکدادانەکان | تەواوی پێکدادانەکان | پێکدادانە جوداخوازیەکان | پێکدادانەکان لەسەر دەسەڵات | پێکدادانە گەورەکان | پێکدادانە گەورەکان | تەواوی پێکدادانەکان |
| لۆگاریتمی داهات | -٠.٢٩٧*** (٠.٠٧٢٧) | -٠.٦٣٦*** (٠.١٢٤) | -٠.٤٥٧*** (٠.١٧٤) | -٠.٤٢٧*** (٠.٠٧٤٢) | ٠.٣٢٦*** (٠.٠٩٧٤) | -٠.٥١٢*** (٠.١٥٥) | -٠.٤٠٥*** (٠.٠٦٤٨) |
| لۆگاریتمی دانیشتووان | ٠.٢٥٩*** (٠.٠٨٤٩) | ٠.٢٥٦*** (٠.٠٨٤٨) | ٠.٥٣٧*** (٠.١٠٩) | ٠.٥٣٧*** (٠.١٠٩) | ٠.٢٥٢ *** (٠.٠٧٤٥) | ٠.٢٠٣** (٠.٠٩٧٠) | ٠.٢٧٦*** (٠.٠٧٨٥) |
| لۆگاریتمی داهاتی نەوت | ٠.٠٥٩٥ (٠.٠٤٧٠) | ٠.٢٠٦*** (٠.٠٥٦٠) | ٠.١٣٥** (٠.٠٤٣٨) | ٠.١٣٨** (٠.٠٤٣٨) | ٠.٠٩٦٠ (٠.٠٦٤٢) | ٠.٠٩٦٠** (٠.٠٦٤٢) | ---- |
| نەوتی ژێر ئاو | ----- | ------ | ------ | ----- | ----- | ----- | ٠.٠٤٥٠ (٠.٣٤١) |
| نەوتی سەر وشکانی | ------ | ------ | ----- | ----- | ------ | ----- | ٠.٦٥٥** (٠.٢٦٦) |

| ساڵ | ١٩٦٠-١٩٨٩ | ١٩٩٠-٢٠٠٦ | ١٩٦٠-٢٠٠٦ | ١٩٦٠-٢٠٠٦ | ١٩٦٠-٢٠٠٦ | ١٩٩٠-٢٠٠٦ | ١٩٦٠-٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وڵات | ١٤٤ | ١٦٩ | ١٦٩ | ١٦٩ | ١٦٩ | ١٦٩ | ١٦٩ |
| دۆزراوەکان | ٣٠٦١٨ | ٢٠٨٠٨ | ٦٠٤٢٦ | ٦٠٤٢٦ | ٦٠٤٢٦ | ٢٠٨٠٨ | ٦٠١٤٩ |
| داتای ونبوو | %٩.٠ | %٢.١ | %٦.٧ | %٦.٧ | %٦.٧ | %٢.١ | %١٠.٢ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

**خشتەی ٦ .٥:** *تێهەڵچوونەوە بە "دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان".*

ئەم ژمارانەی خوارەوە گوزارشت لە هاوکۆلکەکانی *داهاتی نەوت* لەهەر مۆدێلێک دەکەن کە تا ئێستا باسکرا. لە دەقەکە بڕوانە بۆ زانیاری زیاتر.

| | تەواوی وڵاتان لەو ماوانەی ئاماژەیان پێدراوە | ١٩٩٠-٢٠٠٦ | وڵاتە داهات نزم و مامناوەندەکان |
|---|---|---|---|
| مۆدێلی بنەڕەتی | ***٠.١٣٣ | ***٠.٢٠٧ | ***٠.١٢٤ |
| کاریگەری نەوت (دابەشبوو بۆ هەردوو بارگۆڕەکان) | ***٠.٧٠٤ | ***٠.٩٦٥ | ***٠.٦٥٧ |
| لادانی ئێران و ئێراق | **٠.٠٩٩ | ***٠.١٨٢ | **٠.٠٩٧ |
| لادانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین | ***٠.١٢٤ | ***٠.٢١٣ | **٠.١١٧ |
| زیادکردنی هەرێمی دروستکراو | ***٠.١١٨ | ***٠.٢٠٠ | ***٠.١١١ |
| بارگۆڕە جێگیرەکانی فیرۆن و لاتینین | ***٠.١٠٩ | ***٠.١٦٥ | **٠.٠٩٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شەڕە ناوەخۆییە باسکراوەکانی فیرۆن و لاتینین | ٠.٠٨٩* | ٠.١٩٤*** | ٠.٠٧٥ |
| شەڕە ناوەخۆییە باسکراوەکانی سامبانیس | ٠.٠٩٠* | ٠.١٢٩* | ٠.٠٨٧ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت.

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

١- مۆدێلە بنەڕەتیەکەیە، کە هەردوو بارگۆڕی جێگیری *داهات* و *دانیشتووانی* تێدایە.

٢- مۆدێلە بنەڕەتیەکە بەڵام بە پێوانەیەکی دووسەرە بۆ *داهاتی نەوت*، کە ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ دۆلار لە *داهاتی نەوت* بۆ هەر تاکێک بەرهەمبهێنن. ئەم خانەیە بۆ ئەوە تەرخانکراوە کە دروستی پێوەدانگی *لۆگاریتمی داهاتی نەوت* ساغبکاتەوە.

٣- لێرەش سەرنجەکە لەسەر مۆدێلە بنەڕەتیەکەیە، بەڵام ئێراق و ئێران لێرە هەڵپەسێردراون، چونکە لە ڕیزی دەوڵەتە-نەوتییەکان لە نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٦دا، ئەم دوو وڵاتە زۆرترین شەڕی ناوەخۆییان بەخۆوە بینیوە. هەروەک لە بەشی

پێنجەم ئاماژەم پێدا، ئێراق و ئێران مێژوویەکی هەڵاوێردەیان هەبووە لە بۆتەی کۆلۆنیالیزم، بۆیە هەلومەرجەکانیان ڕێخۆشکەرن بۆ شەڕ و پێکدادانی ناوەخۆیی.

٤- مۆدێلە بنەڕەتیەکەیە بەڵام لێرە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین فەرامۆشکراون.

٥- مۆدێلە بنەڕەتیەکە لەگەڵ چوار زرەبارگۆڕ بۆ هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا، بیابانی ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، و ئاسیا. سنوورەکانی ئەم هەرێمانە بەشێوەی جیا پێناسەکراون، بەڵام من لێرە پەنام بۆ پێناسەکانی (بانکێ جیهانی) بردووە.

٦- مۆدێلە بنەڕەتیەکە، هاوشان لەگەڵ ئەو بارگۆڕە جێگیرانەی لە مۆدێلەکەی فیرۆن و لەیتینین بەکارهاتبوون، کە بریتیبوون لە دیموکراسی، ڕەگی دووجای دیموکراسی، پەراوێزخستنی نەتەوەیی، کەنارپێگرتنی ئایینی، هەرێمی شاخاوی، خاکی کێشەلەسەر، و ناسەقامگیری سیاسی.

٧- مۆدێلە بنەڕەتیەکە ئاوێتە لەگەڵ پێوەدانگێکی بەدیلی وەرگیراو لە داتاسێتی فیرۆن و لایتینین لەسەر دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان. ئەم پێوەدانگە پێناسەیەکی وردتر بۆ شەڕی ناوەخۆ فەراهەمدەکات، ئەمەش بۆ لێکدانەوەکانمان گرنگە چونکە وردە پێکدادانەکان فەرامۆش دەکات. بەڵام داتاسێتەکەی ئەم دوو زانایە تا ساڵی ١٩٩٩ کاری خۆی دەکات و لە باسی پازدە وڵاتیش دەبوورێت، بۆیە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە، پەنا بۆ (Armed Conflict Dataset) دەبەم، و داتای وەرگیراو لە مۆدێلەکەی پێشووترەوە دەترنجێنم.[٧٤]

٨- لێرەش پێوەدانگێکی بەدیلی تر بەکاردەهێنم کە لە داتاسێتی سامبانیس وەرگیراوە بۆ شەڕە ناوەخۆییەکان. بە هەمان شێوە، ئەم داتاسێتەش تا ساڵی

١٩٩٩ بەکارە و بەسەر هەشت وڵات بازدەدات کە لە (Armed Conflict Dataset) هاتووە، بۆیە من زانیاری پێویست لەم داتاسێتە وەردەگرم و بارگۆڕەکەی سامابنیسی پێ دەوڵەمەند دەکەم.[٧٥]

بە درێژایی هەردوو ماوەی نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٦، و "سەردەمی دوای جەنگی سارد"، یهیچ خەوشێک و کەموکوڕیەک لە پەیوەندی نێوان نەوت و پێکدادانی ناوەخۆدا. لە سەردەمی دوای جەنگی سارد، هاوکۆلکەکانی *داهاتی نەوت* گەورەترن. لە وڵاتە کەمدەرامەتەکان و داهات مامناوەندەکاندا، پەیوەندی نێوان نەوت و پێکدادانی ناوەخۆ کەمتر شێلگیرە، و لەگەڵ بەکارهێنانی داتاکانی فیرۆن-لایتینین یان سامبانیس وردبینی ئاماری لەدەستدەدات، ئەمیش ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە ئەم دوو مۆدێلە پێکدادانە وردەکان فەرامۆش دەکەن.

هەر ئەوەندەی ئێراق و ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پەراوێزبخرێن، لە هەر سێ مۆدێلەکەدا *داهاتی نەوت* وردبینی ئاماری لە پەیوەندیەکەی لەگەڵ دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان بەدەستدەهێنێت. خستنەپاڵی زڕە بارگۆڕەکانیش جیاوازیەکەی وەها لەسەر *داهاتی نەوت* جێناهێڵێت.

تەواوی دەرئەنجامەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە داهاتی نەوت لە ژێر چەند هەلومەرجێکی ماقووڵدا بە دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکانەوە بەند دەبێت. لە کۆی چوار شیمانەی بەشی چوار، ئەنجامەکان لەگەڵ سێیانیان هاوئاوازن: داهاتی نەوت ئەگەری ڕوودانی شەڕی ناوەخۆ زیاتر دەکات، ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی داهات کەم و مامناوەند پترە، و ئەگەر نەوت لە وشکانی بەرهەمبێت مەترسی ڕوودانی شەڕی ناوەخۆ بەرزدەبێتەوە. لە سەرەتای ئاشنابوونی مرۆڤ بە پیشەسازی نەوتەوە، دەرهاوێشتەکانی داهاتی نەوت لەسەر پێکدادانەکان بەپێی

کات ترەکاون، بەڵام وا دیارە دابەشکردنی ماوەی توێژینەوەکە بۆ سەردەمی پێش ۱۹۹۰ و سەردەمی دوای ۱۹۹۰ لە هەمووی گونجاوتربێت.

پەیوەندی نێوان داهاتی نەوت و دەستپێکی شەڕە ناوەخۆییەکان بۆ هەردوو پێکدادانە جوداخوازیەکان و دەسەڵاتخوازیەکان بەکارە و بۆ ڕاڤەکردنیان دەشێت. بۆ شەڕە ناوەخۆییە گەورەکانیش دەبێت، بەڵام تەنیا سەردەمی دوای جەنگی سارد شەنوکەو دەکات. چەندین جار بە ئەنجامەکاندا چوومەتەوە، مایەی خۆشحاڵیە کە دەرکەوت پەیوەندیەکە نەچۆتە ژێرباری کاریگەری چەند وڵاتێک یان هەرێمێک، و لە پێناسەی (Armed Conflict Dataset) یش قەتیس نەبووە.

## بەندی ٦: نەوت، گەشەی ئابووری، و دامەزراوە سیاسییەکان

"بوژانەوەیەکی [ئابووری] لە پڕ، هێدی هێدی داڕمانێکی یەکجاری بەدوادادێت."

— پاول فرانکیل، "بنەڕەتییەکانی نەوت"، ١٩٤٦.

زۆرینەی زانا کۆمەڵایەتییەکان لە پەنجا و شەستەکان بڕوایان وابوو کە سامانی سروشتی سوود بە گەشەی ئابووری دەگەیەنێت. وا پێشبینی دەکرا کە وڵاتە ئەفریقیە دەوڵەمەندەکان بە کانزا سروشتییەکان داهاتوویەکی پڕشنگداریان ببێت، و هاوتاکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا توشی تەنگ و چەڵەمەی ئابووری ببن. بەڵام ئەم پێشبینیە باوە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان پێچەوانەبۆوە: وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوژانەوەیەکی خرۆشاویان بەخۆیانەوە بینی، لە کاتێکدا گەشەی زۆرێک لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە کانزای سروشتی لە ئەفریقا سندمکرا. دەوڵەتە نەوتە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین- کە تا ناوەڕاستی حەفتاکانیش لە بوژانەوەی بەردەوامدابوون - بە درێژایی هەشتا و نەوەدەکان لە گەشە نەبرینگانەوە. تا ساڵی ٢٠٠٥، نیوەی وڵاتانی (ئۆپیک) هەژارتربوون بە بەراورد بە سی ساڵی پێشووتریان. لەو کاتەوە، بەرسڤی ئابووریناسان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت: سامانی سروشتی بە گشتی و سامانی نەوت بە تایبەتی، لە وڵاتانی پێنەگەیشتوودا تووشی پاڕادۆکسێک دەبێتەوە و ئەو وڵاتانە بەرەو "گەندەڵی، حوکمڕانی ناپەسەند، دەوڵەتی موڵکانە، و داپڵۆسین" پەلکێش دەکات، سەرئەنجام ئابوورییەکانیان تووشی شکست دێت.[١]

بەشێکی زۆری ئەم تێڕوانینە گشتیگیرە خەوشدارە، چونکە نەوت هەمیشە تەنگ بە گەشەی ئابووری هەڵناچنێت، دامەزراوە حوکمیەکان لە پەلوپۆ ناخات، گەندەڵی لە وڵاتان بەرپاناکات، و پەرەسەندنی مرۆیی بەرزەفت ناکات. ڕاستە، گەشەی ئابووری لە دەوڵەتە نەوتییەکان نامۆبووە، بەڵام هیچ کات نە هێواشتر

نە خێراتربووە لە چاو گەشەی ئابووری وڵاتانی تر. پرسیارە ئاڵۆزەکە ئەوەیە کە بۆچی گەشەی دەوڵەتە-نەوتییەکان ئاسایی بووە، لە کاتێکدا کە، بە لەبەرچاوگرتنی سامانە نەوتیە قەبەکەیان، دەبوو خێراتر ببوژێنەوە لە چاو دەوڵەتانی تر.

## ئایا گەشەی ئابووری دەوڵەتە نەوتییەکان سست بووە؟

زۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی بەبڕست هەن کە پێ لەسەر پەیدابوونی نەفرەتی ئابووری دادەگرن بە هۆی نەوتەوە: تا وڵاتان نەوتی زیاتر دەربێن، زیاتر بەرەو سستی گەشەی ئابووری دەکشێن.[٢] زۆرێک لەم لێکۆڵینەوانە لە ماوەی نێوان ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠ ورددەبنەوە، ئەم ساڵانەش ڕۆژگاری پڕ چەڵەمەی ئابووری بوونە بۆ دەوڵەتە نەوتییەکان. بەڵام ئەگەر لەو ماوەیە دەرچین و وێنە گەورەکە بخەینە بەر توێژینەوە، دەبینین کە، گەرچی گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانە ناجێگیر بووە بەڵام بەم ڕادەیە خاوڕێکردوو نەبووە.

*خشتەی ٦.١: گەشەی ساڵانەی ئابووری تاک (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

| | | ولاتە بەکاربەرەکان | ولاتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| *تەواوی ولاتەکان | ١٩٦٠-٢٠٠٦ | ١.٧٦ | ١.٦٧ | ٠.٠٩- |
| | ١٩٦٠-١٩٧٣ | ٢.٧٧ | ٤.٥ | ***١.٧٢ |
| | ١٩٧٤-١٩٨٩ | ١.١٤ | ٠.٢٢ | ***٠.٩٣- |
| | ١٩٩٠-٢٠٠٦ | ١.٤٥ | ٢.٠٤ | **٠.٥٩ |
| *ولاتە تازە گەشەسەندووەکان | ١٩٦٠-٢٠٠٦ | ١.٥٦ | ١.٥٤ | ٠.٠٢- |
| | ١٩٦٠-١٩٧٣ | ٢.٣٤ | ٤.٦٧ | ***٢.٣٣ |
| | ١٩٧٤-١٩٨٩ | ٠.٩٧ | ٠.٣٨- | ***١.٣٥- |
| | ١٩٩٠-٢٠٠٦ | ١.٤٢ | ٢.٢٤ | ***٠.٨٢ |

*له ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت له (one-tailed t-test)

**له ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***له ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان له (مادیسۆن)-٢٠٠٩ وەرگیراون و دواتر شیکارکراون.

خشتەی ٦.١ کورتکراوەی گەشەی ئابووری تاکەکە.سە له دەوڵەتە نەوتی و نانەوتییەکان له ساڵی ١٩٦٠ بۆ ٢٠٠٦. به درێژایی ئەم ماوەیە، گەشەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لەگەڵ ئەوانیتر تا ڕادەیەک هاوتەریب بووە؛ له جیهانی تازە پێگەیشتوودا، تێکڕای گەشەی وڵاتان هاوشانبووە لەگەڵ یەکتر، که یەکسان بووە به ١.٥ لەسەدا.

بەڵام ئەگەر ئەم چلوشەش ساڵە بەسەر سێ ماوەدا دابەشبکەین، ئەوا شتێکی سەیر بەدیدەکەین: دەبینین که دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان یان لەوپەڕی گەشە یان لەوپەری داتەپینی ئابووریدابوونە. له ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٣، گەشەی ئابووری دەوڵەتانی بەرهەمهێن خێراتر بووە لەچاو ئەوانی تر؛ له نێوان ١٩٧٤ و ١٩٨٩، گەشەیان هێواشتر بووە؛ و له ١٩٩٠ بۆ ٢٠٠٦یش، دووبارە گەیشتوونەتە ترۆپکی گەشە. له هەریەک لەم ماوانەدا، ئەگەر وڵاتە پیشەسازیە ڕیزپەڕەکان له هاوکێشەکە لابەرین، ئەوا بۆشایی نێوان دەوڵەتە نەوتییەکان و ئەوانی تر فراوانتردەبێت.

دەتوانین له لادانی پێوەری (Standard Deviation)* ی ڕێژەی گەشەی ئەم وڵاتانەش وردبینەوە تا بزانین، به درێژایی ساڵێک، چەند هەڵبەز و دابەزیان

* الانحراف المعیاری.

کردووه. له تەواوی دنیادا، (Standard Deviation)ی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکان، نزیکەی ٤٠ لەسەدا زیاتربووه له وڵاتانی تر. له ڕیزی وڵاتانی تازه پێگەییودا، (Standard Deviation)ی وڵاته بەرهەمهێنەرەکان ٦٠ لەسەدا بەرزتربووه.

ڕوانین له تێکڕای دەرامەتی ساڵانەی نەوت له دەوڵەته بەرهەمهێنه سەرەکیەکانی جیهانی تازه پێگەیشتوودا ڕێگایەکی تره بۆ ڕاڤەکردنی کاریگەریە ئابوورییەکانی نەوت. سێزده وڵات هەبوون که به درێژایی حەفتا و هەشتایەکان، بەلایەنی کەمەوه هەزار دۆلاری داهاتی تاکەکەسیان له دەستمایەی نەوت و گاز بەرهەمدێنا، بەمەش سامانی وڵاتەکانیان پاکی به نەوته عەمبارکراوەکەیانەوه بەندبوو (سەیری هێڵکاری ٦.١ بکه).[٣] ئەم سێزده دەوڵەته، له ساڵی ١٩٥٠، شەش هێندەی وڵاتانی تری جیهانی سێ دەوڵەمەندبوون. به درێژایی دوو دەیەی دواتر، بۆشایی نێوان ئەو دەوڵەتانه و هاوتاکانیان لەم جیهانه هەروا دەهات فراوانتردەبوو، و له یەکەم قەیرانی نەوت له ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ ئەم خەرەنده تەواو لێککشا. بەڵام له نێوان ١٩٧٤ و ١٩٨٩دا، داهاتی تاک لەم وڵاتانه به تێکڕای ساڵانەی ٤٧ لەسەدt-ی ساڵانه داڕما؛ به بەراوردکردنی داهاتی تاک، گەشەی ئابووری له چوار لەم وڵاتانه- ئێراق، کوێت، قەتەر، و ئیمارات- بۆ پێش ساڵی ١٩٥٠ داکشا.

بەشێکی ئەم داتەپینه بۆ ئاوێتەبوونی سیستەمی ئابووری ئەو وڵاتانه به نرخه جیهانیەکانی نەوت دەگەڕاوه. هێڵکاری ٦.٢، جارێکی تر تێکڕای داهاتی تاکەکەس لەو سێزده وڵاته له نێوان ساڵی ١٩٥٠ بۆ ٢٠٠٦ پشاندەدات، بەڵام لێره ئەم ژمارانه به نرخەکانی نەوت گرێدراون (تەواوی ژمارەکان به پێی بەهای دۆلار له ساڵی ٢٠٠٧ ڕۆنراون). که نرخی نەوت له ساڵی ١٩٥٠ بۆ ١٩٧٣ به نەگۆڕی مابۆوه، گەشەی داهاتی تاک لەم وڵاتانه بەردەوام له بوژانەوەدابوو؛ لیبیا له

ڕیزی پێشەوەی ئەم وڵاتانە دەهات، کە داهاتی تاک تێیدا بە ڕێژەی ٦٧٨ لەسەدا بەرزبۆوە.

بەڵام ئەم ئاستە لە بوژانەوە ئەم کاتە داپەڕیە خوارەوە  کە نرخی نەوت تۆ هێندە بەرزبۆوە لە حەفتاکان. دەتوانین بڵێین پاکی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت کێشەی هەڵسوڕاندنی ئەم باکەوتانەیان بۆ دروستبوو کە لە نەوت بۆیان دەهات، گەرچی لەم بۆتەیەوە ستراتیژی هەریەکەشیان جیاوازبوو لەوی تریان. کۆمەڵێک لە بەرهەمهێنەرە قەبەکانی وەک ئێران، ڤەنزوێلا، کوێت، قەتەڕ، و بەحرەین، ژیرانە بەرهەمهێنانی نەوتییان سنووردارکرد تا بارتەقای باکەوتەکان ببەن. هەندێکی تریشیان بەردەوامبوون لە هەناردەکردنی نەوت بە ڕێژەیی قەبە تا پارە بۆ هەندێ پرۆژەی ناوەخۆ دابینبکەن.




*هێڵکاری ٦.١: داهاتی بەرهەمهێنەرە سەرەکیەکانی نەوت (١٩٥٠-٢٠٠٦).*

هێڵە ڕەشەکە ناوەندە داهاتی تاک (mean income per capita) لە سێزدە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوت پشاندەدات لە شەستەکان و

حەفتاکان و هەشتاکاندا (بەدەر لە ئەمریکاری باکوور و ئەوڕوپا): جەزائیر، بەحرەین، گابۆن، ئێران، ئێراق، کوێت، لیبیا، عومان، قەتەر، سعودیە، ترینداد، ئیمارات، و ڤەنزوێلا. بروناى بەرهەمهێنەرێکی دیاری نەوتە، بەڵام هیچ داتایەکی وەها لەسەر گەشەی وڵاتەکە بەردەست نەبوو تا بیخەینە پاڵ ئەوانی تر. هێڵە کاڵەکە تەواوی وڵاتانی تری تازە گەشەسەندوو دەگرتەوە. داهاتەکان بە گوێرەی ٢٠٠٠ دۆلاری جێگیر پێوانەکراون.

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەکارهێنانی نەوتییان سنووردارکرد لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٦، و لە هەمان کاتیشدا، سعودیە بەردەوامیدا بە زیادکردنی بەرهەمهێنان، ئەمەش وایکرد نرخی نەوت بە ڕێژەی دوو لەسەر سێ دابەزێت. ئەم هاڕەکردنەی نرخە داڕمانێکی ئابووری لەناکاوی لێکەوتەوە بۆ وڵاتە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنان. هێڵکاری ٦.٣، گۆڕان لە داهاتی تاک پشاندەدات لە تەواوی دەوڵەتانی جیهانی تازە پێگەیشتوو بە درێژایی ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٨٩ (لەسەر هێڵی ستوونی)، لەگەڵ تێکڕایی ساڵانەی داهاتی تاک کە لە نەوت و گازەوە دێت (لەسەر هێڵی ئاسۆیی). وێنە گەورەکە ئەوەیە کە هەرگا ئەم وڵاتانە پتر نەوتییان بەرهەمهێنا، ئەوا داهاتەکانیان پتر داڕمانی بەخۆ بینیوە،. داهاتی تاک لە پێنج لە وڵاتانی بەرهەمهێن- ئەنگۆلا، گابۆن، قەتەڕ، و ئیمارات- بە ڕێژەی ٥٠ لەسەدا دابەزی. نەوت بە درێژایی ئەم شازدە ساڵە نەفرەتێکی ئابووری بووە: تا وڵاتان زیاتر نەوتییان بەرهەمهێنابا، زیاتر دەکەوتنە نێو تەنگ و چەڵەمەی ئابووریەوە.




***هێڵکاری ٢.٦: داهاتی بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان و نرخەکانی نەوت (١٩٥٠-٢٠٠٦).***

هێڵە پڕەکە ناوەندە داهاتی تاک لە سێزدە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوت پشاندەدات لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا (بەدەر لە ئەمریکاری باکوور و ئەوروپا). هێڵە پچڕپچڕەکە نرخی بەرمیلێک نەوت بە پێی بەهای دۆلار لە ٢٠٠٧ پشاندەدات بە درێژایی ماوەی ئاماژەپێدراو. داتاکان لە (مادیسۆن)-٢٠٠٩ و ئامارەکانی (بریتیش پێترۆلیۆم) وەرگیراون و شیکارکراون.




*هێڵکاری ٣.٦: گۆڕانکاری لە داهاتی تاک (١٩٧٤-١٩٨٩).*

هێڵە ستوونیەکە گوزارشت لە ڕێژەی سەدی گۆڕانەکان دەکات لە داهاتی تاک لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا (١٩٧٤-١٩٨٩).داتاکان لە (مادیسۆن)-٢٠٠٩ وەرگیراون و دواتر شیکارکراون.

بەڵام دارمانی ئابووری هەموو دەوڵەتە نەوتییەکانی نەگرتەوە. دوو دەوڵەتی هەڵاوێردە، عومان و مالیزیا، لێنەگەڕان باری ئابووریان تووشی لەرزین بێت، گەرچی تەواوی هاوتاکانیان بەدەست ئەنگاوتە ئابووریەکەوە دەیانناڵاند. لە نێوان ١٩٧٤ و ١٩٨٩، داهاتی تاک لە عومان ٨٩ لەسەدا و لە مالیزیاش ٧٨ لەسەدا بەرزبۆوە. لە هێڵکاری ٣.٦دا دیارە، ئەم دوو وڵاتە پتر لە هەر وڵاتێکی تر

دەکەونە لای ڕاستی سوچی سەرەوەی هێڵکاریەکە، واتە تا ئاستێکی بەرز سوودیان لە داهاتی نەوت بینیەوە بۆ بوژانەوەی ئابووری. باشە بۆچی عومان و مالیزیا جیاوازتربوون لەوانی تر؟

هەڵبەتە سەرکردایەتی سیاسی فاکتەرێکی گرنگ بووە. حکومەتی مالیزیا بە تایبەتی شایەنی ستایشە، چونکە ئابووری وڵاتی لەسەر کاڵای هەمەچەشن و کەرتێکی پیشەسازی پتەو بنیاتنا، ئەمیش بەش بە حاڵی خۆی بە سیاسەتی دانایانە و خۆدوورخستنەوە لە نەوت وەک سەرچاوەی سەرەکی داهات پشت ئەستووربوو. ئەم پێوەدانگانە گەفی (نەخۆشی هۆڵەندی) لە مالیزیا ڕاماڵی.[٤]

بەڵام، عومان و مالیزیا ڕێکارێکی تریشیان گرتەبەر: ئەوان لەناو جەرگەی ئەنگاوتەی ئابووری نەوت لە نێوان ١٩٨٠ و ١٩٨٦، برەوی زیاتریان بە بەرهەمهێنانی نەوتدا (سەیری هێڵکاری ٦.٤ و ٦.٥ بکەن). عومان و مالیزیا هاوکات چەند بیرە نەوتێکی نوێیان دۆزیەوە، کە توانستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەردوو وڵاتی زیادکرد، لە کاتێکدا کە نرخەکان ڕوویان لە دابەزین بوو. ئەم ڕێکارە پێچەوانەی سیاسەتی ئۆپیک بوو، چونکە هیچ کام لەم وڵاتانە ئەندام نەبوون لە ڕێکخراوی ناوبراو. ئەو دەمەی وڵاتانی ئەندام لە ئۆپیک وەک پەرچەکردارێک لەمەڕ دابەزینی نرخەکان بەرهەمهێنانیان سنورداکرد، عومان و مالیزیا، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٩، بە ڕێژەی ١٣٠ و ١١٠ لەسەدا بەرهەمهێنانیان پەرەپێدا.

لە ڕیزی وڵاتانی ئۆپیک، ئەندەنووسیا پتر لە هەمووان توانی بەسەر چەڵەمە ئابوورییەکان زاڵببێ لە نێوان ١٩٧٤ و ١٩٨٩: لەم ماوەیەدا، داهاتی تاک لە ئەندەنووسیا بە ڕێژەیی ٥٤ لەسەدا زیادیکرد. زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان سەرکەوتنی ئەندەنووسیایان خستەپاڵ سیاسەتی دانایانەی حکومەتی وڵاتەکە،

که زیت و هۆشیارانه مامەڵەیان لەگەڵ باکەوتەی نەوت کرد لە ڕێی ڕێکخستەوەی خەرجیەکانی دەوڵەت، وەبەرهێنانی پتر لە کەرتی کشتوکاڵ، و هێشتنەوەی هاوسەنگی بۆ بودجە و نرخی دراو.[٥]

ئەم ڕێکارانە گرنگی خۆیان هەبوو. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە ئەندەنووسیا، لە کولانەی بابەتی داهاتی تاکەوە، لە ڕیزی وڵاتانی ئۆپیک کەمترین نەوت و گازی بەرهەمدەهێنا. لە ترۆپکی بەرهەمهێنان لە ساڵی ١٩٨٠، ئەندەنووسیا ٣٣٣ دۆلاری بۆ هەر تاکێک لە نەوت و گاز دەستکەوت، کە ئەم بڕەش نیوە کەمتری ئەو داهاتە بوو کە بەرهەمهێنە قەبەکانی تری وەک ئیکوادۆر لە نەوت هەڵیاندەوەراند. ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئەندەنووسیا بەرامبەر بە ١ لەسەدا-ی ڕێژەی بەرهەمهێنانی سعودیە بوو. ئەندەنووسیا وەک هاوتاکانی لە ئۆپیک لە حەفتایەکان باوەشی بۆ پارەی باکەوتەی نەوت نەکردەوە، بەڵام، بە جیاواز لەوان، داتەپینی نرخەکان لە هەشتایەکان تەنگی پێ هەڵنەچنی. ئەندەنووسیا کەمتر شانی خزایە بەر نەفرەتی نەوت، چونکە نەوتی کەمتر هەبوو.

گەرچی ئەم سێ دەوڵەتەی باسکران نەکەوتنە ژێر باری قەیرانە ئابووریەکەی نێوان ١٩٧٤ تا ١٩٨٩، بەڵام ئەم ماوەیە بۆ زۆرینەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت کارەساتئامێزبوو، ئەمەش تێڕوانینی زۆرێک لە ئابووریناسانی لەسەر سامانی نەوت یەکخست: سامانی سروشتی بە گشتی و سامانی نەوت بە تایبەتی ئابووری گەلان دەخەنە وەنەوزدانەوە. چەمکی "نەفرەتی سامان" یەکەمجار لەلایەن (ڕیچارد ئاوت)ی ئابووریزان و زانای جوگرافی لە ساڵی ١٩٩٣دا بەکارهات، دواتر بووە چەمکێکی باو بۆ ئاماژەکردن بە لێکەوتە نەرێنیە پارادۆکسەکانی سامانی سروشتی لە وڵاتان.[٦] بەڵام زۆرینەی ئەم توێژینەوانە کورتبینن. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە دانسەقەکەی (جێفری ساکس) و (ئەندرو وارنەر) سامانی نەوت بە نەفرەت دەناسێنێ، بەڵام ئارگومێنتی ئەم دوو زانایە

لەسەر ماوەی نێوان ١٩٧١ و ١٩٨٩ ڕۆنراوە، کە ماوەیەکی تەمومژاویە. کۆڵێک لێکۆڵینەوە دوای ئەوەی جێفری ساکس و ئەندرو وارنەردا ئەنجامدران، کە زۆرینەیان هەمان وادەیان خستە بەر توێژینەوە و هەمان دەرئەنجامیان خستەڕوو.




*هێڵکاری ٤ .٦: بەرهەمهێنانی نەوت لە عومان و نرخە جیهانیەکانی نەوت (١٩٦٠- ٢٠٠٦).*

بەرهەمهێنانی نەوت (هێڵە پڕەکە) بە ملیۆن تۆنی مەتری پێوراوە. نرخەکانی نەوت (هێڵە پچرپچرەکە) بە پێی بەهای دۆلار لە ٢٠٠٧ دانداراون. داتاکان لە (بریتیش پێترۆلیۆم)-٢٠١٠ و (US Geological Survey) وەرگیراون و دواتر شیکارکراون.




***هێڵکاری ٦.٥ : بەرهەمهێنانی نەوت لە مالیزیا و نرخە جیهانیەکانی نەوت (١٩٦٠-٢٠٠٦).***

بەرهەمهێنانی نەوت (هێڵە پڕەکە) بە ملیۆن تۆنی مەتری پێوراوە. نرخەکانی نەوت (هێڵە پچرپچڕەکە) بە پێی بەهای دۆلار لە ٢٠٠٧ دانداراون. داتاکان لە (بریتیش پێترۆلیۆم)-٢٠١٠ و (US Geological Survey) وەرگیراون و دواتر شیکارکراون.

قەیرانی نەوت لە ساڵی ١٩٨٩ گەیشتە ترۆپکی خۆی، بەڵام دوای ئەو ساڵە دەوڵەتە نەوتییەکان ئاهێکیان بەبەرداهاتەوە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بۆ ٢٠٠٦، گەشەی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت نزیکەی ٤٠ لەسەدا خێراتربوو لە تەواوی وڵاتانی تر. ئەگەر حەریفەکانیشیان لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور لە هەژمارکردنەکان لاببەین، ئەوا گەشەی دەوڵەتە نەوتییەکان ٥٥ لەسەدا خێراتربووە لەچاو وڵاتانی تر. ئەگەر تێکڕای ماوەی نێوان ١٩٦٠ و ٢٠٠٦

هەژماربکەین، ئەوا دەبینین کە ڕێژەی گەشەی دەوڵەتە نەوتییەکان و ئەوانی تر تا ڕادەیەکی باش یەکسانە.

دەوڵەتە نەوتییەکان، بە درێژایی نیوەی سەدەی ڕابردوو، گیرۆدەی باری ئابووری ناسەقامگیر بوونە، نەوەک گەشەی ئابووری لەسەرخۆتر؛ هەر ئەمەش وایکردووە جیاوازتر لە دەوڵەتانی تری دنیا بەدیارکەون. ئەگەر ساڵانی پڕ نەهامەتی نێوان ١٩٧٤ و ١٩٨٩ نەبا، ئەوا دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت لێوانلێو دەبوون لە بوژانەوە و پەرەسەندن، بە جۆرێک کە دەوڵەتانی تریشیان تێپەڕدەکرد، بەتایبەتی لەناو دنیای تازە پێگەیشتوودا.

ئەمە واتا نەوت، تەنانەت بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتووش، نەفرەتێکی ئابووری نەبووە: نەوت دەوڵەتانی هەژارتر نەکردووە، تا بڵێین ئەگەر نەیانبا ئەوا پتر پێشدەکەوتن. نەخاسمە گەر نەفرەتێکی ئابووری با، ئەوا سعودیە، لیبیا، ڤەنزوێلا، و گابۆن، کە پشکی نەوت لە سامانی تاک تێیاندا بەرزترینە دەبوو لە ڕیزی هەژارترینی وڵاتانبان، کەچی زۆر لەو دەوڵەتانەی هاوسێیان دەوڵەمەندترن کە نەوتییان کەمە یاخود نیتیان.

ڕوونە کە ڕێژەی گەشەی وڵاتێک زۆر پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی دانیشتووانەکەی نیە، چونکە، لەوانەیە، ئەم بوژانەوەیەی بەهۆی دەرکێشانی نەوتەوە بەدیدێت کاریگەرییێکی کەم لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری و بەرەوپێشبردنی ژیانی خەڵکی بەجێبهێڵێت. ڕێژەی لەناوچوونی منداڵ لەوانەیە پێوەدانگێکی باشتربێت، چونکە ئەم پێوەرە زیاتر پەیوەندیدارە بە شتگەلێکی وەک دەستگەیشتن بە ئاوی پاک، پاکژی، باری تەندروستی دایک و کۆرپە، مادە خۆراکیەکان، و پەروەردە، کە ئەمانە زۆرکات بۆ چینی هەژار تووشی کەمایەسی دێن. داتای ڕێژەی لەناوچوونی منداڵ بۆ زۆربەی وڵاتانی دنیا بەردەستە لە ساڵی ١٩٧٠وە.

وڵاتان لە هێڵکاری ٦.٦ بەپێی بڕی بەرهەمهێنراوی نەوت و گاز لە ناوەخۆ، و چۆنایەتی کارتێکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لەسەر ڕێژەی لەناوچوونی منداڵ بۆ ماوەی نێوان ١٩٧٠ و ٢٠٠٣، نوێنراون.[٧] سێ شت لەم هێڵکاریە بە زەقی دیارە. یەکەم، لەسەر ئاستی جیهانی، تا وڵاتان نەوتی زیاتریان هەبێت تەندروستی نەوجەوانەکانیان پێشڤەچوونی زیاتری بەخۆوە بینیوە. ئەمە پەیوەندیەش بە گەشەی ئابووریەوە بەند نیە: بە تێکڕا، ئەو وڵاتانەی نەوتییان زیاترە لەم ڕووەوە هەنگاوی باشتریان هاوێشتووە. گەرچی گەشەی ئابووریشیان لە شوێنێک یان دووان گینگڵی داوە، بەڵام بۆ دەوڵەتە نەوتییەکان گەشەی ئابووری بە ڕێژەی لەناوچوونی منداڵەوە پەیوەست نەبووە.




*هێڵکاری ٦.٦: گۆڕانکاری لە ڕێژەی مردنی منداڵ (١٩٧٠-٢٠٠٣).*

ژمارەکانی سەر هێڵە ستوونیەکە پێمان دەڵێن کە ڕێژەی لەناوچوونی منداڵ لە نێوان ١٩٧٠ و ٢٠٠٣دا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. ژمارە بەرزەکان ئاماژەی ئەرێنین. چونکە ئەو وڵاتانەی لە تەک ژمارەی کەمەوە داندراون ئاستێکی نزمیان

لەم ڕووەوە تۆمارکردووە، ڕێژەکانی گۆڕانی تەواو لە دیاردەی لەناوچوونی منداڵمان نەپێواوە، و لە جیاتی پەنامان بۆ پێوانەکردنی گۆڕانکاریەکان لە لۆگاریتمی سروشتی داتاکان بردووە. داتاکان لە (بانکی جیهانی) وەرگیراون و دواتر شیکارکراون،

دووەم، ئاستی گەشەی دەوڵەتێکی نەوتی بۆ یەکی تر جیاوازبووە، و زۆرجار ئەو هەرێمەی دەوڵەتەکەی تێدا هەڵکەوتووە ڕۆڵی سەرەکی لەم بارەیەوە گێڕاوە. هێڵکاری ٦.٦ دەریدەخات کە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەتایبەت لە عومان، ئیمارات، و لیبیا، و لە خوار ئەم سێیەش، سعودیە، کوێت، بەحرەین، جەزائیر، و ئێران، پێشڤەچوونێکی نموونەیی لە تەندروستی نەوجەوانانی لێکەوتۆتەوە.[٨] لە هێڵکاریەکە، ئەم وڵاتانە بەرزترین شوێنیان بەرکەوتووە لە سوچی لای ڕاستی هێڵکاریەکە. ئەگەر ئەم وڵاتانە لە هێڵکاریەکە بسڕینەوە، ئەوا سوودەکانی سامانی نەوت نامێنن.

بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان لە هەر یەک لە ئەنگۆلا، نەیجیریا، و کۆنگۆ لە ئەفریقا، هیچ ڕۆڵێکی لە باشترکردنی دۆخی مرۆییدا نەبووە. چی وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشە، وەک ئیکوادۆر، مەکسیکۆ، ئەرجەنتین، بۆلیڤیا، و کۆلۆمبیا، ئاستێکی مامناوەندیان لەم بارەوە نواندوە (ڤەنزوێلا و تریندادی لێدەرچێت، کە تۆزێک لەخوار ئەم ئاستەن).[٩]

لەکۆتاییدا، پێنج دەوڵەتی نەوتی هەن کە کەوتوونەتە نێو تەنگژەی سیاسی خوێناویەوە-ئێراق، نەیجیریا، ڕووسیا، و کۆنگۆ. ئەم وڵاتانە دەکەونە بەشی لای ڕاستی خوارەوەی هێڵکاریەکە، و ڕێژەی لەناوچوونی منداڵان تێیاندا مەترسیدارە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چۆن کار لە گەشەی ئابووری وڵاتێک دەکات،

لەوانەیە سامانی نەوت زیان بە گەشەی کۆمەڵایەتی بەگەیەنێت ئەگەر شەڕ و شۆڕ بەرۆکی وڵاتەکەی گرتبوو.

ئەگەر هەر سێ خاڵەکە لە یەک بۆتەدا دابنێین، ئەوا ژمارەکان پێماندەلێن کە سامانی نەوت نەفرەتێکی ئابووری نیە، هەروەک پێناسە باوەکە سۆراخی بۆ دەکات: نەوت ڕێی بۆ گەشەی ئابووری هێواش خۆشنەکردووە. هەروەها، گەشەسەندنێک کە لەسەر نەوت ڕۆنرابێت وەک هەر گەشەسەندنێکی ترە، گەرچی ئاستی گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەتێکی نەوتەوە بۆ یەکی تر جیاوازبووە. تەندروستی منداڵ لە زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەو دەوڵەتە نەوتییانەی قەیرانی سیاسی گەیشتە بنبەست و پێکدادانی چەکداری لێکەوتۆتەوە لەسەر ئاستی فراوان- بە تایبەت لە ئەفریقا - پێشڤەچوونەکان زۆر کەمبوونەوە، و لە هەندێک حاڵەتیشدا هەر پێشڤەچوون نەبووە.

**بەند و باوی گەشەی "ئاسایی"**

ئەگەر سامانی نەوت زیانی بە نەتەوەکانیش نەگەیاندبێت، ئەوا زۆرێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی نەفرەتی ئەم سامانەبوون چونکە ئاستی گەشەیان زۆرجار لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نیە. ئەگەر گەشەی دەوڵەتە نەوتییەکان وەک ئەوانی تر بێت، واتە هیچ قازانجێکیان لە نەوت نەکردووە. کەواتە هەڵەیەک هەیە لێرە. بیردۆزە بنەڕەتیەکانی ئابووری دەڵێن ئەو وڵاتانەی سەرمایەیان زۆرە، و دەتوانن بۆ خەڵکەکە و ژێرخانەکانیان تەرخانی بکەن، ئەوا خێراتر گەشە دەکەن. باکەوتەکانی نەوتیش سەرمایەنە، و دەبوو چاکتر دەوڵەتە نەوتییەکان ببوژێننەوە. باشە بۆچی ڕێژەی گەشەی وڵاتە

بەرهەمێنەرەکانی نەوت لە ئاستێکی مامناوەندایە، لە کاتێکدا دەبوو ئەم ئاستە تێپەڕێنن؟

**دیموکراسی**

بەشێک لە چاودێران ئەم ڕاستیە پارادۆکسە بۆ نەبوونی سیستەمێکی دیمکوراسی پتەو دەگەڕێننەوە. یەکەم شت کە بە خەیاڵماندادێت ئەوەیە کە نەوت حکومەتەکان لە بەرپرسیارەتی ئیداری ڕزگاردەکا، و بەمەش ویستی بەرەوپێشبردنی ئاستی گوزەرانی خەڵک لە بیردکردنەوەی سەرکردە سیاسییەکاندا نەزۆک دەکا. لێرەدا سیاسییەکان دڵنیان لەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ ناکرێت لەلایەن دەنگدەرەکانیانەوە، سەرئەنجام سیاسەتمەدارەکان تووشی کورتبینی دێن لە چەند گۆشەیەکی حوکمڕانی. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دانسەقەی (حوسێن مەهداوی) کە لەسەر "دەوڵەتی موڵکانە" ئەنجامیداوە، "سیاسییەکان سامانی نەوت بۆ پاراستی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان و هێشتنەوەی دۆخی ئێستا* تەرخاندەکان"، لەباتی ئەوەی لە گەشەی ئابووری خەرجی بکەن.[١٠]

ڕێیەکی ئاسان بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی نەوت بە دیموکراسیەوە بریتیە لە ڕوانین لە تۆماری گەشەی ئەو وڵاتانەی کە سەردەمانێکە پرژاونەتە سەر بەرهەمهێنانی نەوت. ئەم وڵاتانە لە خشتەی ١.١ ئاماژەیان پێدراوە، و لە بەشی سێیەم بە چڕی خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە. خشتەی ٦.٢ هەریەک لەم بیستوهەشت بەرهەمهێنە بەبرستانەی تێدا ڕیزکراوە کە لە دەرەوەی ئەوڕوپا و ئەمریکای لاتینن. وڵاتەکان بەپێی تێکڕای گەشەی ساڵانەیان لەم خشتەیە ئاخنراون لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تا ٢٠٠٦ (هەڵبەتە هەر وڵاتێک لە دوای ساڵی ١٩٦٠

* الوضع الراهن، status quo.

سەربەخۆی بەدەستهێنابێت ئەوا لەو کاتەوە بۆی هەژمارکراوە). بەشێکی تری خشتەکە بۆ ئاماژەدان بە ماوەی حوکمی دیموکراسی ئەو وڵاتانە و گیرخواردنیان بەدەستی شەڕی ناوەخۆوە تەرخانکراوە. ژمارەکان لە سفرەوە (هیچ حوکمێکی دیموکراسی و هیچ پێکدادانێکی ناوەخۆ بە درێژایی ساڵێک) بۆ یەک (دیموکراسی و پێکدادانی ناوەخۆ بە درێژایی ساڵێک) دانراون. تا بەراوردکاریەکە بەپێزتربێت، خشتەکە تۆماری وڵاتانی دەرەوەی (OECD)یش پشاندەدات.

لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تا هەنووکە، تەنیا چوار وڵات لە کۆی بیستوهەشتەکە – ترینداد، ئەرجەنتین، ئیکوادۆر، و ڤەنزوێلا– توانیویانە لە ژێر سایەی حوکمێکی دیموکراسیدا بن بۆ ماوەیەکی باش. لەم چوارەش، ترینداد لە هەمووان پتر برەوی بە دیموکراسیداوە، ئیکوادۆر و ئەرجەنتین لە ئاستێکی مامناوەندا ماونەتەوە، و ڤەنزوێلاش پەراوێزترین بووە لە کەناری دیموکراسی. چوار وڵاتی تر– مەکسیکۆ، ڕۆمانیا، نەیجیریا، و کۆنگۆ– کەمتر دیموکراسییان بەخۆوە بینیەوە، بەڵام هەر چواریان لە ناوەڕاستی خشتەکەدا دانراون. لە راستیدا، مەرج نیە حوکمڕانییێکی دیموکراسی ئاستی ئاستێکی بەرزی گەشە لە وڵاتێک بەرپابکات. هەندێ حوکمی دیکتاتۆری هەیە کە زیرەکانە وەبەرهێنان بە سامانی وڵاتەکەیان دەکەن، و لە داڕمانی ئابووری دەیانپارێزن.

ئەم شیمانانەی بۆ دەوڵەتە نەوتییەکان دەهێنرێنەکایەوە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ دەوڵەتانی تریش کاریان پێدەکرێت. زۆربەی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکان تووشی کەمایەسی دێن لەڕووی بەڵگەوە کاتێک دەیانەوێت دیموکراسی بکەنە پێویستیەکی بلەز بۆ گەشەی ئابووری، و هیچ کۆدەنگیەک لەم ڕووەوە نیە.[١١] هەندێک لە چاودێران دەڵێن ئەگەر دیموکراسی پەرە بە گەشەی وڵاتیش نەدات، بێ چەندوچوون خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان فەراهەمدەکات.[١٢] بەداخەوە، ئەم تێڕوانین و لێکۆڵینەوانە پشت بە چەند داتایەکی ناتەواو دەبەستن، لە ئەنجامدا

چاوپۆشی لە کارامەیی حوکمڕانی لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان دەکەن. ئەگەر ئەم دەوڵەتانە بخرێنە نێو هەژمارکردنەکانەوە، ئەوا ئەم داوەی کە دیموکراسی و گەشە پێکەوە گرێدەدات بە ڕادەی پسان تەنکدەبێتەوە.[١٣] لە تیۆریدا، حکومەتە دیموکراتییەکان دەبێت تەواو خۆیان بۆ باشترکردنی بژێوی هاوڵاتیانیان تەرخان بکەن؛ بەڵام لە پراکتیزدا، حکومەتە دیموکراتییەکان زۆرجار ناتوانن بەڵێنەکانیان تا سەر بگەیەنن.

*خشتەی ٢ .٦: گەشەی ئابووری ئەو دەوڵەتە نەوتییانەی تا سەردەمێکی درێژ وەک بەرهەمهێنەر دەمێننەوە (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم ٢٨ وڵاتەی خوارەوە ئەوانەن کە لە ساڵی ١٩٦٠ەوە بڕێکی بەرچاو لە نەوت بەرهەمدەهێنن یانیش لە دوای ئەم ساڵەوە سەربەخۆبوونە (پاکیان دەکەونە دەرەوەی ئەمریکای باکوور و ئەوروپا). وڵاتەکان بەگوێرەی گەشەی داهاتی ساڵانەی تاکەوە ڕیزکراون. لە ستوونەکانی تر ئاماژە بە تەمەنی حکومەتی دیموکراتی و شەڕی ناوەخۆی هەنووکەیی لەو وڵاتانە دراوە. بۆ بەراوردکارییێکی باشتر، داتای پێویست لەسە وڵاتانی دەرەوەی (OECD)یش لە خشتەکەدا داندراوە.

| ڕیزبەندی | وڵات | گەشەی ساڵانە | دیموکراسی | شەڕی ناوەخۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عومان | ٥.٥٦ | ٠ | ٠.٠٩ |
| ٢ | مالیزیا | ٤.١٣ | ٠ | ٠.١٧ |
| ٣ | ئێران | ٢.٨٥ | ٠ | ٠.٥١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ئازەربایجان | ٢.٧٩ | ٠ | ٠.١١ |
| ٥ | تریندار | ٢.٦١ | ١ | ٠.٠٢ |
| ٦ | سوریا | ٢.٣٦ | ٠ | ٠.١١ |
| ٧ | کازاخستان | ٢.٣٦ | ٠ | ٠ |
| ٨ | مەکسیک | ٢.٠٣ | ٠.١٥ | ٠.٠٤ |
| ٩ | سعودیە | ١.٩٨ | ٠ | ٠.٠٢ |
| ١٠ | بەحرەین | ١.٩٣ | ٠ | ٠ |
| ١١ | ڕۆمانیا | ١.٨٩ | ٠.٣٦ | ٠.٠٢ |
| ١٢ | لیبیا | ١.٥٤ | ٠ | ٠ |
| ١٣ | نەیجیریا | ١.٤٥ | ٠.٣٨ | ٠.١٣ |
| ١٤ | ئەرجەنتین | ١.٣٥ | ٠.٦٨ | ٠.١٣ |
| ١٥ | جەزائیر | ١.٣٤ | ٠ | ٠.٣٤ |
| ١٦ | ئیکوادۆر | ١.١٧ | ٠.٦٢ | ٠ |
| ١٧ | کۆماری کۆنگۆ | ١.٠٩ | ٠.١٧ | ٠.١٣ |
| ١٨ | ئەنگۆلا | ٠.٥٨ | ٠ | ٠.٦٢ |
| ١٩ | ئۆزباکستان | ٠.٥١ | ٠ | ٠.٠٤ |
| ٢٠ | ڕووسیا/یەکێتی سۆڤیەت | ٠.٣٥ | ٠ | ٠.٣ |
| ٢١ | گابۆن | ٠.٢٢ | ٠ | ٠.٠٢ |
| ٢٢ | تورکمانستان | ٠.١٥ | ٠ | ٠ |
| ٢٣ | ڤەنزوێلا | ٠.١١ | ١ | ٠.٠٤ |
| ٢٤ | برونەی | -٠.٤٨ | ٠ | ٠ |
| ٢٥ | ئیمارات | -٠.٦٤ | ٠ | ٠ |
| ٢٦ | کوێت | -٠.٨٦ | ٠ | ٠ |
| ٢٧ | ئێراق | -١.٠٣ | ٠ | ٠.٧٩ |
| ٢٨ | قەتەر | -١.٥١ | ٠ | ٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٩ | تێکڕای وڵاتانی دەرەوەی OECD | ١.٥١ | ٠.٣٧ | ٠.١٦ |

داتا ئابوورییەکان لە (مادیسۆن)-٢٠٠٩، داتا لەسەر دیموکراسی لە (چیبۆب) و (گاندی) و (ڤیرلاند)-٢٠١٠، و داتا لەسەر شەڕە ناخۆییەکان لە (گلیدتچ)-٢٠٠٢، وەرگیراون و شیکارکراون.

ئەمە ناکاتە ئەوەی بوونی دیموکراسی خۆی لە خۆیدا ئایەخە. دیموکراسی هەلی زۆر بۆ خەڵک دەڕەخسێنێت، شکۆی تاک لەبەرامبەر حکومەت دیاردەکات، و ئازادی هەڵبژاردنی ژیانێکی شایستە بۆ عەوام دابیندەکات. هەروەها، ئەم بەشە دەریدەخات کە ڕووتەنکی لە داهات و بەرپرسیارەتی لە حوکمکردن، وڵاتان لە زۆرێک لەو تەنگ و چەڵەمانە دەرباز دەکات کە بەهۆی سامانی نەوتەوە تووشیان دێت. لەگەڵ ئەمەشدا، مێژوو دەریخستووە کە لە زڤڕاندنی سامانی نەوت بۆ گەشەی ئابووری، دەوڵەتە دیموکراتییەکان هەر تا ئاستی دەوڵەتە نادیموکراتییەکان بڕیان کردووە.

**شەڕی ناوەخۆ**

گەر نەوت ئاگری شەڕە ناوەخۆکان بەجۆشتر دەکا، و ئەم شەڕانەش وردە ئابووری وڵاتان دەهاڕن، کەواتە ئەوە یاخیبوونە خوێناویەکانن کە بەرۆکی دەوڵەتە نەوتییەکانیان گرتووە و لە بوژانەوەدا هەنگاویان شلکردوون.

بەداخەوە، ئەم لێکدانەوەیە بۆ زۆرێک لە وڵاتان ڕاستە. وڵاتانی وەک جەزائیر، ئەنگۆلا، ئێراق، کۆماری کۆنگۆ، ئێران، نەیجیریا، و ڕووسیا، پاکیان لەڕێی تەنگژەی ناوەخۆ یان نێودەوڵەتی سامانەکانیان بەهەدەرچووە، وەگەرنا ئاستی گەشەیان زۆر لە ئێستا بەرزتردەبوو.

بەڵام ئەم تەنگژانە بۆ هەموو دەوڵەتە نەوتییەکان بە هەمان ئەندازە وێرانکارییان لێناکەوێتەوە، و هەمیشەش درێژدادڕ نین. جارێکی تر سەیری خشتەی ٦.٢ بکە. دەبینی لە ڕیزی ئەو دە وڵاتەی کە خراپترین تۆماریان هەیە لەم ڕووەوە، تەنیا ئێراق و ڕووسیا بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەست شەڕی ناوەخۆوە گیرۆدە بوون. هەر لە ڕیزی ئەم دە وڵاتان، هەریەک لە مالیزیا، ئێران، ئازەربایجان، و سوریا، شێلگیرانە هەنگاویان بۆ ئاستی بەرز لە گەشە و بوژانەوەدا ناوە، گەرچی زیاد لە جارێکیش کەوتونەتە نێو گێژاوی پێکدادانە چەکدارییەکان لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی. پێکدادانە چەکدارییەکان نەش و نمای چەند کارەساتێکمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە بەسەر گەلان دێت، بەڵام زۆرجار لە ئاست شەن و کەوکردنی توانستی ئابووری زۆرێک لە دەوڵەتە نەوتییەکان بێ دەسەڵاتن.

### ژنان و گەشەی ئابووری

هەروەک لە بەشی چوارەم بە تێروتەسەلی باسمانکرد، سامانی نەوت هەلی کار بۆ ژنان نارەخسێنێت. یەک لە لێکەوتەکانی ئەم ڕاستیە دابەستەکردنی ژنە لەماڵەوە، کە ئەمەش ژنان زیاتر سەرقاڵی منداڵخستنەوە دەکات. هەڵبەتە منداڵخستنەوەی بەردەوام گەشەی خێرای دانیشتووانی لێدەکەوێتەوە، کە لە بەرامبەردا گەشەی داهاتی تاک خاو دەکات. گەر هاتبا ڕێژەیی دانیشتووان لە دەوڵەتە نەوتییەکان بە ئاسایی زیادیکردبا، ئەوا باری ئابووری و مرۆییان چاکتر پێشدەکەوت.

کۆمەڵناسەکان لەمێژە شیمانەیان کردووە کە کاتێک ژنان دەچنە دەرەوەی ماڵ بۆ کارکردن، مەیلی منداڵبوونیان کزدەبێت.[١٤] ئەمە پێماندەڵێت کە بۆ گەشەی دانیشتووان لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان لەسەرخۆترە، وەک لە دەوڵەتە هەژارەکان. لەو دەوڵەتانەی ئابوورییەکی زەبەنیان هەیە، هەلی کاری زیاتر بۆ ژنان دەڕەخسێت و ژنان خاوەنی داهاتی خۆیانن؛ و تا ژنان لە هێزی کاری وڵاتدا باشتر پێیان قایم بکەن، درەنگتر شوودەکەن و کەمتر منداڵ دەخەنەوە. لەملاشەوە، چونکە ژنان لە دەوڵەتە نەوتییەکان کەمتر هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێت، ئەوا بە گشتی زووتر شوودەکەن و منداڵی زیاتریان دەبێت.

دوورخستنەوەی ژنان لە هێزی کاردا بە جۆرێکی تریش خزمەت بە گەشەی دانیشتووان دەکا: لە ڕێی هاندانی کۆچی بە کۆمەڵ. کاتێک ئاستی پێویستی وڵاتێک بۆ کرێکاری بیانی لە ژمارەی هاوڵاتی نێرینەی بەگەڕخراو لە هێزی کاردا زیاترە، ئەوا وڵاتەکە دوو بژاردەی لەپێشە: یان ژنی زیاتر بۆ ناو هێزی کار ڕادەکێشێت، یانیش ناچاردەبێت لە دەرەوە کرێکاری نێرینە هاوردەبکات. بەشی چوارم دەریخست کە زۆربەی وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا، ڕێی دووەمیان گرتۆتەبەر.

منداڵخستەوەی زۆر و ڕێژەی بەرزی هاوردەکردنی کرێکاری بیانی پێکڕا گەشەی ئابووری دەخەنە ئاستێکی مەترسیدارەوە. لەو وڵاتانەی گەشەی ئابووری لەسەر بنیاتنان و پیشەسازیدا ڕۆنراوە، گەشەی ئابووری دادەپەڕێتە خوارەوە. بەڵام لەو وڵاتانەی گەشەی ئابووری بەندە بە فرۆشتنی نەوتەوە، ئەوا گەشەی دانیشتووان لە باشترین حاڵەتدا بە چەقبەستووی دەمێنێتەوە. ئەمە ڕاستیە تەنها لە کەنداوی فارس بەدیناکرێت، بەڵکو لە باکووری ئەفریقا (لیبیا و جەزائیر)، ئەفریقا (گابۆن و کۆماری کۆنگۆ)، و ئەمریکای لاتین (ڤەنزوێلا و ترینداد)یش هەیە.[١٥]

*خشتەی ٦.٣: گەشەی ئابووری ساڵانە (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم خشتەیە گەشەی ساڵانە بە گوێرەی (GDP)ی وڵات پشاندەدات، بەڵام لە خشتەی ٦.١ پشتمان بە داهاتی تاک لە (GDP) بەستبوو.

| | | ولاتە بەکاربەرەکان | ولاتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| *تەواوی ولاتەکان | ٢٠٠٦-١٩٦٠ | ٣.٧٢ | ٤.٠٥ | ٠.٣٣** |
| | ١٩٧٣-١٩٦٠ | ٥.٠٦ | ٨.٢١ | ٣.١٥*** |
| | ١٩٨٩-١٩٧٤ | ٣.٢٥ | ٢.٨٣ | ٠.٤٢-* |
| | ٢٠٠٦-١٩٩٠ | ٣.٠٢ | ٣.٨١ | ٠.٧٩*** |
| *ولاتە تازە گەشەسەندووەکان | ٢٠٠٦-١٩٦٠ | ٣.٩٧ | ٤.٦٣ | ٠.٦٦*** |
| | ١٩٧٣-١٩٦٠ | ٤.٩٦ | ٩.٠٧ | ٤.١١*** |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت لە (one-tailed t-test)

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (مادیسۆن)-٢٠٠٩ وەرگیراون و دواتر شیکارکراون.

ئەم ڕەوشە لێکەوتەی ئابووری وێرانکەری هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی خانەخوێیی لەسەر نەوت دەکەن. ئەم هاوکێشە سادەیەت لەبەرچاوبێت: تا دانیشتووانی وڵاتێک خێراتر گەشەبکات، داهاتی تاک لەو وڵاتە هێواشتر بەرزدەبێتەوە. ئەم

پێوەدانگە لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا بەشێکی زۆری بۆ بەشدارییپێنەکردنی ژنان دەگەڕێتەوە لە هێزی کاردا.

هەرگا لێکەوتەکانی گەشەی دانیشتووان لە هەژمارکردنەکە هەڵدەپەسێرین، دەوڵەتە نەوتییەکان تەکانێک دەدەن بۆ پێشەوە.[16] ئەم هەڵپەساردنە لە ڕێی هەژمارکردنی گەشەی تێکڕایی GDP وڵاتەکە لە جیاتی گەشەی GDP تاکەکەس، دەکرێت. بۆ وێنە، لە کوێت GDP تاکەکەس لە ٢٨،٩٠٠ دۆلارەوە لەساڵی ١٩٥٠ بۆ ١٣،٢٠٠ دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٦، دابەزیوە؛ واتە پتر لەسەدا ٥٠، کە ڕێژەیەکی وێرانکەرە. بە درێژایی ئەم ٥٦ ساڵە، GDP کوێت لە بوژانەوەی بەردەوام دابوو. بەڵام مەسەلە ئەوەبوو کە ٧٦٠ لەسەدا بەرزبوونەوە لە داهاتی وڵات نەیتوانی لەگەڵ ١٦٦٠ لەسەدـ-ی گەشەی دانیشتووان هەڵبکات، و ناچار GDP کوێت تووشی کەمایەسی بوو. گەر هاتبا گەشەی دانیشتووانی کوێت وەها لەپڕ هەڵنەچووبا – وەهەروەک هەر وڵاتێکی تری بێ نەوت لە جیهانی سێیەم گەشەی کردباـ ئەوا داهاتی تاک لەم وڵاتە لە هەنووکەش پتر دەبوو.

بڕوانن لە خشتەی ٦.٣ کە کتومت وەک خشتەی ٦.١ ە، بەڵام لێرە وڵاتەکان بەپێی GDP سەرتاسەری ڕیزبەندکراون، نەک بە پێی GDP بۆ هەر تاکێک. خەرەندی جیاوازی نێوان دوو خشتەکە لە ڕووی دەرئەنجامەوە ئێجگار فراوانە. لە خشتەی ٦.١دا، جیاوازی وردبینی ئاماری لە نێوان دەوڵەتە نەوتییەکان و ئەوانی تردا نیە، سەبارەت بە گەشەی GDP لەسەر ئاستی تاکەکەس لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ٢٠٠٦. بەڵام خشتەی ٦.٣ پشانیدەدات کە GDP دەوڵەتە نەوتییەکان، لە هەمان ماوەدا، لەهی دەوڵەتانی تر چاکتر بوژاوەتەوە.

ئەگەر بەراوردکاریەکە لەسەر بنەمای گەشەی داهاتی وڵات بێت، ئەوا دەوڵەتە نەوتییەکان لە هەریەک لە سێ ماوە دابەشکراوەکەدا چەلەنگانە بەرەوپێش

چوون: GDP دەوڵەتە نەوتییەکان، لەو کاتانەی ڕەوشی ئابووری جێگیربووە (١٩٦٠-١٩٧٣ و ١٩٩٠-٢٠٠٦)، GDP دەوڵەتانی تری تێپەڕکردووە؛ و تەنها چەند تەکانێکی بچووکی بەرەو دواوە داوە لەو ساڵانەی نرخەکان داکشابوون (١٩٧٤-١٩٨٨).




*هێڵکاری ٦.٧: گەشەی ساڵانەی GDP (١٩٦٠-٢٠٠٦).*

ئەم ژمارانە گوزارشت لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی (GDP) دەکەن لە تەواوی وڵاتان لەماوەی ئاماژەپێکراودا.

داتاکان لە (مادیسۆن)-٢٠٠٩ وەرگیراون و شیکارکراون،

ئەم نەش و نمایە لە هێڵکاری ٦.٧یش بەدیدەکرێت. ئەم هێڵکاریە تەواوی دەوڵەتە-نەوتیەکای لەسەر نوێنراوە بەپێی گەشەی سەراپاگیری GDP و داهاتی نەوتییان، و لەم ماوەیەی بۆ ئەم توێژینەوە دامانناوە (١٩٦٠-٢٠٠٦). ئەم هێڵکاریە دەریدەخات کە ئەو وڵاتانەی نەوتی زیاتریان هەیە خێراتر گەشەیانکردووە. دیارترین لادەر لەم ڕەوتە ڕووسیایە، کە ئابووریەکەی لەگەڵ دارمانی یەکێتی سۆڤیەت لەگۆکەوت. گەر هاتبا نەوت ئەو لێکەوە نەرێنیانەی نەبا بەسەر هەلی کار بۆ ژنان، ئەوا دەوڵەتە-نەوتییەکان دەبوونە سەرمەشقی تەواوی دەوڵەتانی تر لە ڕووی بوژانەوە و گەشەسەندنەوە.

### کێشەی ناسەقامگیری نرخەکان

سیاسەتی هەڵەی حکومەت- بە تایبەت ئەو سیاسەتانەی لەمەڕ پارسەنگکردنی دەرامەتی بزێوی نەوت کورتدێنن- دووەم چەڵەمەیە لەبەردەم گەشەیەکی خێرا. بەشەی دووەم ڕاڤەی ناسەقامگیری دەرامەتەکانی نەوتی تێداکرا لە سەرەتای حەفتاکانەوە. ئەم ناجێگیریە زیان بە گەشەی ئابووری گەلان دەگەیەنێت، چونکە چارەنووسی داهاتی وڵات دەخاتە نێو نادیاریەوە، بەمەش وەبەرهێنەران پاشگەزدەکاتەوە لە بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە کەرتی تایبەت.[18] دیاردەکە پتر زیان بە دەوڵەتە کەمدەرامەتەکان دەگەیەنێت وەک لە دەوڵەمەندەکان، چونکە ئەوان زۆرجار ئەوەندە کارامەنین ڕێدۆزی بۆ وەبەرهێنەران بکەن لە کاتی تەنگانەدا. بە درێژایی مێژوو وا باوبووە کە وەبەرهێنەران لە ترسی ناسەقامگیری لە نرخی کاڵای هەناردەکراو، خۆیان لە وڵاتانی جیهانی سێ نەدەن؛ بۆیە ئەم وڵاتانە بوون بە پاشکۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا.[19] لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە هەناردەکردنی سامانی سروشی بە گشتی برەو بە گەشەی وڵاتان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، بەهۆی بزێوی دەرامەتەکەیەوە، چەند لێکەوتەیەکی نەرێنی سەخت جێدەهێڵێت.[20]

بەڵام ناسەقامگیری ئابووری تاکە هۆکار نیە بۆ گەشەی هێواش: لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا ناجێگیری لە هەڵبەز و دابەزی دەرامەتەکانی نەوت سەرچاوەدەگرێت، و حکومەتانیش کەم تا زۆر دەتوانن لەم هەڵبەز و دابەزە پارسەنگیەک بەرجەستە بکەن. گەر ژمێریاری چاپووک لە جێی سیاسەتمەدار دەوڵەت نەوتییەکانیان بەڕێوەببردایە، ئەوا ئابووری ئەو دەوڵەتانە هەنووکە زۆر نەبزێو و جێگیر دەبوو. دەبینیت کە ئەوحکومەتانەی خانەخوێی لەسەر نەوت دەکەن، بارتەقای ناسەقامگیری دەرامەتەکانی نەوت نابەن، ئەمەش یەک لە مەتەڵە ئاڵۆزەکانی نەفرەتی نەوتە و هەروا بە ئاسانی هەڵنایەت.

چارەیەکی بنەڕەتی هەیە کە لە کۆنەوە بەکاردێ: شوێن پێی فیرعەون هەڵگرینەوە کە دوای ڕینوێنیەکانی حەزرەتی یوسف کەوت بۆ عەمبارکردنی دانەوێڵەی وڵات لە حەوتساڵی پڕبەرهەم تا حەوت ساڵی قات و قڕی پێ دەرببا. بە دەربڕینە زانستیەکەی، فیرعەون پەیڕەوی لە سیاسەتگەلێکی دژە-سووڕ کرد، واتە ئەو ڕێوشوێنانەی بەشێک لە زێدەبەها لە سەروبەندی ڕاتەکانی ئابووری بۆ دەوڵەتەکە فەراهەمدەکەن، تا لە کاتی داتەپینی ئابووری دەرخۆنەیان لەسەر لادەن و سوودیان لێ ببینن.

بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ زێدەبەهای نەوت جیاوازە. بەندی دووەم دەریخست کە دەرکێشانی لە ڕادەبەدەری نەوت بیرە نەوتەکان وشک دەکات، و لە ئەنجامدا حوکمەتی بەکارهێنەر دەستخەڕۆ دەبێت. زێدەبەهای نەوت ڕاستەوخۆ دەبێت لە کەرتێکی بەرهەمدار وەبەرهێنانی پێبکرێت، وەک کارگە و بیناسازی، پەروەردە، و دەشکرێ لە دەرەوەی وڵات لە پشک و پرۆژە بەگەڕبخرێت. بە زمانێکی تر، واتە بازرگانیکردن بە سامانی ژێر خاک تا سامانی سەر خاک ببوژێنیەوە. هەر وڵاتێک ئەم ڕێیە بگرێتەبەر، بەر بە فیرۆدانی سامانە نەوتیەکەی دەگرێت. بەڵام

گەر تەنیا و تەنیا لەسەر نەوتەکەی خانەخوێی کرد و وەبەرهێنانی تێدا نەکرد، ئەوا نەوەکانی داهاتووی وڵات هیچ نەوتێکیان بۆ نامێنێتەوە تا لەسەری بژین.

ئەم بنەمایەی کە پاڵ بە وڵاتانەوە دانێت تا وەبەرهێنان لە سامانە سروشتییەکانیان بکەن، پێی دەڵێن (بنەمای هارتویک).[٢١] ئەو وڵاتانەی کار بەم بنەمایە دەکەن بەردەوام دەبووژێنەوە، تەنانەت لەکاتی دەستخەڕۆبوونیشیان لە نەوت. هەروەها، دەتوانن هەمەجۆری لە سەرچاوەی ئابووری دروست بکەن، چونکە توانیویانە یەک سەرمایەی سروشتی بۆ چەند سەرمایەیەک واز بکەن.

خۆشبەختانە بەرجەستەکردنی هەردوو ئەرکی سەرشانی حکومەت لەم بۆتەوە- مشتومالکردنی دەرامەتە ناسەقامگیرەکان و وەبەرهێنانیان بە شێوەیەکی دانایانە- بەیەکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترن.[٢٢] وەبەرهێنان پێویستیەکی بنەڕەتیە، بەڵام ناکرێت لە شەو و ڕۆژێکدا جێبەجێبکرێت. توانای سیستەمە ئابوورییەکان بۆ لەخۆگرتنی وەبەرهێنانی نوێ سنووردارە، چونکە زۆرجار دەستمایەی ئەم وەبەرهێنانانە لە بڕی وەبەرهێنراو کەمترە. بۆ نموونە، ئەگەر حکومەتێک بە خێرایی ڕۆچووە نێو بنیاتنانی ژێرخانی وڵات، ئەوا دووچاری پلانی کورتبین، چاوپۆشی لە باج، و وەبەرهێنان بە نرخی هەڵئاوساو دەبێتەوە. وا چاکە، هەروەک ئابووریناسان ئاماژەی پێدەدەن، حکومەتەکان باکەوتەی زۆر و زەبەن تەنیا لە وەبەرهێنانی کاڵای ناوەخۆدا بەگەڕبخەن، تا قازانجی دەماودەست لە ساغکردنەوە و هەناردەکردن دەستبخەن، و ئەوەی ماوەتەوەش بیخەنە نێو دژە-سووڕ.[٢٣] خۆی تەواوی حکومەتەکان درک بە گرنگی ڕێوشوێنی دژە-سووڕ دەکەن لە پێکەوەنانی ئابوورییێکی تۆکمە، بەڵام بە دەگمەن دەتوانن بە کارامەیی جێبەجێیان بکەن.

بەپێی چەند لێکۆڵینەوەیەکی دانسەقە، زۆرێک لە بەرهەمهێنەرە زەبەلاحەکانی نەوت لە حەفتا و هەشتاکان ئەم ڕێوشوێنانەیان نەگرتۆتەبەر، و دەرئەنجام باکەوتەکانیان بەفیڕۆداوە. توێژینەوە گشتگیرەکەی (ئالان گیلب) لەسەر جەزائیر، ئیکوادۆر، ئێران، نەیجیریا، ترینداد، و ڤەنزوێلا، دەریخست کە، تریندادی لێدەرچێت، تەواوی وڵاتەکانی تر لە گەرمەی هاڕەکردنی نرخەکان لە حەفتاکان (١٩٧٣-١٩٧٤ و ١٩٧٨ و ١٩٧٩)، خەرجیەکانیان لە دەستمایەکانیان پتر بووە.[٢٤] لێکۆڵینەوەکەی (ئاوت)یش لەسەر هەڵسەنگاندنی ئاستی حوکمڕانی لە مشتێک لە دەوڵەتانی هەناردەکەری نەوت- نەیجیریا، ئەندەنووسیا، ترینداد، و ڤەنزوێلا- دەڵێت کە گشتیان ئاستێکی پەستیان نواندووە.[٢٥]

هەندێک جار سیاسییەکان خۆیان دانی پێدادەنێن کە مشتوماڵکردنی باکەوتەکانی نەوت کارێکی قورسە. لە ناوەڕاستی حەفتاکان، (خۆزێ لۆپێز پۆرتێللۆ)ی سەرۆکی مەکسیک بە هاوڵاتیانی وڵاتەکەی گوت کە "پەیکەری ئابووری وڵاتێک کتومت وەک کۆئەندامی هەرسی مرۆڤە. توانای خواردن بۆ مرۆڤ و توانای لەخۆگرتنی پارە بۆ ئابووری، سنووردارن. زێدەڕۆیی بۆ هەردووکیان نەخۆشی و ناساغی لێدەکەوێتەوە".[٢٦] بەڵام حکومەتەکان بە دەگمەن نەبێت کار بەم ئاوەزە ناکەن، بەڵکو قەبارەی بودجەکانیان بە قووڵی بیرە نەوتییەکانیان دەبەستنەوە. لۆپێز پۆرتێلۆ خۆی بەرهەمهێنانی نەوتی لە مەکسیک لە نێوان ١٩٧٢ و ١٩٨٠دا چوارهێندە کرد، گەرچی نرخەکان بەردەوام لە داکشاندابوون لەم سەردەمە. ئەنجامەکەشی بریتیبوو لە لێشاوێک دەرامەتی نەوت کە لە ساڵی ١٩٨٢دا مەکسیکی بەرەو قەیرانێکی ئابووری سەخت برد.

ئایا دەوڵەتە نەوتییەکان لەو هەڵانەی کردیان لە حەفتا و هەشتاکاندا هیچ فێربوون؟ لەوانەیە بڵێی "بەڵێ"، زۆرێک لە بەرەهەمهێنەرانی نەوت لە نەوەدەکانەوە، جا چ لە ڕێی بەگەڕخستنیان بێت لە بواری تر یان دانانیان لە

دژە-سوورِ یان هەردووکیان، قۆڵیان لە مشتومالّکردنی دەرامەتەکانی نەوت هەڵماڵیوە. بەڵام گەر وردتر لێی بڕوانیت، دەبینیت ڕێوشوێنی گیراو لەو وڵاتانە دانایانە نەبوون. زۆربەی حکومەتەکان، کەم تا زۆر، پارە لە بڕی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکان دەکێشنەوە، یانیش بە بێسەروبەری پارەی دەخەنە سەر. هەندێ حکومەتیش هەر لە دانانی ڕێوشوێنی لەبار بۆ مشتومالّکردنی باکەوتەکان شکست دێنن. دوو توێژینەوەی نوێی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)-کە پاڵپشتی تەرخانکردنی بڕێک لە دەرامەتی نەوت دەکەن لەلایەن وڵاتانەوە بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان- ڕەتی دەکەنەوە کە ئەم بڕە پارەیە کۆمەکی بە دۆخی ئابووری وڵاتان کردبێت چونکە نەیانتوانیوە دانایانە بەکاریبهێنن.[٢٧] سێیەم توێژینەوەی IMF کە لەسەر هەشت دەوڵەتی بەرهەمهێنەر لە ئەفریقا کراوە، دەریخستووە بەهۆی سیاسەتی هەڵە و گەندەڵەوە، هەر یەک لەم هەشت وڵاتانە لە سوودبینین لە باکەوتەی نەوت شکستیان خواردووە.[٢٨]

توێژینەوەیەکی بەم دواییانەی (بانکی جیهانی) هەمان دەرئەنجامی بەدەستەوەدا: زۆرێک لە دەوڵەتە نەوتییەکان وەبەرهێنانێکی وەهایان نەکردووە تا بڵێین پەیڕەویان لە (بنەمای هارتویک) کردووە. ئەوان لە جیاتی هەمەجۆرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانیان لە ڕێی دەرامەتەکانی نەوتەوە، ڕاستەوخۆ نەوتەکەیان فرۆشتووە و پارەکەیان لە شتی ئایەخ خەرجکردووە. گەر هاتبا نەیجیریا و گابۆن بنەمای هارتویکیان لە نێوان ١٩٧٠ و ٢٠٠٥دا بە ڕێکی پەیڕەوکردبا، ئەوا هەنووکە سێ هەندەی ئێستا دەوڵەمەندتر دەبوون، و ڤەنزوێلا و ترینداديش لەولاوە دوو هێندە و نیو.[٢٩]

خەرجکردنی لەڕادەبەدەری باکەوتەی سامانی سروشتی پرسێکی تازە نیە، و تەنهاش بە نەوت پەیوەست نیە. نموونەیەکی دیاری ئەم دیاردەیە دەوڵەتی پێرۆ-یە. لە سەدەی نۆزدەمدا، پێرۆ دابینکەری یەکەمی (گوانۆ) بوو لە جیهان، کە

پیسایی وشککراوەی جۆرە باڵندەیەکە و وەک پەینێکی گرانبەها مامەڵەی بازرگانی پێوە دەکرا. چەند دوورگەیەکی بچووک لە پێرۆ لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٧٩دا، تەواوی پێویستی دنیای لەم پەینە پڕ دەکردەوە. پوختەکردنی ئەم پەینە زۆر ئاسان بوو: هەر بە خاکەناس لە لێواری تەپۆلکەکانەوە فرێدەدرانە ناو جۆگەیەکی دروستکراوی ڕوو لە نشێو، و ڕاستەوخۆ بۆ کەشتیە بارهەڵگرەکان دەگوێزرانەوە. تێچووی کرێکارەکانیش شتێک نەبوو شایەنی باس بێت، چونکە هێزی کارەکە لە کۆیلە، زیندانی، و سەربازی هەڵهاتوو لە خزمەتی سوپا پێکهاتبوو، لەگەڵ ئەو کرێکارە چینیانەی کە وەک کۆیلە هاوردەی وڵاتەکە دەکران.[٣٠]

قۆرخکاری پێرۆ لەسەر پەینی گوانۆ- کە دواتر نرخەکەی نرکەی کرد- و تێچووە ئەتۆمئاسایەکەی* کرێکاران، خەزێنەی حکومەتی پێرۆیان پڕکرد لە باکەوتە. لە نێوان ١٨٤٦ و ١٨٧٣دا، دەرامەتی حکومەت پێنج هێندە بەرزبۆوە، خەرجیەکانیش لەگەڵی هەشت هێندە؛ بەمەش پێرۆ قەرزی دەرەکی لەسەر کەڵەکەبوو. لە ساڵی ١٨٧٦، هەرگا پەینی گوانۆ تووشی قڕان هات لە پێرۆ، حکومەتی پێرۆ مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند.[٣١]

**بۆچی ڕێوشوێنەکان شکست دێنن؟**

باشە گەر فیرعەونێک لە سەردەمی دێریندا بەر بە قات و قڕی بگرێت، بۆچی بەرهەمێنەرانی نەوت لە دنیای ئەمڕۆدا چۆک لەبەردەم قەیراندا دادەدەن؟

دەکرێت بڵێین دەرامەتی نەوت وەک گەنم نیە، و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر خودی دامودەزگاکانی حکومەت دەبێ. ئەگەر نەوت لە کارامەیی حکومەتێک کەمبکاتەوە،

---

* زۆر بچووک.

ئەوا بێگومان تەقەلایەکانیشیان بۆ داڕشتنی ڕێوشوێنی دژە-سووڕ پەک دەخات. هەروەک چۆن کە دکتۆرێک نەخۆش دەکەوێت ناتوانێت بە نەخۆشەکانی ڕابگات، ئەوهاش کە حکومەت لە گۆکەوت پلانە ئابوورییەکان شکستدەهێنن.

دەرامەتی نەوت لە چەند ڕوویێکەوە زیان بە حکومەت دەگەیەنێت. یەکەم، ناسەقامگیری نرخەکان بینایی حکومەتەکان بۆ پلاندانان لێڵ دەکات، و بەمەش وەبەرهێنان لە وڵات لاواز دەکات. چونکە پەیوەندییێکی ڕاستەوانە لە نێوان نرخی نەوت و بودجەی وڵاتدا هەیە، کەواتە هەرگا نرخەکان داپەڕین، جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە ساڵانێک دەخایەنن لە کەرتی تەندروستی، پەروەردە یان بیناسازی، دەکەونە ژێر هەڕەشەی هەڵپەساردن یان هەڵوەشانەوە. بۆیە کاتێک سیاسەتمەدارەکان پێشبینی کەمایەسیەکی وەها دەکەن، زوو ئەو داهاتەی هەیە لە پرۆژەی ورد ورد خەرج دەکەن و پلانە درێژخایەنەکان بەلاوە دەنێن.

دووەم، دەرامەتی نەوت بە خێرایی و بە بەردەوامی زیاد دەکات، بە شێوەیەک حکومەتان زۆرجار لە مشومالْکردنیان شکستدەهێنن. بەم کارتێکەرە دەڵێن "لێککشانی بیوکراتی". ڕوونە کە حکومەتەکان لە کەمبوونی داهاتەکانیان پەرێشانن. بەڵام باکەوتەی نەوت توانستی بیوکراتی هەندێک دەوڵەتی نەوتی هەراسان دەکات، و بەمەش خەرجکردنی ساویلکانەی ئەم باکەوتانەی لێدەکەوێتەوە.[٣٢]

(بن سعودی)ی دامەزرێنەری سعودیە دەیتوانی پاکی گەنجینەی وڵات لە بوخچەکەی هەڵبگرێت کە بە کورتانی حوشترەکەیەوە نووسابوو. دوابەدوای دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٣٨ لەلایەن گەڕیدەکانەوە، خەزێنەی سعودیە تژی بوو لە ملیۆنان و ملیاران دۆلار کە بە بەردەوامیش دەترەکان و حکومەتی سعودیەش لە مشتومالْکردنیان تووشی کێشە دەبوو.[٣٣] خۆی ئەم خەرمانە

داراییەی بەردەوام کەڵەکەدەبوو لە سعودیە، لە پەنجاکان وڵاتەکەی تووشی بێ سەروبەری ئیداری کرد.

(ستیڤن هێرتۆگ) دەڵێت:

"دامودەزگا و وەزارەتەکانی سعودیە بە هەونتەوە و وەک کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی بەڕێوەدەبران. دەسەڵات لە تاک و خێزاندا گلدرابۆوە، واتە هەماهەنگی لە نێوان دامودەزگاکانی حکومەتدا نەبوو. هەر دەسەڵاتێکی ئیداری بڕیاری سەربەخۆی خۆی هەبوو، و بەمەش کۆدەنگی نیشتیمانی لەسەر ڕێکخستنی داهاتی وڵات نەبوو. لە ساڵی ١٩٥٢دا، شەش قەوارەی جیا جیا نەخشەسازی ئابووری وڵاتیان دادەڕشت." [٣٤]

ئارگومێنتی هەندێک لە زانایان پتر دەڕوا تا نەوت بە "دامودەزگای شلۆق" ببەستەوە، واتە دەرکیشانی نەوت حکومەتی لاواز، ناشەفاف، ناکارامە، گەندەڵ، و کورتبین لە ئاست پلانە ئابوورییەکانی لێدەکەوێتەوە. (کیرن عەزیز چاودهری) کرێیەکانی نەوت بە ئاستەنگی سەرەکی دادەنێت لە بەرامبەر گەشەسەندنێکی شێلگیرانەی بیوکراسی دەوڵەت، کە دەوڵەتان لە دانانی سیاسەتی دانایانەی ئابووری بۆ وڵات شکست پێدێنێ.[٣٥] (تێری لین کارلیش) لە کتێبە دانسەقەکەی بە ناوی (پارادۆکسی تژیبوون)، دەنووسێت کە دەرامەتەکانی نەوت دەسەڵاتی حکومەت کز دەکات لە وڵات، چونکە "سایکۆلۆژیای موڵکانە" گەرا پێدەخا، "نرخەکانی نەوت" دەئەنگوێنێ، و "هانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دەدات تا وەبەرهێنانی لە کرێ وەرگرتن بکەن".[٣٦] (تیمۆسی بێسلی) و (تۆرستن پێرسۆن) شیمانەیان کردووە کە دەرامەتەکانی نەوت سیاسەتمەدارەکان لە پتەوکردنی سیستەمی بیروکراسی سست دەکات، بەمەش کەرتی تایبەتیش لە

پەلوپۆ دەکەوێ.[37] چەندان لێکۆڵینەوەی تر هەن کە ئەرگومێنتی هاوشێوە دەخەنەڕوو.[38]

ئەم بۆچوونانە دەکرێ ڕاست بن، بەڵام پشتڕاسکردنەوەیان کارێکەی زەحمەتە. زانا کۆمەڵایاتیەکان بە شێوەیەکی هەڵە دەستەواژەی "دامودەزگاکان" پێناسە دەکەن و دەیپێون، تا خۆیان لە ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی شیمانەکانیان بپارێزن. بەڵام ئەگەر بە وردی ئارگومێنتەکانیان ڕاڤە بکەین، ئەوا دەبینین کە لەگەڵ بەڵگەکان یەکناگرنەوە.

ئەگەر بە ڕاستی نەوت بۆ دامودەزگاکانی حکومەت بەڵا بێت، ئەوا دەبێت پەیوەندییێکی پێچەوانە لە نێوان داهاتی نەوتی وڵاتێک و کارامەی حکومەتەکەی هەبێت. چونکە پێوەدانگی دروست لەسەر کارامەیی حکومەتەکان قاتە، ئەو زانایانە پەنا بۆ ئەو پێوەدانگانە دەبەن کە ئاستی *خەمڵێنراوی* حکومەتەکان شەنوکەو دەکەن. (بانکی جیهانی) پشتی بە ئاژانس و ڕێکخراوە متمانەپێکراوەکان بەستووە تا داتاکانی خۆی مشتوماڵ کردووە. ژمارە بەرزەکان ئاماژەن بۆ دەرئەنجامی باشتر، وەک کارامەیی زیاتری حکومەتەکان و بەرزەفتکردنی گەندەڵی.[39]

ستوونی یەکەم لە خشتەی ٦.٤ ئاستی *خەمڵێنراوی* کارامەیی حکومەتەکان لە دەوڵەتە نەوتی و نانەوتییەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ پشاندەدات. گەرچی وردبینی ئاماری بەدەست نەهاتووە، بەڵام دەوڵەتە نەوتییەکان شتێک لە پێش ئەوانی ترەوەن. ستوونی دووەم بەرزەفتکردنی گەندەڵی دەخاتەڕوو. لێرەش دەوڵەتەنەوتییەکان لەپێشترن، گەرچی ژمارەکان ئەم جارەش وردبینی ئاماریان بەدەستنەهێناوە.

دەتوانین لە جیاتی *ئاستی* کوالێتی حکومەتەکان، لە *گۆڕانکارییەکان* بڕوانین. هەندێک بیردۆز جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوالیتی حکومەت بە شێوەیەکی نەرێنی بە گۆڕانکارییەکان لە داهاتی نەوتی وڵات کاریگەر دەبێت- واتە بە ڕاتەکانێک لە دەرامەتی نەوت. لەم بۆتەیەدا، داهاتی وڵات هەر لە ئاستێکی نزمدایە، سەرەڕای ڕاتەکانە پچڕپچڕەکان.[٤٠] تێڕوانین لە گۆڕانکارییەکان ڕێیەکی سانایە تا ئەو فاکتەرانە بەرزەفت بکرێن کە کار لە کوالێتی حکومەت دەکەن، بەمەش کاریگەری ڕاستەقینەی نەوت لەسەر ئابووری بشارنەوە.

*خشتەی ٤.٦: ئاستی خەمڵێنراوی کارامەیی حکومەتەکان (١٩٩٦-٢٠٠٦).*

ژمارەی بەرزتر گوزارشت لە ئاستێکی باشتر دەکات، واتە کارامەیی زیاتر و سنووردارکردنێکی باشتری گەندەڵی. سەبارەت بە کارامەیی حکومەت، ژمارەکان لە -٢.١٦ بۆ ٢.٢٢ دانڕاون؛ بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیش لە -١.٧٦ بۆ ٢.٥٣ داندراون.

| | دەوڵەتە بەکاربەرەکان | دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| ئاستی کارامەیی حکومەت، ٢٠٠٦ | -٠.١٢٠ | ٠.٠٠٧ | ٠.٠١٢٧ |
| ئاستی کۆنترۆلکردنی گەندەڵی، ٢٠٠٦ | -٠.١٣٢ | -٠.٠٢٦ | ٠.١٠٧ |
| گۆڕانکاری لە کارامەیی | -٠.٠٠٣ | -٠.٠٧٧ | -٠.٠٧٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حکومەت، ١٩٩٦-٢٠٠٦ | | | |
| گۆڕانکاری لە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی، ١٩٩٦-٢٠٠٦ | -٠.٠٣٧ | ٠.٠٢٢ | ٠.٠٥٩ |

*لە ١٠% وردبینی ئاماری بەدەستدەهێنێت لە (one-tailed t-test)

**لە ٥% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

***لە ١% وردبینی ئاماری بەدەسدەهێنێت.

داتاکان لە (کاوفمان) و (کرای)-٢٠٠٨ وەرگیراون و شیکاری ئاماریيان بۆکراوە.

ستوونی سێیەم ئاستی کارامەیی حکومەتەکانی بە خاڵ تێدا نوێنراوە، لە ساڵی ١٩٩٦ەوە تا ٢٠٠٦- ئەو ماوەیەی کە نرخەکان لە هەڵکشان دابوون و دەرامەتی نەوت بەسەر دەوڵەتە نەوتییەکان بە لێزمە دەباری. لێرەدا، کارامەیی حکومەت لە دەوڵەتە نەوتییەکان لە چاو ئەوانی تر دابەزیوە، بەڵام جیاوازەکە دووبارە نەگەیشتۆتە وردبینی ئاماری. ژمارەکانی ستوونی چوارەمیش نەگەیشتوونە ئەم کەنارە، بەڵام دەرخەری ئەوەن کە دەوڵەتە نەوتییەکان هەنگاوێکی سووک لە پێش ئەوانیترن لە ڕووی گەندەڵیەوە.

هێڵکاری ٦.٨ پتر ڕۆدەچێتە نێو بەراوردی گۆڕانکاریەکان لە ڕێژەی گەندەڵی لە نێوان ١٩٩٦ و ٢٠٠٦، بە گۆڕڕانکاریەکان لە داهاتی نەوتی وڵاتەکان. سەمتەکە بە کەمێ بە لاری بەرەو ژوور دەڕوات- واتە ئەو دەوڵەتانەی نەوتییان هەیە کەمتر گەندەڵن. بەڵام لە ڕووی کارامەیی حکومەتەوە دەوڵەتە نەوتییەکان وەک یەک

نین، واتە ناتوانین وەک گەندەڵییەکە گشتگیری تێدا بکەین. پێنج وڵات لە دوورگەی عەرەبی پەرەیان بە تواناکانی خۆیانداوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی-سعودیە، ئیمارات، قەتەر، عومان، و بەحرەین. وڵاتانی ئەفریقی وەک کۆنگۆ و گابۆینش، وەک دوو دەوڵەتی نەوتی چاک بووژاونەتەوە لەم ڕووەوە. لە هەمان کاتدا، گەندەڵی بە شێوەیەکی چڕتر لە دەوڵەتانی جیهانی سێ وەک ترینداد، گینیای کەمەرەیی، و ڤەنزوێلا، بڵاوبۆتەوە. ئەمەی سەیرە ئەوەیە کە نەرویج و کەنەدا و ئەمریکاش بە هەمان ئەندازە دووچاری گەندەڵی بوون.




*هێڵکاری ٦.٨: گۆڕانکاری لە بەرزەفتکردنی گەندەڵی (١٩٩٦-٢٠٠٦).*

ئەم ژمارانەی خوارەوە گوزارشت لە گۆڕانکاری لە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی دەکەن لەماوەی ئاماژەپێکراودا. ژمارەی بەرزتر نیشانەی بەرەوپێشچوونی باشترن لەم بارەیەوە. هێڵە ئاسۆییەکە گۆڕانکاری تەواو پشاندەدات لە لۆگاریتمی داهاتی

نەوت بۆ هەر تاکێک لە نێوان ١٩٩٦ و ٢٠٠٦. داتاکان لە (کاوفمان) و (کرای)- ٢٠٠٨ وەرگیراون و شیکاری ئامارییان بۆکراوە.

## دوو هەڵەتێگەیشتن

باشە گەر هەبوونی نەوتی زۆرتر زیان بە کوالێتی دامودەزگاکانی حکومەت ناگەنێت، بۆچی زۆرێک لەو لێکۆڵینەوە بە بڕستانەی لەسەر داتای چاک ڕۆنراون بانگەشەی پێچەوانەی ئەم بەرسڤە دەکەن؟

دوو هەڵەتێگەیشتن هەیە کە بەرچاوی زۆرێک لە توێژەرانیان لێڵ کردووە. یەکەمیان دەکرێ ناوبنێین هەڵەتێگەیشتنی (*بێڤەرلی هێلبیلیس*). لەوانەیە ئەم دەستەواژەیە بۆ زۆران ئاشنا نەبێت. *بێڤەرلی هێللبیلیس* درامایەکی کۆمیدی شەستەکان بوو کە باسی لە خێزانی (کلەمپێتەکان) دەکرد کە لە گەڕەکی (ئۆزارک) بوون، ئەوان تا بڵێی خنجیلانە، بەڵام لە هەمان کاتدا جەربەزە و کەم دەرامەت بوون. کلەمپێتەکان لە پڕ بە هۆی نەوتەوە حیسابی خۆیان بزرکرد. دوای ئەوەی خێزانەکە لەپڕ کۆشکێکی شاهانەیان لە بێڤەرلی هێلس کڕی، کەوتنە پێکداپڕژانێکی گاڵتەئامێز لەگەڵ هاوسێیە دڕدۆنگەکانیان لەوێ.

هەڵەتێگەیشتنەکە لێرەدایە. باکەوتەی نەوت خێزانی کلەمپێتەکانی بردە ڕیزی هاوسێیە دەوڵەمەندەکانیان و لە ناوچەی زێڕینی بێڤەرلی هێلس نیشتەجێی کردن، بەڵام چونکە کلەمیتەکان بە درێژایی ژیانیان کەم دەرامەت بوون، بە ڕەفتاری نەجیبزادانە ئاشنا نەبوون و لە فێرگەی تایبەت نەیانخوێندبوو.[٤١] شیکردنەوەیەکی ئاماری لەسەر خێزانەکانی گەڕەکی بێڤەرلی هێلس ڕەنگە ڕێک بڵێت "ئەو ماڵانەی سامانی نەوتییان هەیە وەک ئەوانی تر باش پەروەردە

نەکراون." بەڵام سامانی نەوت هیچ پەیوەندی بە جەربەزەیی و بێ دەرەتانی کڵەمپیتەکانەوە نەبوو، بەڵکو تەنێ بەرەو چینێکی بەرزی ئابووری هەڵیدان کە ئەونەجیبزادانەی لێبوون کە لە فێرگەی باش خوێندبوویان- واتە پەروەردە و ڕەفتارەکانیان وەک خۆی مایەوە و نەوت بە هیچ شێوەیەک کارتێکەر نەبوو لەسەریان. هەڵبەتە بەراوردکردنی کڵەمپێتەکان بە هاوسێکانیان وادەکات باکەوتەی نەوت وەک نەفرەت سەیربکەین. بەڵام ئەگەر ئەم خێزانە بە هەر ماڵباتێک لە (ئۆزارک) بەراوردبکەین- کە بەراوردکاریەکی بەجێترە- ئەوا ڕەفتار و پەرەوەردەکەیان ئاسایی دەردەکەوێت.

زۆربەی توێژەرەکان لە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر پەیوەندی نەوت و کوالێتی دامودەزگا حکومیەکان کەوتوونەتە هەمان هەڵەوە. ئەوان دەوڵەتە نەوتیە تازە هەڵتۆقیوەکانیان بە دەوڵەتە داهات بەرز و مامناوەندەکان بەراوردکردووە، کە دامودەزگاکانی دەوڵەتیان بە درێژایی دەیان ساڵ بنیاتنابوو. هەڵبەتە ئەم بەراوردکاریە دامودەزگاکانی دەوڵەتە نەوتیە نوێ و دەوڵەمەندەکان وا پشان دەدات کە لە قوڕدا چەقیبن.

بۆ نموونە، هێڵکاری ٦.٩ پشانیدەدات کە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان حکومەتی کارامەتریان هەیە. پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان داهاتی تاک لە وڵاتێک (لەسەر هێڵی ئاسۆیی نوێندراوە) و کارامەیی چاوەڕوانکراوی حکومەتەکەی (لەسەر هێڵی ستوونی نوێندراوە) بەدیدەکرێت. هەمان گروپبەندی لەو توێژینەوانە دەبیندرێت کە پەیوەندی نێوان داهاتی وڵاتێک و کارامەیی حکومەتەکەی ڕاڤە دەکەن: واتە داهاتی زۆرتر و زەبەنتر کۆمەکی بە کارامەیی حکومەتەکان دەکەن، و تا حکومەتەکانیش پتر کارامە بن وڵاتەکانیان دەوڵەمەندتر دەکەن.[٤٢] ئەمەش هەروەک پەیوەندیێکی دوو ئاڕاستەیی وایە لە نێوان لە نێوان داهات و پەروەردە لە بێڤەرلی هێڵس یان هەر شوێنێکی تر: واتە خێزانە زەنگینەکان پەروەردەی

باشتریان پێ دابیندەکرێت، و ئەوانەشی پەروەردەی باشتریان هەیە مەیلیان بەرەو داهاتی بەرزتر دەڕوا.

لە هێڵکاریەکە لە پێگەی ئەو وڵاتانە وردبنەوە کە بە لایەنی کەمەوە هەزار دۆلار بۆ هەر تاکێک لە داهاتی نەوت پەیدادەکەن. زۆربەیان لە ژێر هێڵی ناوەنجیدان، کە بە مانای هەبوونی حکومەتی ناکارامە دێت، گەرچی داهاتیشیان زۆر بەرزە. ئەگەر بارگۆڕی داهاتی وڵات بەرزەفت بکەین، ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بەرهەمهێنانی نەوت کارامەیی حکومەتان کز دەکات.

بەڵام لێکدانەوەیەکی تریش هەیە: لەوانەیە نەوت داهاتی ئەو وڵاتانەی زیاد کردبێت، بەڵام هیچ کاریگەری لەسەر کارامەیی حکومەتەکانیان جێنەهێشتبێت. ڕەنگە ڕاتەکانێک لە نرخە جیهانیەکان یان دۆزینەوەی بیرە نەوتێکی نوێ ئەو وڵاتانەی دەوڵەمەند کردبێ، بێ ئەوەی گەفی لەسەر کارامەیی حکومەتەکانیان جێهێشتبێ- هەروەک چۆن دۆزینەوەی نەوت کڵەمپێتەکانی زەنگین کرد بێ ئەوەی ئاستی خوێندەواریان وەک هاوسێکانیان لێبکا. ئەگەر ئەوە ڕوویدا، ئەوا دەکات هیچ پەیوەندییێک لە نێوان داهاتی نەوتی وڵاتێک و کارامەیی حکومەتەکەیدا نیە. بەڵام هەرگا بارگۆڕی داهاتی وڵاتمان بەرزەفت کرد ئەوا پەیوەندیەک دروستدەبێت، چونکە ئەگەر بەراوردکاری لە نێوان ئەو دەوڵەتە نەوتییانە و دەوڵەتانی ئاسایی بکرێت کە هەمان داهاتیان هەیە، ئەوا ئاستی کارامەیی حکومەت لە دەوڵەتە نەوتییەکان تەواو دەتەپێت. تەنها چونکە نەوت داهاتی حکومەت بەرەو ژوور دەبات بێ ئەوەی کۆمەکی بە کارامەیی بکات، مانای ئەوە نیە نەوت زیانی بە حکومەتەکە گەیاندووە- تەنیا واتە بەو شێوەیە کۆمەکی پێنەکردووە کە زانایان ساویلکانە پێشبینیان بۆ کردبوو




*هێڵکاری ٦.٩ : داهات و کارامەیی خەمڵێندراوی حکومەت (٢٠٠٥).*

هێڵە ستوونیەکە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی کارامەیی حکومەت. ژمارەی بەرزتر مانای ئاستی باشتر دەدەن. بازنە پڕەکان گوزارشت لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەکەن، و بازنە بەتاڵەکانیش لە بەکاربەرەکان. داتاکان لە (کاوفمان) و (کرای)- ٢٠٠٨ وەرگیراون و شیکاری ئامارییان بۆکراوە.

هەڵەلێکتێگەیشتنی دووەم کە زۆرجار زانایان دەخەڵەتێنێت، (کۆڵەپشتی نەبینراوە). مامۆستایەکی تەمەن مامناوەند بێنە بەرچاوی خۆت کە چاپووکانە بە هەورازێکدا سەردەکەوێت تا بگاتە هۆڵی وانە خوێندنی زانکۆکە. مامۆستاکە یاریدەدەرێکی لەگەڵە کە، بە پێچەوانەی مامۆستاکە، هەنگاوی ورد دەهاوێژێت و بە لۆژە لۆژ لە دوای مامۆستاکە دەڕوات. مەبەستەکە لێرەدایە، و مامۆستاکە

تەنیا تەباشیرێکی لەناو جانتاکەی پێیە، کەچی یاریدەدەرەکە لابتۆپێکی قورس، و پرۆجێکتەرێکی داتاشۆ و پێنج کتێبی لەناو جانتاکەی خۆی هەڵگرتووە. لێرەدا، هەردوو کەسەکە بە هەمان ئەندازە بڕستیان هەیە، بەڵام یاریدەدەرەکە بارەکەی قورسترە، بەمەش تاودانی کەمدەبێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، چونکە خەڵکی نازانن چی لەناو جانتاکاندایە، ساویلکانە دەڵێن مامۆستاکە چوست و چالاکترە لە یاریدەدەرەکەی.

زاناکانیش کە توێژینەوە لە کارامەیی حکومەتان دەکەن، دەکەونە هەمان هەڵەوە. ئەوان بێ چەند و چوون دەڵێن هەر حکومەتێک پەست نواندی لەسەر بڵندگۆی جیهان، ئەوا هەر دەبێت دامودەزگاکانی لەرزۆک و بێ دەرەتان بن. بەڵام ئەوان و ئێمەش قورسایی سەر شانی هەندێک حکومەت لەبەرچاو ناگرین، لە بیردەکەین سەیری جانتای پشتیان بکەین.

هەرگا ئەو حکومەتانەی لەسەر نەوت خانەخوێی دەکەن لە مشتومالّکردنی دەرامەت شکست دێنن، چاودێران زوو لۆمەی دامودەزگاکانیان دەکەن. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا مشتومالّکردنی دەرامەتی ناجێگیری نەوت دەبێت لە ڕێکخستنی داهاتی باج- کە بە هێواشی کۆدەکرێتەوە- زەحمەتتر بێت. لەوانەیە گرتنەبەری ڕێوشوێنی دژە-سووڕ لەوە قورستر بێت کە بە خەیاڵماندا دێت. ڕەنگە کێشەکە ئەوە نەبێت کە دامودەزگاکانی حکومەت لە دەوڵەتە نەوتییەکان لەرزۆکن و دەبێت ئاسایی بن، بەڵکو ئەوە بێت کە ئەو دەوڵەتانە دامودەزگاکانیان ئاساییین، لە کاتێکدا دەبوو پتەو و بەهێز بن.

بەردەوامیدان بە ڕێوشوێنی دژە-سووڕ تەنانەت لەو وڵاتانەش زەحمەتە کە سامانی نەوتییان نیە؛ هیچ نەبێت تا ئەو پنتەی کە ئەوەندە دەرامەتیان بەسەردا ببارێت کە نەتوانن پێی ڕابگەن، ناکەونەخۆ. بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە

دەکەنەوە کە ڕێکارە ئابوورییەکان لە دنیای تازە پێگەیشتوودا، بە دەوڵەتە نەوتی و نانەوتییەکانەوە، لە جیاتی دژە-سووڕبن بەرەو-سووڕ دەڕۆن. جا ڕێکارەکانی دژە-سووڕ ئەوەندەی تر لەبەریەک دەبنەوە کاتێک ڕووبەڕووی دەرامەتی ناسەقامگیر دێن.[٤٤]

تەم و مژی سەر شکستهێنانی ڕێکارەکانی دژە-سووڕ

بۆچی حکومەتەکان ناتوانن درێژە بەو ڕێکارانە بدەن؟ با بگەڕێینەوە سەر مۆدێلە بنەڕەتیەکمان لەسەر سیاسەتی نەوت، کە لەسەر سەرکردەیەک ڕۆنراوە کە دەیەوێت لە دەسەڵات بمێنێتەوە، میلەتێک کە چاویان لێیە باردودۆخی کۆمەڵایەتییان باشتر بکەن، و حکومەتێک کە دەرامەتی نەوتی بۆ دێت. بەندی ٣ دەریخست کە دەسەڵاتداران بەردەوام لە ژێر فشاری هاوڵاتیاندان تا پارەی زیاتر لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە خەرج بکەن، بۆیە لێرەدا دەسەڵاتدارەکان بۆ دەستەبەرکردنی ڕێکارەکانی دژە-سووڕ دەبێت بڕیارێکی قورس بدەن: هاوڵاتیانیان ئەمڕۆ جاڕس بکەن، تا سبەی ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دابین بکەن.

زاناکان دەڵێن ئەم پلانە درێژخایەنە لەسەر چوار گروپ فاکتەر وەستاوە: ئەو فاکتەرانەی کار لە سیستەمە دیموکراسی و دیکتاتۆریەکان دەکەن، ئەوانەی کار لە سەرکردەی دانا و گەوج دەکەن، و ئەوانەشی کار لە دەوڵەتە هەژار و دەوڵەمەندەکان دەکەن. مخابن ئەم لێکۆڵینەوانە درک بە زەحمەتی لەنگەرکردنی ئەم پلانانە ناکەن، چونکە چەندی بەرهەمداریش بن ڕەنگە نەگەنە چڵەپۆپە و داکەلێن.

**هەراسانبوونی سەرکردەکان**

فاکتەرێکیان بیروبڕوای سەرکردەیە لەمەڕ ماوەی مانەوەی لە دەسەلأت. لێرە وێنای حکومەتێک بکەن کە پشتی بە بەرهەمهێنانی نەوت بەستووە و لەلایەن سەرکردەیەکی داناوە ڕابەرایەتی دەکرێت کە نیازی گرتنەبەری ڕێوشوێنی دژە-سووڕی هەیە. هەڵبەتە ئەگەر ئەم ڕێوشوێنانە سەرکەوتووبن دەبێت لە داهاتووش بگرێنەبەر، تا زێدەبەها لە کاتی نرکەی ئابووری کۆبکرێتەوە و لە کاتی تەنگانەدا بەکاربهێندرێت. بەڵام خۆ ئەم سەرکردە ناتوانێت سەرکردەکانی دوای خۆی قایل بکات تا شوێن پێیەکانی ئەو هەڵگرنەوە، چونکە ئەو سیاسەتەی کابینەیەک ئەمڕۆ دایدەنێت، سبەی ئەوەی دوای خۆی لێکی دەردێنێت. کە سەرکردەکە درک بەوە دەکات کە شوێنگرەوەکەی ڕەنگە پارە پاشەکەوتکراوەکەی لە بەدەستهێنانی پشتگیری سیاسی و گەندەڵیدا بەفیرۆبدات، بیر لە خەرجکردنی پارەکە لەو پرۆژە ڕووکەشیانە دەکاتەوە کە بە ماوەیەکی کەم هەڕمێنی بۆ پەیدادەکەن. تا بیری لە دەستدانی دەسەلأت بە هێزتر لە کەلەیان بدات، سەرکردەکان خێراتر پارەکەخەرج دەکەن.

سەرکردەیەکی تەماحکاریش بە هەمان شێوە خەیاڵی مانەوە لە دەسەلأت دایدەگرێت. سەرکردەیەک وێنا بکە کە بڕیارە داراییەکانی پاکی لەسەر ویستی مانەوە لە دەسەلأت و خۆ دەوڵەمەندکردن ڕۆنراون، و تەواوی باکەوتەی نەوتی وڵات بۆ پشتیوانی سیاسی و گەندەڵی تەرخانکردووە. هەروەها، وای دانێ کە ئەم دوو ئامانجە (Diminishing Marginal Returns)یان هەیە، واتە بۆ سەرکردەکە باشترە پەیتا پەیتا پارەکەیان لەسەر بگرێتەوە نەک بەیەکجاری. ئەگەر سەرکردەیەک درکی بەوەکرد کە یەکی تر شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە، ئەوا زێدەبەهای وڵات بۆ داهاتوو هەڵناگرێ، بەڵکو بەپەلە بۆ قازانجی خۆیان تەخشان و پەخشانی پێدەکا.

ئەم نموونانە دەریدەخەن کە ئەو سەرکردە سیاسیانەی پێی خۆیان بۆ چەندین ساڵ لە دەسەڵات قاییمکردووە، لە کاتی ڕاتەکانی ئابووریدا خەرجیەکانیان سنووردار دەکەن؛ و ئەوانەشی کە ترسیان لە لەدەستدانی پێگەکانیان هەیە باشتر خەزێنەکان والا دەکەن.[45] ئەمە واتای ئەوە نیە کە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان سیاسەتی ئابووریان پتەوترە بە بەراورد بە دەوڵەتە دیموکراتییەکان. زۆر شت هەیە کە ئاسۆی سەکردە دیموکراتییەکان فراوان دەکات و هانیان دەدات تا باشتر دەست بە پارەی دەوڵەتەوە بگرن.[46] (ئەلیکساندەر هامیلتۆن) لە بەشێکی *پەڕاوە دیموکراتییەکاندا* ویستوویەتی بەم شێوەیە پۆزش بۆ هەبوونی سەرۆکێک بێنێتەوە کە دەتوانێت یەکجار خۆی هەڵبژێرێتەوە:

"کە کەسێکی چاوچنۆک دەبێتە سەرۆکی وڵات، و لە وێستگەیەکدا بۆی دەردەکەوێت کە ناچارە دەستبەرداری ژینی سەرداری بێ، گرێک لە ناخیدا هەڵدەئایسێت تا سوود لە هەر هەلێک وەربگرێت کە بۆی دەلوێ. هەڵبەتە لەم ڕێیەش دوودڵی لە هیچ کردارێکی بێزراو ناکاتەوە تا سەرمایەی خۆی لە گەڕ دابێ. ڕەنگە هەمان کەسیش ئەگەر پێشمەرجگەلێکی بۆ دانرابێت [لە ڕێی دیموکراسیەوە]، ئاسۆیەکی تر بۆخۆی بنەخشێنێت کە تێیدا بە بەشی خۆی قایل دەبێت و لە ڕێی ئاشتیەوە واز لە دەسەڵات دێنێت، و تەنانەت لەوانەیە ئەو دەرفەتانەش بۆ مەبەستی کەسی نەقۆزتەوە کە پێگەکەی بۆی فەراهەم دەکا... بەڵام ئەگەر لەم ئاسۆیە لابردنی زۆرەملێ و لەناوبردنی خۆی بەدیکرد، ئەوا بێگومان چاوچنۆکی هەڵدەبژێرێ بەسەر هۆشیاری و لەخۆباییبوون و مەرامە بێ زیانەکانی." [47]

(ماکارتان هەمفریس) و (مارتین ساندبو) لەم دواییانە دەریانخست کە تا حکومەتەکان پتر لە ژێر باری سیستەمی بەرزەفتکردن و هاوسەنگکردن بن، کەمتر دەستیان لە زێدە خەرجکردنی زێدەبەها دەچێت.[48] (ئەلبیرتۆ ئەلیسینا)،

(فلیپ کامپانتێ)، و (گیدۆ تابلینی) پێ لەسەر گەندەڵی دادەگرن وەک زەقترین دومەڵ بەسەر لەشی دیموکراسیەوە: لە جیهانی تازە گەشەسەنوودا، سیاسەتی دارایی لەو دەوڵەتە دیموکراتیانەی پتر گیرۆدەی گەندەڵین فشۆڵترە، وەک لەو دەوڵەتە دیموکراتیانەی کە کەمتر بە دەستیەوە دەناڵێنن.[٤٩]

## هەڵبژاردنی سەرکردەکان

چۆنیەتی هەڵبژارنی سەرکردەکانیش کاریگەری خۆی هەیە. وای دابنێ کە مۆدێلەکەی ئەمجارەمان دەوڵەتێکی دیموکراتییە، کە حکومەتەکەی لە سەروبەندی هەڵبژاردن باکەوتەیەکەی زەبەلاحی نەوتی بۆ دێت. دەنگدەرانیش دوو کاندیدیان لەبەردەمە بۆ سەرۆکایەتی، یەکیان زاتێکی دانایە و ليناگەڕێت باکەوتەکە تەخشان و پەخشانی پێبکرێت، ئەویتریشیان چاوچنۆکە و لە چاوقوچانێکدا هەمووی لووش دەدات. هەردوو کاندیدەکە دەچنە نێو سەنگەرلێدانێکی دیموکراتیانە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە ڕێی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە، و ئەوەی پارەی زیاتر بۆ هەڵمەتەکەی دابینبکات ئەگەری بردنەوەی زیاتر دەبێت. بۆ دەستەبەرکردنی پارەکە، هەر یەک لەوان بەڵێنی پاداشتی پێگە و دەرامەت بەو کەسانە دەدات کە پارەیان بۆ دابینکردنوون لە هەڵمەتی هەڵبژاردن.

لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا، ئەو کاندیدەی کە پارە و پلە و پایەیەکانی حکومەت بۆ دەست و پێوەندەکانی دەبڕێتەوە، هەنگاوێک زیاتر لەوەی تریان دەچێتە پێش بۆ کورسی سەرۆکایەتی. تەنانەت لەو وڵاتانەشی کە ئەم ڕەفتارە نیە، ئەو کاندیدانەی بەڵێنی پتر بە دەنگدەرانیان دەدەن تا ڕێ و بان، قوتابخانە، هەلی کار، و شتی تر فەراهەم بکەن، لەوانە زیاتر دەچنە پێش کە بەڵێنی کەمتر دەدەن. لە وڵاتە دەسەڵاتخوازەکانیش هەمان شتە. (مایکڵ هێرب) دەڵێت کە

شازادە جێنشینەکانی هەندێک شانشینی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ناچارن بە بەڵێنی پارەی نەوت و پلەی حکومی پشتیوانی سیاسی بنەماڵەکانیان دەستەبەربکەن تا دەگەنە کورسی پاشایەتی.[٥٠] بەڵام هەندێک لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت و سامانی سروشتی دووچاری کێشەیەک دەبنەوە پێی دەڵێن *هەڵبژاردەی ناحەز:* واتە ڕەنگە ئەو سەرکردانەی دووپاتیانکردۆتەوە کە بێ بەرنامە پارە خەرج دەکەن، شوێنی ئەوانە پڕکەنەوە کە خەرجی حکومەت سوونردارتر دەکەن.[٥١]

(هەڵبژاردەی ناحەز) دەکرێت لە ڕێی ئابڕووچوونی (Teapot Dome) وە ڕوونتر باسبکرێت، کە زەقترین ئابڕووچوونی گەندەڵیە لە مێژووی ئەمریکادا. (واردێن هاردینگ) لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆکی ئەمریکا بوو، کە ئەو کات وڵاتەکە لە ڕیزی بەرهەمهێنەرە زەبەلاحەکانی دنیا بوو.[٥٢] بەڵام ئەمریکا لەم گەلاڵەبوونەدا نموونەیەکی هەڵاوێردەیە، چونکە زۆربەی ئەو نەوتەی لەژێرزەمینی وشکانیەکەی هەڵکەوتووە لەلایەن ویلایەتەکانەوە خاوەنداری دەکرێت، نەک حکومەتی ناوەندی. هەرچۆنێک بێت، لە ساڵی ١٩٢٠دا، بە بڕسترین بیرە نەوتەکانی وڵات- ڕەنگە لە دنیاش- لە شوێنێک دۆزرانەوە کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی. ئەم بیرە نەوتانە زوو کرانە چەند کێڵگەیەکی نەوتی چالاک، کێڵگەی (Teapot Dome) لە (ویۆمینگ) گەورەتریان بوو. ئەم کێڵگەیە و چەند کێڵگەیەکی تر لە کالیفۆرنیا خرانە ژێر دەسەڵاتی تەواوی هێزی دەریایی وڵات لە کاتی تەنگانەدا. گەرچی بەهای ئەم کێڵگانە ملیاران دۆلار بوو (بە پارەی ئەمڕۆ)، بەڵام (ئیدارەی وێڵسن) کە لە ١٩١٣ تا ١٩٢١ لە دەسەڵات مایەوە، لۆبیستەکانی کۆمپانیا نەوتیەکەی ناچارکرد تا کێڵگەکان بۆ مەبەستی بازرگانی تەرخانبکەن.

لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٢١دا، حزبی کۆماریەکان- کە تێیدا چەندان کاندید بۆ سەرۆکایەتی وڵات لە پێشبڕکێدابوون- هەڕمێنی زیاتربوو، و وا چاوەڕواندەکرا

هەڵبژاردنەکە بباتەوە. یەک لەم کاندیدانە (هاردینگ) بوو. هاردینگ سیناتۆرێکی تەمومژاوی ویلایەتی (ئۆهایۆ) بوو، کە جگە لە دروشمی "گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئارامی"، هیچ بەرنامە و پلانێکی سیاسی تۆکمەی پێنەبوو.[٥٣] لە کۆنگرەی حیزب بۆ کاندیدانی سەرۆکایەتی، وا چاوەڕوان دەکرا کە هاردینگ شەشەم دەنگ بەدەستبهێنێت. گۆڤاری (واڵ ستریت) پێشبینی هەشت لە یەکی دەنگەکانی بۆ کردبوو، و (ڕینگ لاردنەر)ی شرۆڤەکاری وەرزشیش دووسەد لەسەر یەک-ی بۆ دانابوو.

لە سەروبەندی کۆنگرەی حیزبدا، کۆمەڵێک لە سەرمایەدارانی نەوت لە کاندیدەکان نزیکبوونەوە، کۆمەکی قەبەیان لەبەردەمدانان لە بەرامبەر ئەوەی لە کاتی سەرۆکایەتی ئەو کێڵگانەیان بدەنێ کە لەژێر دەستی هێزی دەریایی دابوو. زۆربەی کاندیدەکان ئەم داوایەیان ڕەتکردەوە، بەڵام هاردینگ، کە لە سەرکەوتن بێ ئومێد بووبوو، گورج ڕەزامەندی لەسەر سەوداییەکە دەربڕی. هەر کە دەستی بە حەوت ملیۆن دۆلاری ئەم سەرمایەدارانە گەیشت، هاردینگ لە کۆنگرەی حیزب بەسەر نەیارەکانیدا زاڵ بوو. لەگەڵ بەردەوامبوونی پشتیوانیە داراییەکە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، هاردینگ سەرۆکایەتی وڵاتیشی بردەوە. هاردینگ زوو (ئالبێرت فۆڵی)ی بۆ وەزیری ناوەخۆ دەستنیشان کرد، کە لە تاقمی ئەو دەوڵەمەندانە بوو کە ئەویان بۆ سەرۆکایەتی وڵات بەرزکردەوە. فۆڵ گرێبەستی چەوری بۆ هاوڕێکانی خۆی و هاردینگ لەو کێڵگانە بردەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی دەریایی وڵاتدابوون. ئارەزووی هاردینگ بۆ فرۆشتنی سامانی حکومەت لە پێناو پشتیوانی سیاسی، لڤینێکی پێدا تا بگاتە کورسی دەسەڵات، بەڵام هەر هیوایەکی لەناوبرد کە ئەو سامانە دواتر لە کاتی تەنگانەدا بەکاربێ.

## ڕۆڵی هاوڵاتییان

حەز و ئارەزووی هاوڵاتییانیش گرنگە، بە تایبەتی لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا. ئەگەر هاوڵاتیان هۆشیاریان لەسەر سوودی ڕێکارەکانەکانی دژە-سووڕ هەبوو، ئەوا دەسەڵاتدارەکان باشتر دەتوانن بیانخەنە بوای جێبەجێکردنەوە.

بەڵام هێشتاش، لە هەندێ حاڵەتدا، دەنگدەران ڕەنگە داوای خەرجی زیاتر لە حکومەت بکەن. زۆرجار لەبەر ناکۆکی نەتەوەیی، ئایینی، یانیش هەرێمی، خەڵکی وڵاتێک بەسەر دوو بەرە یان چەند بەرەیەکی دژیەکدا دابەشدەبن، بەمەش کادیر و پشتیوانانی حزبی دەسەڵاتدار فشار دەخەنە سەر نوێنەرانیان لە حکومەت تا دەستبەجێ باکەوتەکان پەرش و بڵاو بکەن، نەوەک حکومەتە نوێیەکە باڵی ئەوان لە شیرینی فەرهوودکراو و ژێربەژێر بێبەش بکات.[54] تەنانەت ئەگەر هێزە سیاسی و نەتەوەییەکان دژ بە یەکیش نەبن، دەنگدەران کە دەبینن سەرانیان شیاوی دەسەڵات نین و گەندەڵن، ڕەنگە تەنگەبەری ئابووری ڕەتبکەنەوە، چونکە ترسیان لەوە هەیە بەرپرسان زێدەبەهاکە لووشکەن یانیش بەفیڕۆی بدەن.[55]

بێگومان ئەم ترسەش لەخۆڕا نیە و شتێکی نائەقڵانەش نیە. زۆرێک لە حکومەتەکان باکەوتەکان بەفیڕۆدەدەن، بۆیە خەرجکردنی لەخۆڕای باکەوتە ڕەنگە پاساوی گونجاوی بۆ بهێندرێتەوە، چونکە لەلای خەڵکی وایە کە هەر مشتێک لە زێدەبەها بەفیڕۆ بڕوا، ئەوا حکومەت ناچاردەبێت گورج خەرجی زیاتربکات، تەنانەت ئەگەر ئەم خەرجیەش ئەو بەفیڕۆدانە بێت کە خەڵکی لێی دەترسێن. بەڵام ڕەنگە خەرجکردنێکی دانایانەی باکەوتەش- پشتئەستوور بە شەفافیەتەکی لەبار- حەوسەڵەی خەڵکی فراوانتر بکات، چونکە کاتێک هاوڵاتیان درک بەوە دەکەن کە حکومەتەکەیان باکەوتەکان بە پارێزیەوە خەرج دەکات، ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژتر لەسەری دەوەستن تا پرۆژەکان جێ دەگرن و ئەنجامیان دەبێت.

**قەرزپێدان**

حکومەت پشکی شێری لە لۆمە و گازاندە بەردەکەوێت بۆ زێدەڕۆیی لە خەرجیەکان، بەڵام بانکەکانیش ڕۆڵیان هەیە لێرە. قسەیەکی باو هەیە کە دەڵێ "بانکەکان لە ڕۆژی ڕووندا چەترێکت بە قەرز پێدەدەن، بەڵام کە باران باری لێتوەردەگرنەوە." ئەم پەندە فشۆڵی بانکەکان پشاندەدات، چونکە سەرانی بانکەکان تەنێ قەرز بەوانە دەدەن کە باری داراییان لەبارە، لەبەر ئەوەی ئەوان دەتوانن پارەکەیان بۆ بگەڕێننەوە.

گەر وێنەکە لە وڵاتێکەوە بۆ تەواوی دنیا گەورەبکەین، و لە جیاتی تاک قەرزوەرگرەکانیش ببن بە حکومەت، دەبینین بەکارهێنانی هەمان میکانیزمی سەرەوە لێرەش بەکارە: کە دەرامەتی حکومەتێک لە هەڵکشاندابێت، متمانەی پتر دەبێت لە هەمبەر وەرگرتنی قەرز. بەداخەوە، ئەمە واتە حوکەمتەکان دەتوانن لە کاتی بوژانەوەی ئابووریدا پارە وەربگرن، بەڵام لە کاتە تەنگەکاندا هیچیان لە دەست نایەت، بەمەش ناچاردەبن ڕێکاری لەگەڵ-سوور پەیڕەوبکەن.[٥٦]

ئەم لۆژیکە سەراوبنەی بانکەکانن تەنگ و چەڵەمەی ئابووری چەندان بەرهەمهێنەری نەوتی قوڵترکردووە، بە تایبەتی لە هەشتاکاندا. قەیرانی ئابووری لە حەفتاکاندا، دەرامەتی نەوت و متمانەی وەرگرتنی قەرزی دەوڵەتە نەوتییەکانی پێکڕا تەپاند. تا بەهای کاڵای هەناردەکراوی ئەو دەوڵەتانە هەرمێنی هەبوو، بانکە نێودەوڵەتیەکان بڕوایان وابوو کە ئەو حکومەتان دەتوانن قەرزەکان مشتومالبکەن و لە کاتی خۆی بیدەنەوە، بۆیە بە پێشمەرجی سانا قەرزەکانیان پێدەدان. لێکۆڵینەوەیەکی (عیرفان نوردەین) لە ساڵی ٢٠٠٨، دەریخستووە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ و ٢٠٠٠دا، تا وڵاتان زیاتر نەوتییان بەرهەمهێنابا، قەرزی سەر شانیان قورستر دەبوو.

هەندێک جار قەرز وەرگرتن ڕێکارێکی باشی ئابووریە بۆ دەوڵەتە نەوتییەکان. ماوەی نێوان هەڵکەندنی بیرە نەوتێک و هەڵکڕاندنی قازانج لێی دەکرێ چەند ساڵێک بێ. ئەگەر حکومەتان لە جیاتی بەرهەمهێنانی نەوت قەرزیان وەرگرت، ئەوا هەنگاو بە هەنگاو گەشە دەکەن، بە جۆرێک کە دەتوانن بە ڕێکوپێکی مشتوماڵی دەرامەتەکان بکەن و هاوڵاتیانیشیان زووتر سوود لە نەوتی وڵات ببینن. قەرزکردن لە بری چاوەڕێکردنی دەرامەت لە وڵاتە کەم دەرامەتەکاندا، واتە ئەوانەی کەمایەسیان لە خواردن، پەروەردە، و تەندروستیدا هەیە، لەوانەیە ژیانی خەڵکی ڕزگار بکات.

بەڵام حکومەتان هەرگیز نابێت لەو زیاتر قەرزبکەن کە توانای دانەوەیان نیە، و هەڵبەتە توانای قەرزدانەوەی ئەو حکومەتانەی لەسەر نەوت ڕۆنراون بەندە بە نرخەکانی نەوت لە داهاتوودا. بڕوای بانکەوانەکان و حکومەتان لە کۆتایی حەفتاکاندا وابوو کە هەلومەرج بۆ نرخەکان لەبارە تا هەردەم لە هەڵکشاندابن، بۆیە دەیانگوت ئەو حکومەتانەی پشت بە نەوت دەبەستن بەردەوام بای ئەوەندە دەرامەتیان هەیە کە قەرزی گەورە وەربگرن.

کەچی هەر لە ساڵی ١٩٨٠دا نرخەکان داپەڕینە خوارەوە، و حکومەتەکانی هەر یەک لە مەکسیک، ڤەنزوێلا، نەیجیریا، گابۆن، کۆنگۆ، تریناداد، جەزائیر، و ئیکوادۆر، کە دەوڵەتی نەوتی زەبەلاحن، لەناو قەرزدا نقومبوون، و ناچار پەنایان بۆ IMF برد.[٥٧] دەستگەیشتن بەم قەرزانە ئاسانە، کێشەکە ئەوەیە قەرز برەو بە خەرجی حکومەت دەدات لە کاتی بەرزی نرخەکان، بەڵام پەیتا پەیتا لەکاتی داتەپینی نرخەکان لەسەر شانی حکومەت کەڵەکە دەبێت، بەمەش سیستەمی ئابووری زیاتر لەرزۆک دەکات.

له تیۆریدا، ڕەنگە سیستەمی دیموکراسی بەر بە قەرز وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر بگرێ لەلایەن حکومەتەوە چونکە هاوڵاتیان لە ژێر سایەیدا باج و سەرانە دەدەن، بۆیە زۆرجار لە بەرپرسەکانیان پەرۆشترن سەبارەت بە دۆخی دارایی وڵات. بەڵام لێکۆڵینەوەکەی نورەدین ڕێک پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی گەڵاڵە کرد: بەرهەمهێنەرە دیموکراتییەکان کێشەگەلێکی تاقەتپڕووکێنتریان هەبووە وەک لەوانەی دیموکراتی نین.[٥٨] دووبارە بۆمان دەرکەوت، کە ئابووری بەو ڕادەیەی لێی دەڕوانین پێویستی بە دیموکراسی نیە تا گەشە بکات.

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نەوت و گەشەی ئابووری، لێوانلێوە لە تێڕوانین و دەرئەنجامی هەڵە. زۆرێک لە کتێب و وتارەکان پێمان دەڵێن کە سامانی نەوت دامودەزگاکان لەرزۆک دەکات، و گەشەی ئابووری و مرۆیی دەخنکێنێ. بەڵام ئەم توێژینەوانە تەنێ لە ماوەی نێوان ١٩٧٠ و ١٩٩٠ وردبوونەتەوە، کە دەوڵەتە نەوتییەکان بەردەوام بە دەست نزمی نرخەکانەوە دەیانناڵاند. هەروەها، ئەم لێکۆڵینەوانە بوونەتە قوربانی چەند هەڵە لێکتێگەیشتنێکی گەورە.

ئەگەر باشتر ئەم داتایانە تان و پۆ کەین و لێیان وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە دەوڵەتە نەوتییەکان بە هەمان ئەندازەی ئەوانی تر گەشەیان کردووە، ئەمەش واتە نەوت ئەم نەفرەتە نیە کە دنیا ناوی لەسەر بڕیوەتەوە. سەرەڕای ئەمەش، گەشەی دەوڵەتە نەوتییەکان دەبوو خێراتربا. (کۆلیر) دانایانە ناوی لەو کێشانە ناوە کە بەر بە دەوڵەتە نەوتییەکان دەگرن، "هەلی لەدەستچوو".[٥٩]

یەک لە هۆکاری ئەم هەلە لەدەستچووانە بریتیە لە شکستی دەوڵەتە نەوتییەکان لە دابینکردنی هەلی کاری گونجاو بۆ ژنان لە دەرەوەی ماڵ، تا ڕێگری لە گەشەیەکی بێ سنووری دانیشتووان بگرن. هۆکاری دووەم نەتوانینی بەردەوامپێدانی سیاسەتی ئابووری کاریگەرە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی

دامودەزگاکانی حکومەت لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت لاوازە، بەڵکو چونکە پارسەنگکردنی بزێوی دەرامەتەکانی نەوت زۆر زەحمەتە. زۆربەی دەوڵەتە نەوتییەکان دامودەزگای حکومی ئاساییان هەیە، کێشەکە ئەوەیە ئەوان پێویستیان بە دامودەزگای بەهێزتر هەیە تا بارتەقایان بەسەر قەبارە و ناسەقامگیری دەرامەت نەوتییەکاندا بشکێت.

**بەندی ٧: هەواڵی خۆش و ناخۆش دەربارەی نەوت**

"ڕەنگە چی پرۆژەی مەترسیدار و پارەبەر هەیە کە مایەپووچی بۆ خاوەندارەکانیان دێن، هیچیان بە ئەندازەی گەڕان بە دوای کانگای نوێی زێڕ و زیو وێرانکەر نەبن..... کەواتە ئەوانە ئەم پڕۆژانەن پتر لە هەر پڕۆژەیەکی تر دەبێت یاساناسێکی وردبین خۆی لێ بپارێزێت، هەڵبەتە ئەگەر مەرامی ئەوەبێت کە سامانی نەتەوەکەی ببوژێنێتەوە و لە دارمان ڕزگاری بکات"

- ئادەم سمێت، *سامانی نەتەوەکان*.

ئەم کتێبە داتای بەپێزی نیو سەدە دەخاتە بەر توێژینەوەی چڕ تا لایەنە ئابووری و سیاسییەکانی سامانی نەوت شەنوکەو بکات، بەڵام چەند وردە بەڵگەیەک نەبێت هیچ شتێکی وەها نادۆزێتەوە تا ئەو بانگەشە تۆقێنەرانە پشتڕاستکاتەوە کە لە فەرهەنگی نەفرەتی سامانی سروشتیدا هەن، بۆ نموونە ئەوەی کە دەرهێنانی نەوت گەشەی ئابووری کز دەکات، یانیش فاکتەرێکە بۆ کەمبوونەوەی کارامەیی دامودەزگاکانی حکومەت.[1] دەوڵەتە نەوتێکی نموونەیی لە هەندێ بابەتی وەک کەمکردنەوەی مردنی نەوجەوان، تەنانەت لە پێش هاوسێیە بێ نەوتەکانی خۆی داوەتەوە.

بەڵام ئەم کتێبە ئەوەش دەردەخات کە لەوەتەی دەوڵەتە نەوتییەکانی جیهانی تازە گەشەسەندوو نەوتییان بەخۆماڵی کردووە لە حەفتاکان، تووشی چەندان چەرمەسەری سیاسی بوون: حکومەتەکانیان بە بەراورد بەوانی تر لە دیموکراسی و شەفافیەت بە دووربوونە؛ ژنان لە کایە ئابووری و سیاسییەکاندا پەراوێزخراون؛ و زەمینەیەکی لەباربوونە بۆ یاخیبوونە چەکدارەکان. ئەوان بە دەست دەردێکی ئابووری شێلگیتریشەوە دەناڵێنن. گەرچی دەبوو خێراتر لە وڵاتانی تر ببوژێنەوە، بەڵام گەشەکردنەکەیان ئاسایی بووە، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: شکست

له دابینکردنی هەلی کاری پێویست بۆ ژنان، کە گەشەی دانیشتووانی بە ڕادەیەکی ترسناک بەرزکردۆتەوە؛ و شکست لە مشتومالکردنی قەبارەی زۆر و ناجێگیری دەرامەتەکانی نەوت- ئەمیش نەک لەبەر ئەوەی وا باوە حکومەتەکانیان بێ دەرەتان و لاواز بن، بەلکو لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرشانیان ئێجگار سەختە.

بەرلەوەی چارەسەرەکان بخەمەڕوو، با زیاتر ڕۆبچینە نێو باسی تەنگ و چەلەمەکان.

## جیۆلۆجی و گەشە

بە درێژایی مێژوو، بیرمەندانی ڕۆژئاوایی، وەک (نیکۆلۆ ماکیاڤیلی)، (بارۆن مۆنتسکیۆ)، (ئادەم سمیت)، و (جۆن ستیوارت مێل)، بایەخی بێ ڕادەی جوگرافیایان لە پەرەسەندنی نەتەوەکان خستۆتەڕوو. هەندێک جار گوتویانە کە هەلومەرجی جوگرافی لەبار لێکەوتەی خراپی دەبێت. (جۆن بۆدنی) فەیلەسوفی فەڕەنسی، لە سەدەی شازدەمدا گوتویەتی:

"زۆرجار ئەو مرۆڤانەی لەسەر خاک و خۆلی بەپیت و دەولەمەند دەژین، ترسنۆک و بێ دەرەتانن. بەلام مرۆڤ لە ولاتی ڕووتەن و کەمدەرامەتدا لە ژینی سەخت ڕادێت، سەرئەنجام هۆشیار و چالاک و بە گڕوتینتر دەبێت بۆ بەرهەمهێنان." [٢]

لە سالانی ڕابردوودا، زانا کۆمەلایەتییەکان چەند پێوەدانگێکی تری پەیوەندی نێوان گەشەی ئابووری ولاتان بە خاسیەتە جوگرافیەکانی دەوروبەریان گەلالە کرد، وەک هەلکەوتەی ولاتەکان لەسەر کیشوەرەکان، دوور و نزیکیان لە خولگەی خۆر، لەباری و نالەباری ژینگەکانیان بۆ بلاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی، نێزیکیان لە دەریا و بازاڕە گەورەکان.[٣]

ئەم کتێبە دەرخۆنە لەسەر نوختە نیگایەکی تری جیۆلۆجی هەڵدەداتەوە: سامانی نەوتی وڵاتان. هەروەها، دەریدەخات کە چۆن ئەم سامانە کاریگەری قوڵی لەسەر پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی، و کۆمەڵایەتی وڵاتان هەیە. هەڵبەتە حکومەتی ئەو وڵاتانەی لەسەر خاکێکی پڕاوپڕ لە نەوت هەڵکەوتوون خاوەن خەزێنەی پڕتر و توانستی دارایی قەبەترن، بە بەراورد بە هاوسێیە بێ نەوتەکانیان یانیش ئەوانەی نەوتێکی کەمیان هەیە، کەواتە ئەوان دەتوانن هەژاری بنبڕ بکەن و وەبەرهێنان لە بەرەوپێشبردنی وڵاتدا بکەن؛ هەڵبەتە ئەمە ئەگەر دەرامەتی نەوت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاربێنن.

بەڵام دەرهێنانی نەوتیش ناجێگیری لە توانستی ئابووری دروست دەکات، باری سەرشانی حوکەمەتەکان بە مشتوماڵکردنی باکەوتەی زەبەلاح قورس دەکات، بازاڕی کار لە پیاو پڕدەکات و ژن پەراوێز دەخات، ژمارەی دانیشتووان بەردەوام دەترەکێنێت، و سیاسییەکان لەسەر کورسی دەسەڵات دەسمێ. لە وڵاتە کەمدەرامەت و داهات مامناوەندەکانیشدا، ئەگەر بیرە نەوت و گازەکان لەسەر وشکانی هەڵکەوتبن- بە تایبەتی لەو شوێنانەی دانیشتووانەکەیان فەرامۆش و پەراوێزخراون- ئەوا مەترسی پێکداپژانی خوێناوی لێدەکەوێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، جوگرافیا ئەمەی لە چارەنووسی دەوڵەتە نەوتییەکاندا نەنووسیوە، بۆیە هەمیشە ئاسۆیەکی ڕوون هەیە. گەرچی جوگرافیا هەل و بەربەستەکانی بەردەم ئەو دەوڵەتانەمان بۆ ڕاڤە دەکات، بەڵام لەمەڕ وەڵامدانەوەی وڵاتەکان بۆ ئەو کارتێکەرانە- کە لایەنێکی بێ ڕادە گرنگی تێڕامانە لە ئابووری نەوت- کورت دێنێت. هەڵکەوتەی جوگرافی، جا دەستگەیشتن بە دەریا بێت، نزیکی بێت لە خولگەی خۆر، یان هەبوونی دراوسێی پێشکەوتوو بێت، هەڵبژاردنی لە توانای حکومەتەکان بەدەرە. بەڵام ئەوان دەتوانن بڕیار

لەسەر دەرهێنان و دەرنەهێنانی نەوت بدەن، چەند دەربێنن، و چی لە دەرامەتەکانی بکەن.

**ئەو داهاتەی لە نەوتەوە سەرچاوە دەگرێت خاسیەتی تایبەتمەندی هەیە**

کۆڵەکە بنەڕەتیەکەی زانستی ئابووری ئەو تێڕوانینەیە کە دەڵێ سیاسەتی وڵاتێک لەسەر پشتی ئابوورییەکەی پێ دەگرێ. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا پێمان دەڵێن کە تەکانێک لە داهاتی تاک لە وڵاتێک، گرێدراوە بە پێشڤەچوون و پاشڤەچوونی ئاوزای کایەکانی سیاسەت لەو وڵاتەدا، وەک کارامەیی و هەستی بەرپرسیارەتی حکومەتەکەی، بەشدارپێکردنی ژنان لە هێزی کاردا، و توندوتیژی سیاسی.[٤]

کەچی بە دەگمەن نەبێ، زانا کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی داهات ناکەن، و توێژینەوەکانیان وا دادەڕێژن کە داهات هەر چیەک بێت هەر قازانجی لێدەبێتەوە. ئەم کتێبە سامانی نەوت بە بابەتێکی هەڵاوێردە دادەنێت: ئەو داهاتانەی لە کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵی وڵاتێک هەڵدەوەرێن لێکەوتەی ئەرێنیان هەیە، بەڵام ئەو داهاتەی لە سەرچاوەیەکەوە بەرهەمبێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەنداری بکرێت– وەک بیرە نەوتەکان– دەرئەنجامی سیاسی جیاواز دەخەنەوە.

دەتوانین ئەم ئارگومێنتە زیاتر لێکبکێشین. من بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی (تێری لین کارل) و (د. مایکل شافێر)، گومانم هەیە هەر سێکتەرێکی ئابووری لێکەوتەی سیاسی خۆی هەبێ، بە لایەنی کەمەوە بەڵگەی پێویستم نەدۆزیەوەتەوە تا پشتگیری لە بیروبۆچوونەکەی ئەوان بکەم.[٥] ئارگومێنتەکەی من لەوەی ئەوان سنووردارترە: من پێم وایە کە شەقبوونێکی تەواو هەیە لە نێوان داهاتی کەرتی نەوت کە لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەنداری دەکرێت– چونکە دەرامەتی

زۆر و ناشەفاف و ناسەقامگیر بۆ حکومەت دەدەلێنێت- لەگەڵ داهاتی تر کە لە ڕێی کەرتی تایبەتەوە دەچێتەوە لای حکومەت.[٦]

لە جیاکاری نێوان داهاتی لەسەر نەوت ڕۆنراو و داهاتی تر، دوو هەواڵ دەبیستین کە دەمانحەپەسێنن. هی یەکەمیان لەوانەیە تۆزێک دڵ فێنک بکاتەوە: ئەو لێکۆڵینەوانەی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو چەشنە داهاتە ناکەن، ئەوا درک بە سوودە سیاسییەکانی داهاتەکانی تر ناکەن. ئەگەر داهاتی گشتی وڵات کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوشی سیاسی نەبوو لە وڵاتەکە بەڵام داهاتی نەوت کاریگەریە نەرێنیەکان بەدیارکەوت، ئەوا واتە داهاتی ئاسایی بێ چەندوچوون بۆ ئابووری باشە بەڵام نەوت بەر بەم سوودگەیاندنە دەگرێت.

بۆ نموونە، هێشتا زانا سیاسییەکان لەسەر ئەوە کۆک نین تا بڵێن دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان پتر لە دەوڵەتانی تر لە ڕێڕەوی دەسەڵاتخوازی لادەدەن و دیموکراسی لە باوەش دەگرن. توێژینەوە دانسەقەکەی ساڵی ٢٠٠٠ کە لەلایەن (ئادەم پرزیۆرسکی)، (مایکڵ ئەلڤارێز)، (خۆزێ چیبۆب)، و (فێرناندۆ لیمۆنگ)ەوە ئەنجامدرا، پێمان دەڵێت کە داهاتی بەرزتر دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان بەرەو دیموکراسی پاڵنانێت، بەڵکو تەنیا ئەوەندەیە کە یاریدەی دەوڵەتە دیموکراتییەکان دەکات تا وەک خۆیان بمێننەوە.[٧] بەڵام شرۆڤەکاریەکەی ئەوان جیاکاری نێوان داهاتی نەوت و داهاتی تری لەخۆنەگرتبوو، واتە ڕەنگە لەم توێژینەوەیەدا لێکەوتە دژە-دیموکراتییەکانی نەوت تەمومژی خستبێتە سەر لێکەوتە پرۆ- دیموکراتییەکانی داهاتەکانی دیکەی وڵات.[٨]

ڕەنگە ئەو خوێنەرانەی لە ئاماردۆزی دەگەن سەرنجی ئەم لێکەوتە نادیارەیان دابێت کە لە ئەنجامی نزیککردنەوەی لۆگاریتمی دروستبووە، و لە خشتەی ٣.٧ لە پاشبەندی ٣.١دا نوێنراوە: لە یەکەم تێڕوانیندا وا دیاردەکەوێت کە تێکڕای

داهاتی وڵاتێک (بە ڕەگی لۆگاریتمی)، هیچ پەیوەندییێکی بە بازدان بەرەو دیموکراسیدا نیە (ستوونی یەکەم)، ئەمەش لەگەڵ بەرسڤەکەی پرزێۆرسی و هاوکارانی یەکدەگرێتەوە؛ بەڵام هەرگا لێکەوتە دژە-دیموکراتییەکانی نەوتمان بەرزەفت کرد (ستوونی دووەم)، ئەوا دەبیینین کە بارگۆڕی داهات (ڕەگی لۆگاریتمی) چەند لێکەوتەیەکی بەپێزی دیموکراتی هەیە. گۆڕان لە داهاتی گشتی هیچ گۆڕانێکی وەها لە هێزی کاری ژنانیشدا دروست ناکات (بڕوانە ستوونی یەکەم لە خشتەی ٤.٥)، بەڵام کە لێکەوتە نەرێنیەکانی نەوت بەرزەفت دەکەین (ستوونی دووەم)، ئەوا کاریگەری قوڵی *داهات* (ڕەگی لۆگاریتمی) بەسەر هێزی کاری ژناندا بەدیاردەکەوێت، و ئەنجامەکش وردبینی ئاماری بەدەست دێنێت. لە بەشی پێنجەمدا گوتمان کە هەرگا ئەو لێکەوتانەی داهاتمان بەرزەفت کرد کە پێکداپژان دەخەنەوە، ئەوا ئەو لێکەوتانەی پێکداپژان کەمدەکەنەوە بەهۆی بونی داهاتی بەرز زەقتر لە جاری یەکەم بەدیاردەکەون (بڕوانە ستوونی یەکەم و دووەم لە خشتەی ٥.٤ بکە).

ئەمە واتە هەواڵە ناخۆشەکە دەربارەی داهاتی نەوت، بۆ داهەتەکانی تر لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ دەبێتە هەواڵی خۆش، بەڵام زۆرێک لە زاناکان تێبینی لێکەوتە سیاسیە ئەرێنیەکانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵیان نەکردووە.

هەواڵێکی ناخۆشیش سەبارەت بە جیاکاریکردن لە نێوان داهاتی نەوت و داهاتەکانی تر هەیە: (نەخۆشی هۆڵەندی) زۆر خەتەرناکترە لەوەی زۆرێک لە چاودێران مەزەندەیانکردووە. ناوەکەی خۆی تۆقێنەرە، کەچی بەشێک لە ئابووریناسان دەڵێن هەبوونی هیچ زەرەری بۆ پەز نیە.[9] لە وڵاتێکدا، ڕەنگە سامانی نەوت هەڕمێنی سامانی کەرتەکانی تری وەک پیشەسازی و کشتوکاڵ نەهێڵێت، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی بێ بوونی نەوت ئابووری وڵاتەکە باشتر

دەبێت، تەنیا ئەوەیە دۆزینەوەی نەوت داهات بەم ئەندازەی پێشبینی ساویلکانەی ئێمە بەرزناکاتەوە، چونکە بەشێکی ئەو قازانجانەی لە نەوتەوە دێن بە زەرەر لە داهاتی بەرهەمەکانی تر پارسەنگ دەبنەوە.

تەنها ئەو کاتە فشاری نەخۆشی هۆڵەندی بەم چەشنە سووک دەبێت کاتێک داهاتی نەوت هەمان دەرهاوێشتەی نەرێنی (externalities) ئەو داهاتانەی هەبێت کە شوێنیان دەگرێتەوە. ئەمە پێدەچێت ڕوودانی مەحاڵ بێت، چونکە داهاتی نەوت بە کەمایەسی لە دیموکراسی و یەکسانی جێندەری و سەقامگیری ئەمنی و ئابووریدا گرێدراوە، بەڵام هەرچی داهاتی ترە لە خەزێنەی حکومەت کەڵەکە دەبێت تەکانێک بە ڕەوشی سیاسی دەدات بۆ پێشەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، دۆزینەوەی نەوت کەلێنی تر پڕ دەکاتەوە. بۆ نموونە، کەرتی گشتی دەبووژێنێتەوە، هەروەک چۆن دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین داهاتی نەوتەکەی خۆیان چاپوکانە لە بوژاندنەوەی کەرتی پەروەردە و تەندروستیدا بەگەڕخستووە. بەڵام هێشتاش دارمانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی زۆر لەوە مەترسیدارترە کە زاناکان دەیزانن، و دەرهاوێشتەکانیشی پتر بە سیاسەتی وڵاتدا شۆڕدەبنەوە. تێڕامانی زۆری ناوێت تا بزانین نەخۆشی هۆڵەندی هەر خۆی نەخۆشیە.[١٠]

**نەفرەتی نەوت شتێکی نوێیە**

زانا کۆمەڵایاتییەکان گەوجانە بەدوای دۆزینەوەی ڕاستیەکانی گەردوونەوە وێڵن کە دەکەونە ئەودیو کات و بۆشاییەوە. بەڵام دۆزینەوەکانی ئێمە سادە و ساکارن، چونکە بە ئاشکرا دەڵێین ئەوەی لێرە و لەم دەمەدا ڕاستە ڕەنگە لە شوێنێکی تر و کاتێکی تر هەڵە بێت.

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ڕەگ و ڕیشەی نەفرەتی نەوتییان بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا گەڕاندبۆوە، و تێیانداهاتبوو کە ئەم دەردە ئیسپانیای لە سەدەی شازدەم و ڤەنزوێلای لە سەدەی ڕابردوو هەراسانکردبوو.[11] هەڵبەتە لێکچوونی زەق هەیە لە نێوان نەفرەتی نەوت لەمرۆدا و دەرد و بەڵاکانی سامانی سروشتی لە ڕابردوودا. من لە بەندی شەشەم ئاماژەم بە پیرۆ دا کە دووچاری ئەمەی دووەمیان هاتبوو لە سەدەی نۆزدەم. بەڵام وەک دیاردەیەکی گشتگیر و جیهانی، کەمایەسیە سیاسییەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز بۆ چەند وڵاتێک (کە لە خوارەوە باسکراون) سنووردارە، و لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوەش نەش و نما بوونە. بەر لە ساڵی ١٩٨٠، هیچ بەڵگەیەکی وەها لەبەردەست نەبووە تا ئارگومێنتێکی گشتگیری جیهانی لێدابڕێژرێت کە نەوت وەک دومەڵ بەسەر دیموکراسی و هێزی کاری ژنان و سەقامگیریدا بناسێنێت؛ بگرە دەوڵەتە نەوتییەکان گەشەی ئابووری خێرا و سەرسووڕهێنەریشیان بەخۆوە بینیوە.

بەدرێژایی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان، ژمارەیەک لە کۆمپانیای جیهانی دەستیان بەسەر پیشەسازی نەوت لە تەواوی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا گرتبوو، و قازانجەکانیان بۆ خۆیان قۆرخکردبوو. وڵاتانی تازە گەشەندوو خاوەن نەوت هیچ پرسیان پێنەدەکرا لە مامەڵەکردن بە نەوتی زێدەکەی خۆیان، تەنێ بەشێکی بچووکیان لە کرێیەکە پێدەدرا. شتێکی گاڵتەئامێزیشە، بەڵام ئەم وردە کرێیانە دەرامەتێکی بچووکی بۆ ئەو دەوڵەتان برپیبۆوە کە مشتومالکردنیان ئاسان بوو، بەردەوام و جێگیر بوون، و دەرهاوێشتە نەرێنیەکانیشیان لەسەر سیاسەت کەمتربوون.

ئەو کێشانەی بەرۆکی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی گرت لە جیهانی سێدا، دوابەدوای پێشهاتەکانی شێست و حەفتاکان پەیدابوون کاتێک حکومەتانی ئەو وڵاتانە دەستیان بەسەر سامانی نەوتی وڵاتەکانیان گرت و دوای ئەوەش نرخەکان

داتەپین. ئەم پێشهاتانە حکومەتەکانیان گەورەتر و دەوڵەمەندتر کرد، بڕستیان دا بە دەسەڵاتخوازە ملهوڕەکان تا خۆیان لە شەپۆلی بە دیموکراتیبوون بدزنەوە کە لە هەشتا و نەوەدەکان ئاوزای دنیای تەنیبوو، چەندان هەلی کاریان بۆ پیاوان پەیداکرد و ژنانیشیان پەراوێزخست، و کڵپەی یاخیبوونیشیان لە هەناوی چەندان کۆمەڵە و گروپی چەکدار لە وڵاتە هەژارەکاندا داگیرساند. هەروەها، بە خۆماڵیکردنی نەوت ئەو میکانیزمانەی پەرتوبڵاو کرد کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بۆ هێشتنەوەی نرخەکان بە جێگیری بەگەڕخرابوون، بەمەش دنیایان خستە نێو سەردەمێک کە تیایدا هەڵبەز و دابەزی لەناکاوی نرخەکان باری دارایی حکومەتەکانی هەراسان بکات.

دەرکەوتنی دەرد و بەڵای نەوت لە دوای ساڵی ۱۹۸۰وە، پێمان دەڵێت بۆچی بەهێزترین ڕەخنەکان لە نەفرەتی سامانە سروشتییەکان لەو مێژووناسانە هاتوونە کە لە توێژینەوەی گەشەی نەوت و کانزاکان لە سەردەمەکانی پێشوودا ڕۆچوونە.[١٢] بە هەمان شێوش لەگەڵ توێژینەوە نوێیەکەی (پاولین جۆنس لۆنگ) و (ئێریکا وینتال) هاوتەریبە، کە لەسەر پێنج دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران (ڕووسیا، ئازەربایجان، کازاخستان، تورکمانستان، و ئۆزباکستان) ئەنجامیانداوە. توێژینەوەکەیان دەریدەخات کە ئەگەر حکومەت پیشەسازی نەوت بەڕێوەببات، ئەوا سامانی نەوت دامودەزگاکانی حکومەت لەرزۆک و بێ دەرەتان دەکات، بەڵام ئەگەر ئەم ئەرکە بە کەرتی تایبەت و تایبەتتر بە وەربەرهێنەرە دەرەکیەکان بسپێردرێت، ئەوا دامودەزگاکانی حکومەت بە سیستەمی کارامەیی باج و بودجەی جێگیر و شەفاف دەبووژێتەوە.[١٣] مخابن، لە زۆربەی زۆری دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە دوای ساڵی ۱۹۷۰وە، حکومەت دەستی بەسەر ئەم پیشەسازیەدا گرتووە، ئەمەش پێمان دەڵێت بۆ ئەو دەوڵەتانە دووچاری ئەم نەفرەتە هاتوون کە بە درێژایی بەشەکانی پێشوو لە شەنوکەوکردنیان دابووین.

هەڵبەتە ئەگەر دەردەکە خاوەنداری دەوڵەت بێ، ئەوا ڕەنگە ڕادەستکردنی پیشەسازیەکە بە کەرتی تایبەت بەشێک بێ لە چارەسەر. بەڵام هەندێک جار چارەسەرەکە هێندەی تر تینی نەخۆشیەکە لە جەستەی نەخۆش زیاتر دەکات، بۆیە من لە خوارەوە بۆتان ڕوون دەکەمەوە کە بۆچی بۆ هەندێک وڵات لە جیهانی تازە گەشەسەندوودا ڕادەستکردنی تەواوی پیشەسازیەکە بە کەرتی تایبەت چارەسەرێکی گونجاو نیە.

## جیاوازی لە نێوان دەوڵەتە نەوتییەکان

کاریگەری نەفرەتی نەوت بۆ هەموو وڵاتان وەک یەک نیە.[١٤] ئەم کتێبە جگە لەوەی جیاوازی دەوڵەتە نەوتییەکان و ئەوانی تر بە خوێنەر ئاشنا دەکات، ڕۆدەچێتە نێو ئەو کێشە جیاوانەشی کە بەرهەمهێنەرە نەوتییەکان بە جیا دووچاری دێن.

نەوت توانستی دیکتاتۆرەکان لە حەشاردانی بڕی دەرامەتی نەوت و شێوازی خەرجکردنی زیاتر دەکات، بۆیە، دۆزینەوەی نەوت بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە حوکمداری دەکرێن واتە شوێن خۆشکردن بۆ دەسەڵاتخوازەکان لە مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ و نادیار. ئەم ئارگومێنتە ئەمریکای لاتینی لێ دەرچێت بۆ هەموو دنیا ڕاستە. گەرچی هۆکارەکان نادیارن، بەڵام سامانی نەوت و گاز پێی دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای لە دەسەڵات قایم نەکردووە. (دەنینگ) دەڵێت جیاوازی چینایەتی قوڵە کە دەتوانێت ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوونبکاتەوە.[١٥] ڕەنگە بۆ پاشخانی دیموکراسی ئەمریکای لاتین و زەبری یەکێتیە کرێکاریەکانیش بگەڕێتەوە، کە پێکرا بەریان بە حکومەتەکان گرتووە لە شاردنەوەی دەرامەتەکان.

بەڵام کە نەوت لە دەوڵەتە دیموکراسیەکان دەدۆزرێتەوە، کاریگەریەکانی بەو بەندوباوانەوە بەندە کە بەر لە دۆزینەوەی نەوت دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان بەرزەفت دەکرد. سیستەمە دیموکراسیە پزەکانی ڕووسیا، ئێراق، ڤەنزوێلا و چەندانی تر بەلایەک، کە دەوڵەتی داهات کەم و مامناوەندین و ڕەنگە سەرکردەکانیان لە ڕێی دەرامەتی زەبەلاحی نەوتەوە سیستەمەی بەرزەفتکردن نەزۆکبکەن، و دامودەزگا دیموکراتییەکان لەبەریەک هەڵوەشێنن. لە سیستەمێکی دیموکراسی پێگەیشتوو و دەوڵەمەندی وەک ئەمریکاشدا، بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت ڕەنگە بۆ خولی دووەم سەرکردەکان لە دەسەڵات بهێڵێتەوە، بەلام بە هیچ جۆرێک زیان بە دامەزراوە دیموکراتییەکانیان ناگەیەنێت.

لەو وڵاتانەی ژنان ناتوانن لە کەرتی گشتی ئیش بکەن، نەوت هێندەی تر هەلی کار و پێگەی سیاسیان لێ دەستێنێ، بێگومان هەر دەوڵەتە نەوتییەکانن کەرتی گشتیان لە کەرتی تایبەتیان فراوانترە، بە تایبەت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا. دەوڵەتی نەوتی وەک مەکسیک، سوریا، و نەرویج، لە ڕێی بەشدارییپێکردنی ژنان لە کەرتی حکومی و تایبەت و بواری نەوت، لەم لێکەوتە نەرێنیەی نەوت خۆیان پاراستووە. دانانی کورسی کۆتا لە پەرلەمان و حکومەت ڕێیەکی تری ڕیشەکێشکردنی ئەم لێکەوتەیە، چونکە ئەو کات ژنان لە ڕێی دروستکردنی فشاری سیاسیەوە دەتوانن شوێنی خۆیان لە هێزی کاردا بکەنەوە.[١٦]

دەرهێنانی نەوت و گاز ڕێ بۆ پێکداپژانی خوێناویش خۆش دەکات، بەڵام ئەم ئەگەرە تەنیا لە ژێر چەند هەلومەرجێکدا بەرجەستە دەبێت: ئەگەر وڵاتەکە هەژار بێت؛ کاتێک بەشێک لە بەرهەمهێنان و پوختەکردن لە وشکانیدا ئەنجام دەدرێ، یانیش دەکەوێتە هەرێمێکی پەراوێزخراو یان شوێنێک کە چەتە لێی باڵادەست بێت؛ یانیش کاتێک یاخیبووان دەتوانن مافی داهاتووی فرۆشتن و بە بازاڕکردنی نەوتی حکومەت بە لایەنی دەرەکی بفرۆشن، هەروەک پێشتر باسمان کرد. ڕەنگە

نەوت کاریگەرییێکی بەرەواژیشی لەسەر پێکدادانەکان هەبێت: نەوت تەنیا لە وڵاتە هەژارەکان ئاگری پێکداران هەڵدەگیرسێنێت، بەڵام ئەگەر سامانی نەوت زۆر و زەبەن بێت کە وڵاتێک لە هەژاری ڕزگار بکات، ئەوا مەترسی پێکدادانیش ناهێڵێت. وڵاتە کەمدەرامەتەکان ئەو کاتە دەکەونە بەر شاڵاوی یاخیبوون کە نەوتییان بای ئەوەندە هەیە سەرنجی یاخیبووان بۆ تاڵانی ڕابکێشن، بەڵام ئەو برەیان نیە کە خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بکەن.

کاریگەری نەوت لەسەر ئابووریش بە پێی هەلومەرج دەگۆڕدرێت. گەرچی ئابووری تەواوی دەوڵەتە نەوتییەکان لەگەڵ نرخەکانی نەوت هەڵبەز و دابەز دەکەن، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی پتر پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستن پتر بەو نرخانە کاریگەر دەبن. بەشێکی سەرکەوتنی درێژخایەنی دەوڵەتە نەوتییەکان لە خستنەگەڕی توانای ژنان لە هێزی کاردا ڕەنگەدەداتەوە، چونکە ڕێژەی منداڵبوون و کرێکاری بیانی لە ڕێی سنووردارکردنی گەشەی ئابووری کەمدەکاتەوە، بەشێکی تریشی دەوەستەوە سەر توانای حکومەت لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی دژە-سووڕ بۆ ڕێکخستەوەی نرکە و داتەپینە ئابوورییەکان. عومان و مالیزیا، بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو لە ریزی دەوڵەتە نەوتییەکاندا لە ڕووی ئابووریەوە ریزپەڕبوونە، چونکە ڕێوشوێنی دژە-سووڕیان لە دەمی داتەپینەکانی هەشتا و نەوەدەکاندا بەگەڕخست. مخابن، بۆ دەوڵەتانی تر وەها ئاسان نیە شوێنپێیەکانی ئەوان هەڵبگرنەوە. ئەوان لە ڕێی زیادکردنی بەرهەمهێنانەوە نرخە داتەپیوەکانیان پارسەنگ کرد، ئەمە ڕێیەش تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانە کراوەیە کە کەم نەوت بەرهەمدێنن و بیرە نەوتی دەستلێنەدراویان هەیە و ئەندامی ئۆپیک نین.

ئەو وڵاتانەشی کە بە شێوەیەکی ساناتر ڕێوشوێنی دژە-سووڕ جێبەجێدەکەن، وەک دانەوەی قەرزەکانیان، تەرخانکردنی گوژمەی یەدەگ، و وەبەرهێنان لە

سێکتەرەکانی تری بەدەر لە نەوت، ئاسۆی گەشەی بەردەوام لە بەردەمیاندا ڕوونە.

بۆ لەخۆگرتنی ئەم ڕێوشوێنانە، دەبێت سیاسەتمەدارەکان ئەوەندە دووربین بن کە دەستکەوتە درێژخایەنەکانی وڵات بەسەر دەستکەوتە سیاسیە کورت مەوداکاندا ڕابشکێنن. ئەم گەڵاڵەکردنە ئەو کاتە ئاسانترە کە دەسەڵاتدارەکان دەرفەت دەبینن تا خۆیان و حزبەکانیان لە دەسەڵات بمێننەوە بۆ چنینەوەی قازانجەکانی داهاتوویان؛ کاتێک حکومەت پتر بە بەندوباوی بەرزەفتکردنەوە دەبەسترێتەوە؛ کاتێک هاوڵاتیان ئاستی هۆشیاریان بەرزە و متمانەشیان بە حکومەتەکانی خۆیان هەیە؛ و کاتێک باڵباڵێن زەفەر بە لایەنە سیاسییەکان نابات تا ناکۆکی و دژبەری لە نێوانیان پەیا بێت بە ڕادەیەک کە هەوڵی یەکترسڕینەوە بدەن لە بەشکردنی خێر و بێرەکانی وڵات.

دەکرێت ئەم پێشمەرجانە هانی باشتربوونی وڵاتەکان بدەن و هیوایەک دروستبکەن. سامانی نەوت تەنیا لە ژێر چەند هەلومەرجێکدا وڵاتان دەستخەڕۆ دەکەن، کە هەندێک جار بە دەگمەن نەبێت ناکەونە ژێر باری ئەم هەلومەرجانە. بەڵام هەندێک جاریش ئەم هیوایە دەکەوێتە ژێر مەترسی لەناوچوونەوە. من لە بەشی یەک دەستەواژەی "خاسیەتی گاڵتەئامێزی سامانی نەوت"م بە خوێنەر ئاشنا کرد: ئەو وڵاتانەی زۆرترین کەمایەسیان لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەیە، واتە ئەوانەی داهاتی نەوتییان کەمە، کەمایەتی ناڕازی و پەراوێزخراویان هەیە، هەلی کار بۆ ژن تێیاندا کەمە، و دامودەزگای لەرزۆکیان هەیە، نەفرەتی نەوت بە ئاسانی زەفەریان پێدەبات. سامانی نەوت لە وڵاتە هەژارەکاندا زۆر یارمەتیدەر نیە. بەداخەوە، هەنووکە هەندێک دەوڵەت لە ئەفریقا، دەوروبەری دەریاچەی قەزوین، و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، قۆڵیان لە دەرهێنان و

هەناردەکردنی نەوت هەڵماڵیوە یان بەم نزیکانە هەڵیدەماڵن، خەریکە لەگەڵ ئەم کێشە جارسانەدا ڕووبەڕوودەبنەوە.

### تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین

زۆرجار ئەو زانا سیاسیانەی توێژینەوەی گشتگیر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نێودەوڵەتی دەکەن بە ئەنقەست خۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لادەدەن، و زۆرێک لە توێژینەوە بەپێزەکانی تایبەت بە گەشەی سیاسی، ئەم هەرێمەی لێدەرچێت، ڕۆدەچنە نێو شرۆڤەکاری هەر هەرێم و هەرێمۆچکەیەکی دیکەی دنیا.[١٧] ڕەنگە ئەم پارێزکردنە لەسەر ئەم بڕوایە ڕۆنرابێت کە دەڵێت ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەوەندە هەڵاوێردەیە، کە لەسەر ڕێڕەوێکی جیاوازی مێژووی دەڕوات و ناکرێت بەراورد بکرێت بە هیچ ناوچە و وڵاتی تر. بێگومان ئەم بڕوایە تا ڕادەیەکی باش لە ڕاستی نزیکە. بەڵام هەر جارێک زاناکان لەبەر ئەم بەهانە ڕۆژهەڵاتی ناڤین فەرامۆشدەکەن، دەرفەتێک لەدەستدەدەن بۆ تێگەیشن لە کاریگەریەکانی سامانی سروشتی لەسەر ئابووری، سیاسەت، و شیرازەی کۆمەڵایەتی وڵاتان.

پێدەچێت ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە دوو باردا لە سەمتە جیهانیەکان لابدا. یەکەم، هەرێمەکە بێ ئەوەی دیموکراتی بێت، دەوڵەمەندتربووە. دووەم، هەرێمەکە دەوڵەمەنتربووە بێ ئەوەی هەنگاوی چاپوکانە بەرەو یەکسانی جێندەری بهاوێژێت. زۆرێک لە چاودێران هەردوو لادانەکە دەخەنە ئەستۆی نەریتە ئیسلامیەکان.[١٨]

بەڵام ئایا ئایینی ئیسلام لەم دۆخەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرپرسە؟ جوگرافیا وەها چارەنووسی ئیسلام و نەوتی بەیەکەوە بەستۆتەوە کە ناتوانرێ کە بە ئاسانی ناتوانرێت دەرهاوێشتەی هەر یەکەیان لەوی دی جیابکرێتەوە. بڕوانن، زۆرینەی ڕەهای نەوت لەو وڵاتانەیە کە زۆرینەی دانیشتووانەکانیان موسوڵمانن، ئەمەش

تەنها بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا ڕاست نیە، بەڵکو وڵاتانی بیابانی ئەفریقا (نەیجیریا، سودان، چاد)، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ئەندەنووسیا، مالیزیا، برونەی)، و دەریاچەی قەزوین (ئازەربایجان، تورکمانستان، و کازاخستان)یش ڕاستە. حاشا لەوەش ناکرێت کە وڵاتانی وەک سۆماڵ، تورکیا، و ئەفغانستان ئیسلامین و کەچی هیچ یان بڕێکی کەم لە نەوتییان هەیە؛ و لە هەمان کاتیش موسوڵمانان لە ئەنگۆلا، ڤەنزوێلا، و نەرویج کەمینەن، بەڵام سامانی نەوت لە هەر سێکیان زۆر و زەبەنە. بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە ٥١ لەسەدا-ی ڕێژەی هەناردەکردنی جیهانی و ٦٢ لەسەدا-ی ڕێژەی نەوتی عەمبارکراو بەر ئەو وڵاتانە کەوت کە زۆرینەی دانیشتووانیان موسوڵمانە، گەرچی ئەم وڵاتانە تەنێ لەسەدا ٢٣ی وڵاتانی سەربەخۆ پێکدەهێنن. هەڵبەتە لە چەند دەیەی داهاتوودا ڕۆڵی ئەم وڵاتانە لە بازاڕەکانی نەوتی جیهاندا هەرمێن پەیا دەکات، چونکە بڕی نەوتی عەمبارکراویان لە بڕی هەناردەکراویان کەمترە.




*هێڵکاری ١.٧: نەوت و دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناڤین (١٩٩٣-٢٠٠٢).*

ئاستی دیموکراسی وڵاتەکان بە گوێرەی نمرەکەیان لە (Polity) لەسەر ڕاستەهێڵیکی یەک- بۆ- دە نوێندراون. ژمارەی بەرزتر گوزارشت لە ئاستێکی باشتر دەکەن. داتاکان لە (مارشاڵ) و (جاگەرس)- ٢٠٠٧ وەرگیراون و شیکارکراون

بەشێکی زۆری کەمایەسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بواری دیموکراسی و یەکسانی جێندەریدا، دەتوانرێت لە ڕێی سامانی نەوتەوە شرۆڤە بکرێت. گەرچی هەر حەڤدە وڵاتە ئیسلامیەکە لە چەند لاوە بەیەکەوە گرێدراون، بەڵام لە ڕووی دیموکراسی و یەکسانی جێندەری خەرەندی جیاوازیەکانیان ئێجگار فراوانە. دەبێت ئەوەمان

لەبەر چاو بێت کە بە دانیشتووان هەر حەڤدەیان موسوڵمانن، بۆیە ئیسلام ناتوانێت جیاوازیەکانیان شرۆڤە بکات.

لەلایەکی ترەوە، جیاوازی هەیە لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ڕووی بڕی نەوتەوە، و نەوت ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەرپرسیارەتی دیموکراتیانەوە و مافی جێندەری. هەردوو هێڵکاری ٧.١ و ٧،٢ تێکڕای سامانەی نەوتییان بە درێژایی دە ساڵ بەراورد دەکەن، و هاوکات باری دیموکراتیان و ئاستی مافە جێندەرەکانیان دەردەخەن.[١٩] بە گشتی، مافە دیموکراتی وجێندەریەکان لەوڵاتانە بەرزتر و بەرچاوترن کە نەوت وگازیان کەمترە، و ئەو وڵاتانەشی نەوتییان زیاترە دیموکراسییێکی لەرزۆتر و مافگەلێکی بەرتەسکتریان بۆ ژنان هەیە. لەم بۆتەوە، وێنەی دیموکراسیە لەبارەکەی مسڕ و تونس، کە لە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە نەوتییان کەمترە، ئەوەندەی تر ئەم جیاوازیانە قووڵدەکاتەوە.



*هێڵکاری ٢ .٧: نەوت و مافە جێندەریەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (٢٠٠٤).*

مافە جەندەریەکان لەسەر پێنج پێوەر ڕۆنراون: زەرەرمەندنەبوون بەهۆی جیاکاری و بەرجەستەکردنی دادپەروەری، ئازادی و سەربەخۆیی و ئاسایش، مافە ئابوورییەکان و دەرفەتی یەکسان، مافە سیاسی و مەدەنیەکان، و مافە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان. هەر وڵاتێک لە هەر پێوەرێکدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و لە یەک تا پێنج نمرەی بۆ دادەندرێت. ژمارەی بەرزتر گوزارش لە مافی زیاتر دەکات بۆ ژنان. ئەم هێڵکاریە تێکڕای هەر پێنج پێوەر وەردەگرێت، داتاکان لە (نەزیر) و (تۆمپێرت)-٢٠٠٥ وەرگیراون و شیکاری ئامارییان بۆکراوە.

موسوڵمانان لە ٣٩ وڵاتدا زۆرینەن، بەڵام نیوە کەمتری ئەم وڵاتانە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریقای باکوور هەڵکەوتوون، دەنا گەر بە گشتگیری لە جیهانی ئیسلامی بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت سامانی نەوت هەندێک جار مژدەی دیموکراسی لەگەڵ خۆی دێنێ. بە لایەنی کەمەوە شەش وڵات لەم دواییانەدا وەک دەوڵەتی دیموکراتی ناسێندراون: تورکیا، سێنێگال، بەنگلادیش، کۆمۆرۆس، ئەندەنووسیا، و مالی. ئەندەنووسیای لێدەرچێ کە سامانۆچکەیەکی نەوتی هەیە، پێنجەکەی تر نەوتێکی کەم بەرهەمدێنن یان هەر لێی بێ بەشن. بەڵام کە ئەندەنووسیا لە ساڵی ١٩٩٨ بوو بە دیموکراتی، سامانی نەوتەکەی تەنێ ٦٩ دۆلاری داهاتی تاکی ئەو وڵاتەی پێکدەهێنا.

ئەو داهاتەی لە نەوتەوە دێت پێمان دەڵێت بۆچی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە تەواوی دنیادا هەڵاوێردەیە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە نەریتە ئیسلامیەکان لەم لێکدانەوەدا ئایەخن. تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی نەوتیش لە هەژمارکردنەکاندا، وڵاتانی موسوڵمان، بە بەراورد بە وانی تر، کەمتر دیموکراتی بووینە و هەلی کەمتریان بۆ ژن ڕەخساندوە.[٢٠] کاتێک تێهەڵچوونەوەیەک بە ئابووریە پشت

ئەستوور بە نەوتەکەیان دەکەین، کە لە بەرامبەردا پارسەنگە بە تینوییێتی جیهان بۆ سامانە سروشتییەکانیان، بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە زێدەڕۆییان کردووە لە شرۆڤەکردنی کارگەری نەریتی ئیسلامی بەسەر وڵاتە موسوڵمانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و شوێنەکانی تر.

مەبەست لێرە جەختکردنەوەیە لەو ئالەنگاریانەی ئەم هەرێمە دووچاری دەبێت، نەک ئەوەی بڵێین ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەو شوێنە بێت هیچ جەزبەیەکی دیموکراسی قوبوڵ نەکات. هەرگیز نەبووە وڵاتێک هێندەی لیبیا، بەحرەین، عومان، جەزائیر، یا ئێراق نەوتی هەبووبێت و لڤینێکی سەرکەوتووانەی لە دیکتاتۆریەوە بە ئاڕاستەی دیموکراسی دابێت. هەوڵ و تەقەڵا هەبووە، بۆ نموونە لە شەستەکان حوکمی پاشایەتی لە لیبیا و ئێراق بە کودەتای سەربازی لەناوبرا، و شۆڕشی ئێرانیش لە ساڵی ١٩٧٩دا شای لە دەسەڵات داکەلاند؛ بەڵام هیچ کام لەم جوڵانەوانە نەیانتوانی دیموکراسیەکی ڕشد لە وڵاتەکانیاندا بەرجەستە بکەن. پێترۆدۆلار تەنێ شوێنی دیکاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەرم نەکرد، بەڵکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەتیشی لەبەریەک هەڵوەشاند یانیش بڕستی لێبڕین. مێژوو پێمان دەڵێت ئەم وڵاتانەی کاروانی دیموکراسیان گەیشتۆتە شوێنێ مەبەست، وەک ئەندەنووسیا، مەکسیک، و وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست، تا ئەندازەیەکی زۆر پشتیان بە ڕێکخراوەکان و کەرتی تایبەت بەستووە تا ئەم گەشتە بە سەرکەوتوویی بکەن.

هێشتاش ڕەنگە ئێراق ببێتە وڵاتێکی هەڵاوێردە، چونکە ژمارەیەکی زۆر حزبی سیاسی هەیە، میدیاییێکی تا ڕادەیەکی باش ئازاد تێیدا کاردەکات، و هەڵبژاردنیشی تێدا ئەنجامدەدرێ. بەڵام تا ئێستا و لە دوای چوار ساڵ لە هەوڵدان، پەرلەمانی ئێراقی نەیتوانیەوە یاسای نوێی نەوت تێپەڕێنێ، و بابەتی نەوت لەو وڵاتە بە پرسی کورد-یش گرێدراوە کە تا هەنووکە بە چارەسەرنەکراوی

ماوەتەوە. سەرەڕای شکستی حزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٠، (مالیکی) خۆی ترنجاندۆتە نێو نووسینگەی سەرۆک وەزیران و کار لەسەر گلدانەوەی دەسەڵات دەکات لە ناوەند. جوڵانەوە دیموکراتیکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لێوانلێون لە ژن و پیاوی ئازا، ئەوان پێویستە چاپووک و نەبەرد بن لە زاڵبوون بەسەر گیر و گرفتەکانی سامانی نەوت لە وڵاتەکانیان.

## پێویستە چی بکرێت؟

خاسیەتە ڕیزپەڕەکانی دەرامەتی نەوتن نەفرەتەکە دەخولقێنن. مەگەر وڵاتگەلێکی وەک نەرویج و کەنەدا هەندێکی تر هەبن، کە بێ نەوتیش دەوڵەمەندبوون و بەر لە دۆزینەوەی نەوت دامودەزگای حکومیان بێ خەوش و خۆڕاگربووە، وەگەرنا بۆ وڵاتی تر ڕەنگە لەگەڵ سمینی زەوی بۆ نەوت کێشە و چەرمەسەری سیاسی و ئابووری پەیدابن. خۆشبەختانە دەکرێت ئەم خاسیەتانە لە ڕێی سنووردارکردنی قەبارەی دەرامەتکان، جێگیرکردن و شەفافکردنیان، و تەنانەت جێگرتنەوەیان بە سەرچاوەی ئابووری تر، دەتوانرێت بەرزەفت بکرێن. هەڵبەتە چاکسازیە ڕیشەییەکان لە ئەستۆی حکومەتەکان خۆیتیان، بەڵام ئەکترە نێودەوڵەتیەکانی وەک حکومەتانی بیانی، کۆمپانیا نەوتییەکان، دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، و ڕێکخراوەکان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لەم بارەوە ببینن.

چاکسازیەکان لە دەرامەتی نەوت دەبێ لەگەڵ وڵاتەکان بگونجێت، چونکە ڕێکار هەیە بۆ هەندێک وڵات بەکارە، وەلێ بۆ هەندێکیان کەڵکی نیە. هەر بۆیە من لە جیاتی تاقە چارەسەرێکی گشتگیر، چەند چارەسەرێک بۆ وڵاتان دەخەمەڕوو بۆ گۆڕانکاریکردن لە قەبارە، جێگیری، شاراوەیی، و تەنانەت سەرچاوەی دەرامەتی نەوتییان. هەروەها، تیشک دەخەمە سەر گرنگی چاکسازیەکان. بێگومان هەندێک لەم بیرۆکانە لە جێی تر ئاماژەیان پێدراوە، و هەندێکیشیان نوێن و نەخراونەتە

بەر باس. هیچیان چارەسەری یەکجارەکی نین، بەڵام بە گونجاندنی ئەم چارەسەرانە لەگەڵ هەندێک خاسیەتی لۆکاڵی، دەشێت وڵاتان بیانخەنەگەڕ بەڵکو لێڕابێن باشتر سوود لە سامانە سروشتییەکانیان وەربگرن.

پێویستە وڵاتان هاوشان لەگەڵ هێورکردنەوەی لێکەوتە سیاسیە بە زەبرەکانی سامانە نەوتەکانیان، هەوڵدەن لێکەوتە سیاسیە ئەرێنیەکانیش پەرەپێبدەن. چەند کتێبێکی دانسەقە بەم دواییانە دەرچوون کە لێزانانە ڕۆدەچنە نێو ئەم بابەتە. مەبەستم لە کتێبەکانی (کۆلێر)، (هەمفریس)، (ساکس)، و (جۆزێف ستیگلیسە)، کە ئاماژەپێدان بە ئارگومێنتەکانیان کۆمەکی بە شرۆڤەکردنەکەمان دەکات لە خوارەوە، تا گفتۆگەیەکی تێروتەسەلتر بکەین لەسەر ئەو هەل و ئالەنگاریانەی دووچاری دەوڵەتە-نەوتییەکان دێن.[٢١]

بچووککردنەوەی قەبارەی دەرامەتەکانی نەوت

دەرامەتی زۆر و زەبەن دیکتاتۆرەکان بە کورسیەکانیانەوە سندم دەکەن، ڕێ بۆ یاخیبوون خۆش دەکەن، و لە هەناوی بیرۆکراسیەکی فشۆڵدا هەڵدەلۆشرێن، بۆیە وا چاکە چاکسازیخوازان تێهەڵچوونەوەیەک بە قەبارەی ئەم دەرامەتانە بکەن و کەمی بکەنەوە، ئەمەش دەتوانرێت بە چوار ڕێ بکرێت. دوو ڕێی یەکەمیان پتر لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەگونجێت کە داهاتیان کەمە و بیوکراسیەکەیان لەرزۆکە؛ ئەو وڵاتە داهات بەرز و مامناوەندانەشی کە بیوکراسیەکی پتەویان هەیە دەتوانن دوو ڕێیەکەی تر بگرنەبەر.

بۆ وڵاتانی کەمدەرامەت، هێشتنەوەی نەوتەکە لە ژێر خاک ڕێی یەکەمە. بەڵام دەشتوانن وەها نەوتەکە دەربێنن کە حکومەت لە توانای دابێت مشتوماڵی دەرامەتە زەبەلاحەکانی بکات، و کەڵەکەبوونیشیان لەبەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی ون نەبێت.

نەوت سامانێکی کانزاییە و تا هەتایە بۆ گەلان بەردەستنابێ. ئەم کانزایە باکەوتەیەکی قەبەی هەیە، بۆیە گەر هاتوو دانایانە سوودی لێوەرگیرا، ئەوا جگە لە نەوەی ئەمڕۆ نەوەکانی داهاتووش دەژیێنێ، بەڵام گەر نەوتەکە بەفیرۆچوو، ئەوا تا هەتایە نایەتەوە. بۆیە هەڵگرتنی نەوت لە ژێر خاک وەک هەڵگرتنی پارەیە لە بانک، ڕەنگە قازانجیشی بێتە سەرێ، چونکە ڕۆژگارێک دێت نەوتی لە ژێر خاکدا وشک دەکات و براوە ئەوەیە کە تا ئەو ڕۆژە دەستی پێوەدەگرێ.[٢٢]

بێگومان، دەستنەبردن بۆ نەوت و هێشتنەوەی لە ژێر خاکدا چەند لێکەوتەیەکی نەرێنی هەیە، بە تایبەت لە وڵاتانی کەمدەرامەتدا کە بەردەوام تێیاندا خۆراک، پەروەردە، و تەندروستی بابەتی گەرمن. (کۆلێر) دەڵێ کە دەرهێنانی نەوت لە نەدارترین وڵاتانی دنیا کە هەژاری تێیاندا تەنگی بە زۆرینەی دانیشتووانیان هەڵچنیوە، هەلێکی مێژوویی بۆ بوژانەوەیەکی خێرای ئابووری دەڕەخسێنێ. لە هەمان کاتیشدا، شکستی ئەم وڵاتانە لە سوودوەرگرتن لە سامانە سروشتییەکانیان، "بە گەورەترین هەڵەیە کە لە فەرهەنگی گەشەی ئابووریدا هەژماردەکرێت".[٢٣]

درزێوی داهاتی نەوت لێرەدایە، چونکە پتر لەو وڵاتانە بەفیرۆدەچێ و بە هەڵە بەگەڕدەخرێ  کە هەژار و بێ دەرەتانن. هەنووکە، لە وڵاتە کەمدەرامەتەکاندا، مەترسیەکانی دەرهێنانی نەوت و هێشتنەوەی لە ژێر خاک بە قەد یەک جێی مەترسین. سنووردارکردنی بەرهەمهێنان تاکە چارەسەرە بۆ کاڵکردنەوەی نەفرەتی نەوت، بەڵام ئەم بڕیارە لەم وڵاتانە وەها بە ئاسانی نادرێ.

ڕێی دووەم بەکارهێنانی (گرێبەستی سەودایە): ئەم وڵاتانە دەتوانن لە جیاتی فرۆشتنی نەوتەکەیان بە پارە، بەو شتانەی بدەن کە بە نیازن بە پارە بەرجەستەیان بکەن. ڕەنگە ئەمە شتێکی نامۆ بێت، بەڵام هەر هەنووکە

وڵاتگەلێکی وەک ئەنگۆلا، نەیجیریا، زامبیا، و زیمبابوێ، مافە نەوتی و کانزاییەکانی خۆیانیان لە چوارچێوەی ئەم گرێبەستانە بە گروپبەندیەک لە کۆمپانیای چینی فرۆشتووە. سەرئەنجام، حکومەتانی خانەخوێ لە جیاتی وەرگرتنی کرێ و باج، بەڵێنی بوژانەوەی ژێرخانیان وەرگرت.

دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکاران، ڕێوبان، هێڵی شەمەندەفەری، و بەندەر لە وڵاتانی خانەخوێ لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە شتێکی نوێ نیە. گرێبەستی سەودایی کەلێنی تریش پڕدەکاتەوە. لەساڵی ٢٠٠٦، نەیجیریا چەند گرێبەستێکی لەگەڵ چەند کۆمپانیاییێکی چینی واژووکرد، کە مافی دەرهێنانی نەوتی لە چوار پنتی دەریایی بە کۆمپانیاکاندا لە بەرامبەر بڕی چوار ملیار دۆلار لە وەبەرهێنان لە ژێرخانی وڵات. وەبەرهێنانەکە دروستکردنی کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا، نۆژەنکردنەوەی هێڵێکی شەمەندەفەری لەکارکەوتوو، دانانی بەرنامە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەلاریا و ئەنفلەوەنزای باڵندە، و چەند خزمەتگوزاریەکی تر. ئەنگۆلاش نەوتەکەی خۆی لە سەودایی ئەم گرێبەستانەدانا بۆ وەرگرتنی پرۆژەی ڕێوبان، قوتابخانە، پرد، هێڵی شەمەندەفەر، نەخۆشخانە، و هێڵی ئینتەرنێتی فایبەر ئۆپتیک.[٢٤] کۆمپانیا چینیەکان بوونە سەرمەشقی ئەم چەشنە گرێبەستانە لە ئەفریقا، بەڵام هەندێک لە کۆمپانیاکانی هیندم مالیزیا، و کۆریای باشووریش ئەم ڕێچکەیەیان گرتووە.[٢٥]

ئابووریناسان ئێجگار بە گومانن لەم گرێبەستانەی کە تێکوەپێچانی دوو مامەڵەی تێدایە، کە یەکیان کڕینی مافەکانی دۆزینەوە و دەرهێنانە و ئەویتریشیان دروستکردنی پرد و ڕێوبانە. هەندێک جار کۆمپانیاکان ئەم تێکوەپێچانە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕکابەرەکانیان بەکاردێنن. بۆ نموونە، وەزارەتی دادی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٩٨ کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت)ی سزادا، چونکە کۆمپانیاکە زۆری لە

بەکارهێنەرانی دەکرد کە لەگەڵ سیستەمی ویندۆزەکەی چەند بەرنامەیەکی تریش بکرێن کە لەگەڵ ویندۆزەکە بوو.

بەڵام ئەم تێکوەپێچانە دەکرێت سوودبەخش بێت ئەگەر هەماهەنگیەکی تەواو لە نێوان هەردوولادا هەبێت بۆ ئەوەی سەربەخۆ کارنەکەن. ڕەنگە گرێبەستەکانی سەودایی یاریدەی حکومەتەکان بن بۆ ئەوەی لە مشتومالکردنی دەرامەتکان نەجاتیان بێت و خۆ لە گەندەڵی بپارێزن، و دەرامەتکان بپارزێن لە جۆگەکردنیان بۆ دامودەزگا لەرزۆکەکانی حکومەت تا بەفیڕۆنەچن. هەروەها، ئەم گرێبەستانە بەر بە خەرجکردنی دەرامەتکان دەگرن لە پرۆژەکانی حکومەت، کە پرۆسەیەکە دەرامەتکان تێیدا لە گەندەڵی، تۆڕی پشتیوانی سیاسی، و ناکارامەیی حکومی دەتلێنەوە. چەند سوودێکی تریشیان هەیە: سەرئێشەی هەڵبەز و دابەزی نرخەکان لە کۆڵ حکومەتەکان دەکەنەوە، و دەیخەنە ئەستۆی کۆمپانیاکان؛ کۆمپانیا بیانیەکان هاندەدا بۆ وەبەرهێنان لە وڵاتە کەمدەرامەتەکاندا، کە بە پێچەوانەوە ترسیان لەوە هەیە مافە داراییەکانیان هەڵپەسێردرێت؛ و حکومەتان ناچار دەکات بەڵێنی پرۆژە درێژخایەنەکانیان ببەنەسەر.

ئەم گرێبەستانە دیاردەیەکی نوێن لە جیهانی نەوتدا، و دەرهاوێشتەکانیان تا هەنووکە نەرێنی بووە. بە پێی ڕاپۆرتێک لەسەر ئەزموونی نەیجیریا لەم بارەیەوە:

"بە درێژایی دوو بۆ سێ ساڵی ڕابردوو، (کۆمپانیا نیشتیمانیە نەوتییەکانی ئاسیا) شایستە داراییەکانی خۆیان تەواو نەچنیوەتەوە، و تەواوی پرۆژەکان هەڵپەسێردراون. ڕەنگە پاکی ڕێککەوتنەکان هەڵبوەشێنەوە ...حکومەتەکەی (یار ئادوە) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەر لە سەرەتاوە کۆمپانیای ناوبراو خوی بە ناشەفافی و گەندەڵی گرتبوو." [٢٦]

بەڵام ڕێگەچارەی تر هەن بگرێنەبەر تا گرێبەستەکان کامڵ بن. بۆ نموونە، دەکرێ گرێبەستەکان بە قۆنتەراتێکی دادپەروەرانە بدرێن بەو کۆمپانیایانەی پرۆژەی زۆرتر بە نەوتی کەمتر لە ئەستۆدەگرن. هەروەها، دەکرێت جێبەجێکردنیان لەلایەن لایەنی سێیەمەوە سەرپەرشتی بکرێت تا بەر بە گەندەڵی بگیرێ، شەفافیەت بەرپابێ، و کوالیتی پرۆژەکان لەبەرچاوبگیرێ. ئەم گرێبەستانە هێشتا لە ژێر تاقیکردنەوەدان، و ڕوون نیە جێ دەگرن یان نا.

ڕێی سێیەم دابەشکردنی ڕاستەوخۆی دەرامەتەکانی نەوتە بەسەر هاوڵاتیاندا. ویلایەتی ئالاسکا لە ئەمریاکا و پارێزگای ئەلبێرتای کەنەدی ئەم ڕێیەیان گرۆتەبەر. ئالاسکا، لە ڕێی بودجەی تەرخانکراوی (بودجەی ئالاسکای هەمیشەیی)، لە ساڵی ١٩٧٧ەوە بەرجەستەی ئەم ستراتیژیە دەکا و تەواو سەرکەوتوو بووە. بەرنامەکەیان یەک لەسەر پێنجی دەرامەتی نەوتی ویلایەتەکە بەکاردەهێنێت، هاوشان لەگەڵ بڕێک پارەی تەرخانکراو لەلایەن بودجەی ئالاسکا، و ساڵانە بەشێک لە قازانجەکان بۆ هاوڵاتیانی ئالاسکا دەبڕێتەوە. هەر لە ساڵی ٢٠٠٩دا، پشکی هەر هاوڵاتیەک لە دەوری ١٣٠٠ دۆلار بوو. ئێستا بە جۆرێک هەڕمێنی پەیاکردووە، کە نوێنەرەکانی ئەم ویلایەتە "لە بەربەرەکانیدان لەسەر ئەوەی کێ چەلەنگانەتر هەوڵدەدات بەرنامەکە وەک خۆی بهێڵێتەوە."[٢٧]

هەندێک زانا دەڵێن وڵاتانی تازە گەشەسەندوو دەتوانن ئەم ڕێیە بگرنەبەر تا هەرنا هەندێک لە دەرهاویشتەکانی نەفرەتی نەوت کاڵبکەنەوە. ئەم بەرنامەیە بەشێک لە دەرامەتەکانی حکومەت لە چاوچنۆکی سیاسییەکان دەپارێزێ، کە لەوانەیە بۆ بەرژەوەندی تاکلایانەی خۆیان بیدزن یان بەکاریبهێنن؛ دەرامەتکان لە هەڵبەز و دابەزی نرخەکان دەپارێزێ؛ و ڕەنگە هانی هاوڵاتیان بدات تا زیاتر چاودێری بەکارهێنانی داهاتی وڵات بکەن، بەمەش گەندەڵی و بەکارهێنانی نابەرپرسانەی داهات بەرزەفت دەکرێن. ڕەنگە ئەم بەرنامەیە لە سەرەتادا کۆسپ

لەبەردەم هەندێک پرۆژەی لەباری حکومەت دروستبکات، بەڵام حکومەت دەتوانێت باج بەسەر بەشێکی ئەم پارەیە بسەپێنێ، کە پاڵ بە هاوڵاتیانەوە دەنێت هێندەی تر لە داهاتی حکومەتەکەیان و چۆنیەتی خەرجکردنیان بکۆڵێتەوە.[28]

ڕەنگە دابەشکردنی ڕاستەوخۆ هەڵبژاردەیەکی بەجێ بێت بۆ ئالاسکا، بەڵام چۆن وڵاتە کەمدەرامەتەکان و حکومەتە گەندەڵەکان لەگەڵ ئەمە ڕادێن؟ پرۆسەی ئەلیکترۆنی و بایۆمەتری پێشکەوتوو هەیە کە بە جۆرێک بەر بە گەندەڵی دەگرێ، بەڵام بە گشی لە وڵاتە کەمدەرامەتەکاندا، حکومەت زەحمەتە بتوانێت پشکی هاوڵاتیان و دابەشکردنێکی دروست پەیڕەوبکا.[29] ئەگەر سیستەمی دارایی وڵاتێک خەوشدار بێ، ئەوا هاوڵاتیان ناتوانن پاشکەوتی پشکەکانیان بکەن لە داهاتی نەوتدا. هەروەها، ئەم گەلاڵەکردنە لەوانەیە ڕق و کینەی ناوچەگەری ببزوێنێ، چونکە ئەوانەی لە سەرچاوەی نەوتەکە نزیکترن داوای پشکی گەورەتر دەکەن، ئەمەش لەلایەکی ترەوە خەڵکی بۆ کۆچکردن بەرەو هەرێمە دەوڵەمەندەکان بە نەوت پاڵدەنێ.[30]

ئێمە دەبێت لەو سیاسەتدانانەش بە گومانبین کە بەرنامەی دابەشکردنی ڕاستەوخۆی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەموو حکومەتێک بارتەقای ئەوە نابات بەرنامەکە بە شێوەیەکی وەها دابنێت کە نەکەوێتە بەرچەپۆکی گەندەڵی و خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە. ئەم پرسیارە هەمیشە لەگۆڕێیە، کە بۆچی ئەم بەرنامانە جیاوازن لە بەرنامە حکومیەکانی تر و گەندەڵی زەفەریان پێنابات؟ چی ئەگەر، لە وڵاتێکی کەمدەرامەتدا، ئەم بەرنامەیەش بە دەردی ئەجێندا و بەرنامەکانی تری حکومەت بچێ؟ هەروەک لە بەندی شەشدا ئاماژەمانپێدا، ئەم چەشنە ڕێکارانە، هەرنا بۆ ئێستا، تەنێ لە هزر و بیردا باش خەملاون، و ڕەنگە لە پراکتیزدا شکستبهێنن.

ڕێی چوارەم خۆی لە تەرخانکردنی بڕێک لە پارەکە بۆ حکومەتە هەرێمییەکان و پارێزگا خۆجێیەکان دەبینێتەوە. دیاردەی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات و دەرامەتی نەوت بۆ زۆربەی دەوڵەتە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆتە نەریت.[31] بەڵام لە دەرەوەی ئەم هەرێمە، وڵاتانێکی زۆری هەناردەکەر بە بەشکردنی دەرامەتی نەوت لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان و پارێزگاکان ڕاهاتوون جا دەسەڵاتیان لە ناوەند گلدابێتەوە (کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، و کازاخستان) یانیش لە چوارچێوەیەکی فیدراڵی حوکمداری بکەن (مەکسیک، نەیجیریا، ڤەنزوێلا، و ئەندەنووسیا).[32]

کە لە وڵاتێک نەوت لەسەر خاکی حکومەتە هەرێمییەکان و پارێزگاکان بەرهەمدێت، ئەوا ئەوان مافی خۆیانە قەرەبووی کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، و ژێرخانی بکرێنەوە.[33] بەڵام بیرۆکەی بە لامەرکەزیکردنی دەرامەت لە قەرەبووکردنەوەی *تێچووەکان* فراوانتر و ئاڵۆزترە، و تا دابەشکردنی *قازانجە* داراییەکانی دەرهێنانی نەوت لەگەڵ دەسەڵاتە ناوەخۆییان دەڕوات.

دوو شاڕێ هەن بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە: وڵاتان دەتوانن ڕێ بە دەسەڵاتە ناوەخۆییەکانی تر بدەن ڕاستەوخۆ باج بەسەر پیشەسازی نەوتدا بسەپێنن؛ یانیش دەتوانن، بە پێی گونجان، بەر لە یان پاش دامرکاندنەوەی هەڵبەز و دابەزی ساڵانە بەشێک لە دەرامەتی حکومەتی ناوەندییان پێبدەن.

بە لامەرکەزیکردنی دەرامەتی نەوت یارمەتی ڕێکخستنەوەی باکەوتەکانی حکومەتی ناوەند دەدات، و ڕەنگە گرێی جودابوونەوە و سەربەخۆییش لە هەرێمە نەوتییەکان دابمرکێنێتەوە، بەڵام ناشکرێت ئومێدی بەکارهێنانی دانایانەی دەرامەتی نەوت لەسەر هەرێم و پارێزگاکان هەڵبچندرێت. لەوانەیە ئەم دەسەڵاتە ناوەخۆییانە هێندەی حکومەتی ناوەند گەندەڵ و ناشەفاف و کۆستکەوتوو بن.

زۆرجار ئەم هەرێم و پارێزگایانە بیوکراسیەکی شلۆقتریان هەیە بە بەراورد بە ناوەند، و لە بەرزەفتکردنی ناجێگیری دەرامەت و دانانی دیسیپلینی دارایی لە دەسەڵاتی ناوەندییان خراپترن.[٣٤] هەروەک لە نموونەی (لۆنگ)ی پارێزگاری لویسانا لە بەشی ٣ ئاماژەمان پێدا، دەرامەتی نەوت هەمان لێکەوتەی دژە-دیموکراتی لەسەر حکومەتە هەرێمی و خۆجێیەکان هەیە کە لەسەر حکومەتی ناوەندی هەیەتی. بۆ نموونە، لامەرکەزیکردنی داهات لە بەڕازیل و ئەرجەنتین پرۆسەی دیموکراسی و چاکسازی خاوکردۆتەوە، و لە ڕووسیاش وەبەرهێنانی کەمکردۆتەوە.[٣٥]

ئەم ڕێیە زیاتر بۆ ئەو وڵاتانە دەشێت کە دەسەڵاتە هەرێمی و خۆجێیەکانیان تا ڕادەیەک دیموکراتی و شەفافن و دەشتوانن بودجەی خۆیان ڕێکخەنەوە. سەرکەوتن و شکستی بەلامەرکەزیکردنی دەرامەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانیشیەوە بەندە. دەسەڵاتی جێبەجێکار دەتوانێت سیستەمێکی دارایی دابنێت کە بەر بە هەڵبەز و دابەزی نرخەکان بگرێت لە دەسەڵاتە ناوەخۆییەکاندا؛ فشار بخاتە سەریان تا وەک تەواوکەری داهاتی باج لە دەرامەتی نەوت بڕوانن، نەک جێگرەوەی؛ دڵنیاببنەوە لەوەی دەرامەت نوێیەکانی نەوت بە هەدەرنادرێن و لە خزمەتی وڵاتدا بەکاردێن؛ و شەفافیەت و چاودێریکردنی دەرامەتی نەوت لە یاسا و ڕێساکاندا بچەسپێنن.[٣٦]

گۆڕینی سەرچاوەی دەرامەتەکانی نەوت

ئەگەر بە خۆماڵیکردنی نەوت لە شەست و حەفتاکان بناغەی بۆ پەیدابوونی نەفرەتی نەوت دانابێ، ئەوا ڕەنگە نەفرەتەکە بە ڕادەستکردنی پیشەسازی نەوت بە کەرتی تایبەت بەتاڵببێتەوە. کەرتی تایبەت دەرامەتی نەوت لە حکومەت

وەردەگرێتەوە، و کۆمپانیا خۆماڵییەکان ڕادەماڵێ کە باج لەسەر نەوت دانانێن و بە کۆمپانیای تایبەت جێیان پڕدەکاتەوە. بەڵام ئایە ئەمە دۆخەکە باشتر دەکات؟

زۆربەی پیشەگەری و پیشەسازیە حکومیەکان لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا درانە دەست کەرتی تایبەت، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە جیهانی نەوتدا کەمایەسی زۆری هێنا. بەریتانیا لە ساڵی ١٩٨٥، ڕۆمانیا لە ١٩٩٢، پۆڵەندا و ئەرجەنتین لە ١٩٩٩، کۆمپانیا خۆماڵییەکانیان هەڵوەشاندەوە و کۆمپانیای کەرتی تایبەتیان هێنا مەیدانەکە، گەرچی حکومەتی ئەرجەنتین دواتر دەستی بەسەر بەشێک لە سامانی نەوت وڵاتدا گرتەوە. ئەم چوار وڵاتەی لێدەرچێت، حکومەتی هیچ وڵاتێک دەستبەرداری کۆماپانیای خۆماڵی نەبوونە.

ئەزموونی وڵاتان لەگەڵ ڕادەستکردنی نەوت بە کەرتی تایبەت کۆڵێک لە بەڵگەمان دەداتێ لەسەر ناکارامەیی حکومەت لە بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت.[٣٧] ڕەخنە پۆزشخوازەکان لەم بارەیەوە دەڵێن کۆمپانیا خۆماڵییەکانی نەوت لە ڕووی پێکهاتەوە لە کۆماپناکانی تری سەر بەحکومەت ئاڵۆزترن، و وەها بە ئاسانی ناکەونە ژێر ڕکێفی کەرتی تایبەتەوە.[٣٨] هەروەها، ئەم ڕەخنانە ئاماژە بە زەنگینی و هێزی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت دەکەن، کە بە ئاسانی بەرزەفت ناکرێن و باجیان لەسەر ناسەپێندرێ، بە تایبەت لە دەوڵەتە کەمدەرامەتەکاندا.[٣٩]

تەنانەت حکومەتی ئەمریکیش لە بەرزەفتکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت پەستی نواندوە. دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و بڵاوبوونەوەی کردەی سێکسی لە چەند کۆمپانیایێکی نەوتی، حکومەتی ئەمریکی خزمەتگوزاری (ڕێکخستنی کانزاکان)ی لە ساڵی ٢٠١٠دا ڕاگرت. هەروەها، ئابڕووچوونەکەی کۆمپانیای BP لە تزانی سووتەمەنی بۆ ناو گەرووی مەکسیک، بۆ دنیای سەلماند کە کۆمپانیاکە نەکەوتۆتە ژێر باری ڕێساکانی سەلامتی و

ژینگەی تایبەت بە حکومەتی ئەمریکی. بۆیە ئەم پرۆسەی دەکرێ تەنیا جێگۆڕکێیەک بێت بە حکومەتێکی ناپەرسیار و شاراوە و هەڵتەپیو، بۆ هێنانە پێشەوەی چەند کۆمپانیایەک کە هەمان خاسیەتیان هەیە.

هەڵبەتە ترنجاندنی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت بۆ دیموکراسیش باشە، بەڵام وا پێویستە سەرەتا کەموکوریەکانی ئەم کەرتە بخەیەنەڕوو. کەم دیاردەیە تازە ناتوانێت سەردەمی خۆشبەختی بۆ ئەو وڵاتانە بگەڕێتەوە کە پێش حەفتاکان لەگەڵ دەرامەتی وردتر و جێگیرتر ڕاپاندەبوارد. دەرامەتەکانی نەوت ئەوکات ورد بوون چونکە نرخەکان لەبەر هەڵومەرجی مێژووی نزم بوون: بیرە نەوتەکان زۆربوون و بەردەوام خاک بۆ نەوت هەڵدەگۆزرا لەکاتێکدا پێویستی دنیا بۆ نەوت بەم ڕادەیەی ئێستا نەبوو، و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بەشێکی زۆری قازانجەکانیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت. هەنووکە هەردوو هەلومەرجەکە لە گۆچوون، و کەرتی تایبەت ناتوانێت بیانگێڕێتەوە شوێنی خۆیان. ئێستا ئەگەر کەرتی تایبەت پیشەسازیەکە ببوژێنێتەوە، ئەوا واتە حکومەتەکان بە دەرامەتی زۆر پەرێشان دەکات.

بگرە ئێستا کەرتی تایبەت ناتوانێت نرخەکانی نەوتیش جێگیرکاتەوە. ئەو دەمەی حەوت خوشکەکە بارتەقەیان بەسەر نرخەکان دەشکا و سیستەمی (برێتن وودس) ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بەرزەفتکردبوو، نرخەکان تا ئاستێکی نایاب جێگیربوون، ئەمەش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم تا سەرەتای حەفتاکان درێژەی کێشا. بەڵام هەردوو گەڵاڵەکردنەکە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا لەبەریەکهەڵوەشان، و تازە کەرتی تایبەت ناتوانێت پارچەکانیان کۆبکاتەوە.

دواهەمین کەمایەسی ئەوەیە کە کەرتی تایبەت ئەمرۆ ئەو تانوپۆیانەی ونکردووە کە سیستەمێکی دیموکراتیانەی باجی پێ دەنەخشێندرێ. لە وڵاتانی بەرهەمهێنی

کەمدەرامەتدا، کەرتی تایبەت جگە لە پێچدانەوەیەکی کورت لە سیستەمی باج ناتوانێت پتر فەراهەمبکات، چونکە ئەمڕۆ ئەو وڵاتانە کۆمپانیای خۆماڵی خۆیان هەیە کە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بە هاوبەشی کاردەکەن یانیش گرێبەستی دابەشکردنی دەرامەتیان لەگەڵ مۆرکردوون تا بەشی زۆری دەرامەتکان لە ڕێی باج وەرگرتن و کرێ کۆکردنەوە هەڵکڕێنن.

وڵاتە داهات مامناوەندیەکانی وەک لیبیا، مەکسیک، و سعودیە هەن کە کۆمپانیای خۆماڵیان هەیە و دەتوانن دامودەزگا نەوتییەکانیان بێ دەستێوەردانێکی زەقی کۆمپانیا دەرەکیەکان بەڕێوەببەن. ئەگەر کەرتی تایبەت لە وڵاتانی لەم چەشنە هەرمێن پەیاکەن، ئەوا باج وەرگرتنیش دەبوژێنێتەوە. بەڵام، وەک لە بەشی سێ ئاماژەمان پێدا، باج وەرگرتن تەنیا ئەو کاتە ڕێکارێکی لەبارە کە خەڵک لە بڕ و چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی حکومەتەکەیان بە ئاگا بن. بە پێچەوانە، لە ئەستۆگرتنی دۆسیەی نەوت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ڕەنگە هەروەک دەستاودەستکردنێک بمێنێتەوە لە نێوان هەردوو کەرت، کە تێیدا دەرامەتکان لە خەزێنەی  حکومەتەوە بۆ خەزێنەی کۆمپانیاکان بگوێزرێنەوە بێ ئەوەی باجیان لەسەر دابندرێت، و خەڵکیش هیچ زانیارییێکیان لەسەر داهاتی وڵاتەکەیان نابێت.

بەڵام هێشتاش پێدانی ئاوزای پیشەسازیەکە یان بەشێکی بە کەرتی تایبەت، حکومەتی ناکارامە و بێ سەروبەر لە شاردنەوەی دەرامەتی نەوت بەرزەفت دەکات. لە بەشی دووەم ڕوونمانکردەوە کە چۆن حکومەت کۆمپانیا خۆماڵییەکان دەقۆستەوە تا گەندەڵیەکانی لە خەرجکردن و خەرجنەکردنی داهاتی نەوت بشارێتەوە. ئەگەر هاتوو کۆمپانیا تایبەتەکان شەفاف بوون، ئەوا پێدانی مەلەفی نەوت بە کەرتی تایبەت چارەسەری ئەم کێشانە دەکات. شەفافبوونی کۆمپانیاکانیش خۆی لە دەرخستنی نرخی پشکەکەکان و داهاتی کۆکراوە و دانانی ڕێوشوێنێکی گونجاو بۆ تێهەڵچوونەوەی ساڵانە و مانگانە بە بڕی فرۆشراو

دەبینێتەوە. تەنانەت ئەگەر حکومەت وەک پشکداری سەرەکی بمێنێتەوە، هەروەک لە بەرازیل، کۆلۆمبیا، مالیزیا، و نەرویج باوە، کەرتی تایبەت دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش شەفافیەت بەرجەستە بکات. دەکرێ حکومەتەکان ڕێی تر بدۆزنەوە بۆ شاردنەوەی دەرامەتی نەوت، بەڵام بە بوونی کۆمپانیای بیانی دەستیان لە گەندەڵی واڵا نابێت. تەڵەمشک سوودی خۆی هەیە، با هەموو مشکەکانیش پێوەنەبن.

**هێورکردنەوەی بزێوی دەرامەتەکانی نەوت**

لە دەوڵەتە نەوتییەکاندا، ناجێگیری دەرامەتەکانی نەوت زەفەر بە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و سیاسەتی دارایی حکومەت دەگەیەنێت، کە پێکڕا گەشەی ئابووری سست دەکەن. پینەکردنی ئەم کێشەیە لای زۆربەی حکومەتەکان لە ڕێی جیاکردنەوەی نەختینەیەک لە دەمی بەرزی نرخەکان وەک زێدەبەها دەکرێت تا لە کاتی داتەپینی نرخەکان سوودی لێوەربگیرێت. لە بەشی شەشەم بۆمان دەرکەوت کە لەم بۆتەیەدا هەڵگرتنی دراوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش هیچی وەها لێ هەڵناکڕدرێت، چونکە حکومەت کەم تا زۆر لە کاتی ناپێویست دەست بۆ ئەم نەختینەیە دەبات و بەمەش بوونی ئەم ڕێکارە ئایەخ دەبێت. باشە هیچ ڕێی تر هەیە کە حکومەتەکان بیگرنەبەر؟

هەندێک لەم ڕێکارانەی تازە باسکران کۆمەکی بە هاوسەنگکردنی دەرامەت دەکەن. دەرهێنانی لەسەرخۆتری نەوت پشتبەستی حکومەت بە دەرامەتکەی کەمتردەکاتەوە، کە لە بەرامبەردا وای لێدێت هەڵبەز و دابەزی نرخەکان چیدی جێگیری بودجەی گشتی وڵات نەشلەژێنن. ئەگەر هاتوو لێزانانە ڕەشنووسکران، گرێبەستەکانی نەوت-بەرامبەر-بە-شمەکیش مەترسی بەرز و نزمی نرخەکان تووشی کۆمپانیاکان دەکات - کە لەم ڕووەوە معلانن - و حکومەت لەم

دەردەسەریە ڕزگار دەکات. دابەشکردنی ڕاستەوخۆش یارمەتیدەر دەبێت، چونکە خێزانەکان لە هێوردکردنەوەی ناسەقامگیری دەرامەتەکانی نەوت بەرپرسیار دەکات. بەڵام سەبارەت بەم هێورکردنەوەیە، دەرهاوێشتەکانی بە لامەرکەزیکردن و ڕادەستکردنی فایلی نەوت بە کۆمپانیاکان تەواو دڵنیاکەرەوە نین، و پتر بە چۆنیەتی گەڵاڵەکردنیانەوە بەندن.

هەر پلانێک بۆ هێورکردنەوەی بزێوی نەوت دەبێت سێ پێکهاتە لەخۆبگرێت لەخۆبگرێت: تاکتیکێک بۆ کەمکردنەوەی خەرجی لەکاتی بەرزی نرخەکان، یەکێکی تر بۆ زیادکردنی خەرجی لەکاتی نزمیان، و میکانیزمێک کە هەردووکیان بەیەکەوە گرێبدات، تا ئەو پارەیەی لەکاتی ڕاتەکان لە بودجەدا دەرهاتووە یەکسان بێت لەگەڵ ئەو پارەیەی لەکاتی داتەپیندا دەخرێتە سەر بودجە.

ئەگەر ئابوونە تەرخاندەکرێت، ئەوا دەبێت هەر سێ پێکهاتەکە بەیەکەوە گرێبدا بە جۆرێک کە خزمەتی ئابووری بکات و لە بەرژەوەندیە سیاسییەکاندا نەتوێتەوە. قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم تەرخانکردنە پێویستی بە بڕیاری سیاسی سەرکەش و خۆنەویستانە هەیە، چونکە داوای چڵێسی لە دەمی گیرفانپڕی دەکات. زۆرجار خەڵکیش بەم پێوەدانگە سەراسیمە و بگرە پەستیش دەبن، بۆیە ڕەنگە بڕیارەکە کارنامەی سیاسییەکانیش بخاتە مەترسیەوە. تەنانەت ئەگەر سیاسییەکانی ئەمڕۆش بەردەوام ئابوونەکە دەوڵەمەندبکەن، ئابوونەکە تەنیا ئەو کاتە سەلامەت دەبێت کە سیاسییەکانی دواتر لە خۆنەویستی و پارێزی لە داهاتی دەوڵەت شوێن پێی ئەوانەی پێش خۆیان هەڵگرنەوە، ئەمەش ئەوکاتە بەدیدێت کە دەرخۆنەی سەر زێدەبەها تەنیا لەکاتی داپەیندا هەڵدرێتەوە. دەکرێت ئابوونەکە لەلایەن دامودەزگایەکی حکومیەوە سەرپەرشتی بکرێت کە بە یاسا بەرزەفتکرابێت، و ڕێوشوێنی نەختینەکردن و دەرهێنانی بۆ دانرابێت. بەڵام لێرە و لەوێ سیاسی چاوچنۆک هەن کە زەفەر بە زێدەبەهاکە دەبەن، جا لە ڕێی هەڵگێڕ و

وەرگێڕپێکردنی یاسا و ڕێساکان بێت یان دانانی کەسی نزیکی خۆیان بۆ سەرپەرشتیکردنی ئابوونەکە. هەڵبەتە ئەگەر دەسەڵاتداریش بن ئەوا بێ یەک و دوو پارە هەڵگیراوەکە دەبەن، با وڵات لە ترۆپکی سازبوون و زەنگینیشیدا بێت.[٤٠] خۆ ئەگەر فەرمانڕەواکان دووربین و داناش بن، ناتوانن شوێنگرەوەکانیان ناچاربکەن ئەم ستراتیژیە جێبەجێبکەن.

ئەم ئابوونانە لە ژێر هەندێک هەلومەرجی تایبەتدا زۆر بەکارن، لەوانەش یەکەمیان کەمی گەندەڵیە جا چ دیکاتۆرێکی دانا و خاوەن هێزی بێ سنوور، یانیش سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی دەسەڵات بەرزەفتکراو حوکمی وڵات بکات جیاوازی نیە؛ دووەمیان هۆشیاری خەڵکەکە و متمانەیانە بە حکومەت؛ و سێیەم بریتیە لە کاریگەرنەبوونی دەنگدەر بە تێچووی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، کە تەنیا لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا بەرجەستە دەبێت، و زۆرجار لە دەوڵەتانی تر هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر گیرفانی هاوڵاتی بەڕێوەدەبردرێت. هیچ کام لەم هەلومەرجانە بە ئاسانی فەراهەمناکرێن.[٤١]

بەڵام دەتوانین میکانیزمی تایبەت بۆ ئەم نەختینانە دابنێین کە پتر لەگەڵ هەڵپەی سیاسیە کورتبینەکاندا بگونجێت. بێگومان پاروی سەرکردە سیاسییەکان لە زیادکردنی خەرجیەکاندایە، و بە کەمکردنەوەیان تووشی دەردەسەری دێن. تەرخانکردنی نەختینە بۆ هێوردکردنەوە شکستدێنێت چونکە کەمکردنەوەی خەرجیەکان- کە ئەو بەشەیە جەورکێشانی دەوێت لەڕووی سیاسیەوە - خۆبەخشانەیە و پێشمەرجێکە بۆ بەشەکەی تر کە زیادکردنی خەرجیەکانە، و لە ڕووی سیاسیەوە ئارامبەخش و قازانجبەخشە. گەڵاڵەکردنێکی گونجاوتر بریتیە لە ڕاشکاندنی بەشە جەورکێشەکە بەسەر ئەویتریان بۆ ماوەیەکی کاتی بە پێی پێویست. هەڵبەتە لێرە پرۆسەی خەرجی پێش پرۆسەی پاشەکەوت دەکەوێت، کەواتە ناکرێت هەردوو پرۆسەکە لە ڕێی نەختینەوە گرێبدرێن، چونکە نەختینە

به بوونی زێدەبەها لە هەسان دەدرێت و لەکاتی بوونی کورتهێنان مانایەکی نابێت. چارەسەرەکە ئەوەیە لە ڕێی قەرزەوە بەیەکەوە ببەسترێن.

حکومەتانی پشتبەستوو بە نەوت دەتوانن لە دەمی داتەپینی نرخەکان هانا بۆ بانکی دەرەکی و دەوڵەتان و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتیەکان ببەن بۆ قەرز، ئەمەش بۆ هاوسەنگکردنی بودجە و بوژانەوەی ئابووری خۆیان. بەشی شەشەم دەریخست کە دەوڵەتە-نەوتییەکان زیاتر مەیلیان بەلای قەرزکردن لە کاتی بەرزی نرخەکاندا دەشکێتەوە نەوەک لە کاتی دابەزینیان، کە ئابووریەکەیان هێندەی تر لەرزۆک و ناسەقامگیرتر دەکات. بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیە تێپەڕێندرێت، دامەزراوە داراییە گەورەکانی وەک (بانکی جیهانی) و ئەوانی تر دەتوانن پێشمەرجی تایبەت بۆ دەوڵەتە-نەوتییەکان دابنێن، لەوانەش قەرزپێدان لە دەمێک کە نرخە جیهانیەکان لە پنتێکی دیاریکراودا دابکەلێن.

جەوهەری سەرکەوتنی قەرز وەرگرتن لە چۆنیەتی دانەوەیدایە، کە ئەمیش پشت بە نرخە هەنووکەیەکان دەبەستێت. حکومەتی قەرزدار، بۆ هەر مانگێک، بەرهەمهێنانی نەوت بە چەند بەرمیلێک زیاد دەکات بۆ دانەوەی دواهەمین فلس لە قەرزەکانی. هەڵبەتە بەهای قەرزەکە ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا ئەو بڕە پارەیە دەگۆڕێت کە مانگانە حکومەتەکە دەیداتەوە بە خاوەن قەرز. ئەگەر نرخەکان بە نزمی بمێننەوە، ئەوا قەرزەکان درەنگتر دەدرێنەوە و حکومەتیش دەتوانێت بە پێی توانا دەرامەت پاشەکەوت بکات لە بری ئەوەی بەپەلە بیانداتەوە و فشار لەسەر خۆی دروست بکات. ئەگەر نرخەکانیش بەرزببنەوە ئەوا بەهای ئەو بەرمیلانەش بەرزدەبنەوە کە قەرزەکانیان پێدەدرێتەوە، بەمەش خێرایی قەرزدانەوەکە زیاد دەکات. قەرزێک کە پشت ئەستوور بێت بە نەوت و لەلایەن دامەزراوەیەکی ناسراوەوە لە کاتی نزمی نرخەکانەوە دابینکرابێت، لە هەمانکاتدا

کۆمەکی بە زیادکردنی خەرجیەکان دەکات لە کاتی پەستی ڕێژەی دەرامەت، و پارێزێکی ئابووری لە کاتی زۆر و زەبەنی دەرامەتدا بەرجەستە دەکات.

قەرز لە نەختینە پارێزراوترە، چونکە لەلایەن حکومەت و دامەزراوەی بیانیەوە خاوەنداری و سەرپەرشتی دەکرێت، واتە بەپێچەوانەی نەختینە، مەترسی دزینی لەلایەن حکومەتێکی گەندەڵەوە لەسەر نیە. ئەنگۆلا چەندین دەیەیە ئەم ڕێچکەیەی گرتووە و تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتووبووە.[٤٢] چونکە قەرزپێدەرەکان حیسابی ناجێگیری نرخی نەوتییان کردووە، ئەنگۆلا بە سووکە قازانجێک قەرزەکانی سەری دەداتەوە، بەڵام بەردەوام بانکی بازرگانی و حکومەتی بیانی هەن کە دەرگایان بۆ قەرزپێدان بە ئەنگۆلا والایە.[٤٣]

کورتیەکەی ئەوەیە، لە وڵاتێکدا کە ژمێریاری دانا هێزیان بەسەر یاساداناني ئابووری و داراییدا بشکێت، ئەوا کێشەی هێورکردنەوەی نرخەکان کارێکی سانایە. بەڵام مخابن لە دنیای ڕاستیدا سیاسەتمەداری خۆپەرست و کورتبین تەنگ بەم پرۆسەیە هەڵدەچنن. دامەزراوەی پتەوتر و ڕێکخراوتر دەتوانن بەربەستە سیاسییەکان لاببەن و ئاستی ئابووری وڵاتان بە هاوسەنگی بهێڵنەوە.

**چارەکردنی دیاردەی حەشاردانی دەرامەتی نەوت**

پیشەسازی نەوت سروشتێکی نیهانی هەیە و لە زۆر وڵاتدا خەڵکی لە وردەکاریەکانی ئاگادارنین، لەوانەش ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستانەی کۆمپانیا نەوتییەکان لەگەڵ حکومەت واژووی دەکەن، باج و تێچووەکانی تر کە دەدرێت بە حکومەت، کار و چالاکیەکانی کۆمپانیا خۆماڵییەکان، و ڕەواندنەوەی دەرامەتەکانی نەوت لەناو حکومەت و چۆنیەتی خەرجکردنیان.[٤٤] ئەم پەنهانیە جێی دیکتاتۆران لە دەسەڵات گەرم دەکات، ئاگری ئەو شەڕە ناوەخۆییانە بەجۆشتر دەکات کە لە بەهۆی نەوتەوە هەڵئایساون، و پرۆسەی

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نەزۆک دەکات. هەڵبەتە شەفافیەت پاکی ئەم کێشانە ڕیشەکێش ناکات، بەڵام بەرجەستەبوونی زۆر کەلێن پڕدەکاتەوە.

بەرپاکردنی شەفافیەت چەندان ساڵە جاڕی بۆ دەدرێت، بەڵام بەم دواییانە بوو کە لە شادەمارەکانی یاسادانان هەرمێنی پەیاکرد. لە یاداشتنامەیەکیدا، (جەیمس مادیسۆن) لە ساڵی ١٨٢٢دا دەنووسێت:

حکومەتێکی جەماوەری دەبێت پشتئەستوور بێت بە زانیاری ئاشکرا و روون بۆ جەماوەرەکەی، یانیش کەرەستەکانی ئامادەبێت بۆ بەرجەستەکردنی ڕەوشێکی وەها لە زووترین کاتدا. بە پێچەوانەوە، ئەم حکومەتە جگە لە پێشەکی شانۆگەرییێکی داشۆرین و گەپجاڕ یانیش شانۆگەرییێکی تراژیدی و یانیش هەردووکیان، هیچی پێ نابێت پێشکەشی هاوڵاتی خۆی و مرۆڤایەتی بکات. دنیا دەڕوات و هەردەم زانین بەسەر نەزانیەوە زاڵە، و ئەو دەسەڵاتدارانەی دەیانەوێت جڵەوی خەڵکانێک لە ئەستۆگرن پێویستە پشت بەو هێزە ببەستن کە هۆشیاری گەلەکەیان بۆیان مسۆگەر دەکات.[٤٥]

چەند توێژینەوەیەکی نوێ جەخت لەوە دەکەنەوە کە حکومەتانەی شەفافن تا ڕادەیەکی باش لە گەندەڵی پارێزراون، توانای پەرەپێدانی گەشەی مرۆیی وڵاتەکانیان هەیە، و دەتوانن بەردەوامی بە دیسپلینێکی بە هێزی دارایی بدەن و چەندین خاسیەتی تری حوکمڕانی دروست لەخۆبگرن.[٤٦] ڕەنگە نەتوانین ئەم دەرهاویشتە مەترسیدارانە گشتی بەسەر نەبوونی شەفافیەتەوە ساغکەینەوە، بەڵام زۆرێک لە چاودێران دەڵێن شەفافیەت کرۆکی حوکمڕانییێکی دروستە.[٤٧]

با سوودەکانی شەفافیەت زۆر پەرش و بڵاوبن و بە باشی لە قاڵب نەدرێن، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بەرجەستەکردنی شەفافیەت ئاسانە و هیچ دەرهاوێشتەیەکی نەرێنی نیە. زۆربەی زۆری ئەو ڕێکارانەی لەسەرەوە باسکران،

هەر لە گرێبەستەکانی نەوت بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەوە تا قەرز وەرگرتن، گەرچی ڕێشی تێدەچێت هیچ زیان نەخەنەوە، جێبەجێکردنیان زەحمەتە و ڕەنگە بازرە بکەن.

شەفافیەت بە خستنەڕووی زانیاریەکانی دەرهێنان و مامەڵەکردن بە نەوت دەستپێدەکات، بەڵام لەوێوە کۆتایی نایەت، دەبێت حکومەت زانیاری دروست و تێروتەسەل پێشکەش بە ڕای گشتی بکات، واتە دەبێت پرۆسەکە لەلایەن کۆمپانیا و لایەنی سەربەخۆوە تێهەڵچوونەوە و وردبینیان بۆ بکرێت. هەروەها، دەبێت حکومەت بە ئەرکی خۆی بزانێت ئەم زانیاریانە بخاتە بەردەست هاوڵاتیانی و بە شێوەیەک دایانبڕێژێت کە زۆرینەی خەڵکی تێیبگەن و ئاڵۆزاوی نەبێت.

بوونی میدیای ئازاد و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاوچەرخ و تێگەیشتوو پێویستن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بگاتە چڵەپۆپە. سەرەڕای ئەمەش، زۆرجار هەوڵەکانی ئەم دوو لایەنەش لە هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامە و سیاسەتەکانی حکومەت کورتدێنن، چونکە وردەکاریەکان تەنیا بۆ ئەوانە بەردەستە کە لە ناوەخنی پیشەسازییەکان. بۆیە دەبێت ڕای گشتی لە وردەکاریەکان ئاگاداربن.

کۆمەڵێک لە شارەزایانی سیاسەتدانانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٩دا "جاڕنامەی سامانە سروشتییەکان"یان ڕاگەیاند، کە نەخشەڕێگایەک دەخاتە بەردەم هاوڵاتیان و حکومەتان تا سوودی تەواو لە سامانی سروشتی نیشتمانەکانیان وەربگرن. کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکە ناتوانێت وڵاتان ناچار بە ڕێگەچارەکانی نێو جاڕنامەکە بکات، بەڵام نەخشەسازیەکەیان ئەوەندە بەپێزە کە دەتوانێت ببێتە هەوێنی سەرکەوتن بۆ تەواوی وڵاتان، جا چ هەژاربن یان دەوڵەمەند. جاڕنامەکە دوازدە تێڕوانین لەخۆدەگرێت کە ڕێدۆزی بۆ سەرکەوتن لە زۆر پرس دەکەن کە وڵاتان هەراسان دەکەن، لەوانەش ئامادەگی حکومەت بۆ دەرهێنان و هێشتنەوەی نەوت،

چۆنیەتی تاوتوێکردنی ناوەڕۆکی گرێبەستەکان، چۆنیەتی کەمکردنەوەی دەرهاوێشتە نەرێنیەکان لەسەر کۆمەڵگە و ژینگە، و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرامەتکان بەشێوەیەکی دروست. جارنامەکە بە جۆرێک داڕێژراوە کە هاریکاری حکومەتەکان دەکات لە دانانی سیاسەتی گونجاو، و تێگەیشتنی هاوڵاتیان لەمەڕ پاپەندبوونی حکومەتەکانیان بە پرەنسیبە لەبار و کارپێکراوە جیهانیەکان دەوڵەمەندتر دەکات. هەڵبەتە جارنامەکە دەرخستنی تەواوی زانیاریەکانی فرۆشتن و بەکارهێنانی نەوت دەکاتە پێشمەرجی سەرکەوتنی گەلان، و لە هەمان کاتیشدا ڕاوێژی بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان فەراهەم دەکات.[٤٨]

بە بوونی چاودێری ڕێکخراوە ناحوکمیەکان، هەنگاوی باش نراوە لە بابەتی شەفافیەتی کەرتی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە. ڕێکخراوی (Global Witness)، کە بارەگای سەرەکی لە لەندەنە، لە نەوەدەکانەوە هۆشیاری لەمەڕ ڕۆلی نەوت لە جۆشدانی پێکداپڕژانی چەکداری و زێدەبوونی گەندەڵیەوە بڵاودەکاتەوە، و تەواوی وڵاتان لە توێژینەوەکانی دەئاخنێت. هەروەها، تۆڕێکی جیهانی لە ڕێکخراوی ناحکومی هەیە کە هەڵمەتێکیان ڕاگەیاندووە بە ناوی (ئەوە بڵاوبکەوە کە خەرجی دەکەیت)، هەڵمەتەکە پاڵ بە کۆمپانیاکانەوە دەنێت چیان بە حکومەت داوە ئاشکرایبکەن و فشار لە حکومەتان دەکات چیان لە کۆمپانیاکان وەرگرتووە دەریبخەن. لەلایەکی تریشەوە، (Revenue Watch Institute) هەیە کە دامەزراوەیەکی قازانجنەویستە سەروکاری لەگەڵ توێژینەوە و بەدواداچووندایە، ڕێنموێنی وڵاتان دەکات تا نەوت و گاز و بەرهەمە کانزاییەکان چاتر لە بەرژەوەندی هاوڵاتیانیان بەگەڕبخەن. لە ساڵی ٢٠٠٢، تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازیە نەوتییەکان (EITI)ی ڕاگەیاند، تا دەوڵەتە-نەوتییەکان بۆ شەفافیەتی تەواو

هانبدات. بنکەی سەرەکی لە ساڵی ٢٠٠٧ گواستراوە بۆ ئۆسلۆ و بوو بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ کە تا ساڵی ٢٠١٠ ئەندامیەتی سی وڵاتی تێدا پەسەندکرا.[٤٩]

سەرەڕای ئەم هەوڵ و تەقەلاّنە، جیهانی نەوتی هەنووکەش بە نیهانیەوە دەناڵێنێت. بۆ نموونە، لە کۆی هەر سی وڵاتی ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٠، تەنێ ئازەربایجان و تیمور لێست و لایبریا تەواو پابەندی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخراوەکە بوون. شەش ئەندامی تر کە ئەنگۆلا، بۆلیڤیا، چاد، گینیای کەمەرەیی، ساو تۆمی، و تریناداد بوون، بەهۆی پابەندنەبوونیان لە ڕێکخراوەکە دەرکران یان هەڵپەسێردران. توێژینەوەیەکی چڕی (Revenue Watch Institute) لە ساڵی ٢٠١٠ کە لەسەر ٤١ دەوڵەتی نەوتی ئەنجامدرابوو، دەریخست کە سێ لەسەر چواری دەوڵەتەکان، بە ئەندام لە ڕێکخراوی ناوبراو و ئەوانی تریشەوە، تەنیا بەشێکی زانیاریەکانی فرۆشی نەوتییان دەرخستووە و لەم ڕووەوە درێخیان کردووە.[٥٠]

سەرباری پێشڤەچوونەکان، بزووتنەوەی شەفافیەت زۆری ماوە بگاتە مەبەست. هەڵبەتە شەفافیەت ناتوانێت تەواوی تەنگ و چەڵەمەکان لاببەرێت، بەلاّم ئاسانترین و کورترین ڕێگایە بۆ بەرجەستەکردنی گۆڕانکاری و چاکسازی.

**خەرجکردنی دانایانەی دەرامەت**

هەرچەندی دەرامەت نەوتییەکان ورد و شەفاف و جێگیر بن، هێشتا چۆنیەتی خەرجکردنیان لەسەر وڵاتان وەستاوە. ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی دروست خەرج بکرێن، ئەوا دەرامەتکان دەبنە هەوێنی پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی و سیاسی، بە پێچەوانەوە، لە گەندەڵی و شتی پڕوپووچ بە فیڕۆدەچن.

هەموو حکومەتێک لەسەر پرسی خەرجکردنی داهات تووشی دەردەسەری دەبێتەوە، با نەوت و سامانی سروشتیشی نەبێت، بەڵام دەوڵەتە- نەوتییەکان دەتوانن شوێن پێی ئەوانی تر هەڵگرنەوە لە داڕشتنی سیاسەتی دارایی[٥١]. ئەوەندەیە دەوڵەتە- نەوتییەکان تووشی ئالەنگاری جیاوازتر دەبنەوە، چونکە حکومەتەکانیان جڵەوی زۆربەی توانستی ئابووریان لەدەستە، خەرجیەکانیان لەبەر ناجێگیری دەرامەتکان بە ئاسانی مشتوماڵ ناکرێن، و مەترسی وشکبوونی بیرە نەوتییەکانیان لەسەرە کە بڕستی ئابووریان تەواو دەڕمێنێت. ئەم هەڵاوێردەییە وادەکات دەەوڵەتە-نەوتییەکان زووتر بکەونە خۆ بۆ ڕاماڵینی بەرەبەستەکانیان.

پرسی خەرجکردنی دروست لە دەوڵەتە-نەوتییەکاندا پرسێکی ئاڵۆزەوە و شەنوکەوکردنی لە توانای ئەکادیمی من بەدەرە.[٥٢] بۆیە من لێرە نەخشەسازییێکی ئەو بڕیارە گرنگانە دەخەمەڕوو کە وڵاتان دووچاریان دێن و چەند ڕێنموێنیەک لەم بارەیەوە دەئافرێنم.

وڵاتان لەبارەی خەرجکردنی دەرامەتەکانیانەوە دەبێت دوو بڕیاری فراوان و سەراپاگیر بدەن. یەکەم، دەبێت پارەی هەڵگیراو بۆ داهاتوو لەو پارەیە جوداکەنەوە کە دەچێتە ناو بودجەوە، ئەمەش تا هەم بۆ ماوەیی کورت کورت ئابووری وچان وەرگرێت، و بیرە نەوتییەکانیش بۆ ڕۆژگارێکی دوورتر نەوتییان تێدا بمێنێت.[٥٣] بڕیارەکە شادەمارە ئابوورییەکانی وڵات دەگەشێنێتەوە، چونکە پێمان دەڵێت ئابووری وڵاتێک دەتوانێت چەند پارە دەرببا لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەر لەوەی زێدەی پارەکە لە بەفیرۆچوونی ئیداری و گەندەڵی و دەور و خولی بیرۆراسیدا بەهەدەربچێت. بڕیارەکە ڕەهەندێکی ئەخلاقیشی هەیە، چونکە لێناگەڕێت نەوەی داهاتوو لە خێر و بێرەکانی وڵات دەستخەڕۆبن و مافەکانیان لەگەڵ نەوەی ئەمڕۆدا هاوسەنگ دەبێت.

شارەزایان لە پێدانی ڕێنمایی لەم بارەیەوە کۆک نین. گێلب لە توێژینەوەی لەسەر ڕەوشی دەوڵەتانی هەناردەکەری نەوت لە ساڵی ١٩٧٣وە بۆ ١٩٨١، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەبوو ئەو وڵاتانەی لەگەڵ داتەپینە ئابووریەکە شپرزە بوون ٨٠%ی دەرامەتەکانیان هەڵگرتبا و لە چوونە ناو بودجە پاراستبانیان، وەگەرنا تووشی نشوستە ئابووریە لەسەریەکەکانی دوای ساڵی ١٩٨٠ نەدەبوون.[٥٤] لەلایەکی ترەوە، هەندێک شارەزا دەڵێن پارێزی و هەڵگرتنی لەڕادەبەدەر زیان بە دەوڵەتە کەمدەرامەتەکان دەگەیەنێت، چونکە وەبەرهێنان لەو دەوڵەتانە بە پێی پێویست دوورمەودا و دووربین نیە، بەڵکو، نەوتی لێدەرچێت، وەبەرەهێنان هەر ئەوەندەیە کە لە ژێرخانی بیناسازی و تەندروستی و پەروەردەدا دەکرێت.[٥٥]

بڕیاری دووەم بریتیە لەوەی چۆن خەرجی و وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری و مرۆیی لە چوارچێوەی بودجەدا بکرێت. هەڵبەتە تا وڵاتێک هەژارتر بێت، پتر پێویستی بە بەرخۆری هەیە، چونکە هەڵگرتنی پارە هیچ واتایەکی نابێت ئەگەر خەڵکەکە نانیان نەبێت بیخۆن. بەڵام حکومەتەکان دەبێت ئاگاداربن لەوەی تاچ ڕادەیەک بەرخۆری دەکەن. لەم ڕووەوە، دوو هەڵەی باو هەیە کە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت خویان پێوەگرتووە: کەمکردنەوەی باج و زیادکردنی خزمەتگوزاریە حکومیەکانە. هەردووکیان دەرهاوێشتەی خراپیان بەسەر ئابووری دەبێت. ڕاستە، کەمکردنەوەی باج داهاتی خێزان زیاد دەکات، بەڵام توانستی دارایی وڵاتیش خەستتر ئاوێتەی پیشەسازی نەوت دەکات، کە سەرئەنجام هەژانی ئابووری و ناشەفافیەت پتر سەرهەڵدەدەن. سەبارەت بە خزمەتگوزاریە خۆڕاییەکانی حکومەتەیش-تایبەت دابینکردنی نەوت و گاز- جێ پارووی چینی ناوەند و خانەدانەکان هێندەیکە گەرم دەکات و پاشماوەی کاربۆن لە ئۆزۆن چڕتر دەکاتەوە.

وەبەرهێنانی بەردەوام بۆ هەموو وڵاتێک گرنگە تا بوژانەوەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن بچەسپێنێت، با وڵاتەکە نەوتیشی نەبێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی (گەشە و پەرەسەندن)، "هیچ وڵاتێک تا ئەمڕۆ بێ وەبەرهێنان لە ژێرخانی وڵات و تەندروستی و پەروەردە، نەیتوانیوە بگاتە کەنارەوەکانی ئارامی بەردەوام".[٥٦] هەڵبەتە ئەگەر دەوڵەتە-نەوتییەکان بەرژەوەندی ڕۆڵەکانی داهاتووی زێدی خۆیان لە خەیاڵ بێت، دەبێت پتر لە وڵاتانی تر وەبەرەهێنان بە دەرامەت بکەن.

بڕیاری حکومەت بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنان کاریگەرییێکی قووڵ لەسەر یەکسانی جێندەریش جێدەهێڵێت. لە بەشی چوارەم گوتمان کە حکومەتانی جیهانی نەوتی ئارەزووییانە بەردەوام وەبەرهێنان لە ژێرخانی وڵات بکەن، و ئەم هەلی کارانەشی کە پەیدا دەبێت بە پیاوانی پڕ دەکەنەوە؛ و کاتێک ئابوورییەکەشیان بە نەخۆشی هۆڵەندی شپرزە دەبێت، ئەو کۆمپانیایانەی پشت بە هێزی کاری نێرینە دەبەستن لە پەل و پۆ دەکەون. خۆ ئەگەر دەوڵەتێکی نەوتی هەلی کار بۆ ژن بڕەخسێنێت، ئەم کێشانە دروستنابن، چونکە ئەگەر پیاوان کەرتی نەوت و بیناسازیش قۆرخ بکەن، ژنان دەتوانن لە کەرتەکانی تری بەرهەهێنان کار بکەن.

بەڵام هەر هەمان بەش پشانیدا کە لە زۆرێک لە دەوڵەتە-نەوتییەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ژنان لە کەرتی حکومی پەراوێزخراون، کە تاکە کەرتە دەرامەتی بە شێوەیەکی بەرچاو تێدا دەئاخنرێت و لە گەشەی بەردەوامدایە. لابەری ئەم بەربەستە وەبەرهێنانە لە کەرتەکانی تری وەک تەندروستی و پەروەردە، کە باشتر هێزی کاری ژنان تێیاندا بەگەڕدەخرێت.

بێگومان پێویستە ئاوڕێک لە کەرتی ئاوەدانکردنەوەش بدرێتەوە. دەتوانرێت بە لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم ئاوەدانکردنەوە یەکەم هەنگاو بهاوێژرێت، تا وەبەرهێنان ڕەوتی خۆی بگرێت. لای (کۆلێر)، ئەم ستراتیژیە ناونراوە

"وەبەرهێنان لە وەبەرهێناندا"، واتە سەرنج خستنەسەر ئەو پرۆژانەی کە ڕێ بۆ دروستکردنی پرۆژەی تر خۆش دەکەن و ڕێدۆزی بۆ حکومەت دەکەن تا چەلەنگانە خۆی بداتە ژێرباری ئاوەدانکردنەوە. ئەم هەنگاوە هەردوو ژێرخانی ئاوەدانکردنەوە و بیوکراسیش دەبزوێنێت، چونکە توانای حکومەت لە هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی پرۆژەکان زیاد دەکات، و کەرتی تایبەتیش باشتر ڕادەکێشتە ناو وەبەرهێنانەوە. بەڵام هەرگا ئەم بەرەچانە بوون بە باکەوتەی زۆر لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان، سیاسەتمەدارەکان بێ سەروبەرانە بە فیڕۆی دەدەن و چاکسازیەکانیش لە پنتێکدا دەچەقێن. بۆیە چاکتر وایە بەر لە دەرهێنانی نەوت یان لە کاتی دابەزینی نرخەکان ئەم چاکسازیانە جێبەجێبکرێن، بە ئومێدی ئەوەی باکەوتەکان چاکتر شوێنی خۆیان بگرن.

تا هەنووکە من چەند ڕێکارێکی سیاسەتدانانم خستۆتەڕوو کە خەرجکردنی بێ بەرنامە بەرزەفت دەکەن. هێواش دەرهێنانی نەوت و دابەشکردنی ڕاستەوخۆ داهاتی وڵات لە ژێر چەپەرۆکی حکومەت دەردێنن، بەمەش خەرجکردنی باکەوتە سنووردار دەکرێت. هەروەها، گرێبەستەکانی نەوت بەرامبەر بە خزمەتگوزاری حکومەت ناچار بە بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی دەکات لە هەمبەر پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، کە بە پێچەوانەوە ڕەنگە کزی توانستی ئابووری و ناکارامەیی ئیداری و نەبوونی ویستی سیاسی زەفەریان پێ ببەن. لەلایەکی تریشەوە، حکومەتان دەتوانن قەرزی هێورکردنەوەی دەرامەت لە کاتی نزمی نرخەکان وەربگرن و لەگەڵ فرۆشتنی نەوت پەیتا پەیتا بیدەنەوە.

هەڵبەتە شەفافیەت لە خەرجکردنیش سوودی خۆی هەیە، چونکە مخابن زۆربەی حکومەتە گەندەڵەکان- بۆ نموونە حکومەتی ئازەری- تەنیا لە بابەتی کۆکردنەوەی دەرامەتکان شەفافی دەنوێنن، بەڵام کە دێتە سەر باسی خەرجکردنی پارێزی دەکەن. بەپێی توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٠، لە کۆی ٩٤وڵات، بودجەی ساڵانەی

٧٤یان پێوەرە ستاندارەکانی شەفافیەت و بەرپرسیارەتی ئیداریان تێدانەبووە، بێگومان لەم ژمارەیەش ئەو وڵاتانەی نەوت و گاز بەرهەمدەهێنن پشکی شێریان بەرکەوتووە. وڵاتانی وەک جەزائیر، کامیرۆن، چاد، گینیای کەمەرەیی، ئێراق، و سعودیە، هیچ زانیاریەکیان لەسەر بودجەی نەتەوەیی بڵاونەکردۆتەوە.[٥٧]

لەوانەیە شەفافیەت لە خەرجی لە شەفافیەت لە کۆکردنەوەی دەرامەت گرنگتر بێت: تا پتر خەڵکی هۆشیاریان لەسەر تەرخانکردنی داهاتی وڵاتەکەیان هەبێت، گەندەڵی کەمتر دەبێت. جێی خۆشحاڵیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی-ڕوو-لە-گەشەدا خۆیان بۆ چاودێری خەرجکردنی بودجە و شەفافیەت تەرخانکردووە. بە پێی ڕاپۆرتی (International Budget Group):

- ڕێکخراوی (Mazdoor Kisan Shakarti Sangathan) لە هیند، کە لەلایەن جوتیار و کرێکارانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ڕۆچوونە نێو بەندوباوی بودجەی دەوڵەتی هیندستان بۆ ئاشکراکردنی مووچە و پرۆژەی وەهمی.
- سیاسەتمەدارەکانی ئۆگەندا لە ژێر فشاری (Uganda Debt Network)، چەند دیاردەیەکی گەندەڵیان لە دروستکردنی قوتابخانەکان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە خۆجێیەکان دەستنیشانکردووە.
- ڕێکخراوی (Government Watch) لە فلیپین چاودێری بەکارهێنانی بودجەی وڵات دەکات لە دابینکردنی پەرتووکی قوتابیان، دروستکردنی قوتابخانە و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی تر، و مشتوماڵکردنی نەختینەی کارەساتی سروشتی. هەڵبەتە هەوڵەکانیان لە فەراهەمکردنی پەرتووکەکان تەواو بەرهەمداربووە.[٥٨]

گەرچی پرسی خەرجیەکانی حکومەت پرسێکی ئاڵۆز و تاقەتپڕوکێنە، بەڵام هەنگاوی وردی وەک بەرەوپێشبردنی یەکسانی جێندەری، وەبەرهێنان لە وەبەرهێناندا، و شەفافیەتی زیاتر دەتوانێت جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت بەرەو ئاستێکی بەرز ببات.

**ئەی هاوردەکەرانی نەوت چی بکەن؟**

نەفرەتی نەوت لەو دەوڵەتانە لەدایکدەبێت کە کڕیاری نەوتن، چونکە پارەکەی ئەوانە بۆ ناو خەزێنەی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکان جۆگە دەبەستێت. بێگومان دەوڵەتە بەکاربەرەکان ناتوانن نەریتی باج دانان لەسەر دەرامەت بترێنجێننە نێو دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان، و کاریگەرییێکی وەهاشیان لەسەر سەقامگیری نرخەکان نیە. چەند هەوڵی هەمەلایەنە و هەرەوەزی هەبووە لەلایەن UN) Conference on Trade and Development) لە شەست و حەفتاکان بۆ دانانی نرخی جێگیر لەسەر کاڵا جیهانیەکان، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا زەحمەتە هەوڵێکی لەم جۆرە بدرێت. هەڵبەتە لایەنە نێودەوڵەتیەکان ناتوانن بە چۆنیەتی خەرجکردنی دەرامەتی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانیشیان ڕابگەن: (بانکی جیهانی) لە ساڵی ٢٠٠٠وە بۆ ٢٠٠٨ هەوڵیدا حکومەتی چاد قایل بکات تا لە مشتومالکردنی دەرامەتەکانیی نەوت شەفافیەت بنوێنێت و لە خەرجکردنیشیاندا سەرنج بخاتە سەر ئەو ڕێکارانەی هەرەست بە هەژاری دێنن، بەڵام هەوڵەکان بی ئەنجام بوون.[٥٩]

سەرەڕای بەربەستەکان، دەوڵەتە بەکاربەرەکان دەتوانن دەستکاری قەبارەی و شاراوەیی ئەو بەرەچانە بکەن کە بۆ هاوتا هەناردەکەرەکانیان دەچن. بژاردەی یەکەم بۆ دەوڵەتە بەکاربەرەکان خۆی لە خۆگرتنەوە لە بەکارهێنان و هەناردەکردنی نەوت دەبینێتەوە، بەڵام سەپاندنی ئەم ڕێکارە لەسەر ئاستی دنیا

شتێکی سانا نیە، چونکە سنووردارکردنی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لە توانای ئەم یاسا و ڕێسایانەی کە بازاڕەکانی جیهان دەبەن بەدەرە. بۆیە ڕەنگە ئەگەر لە ٢٠٠٧ پێویستی بازاڕی جیهانی بە ٨٦.١ ملیۆن بەرمیل نەوت پڕکرابێتەوە، ئەوا لە ٢٠٣٥دا ئەم ڕێژەیە بۆ دەوروبەری ١١٠ ملیۆن بەرمیل بەرزبێتەوە. سەبارەت بە گازیش، لەوانەیە پێویستی بازار لە ١٠٨ بۆ ١٥٦ تریلیۆن پێ سێجا بەرزیبێتەوە، لە هەمان ماوەدا. پێشبینی دەکرێت کە ٨٤%ی ئەم تەقلە بەرەوژووره لە پێویستی بۆ نەوت لە دەرەوەی ئەوروپا و ئەمریکای باکوورەوە بێت، و وەک کڕیار هیندستان و چین برەو پەیاکەن.[٦٠] ئەم پێشبینیانە لەوانەیە سەراپا بگۆڕێن ئەگەر دەوڵەتان لە داڕشتی سیاسەت و بەرەوپێشبردنی تەنکنەلۆژیا هەنگاوی باش هەڵێنن، و هەروەها ئەگەر بێتو سیستەمی ئابووری جیهان دووچاری پێشڤەچوون و پێچدانی لەناکاو بێتەوە. ئەگەر لەسەر تەکەنەلۆژیا بدوێین، گومانی تێدانیە کە گەڵاڵەکردنی چاکترین سەرچاوەی جێگرەوەی وزە چەند دەیەیەکی دەوێت تا پەل دەکوتێت.

سەرەڕای ئەم بێ دەرەتانیە، دەوڵەتانی بەرخۆرە دەتوانن نەوت و گاز لە دەوڵەتی گەندەڵ و بێزراو نەکڕن و گەنجینەکانیان لە دەرامەت تژی نەکەن. لێف وێنەری فەیلەسوف دەڵێت سەرانی دەوڵەتانی هەناردەکەر، ئەگەر گەندەڵ و نادیمکورات بن، ئەوا واتە دزی لە ماڵ و حاڵی هاوڵاتیانی خۆیان دەکەن، بۆیە کڕینی شمەک لەم چەشنە دەوڵەتانە کارێکی نائەخلاقیە و چاوبڕینە لە سامانی خەڵکی. وێنەر دەڵێت:

ئەم کاڵایانە [نەوت و گاز] لە جوغزی سیستەمێکی جیهانی بازرگانی چەرخە دەدەن کە پتر لە عەبایەک دەچێت بۆ دزی بەکاربێت. بە پێوەدانگێکی ئابووری کە لەسەر کەلوپەلی دزیاری ڕۆنراوە، ئەم سیستەمە جیهانیە یەکەم ڕێسای بنەڕەتی سەرمایەداری تێکدەشکێنێت، چونکە سەرمایەداری ناڵێت با "بازاڕی

دادپەروەرانە" تێهەڵدەین و "بازاڕی ئازاد" بێ هیچ کۆت وبەندێک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی والاَبکەین. بە پێچەوانەوە، ئامانجی یەکەمی سەرمایەداری برەوپێدانە بە بازرگانییێکی دروست لە شوێنێک کە دزی و فزی دەستی بالاَی هەیە.[61]

بەڵام ئایا دانانی ئابلۆقە حوکمداری لە دەوڵەتە-نەوتییەکان بەرەوپێش دەبات؟ ڕێی تێدەچێت. بینیمان چۆن ئابلۆقەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵتی، کە لەلایەن هاوپەیمانی (Kemberely Process)ی پێکهاتوو لە حکومەتەکان و ڕێکخراوەکان و بازرگانە دەستپاکەکان جێبەجێدەکران، توانی دیاردەی بازرگانیکردن بە ئەڵماس وەک سەرچاوەی دارایی بۆ شەڕە ناوەخۆییەکانی شەش وڵاتی ئەفریقی تا ڕادەی نەمان بنبڕ بکات. لە نەوەدەکان داهاتی ١٥%ی ئەڵماسی مامەڵەپێکراوی دنیا بۆ جۆشدانی شەڕە ناوەخۆییەکانی ئەو وڵاتانە دەڕۆیشت، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی فشاری ئابلۆقەکان، لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەم ڕێژەیە بۆ ١% دابەزی.

بەڵام لە فەرهەنگی دەوڵەتە-نەوتییەکاندا ئابلۆقەی ئابووری هیچ پێشڤەچوونێک ناڕسکێنێت. دەوڵەتانێکی بێزراوی وەک ئێران، سودان، بورمە، و لیبیا، لەناو تەنگەبەرەی ئابلۆقەکان لە هەشتا و نەوەدەکان، نەوتی خۆیان فرۆشتووە و ڕژێمەکانیشیان لە تەنگەتاوی ڕاپسکیون. هەندێک جار ئابلۆقەکانی ئەنجومەنی ئاسایشیش هیچی لێ شین نابێت، وەک چۆن ئابلۆقە گرەپێچەکانی سەر فرۆشی نەوت لە ئێراق نەیانتوانی چۆک بە سەدام دادەن و ئاڕاستەی سیاسەتدانەکانی بگۆڕن. نەوت کالاَیەکی زێدە گرنگی ئەم هەسارەیە و دەبێت بەردەوام بیرە نەوتەکان لە کاردابن تا پێویستیەکان پڕکەنەوە، بۆیە دەوڵەتە-نەوتییەکان بە ئابلۆقە کۆستیان ناکەوێت.[62]

بەڵام خۆ هەرنا دەوڵەتە بەرخۆرەکان دەتوانن بازرگان و وەبەرهێنەرانی خۆیان ناچاربکەن نەوتی وڵاتێک نەکڕن کە بە شەڕی ناوەخۆ داهێزراوە. هەردوو یاخیبوونەکەی کۆنگۆ لە ١٩٩٧ و کودەتاکەی گینیای کەمەرەیی لە ٢٠٠٤، پشتیان بە پارەی ئەو وەبەرهێنەرانە دەبەست کە چاویان لە دەستی یاخیبووەکان چڕکردبۆوە تا لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات گرێبەستی نەوتی چەوریان چنگکەوێت. چەتە و یاخیبووان ڕۆژانە بڕێکی زۆر لە نەوتی نایجەر دەلتا دەدزن و لە ڕێی دەریاوە بە کڕیارەکانیان دەفرۆشن. زۆر نموونەی لەم چەشنەمان هەیە. هەڵبەتە قەدەغەکردنی ئەم مامەڵانە لەلایەن دەوڵەتە بەرخۆرەکانەوە پێکدادانە ناوەخۆییەکانی دەوڵەتە-نەوتییەکان بەرەو نەمان دەبات.

ڕەنگە دەوڵەتە هاوردەکەرەکان لە ڕێی شەفافیەوە باشتر پەل بکوتن. ئەو پارەیەی بەرخۆرەکان لە ڕێی کڕینی نەوتەوە حکومەتی دەوڵەتە-نەوتییەکانی پێ دەوڵەمەند دەکەن و لە دەسەڵات دەیانسمن، دەتوانرێت بۆ هاوڵاتیان ئاشکرابکرێت تا لە داهاتی زێدی خۆیان ئاگاداربن. تەنها بە سەیرکردنی پارچە کاغەزی سەری، لە وڵاتێکی ڕۆژئاوادا، کڕیار دەزانێت ئەو جلە یان ئەو کۆمپیتەرەی دەیکڕێت لە چ وڵاتێکەوە دێت. بۆ نموونە، ئەگەر قاوە یان بتڵە شەڕابێکی دانسەقە بکڕن، بە ئاسانی دەزانن تۆوی قاوەکە یان ترێیەکە لەبناری چ چیایێک ڕوواوە و لە چ شارێک بەرهەمهێنراوە. بەڵام ناتوانن بزانن ئەو بەنزینەی ئۆتۆمبێلەکانیان دەیستووتێنێت لە کوێوە دێت. کۆپمانیا نەوتییەکان، وەک هەر کۆمپنایایەکی تر، دەتوانن ورد و درشتی بەرهەمهێنان بۆ کڕیارەکانیان دەرخەن، بەمەش هاوڵاتیان لە دەرهاوێشتەکانی کڕینی نەوت لە وڵاتێکی گەندەڵ چاکتر ئاگادارەبن. هەروەها، کۆمپانیا نەوتییەکان بەرزەفت دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی گەندەڵ، و تەنانەت هەلومەرجی هەندێک وڵاتیش باشتر دەکات.

کۆمپانیاکان دەبێت هەر فلسێکیش ئاشکرابکەن کە دەیدەن بە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت. تا هەنووکەش کۆمپانیاکان ئەم هەنگاوەیان هەڵنەهێناوە، بۆیە حکومەتان بە ئاسانی سەرچاوە داراییەکانیان حەشار دەدەن. لە تەمووزی ٢٠١٠، کۆنگرێسی ئەمریکا تەقلەیەکی بەرەوژووری بە حکومەتی وڵاتەکە لێدا کاتێک یاسایەکی لە چوارچێوەی (Dodd-Frank Wall Street Reform and Consumer Protection Act) دەرکرد، تا لە ڕێیدا هەر کۆپانیایەک ناوی لە (مامەڵەی پشکەکانی نیویۆرک) هەبێت ناچاریبکات بە ئاشکراکردنی خەرجیەکانی.[٦٣] پێویستە حکومەتەکانی تریش ئە ڕێچکەیە بگرن.

بێگومان لە خراپترین حاڵەتدا بژاردەی تر لە بەردەم وڵاتە بەرهەمهێنەرە گەندەڵەکان هەیە: دەتوانن نەوتەکەیان بە کۆمپانیای چینی و مالیزی و ڕوسی بفرۆشن کە زۆربەیان لە شەفافیەتەوە دوورن، بەڵام هێشتاش زرە ئومێدێک هەیە ئەوانیش چاکسازی بکەن. ڕێکخراوی (International Accounting Standards Board) لە لەندەن چەند پێوەدانگێکی جیهانی ژمێریاری گەڵاڵە دەکات، کە لەمڕۆدا پتر لە ١٢٠ وڵات کۆمپانیاکانی سەر خاکی خۆیان ناچار بە لەخۆگرتنی ستاندارەدەکانی ڕێکخراوەکە دەکەن لەکاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی دارایی. هەنووکە، ستانداردەکانی ڕێکخراوەکە کۆمپانیاکان لە ئاشکراکردنی خەرجیەکانیان بۆ بژاردەیەک لە حکومەتان دەبوورێت. هەنگاوی لەم چەشنە شەفافیەت لە دنیای نەوتیدا دەسەپەنێت.

هەر لە سەروبەندی بە خۆماڵیکردنی نەوتەوە لە حەفتاکان، دەوڵەتە-نەوتییەکان، بە بەراورد بە دەوڵەتانی تر، کەمتر لە کەناری دیموکراسی نزیکبوونەتەوە، هەلی کەمتریان بۆ ژنان ڕەخساندووە، شەڕی ناوەخۆیی پتریان بەخۆوە بینیوە، و گەشەی ئابووریان لەرزۆکتر بووە. سەرەڕای ئەمانەش، ناکرێت بلێین جیۆلۆجی چارەنووسە. ئەمەی وایکردووە نەوت ببێتە نەفرەتێک دەرامەتی زەبەلاحە کە

حکومەت بە مشتومالّکردنی ڕاناگات، سیستەمی باج لێکدەترازێنێت، هەڵبەز و دابەزی زۆر دەکات، و بە ئاسانی لە هاوڵاتیان دەشاردرێتەوە. ئەم خاسیەتانە دەکرێت بە هەوڵ و ماندوبوونی هەرەوەزانەی حکومەتان، هاوڵاتیان، ڕێکخراوەکان، دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، و بەرخۆرەکانی وڵاتانی هاوردەکەر، سەراپایان بگۆڕدرێن. دەرهاوێشتەکانی ئەمڕۆی سامانی نەوت جیاوازن لە دەرهاوێشتەکانی دوێنێ، و دەشکرێ جیاوازترین لەوانەی سبەی، ڕەنگە جیاوازیەکانیش بەرەو باشی بشکێنەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز**

**بەندی یەکەم**

1-I use the term "oil" to refer to both oil and natural gas, and use "oil wealth, " "petroleum wealth, " "oil production, " and "oil income" interchangeably. In appendix 1.1, I explain how I define and measure the value of a country's oil and gas production. I classify countries as "oil producers" or "oil states" if they generate at least a hundred dollars per capita (in 2000 dollars) in income from oil and gas in a given year. In 2009, there were fifty-six oil states scattered across all regions of the globe (see table 1.1.(

